سەرچاوە بنەڕەتیەکانی ئیسلام

سەلاح ڕێبوار



تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، سەبارەت بە بنەڕەتی چیرۆک و ئەفسانەکانی پێشینانی ناو ئیسلام لەگەڵ دین و شارستانیەکانی تر، کە ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکیتر ڕەنگیانداوەتەوە.

بەرگی چوارەم

سەرچاوە بنەڕەتیەکانی ئیسلام

تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، سەبارەت بە بنەڕەتی چیرۆک و ئەفسانەکانی پێشینانی ناو ئیسلام لەگەڵ دین و شارستانیەکانی تر، کە ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکیتر ڕەنگیانداوەتەوە.

سەلاح ڕێبوار

بەرگی چوارەم

ناوی پەرتووک: سەرچاوە بنەڕەتەکانی ئیسلام،

تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، سەبارەت بە بنەڕەتی چیرۆک و ئەفسانەکانی پێشینانی، ناو ئیسلام و شەریعەتی دین، لەگەڵ دین و شارستانیەکانی تر، کە ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکیتر ڕەنگیانداوەتەوە.

تۆژینەوەی: سەلاح ڕێبوار

بەرهەمێکە لە چوار بەرگدا

بەرگی چوارەم

سال ٢٠٢٦

خوێنەری بەڕێز

ئەو پەرتووکە، بەرهەمی کاری ساڵانێکی زۆری تاکە کەسییە، هیوادارم کەلێنێک لە پەتووکخانەی کوردی پڕکاتەوە. لە هەمان کاتدا ناتوانێ، لە کەم و کووڕی بەدەربێ، لە دڵەوە داوای لێبووردن، لە هەڵە و کەم و کووڕیەکان دەکەم.

ناوەڕۆک

ووتەی برایی..... 13
گوزەرێک بە دوای ژیانی نەبی محمد 17
محمد لە نێوان ڕاستی و ئەفسانەدا 21
ژینگەی کۆمەڵایەتی نووسەری قورئان لە مەککە 25
محمد، لە دەرەوەی سەرچاوەکانی ئیسلام..... 31
کەسایەتی و باری دەروونی محمد 39
نەخۆشی نەرگسی و تێکشکانی کەسایەتی..... 40
ژینگەی نزیک، دروستکەری کەسایەتی نەرگسیە..... 42
هۆکارەکانی نەخۆشی نەرگسی..... 45
نیشانەکانی نەخۆشی نەرگسی لەمرۆڤدا 53
هەڵسوکەوتی محمد لەگەڵ یاوەرانی..... 57
هەڵومەرجی کەسایەتی نەرگسی محمد 59
نەرگسی محمد، لە هەلگیرساندنی شەڕی بەدر..... 61
ناکۆکی نێوان قورئان و کردەوەکانی محمد 67
سیخوڕی..... 68
درۆ..... 71
بەرتیل 73
پەیمان..... 75
کوشتنی سیاسی 77
کوشتنی سەرکردەکانی جولەکە 79
کوشتنی عەبهەلە – الأسود العنسي 84

کێشەی محمد لەگەڵ النضر بن الحارث..... 89
محمد تێڕۆڕی کردە یاسا 93
لاقەکردنی ژنان چەکێکی تری محمد بوو لە شەڕ..... 99
درۆکردن و پەیمان شکاندن..... 101
درۆندەیی بەرامبەر خەڵکی بێتاوان..... 102
محمد تا سەرەمەرگیش هانی کوشتنی دەدا 103
ئایا محمد (صادق الأمین) بوو؟ 106
دینەکەی محمد، بەردەوامی نەساڕی بوو 109
لە سۆراخی محمدی مێژووییدا..... 113
١ لە کاروانی بازرگانییەوە بۆ دەستەڵاتی داگیرکەر 113
٣ محمد و هاوەڵە بازرگانەکانی..... 116
٤ لەکۆنە بازرگانەوە بۆ یاوەر و فەرماندەی شەر 121
ڕۆڵی یاوەرانی محمد لە قورئان..... 125
سەبارەت بە الرحمن لە قورئان..... 125
ئەو ئایەتانەی بە پێشنیازی عومەر هاتوون..... 127
ڕەوشتی یاوەرانی محمد وەک یاسا بوو 134
ناسخ و منسوخ لە قورئاندا..... 137
زیادکردن و گۆڕین لە قورئان..... 143
گۆڕینی ئایەت لە قورئان 145
قورئان و بەرژەوندیەکانی محمد 153
محمد و سێکس لە قورئاندا..... 157
ئیسلام سیستەمی دەوڵەتداری نەبوو..... 189
قورئان لە قۆناغی مەککە..... 197
قورئانی مەککە لە سێ قۆناخی پەرەسەندا..... 201

له قورئانی مەککە محمد نەبی نییە 207
دوو دەق لەسەر کاغەزی بەرەدی 209
قورئان و کەراکتەرەکانی نەسارِی 210
تێکەڵاوی ئایەت و حدیث..... 212
مەککە شاری نەسارِیەکان بوو 220
مەککە لە بواری شوێنەوارناسی..... 222
بنەڕەتی دروستبوونی ئیسلام 225
کۆچ بۆ یەتروب..... 227
یەتروب دەبێتە مەدینە..... 231
کتاب المدینة 233
دەق کتاب المدینة 235
دوو خاڵی گرنگ بۆ گومان لەسەر ڕەسەنی قورئان..... 241
دوای گرتنی مەککەش، هێشتا دینی ئیسلام نەبوو 251
توندوتیژی لە قورئاندا 257
ناکۆکیەکانی دەروونی ئیسلامی سەرەتایی..... 276
قورئان ڕەنگدانەوەی قۆناخی خۆیەتی..... 287
قۆناغی مەدینە و ئاراستەیەکی نوێ..... 293
قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان 295
قۆناخی یەکەم..... 297
سەردەمی ئەبو بەکر و عومەر 297
قوورئانە بەناوبانگەکان 301
چەند بەسەرهات و هەڵوێستەیەک 305
قۆناخی دووەم: سەردەمی عوسمان 309
زید کوڕی ثابت قورئانەکەی حفصەی هەڵبژارد..... 312

سوتاندنی گشت قورئانەکانیتر 312
ناکۆکی لەسەر دەربڕینی ووشەکانی قورئان..... 320
قۆناخی سێیەم: قۆناغی عبدالملك کوڕی مەروان 325
عبدالملک کوڕی مروان..... 326
چەند نموونە لە دەسکاریەکانی حەجاج 333
زمانی قورئان و گرووپە نارازییەکان..... 341
ژینگەی کۆمەڵایەتی پێش ئیسلام..... 345
زیندەباچالکردنی کچان و سەرچاوەی بێ بنەما 347
گەڕانەوەیەک بۆ پێش ئیسلام 348
قورئان و زیندەبەچاڵکردن 352
سەرچاوەی چیرۆکەکانی زیندەبەچاڵکردن 372
مارەبەجاش چەقی پەیامی دینی ئیسلامە..... 383
ژن لە نەرێتی عەرەبی کۆن و ئیسلام..... 393
پێگای ژن لە کۆمەڵ..... 397
پەیامی قورئان بۆ ژن..... 400
بڕینی دەستی دز و پاشخانی 409
کولتوور و ئەدەبی عەرەب لە قورئان..... 419
نەرێتەکانی عەرەب پێش ئیسلام 421
نەرێتە پیرۆزەکان..... 422
جنێو و سووکایەتی لە قورئان 433
ڕەزاقورس دوای ئەوەش زۆڵ..... 435
لەیەکچواندنی مرۆڤ بە سەگ 437
دەنگی هەرە ناخۆش وەک دەنگی کەر وایە..... 443
نێردەی نەجران و زێدەڕۆیی 447

بەلاڕێدابردنی مێژوو 448
کۆیلایەتی لە ئیسلام 455
پرسی کۆیلە، و خۆ کاوێژکردنەوەی موسوڵمانان 460
شارنیشین و دەشتەکیەکان (العرب و الأعراب)..... 467
الخلافة (جێنیشین)..... 472
ئەنجومەنی ڕاوێژکاری (الشوری) 473
سەرانە (جزية) 477
گرنگی مەڕوماڵات (الأنعام)..... 479
باجی دەیەک (العشور)..... 481
نەرێتەکانی سزا یان دادوەری 482
القصاص 482
نەرێتەکانی شەڕ..... 486
الخمس..... 486
پێنج یەک، یا پێنج یەکی دەستکەوتی تاڵان..... 486
السلب (زەوتکردن، تاڵان) 487
الصفی (بژاردە) 488
489.....
شیعری جاهیلی و قورئان 489
پوختەی باس 509
شاری مەککە پیرۆز نیە!..... 517
داگیرکردنی مەککە 522
کەعبەی مەککە 523
لات و عوز و منات..... 523
پێترا پایتەختی نەبەتیەکان..... 527

ڕووگەی ئیسلام و کێشەی ئاڕاستەی 531
ڕووگەی مزگەوتەکانی بەرایی 536
خشتەی ڕووگە، لە مزگەوتەکانی بەرایی 537
میحراب و مناره لە سەرەتای ئیسلام نەبووین..... 543
داگیرکردنی ئۆرشەلیم و کۆتایی نەساریەکان 547
هاتنی عومەر و کۆتایی سەردەمی نەساریەکان 551
سرینەوەی شوێنەواری کۆنە هاوپەیمانەکان..... 555
پوختەی پرۆسەی دین 557
مصحفی سەنعا و ڕۆشناییەکی نوێ 571
١ لیستی لێتۆژینەوەی لؤي عشري 580
٢ لیستی لێتۆژینەوەی أسماء هلالي 586
زانکۆی ستاندفۆرد 589
سەرچاوەکان 601

ووتەی برایی

کۆڵەگەی بنەڕەتی دروستبوونی دین، بنچینەی پاشخانی فرەلایەنی ژینگەیەتی. کە هەم مرۆڤ بەژیان ئاشنادەکا. و هەمیش بە کولتووری پاشخانی کۆمەڵایەتی، و باوەڕی پێشینە پەروەردەی دەکا. کە لە خۆیدا دەبێتە هەوێنی دروستبوونی باوەڕ. باش و نەرم یان دڕوندە و داگیرکەر.

لەدایکبوونی دینی ئیسلام، بەرهەمی ئەو ژینگەیە بووە. کە هەم لەلایەک جولەکە و هەمیش نەسارِی تێدا دەژیان، و بانگهێژی سەر دینی نەسارِیان دەکردن. لە پەرتووکەکانی ژینامەی پەیامبەری ئیسلام بە ووردی باسی ژیان و پەروەردەی منداڵی و دواتریش گەشتی بازرگانی لە باشوور تا یەمەن و لە باکووریش تا شام دەکا. لە مەککە و مەدینەش حەنەفیەکان و نەسارِی، و سابئیە مەندابیەکان دەژیان. و هاموشۆیان لەگەڵ خەڵکی تر هەبوو. کە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ تێکەڵاوبوون، و کاریگەری لەسەر یەکتری.

ئەو کەلەپووری دینی، بە تێکەڵاوی ڕەوەندە (بدوي) عەرەبەکان کە خاوەنی نەرێت و یاساکانی خێلەکی خۆیان بووین، هەر هەموویان پێکەوە بوونە بنەڕەتی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلام، کە تا سەردەمی ئەمەویش یاسایەکی دەوڵەتی نەبوو. بەڵکوو خەلیفە و سەوکردەکانی ئیسلام و ئارەزوویان بڕیاردەر بوون.

دەرچوون لە دوورگەی عەرەبی و تێکەڵاوبوونی لەشکری ئیسلام وەک هێزی داگیرکەری عەرەب، لەگەڵ نەرێت و کولتووری مێژووپی نەتەوە و دینەکانیتر، بەر لە هەمووشیان

جوله‌که، توانی له نه‌رێتی به‌ده‌وی و چه‌ته‌یی بیابان، ببێته هێزێکی داگیرکه‌ر، و که‌له‌پووری شارستانی نه‌ته‌وه و دینه‌کانیتر تێکه‌ڵ به نه‌رێته‌کانی خۆیان بکا، و ناوی لێبنێ شارستانی ئیسلام.

به‌و شێوه‌یه که‌له‌پووری هه‌زاران ساڵه‌ی نه‌ته‌وه و دینه‌کۆنه‌کانی تری، وه‌ک زه‌رده‌شتی و جوله‌که سابئی مه‌ندایی و کریستیان، بوونه به‌شێک، له وه‌حی دینه نوێکه، دروستکردنی ناسنامه‌یه‌کی ناسنامه‌یه‌ی خوازراوه، و وه‌ک کراسی بوکێنی له‌به‌ری کرا. و دواتر ناوی لێنرا که‌له‌پووری ئیسلام.

ئه‌و که‌لوپووره مه‌زنه‌ی، موسوڵمانان شانازی پێوه ده‌که‌ن. بریتییه له توندوتیژی هێزی داگیرکه‌ر، له‌گه‌ڵ ئه‌نفالکردنی نه‌رێت و کولتووری نه‌ته‌وه داگیرکراوه‌کان. ئه‌و داگیرکردنانه، له‌سه‌ره‌تادا، ته‌نیا تاڵان و کوشتن و کۆیله و سه‌بایا بوو. دواتر هه‌نگاو به هه‌نگاو، تێکه‌ڵاوی ئه‌و کولتوور و که‌له‌پووره مه‌زنانه بوون. و نه‌رێتی وولاتانی داگیرکراویان وه‌رده‌گرت. له‌وه به‌دواوه به له‌سه‌رخۆ، ئه‌نفاڵکردنی که‌له‌پوور و شارستانیان، وه‌ک په‌ره‌سندنێکی لاوه‌کی ده‌ستی پێکرد. دواتر پرۆسه‌ی له‌یه‌کتری توانه‌وه‌ی، شمشێر و توندوتیژیان، که‌له‌پووری شارستانی کۆنی ناوچه داگیرکراوه‌کان له‌گه‌ڵ تێپه‌ڕبوونی کات. ئه‌و دوو جه‌مسه‌ره، هه‌م بوونه ته‌واوکه‌ری یه‌کتری. و هه‌میش بوونه ناکۆکییه‌کی قووڵی ناو هه‌ناوی ئه‌و دیارده نوێیه. به تایبه‌تی له نێوان شارستانی په‌ره‌سه‌ندووی کۆنی گه‌لانی داگیرکراو. و هێزی شمشێری به‌ده‌وی داگیرکه‌ر، که به درێژایی مێژوو تا ئێستاش هه‌ر به‌رده‌وامه. و له هه‌ر قۆناخێکی مێژوو شێوه‌یه‌کی نوێتر، به‌ڵام هه‌ر له‌سه‌ر بنچینه کۆنه‌که وه‌رده‌گرێ.

لێره‌دا پرسیارێک دێته پێش. ئه‌گه‌ر هێزی داگیرکه‌ری عه‌ره‌ب، به ڕاست هاجه‌ری بوان، و به ڕێگایه‌کی، سه‌ربه‌خۆ و دوور له‌و کولتوور و که‌له‌پوورانه، په‌ره‌یان سه‌ندبا. ئه‌و شرۆڤه

کولتووریانەی، لە دەرەوەی بازنەی مێژووی پەرەسەندن چۆن دەبوون؟ بەمەرجێ، لە بەهای پەرەسەندنی کەلەپوور و نەرێتەکانی خۆی نەگۆڕیبان[1].

هەر نەتەوەیەک، لە ژێر کاریگەری نەریت و کولتووری ژینگەی کۆمەڵایەتی و جوگرافی، بە کاریگەری پاشخانی سەدان ساڵە، لەناو قووڵایی پرۆسەی کۆمەڵایەتیەکی ناوێژە و تایبەت، دەتوانن دیاردەکانی پیرۆزی خۆیان بئەفرێنن. ئەو پیرۆزیانەش لە ڕێگای ریتوال و سرووتی دیاریکراو. وەک گوزارە لە پیرۆزی و ملکەچی، بۆ ئەو پیرۆزییە نیشان دەدەن.

تۆژینەوەی هاوچەرخ ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە تێگەیشتن لە دیاردەکانی دین، دەبێ لە ژێر تارمایی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی، دەرەوەی دین هەڵسەنگێندرێن. لەبەر ئەوەی دین دیاردەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو بەستراوەتەوە، بەو کۆنتێکستەی لەناویدا سەری هەڵداوە. و مەرجەکانی ئاراستەی دیاریدەکا. [2]

کۆنتێکستی سەرهاڵدان و پەرسەندنی دین، بریتیە لە دوو بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسی. ئەو دوو بوارە دەتوانن گۆڕەپانێکبن، بۆ بە دواداچوون و قووڵبوونەوە سەبارەت بەدین. بۆ ئەوەی بتوانرێ هەڵومەرجەکانی دەرەوە و ناوەوەی تێدا ساخبکرێنەوە.

لەڕێگای ئەو دوو بوارە فراوانە، دەتوانرێ دین وەک پاکێچێکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی. لە بواری مێژووبی و پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی، هۆکار و کاریگەری وەدەست بێنین. [3]

---

[1] Crone Patricia, Cook Michael (1977) Hagarism .The making of the Islamic world. Cambridge University Press. Pp 130
[2] Durkheim, Emile (1912)The Elementary forms of the Religous life
[3] Freud Sigmund (1900) The Interprettion of dreams pp 230

مێژووی پەرەسەندنی دینی نەساڕی، چۆن دەبێتە پاشخانێکی پتەو بۆ دینی ئیسلام. تەنانەت ئەو چیرۆکانەی لە سەر ڕەچەڵەکی محمد و کەعبە و مێژوویان. ئەو شاکارانە بوون، کە وەک چیرۆک، بە درێژایی چەند سەد ساڵ لە شام و ئیسرائیل نەساڕیەکان، بە شێوەیەکی بەردەوام خەریکی هۆنینەوەیان بوون.[4]

دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین، دینی ئیسلام ساوایەکی ناو منداڵدانی یەهودی نەساڕی بووە. و ناتوانێ لە پەیام و کردەوە توند و تیژەکان. و مێژووی پەرەسەندن، و ڕاپەڕینەکانی ئەوان دوور کەوێتەوە.

باسەکانی ناو ئەو پەرتووکە، بەدواداچوونی مێژووی کۆمەڵایەتین، سەبارەت بە دینی ئیسلام و پاشخانی دروستبوونی. هەوڵ دەدا هەنگاو بە هەنگاو بە دوای تووڵەڕێکانی، ئەو چەند سەدەیە دا بگەڕێ. کە تۆژینەوەی هاوچەرخ توانیویەتی تا ئاستێکی باش هەنگاو بۆ ساخکردنەوەی ڕووداوە مێژوویەکان باوێ و بتوانێ زۆر لەو چیرۆکانە ڕاستکاتەوە. بەڵام ئەو قۆناخە، کاتێکی زۆری دەوێ. تا کۆمەڵ بتوانێ هزری خۆی لەو چیرۆکە خورافیانەی بە گوتی و دەگێڕنەوە پاککاتەوە. لە جیاتی ڕیالیستانە و دوور لە کاریگەری هات و هاواری ڕێبەرانی دین، خۆی بیرکاتەوە و لەسەر تێگەیشتنی خۆی بڕیار بدا. نموونەیەکی باناوبانگ ڕەنگە زۆربەمان بەر گوێمان کەوتبێ، پرسی موسا و کێوی تووره:

[4] العودات، حسین (١٩٩٢) العرب النصاری، عرض تاریخی . الأهالی للطباعة و النشر و التوزیع ص ٤٦

گوزەرێک بە دوای ژیانی نەبی محمد

لە هەر قۆناخێکی مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی، هەر دیاردەیەکی نوێ، دەبێ لە چوارچێوەیەکی فراوانتر، لەسەر بنچینەی پەیوەندییەکانی بە ژینگەی خۆیەوە ببینرێ. ئەوەش لە هەموو بوارەکاندا بە هەمان شێوەیە. کاتی باسی ئاو و گەرمی بکرێ. ئەو دوو زاراوەیە تەنیا نین. بەڵکوو پێکەوەبوونیان و ئاڵوگۆڕیەکانیان بە ژینگەی دەوروبەریان بەستراوتەوە. و کاردانەوەکانی بایۆلۆژی دەوروبەر، گرنگی ئەو دوو توخمە دەردەخەن. و ماکی خۆیان لەسەر دەرئەنجامی گەشەکردن و دەرئەنجامەکانی دادەنێن. دیاردەکانی زانستی کۆمەڵناسیش، بە هەمان شێوە. ناتوانن لەو یاسایە بەدەربن. دین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کاریگەری مێژووپی، ناتوانی لەدەرەوەی چوارچێوەی مێژووی کۆمەلایەتی و دەروونناسی ببیندرێن.

تۆژینەوە لەسەر دین، دەبێ هەمیشە لە چوارچێوەی مێژووی کۆمەڵایەتی بێ، و هەرەوەها دەبێ لە ڕێگای کۆمەڵناسی و دەروونناسی، تاوتوێ بکرێ. ئەگینا وەک زانست و کاردانەوەی بێجگە لە خورافات و ئەفسانە ناتوانێ هیچیتر بێ.[5]

لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئاستێکی دیار، بنەڕەتی دین لە بنەڕەتە مێژووییەکانیتر جیاوازە. لەبەر ئەوەی دین بەرهەمی هەستی سەرەتایی مرۆڤە بەرامبەر سرووشت. خۆی لە سەرووی کۆمەڵ و قۆناغەکانی پەرەسەندنی دادەنێ. خۆی بەدوور لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و مێژووی

[5] Jefferi, Arthur (1926) The quest of the historical Muhammad. Pp 339

پەرەسەندنی دەبینێ. بۆیە شتێکی نامۆ نییە، کە تەمەنی منداڵی خۆی بیرنایەتەوە. هەروەک مرۆڤێکی بە تەمەن ڕەنگە بە ئاستەم منداڵی خۆی بیربێتەوە. مرۆڤ لە تەمەنی گەورەیی و پێگەییو. وەک بروسکێکی نادیار وایە. کە تەنیا لە ڕۆژی ڕووناک بە هاتنی نموونەی هاوشێوە دەردەکەوێ. دینیش بە هەمانشێوە. تەمەنی دیارکەوتن و منداڵی خۆی تەنیا بە ڕێکەوت بیردێتەوە. [6]

ئەوەش وادەکا بۆ بەدواداچوون و ساخکردنەوەی پاشخانی دین، پەنا بۆ نموونەی دەرەوەی دین بەرین. ئەوسا جارێکیتر لەگەڵ سەرچاوەکانی ناوەوەی دین بەراوردیان بکەین. و بگەینە دەرئەنجامێکی لۆژیکی گونجاو. و دوور لە خورافات.

بۆیە محمدی مێژووبی، وەک کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی، ئەستەمە تەنیا بە سەرچاوەکانی دینی دروستکراو بگونجێ. لەبەر ئەوەی، سەختە وا بە ئاسانی بگەینە ووردەکاری، ژیان و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی. لەو ژینگەیەی کە تێیدا لەدایک بووە و گەورەبووە.

بە مانایەکیتر وەک کەسایەتییەکی تێکەڵاوی کۆمەڵگە، ئاکار و کاردانەوەی لە ژیانی ڕۆژانە لەگەڵ خەڵکیتر. هیچ مانایەک نادا. بەڵکوو لەجیاتی ئەوە مانایەکی تەکنیکی مێژووبی دەگەیێنێ. کە دەبێتە هۆکار بۆ گوزارەکردن لە کاریگەری مێژووبی و کۆمەڵایەتی، دوور لە هەست و کاردانەوەی هاوسەنگ. بەکارهێنانی زاراوەی مێژوو لێرەدا، واتە لە ڕێگای بەدواداچوون بابەتەکانی سەردەمێکی ڕابردوو، تەنیا دەبنە بنەما بۆ بەرجەستەکردنی محمدێکی ئەبستراکت و بێ گیان، لە ووردەکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی. ئەو دیمەنەش دەرفەتێکی فراوان دەداتە ڕاڤەکان، تا وەک ئامرازێک ئەو کەسایەتییە دروستبکەن، لەگەڵ بانگهێژ و سیاسی و سەربازی سەردەمەکانی دواتر بگونجێ.

---

[6] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp. 127

نموونەیەکی بەرجەستە لەو بارەوە مێژوو نووسی ئەرمەنی سێبیۆس، وەک یەکەم سەرچاوە لە ئەدەبی کریستیانی باسی محمدی کردبێ، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەم. یان بە شێوەیەکی ووردتر ساڵی ٦٤٠ س.ب. سێبیۆس لە پەرتووکی مێژووی سێبیۆس دەڵێ: ئیسماعیلیەک خۆی بە نەبی دادەنێ و داوا لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەکا، بگەڕێنەوە سەر دینی ئیبراهیم.[7]

نموونەیەکیتر، پارچەکاغەزێکی بەردی، پارچە نووسینێکی بچووکی لەسەرە. ئەو نووسینە، تەنیا لە هەشت دێر بێک دێ. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی هەشتەمی س.ب. لەو پارچە کاغەزە هەندێک ڕوونکردنەوە، سەبارەت بە مێژوو و ناوی کەسانی پەیوەندیان بە شەڕی بەدر هەبووە، تێدا نووسراوە. لەو پارچەیەدا دوو جار ناوی محمد هاتووە، بەبێ هیچ ناونیشانێک، وەک نەبی یان پەیامبەر. تەنانەت نەشنووسراوە (درووودی خودای لەسەربێ) [8]

لەو دوو نموونەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئێمە دەتوانین کەسایەتییەکی تەکنیکی مێژووپی دروستکەین، بەڵام هەرگیز ناتوانین گیانی مرۆڤایەتی بەبەردابڕین. و لە خۆمانەوە بیکەینە ڕزگارکەری مرۆڤایەتی.[9]

بە لێکۆڵینەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی قورئان لای موسوڵمانانی بەرایی، بەو شێوەیە سەیرنەکراوە، وەک موسوڵمانی ئێستا دیبینن. لەوەش گرنگتر سەحابەکانی بەرایی وەک

---

[7] Jefferi, Arthur (1926) The quest of the historical Muhammad. Pp

[8] A. Grahmann Arabia papyri from Herbet. Et. Mird. Louvain + Leuven. Bibliotheque du Muséon. Vo. 52. 1963

[9] نبیل فیاض (٢٠١٨) مقدمة كتاب مصحف على

ئەبو بەکر، عومەر و عائیشە و عەلی و خالد بن ولید، بە قسە و بەکردار پێچەوانەی دەقەکانی قورئان جووڵاونەتەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجدانە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، پەیڕەوکارانی هەر دینێک بە کوڵەوە پەیڕەوی یاساکانی دین دەکەن. کەچی ئەوە لای موسوڵمانان بە گشتی پێچەوانە بووە.

دەرئەنجامەکەی ئەوە دەگەیینێ کە لای موسوڵمانانی بەرایی قورئان ئەو پەرتووکە پیرۆزە نەبووە. وەک موسوڵمانانی ئێستا دەیبینن. کەنەگۆردراوە، و لە لەوحی مەحفوض پارێزراوە. موسوڵمانانی بەرایی زیاتر وەک سەربازیکی پەیڕەوکاری قسەکانی نەبی بووین. نەک وەک باوەڕدارێکی، گوێڕایەڵی قورئان، کە بە ناوی خودا هاتووە. ئەو شێوە بیرکردنەوەش هەر بەردەوام بووە تا گەیشتە سەردەمی ڕاڤەکارانی دواتری وەک القرطبي و الزمخشري لەلای سونی. و الکلینی و الطبرسی لای شیعە. ئەوەش بە رووڤی لە جیاوازی لێکدانەوە سەبارەت بە دەربڕینەکانیان. بەتایبەتی سەبارەت بە مصحفی عوسمان، کە بە خورتی بەسەر گشت موسوڵمانان دا سەپێندرا.

کەلەپووری ئیسلام بە گشتی بریتییە لەو زانیارایانەی موسوڵمانانی بەرایی بە گێڕانەوەی دەماودەم لەناو کۆمەڵگەکانی عەرەبی و بە ئیسلام کراو دا بڵاو بوونەتەوە، و جێگیربوون. ئەو زانیارانەش ناتوانن ببنە بنەما بۆ پشتڕاستکردنەوەی، ڕووداوێک یان دیاردەیەکی ماوەیەکی دووری مێژووییە. چ لەلایەن ئەو کەسانەی تۆماریان کردووە، یان بۆ ئەوانەی بۆیان تۆمارکراوە. لەبەر ئەوەی هەریەک لەو ڕووداوانە بۆچوونی بە ئارەزووی تێدایە. و هەر گێڕانەوەیەکیش بە ئارەزووی گێڕەرەوە، بەلایەکدا خزێندراوە. جا بە مەبەستی سیاسی یان کۆمەڵایەتی دیاریکراو بووبێ. بۆیە بۆ هەر کێشەیەک بگەڕێینەوە ناو دەقەکانی قورئان. کەچی، فەرموودە و ڕاڤە ئێستا جێگای ئەوەی گرتۆتەوە.

محمد لە نێوان ڕاستی و ئەفسانەدا

نەبوونی پاشماوەی شوێنەوارناسی و کەلەپووری کۆن. لە ناوچەکانی حیجاز. ئاڵۆزی دەخاتە بەردەم تۆژینەوە. بەتایبەتی بۆ گەڕان لە سۆراخی کەسایەتی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە. محمد وەک کەسایەتییەکی مێژووپی و پەیامبەری ئیسلام. و دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە. گەڕان بە دوای شوێنەواری مێژووپی و نەبوونی بەڵگە بۆ پشتڕاستکردنەوەی، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەندێک توێژەر، محمد بە کەسایەتییەکی، خەیاڵی و دروستکراوەی دواتری دابنێن. و کە لە ڕاستیدا بوونی نەبێ. بەڵکوو دوای دروستبوون و پەرەسەندنی دەوڵەتی قورەیشی عەرەبی، وەک ئامرازێکی پێویست بۆ ڕاگیرکردن و مانەوەی دەستەڵاتی ئەو دەوڵەتە، پێویست بە دروستکردنی دینێک و نەبیەک هەبووبێ. تا بتوانن، وەک پاڵپشت، بۆ دەوڵەتەکەیان. و فراوان بوون و بەهێزکردنی پان عەرەبیزم، پشتی پێ ببەستن.

بەڵام بۆ سەلماندنی ئەو گریمانەیە، پێویست بە گەواهی مێژووپی و شوێنەورناسی و سەرچاوەکانی هاوسەردەمیش هەیە. کە بتوانرێ، ئالترنەتیڤی بوونی پرۆسەیەکی تر بسەلمێندرێ. لەبەر ئەوەی بوون و نەبوونی محمد لەوە قووڵترە. تا بەو ئاسانییە بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێ.

با هەوڵدەین پرسیارەکە ئاوەژووکەین، و بڵێین! محمد پەیامبەری ئیسلام، وەک کەسایەتییەکی مێژووی و کۆمەڵایەتی، نکۆڵی لەبوونی ناکرێ. بەڵام ئایا کەسایەتی محمدی

مێژووێی، هەمان ئەو کەسایەتییەیە، کە پەرتووکی بیۆگرافی و مێژوونووسانی موسوڵمان، بەردەوام لە پەرتووک و بیۆگرافیاکانیان باسی دەکەن؟

ئەو پرسیارە، لەبەر گرنگی جێگای هەڵوێستەکردنە. و دبێ ببێتە بنەما، بۆ ساخکردنەوەی کەسایەتی محمدی مێژووێی. وەک کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی. بە قووڵبوونەوە لە ڕۆڵی، چ لە پڕۆسەی چاڵاکییەکانی. و چ بۆ پەیدابوونی ئیسلام.

لێرەدا دەبێ شتێکی گرنگ یەکلا بکرێتەوە. ئەویش مێژوونووس و توێژەر، بەدوای کەسایەتی محمدی مێژووێی دادەگەڕێ. نەک محمدی باوەڕ (عقیدة). لەبەر ئەوەی هەر یەکەیان سەر بە لقێکی تایبەتی تۆژینەوەن. ئەو باسەی بەردەستیشت بەدواداچوونێکە، هەوڵدەدا محمدی مێژووێی بدۆزێتەوە. و ئاکار و ڕۆڵی لە پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگە، بە باش یان بە خراپ یەکلاکاتەوە.

بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسایەتییە، دەبێ پەنا بۆ سەرچاوەکانی دەرەوەی دینی ئیسلام بەرین. وئەوسا هەنگاو بە هەنگاو، لەگەڵ سەرچاوەکانی ناوەوەی ئیسلام، وەک مێژوونووس و ڕاڤەکار و بیۆگرافیانووسان بەراوردیان کەین. دوای ئەوە دەتوانین بە شێوەیەکی لۆژیک و گونجاو، دیمەنی ئەو مرۆڤە بەرجەستەکەین.

توێژەر، نابێ یەک لایەنانە، تەنیا باوەڕ بە سەرچاوەکانی دینی ئیسلام بکا. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بەستراوەتەوە بە ئەو چوارچێوەی کولتوورە کۆمەڵایەتییەی، کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە. هەر بۆیە کەسایەتی نەبی محمد لە قورئان و بیۆگرافیاکانی ژیانی، ئاوڕیان لە باوەڕ و کەسایەتی بەپێی دین

داوەتەوە. ئەوەش ناتوانێ کەسایەتیەکی مێژووپی بێ. لە هەمان کاتدا ناکری پشت گوێش بخرێن.

ئەگەرچی ئەو بیۆگرافیا و مێژووە دینیانە، ناتوانرێ وەک سەرچاوەی مێژووپی پشتیان پێ ببەسترێ. سەرەڕای ئەوەش دەتوانرێ، بە چاوی ڕەخنەگرانە شتێکیان لێ بدۆزینەوە.

بەو شێوەیە گۆڕەپانێکی بەراوردکاری، لەگەڵ سەرچاوەکانی دەرەوەی دینی ئیسلام بەراورد پێ دەکەین. تا لەو ڕێگایەوە، بتوانین بە شێوەی فرەڕەهەندی، شوێن پێی محمدی مێژووپی هەڵبگرین. ئەوەش دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ، سەرەداوێک بۆ بەردەوام بوون بدۆزینەوە.

بەپێی گێڕانەوەی بیۆگرافیانووسانی موسوڵمان، محمد لە سەرەتای تەمەنی، دوو جار بۆ ناوچەکانی سووریا و ئیسرائیل سەفەری کردووە. یەکەم سەفەری منداڵ بووە، لەگەڵ مامی أبی طالب و سەفەری دووەمی بۆ بازرگانی. وەک بریکاری (وکیل) هاوسەری داهاتووی خدیجة. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە هەر نووسەرێک بە شێوەیەک باسی سەفەرەکان دەکا. تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە ڕێگا، سێبەر لە گەرما دەیپارێزێ. گوایە ئەوە نیشانەی نەبییەتی محمد بووە [10].

بازرگانیکردنی محمد وەک شتێکی ئاشنا، لە زۆر سەرچاوە باسکراوە. بەتایبەتی لە تەمەنی سەرووی بیست ساڵی، بە نوێنەرایەتی خدیجە بۆ شام. و ئاشنا بوونی بە بازرگانی و مێتودەکانی. سەرەڕای ئەوەش زۆر کەسیتری بازرگانی قورەیشی ناسین و بوونە دۆست و دواتریش یاوەری. لە هەمان کاتدا ئاشنایەتی باشی بە کولتوورەکانی تری دەرەوەی حیجاز

[10] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 84

پەیداکردووە. بەتایبەتیش لە نزیکەوە ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی ڕۆژهەڵاتی بینیووە. ئەو زانیاریانەش نەک تەنیا لە مێژوونووس و سیرەنووسانی ئیسلام، بەڵکوو زۆر پێشتر لەوانیش زانیاری لە دەرەوەی دینی ئیسلام دەدۆزینەوە.

ژینگەی کۆمەڵایەتی نووسەری قورئان لە مەککە

بۆ ئەوەی بە باشی لە ناوەڕۆکی قورئان و ووردەکاری ئایەتەکانی تێبگەین. دەبێ لە سەرەتادا ڕووماڵێکی ئەوژینگەیە بکەین، کە قورئانی لێ بەرهەم هاتووە. بە تایبەتی سەرەداوی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە نزیکەکانی دەوروبەری نووسەری قورئان. ئەوەش ڕەنگە ببێتە دەریچەیەک، بۆ ئەوەی بتوانین، بە شێوەیەکی باش بەناو کۆمەڵگەی ئەو دەمەی نووسەری قورئاندا قووڵبینەوە. تا بتوانین ڕەنگدانەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و پیرۆزیەکانیان، لەسەر ئایەتەکانی قورئان بەدی بکەین. بەوەش دەرفەتێکی باشمان دەستدەکەوێ، تا بە شێوەیەکی قووڵ و لۆژیک، شرۆڤەی هەڵومەرجەکانی قورئان، و ئایەتەکانی بکەین و دەرئەنجامێکی جێمتمانە وەدەست بێنین.

زۆربەی پەرتووکەکانی بیۆگرافیا (سیرة) ی محمد ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە ناو ژینگەیەکی یەهودی نەسارِی ژیاوە. باپیرەی عبدالمطلب، بلوکی، مامەکانی و هەندێک لە ژنەکانی بنەماڵە و خزم و ناسیاوەکانی، بە گشتی یا یەهودی نەسارِی بوون، و یانیش بەلای کەمی ئاشنایەتیان لەگەڵ دینی یەهودی نەسارِی دا هەبووە.

بە شێوەیەکی گشتی لای بنەماڵەکانی هۆزی قورەیش، ئاشنایەتیەکی نزیک سەبارەت بە باوەڕ و بنەڕەتەکانی دینی نەسارِی هەبووە. زانیویانە پیرۆزییەکانی چین. و ڕیتوالەکانی چۆنن. و ڕێنماییەکانی کامەن. [11]

سەرەڕای ئەوە دایکی محمد، ئامینەی کچی وەهب لە بنەماڵەی زەهرە، لە هۆزی بەنی نەجارِ بوو. هۆزی بەنی نەجاریش عەرەبی نەسارِی بوون. بەو پێیەش ئامینەی دایکی محمد، لەسەر باوەڕی دینی یەهودی نەسارِی بوو، و هەر لەسەر ئەو دینەش مرد. [12]

چەندین لە ڕاڤەکارانی موسوڵمان، ئاماژە بەوە دەکەن. کە عبدالمطلب باپیرەی نەبی محمد، نەسارِی ئەبیونی بووە. ئەوەش بە گشتی لە بیر و ڕەوشت و کردەوەکانی ڕەنگیان داوەتەوە. بەتایبەتی لە پەروەردەکردن و ئامۆژگاریی و ڕاسپێری بۆ کوڕەکانی بە دیاردەکەوێ. [13]

---

[11] الحريرى، ابو موسى (٢٠٠٥) قس و نبى، بحث فى نشأة الإسلام ص ١٣١

[12] محمد حسان المنير، يوم قبل وفاة محمد ص ٦٩

[13] الحريرى قس و نبى ص ١٣٣، سيره ابن هشام ١: ٤٣ - ٤٤، السيره الحلبيه ١: ٤، تاريخ اليعقوبى ٢: ١٠، طبقات ابن سعد ١: ٨٥

وەك بیۆگرافینووسان دەگێڕنەوە، کاتی ڕەمەزان دادەهات عبدالمطلب لەگەڵ چەند کەسێتری نەساری، دەچووە (ئەشکەوتی حەرا). لەوێ خوداپەرستی دەکرد. و فەرمانی دەدا بە درێژایی مانگی ڕەمەزان، خۆراك دەبەخشرایە هەژاران. هەروەها زید کوڕی عمرو کوڕی نفیل (مامی عومەر کوڕی خەتاب) و قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل و أمیة بن أبی سلط کە ئەویش یەك لە یەهودی نەسارِی حەنەفی بوو، لەگەڵ چەند کەسیتر خەڵوەتیان لە ئەشکەوتی حەرا دەکرد. [14]

هەروەها ئەبی طالب، کە مامی محمد بوو. دوای مردنی عبدالمطلب، ئەرکی سەپەرشتکاری محمدی پێ سپێردرابوو. ئەویش نەسارِی بوو. بەهەمان شێوەی بلوکی عبدالمطلب، بۆ خودا پەرستی، دەچووە ئەشکەوتی حەرا. تەنانەت محمد لەگەڵ أبی طالب بۆ مانگی ڕەمەزان دەچووە ئەشکەوتی حەرا.

سەرەڕای ئەو پەیوەندیە نزیکەی، محمد بە مامیەوە. دوای هەوڵدانێکی زۆر، أبی طالب هەر بە نەسارِی مرد.

ژیان و باوەڕی أبی طالب بە پێی پەرتووکە بیۆگرافەیەکان. کەسێک بوو، بە باوەڕەوە دژیا و لەسەر هەمان ڕێگای بلوکی بوو. یارمەتی هەژارانی دەدا. هەڵسوکەوتەکانی نیشانی ئەوە دەدەن ،کە لە سەر ڕێبازی نەسارِی (ئەبیونی) بووە. دەگێڕنەوە کاتی أبی طالب لە سەرەمەرگ دابوو، گوتوویەتی:

> من لە میللەتی عبدالمطلبم. دوای ئەوە مردووە. ڕێبازی عبدالمطلب واتە ڕێبازی یەهودی نەسارِی و باوەڕ بە حەنیفی بوون. [15]

---

[14] عبدالکریم، (١٩٩٠) الجذور التاریخیه للشریعه الاسلامیه.

[15] الحربری، ابو موسی، قس و نبی ل ١٣٧، طبقات ابن سعد ١: ١٢٢، السیره المکیه ١: ٩١، السیره الحلبیه ١: ١٢٥

أبی طالب، محمدی لەسەر ڕێبازی بەنی هاشم و کەلەپووری دینی پەروەردە دەکرد. بە باشترین شێوە لەگەڵ برازاکەی هەڵسوکەوتی دەکرد. لەگەڵ کوڕەکانی خۆی جیاوازی پێ نەدەکرد. بەڵکوو لەپێش ئەوانیش دایدەنا. بەڕێز و نازەوە سەیری دەکرد.

بەپێی گێڕانەوەی بۆگرافیای پەیامبەر، خۆشەویستی أبی طالب بۆ برازاکەی تایبەتی بوو، بە ڕێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد. تا محمد گەیشتە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی لە تەنیشتی بوو. و لە ژێر چاودێری ئەو دابوو. هەروەها دەڵێن ئەوەندە خۆشی دەویست نەدەخەوت تەنیا لە تەنیشتی نەبێ. دەرنەدەچوو تەنیا لەگەل ئەو نەبوایە. هەمیشە باشترین خواردن و خواردنەوەی پێدەدا. [16]

ئەوەش شتێک ئاشکرا دەکا کە أبی طالب یەک لە ئەندامانی تۆڕی ئامادەکردنی محمد بووە، بۆ ئەوکێکی نوێ. و وەک دلسۆزیەک، بۆ ئەو ئەوکەی گرتبوویە سەرشانی دەجوولایەوە. بۆیە شتێکی سەیر نییە کە ئەو ڕێزە گەورەیەی لە محمدی گرتبێ. . [17]

لەلایەکیتر سەبارەت بەزانستیەکانی سروشت، محمد لە سەرەتا، لە تەمەنی منداڵی لەلای باپیرەی عبدالمطلب ڕادەهێنرا، دوای مردنی باپیرەی. ڕایسپاردبوو کە أبی طالبی مامی ببێتە سەرپەرشتکار و چاودێری. ئیتر لەمە بە دوا، بەردەوامی زانیاریيە سرووشتیەکان لە ژێر چاودێری و ئامۆژگاریيەکانی أبی طالب فێردەبوو. ئەو زانیاریانەش بریتی بوون لەسرووشتی ناوچەیی، لە ڕووەک و گیاندار و سرووشت بەگشتی. زۆر لەو زانیاریانە لە ناو هەندێک لە ئایەتەکانی قورئان ڕەنگیان داوەتەوە.

---

[16] الحریری، قس و نبی ص ٦٥، محمد الغزالی. فی فقهة السیرة ٦٧

[17] الحریری، قس و نبی ص ١٣٧

یەک ڕووداو جێگای هەڵوێستەکردن و خوێندنەوەیەکی وورده. لەکاتی ماڕەبڕینی خەدیجە و محمد، أبی طالبی مامی ووتەیەکی بە بۆنەی هاوسۆگیری محمد و خەدیجە، لەبەردەم خەڵکێکی زۆر دا خوێندەوە، دەڵێ:

بە خودا، دوای ئەو هاوسۆگیریە هەواڵێکی مەزن و ترسناکی بۆدێ.

مەبەستی ئەبی طالب، ئەوە بوو، کە هەواڵێک بۆ محمد دێ. ئەو ڕووداوە پانزە ساڵ بەر لەو مێژووەی ڕاڤەکارانی موسوڵمان بە بانگهێژی دینی ئیسلام ناوی دەبەن. ئەوەش بێجگە لە پێگایەکی بەرزی دینی هیچ شتێکیتر نەبووە. لۆژیک ڕێگە نادا مانایەکیتری هەبێ. ئەوەش بەڕەچاوکردنی محمد لە تەمەنی ٢٥ ساڵی هاوسۆگیری کرد. واتە پانزە ساڵ بەر لە مێژووی بانگهێژکردنی. کە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی، أبی طالب هەستی بە پلانێک بۆ دواڕۆژی محمد کردووە. جا ئەو پلانە بانگهێژ بووە یان تەنیا پایەیەکی کۆمەڵایەتی و دینی بەرز، گرنگ نییە. ئەوەی گرنگەی، هۆکاری خۆشەویستی و خزمەت و پەروەردەکردنی محمد بوو لەلایەن أبی طلب. ئەو پەروەردەکردنەش جگە لەلایەنە کۆمەڵایەتییەکە، بریتی بوو زانستییە سرووشتییەکان. کە وەک ئاوکێک پێ سپێدرابوو. لە کۆتاییش ئەو هەواڵە، ئاماژەیە بۆ ئاگاداربوون، و بەشداری أبی طالب لە سەرجەمی پلانەکانی قەشە وەڕەقە، بۆ دواڕۆژی محمد. کە بە پەرۆشەوە ئاوکەکانی پێی سپێدرابوون جێبەجێی دەکردن. [18]

بەڵام پرسیاری سەرنجڕاکێش ئەوەیە، بۆ سەرەڕای ئەو هەموو خۆشەویستی و چاوەدێریە. ئەبی طالب باوەڕی بە محمد نەهێنا؟

[18] کتاب طبقات الکبری، ابن سعد الجزء الأول ص ١٢٢

وەڵامی ئەو پرسیارە، تەنیا ئەوەیە کە قەشە وەرەقە و ئەبی طالب، هەوگیز لەو خەیاڵە نەبوون محمد ببێتە نەبی، بەڵکوو ئەوە پلانێک بوو بۆ ئامادەکردنی، تا جێگای قەشە وەرەقە بگرێتەوە. و ببێتە سەرۆکی کەنیسەی نەسڕیەکان لە مەککە. هەر بۆیە هەردووکیان بە نەسڕی مردن. سەرەڕای ئەوەش محمد تا ماوەیەکی زۆر دوای ئەو کاتەش نەبی نەبووە. و بیری لە داهێنانی دینێکی نوێی، بە خەیاڵدا نەهاتووە.

محمد، لە دەرەوەی سەرچاوەکانی ئیسلام

یەکەمین زانیاری مێژووپی سەبارەت بە محمد و بزووتنەوەکەی، لە پەرتووکی مێژوونووسانی دەرەوەی دوورگەی عەرەبی دەبینینەوە. ئەو زانیاریانە ئەگەر سادە و سەرپێیش بن، زۆر گرنگن. لەبەر ئەوەی یەکەم کەسانێکی دەرەوەی دینی ئیسلام، وەک گەواهێک تۆماریان کردووە. دووەم لە ڕووی کاتەوە، هاوسەردەمی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئیسلامن. کە ڕەنگە سەرەڕای سادەیی نووسینەکان. بتوانن زۆر لایەنی تری ژیانی نەبی ئیسلام ئاشکراکەن.

ئەو نووسینانە بە گشتی دەکەونە نێوان ساڵانی ٦٤٠ تا ٧٠٥ س.ب. کە دەتوانرێ گەواهیەکانی ئەو سەرچاوانە.

١ لەسەر داگیرکاری عەرەب، لە ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میسر.

٢ زانیارییەکانیان، وەک گەواهییەکی هاوسەردەمی زۆر نزیک، لەسەر پرۆسەی پەرەسەندنی ئیسلام، هەواڵێکی جێ متمانەبن [19].

کە دەڵێین مێژوونووسانی دەرەوەی دوورگەی عەرەبی. مەبەست سەرچاوەکانی ئەرمەنی، سریانی، ئارامی، قیبتی، جولەکە، لاتینی و یۆنانین. ئەم سەرچاوانە هەم باش ئاگایان لە کاروباری پەیوەندیە بازرگانیەکان بووە، و هەمیش بەرژەوەندی دینی لە ناوچەکە پێکی دەبەستنەوە. لەبەر ئەوە تۆمارەکانیان دەبێ، وەک بەڵگە بە متمانەوە ڕەچاوبکرێن.

[19] Ibid. Pp. 39

ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکانی دەرەوەی ئیسلام لەگەڵ داگیرکارییەکانی عەرەب فەوتێنراون و سووتاون. لەگەڵ ئەوەشدا تاک و تەرایەک، لە ناو دەلاقەی دێر و کەنیسەکانی کریستیانی، و سیناگۆگی جولەکان هەر دەستدەکەون.

یەک لەو کەسانەی هاوسەردەمی محمد بووە. قەشە توماس سریانی بووە. لە ناوچەی میسۆپۆتامیا دەژیا. و لە دەوروبەری ساڵی ٦٤٠س.ب واتە هەشت ساڵ دوای مردنی نەبی محمد. ئەو قەشەیە دوو ڕووداومان بۆ دەگێڕێتەوە. کە تیایدا باسی محمد دەکا. و سەبارەت بە داگیرکردنی شام و ئیسرائیلن. یەکەمیان مێژووی ٦٣٤ و دووەمیان ساڵی ٦٣٦ س.ب. لە دوای ئەویش نووسەری ئەرمەنی سێبێۆس، وەک گەواهیەکی ڕاستەوخۆ (شاهدعیان) چیرۆکی داگیرکارییەکانی سەرەتای عەرەبی بۆ ناوچەی ئەرمینیا دەگێڕێتەوە. سێبێۆس مێژووی داگیرکارییەکە، بە ساڵی ٦٤٠س.ب دادەنێ[20].

یەکەمین نووسەر سێبێۆسی ئەرمەنی، بە ڕاشکاوی دەنووسێ:

لەناو منداڵەکانی ئیسماعیل، بازرگانێک هەبوو. بە ناوی محمد.[21]

هەروەها نووسەری سریانی یاقوب رەهاوی، دوو دەیە دوای سێبیوس، بە ڕوونتر دەنووسێ:

محمت* بۆ بازرگانی چووە ئیسرائیل. و عەرەبیا، و فینیقیا الصوریین[22].

ئەوەی ڕاستییێ ئەو سێ شوێنەی یعقوب الرهاوی ئاماژەیان پیدەکا، کە محمد بازرگانی تێدا دەکردن. هەرسێکیان لەژێر دەستەڵاتی ڕۆمی بێزەنتی دابوون. کە ئیسرائیل، میسۆپۆتامیا و باشووری لوبنان بووین[23].

---

[20] هەمان سەرچاوە ص ٣٣

[21] Sebeos of Bagratanius, History of Heraclius pp 95

[22] یعقوب الرهاوی لە وەرگێڕانی دەقی لاتینی لاپەڕە ٢٥٠

[23] دی بریمار، ألفرید لویس (٢٠٠٩) تأسیس الإسلام. بین الکتابة و التاریخ. ص ٤٣

سێیەم بەڵگە لە ڕێبازی جولەکەیە، بە ناوی (باوەڕی یاقوب، عقیدة یعقوب[24]) دێ. کە بریتیە لە نامەیەکی جولەکە، دژی هەرقەل، لەسەر چەوساندنەوەی گەلی بەنی ئیسرائیل. ئەو نامەیە لە ساڵی ٦٣٤ س.ب لە ئیسرائیل، لەسەر زمانی کەسێکی جولەکە، بە ناوی ئیبراهیم نووسراوە، کە جولەکەیەکی هەڵاتووبووە، لە دەستی زۆرداری ڕۆم.

لە دەقی نامەکەدا ئیبراهیم، لە دیالۆگێک لەگەڵ هەندێک خەڵکی تر، باسی شتێکی سەرنجڕاکێشی مێژووپی دەگێڕێتەوە. ئەو گێڕانەوەیە، وەک گەواهییەکی مێژووپی، هەرچەندە ڕووداوەکە زۆر کورتە. بەڵام بۆ شرۆڤەی هەڵومەرجی، ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە لە ئیسرائیل ڕوودەدەن، زۆر گرنگە.

ئیبراهیم باسی نەبیەکی درۆزن دەکا. کە لەو کاتەدا لە ناو سەرەسینیەکان (عرب) بەدیارکەوتووە.

ئیبراهیم دەگێڕێتەوە:

> کاتی ئەندامێکی پاسەوانانی پاشایەتی بێزەنتی، بە دەستی سەرەسینیان (عەرەب) کوژرا. لە شێکەمۆنە (دەکەوێتە سەر قەراخی دەریا لە حەیفا – ئیسرائیل). خەلکم بینی دەیانگوت ئێمە ئەو پاسەوانەی پاشایەتی بێزەنتیمان کوشت. ئێمە وەک جولەکە، بەو هەواڵە دڵخۆش بووین.
>
> ئەوان دەیانگوت نەبییەک لە ناو سەراسینەکان (عەرەب) بەدەر کەوتووە. ڕایگەیاند کە کریستی پاککراوەیە (کریستی چەورکراو)ە. دەڵێ کلیلەکانی چوونە بەهەشتی لایە.

[24] The Teaching of Jacob, Doktorina Jacobi

منیش چوومە لای پیرێکی بەڕێز و شارەزا لە پەرتووکە پیرۆزەکان. و پرسیارم لێکرد:

گەورەم، مامۆستا، ڕات بەرامبەر بەو نەبیە چییە، لەناو سەرەسینەکان بەدەرکەوتووە؟

بە هەناسەیەکی قووڵ، وەڵامی دایەوە: گوتی ئەوە ساختەچییە. پەیامبەر بە شمشێرەوە دێن؟ ئەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ، بەڕاستی ئاژەوەنانەوەن. بەڵام بەڕێز ئیبڕاهیم، بڕۆ سەبارەت بەو نەبیە پرسیار بکە، بزانە چی دەردەچێ. بەو شێوەی ئەو گوتی، من کەوتمە گەڕان. ئەوانی دیبوویان، پێیان ڕاگەیاندم: بێجگە لە خوێنڕشتن، هیچ ڕاستییەک لای ئەو بەناو نەبییە نادۆزیتەوە. ئەی سەبارەت بەوەی کلیلی بەهەشتی لان، تۆ چی دەڵێی؟ ئەوەش هیچ ڕاستی تێدانییە [25].

لەو بەڵگەنامەیە پێنج خاڵی گرنگ، دەبنە جێی سەرنج.

١ یەکەمیان محمد وەک کەسایەتییەکی مێژووی بوونی هەبووە و بینراوە.

٢ کەسێکی خوێنڕێژ و ساختەچی بووە. هیچ ئاکارێکی پەیامبەری تێدا نەبووە.

٣ گوایە کلیلی بەهەشتی لایە. و دەیانداتە ئەو کەسانەی، خۆیان بۆ ئەو بە کوشتن بدەن. ئەوە لە ئیسلامدا بوونی نییە، بەڵکوو لەناو جولەکان دابووە.

٤ ئەو کەسایەتییە (محمد) بەناوی کریستی پاککراوە (چەورکراو) (مسیح ممسوح) ناسراوە، و بە هیچ شێوەیەک ناوی ئیسلام ناهێنێ. ئەوەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە. کە تا

[25] نبیل فیاض (١٩٩٨) نصان یهودیان حول بدایات الإسلام. لبنان ص ٥٧

ئەو کاتە دینێک بەناوی ئیسلام بوونی نەبووە. بەڵکوو هەر لەسەر ڕێبازی نەساڕی بووین، و چاوەڕوانی کریستی ڕزگارکەریان دەکرد.

ناوبردنی نەبی سەرەسینی بە کریست. کە لە ناو جولەکان گەڕانەوەی موسایە. ئەوە ئاشکرا دەکا. کە نەبی محمد شارەزایی لە چیرۆک و باوەڕی جولەکان هەبووە. و خۆی وەک بەردەوامی ئەو چیرۆکانە پیشانداوە.

٥ بە پێی ئەو گەواهیە محمد تا ساڵی ٦٣٤ س.ب دەبێ لە ژیاندابووبێ. و سەرپەرشتی شەڕو داگیرکاری کردبێ. ئەوەش پێچەوانەی مێژوونووس و بیۆگرافینووسانی موسوڵمان کە دەڵێن ساڵی ٦٣٢ س.ب مردووە.

سەبارەت بەوەی کە نەبی محمد کلیلەکانی بەهەشتی لەلان. ئەو گەواهیە لە دەقێکی تری بێژەنتی هەمان دەربڕین، پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێ:

> من نەفرەت لە باوەڕی نهێنی سەرەسینەکان (عرب) دەکەم. کە موامد (محمد) پێی وایە پاسەوانی بەهەشتە.[26]

هەروەها لە مێژووی سێبێوسی ئەرمەنی (٦٢٨ – ٦٦١س.ب) کە لە دەمی گەواهی ڕاستەوخۆ (شاهدعیان) بیستوویەتی. ئەو گەواهیدەرانە لە زیندان بووین. دوای بەربوونیان هاتوونەتە شاری ڕەها (ئورفە) و هەرقەل لە ساڵی ٦٢٨ س.ب لە ساسانیەکانیان وەریاندەگرێتەوە. بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

> لە بیابان دەرچوون و هاتنە دوورگەی عەرەب. لای نەوەکانی ئیسماعیل، داوای یارمەتیانکرد. تێیان گەیاندن، کە بەپێی پەرتووکی پیرۆز، ئێمە خزمی

[26] نبیل فیاض (١٩٩٨) نصان یهودیان حول بدایات الإسلام. لبنان ص ٥٧

یەکترین. لەبەر ئەوە ئیسماعیلیەکان، زۆر بە گەرمی و دڵفراونی پێشوازیان لەو خزمایەتیەکرد. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانە جولەکە بوون. و نەیاندەتوانی باوەڕ بە هەموو خەڵکەکە بێنن. چونکە خودا پەرستیەکەیان جیاوازیوو. لەو کاتەدا ئیسماعیلیەک، بە ناوی مهمت (محمد) لەوێ بوو. خۆی پێناساندن. وەک ئەوەی خودا وەک موژدەدەر فەرمانی پێکردبێ، بۆ ڕێگای ڕاستی. و فێری کردن چۆن خودای ئیبراهیم دەناسن. لەبەرئەوەی شارەزایی لەسەر چیرۆکی موسا هەبوو. و بەباشی دەیزانی. پێی گوتن: خودا پەیمانی ئەو خاکەی، بۆ هەتا هەتایێ، بە ئیبراهیم و نەوەکانی داوە. ئێوە نەوەی ئیبراهیمن. ئەو پەیمانەی خودا دەتانگرێتەوە. گشتیان کۆبوونەوە. و لە بیابانی پاران دەرچوون. بە پێی ڕەچەڵەکی نەوەکانیان، دابەشی دوانزە هۆز بوون. هۆزەکانیان دابەشی سەر دوانزە هەزار ئیسرائیلی بوون. هەر هۆزەی هەزار کەس. ئەوەش بۆ گەیشتنە خاکی ئیسرائیل. ڕەشماڵ دوای ڕەشماڵ، بە پێی نەرێتی باپیرانیان. دوای ئەوەی، ئەوانە، هێشتا لە نەتەوەی ئیسرائیل مابوون، هاتنە ناویان. تا لەشکرێکی مەزنیان پێکەوە نا. دوایی نێردەیەکیان نارده لای ئیمپراتۆری یۆنانی (گرێکی). تا پێی بڵێن. خودا ئەو خاکەی، وەک میرات بە ئێمە داوە. بۆ نەوەکانی ئیبراهیم و نەوەکانی دواتر. بە ئاشتی بەجێی بێڵن [27].

سەبارەت بە بانگهێژی دینی محمد، لە ئەدەبی کریستیانی باسی کردبێ، دەگەڕێتەوە بۆ هەمان کات. سێبیۆس لە پەرتووکی مێژووی سێبیۆس دەڵێ:

[27] Chronical of Sebeos Pp 94-94

ئیسماعیلیەک خۆی بە نەبی دادەنێ. و داوا لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەکا، بگەڕێنەوە سەر دینی ئیبراهیم [28].

ئەو گەواهیانە، کە نزیکترین بەڵگەن. ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە نەبی محمد وەک مرۆڤێکی مێژووپی بوونی هەبووە. و خەریکی کاروباری بازرگانییش بووە. بەڵام کەسایەتی محمد پێویستی بە تۆژینەوەی زیاتر هەیە. لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکی مێژووپی، وەک نەبی محمد، ناکرێ تەنیا بە گێڕانەوەی بیۆگرافیانووسێکی موسوڵمان یان بە پێچەوانەی ڕاییمان بکا.

[28] Ibid. Pp 342

کەسایەتی و باری دەروونی محمد

تا ئێستا زۆر جار گوتیمان لێ بووە، کە محمد پەیامبەری ئیسلام، هەر لە منداڵیەوە خۆی لە خەڵکی بەدوورگرتووە. و دوورەپەرێز لە ئەشکەوتی حەرا، کاتەکانی بەسەربردووە. هەروەها ئەوەشمان بیستووە. کە پەیامبەری ئیسلام، فێی لێهاتووە (پەرکەم لییداوە). و لەرزو تای گرتووە. و هەمیشە لە دڵەراوکێ دابووە. یان باری دەروونی ناتەواو بووە. بەڵام ئەوەی تا ئێستا بە دەگمەن لەسەری نووسراوە، پرسی کەسایەتی، و گرێدانی بە نەخۆشی دەروونیەوەیە. نەخۆشی دەروونی، لە مرۆڤدا هەم پاشخانی ژیانی پێشتری هەیە. و هەمیش کاریگەری درێژخایەنی هەیە. کە بەزۆری دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی و شێوەی گەشەکردنی خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیانی.

محمد هەر لە منداڵیەوە، کەسێکی دوورەپەرێز بووە، و خۆی لە خەڵکیتر، بەتایبەتی هاوتەمەنەکانی بەدوورگرتووە. بەڵام هۆکاری چیبووە؟ لەو باسەدا هەوڵدەدرێ، تا دەکرێ بەدواداچوونی بۆ بکرێ.

باشترین ڕێگا، بۆ ساخکردنەوەی ئەو بابەتە، گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای ژیانی منداڵی محمد و سەختیەکانی. و بەراوردکردنی بە کۆمەڵگەی دەوروبەری. و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی لە ناو ئایەتەکانی قورئان و حەدیسەکان. ئەوسا هەڵسەنگاندنی بە پێوەری دەروونناسی، بۆ بکرێ.

زۆر نیشانەی دەروونی لەکەسایەتی محمد داهەن، کە دەتوانرێ لە ڕێگای دەروونناسی بەدواداچوونیان بۆبکرێ. و بتوانری باری دەروونی و هەڵسوکەوتی لەگەل نەخۆشیە

دەروونەیەکان بەراورد بکرێ. لەهەمان کاتدا لە ڕێگای ڕووداوەکانی ڕۆژانە، کە بوونەتە هۆکاری هاتنی ئایەتی قورئان، و گرێدانیان بە ڕەفتاری ڕۆژانەی محمد، هەر لە منداڵیەوە، تا دەگاتە گەنجی و بەتەمەن داچوونی. بۆ ئەوەی دەرئەنجامێکی جێمتمانەی لێوەربگیرێ.

لە بواری دەروونناسی زۆر نەخۆشی هەن، کە لە ئەنجامی ڕووداو ، و یان ژیانێکی، خۆش یان ناخۆش سەرهەڵدەدەن. و دەبنە هاودەمی مرۆڤ. ئەگەر چارەسەر نەکرێن، ئەوا بە درێژایی ژیان لەکۆڵ مرۆڤ نابنەوە. لەوانە خەمۆکی (Depression) دڵەڕاوکێ (Anxiety) فۆبیای کۆمەڵایەتی (Socialfobi)، سایکۆ (psychopath) و نەرگسی (Narcissist) زۆر نیشانە و باری دەروونیتریش هەن، کە دەتوانرێ، لە ڕێگای پاشخانی ڕابردوو، و کەسایەتی مرۆڤ ساخبکرێنەوە.[29]

نەخۆشی نەرگسی و تێکشکانی کەسایەتی

بەرلەوەی بچینە ناو باس، باشترە باسێکی نەخۆشی نەرگسی بکەین. کە هەندێک مرۆڤ وەک نەخۆشی دەروونی هەیانە. و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتی، و شێوەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و هەڵوێستیان بە ئاشکرا دەردەکەوێ.

زاراوەی نەرگسی لە ئەفسانەی یۆنانی لە ناوی (Narkissos) هاتووە. کە مرۆڤ ئەویندارى جەستەی خۆی دەبێ. و لە ئەفسانەکەدا، نارکیسۆس باوەڕی وابوو دوای مردنی دەبێتە گوڵی نەرگس. ئەو چیرۆکە ئەفسانەیە، بۆتە ناوی یەک لەو نەخۆشیە دەروونیانەی

[29] Egidius, Henry (1994) Psykologilexikon, Natur och Kultur. Pp 449 - 451

کارەساتی بۆ مرۆڤایەتی دروستکردووە. و بە پێی لێکدانەوەی مێژوو بە دەیان دکتاتۆر، کە بە ملیۆن خەڵکیان کوشتووە، جیهانێکیان لە ماڵوێرانی و کاولکاری بۆ گەلانی جیهان بەدیهێناوە. ئەو کارەساتانەش گشتی لە ئەنجامی نەخۆشی نەرگسی بووین. [30]

بابەتی نەرگسی لە ڕووی دەروونناسیەوە زۆر تۆژینەوەی فرەلایەنی لەسەر کراوە. لەوانە سیگمۆند فرۆید، پێی وابوو کە مرۆڤی نەرگسی دەبێتە ئەویندارى جەستەی خۆی. خۆی لەوانیتر پێ جیاوازە. و ئەو جیاوازیەش لە ئەنجامی ئەوە هاتووە. کەسی نەرگسی خۆی بە باشتر و مەزنتر دەزانێ. لە سالانی ٧٠ و ٨٠ ی سەدەی ڕابردوو ئۆتۆ کێرنبەرگ (Otto Kernberg) لە بواری سایکۆدینامیک، لێکۆڵینەوەی لەسەر کەسی نەرگسی کردووە. و باوەڕی وایە، مندال نیشانەکانی نەرگسی وەک ناسنامەی خۆی دەبینێ. و کاریگەری لەسەر گەشەکردنی هەیە. دەبێتە کەسێکی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە شکەستخواردوو. و ناتوانێ متمانە لەسەر خۆی و ئەوانیتر بکا. بۆیە پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و کەسایەتیەک بۆخۆی وێنادەکا. [31]

نەرگسی لە ڕووی دەروونناسیەوە کەسێکی خۆ بە گەورەزانە. و پێویستی بە بەردەوام پشتڕاستکردنەوە، و پیاهەڵگوتن هەیە. و خۆی پێ لەوانیتر بەرزترە. و هاوسۆزی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەری نییە.

هێینز کۆهوت (Heinz Kohut) باوەڕی وایە، کە نیشانەکانی نەرگسی هەر لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری، بە شێوەی جیاواز دەردەکەون. خاڵێکی هاوبەش لە نێوان گشت کەسانی نەرگسی ئەوەیە، کە خۆ بەگەورەزانن. و باوەڕیان وایە کەسێکی گرنگن. بەردەوام ئەندیشەی بێسنوور لەسەر هێز و پێشکەوتنی خۆیان دەکەن. کێشەکانیان دەگمەنن، تەنیا

[30] Ibid
[31] Ibid

کەسانی تایبەت، و هاوشێوەی خۆیان، دەتوانن تێیان بگەن. هەمیشە چاوەڕوانی ڕێز و ستایشی خوای لە ئەوانیتر دەکەن، و خۆیان وا دادەنێن، کە مافی خۆیانە هەڵسوکەوتی باشتر و جیاوازیان لەگەڵ بکرێ. بە کەمترین ڕەخنە، یا سەرنج هەڵدەچن و تووڕەدەبن. قسەی بەرامبەر بە سووکایەتی دادەنێن. [32]

ژینگەی نزیک، دروستکەری کەسایەتی نەرگسیە

گەشەکردنی منداڵ پێویستی بە ڕێنمایی پەروەردەکردن هەیە. منداڵ دەبێ بەشێوەیەک پەروەردە بکرێ کە خۆی بە بەشێک لە ژینگەی کۆمەڵایەتی بزانی. کاتی ژینگەی نزیک (خێزان) زیاد لە پێویست گرنگی بە منداڵ دەدا. و هەڵسوکەوتی تایبەتی بەرامبەر دەکا. منداڵ خۆی بە بوونەوەرێکی مەزنتر و جیاواز دەزانێ. یان بە پێچەوانەوە، بەرەو ڕووی گەف و تووڕەیی و قین دەبێتەوە. یان بەردەوام بەکەم دەزانرێ و سووکایەتی پێدەکرێ، ئەو کەسە لە دەروونیدا خۆبەکەم زانین و دڵەڕاوکێ دروستدەبێ، و دەبێتە هۆی قەیرانی کەسایەتی. بۆ خۆپاراستن و هەندێک ئاسوودەیی، فێری ئەوە دەبێ خۆی دوورەپەرێزبگرێ. و تووشی خۆخواردنەوە دەبێ. و گیانی تۆڵە یان خۆبەزلزانی تێدا دروست دەبێ. لە ژیانی تەنیایی و دوورەپەرێزیدا، سوپەرمانێک لە دەروونی دروستدەبێ. کە لە هەر ناخۆشیەک یان خۆشیەک پەنای بۆ دەبا. ڕاوێژی پێدەکا. کە لە ڕاستیدا ئەو پەنا بۆبردنە، تەنیا مۆنۆلۆژێکی خۆبەخۆیە، لەگەڵ خۆیدا و هیچیتر.

[32] Ibid

بەهۆیٚ پەراوێزبوونی لە دەوروبەری، منداڵ هەست بە کەمی خۆی دەکا. و هەولدەدا ئەو دوورەپەرێزییە، بەشێوەیەکی بێ ئاگایانە قەرەبوو بکاتەوە. جا هەر لە دڕدۆنگی بەرامبەر کۆمەڵ تا دەگاتە قین هەڵگرتن. ئەو دڕدۆنگی و قین هەڵگرتنە، دەبێتە هۆی دروستبوونی (گرێکوێرەی هەست بە گەورەیی)کردن. ئەو گرێکوێرەیە، دیاردەی زێدەڕۆییەکی زیاد لە پێویست بەدی دێنێ. ئەوەش لە دەستکەوت و سەرکەوتنە خیاڵیەکانی مرۆڤ بەدیاردەکەون. کە بەردەوام لە بازنەیەکی نالۆژیک دادەخولێتەوە. و خۆی لادەبێتە خودا. بەرزەفڕێک و خاوەنی توانای بێ کۆتایی. کە تاکەکانی کۆمەڵگا، زۆر بچووک و بێ بایەخ دەبینێ.[33]

نەخۆشی دەروونی نەرگسی، شتێکی کۆنە. و تەنیا لە محمددا نەبووە، بەڵکوو لە پەیامبەرەکانیتری پێش ئەویش دا هەبووە. دەستەڵاتی دینی پاڵپشتێکی باشە بۆ بەردەوام بوونی نەرگسی و خەونەکانی. هاوڕێکانیشی لە ڕێگای فەرمانی خودایی و پاداشت و سزا. تەواو ملکەچی فەرمانەکانی دەبن. و پەیڕەوی ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی دەکەن. تا وای لێدی ئەوەندە توند دەکونە ژێر کۆنترۆڵی کەسایەتی نەرگسی، بە هات و هاوار و هەلهەلە ستایشی دەکەن. دروشمی مەزنی و بەرزڕاگرتن، بۆ کەسایەتی لێدەدەن. هەڵسوکەوتی پەیڕەوکاران و پێویستی کەسایەتی نەرگسی یەکتری تەواودەکەن. و لە بەردەوامی کەسایەتی نەرگسی دەبێتە بەشێک لە مەزنییەکی سامناک و نادیار. ئەوەش قۆناخی ترسناکی نەخۆشی نەرگسییە، کە خۆی بە بەشێک لەودا دادەنێ. و کەسایەتی خۆی بە شکۆدار دەزانێ. لەلایەکیتر ئارەزووە تایبەتیەکانی لە سامان تا دەگاتە سێکس هەنگاو بە هەنگاو زیاتر دەبن. پەیڕەوکارانیشی ئەو پێویستیانەی زۆربەی جار بۆ پڕ دەکەنەوە. [34]

---

[33] Jon Mardi Horowitz (1997) Stress Response Syndromes: PTSD, Grief, and Adjustment Disorder. New Jersey: Jason Aronson Inc., Third Edition.
[34] Adler, Alfred (1954) Understanding Human nature. Seventh impression, George Allen &Unwin.LTD. London. Pp 120

شێوەی هەڵسوکەوت و کاردانەوەی کەسی نەرگسی، بەرامبەر ژینگەی کۆمەڵایەتی. پەیوەندیەکی توندی لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی شارستانی، و کولتووری کۆمەڵایەتی هەیە. بۆ نموونە یەسو دەڵێ:

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس ١٠: ٣٤ - ٣٩

(٣٤) وا مەزانن کە هاتووم بۆ ئەوەی ئاشتی بێنمە سەر زەوی. من بۆ هێنانی ئاشتی نەهاتووم، بەڵکو شمشێر !(٣٥) چونکە من هاتووم بۆ هەڵگەڕاندنەوەی کوڕ لە باوکی و کچ لە دایکی و بووک لە خەسووی، (٣٦) دوژمنی مرۆڤیش لە خێزانەکەی خۆی دەبێ. (٣٧) ئەوەی باوک یان دایکی لە من زیاتر خۆشبوێ، شایانی من نییە. ئەوەی کوڕ یان کچی لە من زیاتر خۆشبوێ، شایانی من نییە .(٣٨) ئەوەی خاچەکەی هەڵنەگرێت و دوام نەکەوێت شایانی من نییە. (٣٩) ئەوەی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە دەیدۆڕێنێ، بەڵام ئەوەی ژیانی خۆی لەبەر من بدۆڕێنێ دەیدۆزێتەوە.

ئەو دیمەنە ئاستی هەرە قووڵی نەخۆشی نەرگسیە، کە سنوورێک بۆ نانەوەی دووبەرەکی و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی خێزان، و کۆمەڵگە نایەڵێتەوە. یەسو لە سەردەمی منداڵێ و هەرزەکاری، بە ژیانێکی سەخت دا تێپەڕیووە. ئەوەش لە سەرچاوەکانی ڕۆمانی و جولەکە. بە شێوەی جیاجیا باسکراوە[35]. کە کاریگەری لەسەر کەسایەتی هەبووە. هەر زوو داوای پاشایەتی ئیسرائیلی کردووە. و دواتر گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، خۆی بە کوڕی خودا داناوە.

[35] بۆ زانین دەربارەی ژیان و کەسایەتی و کردەوەکانی یەسو (عیسا) بڕوانە بەرگی سێیەم.

بەڵام کاریگەری کولتور و ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەبوونی ڕێگەی نەداوە، هانی قوتابی و نێردەکان و دواکەوتوانی، بۆ شەڕ و کوشتن و تاڵان بدا.[36]
بەرامبەر بەوە، محمد، بەناوی خودا هانی یاوەرانی دەدا بۆ کوشتار و قڕکردنی ناحەزانی. وەک پاڵەوانێک وێنایان دەکا. کە هەریەکیان بەرامبەر سەد کەس دەبێ.

سورة الأنفال ٨: ٦٥

> ئەی پەیامبەر، هانی باوەڕداران بدە بۆ کوشتار. ئەگەر بیست دانەی خۆڕاگرتان تێدابن، ئەوا بەسەر دوو سەد کەس دا زاڵ دەبن، و ئەگەر سەد دانەتان تێدابن، ئەوە بەسەر هەزار کەس لەوان زاڵ دەبن، کە بێباوەڕن. چونکە ئەوانە خەڵکانێکن تێناگەن (٦٥)

هۆکارەکانی نەخۆشی نەرگسی

منداڵ بە ئاسانی هەست بەو کەم و کووڕیانە دەکا، کە لە ژیانی داهەن. بەردەوام خۆی لەگەڵ منداڵانیتر، بەراورد دەکا. هەر لە نەبوونی باوک و نازناوی هەتیو، کە بۆشاییەکی گەورە لە ژیانی منداڵ دروست دەکا. تا دەگاتە ئەوەی باوک بەشێوەیەکی هەڵە، هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵی دەکا. دەبێتە هۆکارێکی گەورە بۆ تێکدانی کەسایەتی، و دروستبوونی نەرگسی. بۆ نموونە ئەو باوکانەی نەرمن و هەمیشە بە منداڵەکانیان داهەڵدەڵێن. زیاد لە پێویست گرنگیان پێدەدەن. شتی ناوازەیان بە دیاری دەدەنێ. دەبێتە هۆکار، بۆ گومبوونی دەستەڵاتی باوکایەتی. کەسایەتی منداڵ بەلاڕێدادەبا. یا کاتی منداڵ لە

[36] ڕێبوار، سەلاح (٢٠٢٢) ئیسلام و پاشخانی مێژووبی. ل ٦٩ - ٨٧

ژێر کۆنترۆڵ دەردەچێ، ئەو باوکانەی دەیانەوێ منداڵەکانیان بە لێدان چاکبکەن، یان پشتگوێیان دەخەن لە کۆتاییدا کەسێکی شکەستخواردوو دەردەچێ. ئەو دیاردەیە ئەو منداڵانەش دەگرێتەوە، کە لە ژیانی منداڵی هەست بە نەبوونی نموونەیەکی باوکایەتی یان دایکایەتی دەکەن، بەتایبەتی منداڵی هەتیو بە ئاسانی ئەو دیاردەیەی لێ دەردەکەوێ. لەو بێکەسی و بێدەرەتانییە، خەڵکیش بەچاوێکی کەمتر سەیریان دەکا.

بە پێی لێتۆژینەوە، دیاردەی نەرگسی لە مرۆڤدا، هەر لە منداڵیەوە بەدیار دەکەوێ. کە دەیەوێ قەرەبووی ئەو ناتەواویانە بکاتەوە. کە ڕۆژانە هەستی پێدەکا. ئەو منداڵانە بە خەیاڵ کەساییەتیەک بۆخۆیان دروست دەکەن، کە لە تەنیایی و بە ئارەزووی خۆیان ڕۆڵی ئەو مەزنایەتییە وەدی دێنن، کە خەونی پێوە دەبینن.

ئێمە دەزانین محمد، باوکی خۆی هەر نەدیووە. ئامینەی دایکی هەرگیز شیری نەداوەتێ. یەکسەر دراوەتە دایەنێک، بۆ ئەوەی فرچکی بداتێ. ئەو دایەنە، ناوی (ثویبة)بووە، کە لەلای أبی لهب، مامی محمد قەرەواش (جاریة) بوو. هەمان أبی لهب کە محمد نەفرەتی لە خۆی و ژنەکەی کرد. و سورەتی (المسد) لەسەر هێنا.

هەر دوای ئەوە عبداالمطلبی باپیرەی، ژنێکی یەهودی نەساڕی بۆ گرت، بۆ ئەوەی ببێتە دایەنی، بەناوی (برکة الحبشية) کە بە (أم أيمن) بانگ دەکرا. محمد تا تەمەنی بووە ٥ ساڵ، لای ئەو ژنە یەهودی نەساریە مایەوە.

هەروەها داوا لە حلیمة السعدية بنت أبي ذؤيب کرا، کە شیر بداتە محمد. حلیمة دەبێتە دایکی شیری محمد. بەو شێوەیە سێ ژن ڕۆڵیان هەبووە لە ژیانی ساوایی محمد:

١ ثويبة، قەرەواشی أبو لهب، فرچکی داوەتە محمد.

٢ حلیمة السعدية کە ناوی خۆی حلیمة بنت أبي ذؤيب کە شیردەری محمد بوو.

٣ بركة الحبشية كه به (أم أيمن) بانگ دەكرا، دایەنی بوو. و تا تەمەنی پێنج ساڵی محمدی بەخێوكرد.

بەڵام سەبارەت بە ئامینەی دایكی، و گرنگی نەدانی بە محمدی ساوا، تەنانەت ڕێگەی نەدا شیری مەمكی خۆی بداتێ. دەكرێ دوو گریمانە بۆ ئەو هەڵوێستەی ئامینە هەبێ!

یەكەم: لەو تەمەنە گەنجیەدا، منداڵ بەربەستە بۆ دووبارە شووكردنەوەی! بەڵام محمد گەیشتبووە تەمەنی پێنج ساڵی كەچی ئامینە هەر بە تەنیا بوو، و هەرگیز شووی نەكردەوە، تا مرد.

دووەم: ڕەنگە تووشی خەمۆكی بووبێ. كە زۆر ژن تووشی ئەو دۆخە نەخوازراوە دەبن. كە دەكەونە بارێكی دەروونی زۆر ناخۆش، كە ناتوانن منداڵ نەك هەر شیر بدەن، بەڵكوو ناتوانن لە باوەشیشیان بگەرن.[37]

بەو مانایەش محمد هەر لە ڕۆژی لەدایكبوونیەوە، لەباوەشی دایكی خۆی و سۆزی بێبەری بووە. و تا تەمەنی ٥ ساڵان، لای دایەن بووە . و دایكی بە دەگمەن دیویەتی. یان نەیدەویست ببینێ. لەماوەی منداڵی، كە هەستیارترین ماوەی ژیانی مرۆڤە، درایە كەسێكی نامۆ بە ژیانی. و لە نازی دایك و باوكایەتی بێبەش بوو.

[37] چەندین تۆژینەوە، ئەوەیان دەرخستوو، ئەو منداڵانەی لە دایكانێك لەدایكدەبن، كە پێش منداڵبوون ئاڵودەی خەمۆكی بووین. و ئاستی كۆرتیزۆڵ (kortisol) و نۆرئەپئنفرین (norepinefrin) كە پێشی دەڵێن نۆرئەدرینالین (noradrenalin)، هەروەها دۆپامین (dopamin) یان كەم بووە. ئەو كەمیەش كاریگەری دەروونی لەسەر منداڵە تازە لە دایكبووەكە دادەنێ. بەگشتی تەندروستی دەروونی منداڵ، پەیوەستە بە تەندروستی دەروونی دایك پێش لەدایكبوونی منداڵەكە.

ڕەنگە لە ماڵی دایەن، هەرچەندە زۆر بەباشی سەرپەرشتی دەکرا. بەڵام منداڵەکانی دایەن، هەست بە نامۆیی دەکەن بەرامبەر ئەندامێکی نوێی خێزانیان. کە دەشزانن ئەو ئەندامە نوێیە، بەشێک نییە لە خێزانەکە و هەتیویشە. سەرەڕای ئەوەی فەرمانیان پێدرابوو، کە بەرامبەری بەسۆز و نەرم بن. بەڵام هەرگیز ناتوانن وەک برایەکی خۆیان بیبینن. ئەو شتە محمدیش هەستی پێدەکرد.

هەرچەندە محمد لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و ناسراوی مەککە بوو. و عبدالمطلب (٤٨٠ – ٥٧٩ س.ب) کەسێکی سامانداری گەورە بوو. بە هەموو شێوەیەک خزمەتی باشی دەکرد. هەر لە مامان بۆگرتن و تا دەگاتە فێرکردن و نازهەڵگرتنی بێپایان. لەگەڵ ئەوەشدا هەتیوێکی بێ باوک بوو. و درابووە دەستی دایەنێک بەخێوی دەکرد.

هەرچەندە لە بواری بژێویو فیزیۆلۆژی کەم نەبوو. چاک بەسەری ڕادەگەیشتن. بەڵام لە ڕووی دەروونیەوە. منداڵ لە چاوی ژینگەی کۆمەڵایەتی، خۆی دەناسێتەوە. و هەست بە کەمی و دوورەپەرێزی دەکا. و لە ناوەوە تێکدەشکێ.

محمد تەمەنی پێنج ساڵان بوو، لەگەڵ ئامینەی دایکی و (بركة الحبشية) سەردانی ماڵە خاڵوان (بنی نجار)) یان کرد. و مانگێک لە یەتروب مانەوە. دوایی لە ڕێگای گەڕانەوە، لە (الأبواء) کە شوێنێکە لە نێوان مەککە و مەدینە ئامینەی دایکی مرد. دوای مردنی ئامینە، بركة کۆرپە پێنج ساڵیەکەی، لەگەڵ خۆی هێنایەوە مەککە، بۆ لای عبدالمطلب[38] .

بۆ ماوەی دوو ساڵ لەلای باپیرەی ژیا. عبدالمطلب چاوەدێریەکی باشی دەکرد، لەبەر ئەوەی هەم هەتیو بوو، هەمیش نەوەی خۆی بوو، و تاکە بیرەوەری بوو کە بتوانێ بە کوڕە

[38] الحداد، يوسف درة، القرآن دعوة نصرانية ص ٣٠١ – ٣٠٢ ، السيرة الهاشمية ١ : ١٧٧ ، الحلبية ١: ٧٢

جوانەمەرگەکەی ببەستێتەوە، و دڵی پێخۆشبێ. خۆشەویستیەکی بێ سنووری دەدایە. ئەو گرنگیەی بەو منداڵەی دەدا بە هیچ یەک لە منداڵەکانی نەدەدا. [39]

هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەوەکەی دەگمەن بوو. ڕۆژانە عبدالمطلب لەگەڵ هاوتەمەنەکانی، لە سێبەرەی کەعبە، بەرماڵێکیان ڕادەخست. و ئەو پیاوە پیر و بەتەمەنانە، لە دەوری کۆدەبوونەوە، و خۆیان دەدایە بەر ڕۆژ. هەندێک دوورتر لەبەر ڕێز و گەورەیی گەنجەکان لە دوورەوە دادەنیشتن. محمد لەوە ڕاهاتبوو وەک منداڵێکی بزێو، هەمیشە ڕایدەکرد. و یاری لە نزیکی باپیرەی دەکرد. هەروەها دەیەویست بە شێوەیەکی نەگونجاو شوێنەکەشی داگیریکا. منداڵەکان هەوڵیاندەدا، دووری بخەنەوە. کەچی عبدالمطلب بەدەنگ دەهات و دەیگوت: واز لە کوڕە بچکۆڵەکەم بێنن.

محمد خۆی بە پشتی باپیرەی هەڵدەواسی، و یاری لەگەڵ باپیرەی دەکرد. عبدالمطلب بەو بزیویەی نەوەکەی، دڵخۆش دەبوو. هەر لەو کاتەی کە هێشتا محمد لە ژێر چاوەدێری بەرەکە دابوو، کەچی هەمیشە بە ڕاکردن دوچووە ماڵی باپیرەی. تابگرە ئەگەر لەخەویش دابوایە هەڵیدەستاند. [40]

عبدالمطلب بەر لەوەی بمرێ، ڕایسپارد کە ابو طالبی مامی، سەرپەرشتیکردنی محمد بگرێتە ئەستۆ. کاتی عبدالمطلب مرد محمد تەمەنی ٩ ساڵ بوو. و أبو طالب بردیەوە لای خۆی. لەسەر ڕاسپاردەی باوکی بەرپرسیاریەتی محمدی خستە ئەستۆ.[41]

---

[39] إبن سعد، الطبقات الكبرى، المجلد الأول، ص ١٠٩

[40] Sir. William Muir، (1861) The Life Of Muhammad. London. Volume II Ch. 1. P. XXVIII

[41] الزركلي، خيرالدين (٢٠٠٢) *الأعلام، الطبعة ١٥، بيروت، دار العلم للملايين. المجلد الرابع. ص ١٥٤ .*

بەو شێوەیە محمد هەر لە لەدایکبوونەوە، کەوتە ژینگەیەکی نامۆ، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. ئەوەش کاریگەری توندی لەسەر گەشەکردنی هەبوو. و هەمیشە هەستی کردووە، کە ئەو خێزانەی لەگەڵیان دەژی هی ئەو نییە.

حلیمة السعدیة بنت أبي ذؤیب کە دایکی شیری محمد بوو، دەڵێ محمد منداڵێکی گۆشەگیربوو، هەمیشە لە جیهانی خەیاڵدا دەژی. قسەی لەگەڵ خەڵکی نادیار دەکرد. بە واتایەکیتر لەبەر خۆیدا وڕێنەی دەکرد. ئەوەش نیشانەی منداڵە کە لە جیهانی ڕیالیستی هەست بە خۆشەویستی ناکا. و پەنا دەباتە بەر خەیاڵ، کە تێدا داڵدە و خۆشەویستی دەدۆزێتەوە.

دوایی هەنگاو بە هەنگاو تەندروستی دەروونی و شێوەی بیرکردنەوەی محمد، بووە هۆی گومان و دڵەڕاوکێی حەلیمة السعدیة دایکی شیری. بۆیە داوای لە ئامینەکرد، کە منداڵەکە، لە برکە وەرگرێتەوە، بەڵام ئامینە ڕەتیکردەوە و نەیویست منداڵەکە وەرگرێتەوە. [42]

بە ووردبوونەیەک لە سورەتی الضحی، بۆمان ڕوونەدبێتەوە. محمد خۆی دان بەوە دادەنێ، کە لە تەمەنی منداڵی لە ژیانێکی سەخت و نائارام دابووە. و پەنایبردۆتە بەر تەنیایی و دوور لە منداڵانی هاوتەمەنی خۆی. تا خودا خەیاڵیە سوپەرمانەکەی، فریایکەوتووە، و بۆتە چاودێری. و ڕێنمایی کردووە. و ژیانێکی خۆشی داوەتێ.[43]

---

[42] إبن هشام، سیرة النبویة جزئ الأول ص ١٦٦ – ١٦٧

[43] Jon Mardi Horowitz – Stress Response Syndromes: PTSD, Grief, and Adjustment Disorder" New Jersey: Jason Aronson Inc., Third Edition, 1997,

سورة الضحى ٩٣: ٣ – ٨

مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ (٣) وَلَلْـَٔاخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ ٱلْأُولَىٰ (٤) وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰٓ (٥) أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ (٦) وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ. (٧) وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ (٨)

پەروەردگارت نە وازی لە تۆ هێناوە. و نە لێشت قەڵسە (٣) خۆ دیارە دوارۆژ بۆ تۆ، لەو جیهانە باشترە (٤) پەروەردگارت چاکەی وات لەگەڵ دەکا، ڕازیی (٥) ئەی تۆ هەتیوێک نەبووی، ئەو پەنایدای (٦) ئەی تۆ گومڕا نەبووی، ئەو ڕی نیشاندای (٧) ئەدی دەستکورت نەبووی و دەوڵەمەندیکردی (٨)

هەرچەندە ڕەنگە محمد ووردەکاری ڕۆژانی منداڵی کە تووشی بووە، بە باشی بەبیری نەیەتەوە. لەبەرئەوەی لە بارێکی دەروونی سەخت و ناهەموار دابووە. و کەسایەتی نەرگسی بەسەریدا زاڵبووە. لە جیاتی ژیانێکی ئارام و خۆشەویستی دایک و باوک، پەنا بۆ تەنیایی دوور لە ئاوەدانی دەبا. یان لەجیاتی یاریکردن و هاودەمبوونی لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خۆی، هۆگری کەسانی زۆر لەخۆی بەتەمەنتر بووە. و لەگەڵیان چۆتە ئەشکەوتی حەرا. بۆ ماوەی دوور و درێژ ماوەتەوە. و خەڵوەت و خوداپەرستی ئەوانی، لەگەڵ خەیاڵی نەرگسی خۆی تێکەڵکردووە.

بەپێی لێکدانەوەی بیۆگراف و مێژوونووسانی موسوڵمان دەبێ، محمد، بەردەوام چووبێتە ئەشکەوتی حەرا. و هاودەمی کەسانی زۆر لە خۆی بەتەمەنتر بووبێ. بەتایبەتی ئەو کاتەی مانگی ڕەمەزان دادەهات عبدالمطلب لەگەڵ چەند کەسێتری حەنەفی نەساری دەچووە ئەشکەوتی حەرا، لەوانە زەید بن نوفل (مامی عومەر کوڕی خەتاب)، و قەشە وەرەقە بن نوفل ئامۆزای خەدیجە. شاعیری ناسراو أمية بن أبي سلط. و چەند کەسیتر بە درێژایی مانگی

ڕەمەزان لەوێ دەمانەوە. محمد هەم بە منداڵی لەگەڵ باپیرەی دەچووە خەڵوەت. و هەم دواتریش بە هەرزەکاری و گەنجی تا تەمەنی گەورەیی، لەگەڵ أبي طالبی مامی دەچوو.[44]

چوونی محمد لەگەڵ ئەو خەڵکە بەتەمەنە، کە هەر یەکەیان لە تەمەنی باپیرەی دابووین، لەلایەک هەڵاتن بووە. لە کۆمەڵگەیەک کە تێیدا نامۆبووە. و بە کەمتر سەیرکراوە. لە لایەکیتر، ئەو کەسە بەتەمەن گەورە و توێژی هوشیاری کۆمەڵگەی ئەو دەمە بووین، محمد لە هاودەمیان هەستی بەگەورەیی خۆی کردووە. زیاتر یارمەتیدەر بووە، تا هەر لە منداڵیەوە، دیاردەی خۆ بە گەورەزانین و بەرزتر لە هاوتەمەنەکانی شار ببینێ. خودایەکی خەیاڵی لە سێبەری قسەوباسی بەتەمەنەکان، زۆر بە ووردەکاری، لە مێشکی خۆی دروستبکا.

نیشانەکانی نەخۆشی نەرگسی لە مرۆڤ دا، لە پڕ دەرناکەون. بەڵکوو لە قۆناخەکانی گەشەکردنی، بەر لە تەمەنی پێنج سالی دەستپێدەکا. باوەڕوایە کە زنجیرەیەک هۆکاری بنەڕەتی هەن، کە دەروونی منداڵ تێکدەشکێنن. بنەماکانی کەسایەتی و شیرازەی بیرکردنەوە، و جیهانبینی منداڵی دەشێوێنن. و وای لێدەکەن لە ژیانی ڕیالیستی دووربکەوێتەوە، و پەنا بباتە بەر ژیانێک کە لە مێشکی خۆی بەخەیاڵ دروستی دەکا.[45]

ئەو منداڵانەی تووشی کێشەی سەختی کۆمەڵایەتی دەبن. بە تایبەتی لە پەیوەندیان بە خەڵکیترەوە. و بەراوردکردنی خۆیان لەگەڵ منداڵانیتری لەتەمەنی خۆیان، کە بەبێ گرفت و بەختەوەر لە ژیاندا. ئەو منداڵانە بەردەوام بەدەست کێشەی دەروونییەوە دەناڵێنن، بە تایبەتی لە ساڵانی سەرەتای تەمەنیان، دەکەونە ناو گێژەنی ناکۆکی سەخت لەگەڵ ژینگە و

---

[44] خليل عبدالكريم (١٩٩٠) الجذور التاريخيه للشريعه الاسلاميه. سينا للنشر.

[45] J. D. Levine and Rona H. Weiss. The Dynamics and Treatment of Alcoholism. Jason Aronson, 1994

هەروەها لەگەڵ خۆیان. ئەو گێژەنەش بە درێژایی تەمەنیان لەگەڵیان دایە. و دەگمەنە بە ئاسانی لێی دەربچن. زۆربەی ئەو منداڵانە هەست و سۆزی کۆمەڵایەتی لە دەستدەدەن. لەجیاتی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەوانیتر. تەواوی کات لەگەڵ خۆیان خەریک دەبن، و مۆرکی نێگەتیف لەسەر ئەوانیتر دادەنێن.[46]

دوای مردنی عبدالمطلب ئەبی طالبی مامی بە شێوەیەکی باشتر لە منداڵەکانی خۆی خزمەتی دەکرد. وەک هەتیوێک لەگەڵ ئامۆزاکانی دەژیا. پێویستی بە سۆز و میهرەبانی هەبوو. بەڵام باپیرەی و مامی لە پەروەردەکردنی شکەستیان هێنا. و نەیانتوانی بەشێوەیەکی دروست و سیستەماتیک پەروەردەی بکەن. ئەوەش هۆکارێک بوو، بۆ پەرەسەندنی کەسایەتی نەرگسی محمد. لەبەر ئەوەی منداڵ چەند پێویستی بە خواردنی باش و شوێنی حەوانەوەی لە گەرمی و ساردی هەیە. دوو ئەوەندە:

١ پێویستی بە بوونی خۆشی و سۆزی دایک و باوکایەتی هەیە.

٢ پێویستی بە تێکەڵبوونێکی ئارام و دڵنیا لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی هەیە. کە بنەڕەتە بۆ گەشەکردنێکی بەهێز و تەندروست. کە بتوانێ لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەن بێتەوە. [47]

نیشانەکانی نەخۆشی نەرگسی لەمرۆڤدا

بە پێی لێکدانەوەی پسپۆرانی دەروونناسی، بەگشتی کەسێکی ئاڵوودە بە نەخۆسی نەرگسی، ٩ نیشانەی تێدان کە دەتوانرێ لەرێگایانەوە دەسنیشانی دەرئەنجامی نەخۆشی نەرگسی بکرێ:

---

[46] Adler, Alfred (1954) Understanding human nature. Pp 69 + 70

[47] J. D. Levine and Rona H. Weiss. The Dynamics and Treatment of Alcoholism. Jason Aronson, 1994

١ کەسی نەرگسی وا خۆی پێشاندەدا، کە گرنگتر و بەهای کۆمەڵایەتی بەرزترە لە ئەوانیتری دەوروبەری.

٢ سامان، پێشکەوتن، دەستەڵات و خۆشەویستی فاکتەری پالنەرن بۆ کەسی نەرگسی.

٣ بە ئاسانی دووبارەی ڕۆڵی کەسانی تری سەرکەوتوو، و مەزن دەکاتەوە، تا بتوانێ کۆنترۆڵ بخاتە سەر ژینگەی دەوروبەر. و ئامانجی خۆی بپێکێ. بۆ ئەوەش کەسانیتر وەک ئامرازێک، بۆ هاودەمی گرنگن.

٤ پێویستییەکی بێ کۆتایی بەوەیە، کە هەمیشە کەسێکی گرنگ و ڕۆڵی ناوەندی هەبێ. خەڵکیتری لە دەوربێ، و گەورەیی و ڕۆڵی کەسایەتی ناوەندی پشتڕاستکەنەوە.

٥ تێگەیشتنێکی نالۆژیکی و دوور لە ڕاستی، لەسەر ڕۆڵی خۆی و مافەکانی هەیە. لەبەر ئەوەی خۆی بە چەقی هەموو شتێک دەزانێ. بۆیە هەمیشە، خۆی خاڵەکانی هاوبەش بۆ پەیوندی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوروبەری دادەنێ. بەردەوامیش چاوەڕوانی ئەوەیە، کە ئەوانیتر ملکەچ بن و پەیڕەوی بڕیارەکانی بکەن

٦ زۆر زیرەک و سەرکەوتووانە، پلان بۆ گەیشتنە ئامانجەکانی خۆی لەسەر ئەرکی خەڵکیتر دادەنێ.

٧ سۆز و تێگەیشتنی بۆ هەستی ئەوانیتر نییە. بۆیە سەختە درک بە ڕا و بۆچوونی ئەوانیتر بکا. ئەوەش گەورەترین کێشەیە بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەری.

٨ باوەڕی وایە کە ئەوانیتر ئیرەیی پێدەبەن، کەچی لە ڕاستیدا خۆی ئیرایی بەوانیتر دەبا.

٩ هەمیشە خۆبەزلزان و لووتبەرزانە خۆی دەردەخا. و بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر، خۆ بە مەزنزان هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیتر دەکا.[48]

بە پێی لێکدانەوەی ئەو نۆ خاڵەی سەرەوە، بەراوردکردنیا لەگەڵ ئایەتەکانی قورئان و ڕووداوەکانی ژیانی محمد، بۆمان دەردەکەوێ کە نەخۆشی دەروونی نەرگسی زۆر قووڵی

[48] Nio tecken som avslöjar Narcissisten, Emelia, 1 Februari 2021.

هەبووە، کە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ڕاستی و خەیاڵێ تێکەڵکردووە.

محمد و خوداکەی یەک کەسن

ئیسلام بێجگە لە ڕێبازێکی سیاسی محمد هیچیتر نەبوو. لە ئایەتەکانی قورئان دەخوێنینەوە، کە بەناوی خودا دەریاندەبڕێ. ڕەنگدانەوەی کەسایەتی نەرگسی محمد خۆینی. ئەو کەسایەتیە نەرگسیەش لە چاوی یاوەر و ژنەکانی، بە ڕوونی بەدیدەکەین. چۆن ملکەچی خۆیان هەر لە موژدەدەر و ئامۆژگاریکەرێکی سادە لە مەککە، هەنگاو بە هەنگاو دەگۆڕێ لە مەدینە دەبێتە دەستەڵادارێکی بەهێزی سەرتاسەری ووڵاتی حیجاز. یاوەرەکانیشی وەک ئۆپیومێک، ئەگەر گلەیی و نارەزایییەکیشیان هەبووبێ. ئەوا بە ئایەتێک کپکراون. ئەوەش دەستی محمدی زیاتر ئاوەڵاکردووە. و لە پێناوی گەیشتنە ئامانجی خۆی، باکی بەهیچ نەبووە. دەبینین چۆن، لە پێناوی ئاسانکاری دەستەڵاتی ڕەهای خۆی، خەڵکی لەیەک دەترازێنێ. ناحەزەکانی خۆی دەکاتە ناحەزی گشت باوەڕداران.

سورة الأحزاب ٣٣: ٣٦

وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٖ وَلَا مُؤۡمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمۡرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلۡخِيَرَةُ مِنۡ أَمۡرِهِمۡۗ وَمَن يَعۡصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلٗا مُّبِينٗا (٣٦)

ئەگەر خودا و پەیامبەرەکەی فەرمانیان لەسەر هەر بابەتێک دا، هیچ پیاوێک یان ژنێکی باوەڕدار بۆی نییە ڕەتیکاتەوە. هەرکەسیش سەرپێچی لە فەرمانی خودا و پەیامبەر بکا، بێگومان گومڕا بووە (٣٦)

لەو ئایەتە بە ڕوونی خۆی لە ڕیزی خودا دادەنێ، و گەف لە یاوەرانی بە ژن و پیاوەوە دەکا. و دەڵێ ئەوەی من دەیڵێم، قسەی خوداشە. هەرکەسێکی سەرپێچی لە فەرمانەکانم بکا

گومڕایە. ئەو سیاسەتە فریودەرانەی تا مردنیش هەر بەردەوام بوو. هەر ئەوەش وایکرد دوای مردنی خۆی، ناکۆکییەکانیش بتەقنەوە.

لە سیاسەتیدا بنەمای قین و توندوتیژی لە دڵی یاوەرانی دەچاند. دوژمنەکانی خۆی لە ناو قورەیش بە دوژمنی سەرجەمی دەوڵەتی ئیسلام و یاوەرانی دادەنا. هەوڵی دەدا لەیەکیان بترازێنی و لە ڕێگەی ئەوانەوە تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

سورة التوبة ٩: ٢٣

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَابَآءَكُمۡ وَإِخۡوَٰنَكُمۡ أَوۡلِيَآءَ إِنِ ٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡكُفۡرَ عَلَى ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ (٢٣)

ئەی باوەڕداران باوک و براکانتان بە هاوڕێی خۆتان مەگرن. ئەگەر کوفریان لە باوەڕ خۆشتر بووێ. و هەر کەسێکتان هاوڕێیەتیان بکا و خۆشیانی بووێ، ئەوە لە ستەمکارانن (٢٣)

محمد تا بەهێزتر دەبوو، ئارەزووی دەستەڵات و داگیرکاری زیاتردەبوو. لەماوەی ژیانیدا بە دەیان شەڕی مالوێرانکەری دژی خەڵکیتر بەڕپاکردووە. بە داگیرکاری و تاڵان و کۆیلە و بە سەبایاکردن، بەردەوامی بە بانگهێژی پەیامەکەی دەدا. لە ڕێی تۆقاندن بە کوشتن و لاقەکردن، نەیارانی ملکەچ دەکردن. چەندین کۆمەڵکوژی بەرامبەر خەڵکی بێتاوان، بە فەرمانی ئەو کران. ئارەزووی بەهێزی لە فرک و فێڵ هەبوو. بۆ هەڵخەڵەتاندن، وەک ستراتیژی بەکاردێنان. بە ناوی خودا بەڵێنی تاڵان و سامانی بە یاوەرانی دەدا. ئەو ستراتیژیە تا ئێستاش موسوڵمانانی تێڕۆڕیست بەکاری دێنن. بۆ ئەوەش بە سەدان بەڵگە هەیە. کە هەمان ڕێبازی محمد لە توندوتیژی بەکاری دێنا، تێڕۆڕیستەکان ئێستا بە هەمان شێوە، پەیڕەودەکەن.

لە هەمان کاتدا وەک سیستەمێکی پلان بۆ دانراو، مزگێنی دوای مزگێنی، بەناوی خودا دەداتە باوەڕدارانی. ئەو باوەڕدارانە چ کوچکردوو، و چ ئەوانەی حەواندوونیاتەوە. کە خودا لێیان رازیە، و بژێوی نایابیان پێ دەبەخشێ. ئەوەی سەیرە لەو ئایەتەی خوارەوە محمد لەبیری چووە، کە خودا قسە دەکا، بۆیە دەبینین خۆی دەبێتە نوێنەر و بەناوی ئەو لێیان دەبووری.

سورة الأنفال ٨: ٧٤

وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ لَّهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ (٧٤)

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان کردووە. و لە ڕای خودا خەزایان کردووە. و ئەوانەی ئێوەیان حەواندۆتەوە و کۆمەکیان کردوون، خاوەن باوەڕی بەڕاستین. خودا لەوانەی بووردووە و بژێوی نایابیان بۆ دەبێ (٧٤).

هەڵسوکەوتی محمد لەگەڵ یاوەرانی

سەرکردەی نەرگسی، ڕەفتاری لەگەڵ ئەندامانی گرووپی ژێردەستەڵاتی، شێوەیەکی توند و سەربازی هەیە. بە فەرمانی ئەو، لە شوێنێکی دیاریکراو نیشتەجێ دەبن. بەردەوام هەڵومەرجی نالەباریان لەسەر دەسەپێنێ. خورافات و دڵەڕاوکێیان لە مێشک دەئاخنێ. شێوەی بیرکردنەوەی چەوساوەیان دەداتێ. کە چواردەوریان وبە دوژمن تەنراوە. ئەوەش لە ڕێگای چیرۆکی ئەفسانەیی و سیناریۆی خرۆشێنەر. [49]

[49] https://samvak.tripod.com/journal79.html

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە موسوڵمانان، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ، لە دڵەڕاوکێی چەوسانەوە دان، و گشت جیهان بە دوژمنی خۆیان دەزانن. باوەڕیان بە چیرۆکی ئەفسانەیی و فریشتە و خورافاتی وەک جنۆکە، میعراج و ڕۆژی پەسڵان هەیە. بە گشتی چواردەوریان بە خورافات و ترس و دواڕۆژ تەنراوە.

بەپێی لێکدانەوەی ڤاکنین: باوەڕی نەرگسی بەقووڵی لەسەر دوو خاڵ ڕەگی داکوتاوە،
یەکەم: بەردەوام لەلایەن دوژمنانی، چەوساوەتەوە. ئەو دوژمنانەی کە دەیانەوێ چارەنووسی تێکبشکێنن.
دووەم: خاوەنی ئارەزوو و خۆزگەی نەخۆشە.

ئەوەش دوو دینامیکی دەروونین، کە پشتیوانی گەورەی کەسی نەرگسی دەکەن، و تایبەتمەندی بەرزدەکەنەوە. [50]

نەرگسی خۆی بە پارێزراو (معصوم) دادەنێ. ئارەزوومەند، بڵیمەت، توانا و زانینی ڕەهای هەیە. بەڵام بە زۆری درۆدەکا. لەسەر ئەو خۆ وێناکردنە، لە ناوگرووپ بە ڕەهایی و ڕاستەوخۆ و بێ شەرمانە، قسە لەسەر مەزنی خۆی دەکا. بەردەوام چاوەڕوانی دڵ و دەستپاکی و وەفا و ڕێز و ملکەچی و ئاگاداری بەردەوام لە پەیڕەوانی دەکا. ئەوەش بە شێوەیەک، لەگەڵ چیرۆکە خورافیەکان بگونجێن.

بەڵام بیرکردنەوەی دۆگما و ساردو سڕی و چەقبەستوو لەسەر بیروباوەڕی. وایکردووە، لای ئەو بیری ئازاد و هاوبەشی و ئازادی ووتار قەدەغەیە، ڕەخنەی ڕای جیاواز ڕەتدەکاتەوە. [51]

---

[50] Ibid
[51] http://www.suite101.com/article.cfm/6514/95897

هەڵومەرجی کەسایەتی نەرگسی محمد

لە بنەڕەتدا نەرگسیەکان، هەست بەتەنیایی دەکەن، خەلکیتر بە هاودەنگ نازانن، خۆزگەی گەورەتریان هەیە، بۆیە لە شوێنێک ئۆقرەناگرن. لە دەربڕینی ئارەزووەکانیان، شەرمیان نییە. ئەوە باشدەزانن ئەو شتانە نەکەن، ناتوانن ببنە ئەو کەسە دەگمەنەی خەونی پێوەدەبینن. لە ووتاریاندا، خۆیان بە تاکە هیوابەخش پیشان دەدەن. فەرمانڕەوای کێشەیەکی گەورەن، تا دەگاتە ئەوەی خەڵکی دەوروبەریان بە بەڵێن و هیوابەخشین، وەک مێشووله لەسەر قاپێکی هەنگوین کۆدەکەنەوە. بابەتەکە بۆ ئەوان بەهایەکی نییە. بەڵکوو تەنیا ئامرازێکی کاریگەرە، بۆ گەیشتنە خۆزگەکانی و هیچیتر. ئەو دیمەنەش لە ناو ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی نەبی عەرەبی، بە ڕوونی دیارن.

سورة الأنفال ٨: ٦٩

فَكُلُواْ مِمَّا غَنِمۡتُمۡ حَلَٰلٗا طَيِّبٗاۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (٦٩)

ئەو تاڵانەی گرتووتانە حەڵاڵە بیخۆن. ترسیشتان لە خودا هەبێ. خودا لێبووردە و دلۆڤانە (٦٩)

نەرگسی خودایەکی خەیاڵی، بۆ بابەتێکی گەورە دادێنێ. تا لە ئاستی خودا داهێنراوەکە، زەمینە بۆ شکۆ و سەرفرازی خۆشبکەن. کە لەڕاستیدا ئەوە توانا و دەستەڵاتی خۆیانە بەرزی دەکەنەوە، نەک خودا.

خودا و دین بۆ محمد، تەنیا ئامرازێک بوون. کە لە ڕێگایەوە، خەڵکی لەخۆی کۆدەکردەوە.

و دەستەڵات و کۆنترۆڵی بەسەر دادەنان. و لەو ڕێگایەوە، خۆی دەکردە گەورەی ژیانیان. و بە ووتارەکانی وا نیشاندەدا، تەنیا ئەو دەتوانێ تاکە هیوایان بێ.

خودای محمد تاک و تەنیا و تۆقێنەرە. بەقەد ئەوەی لێبووردەیە. و محمدیش تاکە نوێنەریەتی لەسەر زەوی. و بۆتە بریکاری خودا. لەگەڵ ئەوەشدا، لەلایەن خوداوە، بڕیاری ملکەچی خەڵکی بۆ ئەو (محمد) دراوە. بۆیە تاکەکەس بۆ ڕازیکردنی خودا، لەسەر کێشەکانی مرۆڤ و دوارۆژ و هەڵسانەوە، محمدە، هەر ئەویش لای خودا قسەی دەڕوا . [52]

لە ڕاستیدا ئامانجی نەرگسی ئەوەیە ببێتە خودا، و دەستەڵاتی ڕەها وەدەست بێنێ. خۆیان بە ڕەهای زانین دەبینن. و ووشەی ئەوان تەنیا مرۆڤێکی ئاسایین، بۆ نەرگسیەکان، زاراوەیەکی بێ مانایە، ئەوانە کەسانی کەم بەهان، ترسنۆکن، دەبەنگن، خۆگونجێنن. لە پەیوەندیشیان لەگەڵ خودا دەستکردەکەیان یا دەستەڵاتی باڵاتر، بەهەمان ئالقەدا تێدەپەڕن. کە کەسایەتی نموونەیین بۆ نوێنەرایەتی دەستەڵات.

بەڵام بە زۆری، دوای دارمانی ئەو پەیکەرە خەیاڵیەش کەسی نەرگسی لە دیاردەی نواندنی خۆی هەر بەردەوامە. هەر بەردەوامە لە لەخشتەبردن، وەک بەردەوامیەک لە خوداوە ڕێگەی پێدراوە.

کاهینەکان، سەرۆکی بنەماڵە و خێل، موژدەدەر و سیاسی، گشتیان دەستەڵات دەکەنە ئامرازێک، بۆ ئەوەی نیشانی بدان کە ئەوان جیاوازن و بەرزترن. دەستەڵاتی دین ڕێگا بە نەرگسی دەدا، کە ژن بەکەم بزانێ. و ڕق لێبێتەوە. ئەوەش بە شێوەیەکی ئاشکرا و بەرمەیدان.

[52] https://samvak.tripod.com/journal79.html

نەرگسی کە دین وەک سەرچاوەی دەستەڵات دەبینێ، دەیەوێ لە ڕێگای ملکەچی خەڵکی نوێ بدۆزێتەوە. و زەمینەی داهێنانیش بۆ کۆیلەکردن و ملکەچەکانی بدۆزێتەوە. ئەو کۆیلە و گوێڕایەڵانەی کە دەتوانێ گەورەیی خۆی، لەسەریان بسەپێنێ.

نەرگسی گشت هەستی دین و بیروباوەڕ دەگۆڕێ، بۆ پیرۆزکردن و پەرستنی خێل و ئارەزووەکانی خۆی. و ساویلکەیی و خۆشباوەڕی خەلکیش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ سەرکەوتنی. [53]

نەرگسی محمد، لە هەلگیرساندنی شەڕی بەدر

شەڕی بەدر (ساڵی دووەمی کۆچی/ ٦٢٤ س.ب) یەک لەو شەڕانەیە کە موسوڵمانان شانازی پێوەدەکەن. و وەک دیمەنی جوانی محمد نیشانی دەدەن. بە (غزوة بدر الكبير) ناوی دەبەن. بەڵام ئەو چیرۆکەی بەر گوێی موسوڵمانان کەوتووە، ڕاستی ئەو شەڕە نییە، بەڵکوو دیمەنێکی شاراوەی هەیە. کە دەتوانێ ببێتە نموونەی نەرگسی کەسایەتی محمد. و گیانی تۆڵە، بۆ گشت ئەو داگیرکاری و قین و دژە مرۆڤ بوون، بڵاوکردنەوەی قین و توند و تیژی بە درێژایی مێژووی ئیسلام.

هەر دوای کۆچ بۆ یەتروب، محمد دەستیکرد بە کڕینی لایەنگیری هۆزەکانی حیجاز. و باکی بەوە نەبوو، ئەو سەرۆک هۆز و بنەماڵانە یەکتاپەرستن یان فرەخوداپەستن، یان بوتپەرست بوون. ئەوەی بۆ ئەو گرنگ بوو خەونی خودایی خۆی بێنێتەدی. لە ڕێگەی کڕین و وەدستهێنانی پشتیوانی چەتە و ڕێگر و سەرۆک هۆزەکانی دوورگە، توانی بنەمای

[53] Ibid

ئیمپراتۆری خەونەکانی خۆی وەک نەرگسی پەیگیرکا. بەوەش بەبێ ویستی ئەو یان هەوڵدانێک، سیستەمێکی نوێی دەرەبەگایەتی هاتەکایە. کە دەستەڵاتی ڕەهای پێدان تەنیا لایەنگیری بن و دژی نەوەستنەوە.بەوەش شەڕ و داگیرکاری و تاڵان، بووبووە ئامرازێک بۆ ڕاکێشان و خۆبەهێزکردن. لە هەمانکاتدا محمد خۆئامادەکردنی، بۆ شەڕی دژی خەڵکی مەککە بەتایبەتی قورەیش دەستپێکردبوو. ئەوشی دەزانی باشترین زەبرلێدان ڕێگری و تاڵانی کاروانەکانی بازرگانییە.

بۆ ئەو مەبەستەش طلحة بن عبیداللة و سعید بن زیدی بەرەو باکوور ناردن، و ڕاسپاردن چاوەدێری کاروانی قورەیش بکەن هاواڵی بۆ بێننەوە. دوای ئەوەی هەواڵی بۆهات کە کاروانێکی گەورەی قورەیش بەڕێوەیە، محمد بسبس بن عمروی نارد تا زانیاری ووردتری لەسەر ئەو کاروانەی بۆ پەیدابکا. کاتی بسبس بە زانیاری وورد و جێگای باوەڕ گەڕایەوە. محمد بە یاوەرانی گوت:

ئەوە کاروانی قورەیشە بەسامانەوە، بڕۆنە سەریان ڕەنگە خودا بیداتە ئێوە. [54]

ئەو هەوڵانەشی، بووە هۆی نارەزایی زۆر لەلایەن یاوەرانی. کە زۆریان بەشداری شەڕی بەدریان نەکرد. ئەوەشیان لەبەر هەستی مرۆڤایەتی و وەفای خزمایەتی بوو. نەیان دەویست دوژمنایەتی و ئازاری شەڕ تووشی کەس بێ. ئەوانە باوەڕیان وابوو کە بەرگری دەبێ تەنیا لەو سنوورە بکەن، کە تێیدان و هەرەشە لە ژیانی خەڵکیتر نەکەن. بەڵام محمد بە چەند ئایەتی قورئان، ئەو کێشەیەی کردە ململانێیەکی دینی، لە نێوان دوو بەرەی خورافات. لەبەر ئەوەی قورەیشیەکان زۆربەیان نەساڕی بوون. و باوەڕیان بە خودای موسا و یەسو هەبوو، محمد و یاوەرانیشی باوەڕیان بە هەمان خورافات هەبوو لەژێر پەردەی دینێکی نوێ. [55]

---

[54] إبن هشام، سيرة النبوية، دار الفكر، جزء الثاني، ص ٦١

[55] إبن سعد، الطبقات الكبرى ج ١

سورة الأنفال ٨: ٥ - ٩

كَمَآ أَخۡرَجَكَ رَبُّكَ مِنۢ بَيۡتِكَ بِٱلۡحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقٗا مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ لَكَٰرِهُونَ (٥) يُجَٰدِلُونَكَ فِي ٱلۡحَقِّ بَعۡدَ مَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى ٱلۡمَوۡتِ وَهُمۡ يَنظُرُونَ (٦) وَإِذۡ يَعِدُكُمُ ٱللَّهُ إِحۡدَى ٱلطَّآئِفَتَيۡنِ أَنَّهَا لَكُمۡ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيۡرَ ذَاتِ ٱلشَّوۡكَةِ تَكُونُ لَكُمۡ وَيُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُحِقَّ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَيَقۡطَعَ دَابِرَ ٱلۡكَٰفِرِينَ (٧) لِيُحِقَّ ٱلۡحَقَّ وَيُبۡطِلَ ٱلۡبَٰطِلَ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُجۡرِمُونَ (٨) إِذۡ تَسۡتَغِيثُونَ رَبَّكُمۡ فَٱسۡتَجَابَ لَكُمۡ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلۡفٖ مِّنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ مُرۡدِفِينَ (٩)

هەروەك چۆن پەروەردگارت بە هەق لە ماڵی خۆت هێنایەدەر. لە کاتێکدا تاقمێک لە باوەڕداران دڵگران بوون (٥) دوای ڕوونبوونەوەش، ئەوان کێشەت بۆ دەنێنەوە. وەك ئەوەی بە ئاشکرا ببینن، کە بەرەو مەرگ ڕاپێچ بکرێن. (٦) ئەوسا خودا بەڵێنی پیتان دا، کە یەکێك لە دوو تاقمە بۆ ئێوە دەبێ، و ئێوە خۆزگەتان دەخواست، دەستە بێدەستەڵاتەکە بۆ ئێوەبن. و خوداش ویستی، هەر چۆنی خۆی گوتوویەتی وەڕاست گەڕێ. و خودانەناسان بنەبڕ کا.(٧) تا ڕاستی سەقامگیرکا، و پووچ و چرووک لەناوبەرێ. هەرچەندە تاوانباران دڵیان پێگرانە (٨)

زۆر لە یاوەران ڕقیان لەوەبوو بچنە شەڕ، گوتیان ئێمە کەمین. و لە پێناوی چێ بچین؟ ئەوەش ناکۆکیەکەی گەورەترکرد. لەبەر ئەوەی گیانی نەرگسی محمد، بەهەر نرخێک بوایە دەیەویست ئەو شەڕە بکا. لەبەر ئەوەی لووتبەرزی و گیانی نەرگسی ڕێگەی نەدەدا، گوێ لەهیچ بگرێ. ئەو گرێکوێرەیە وای لێکردبوو، هاواری دەکرد. و ئەو شەڕەی بە فەرمانی خودا دادەنا. و مێشکی خەڵکی بە پیرۆزی شەڕ دەشووشتەوە. و وەک دڕوندەی لێدەکردن. یەک لەو کەسانەی، کە وەک دڕوندەیەکی لێهاتبوو، هەرزەکارێک بوو بەناوی عمرو بن أبي وقاص، برای سعد بن أبي وقاص. عمرو تەمەنی تەنیا شانزە ساڵ بوو کە چووە شەڕی

بەدر، ئیتر نەهاتەوە و کوژرا. براکەی دەگێڕێتەوە کە ئەوەندە بچووکبوو، قایشی شمشێرەکەی توند لەناوقەدی قایمکردبوو تا لەدوای نەخشێ.

سورة الأنفال ٨: ٤٣ – ٤٤

إِذۡ يُرِيكَهُمُ ٱللَّهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلٗاۖ وَلَوۡ أَرَىٰكَهُمۡ كَثِيرٗا لَّفَشِلۡتُمۡ وَلَتَنَٰزَعۡتُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ سَلَّمَۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ (٤٣) وَإِذۡ يُرِيكُمُوهُمۡ إِذِ ٱلۡتَقَيۡتُمۡ فِيٓ أَعۡيُنِكُمۡ قَلِيلٗا وَيُقَلِّلُكُمۡ فِيٓ أَعۡيُنِهِمۡ لِيَقۡضِيَ ٱللَّهُ أَمۡرٗا كَانَ مَفۡعُولٗاۗ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ (٤٤)

لە خەونتدا، خودا ئەوانی بە کەم نیشاندای، خۆ ئەگەر ئەوانی بە ژمارەیەکی زۆر نیشان دابای، لە ترسان زراوتان دەچوو. لەناو خۆتان، کێشەتان لێ پەیدادەبوو. بەڵام خودا ئێوەی پاراست. خۆی لە نهێنی دڵانیش ئاگادارە (٤٣) ئەوکاتەی کە تووشیان هاتن، لەبەر چاوتان ، ئەوانی بە کەم نیشاندا. ئێوەشی بە کەم هێنایە بەرچاوی ئەوان. دەبوو کارێ کە خودا بڕیاری لەسەردابوو، بێتەجێ. کارەکانیش هەر دەچنەوە لای ئەو. (٤٤)

لە ڕاسیدا ئەو ئایەتە هیچ ڕاستی تێدانییە، لەبەر ئەوەی، بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو لە شەڕی بەدر ژمارەی کاروانچیەکانی قورەیش ٧٠ کەس بوون. کەچی لەشکری محمد ٣١٤ کەس بوون. بەو مانایەش لەشکری محمد زیاتر لە چوار بەرامبەر کاروانچیەکانی قورەیش بوو. دووەم لەشکری محمد بە پلانێکی پوختە، بۆ شەڕ هاتبوون. کەچی کاروانچیەکان بێ ئاگا لە هەموو شتێک، کەوتنە ناو بۆسە و لە خەو بەسەریان دادرا. [56]

[56] Rodgers ،Russ (2012). The Generalship of Muhammad: Battles and Campaigns of the Prophet of Allah. University Press of Florida. Pp. 88 - 89

سنن ابي داود، الجلد الرابع ،كتاب الجهاد، في قتل النساء ٣٠٣

دوای کۆتایی شەڕ، لەشکری محمد زۆر لەو کاروانچیانەی بە دیلگرتن. لێرەوە پلانی شەڕی بەدر بە جوانی ئاشکرابوو، سێ لە دیلەکانی کە داخی کۆنینەی بەرامبەریان لەدڵ بوو. یەکسەر ئەو سێ کەسەی بە شێوەیەکی درۆندانە کوشتن. لەبەر ئەوەی گیانی تۆڵەی بەرامبەر بەو سێ کەسە، ئەوەندە پەنگی خواردبووەوە، نەیدەتوانی بیشارێتەوە. ئەوانەش:

النضر بن الحارث، له بنی الدار.

طعيمة بن عدي له بنی نوفل له ڕەچەڵەکی عبد مناف.

عقبة بن أبي معيط، له ڕەچەڵەکی بن عبد مناف.

بە ووردبوونەوەیەک بۆمان دەردەکەوێ، هەرسێ کەس نەک تەنیا قورەیش بوون. بەڵکوو لە بنەماڵەکانی نزیکی محمد خۆی بوون. و نەوەی قصی بن کلاب بوون.

هەرچەندە بیۆگرافی نووسانی موسوڵمان دەڵێن ئەوانە محمدیان ئازارداوە. بەڵام هیچ لەو سێ کەسە لەوانە نین، بەڵکوو ئەو سێ کەسە بە پرسیار و بەڵگە بە درۆیان دەخستەوە. ئەوەش هۆکاری سەرەکیبوو، بۆ قینی محمد دژیان.

بە تایبەتی طلیعة بن عدي، گوێ لێ ڕادەگرت و پرسیاری لێدەکرد، کە محمد نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە. درۆکانی دەردەکەوتن، بە ئایەتی قورئان بەرەو ڕوویان دەبووەوە. [57]

سورة القلم ٦٨: ١٥

إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ (١٥)

ئەگەر نیشانەکانی ئێمەی بۆ بخوێننەوە. دەڵێ ئەفسانەی پێشینانن (١٥)

سورة الأنفال ٩: ٣١

[57] أبي داود، سنن أبو داود، الجزء الرابع، كتاب الجهاد، باب في قتل الأسير صبرا (مل پەڕاندن) ص ٣٢٢ ، الواقدی، كتاب المغازي، الجزء الأول ص ١٢٨ – ١٥٢، ابن سعد، الطبقات الكبرى غزوة بدر ص ٢٠

وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا قَالُواْ قَدۡ سَمِعۡنَا لَوۡ نَشَآءُ لَقُلۡنَا مِثۡلَ هَٰذَآ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ (٣١)

کاتی ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا دەخوێندرێنەوە، دیان گوت گوێبیست بووین. ئەگەر بمانەوێ بە دڵنیاییەوە، شتی وەک ئەوە دەڵێین. ئەوە شتێک نییە تەنیا ئەفسانەی پێشینانە (٣١)

یان لە ئایەتێکیتر دەڵێ:

سورة الجاثية ٤٥: ٧ – ٨

وَيۡلٞ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٖ (٧) يَسۡمَعُ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسۡتَكۡبِرٗا كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٖ (٨)

ئەی لەو کەسەی تۆمەت کەر و تاوانبارە (٧) هەرکاتی ئایەتەکانی خودای بەسەردا دەخوێنیتەوە، دەبیستێ. بەڵام بە هۆی لەخۆ بایی بوونی، هەر پێدادەگرێ. و دەڵێی هەر نەشی بیستووە. دە تۆش مژگینی بدەیێ، کە ئازارێکی زۆر بەسۆی بەردەکەوێ (٨).

کوشتنی ئەو سێ کەسە قورەیشیە، بەو شێوە دروندانەیە، بێجگە لە کاردانەوەی نەخۆشی دەروونی نەرگسی محمد، و نەتوانینی کۆنترۆڵی قین و گیانی خۆبەزلزانی، هیچیتر نەبوو.

ناکۆکی نێوان قورئان و کردەوەکانی محمد

بەر لەوەی باسی ئاکارەکانی پەیامبەری ئیسلام بکرێ، دەبێ گۆتەیەکی دکتۆر منصور فهمی (١٨٨٦ – ١٩٥٩) بیرمەندی عەرەبی میسری بێنینەوە، کە دەڵێ:

> ئەو هەڵومەرجانەی دوورگەی عەرەبی، بە هاتنی محمد گۆڕانی بەسەرداهات، دوو ئاڕاستەی هەبوون، یەکەم ئارەزووی تێکشکاندنی ڕابردوو، دووەم هێشتنەوەی بەڵگەی دیاردەکان. ئەو ناکۆکیە دوولایەنییە، مۆرکێکی قووڵی لەسەر ئیسلام بەجیهێشت. کە نەرێتەکانی عەرەبی وەک خۆیان مانەوە. بێجگە لە جیاوازی تێپەڕبوونی کات و ئەو گۆڕانکاریانەی بەناچاری کران.[58]

قورئان وەک پەرتووکی پیرۆزی ئیسلام و سەرچاوەی یەکەم، بۆ گشت جیهانی ئیسلام، بەدرێژایی مێژووی ١٤٤٠ ساڵ پەیڕەوکراوە. و جێی متمانەی یاسایی و کۆمەڵایەتی دین بووە. ئەو دەربڕینە سەرجەمی موسوڵمانان لەسەری ڕێکن، بەڵام ئەوەی کە جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە، لە کردەوەی ڕۆژانەی نووسەری قورئان و موسوڵمانانی بەرایی، هەر لە سەرەتاوە پێچەوانە بووە.

[58] منصور فهمی (١٩١٣) أحوال المرأة في الإسلام، ص ١٠

ناکۆکی ئایەتەکانی قورئانیش کەلێنێکی گەورەیان، بۆ دروستبوونی دووفاقەیی کەسایەتی دیندار دروستکردووە. ئەو دووفاقەییەش، هەر لە ڕەوشتی ڕۆژانە، تا دەگاتە هەڵسوەکەوت بەرامبەر نەیاران دەگرێتەوە. ئەو ئاکارەش یەکەم کەس، محمد خۆی پەیڕەویکردووە.

پرسەکانی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی دینداری موسوڵمان و قورئان، میراتێکی بۆ ماوەی، نەسارِی و جولەکان بووە، و ئیسلام تەنیا وەریگرتوون. و لەسەریان بەردەوام بووە. ئەوەش بریتییە لە شێوەیەک ووتاری بێگیان، مرۆڤ ناچاری هەندێک ڕێسای باوەڕی دینی و کۆمەڵایەتی ئەبستراکت دەکا. کە ئەنجامەکەی ئازادی تاک دەخنکێنێ و مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی بێ هەست. و دوور لە هاودەنگی کۆمەڵایەتی. کە بنەڕەتی لە دینەکانی پێشتر هاتووە، و قورئان وەک سەرچاوەی دینی موسوڵمانان تەنیا دووبارەیکردۆتەوە. محمد پەیامبەری ئیسلام، زیرەکانە ئەو ڕێبازەی بە مەبەستی، سەرکەوتنی بەرژەوەندی سیاسی خۆی بەکاردێنا. [59]

واله خوارەوە هەندێک لەو ئاکارە دووفاقەییانە دەخرێنەڕوو. کە هەم لە قورئان و هەم لە کردەوەی ڕۆژانەی پەیامبەری ئیسلام، بەپێی کات و بەرژەوەندی بەکاری د

سیخوڕی

لە قورئان دا، سیخوڕی کارێکی ناشیرینە، و بە ئایەتی قورئان قەدەخەکراوە. هەر شتێکیش قورئان قەدەخەیکردبێ، دەبێ بە ووردی و توندی پەیڕەوی بکرێ.

القرآن الكريم – سورة الحجرات ٤٩: ١٢

[59] علوي، هادى (١٩٩٩) فصول من تاريخ الإسلام السياسي ص ٣٢

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ رَّحِيمٞ (١٢)

ئەی گەلی باوەڕداران، لە زۆرێک گومان خۆتان بە دووربگرن. چونکە هەندێک گومانی وا هەن، وە نەکەن سیخوڕی بەسەریەکتریدا بکەن، لە پاشەملەش بە خراپە باسی یەکتر مەکەن، ئاخۆ کەسێکتان ئارەزوو دەکا، گۆشتی برای خۆی بە مردووبی بخوا، دیارە قێزتان دێتەوە. ئەشی لە خودا بترسن، خودا پەشیمانی وەردەگرێ، و میهرەبانە (١٢)

بەڵام بێئاگا لەوەی، هەر لە سەرەتای کۆچ بۆ مەدینە، محمد تۆڕی سیخوڕی بە شێوەیەکی سیستەماتیک و وورد دانابوو. ئەوەش بەشێک بوو، لە کاری سەربازی و سیاسی ڕۆژانە. محمد بەردەوام زانیاری لەسەر نەیارانی کۆدەکردەوە. بە تایبەتی لەسەر جولەکە و دووڕووان (المنافقين) ئەوانەی لە سیاسەتی دوودڵبوون. تەنانەت دەقی قورئان سەبارەت بەو زانیاریانە، گەفی ئەوە دەکا کە ناوەڕۆکی کۆمەڵێک خەڵکی دەزانێ.

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢: ٦٤ – ٦٦

ثُمَّ تَوَلَّيۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۖ فَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَكُنتُم مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ (٦٤) وَلَقَدۡ عَلِمۡتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعۡتَدَوۡاْ مِنكُمۡ فِي ٱلسَّبۡتِ فَقُلۡنَا لَهُمۡ كُونُواْ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ (٦٥) فَجَعَلۡنَٰهَا نَكَٰلٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهَا وَمَا خَلۡفَهَا وَمَوۡعِظَةٗ لِّلۡمُتَّقِينَ (٦٦)

پاش ئەوەی پشتتان تێکرد، ئەگەر چاکەو بەزەیی خودا بەهاناتان نەهاتبایە، ئێوە لە دۆراوان بوون (٦٤) هەواڵی حاڵی ئەو کەسانەشتان دەزانی، کە لە ڕۆژی شەممە، لە سنووری خۆیان دەرچوون، پێمان گوتن: مەیموونی

ترۆکراو (٦٥) بە پەندێکی وامان بردن، کە هاوچەرخان دوای ئەوانیش، چاوترسێن کا. و وانەیەکیش بێ بۆ خۆپارێزان (٦٦)

لەو ئایەتە دیاردەکەوێ ڕۆژی شەممە، جولەکە دەبێ باسی هەندێک شتیانکردبێ، کە نووسەری قورئان پێی وایە لە سنوور دەرچوون، بەو ئایەتە نیشانی دەدا کە قورئان نەک تەنیا دووفاقەیی لە نێوان ئایەتەکانی داهەن، بەڵکوو هەر ئازادیەکی ڕا دەربڕین لە سنووری دەستەڵاتی قەدەغەیە. تەنانەت وەڵامی نەیارانی، بە قسەی سووک و بەکەمزانین دەداتەوە.

سەبارەت بە سیخوڕی موسوڵمانان بۆ محمد، بەڵگەی زۆر لەبەردەست دان. کە محمد خۆی لەناو مەدینە سیخوڕی هەبووین. و دەیزانی لە ناو شار بە ووردی چی دەگوزەرێ.[60]

یەک لە نموونە هەرە دیارەکانی تۆڕی سیخوڕی محمد، چیرۆکی حاطب بن أبي بلتعة بوو. تا ئەو ئاستەی زانیاری ڕۆژانەی بەردەوام دەگەیشتە محمد. حاطب یەک لە گەورە ئەسحابەکان بوو، پاڵەوانێکی شەڕی بەدر بوو. نامەیەکی نهێنی بۆ مەککە نارد، تێیدا هەواڵی بە خەڵکی مەککە دا، کە محمد خەریکی ئامادەکردنی هێرشە بۆ سەر مەککە.

محمد هەواڵی نامەکەی، پێش ئەوەی بگاتە مەککە ئاشکراکرد. عەلی بن ئەبي طاڵبی نارد، بۆ گرتنی نامەبەر، و بیگێڕێتەوە بۆ مەدینە. [61]

لەلایەکیتر بەردەوام زانیاری لەسەر قورەیش و مەککە کۆدەکردنەوە. ئەوەش بەشێک بووە لە سەرکەوتنەکانی بەسەر قورەیش و نەیارەکانی تری.[62]

---

[60] هەمان سەرچاوە ص ٣٣

[61] هەمان سەرچاوە ص ٣٣

[62] Montgomry, William (1961) Mohamed prophet and Stateman. Oxford university press.

یەک لەو کەسانەی کە لە مەککە دەژیاو پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ محمدی برازای دا هەبوو، عەباسی کوڕی عبدالمطلب بوو. کە تا گرتنی مەککە، ئیسلامەبوونی خۆی ئاشکرا نەکرد. کەچی پێش کۆچ و دواتریش وەک کەسێکی جێمتمانەی محمد لە مەکە بوو، پەیوەندی پتەوی لەگەڵ برازاکەی هەبوو. ئەوەی لەدەستی هاتبایە لە هەواڵ ناردن بۆ محمد دریغی نەدەکرد.

لە شەڕی بەدر عەباس لەگەڵ عقیل و طاڵبی کوڕانی أبي طالب کە دوو برای عەلی بوون، لەگەڵ قورەیش دژی محمد، بەشداری شەڕی بەدریان کرد. و بە دیل گیران. ئیبن هشام دەگێڕێتەوە، کە محمد فەرمانی دا، نابێ کەس تخونیان بکەوێ و یا بە خراپی لەگەڵیان بجولێتەوە. عەباس لەو شەڕە ئەرکێکی گرنگی لەسەر شان بوو. کە ڕۆڵی تابووری پێنجەمی، بۆ محمد دەگێڕا.[63]

درۆ

لە ڕووی باوەڕی دینیەوە، درۆ یەک لە ڕەوشتە هەرە ناشیرینەکانی دینداره. ئەوەش لە قورئان بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە.

سورة النحل ١٦: ١١٦

وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلۡسِنَتُكُمُ ٱلۡكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٞ وَهَٰذَا حَرَامٞ لِّتَفۡتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ لَا يُفۡلِحُونَ (١١٦)

[63] علوي، هادى (١٩٩٩) فصول من تاريخ الإسلام السياسي ص ٣٣ - ٣٤

به درۆ زمانتان نەگەڕێ، کە ئەم ڕەوا و ئەو ناڕەوایە، هەر بۆ ئەوە. بەدەم خوداوە درۆ هەڵبەستن (١١٦)

بەڵام بەپێی گێڕانەوەی مسلم لە صحیحەکەی لە سێ هەڵومەرجدا ڕێگا بە درۆ دراوە:
١ لە شەڕدا.
٢ چاکسازی نێوان خەڵک.
٣ پیاو درۆ لەگەڵ ژنەکەی بکا.

لە سەرجەمی هەر شەش صحیحەکان و مسندی بن حنبل هاتووە، کە شەڕ فڕک و فێڵە، لە ئەنجامی بەدواداچوون بۆمان دەردەکەوێ کە محمد خۆی لە هەڵومەرجی جیاوازدا، درۆی بەکار هێناوە.

إبن هشام دەڵێ، کاتی محمد بۆ خەزا دەردەچوو، هیچکات مەبەستی ڕاستی نەدەگوت. و هەواڵی درۆی بڵاودەکردەوە. بۆ ئەوەی نەکا هەواڵەکە دزەبکا. و سەرکەوتوونەبێ. پلانی شەڕی هەمیشە نهێنی بوو، و ئەوەی لای خەڵکی دەیگوت درۆ و فڕک و فێڵ بوو.

نموونەیەکی بەرچاومان لەبەر دەست دایە. ئەویش چیرۆکی دەستەی عبدالله بن جحش بوو. کاتی محمد لەگەڵ ٨ یان ١٢ چەکدار بۆ ئەرکێکی سەربازی ناردن. نامەیەکی بۆ عبدالله بن جحش نووسی. و فەرمانی پێدا، تا دوای دوو ڕۆژ نەیخوێنێتەوە. عبدالله لەگەڵ دەستە چەکدارەکەی ڕۆیشتن. و دوای دوو ڕۆژ نامەکەی کردەوە، کە ئەو فەرمانەی تێدابوو:

بڕۆ ناو دارخورماکانی نێوان مەککە و تائف. لەوێ چاوەدێری قورەیش بکە و هەواڵمان پێ ڕابگەیێنە.

عبدالله و چەکدارەکانی، ڕوویان لەو شوێنەکرد. و بۆسەی لە ڕێگای کاروانێکی بازرگانی دانایەوە. و دەستی بەسەرداگرت. بەو نهێنییە توانی لە شوێنێکی وا ناهەموار و ترسناک، لە هێرشەکەی سەرکەوتووبێ، کە بەبێ ئەو نهێنییە کارێکی مەحاڵ بوو. بۆیە تەنانەت ناوەرۆکی هێرشەکەو و شوێنی، نە شەڕکەران و نە سەرکردەیان نەیاندەزانی.[64]

بەرتیل

لە قورئاندا بە ئایەت، بەرتیل قەدەغەکراوە. هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوەدەکەن کە لە ئیسلام (نەفرەت لە بەریل خۆر و بەرتیلدەر کراوە)[65]

سورة البقرة ٢: ١٨٨

وَلَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ وَتُدۡلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلۡحُكَّامِ لِتَأۡكُلُواْ فَرِيقٗا مِّنۡ أَمۡوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلۡإِثۡمِ وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (١٨٨)

نەکەن سامانی یەکتری بە ناڕەوا بخۆن. و مەشیدەنە کاربەدەستان تا خۆتانیان لێ نزیك کەنەوە، بۆ ئەوەی دەستەیەکتان بە ناڕەوایی لە سامانی خەڵك بخۆن، وە خۆتان دەزانن.(١٨٨)

بەڵام لە پراکتیکدا، لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی، ڕەچاوی قورئان نەدەکرا. کاتی دەستەڵات کەسێکی، بۆ کارێکی سیاسی بەکرێ دەگرت. بۆ ئەوەی ڕازیبکا یان بێدەنگی بکا،

---

[64] هەمان سەرچاوە ص ٣٤

[65] ابي الحسن الشافعي (١٩٧١) أدب القاضي. تحقيق محي هلال السرحان. الجمهورية العراقية رئاسة ديوان الأوقاف. أحياء التراث الإسلامي. الجزء الأول ص ١٥٢ – ١ ٥٣

بەرتیلی دەدایە. بەرامبەر بەرتیل و ڕاگرتنی ئەو ئەرکەی کە پێی سپێردرابوو گەڤی لێدەکرا. ئەگەر لادان یان هەرچی بکا ئەوە تەمێ دەکرێ.

محمد جۆرێکیتری بەرتیلی بەکاردێنا بۆ ئەوەی لەناو قورەیش لەیانگیر بۆ ئیسلام بکرێ. تەنانەت لە ناو هەندێ هۆزی بەهێزی عەرەبی دوورگەش ئەو کارەی دەکرد. ناوی لەو کەسانە دەنا (دڵیان نەرم بووە) واتە لایەنگیری ئیسلامن، کەچێ هێشتا ئیسلام نەبووین. ئەوەش محمد بە سامان ڕازی دەکردن.

ئەو دیاردەیە، دوای شەڕی حنین بە ئاشکرا بەدیارکەوت. بە تایبەتی دوای تاڵانی زۆر و دەستەڵاتی محمد بووە جیگای ترس، بۆ دەوروبەری. هەندێک لەو کەسانەی کە هێشتا دەستەڵاتیان هەبوو، و بۆ محمد جێگای ترس بوون. سامانی زۆریان دەردرایێ، بۆ بۆ بێلایەن کردنیان لەکاتی شەڕو ناکۆکی. بەتایبەتی هەندێ هۆزی عەرەبی خاوەن هێز و دەستەڵات.[66]

ئەو بەرتیلدانەش دواتر بە ئایەتی قورئان جێگیرکرا، کە بەشێک لە زەکات، بۆ نەرمکردنی دڵی ئەوکەس و هۆزانە تەرخانبکرێ.

سورة التوبة ٩: ٦٠

إِنَّمَا ٱلصَّدَقَـٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَـٰكِينِ وَٱلۡعَـٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَـٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ (٦٠)

زەکات هەر دەبێ بدرێتە هەژاران، و دەستکورتان، و ئەوانەی بە کاروبار ڕادەگەن، و بشبەخشرێ بۆ نەرمکردنی دڵی نەیاران و ئازادکردنی کۆیلە و قەرزاران لە ڕای خودا.لە ڕێگای بەجێماواندا. (٦٠)

---

[66] علوي، هادى (١٩٩٩) فصول من تاريخ الإسلام السياسي ص ٣٦

ئەو جۆرە بەخشینە لە زەکات و تاڵانی شەڕ بۆ بێلایەنی ئەو هۆزانە، بێجگە لە بەرتیل شتێکیتر نییە. بۆیە دوو فاقەیی ئیسلام لە نێوان تیوری ئایەتەکان، و پراکتیکی کردەوەی ڕۆژانەی محمد یەک ناگرتنەوە.
بە لێکدانەوەیەک ئەو ئایەتە دژی ئایەتی ١٨٨ سورەتی البقرەیە. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ناکۆکی نێوان ئایەتەکانی قورئان و گونجاندنیان بەپێی پێویستی دەستەڵاتی سیاسەتی سەربازی محمد بوو.

لەسەردەمی عومەر کوڕی خەتابیش، دوای داگیرکردنی عیراق گیرایە بەر. ئەوەش بەمەبەستی بەهێزکردنی ئیسلام و ڕاکێشانی کادری کارگێڕی و سەربازی بە توانای ناوچەکەبوو، کە هێشتا هەر مابوون، بۆ ئەوەی ببنە یارمەتیدەری داگیرکەرە نوێکان. و بەهێزکردنی پێگای بەڕێوەبردنیان لە ناوچە داگیرکراوەکان [67]

پەیمان

بەپێی دەق قورئان دەبێ مرۆڤ ڕێز بۆ پەیمان دابنێ. خراپی پەیمان شکاندن یا ئەوانەی بۆ پەیمان بە وەفانین. بەگشتی پەیمان لە ئیسلام ئەوە بوو کە لەگەڵ ناموسوڵمانان لەسەر چەند خاڵێک پەیمانیان دەبەست.
محمد بە قسە لەسەر ڕاگرتنی پەیمان زۆر توندبوو، بەڵام بەکردەوە، پێچەوانەبوو. یەک لە گەورەترین پەیمانشکاندنەکانی بەرامبەر جولەکەکانی مەدینە بوو. کاتی محمد لە بێهێزیدابوو پەیمانێکی لەگەڵ جولەکە و سابئیەکان بەست. کە تیایدا سێ خاڵی دیاریکردن

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢: ٦٢

[67] تاريخ اليعقوبي، الجزء الثاني، ص ١٠٧ طبعة النجف، سنة ١٣٥٣ هـ

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ (٦٢)

ئەوانەی باوەڕدارن و ئەو کەسانەش کە لەسەر دینی جولەکە و نەسارِی و سابیئین. ئەگەر باوەڕیان بە خودا، و ڕۆژی پەسڵان (القيامة) هەبێ. و کاری چاک بکەن. لای پەروەردگار، پاداشتی خۆیان هەیە. و نە هیچ ترسێکیان لەسەرە. و نە خەم دەخۆن (٦٢)

جولەکە بەردەوام، ئامادەبوون بەپێی پەیمان بجوولێنەوە. بەڵام محمد دوای بەهێزبوونی کەوتە دۆزینەوەی بیانوو. کە دەبێ دینی خۆیان بەجێبێڵن، ئەگینا کافرن. تا گەیشتە هێرش بۆ سەر بەنی نضیر، و بەنی قینەقاع. بەڵام لە گشتیان توندتر و درِوندانەتر هێرشی سەر بەنی قورەیضە بوو، کە کوشتارێکی گەورەی لێکردن. بەپێی سەرچاوەکانی ئیسلام لە نێوان شەش سەد تا هەشت سەد پیاویان کوشتن. ئەوەش هیچ پاکانە هەڵناگرێ و نموونەیەکی دیارە لە سیاسەتی محمد دژی دینەکانیتر. ئەوە سەرەڕای ئەوەی محمد پەیمانی لەگەڵ بەستبوون، بەڵام بە درۆی هەڵبستراو وەک بیانوو، بۆ قڕکردن.

ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە محمد هەرگیز پەیمانی نەبەستووە، بەڵکوو تاکتیکێک بووە بۆ وەرگرتنی کات و دەرفەت بۆ خۆزاڵکردن. ئینجا پەیمانەکەی ناوەتە ژێر پێ. و شکاندوویەتی.[68]

[68] هادي العلوي (١٩٩٩) فصول من تاريخ الإسلام السياسي. الطبعة الثانية. نيقوسيا - قبرص ص ٣٧

کوشتنی سیاسی

محمد دەیگوت: باوەڕ زنجیری مردنە، باوەڕدار نامرێ.

مرۆڤ سەری سوورده‌مێنێ، کاتی هێرشی دڕوندانە دەکرێتە سەر خاوەن هزر، یا ململانێی لەسەر دەستەڵات. ئەو کارەش ئێستا دەستی پێنەکردووە. بەڵکوو مێژووی ئەشکەنجە و کوشتن لە ئیسلام، پاشخانی دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەکەی محمد.

دواتر لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتاب کاتی شام و عیراق داگیرکران بێجگە لە تاڵان و بڕۆ، کوشتنی گەورە و منداڵ دەستی لێ نەدەپارێزرا. ئەوەش بە پشت بەستتن بە ئایەتی قورئان، کە هەر زووتر محمد خۆی دەستی پێکردبوو:
بە تەنیا لە داگیرکردنی جەزائیر ئیسلامیەکان بڕیاری سەربڕینی خەڵکی جازائیریاندا تا منداڵیشی دەگرتەوە. ئەوەش بە ئایەتی:

سورة نوح ٧١: ٢٧

إِنَّكَ إِن تَذَرۡهُمۡ يُضِلُّواْ عِبَادَكَ وَلَا يَلِدُوٓاْ إِلَّا فَاجِرٗا كَفَّارٗا (٢٧)

ئەگەر تۆ بیانهێڵیتەوە، بەندەکانت گومڕادەکەن. و هەر منداڵێکیشیان بێ تاوانبار و سپڵە دەبێ (٢٧)

لە صحیح مسلم، حەدیسی ژمارە ٣١٨٩- لە العصب بن جثامة دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: لە نەبیان پرسی ئەگەر بە شەو هێرشکرایە سەر کافران. ئەوە منداڵ و ژنانیش بەردەکەون و دەکوژرێن؟

محمد لە وڵامدا گوتی:

ژن و منداڵیش لەوانن (واتە کافرن و کوشتنیان ئاساییە).

کوشتنی سیاسی لە ئیسلام، هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی قورەیش، بەناوی دەوڵەتی ئیسلام. سیاسەتی ئەشکەنجە و کوشتنی سیاسیش وەک بەشێکی دانەبڕاو لەگەڵی هات. ئەوەش نەک لەسەر بنچینەی دادگا و توانای بەرگری لەخۆ بە پێی یاسا. نەخێر کوشتنی بە دانانی پیلانی نهێنی تێپەڕین بە ترس، نەک کەسی مەبەست بزانێ و دەستیان نەگاتێ.

جیاوازیەکەش لەوەدایە لە سێدارەدان واتە کەسی بڕیار لەسەردراو پێشوەخت تاوانەکانی دیارن و هۆکاری لە سێدارەکەشی دیارە. بەڵام کوشتن بە پیلان شێوەیەکی یاسای جەنگەڵە، ئەو کەسەی، کە دەبوایە بکوژرێ نازانێ جێ چاوەڕوانی دەکا. بەڵکوو هەنگاو بە هەنگاو بە لە خشتەبردن و درۆ و ڕاسپاردنی کەسانی خراپەکار و بکوژ بۆ ئەو کارە. و دواتر نکۆڵی لێکردن.

لە سەردەمی محمد دوای، وەرگرتنی دەستەڵات لە مەدینە، و بەهێزبوونی، دەستی بە لەناوبردنی ئەو کەسانە کرد، کە کاتی خۆی ئازاری موسوڵمانیان دابوو. بە نهێنێ دەیانکوشتن و نکۆڵیان لێدەکرد.

لەلایەک محمد لە ووتارەکانی، بەردەوام باسی لێبووردەیی و ئاشتەوایی دەکرد. و لەلایەکیتر پلانی کوشتن و لەناوبردنی نەیارانی دادەنا. هەر لە ئەشکەنجدان تا دەگاتە شێواندنی لاشەی مردوو.... هتد بەمەبەستی تۆقاندنی نەیارانی.

سەرەڕای ئەوەی لە یاسای ئیسلام (شریعة) کوشتن بەناڕەوا دانرا، و قەدەخەکراوە. کەچی هێرشی سوارەی، لە ناکاوی سەردەمی جاهیلی هەر بەردەوام بوو. محمد توانی بەشێوەیەکی سیستەماتیک بەردەوامی بپێبدا. سەرچاوەکان ناوی زۆر کەسمان پێدەڵێن، کە بووبوونە ئامانجی ئەو پلانانەی محمد. یەک لەو شتانەی کە محمد دەیکرد، ئەوەبوو کە هەمیشە هێرشی بۆ سەر نەیارانی، بەشەو دەکرد، کە دەیتوانی بە ئاسانی نکۆڵێ لێبکا[69].

سورة الحج ٢٢: ٣٨

إِنَّ ٱللَّهَ يُدَٰفِعُ عَنِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٖ كَفُورٍ (٣٨)

خودا بەرگری لەو کەسانە دەکا، کە باوەڕیان پێهێناوە. چونکە خودا خیانەتکارێکی گاوری خۆشناوێ (٣٨)

کوشتنی سەرکردەکانی جولەکە

کوشتنی کعب بن الأشرف:

کعب بن الأشرف، یەک لە سەرکردە مەزنەکانی جولەکە بوو، هەر لە سەرەتای کۆچ بۆ مەدینە، دژی محمد چالاکانە کاری دەکرد. یەک لە ئالقەکانی نێوان جولەکە و قورەیش بوو. بەهیچ شێوەیەک ڕەخنەکانی لە محمد و بانگهێژیەکەی نەدەشاردەوە.

کوشتن یەک لەو ئامرازانە بوو کە محمد بەکاری دێنا. بۆ پاکتاوکردنی نەیارانی. لە ساڵی

[69] هەمان سەرچاوە ص ٣٥ - ٣٦

سێیەمی کۆچی یەک لە ئەنسارەکانی بەناوی محمد بن مسلمة الأوسي نارده لای سەرکردەی بنی قریضة (کعب بن الأشرف) و کوشتی.

کوشتنی سلام بن أبي الحقيق

یەک لە سەرکردەکانی بني نضير بوو، یەک لەو کەسانە بوو، پێش شەڕی خەندەق لەگەڵ نێردەیەک چووە مەککە. دوای گەڕانەوەی محمد پلانی لەناوبردنی بۆ دانا. دەڵێن ئەو پلانە لە دەستپێشخەری الخزرج بوو. کە لەگەڵ هۆزی ئەوس لە بەرابڕکی دابوون. کە تازە ئەوس کعب بن الأشرفیان کوشتبوو. [70]

کوشتنی إبن سنينة

یەکێک بوو لە جولەکەکانی بني حارثة. هیچ بەڵگەیەک یان سەرچاوەیەک باسی نەیاری دژی محمد و ئیسلام ناکا. کەچی کەسێک بە ناوی حویصة بن مسعود کوشتی. إبن سنينة دۆستێکی نزیکی بکوژەکەی (حویصة بن مسعود) بوو. سەیر لەوەدایە کە محیصة إبن سنینەی لەبەر چاوی برای خۆی محیصة کوشت، کە موسوڵمان نەبوو. ئەو کارەش لە پێناوی نانەوەی ئاژاوەبوو، لە ناو بنەماڵەکان. ئەگینا هیچ بیانوویەکی تر نەبوو، بۆ ئەو تاوانە گەورەیە.[71]

---

[70] هەمان سەرچاوە ص ١٨٦

[71] هەمان سەرچاوە ص ١٨٧

کوشتنی ژنێک

ئەو کوشتنە بە دوو شێوە هاتووە. یەکیان سەرچاوەی لە حەدیثەوە هاتووە، ئەویتریان لە بیۆگرافیانووسانەوە. لە حدیث النسائی و أبی داود لە پەرتوکی سنن بە کورتی باسی ئەوە دەکەن، کە أعمی دایکی منداڵەکانی کەنیزەکیشی بووە. دوو کوڕی لێ هەبوون. ڕووداوێک دەبێ لە دەمەقاڵییەک جنێو بە محمد دەدا، و هەمان شەو أعمی بە (مغول) شمشمشێرێکی کورت سکی هەڵدەدڕێ، و دەیکوژێ، هەر دوای ئەوە دێتە لای محمد. و پێی دەڵێ ئەی پەیامبەری خودا. من خاوەنی بووم، دایکی منداڵەکانیشم بوو دووکوڕی وەک لؤلؤم لێی هەن. بەڵام بە هۆی سووکایەتی بە تۆ جنێودانی تۆڵەم لێکردەوە، و کۆتاییم بەژیانی هێنا. بە (مغول) سکیم هەڵدڕی.

محمد گوتی: شایەتی دەدەم، کە خوێنی بە خۆڕایی ڕۆیشت، هەرچەندە لەو گێڕانەوەیە ناوی ژنە ناهێنێ.

لە ڕووی مێژووییەوە، ئەو ژنە ناوی (عصماء بنت مروان). و جولەکە بووە. نەک کەنیزەک، بەڵکوو ژنی پیاوێک لە بەنی خطمة بوو. دژایەتی ئیسلامیکردووە، شیعری هەجووی گوتووە.

سەحابەیەک بەناوی عمیر بن عدي الخطي، لە هەمان هۆزی مێردی عصماء. دەیکوژێ، کاتی محمد لە شەڕی بەدر بەساخی دەگەڕێتەوە، عومیر بە شەو دەچێتە سەری و لەوکاتە منداڵی بەباوەشەوە دەبێ مەمکی دەداتێ، عومیر دەستی بەملی پێدادێنێ. و خۆی بەسەریدا دەچەمێنێتەوە. و شمشێرێکی لە سنگی دەچەقێنێ، تا لە پشتی دەردەچێ.

بۆ بەیانی دێتە مزگەوت. و لەگەڵ محمد نوێژدەکا. دوای نوێژکردن، نەبی سەیری دەکا، و دەڵێ: کچی مەڕوانت کوشت؟

گوتی: بەڵێ، ئەی پەیامبەری خودا.

گوتی: خودا و پەیامبەرەکەی سەرکەوتن، ئەی عومیر.

گوتیٚ: ئەی پەیامبەری خودا، لەسەر شتێک شایەنی بوو.

گوتی: بە دوو بزن پاکتاوناڕێ.و بە یاوەرانی گوت: ئەگەر دەتانەوێ ئەو کەسە ببینن، کە خودا و پەیامبەرەکەی سەرخستن، ئەوا سەیری عەمەیر بن عدي بکەن.[72]

کوشتنی أبو عفک

أبو عفک جولەکەیەکی بەنی عمرو بن عوف بوو، نەیاری محمد بوو. هەروەک یجولەکانیتری یەتروب، شیعری لەسەر محمد دەگوت. بە پێی گێڕانەوەی سەحابەیەک، بەناوی سالم بن عومەیر الأنصاري کوشتی. پلانەکەش هەر بەخۆی دایڕشتبوو. سالم بۆ ماوەیەک چاوەدێری دەکرد، تا هاوین هات و خەڵکی لەدەروە دەخەوتن. شەوێکیان سەردانی هۆزەکەی دەکا، شەو لەدەرەوە دەبن، سالم دەخزێتە لای و بە (مغول) شمشێرێکی کورتیلەیە دەیکوژێ. [73]

هەوڵی کوشتنی أبو سفیان

لە شەڕی بەدر، سەرکردەیەکی گرنگی قورەیش کوژرا. لەوە بەدوا خەڵکی مەککە بەسەرکردایەتی آبو سفیان، وەک براگەورە و بە دەستەڵاتداری مەککە، بووە ڕێککخەری

[72] هەمان سەرچاوە ص ١٨٧ - ١٨٨

[73] هەمان سەرچاوە ص ١٨٩

هەردوو شەڕی خەندەق و ئوحد. لە پشت گشت، ئەو چالاکیانە بوو، کە خەڵکی مەککە دژی محمد دەیانکرد. ئەوەش تا گیرانی مەککە هەر بەردەوام بوو.

شتێکی بەڵگەنەویست بوو کە ناوی لە لیستی ئەوانەبوو، کە دەبێ بکوژرێن. بەڵام کارەکە وا ئاسان نەبوو. لەبەر دوو هۆکار:
یەکەم: دووری نێوان مەککە و یەتروب، و نادڵنیایی لە ڕێگای پاشەکشەکردن، بۆ ئەوانەی بەو کارە هەڵدەستن. بەتایبەتی قورەیش کۆنترۆڵی تەواوی لەسەر زۆربەی ڕێگاکانی نێوان ئەو دوو شارە هەبوو.

دووەم: لەوەش گرنگتر، نەبوونی توانای دەستەیەک بۆ چوونە ناو مەککە. لەبەر ئەوەی هیچ موسوڵمانی تێدانەبوو. ئەوەش وایکردبوو، نەتوانن هەواڵەکانی ناو شار و جوولەی خەڵکی مەککە بزانن. کەچی ئەو سەختیانەش لەوە ڕێگرنەبوون، کە محمد هەوڵی خۆی بۆ کوشتنی أبو سفیان بدا.

طبري و إبن الأثير سەبارەت بە ڕووداوەکانی ساڵی ٤ کۆچی دەڵێن:
محمد بۆ ئەو مەبەستە (کەسێکی شەیتانی) خراپەکاری دانا، بەناوی عمرو بن أمية الضميري. هاتە ناو ئیسلام، بەڵام پێشتر لە هەردوو شەڕی بەدر و أحد دژی ئیسلام بەشداری کردبوو.

ئەوەش چاوەڕواندەکرا، بۆ ئەوەی شانسی خۆی تاقیبکاتەوە. و پیشانی بدا هاتنە ناو ئیسلامی، دەتوانێ شتی گەورەبکا. و بۆ ئەوەش لە کوشتنی أبو سفیان باشتر نییە.
محمد کەسێکی لە أنصارەکان لەگەڵ نارد، هەردووکیان بە شەو چوونە ناو مەککە. لەوکاتە خەڵکی کاری ڕۆژانەی کۆتایی پێ هێنابوو، چووبوونەوە ماڵ سەرگەرمی دانیشتن بوون. لە ناو مەککە، لە ڕێگای بەرەو ماڵی أبو سفیان، عمرۆ و هاوڕێکەی بەڵای چەند کەس دا تێدەپەڕن،

کە لە پەنایەک دانیشتبوون. کاتی چاویان بە عمرۆ کەوت کە باش دەیانناسی، هاواریان کرد ئەوە (عمرو بن أمية) یە. خەڵکی مەککە خرۆشان و زانیان وا بەخۆڕایی نەهاتووە. بەڵکوو مەبەستی ئاژاوەیە لە مەککە. عمرو ڕێگاکان شارەزابوو. لەگەڵ هاوڕێکەی توانی لە تاریکی دەربچێ و گەوڕایەوە مەدینە.

أبو سفيان بە ساخی دەرچوو، هەوڵدانەکەش دووبارە نەبووەوە.

هەڵبەتە محمد سەختیەکانی ئەو هەڵدانەی دەزانین. کاتێ کەسێکی خراپەکاری وەک عمروی هەڵبژارد مەبەستێکی تایبەتی هەبوو. کە بێچگە لەو کەسە دەرفەتێکیتری نەبوو. بەڵام هەرچەندە هەوڵدانەکەی سەرکەوتوو نەبوو. توانی بە خەڵکی مەککە بڵێ ئێوە هەرگیز ناتوانن لە خۆتان دڵنیابن[74] .

کوشتنی عەبهەلە – الأسود العنسي

عەبهەلە (عەیهەلة) یەکێک بوو، لە سەرکردەکانی بەرەنگاری یەمەن دژی ئیسلام. لە کاتی سەرەمەرگی محمد، توانی دەستەڵاتی بەسەر سەرتاسەری یەمەن دابگرێ. و توانای بۆ سەر بەشە فراوانەکانی خوارووی دوورگە، تا دەگاتە کەنداو بڵاوبکاتەوە. بزووتنەوەکەی بە ئەندازەی بزووتنەوەی مسلمی یەمامە بوو. ئەوەش ترسێکی زۆری خستبووە دڵی محمد.

بە شێوەیەکی ئاسایی محمد چارەسەری کێشەیەکی وای لە ڕێگای هێرش و شەڕی مەیدانی دەکرد. ئەوەش دوای شەڕی حودەیبە و گەورەیی لەشکری ئیسلام لە دوورگەی عەرەبی. و

[74] هەمان سەرچاوە ص ١٩٤

هێزە بەرەنگارییەکانیش لەو ئاستەدا نەبوون، کە محمد لێیان بترسێ. بەڵام هێز و ناوچەی جوگرافی لەشکری عەبهەلە لەو ئاستە بەدەر بوو، محمد بتوانی لە گۆڕەپانی شەڕ بیبەزێنێ. و بیگرێ یان بیکوژێ. لەبەر ئەوەی کارێکی وا توانایەکی گەورە و کارێکی زۆری دەویست.
بەڵام محمد دەیەویست بەهەر شێوەیەکبێ بە ئاسانی و توانای کەمتر، ئەو بزووتنەوەیە تێکبشکێنێ. و بەسەریدا زاڵبێ.
محمد پلانێکی دانا، کە تا ئەو کاتەش ئاڵۆزترین پلان بووە، بۆ کوشتنی کەسێک. بۆیە بە کوشتنی سیاسی دادەنرێ.
پلانەکە بەو شێوەیەبوو: وەک چۆن لە مێژووی طبري و إبن الأثير و اليعقوبي و فتوح البلدان البلاذری هاتووە.

محمد خۆی بڕیاری کوشتنی عەبهەلەی دەرکرد. دەستەیەک لە خەڵکی یەمەنی ڕاسپارد. و پلانەکە ماوەیەکی درێژی خایاند. یەک لەو کەسانەی، کە لەگەڵ پلانەکەدابوون، سەرکردەی سوپای عەبهەلە بوو، بەناوی قەیس بن عبد یغوث. دوای ناکۆکی لەگەڵ عەبهەلە. ئامادەبوونی قەیس ئاسانکارییەکی زۆری بۆ پلانەکە کرد.

هەواڵەکان وا دەگێڕنەوە: کە هەندێک ئێرانی کە لەیەمەن دەژیان، دوای بەجێهێشتنی حەبەشیەکان، دەستەڵاتی گەورەی سیاسیان لە یەمەن هەبوو. ئەوانە بەرەنگاری عەبهەلە بوونەوە. و شەڕی گەورەیان لەگەڵکرد. و دۆڕاندیان. و کۆتایی بە سەرکردەیان بەناوی (شەهر) هات و عەبهەلە دوای کوشتنی دەستی بەسەر ژنەکەی بەناوی (ئازاد) داگرت.

لێرەوە پلانەکە زۆر قووڵتر و ئاڵۆزتر بوو، زۆر لایەن بەشداریان پێکرا. تا دەگاتە ناڕازیەکانی خەڵکی یەمەن لە سەنعا. بە نهێنی گشت لایەک هەر گرووپە بە ڕۆڵی خۆی لە پلانەکە ئاگاداربوون. بۆ نموونە خەڵکی نارازی سەنعا تێگەیێندران، هەرکاتی گوێیان لە بانگادن بوو لە کۆشکی عەبهەلە ڕاپەڕن.

گرێی بنەڕەتی پلانەکە ئەوە بوو، کە چۆن بگەنە عەبهەلە. لەبەر ئەوەی لە کۆشکێکی بەهێز و بە سەنگەر دەوری گیرابوو. و چوار دەوری بە پاسەوان تەنرابوو. کە شەو و ڕۆژ پاسەوانیان دەکرد.

دوای ئەوەی عەبهەلە، (ئازاد) ژنە زەوتکراوەکەی لەخۆی مارەکرد، کوڕی مامی ئامۆزای بەناوی (فەیروز) کە یەکێک بوو لەوانەی ڕۆڵی سەرەکی لە کارەکەدا هەبوو. لە بەشی دواوەی کۆشک دوای پاسەوانان کە بەرەو ژووری عەبهەلە دەڕۆیشت، لە شەوی پلان بۆ دانراو، فەیروز لەگەڵ ئازاد، کە دوو کەسیتری ئێرانی لەگەڵدابوون. یەکیان بە ناوی داذویة و ئەویتریش قەیس بن جحشیش الدلیمي. لەو شوێنەی لەگەڵ ئازاد ڕێکەوتن کۆشکیان هەڵکۆڵی. و بەبێ ئەوەی پاسەوان هەست پێبکەن، چوونە ژوور. لەبەر ئەوەی پاسەوان لە دەرەوە بوون. هێرشیان کردە سەر عەبهەلە، لەو کاتە هاواریکرد. کەچی ئازاد گوتی، وازیلێبێنن پەیامبەر وەحی بۆدێ.

پاسەوانەکان لە دەرەوە مانەوە. لە ژوورەوەش ئازاد و عەبهەلەی کوژراو تا بەیانی. بەرەبەیان بانگ لە کۆشک هەڵسا، لەگەڵ دەنگی بانگ خەڵکی ناڕازی سەنعا هێرشیانکردە سەر کۆشک.[75]

هەرچەندە پاسەوانەکان ویستیان بەرگری بکەن، بەڵام لە ژووری عەبهەلە دەستەیەک بەرەنگاریان بوونەوە. و لە پشتەوە لێیاندان. بەوەش هێرشی دەرەوە، بۆ داگیرکردنی کۆشک ئاسانبوو. و سەربازانی عەبهەلە بۆ دەرەوەی سەنعا ڕایانکرد.

[75] تاريخ الطبري، تاريخ الرسل و الملوكالجزء الثالث ص ٢٢٧ – ٢٣٩. دار المعارف بمصر.

هەرچەندە د. حمود العودي، مامۆستای زانستی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی سەنعا، چیرۆکی ئەو بەسەرهاتە بەشێوەیەکیتر دەگێڕێتەوە. و ناوی لێدەنێ ستەمی ئیسلام و شۆڕشی خەڵکی یەمەن. کە کاردانەوەی سیاسەتی خراپی ئیسلام بوو، بەرامبەر خەڵکی یەمەن. و ئەنجامی بێهیوا بوونی خەڵکی یەمەن بوو، دژی نادادی و ستەمی ئیسلام و پەیامبەرەکەی دژی خەڵکی یەمەن. د. حمود بەردەوام دەبێ، کە دەستەڵاتداری ئیسلام لە مەدینە دەستەڵاتی بێسنووری دابووە نەوکانی فارس، کە لە یەمەن مابوون، تا عەرەب بچەوسێننەوە.[76]

بەڵام کە دێتە سەر کوشتنی عبهلە و لەناوبردنی هێزەکەی هەمان دەرئەنجامی هەیە. کە محمد پلانێکی قووڵ و ئاڵۆزی دانا بۆ کوشتنی و دامرکاندنەوەی ئەو جوولانەوە دینییە، کە ترسی گەورەی لێ هەبوو.

کوشتنی عەبهەلە – الأسود العنسي بە هەر شێوەیەک بێ، و کام هۆکاربێ، چەند خاڵێک لەسەر سیاسەتی پاکتاوکردنی نەیارانی ئیسلاممان دەداتێ.

١ لە سەرەتادا، کوشتنی عەبهەلە کوشتنی تاکە کەسێک نەبوو. لەبەر ئەوەی کوشتنی عەبهەلە بەشێک بوو لە کوودەتای لەناوبردنی بزووتنەوەیەکی دژی ئیسلام.
٢ کوشتنی عەبهەلە، بە ئاسانی کێشەکەی برانەوە، ئەگەر عەبهەلە دەرچووبوایە، ئەوە شەڕێکی درێژخایەن چاوەڕوانی دەکرد.
٣ دەستپێشخەری عەبهەلە، دەبووە هۆکار و بنەمای نوێ. یەک لەوانە بەرنامەیەکی دیاریکراو، کە ئایدیۆلۆژیایەکی بەراوردکاری بۆ دینەکەی محمد دەهاتە ئارا. هەرچەندە عەبهەلە لە دەستپێشخەریەکەی دواکەوت، هەروەک مسیلەمەی یەمامە.[77]

---

[76] ا.د د.حمود العود، عبهلة بن كعب بن غوث العنسي بين الردة والبطولة
[77] هادي، العلوي (١٩٩٩) فصول من تاريخ الإسلام السياسي. الطبعة الثانية. نيقوسيا - قبرص ص ١٩٢

سەبارەت بە ڕیبازی کوشتنی سیاسی، کە محمد بەکاریدێنا، هەرچەندە کولتوورێکی کۆنی بەر لە ئیسلام بوو لە ناو سەرۆک هۆز و ناو بنەماڵەکان بۆ یەکتری پاکتاوکردن، و نەهێشتنی بەربەست لە ڕێگای دەستەڵاتی ڕەها. بەڵام بەردەوامی لای محمد و دواتریش خەلیفەکان مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو:

١ محمد وەک تاک، کەسانی دیاریکراوی دەکوشتن، ئەوەش بە مەبەستی تۆقاندنی نەیارانی بوو. هەرچەندە ئەو کارەی لەگەڵ یاساکانی کە خۆی داینابوون، ناکۆک بوون. بەڵام بۆ پاکتاوکردنی سیاسی و چەکداری، تا پێیکرابێ دریغی نەدەکرد.
٢ کوشتنەکانی لەسەردەمی محمد ژمارەیان دیاربوو، و لە ماوەیەکی دیاریکراوبوو. بەڵام تاکتیکی کوشتن بەرامبەر نەیارانی، بە پلەی یەکەم دروستکردنی ئاژاوەبوو. لەناو بنەماڵە، و دین و سیاسیە نەیارەکانی.
٣ ئەو لایەنانەی کە بە کوشتن بەرەنگاریان دەبووەوە. لایەنی سەربازی نەیارانی بوون، لە بێدین و جولەکە، کوشتنی چوار تا پێنج جولەکە، لە یەتروب گرنگی سیاسی خۆیان، بۆ محمد هەبوو. لە کاتە هەرەسەختەکانی دەستەڵاتی، ئەو کوشتنانە کارتی سەرکەوتن بوون. لە تێکشکاندیان دژی سیاسەتی پاوانخوازی خۆی. لەلایەکیتر ئەو کارەی هەروا نەدەکرد، بەڵکوو پەیمانی لەگەڵ دەبەستن، تا دڵنیابن، ئەوسا بیانووی دەدۆزیەوە و پاشقوڵی لێدەگرتن.[78]

لە کۆتاییدا، با ئەوەشمان لەبیرنەچێ، ئەو تاکتیکەی محمد لە سەردەمی بێهێزیش هەر بەکاری دێنا.

[78] فصول من تاريخ الإسلام السياسي ص ١٩٥

کێشەی محمد لەگەڵ النضر بن الحارث

محمد کێشەیەکتریشی هەبوو، ئەویش ناکۆکی لەگەڵ النضر بن حارث بوو. النضر کەسێکی گەڕیدە و شارەزای ئەفسانەکانی ئێرانی و دینی زەردەشتی بوو. بە شێوەیەکی بەردەوام خەڵکی لە دەروی کۆدەبوونەوە. ئەویش چیرۆکەکانی کەلەپووری ساسانی و زەردەشتی گەلانی ئێرانی بۆ دەگێڕانەوە. دوای هەر گێڕانەوەیەکیش دەیگوت: بە خودا محمد ئەو چیرۆکانە لە من باشتر دەزانێ. گێڕانەوەکانیشی تەنیا چیرۆکی پێشینانن (أساطير الأولين). کە بۆی نووسراون و ئەویش دەیانڵێتەوە.

لەبەر ئەوەی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆری ساسانی، دەستەڵاتی لەو ناوچانە هەبوو، کە زۆر هۆزی عەرەبی لێدەژیان. و یەک لەو هۆزانەش قورەیشەکان بوون. کە بە پەرتوبڵاوی هەر لە شامەوە تا حیجاز وەک ڕەوەند دەسووڕانەوە. سەرەڕای ئەوەش، ماوەیەکی زۆر هاوپەیمانی ساسانییەکان بوون دژی ئیمپراتۆری ڕۆم. ئەوەش شتێکی ئاساییە، کە چیرۆکە کۆنە ئەفسانەییەکانی، میر و پاشا و قارەمانەکانی گەلانی ئێران، ڕۆژانە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی جیاواز دەگێڕدرانەوە. هەر بۆیەش باوەڕی دینی و ئەفسانەکانیان لە ناو ئەو هۆزانەی عەرەب ئاشنا بوون. ئەوەش کاریگەری لەسەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەبووە. محمدیش چ لە سەردەمی منداڵی و دواتریش وەک هەرزەکار و تەمەنی لاوی، ڕەنگە بە سەدان جار ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی بیستبن. و خۆیشی بۆ خەڵکی تری گێڕابنەوە.

بەڵام پەیدابوونی سەلمان الفارسی و ئەو گەنجینە گەورەکەی. و پاشخانی بوونی کەلەپووری زەردەشتی و گەلێری ناوچەکە، پێکەوە دەرگای جیهانێکیتری بۆ محمد خستبووە سەرپشت.

کەچی النضر بن حارث، لەو توانجانەی بەرامبەر محمد، مەبەستی ئەوەبوو. کە سەلمان الفارسی، ئەو چیرۆکانەی لە دینی زەردەشتی و کەلەپووری ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و ئێران وەرگرتووە. و بۆ محمدیان دەگێڕێتەوە. و محمدیش بە ناوی جوبرائیل دیانڵێتەوە.

لەلایەکیتر محمد دەیزانی زانیاری و ڕەوانبێژی النضر، کاریگەری لەسەر باوەڕی خەڵکی هەیە. بۆیە بە بەردەوامی النضر لەسەر توانجەکانی، تا دەهات محمدیان تەنگاوتر دەکرد. لەبەر ئەوەی تا دەهات خەڵکی قسەکانی النضریان بەچاو دادەدایەوە.

بوونی سەلمان الفارسي، لە مەدینە. و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ محمد. قسەکانی النضر، زیاتر دەبوونە جێی باوەڕی خەڵکی مەدینە. و کۆمەڵانی خەڵکی جیاجیا. لەبەر ئەوەی محمدیش خۆی هەمان چیرۆکەکانی النضری بەناوی جوبرائیل دووبارە دەکردنەوە. لە کۆتایی ئەوەندە تەنگاو بوو. و بە ئایەتێک وەڵامی دایەوە. [79]

سورة القلم ٦٨: ١٥

إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا قَالَ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ (١٥)

ئەگەر نیشانەکانی ئێمەی بۆ بخوێننەوە. دەڵێ ئەفسانەی پێشینانن (١٥)

دواتر کێشەی نێوان محمد و النضر، بەوەندە نەوەستا، بەلکوو گەیشتە ئەو ئاستەی، محمد کەوتە سووکایەتی کردن و جنێودان بە النضر بن حارث. گەفی بە ئازاری بە سۆی دۆزەخی لێدەکرد.

---

[79] نقد الكتابي للقرآن ص ٢٥

سورة الجاثية ٤٥: ٧ – ٨

وَيۡلٞ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٖ (٧) يَسۡمَعُ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسۡتَكۡبِرٗا كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٖ (٨)

ئەی لەو کەسەی تۆمەتکەر و تاوانبارە (٧) هەرکاتی ئایەتەکانی خودای بەسەردا دەخوێنیتەوە، دەبیستێ. بەڵام بە هۆی لەخۆ بایی بوونی، هەر پێدادەگرێ. و دەڵێی هەر نەشی بیستووە. دە تۆش مژگینی بدەیێ، کە ئازارێکی زۆر بەسۆی بەردەکەوێ (٨).

بە ڕەچاوکردنی ئایەتەکانی قورئان و تێکەڵاوی کولتوور و کەلەپووری ئێرانی، بەتایبەتی نەرێتە دینیەکانی زەردەشتی لەناو قورئان. زیاتر ئەوە دەسەلمێنێ، کە النضر بن حارث لە خۆراپی ئەوەی نەدەگوت. محمد گەورەترین ئەفسانەی زەردەشتی بەناوبانگی وەرگرتوو، بە ناوی خۆی تۆماریکردوون. یەک لە بەناوبانگترینان، ئەفسانە گەشتی ئاسمانی لە چیرۆکی ئاردیڤرافی دینی زەردەشتی وەرگرتووە. جا ئەو وەرگرتنانە، لەڕێی سەلمان الفارسی بووبن یان بە قسەی النضر بن حارث لە ئەدەبی گەلێری ساسانی یان دینی زەردەشتی وەریگرتبن جیاوازییەکی نییە. گرنگ ئەوەیە کە محمد توانیویەتی، چیرۆک و ئەفسانەی گەلان و دینەکانیتر تۆماربکا. و بەناوی خودا و ئاسمان بەرگێ پیرۆزیان لەبەرکا.

سورة الأنفال ٩: ٣١

وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا قَالُواْ قَدۡ سَمِعۡنَا لَوۡ نَشَآءُ لَقُلۡنَا مِثۡلَ هَٰذَآ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ (٣١)

کاتی ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا دەخوێندرێنەوە، دیان گوت گوێبیست بووین. ئەگەر بمانەوێ بە دڵنیاییەوە، شتی وەک ئەوە دەڵێین. ئەوە شتێک نییە تەنیا ئەفسانەی پێشینانە (٣١)

القرطبي دەڵێ: ئەو ئایەتە لەسەر النضر بن الحارث هاتووە. النضر بە بازرگانی هاتوچۆی حیرەی دەکرد. چیرۆکی کلیلە و دمنە و ووتەکانی کیسرا و ئیمپراتۆری کڕیبوو. هەرکاتی محمد چیرۆکێکی نەتەوەکانی پێشتری دەگێڕایەوە، النضر دەیگوت:

ئەگەر بمەوێ شتێکی وەک محمد دەڵێم. چونکە قورئان تەنیا ئەفسانەی میللەتانەی پێشووە. [80]

إبن کثیر دەڵێ النضر بن الحارث گەشتی بۆ وولاتی فارس دەکرد. و فێری سەربردە و چیرۆکی پاشاکانیان، وەک ڕۆستەم ئەسفەندیار و هەندێکیتر بووبوو. کاتی لە وولاتی فارس گەڕایەوە، بینی محمد بەناوی خودا قسە دەکا، دەڵێ من پەیامبەرم، و لەلایەن خوداوە نێردراوم، و قورئان بۆ خەڵکی دەخوێنێتەوە. کاتی پەیامبەر دەڕۆیشت. النضر دادەنیشت و چیرۆکی ئەو پاشایانەی بۆ خەڵکی دەگێڕانەوە. ئینجا دەیگوت: سوێند بە خودا، کامە چیرۆک خوشتر و باشترن: چیرۆکی من یان قسەکانی محمد.

دواتر النضر لە شەڕی بەدر بە دیل دەگیرێ. و پەیامبەر فەرمانیدا، بە سەختترین شێوە ئەشکەنجەی بدەن. و دواتر لەملی بدرێ. هەرواشیان کرد.[81]

گشت ئەو ڕووداوانە لەگەڵ ئەو ئایەتانە کە بەدوای خۆیاندا هێناویانن، بەڵگەن بۆ ئەوەی، کە قورئان پەرتووکێکی ئاسمانی نیە. بەڵکوو کۆکراوەیەکی سەلەوات لێدان و خوێندنەوەی لیتورگییە بۆ پەیڕەوکردنی لە نوێژ بۆ خودای محمد. و شێوەی پەرستنی. [82]

---

[80] القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء ٧، ص ٣٤٨
[81] محمد. إبن كثير. تفسير القرآن العضيم الجزء السابع، ص ٦٣
[82] آل عيسى، د. محمد، تاريخ الإسلام المبكر ص ١٥٤

محمد تێڕۆڕی کرده یاسا

هەڵسوکەوتی محمد بەرامبەر یاوەرانی و کۆنترۆلکردنیان لەلایەک، و گیانی تۆڵە بەرامبەر ناحەزانی کۆنی لەلایەکیتر، هەنگاوێکی ترسناک بوو لە مێژووی مرۆڤایەتی. و بە یاساکردنی تێڕۆڕ. هەورەها لە ژێر ناوی ستەملێکراو و بەناوی خودا جیهانی کردبووە، یەک لەشکری دوژمن بەرامبەر ئیسلام.

کەچی ئەوانەی محمد و لەشکرەکەی شەڕی لەگەڵ دەکردن، هەر یەکەیان سەربە یەک لە دینە ئیبراهیمیەکان بوون. و یەکتاپەرست بوون. واتە هەمان خودای محمد. و هەمان چیرۆکە خورافیەکان و ئەفسانەکانی کۆن.

الحج ٢٢: ٣٩

أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ (٣٩)

مۆڵەت درا بەوانەی شەڕ دەکەن، لەبەرئەوەی ئەوانە ستەمیان لێکراوە، و خوداش دەتوانێ سەریانخا (٣٩)

هەروەها کوشتنی خەڵکی بێتاوان، و تاڵانکردنیان، و ئەتککردنی(*) ژنانیان، تەنیا لەبەر ئەوەی نەک ببنە ئاژاوە. بەمانایەکیتر هیچ دینێک سیاسەتێکیتر، بێجگە لە دینە نوێکەی محمد و دەوڵەتەکەی مەدینە ناتوانێ بوونی هەبێ.

سورة الأنفال ٨: ٣٩

وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ (٣٩)

شەڕیان لەگەڵ بکەن، تاوەکو نەبنە فیتنە. و گشت دین بۆ خودایە، جا ئەگەر کۆتاییان هێنا، ئەوە خودا چاودێرە بەسەر ئەو کارانەی کە دەیکەن. (٣٩)

ئەو ئایەتە بە یاساکردنی تێڕۆڕ، و پشتیوانی جیهادە، کە بەڕای موسوڵمانان شەڕێکی پیرۆزە، بۆ ڕازیکردنی خودا. هەر ئەوەش وایکردووە کە توندوتیژی و هێرشی داگیرکاری ببێتە سیستەمێکی سەپێندراو، لەسەر موسوڵمانان. تا گەیشتبووە ئەو ئاستەی محمد کۆچبەرانی دژی خزم و کەسی خۆیان هاندەدا. و داوای لێدەکردن تۆڵەیان لێبکەنەوە.

ئەوکاتەی هەندێک لە یاوەرانی، دوودڵبوون لە بەشداری کردنی شەڕ دژی خزم کەسی خۆیان، محمد بەناوی خودا ناچاریکردن، ملکەچی فەرمانەکانی بن. ئەوەش لە ڕێگای گوایە وەحی بۆ هاتووە.

ئەوکاتەی تازە موسوڵمانان کۆچیان بۆ مەدینەکردبوو، هەرچەندە ژمارەیەکی کەم بوون. بەڵام محمد پێویستی بەوە هەبوو ژیانیان دابینکا. هەروەها پێویستی بەوە بوو یارمەتی موسوڵمانانی مەدینەش بدا، کە بە أنصار دەناسران. باشترین و خێراترین ڕێگای چارەسەری ئەو کێشەیە، ڕێگری بوو لە کاروانی بازرگانی. بەدزی کوشتنی خەڵکی بێتاوان.
بەر لە محمد و دینەکەی، تا ئەوکاتە عەرەب شەڕیان لەسەر دین نەکردبوو. ئەوەش تا ئێستا هەروایە. ناشیانەوی کوشتار بۆ دین بکەن. بۆیە محمد چارەسەری بۆ ئەوەش دۆزیەوە.

سورة البقرة ٢: ٢١٦

كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ وَهُوَ كُرۡهٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ (٢١٦)

شەڕکردنتان لەسەر نووساوە، هەرچەندە خۆشتان لێی نایە، وە ڕەنگ بێت ڕقتان لە شتێك بێت، بەڵام بۆ ئێوە چاك بێت، وە ڕەنگە حەز لە شتێک نەکەن. بەڵام بۆتان وەچاک بگەڕێ. ڕەنگیشە ئاواتی بۆ بخوازن، و ئاکامی باشنەبێ. و خودا دەیزانێ و ئێوە سەری لێدەرناکەن. (٢١٦)

دوای هاتنی ئەو ئایەتە هەوڵی محمد بۆ کوشتار، بەرهەمێکی باشی هەبوو. ئارەزووی دەستکەوتی سامان و ئەو پاداشتانەی محمد بەناوی خودا، بەڵێنی بە باوەڕداران دەدا، بە چاکە بۆ ڕۆژی پەسڵان. ئەوە وایکرد ئەنسارەکانیش بەشداری شەڕ بکەن. تا دەهات بەو بەڵێنانە لەشکری محمد زیاتر دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزووشیان زیادی دەکرد. ئیتر بڕیاریدا، ڕێگا لە کاروانی بازرگانی بگرن. محمد یاوەرانی خۆی نەک تەنیا بۆ شەڕ لە پێناوی خودا هاندەدا، بەڵکوو دەبوایە لەو دەستکەوتە نەفەقەش بدەن .

سورة البقرة ٢: ١٩٦

وَأَتِمُّواْ ٱلۡحَجَّ وَٱلۡعُمۡرَةَ لِلَّهِۚ فَإِنۡ أُحۡصِرۡتُمۡ فَمَا ٱسۡتَيۡسَرَ مِنَ ٱلۡهَدۡيِۖ وَلَا تَحۡلِقُواْ رُءُوسَكُمۡ حَتَّىٰ يَبۡلُغَ ٱلۡهَدۡيُ مَحِلَّهُۥۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوۡ بِهِۦٓ أَذٗى مِّن رَّأۡسِهِۦ فَفِدۡيَةٞ مِّن صِيَامٍ أَوۡ صَدَقَةٍ أَوۡ نُسُكٖۚ فَإِذَآ أَمِنتُمۡ فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلۡعُمۡرَةِ إِلَى ٱلۡحَجِّ فَمَا ٱسۡتَيۡسَرَ مِنَ ٱلۡهَدۡيِۚ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٖ فِي ٱلۡحَجِّ وَسَبۡعَةٍ إِذَا رَجَعۡتُمۡۗ تِلۡكَ عَشَرَةٞ كَامِلَةٞۗ ذَٰلِكَ لِمَن لَّمۡ يَكُنۡ أَهۡلُهُۥ حَاضِرِي ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ (١٩٦)

حەج و عومرە بۆ خودا، تەواو جێبەجێ بکەن، جا ئەگەر سنووردار کران ئەوە هەرچیەك تواناتان هەبوو، لە قوربانی ئەنجام بدەن. و سەرتان مەتاشن تاوەکو قوربانیەکەی بە شوێنی خۆی دەگا، جا ئەگەر هەر کەسێکتان نەخۆش بوو، یان کێشەیەکی لە سەر هەبوو، با فیدیەك بکات لە: بەڕۆژووبوون، یان خێرێ، یان قوربانیەك، وە هەر کاتێك متمانەتان هەبوو، جا ئەوەی کە نەیبوو، ئەوە با سێ ڕۆژی تەواو لە حەجدا بەڕۆژووبێ. و حەوت ڕۆژ کاتێ گەڕانەوە، ئەوە دە ڕۆژی تەواو دەکا. ئەوە بۆ کەسێکە کە خانەوادەی نیشتەجێی مەککە نین. و لە خودا بترسن. و بزانن کە خودا سزاکەی دژوار و سەختە (١٩٦)

بەو شێوەیە توانی تاوانی شەڕ، لەگەڵ خێر بکاتە پاکێچێکی جێی باوەڕ. و تەواوکەری یەکتری. بە ووردبوونەوەیەک لە دەقەکانی قورئانی مەدینە، تاکە شتمان پێدەڵێن، کە ئەو بەشەی قورئان، پێناسەی ڕاستەقینە ئیسلامە. وەک دینی شەڕ و داگیرکاری و تاڵان کوشتن و سەبایا. جا تا موسوڵمانان باوەڕیان بە ئیسلام بێ کە دینی خودایە. و قورئانیش پەیامی خودایە بۆ محمد. ئەوا توند و تیژی و تێڕۆڕ، بەهێزتر دەبێ. و زەمینەی تێڕۆڕی ئیسلامیش فراوانتردەبێ.

سەبارەت بە موسوڵمانانی میانڕەویش، کە داوای چاکسازی، گیانی لێبووردەیی دەکەن. بێجگە لە کەسانی دووڕوو زیاتر نین. بەپێی دەقەکانی قورئان ئەوانە موسوڵمان نین. لەبەر ئەوەی ئایەتەکانی قورئان، بەردەوام هانی موسوڵمانان بۆ توندوتیژی و شەڕ دەدەن. کەواتە یان دەبێ باوەڕیان بە ئایەتەکانی قورئان بێ یان ئیسلام نین.

لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی دینی تا ئاستێکی بەرز ناوەرۆکەکەی کە لە دەقەکانی قورئان و حەدیس پێکهاتووە. سیستەمێک پێکدێنێ، کە گشت بەشەکانی پێکەوە بەستراونەتەوە،

ئەگەر بە بەشێکی ڕازی بی، ئەوە ناچاری بەبەشەکەی تریش ڕازیی. ئەگەر مرۆڤ سەڕاستیێ لەگەڵ خۆی. و دینەکەی دەبێ لە پراکتیکدا، پەیڕەوی گشت بەشەکانی بکا. بەڵام ئەگەر لە هەندێکی دابەزی، ئەوا بەپێی لۆژیک لاسەنگ دەردەچێ. بۆ نموونە ئەگەر لە پێناوی گونجان لەگەڵ زانست لە سەر ئەوە دابەبەزین کە ئادەم و حەوا نەبووین. بۆچی لەوەش دانەبەزین کە بەهەشت و دۆزەخ بوونیان نییە! بۆ زانین هەموو بیروباوەڕانە بەشێکن لە ناوەرۆکی قورئان و چەقی بیروباوەڕی ئیسلامن. [83]

جا ئەگەر موسوڵمان باوەڕی بە دینەکەیەتی، دەبی باوەڕی بە کوشتن و تاڵان و کۆیلەکردن و سەبایاش هەبێ. ئەگەر باوەڕی پێ نەبن ئەوا موسوڵمانیەیتیەکەی، ناتەواو و خۆشی دووڕووە (منافق). با سەرنجێکی ئەو چەند ئایەتە بدەین کە لە بۆنەی جیا جیا محمد بەگوێی موسوڵمانایان داداون.

سورة محمد ٤٧: ٣٨

هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ تُدۡعَوۡنَ لِتُنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبۡخَلُۖ وَمَن يَبۡخَلۡ فَإِنَّمَا يَبۡخَلُ عَن نَّفۡسِهِۦۚ وَٱللَّهُ ٱلۡغَنِيُّ وَأَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُۚ وَإِن تَتَوَلَّوۡاْ يَسۡتَبۡدِلۡ قَوۡمًا غَيۡرَكُمۡ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓاْ أَمۡثَٰلَكُم (٣٨)

ئێوە داواتان لێ دەکرێت کە لە پێناو ڕێبازی خودا، خەرج بکەن. جا هەتانە ڕەزیلی دەکات، وە هەر کەسێك ڕەزیلی بکات، ئەوە لە خودی خۆی دەکات، چونکە خودا دەوڵەمەندە و ئێوە هەژارن، وە ئەگەر پشتی تێبکەن، ئەوە خودا بە خەڵکانێکی جیا لە ئێوە دەتانگۆڕێتەوە، ئەوسا ئەوان وەك ئێوە نابن. (٣٨)

[83] الدكتور صادق جلال العظم (١٩٧٠) نقد الفكر الدين. الطبعة الثانية. ص ٣٢

سورة النساء ٤: ٨٤

فَقَـٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفۡسَكَۚ وَحَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَكُفَّ بَأۡسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ وَٱللَّهُ أَشَدُّ بَأۡسٗا وَأَشَدُّ تَنكِيلٗا (٨٤)

تۆ لەسەرتە لە پێناوی خودا بچیتە شەڕ. تۆ ئەرکی تەنیا خۆت لەسەرە. و هانی باوەڕدارانیش بدە، ڕەنگ بێ خودا، لە زەبروزەنگی بێباوەڕان بتانپارێزێ. و خودا بە گوڕترە، و لە تۆڵەدا بەزەبرترە. (٨٤)

النساء ٤: ١٤١

ٱلَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمۡ فَإِن كَانَ لَكُمۡ فَتۡحٞ مِّنَ ٱللَّهِ قَالُوٓاْ أَلَمۡ نَكُن مَّعَكُمۡ وَإِن كَانَ لِلۡكَـٰفِرِينَ نَصِيبٞ قَالُوٓاْ أَلَمۡ نَسۡتَحۡوِذۡ عَلَيۡكُمۡ وَنَمۡنَعۡكُم مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۚ فَٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَـٰمَةِۚ وَلَن يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لِلۡكَـٰفِرِينَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ سَبِيلًا (٤١)

ئەوانە بۆ ئێوە خۆیان مت داوە، سا هەرکاتێ خودا ئێوەی سەرخست، دەڵێن: ئەی ئێمە لەگەڵ ئێوەدا نەبووین؟ و ئەگەر خودانەناسەکانیش، لە بەشێکدا باوخۆشتربوون، دەڵێن: ئەی ئێمە پاڵپشتی ئێوە نەبووین؟ و لە بێباوەڕان دەمانپاراستن. خودا لە ڕۆژی پەسڵان نێوانتان دەکات، وە خودا هەرگیز ڕێگا بە خودانەناسان نادا، دەستیان بەسەر باوەڕدراندا بڕوا. (١٤١)

سورة التوبة ٩: ٢٠

ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَـٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ أَعۡظَمُ دَرَجَةً عِندَ ٱللَّهِۚ وَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ (٢٠)

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان کردووە و جیهادیان لە پێناو خودا کردووە، بە سامانیان و گیانیان، پلەیەکی مەزنیان لای خودا هەیە. و ئەوانە سەرکەوتوون (٢٠)

ئەو چەند ئایەتە نموونەی ناوەرۆکی قورئان و دینی ئیسلامن. هەروەها بنەڕەتن بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی، محمد، کۆنترۆڵکردنی یاوەرانی، هەر پارە خەرجکردن بۆ حەج، تا دەگاتە هاندانیان بۆشەڕ، و داگیرکاری، کە بەپێی پلانی فراوانخوازی محمد، ئایەتەکانیش دەگۆڕان ناوەرۆکیان لەگەڵ ئامانجی پلانەکە دەگونجێنران. بە هۆنینەوەی ئایەتەکان و گونجاندنیان، لەگەڵ هەڵومەرجی شەڕ و داگیرکاری. توانی زۆربەی گرووپە چەتە و ڕێگرەکانی حیجاز لە خۆی کۆکاتەوە. لەلایەک ترساندنیان بە ناوی خودا و ڕۆژی دوایی، لەلایەکیتر پاداشتی تاڵان و سێکس و بەهەشت. ئەوەش دواتر بووە، سیستەمێکی سیاسی کە بە درێژایی مێژووی ١٤٠٠ ساڵی ئەو دەوڵەتە، بەردەوامە و پەیڕەودەکرێ.

لاقەکردنی ژنان چەکێکی تری محمد بوو لە شەڕ

لە کۆمەڵگەی عەرەبی پێش ئیسلام، کە بەردەوام هێرش و داگیرکاری لە نێوان هۆزەکانی عەرەبی بیابان نیشین دووبارە دەبووەوە. ژنیش یەک لەو کاڵایانە بوو، کە دەبردرا. و دەکرایە قەرەواش و دەفرۆشرا. بۆیە هەمیشە خاڵێکی لاوازبوو، کە دەبوایە بپارێزرێ، لەلایەن پیاوان چاودڕی و پاسەوانی لێبکرێ. لە شوێنێک داڵدەبدرێ، کە دوژمن بە ئاسانی دەستی نەگاتێ.[84]

محمد نەرگسیەتی ئەوەندە توندبوو، بۆ گەیشتنە ئامانج گشت ڕێگایەکی بەکاردێنا. یەک لەو کارە درۆندانەی، بۆ تێکشکاندنی ووڕەی دوژمنانی، لەکاتی داگیرکاری بەکارهێنانی ژن بوو.

[84] منصور فهمي (١٩١٣) احوال المرأة في الإسلام. منشورات الجمل. ص ١٦

لە هێرشی داگیرکاری وەک سیستەمێک کردبوویە، چەکێکی کاریگەر هەر لە ئەتککردن، لەکاتی هێرش، تا دەگاتە بازرگانی پێکردنیان و لەکاتی دیلی لاقەکردنیان. ئەوەش وەک پلانێک بۆ سەلماندنی گیانی نەرگسی خۆی و تێکشکاندنی، نەک تەنیا دوژمن، بەڵکوو بەرامبەر گشت خەڵکی ئەو ناوچانەی، دەکەوتنە بەر هێرشی داگیرکاری. کە توانای بەرەنگاریان نەمێنێ.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، و بەدیلگێرانی کچ و ژنانی گەنج، ڕێگای بە شەڕکەرانی دابوو، بۆ دڵخۆشکرنیان و پاداشتی بەشداربوونیان لە شەڕ، لاقەی ئە ژنە بەدیلگیراوانە بکەن. سەبارەت بەو ڕێبازەش، زۆر چیرۆکی قێزەوەن هەن. کاتی لە شەڕێکدا ژن و کچیان بەدیل دەگرتن. بە پلەی یەکەم بۆ فرۆشتنیان بوو، لە بازاڕی نەخاسە. لە هەمانکاتدا وەک کاڵایەکی سێکسی محمد ڕێگای دابوو، لاقەیان بکەن. بەوەش دەیتوانی هەم چەتە شەڕکەرەکانی لە ڕووی سێکسیەوە بخرۆشێنێ. و هەم وەک کاڵایەک بۆ فرۆشتن.

ئەو ڕەفتارەی محمد لە شەڕ و داگیرکاری تا ئێستاش هەر بەردەوامە. نموونە لەسەر ئەو درۆندەییە زۆرن. هەر لە درۆندایەتی داعش بەرامبەر کوردانی ئێزیدی، تا دەگاتە بوکۆحەرام. کە ووڵاتی نێجیریا لە ساڵی ٢٠١٤ س.ب ٢٧٦ کچی قوتابیان رفاندن. لەوانە ٥٠ کچ توانیان ڕابکەن و ڕزگاریان بێ. ئەوانیتر کوژران، لە شوێنێکیتر ١٠٦ ژنی نێجیریان ڕفاندن و کوشتنیان. ئەوەی جێگای سەرنجە هەردوو داعش و بوکۆحەرام لە ئاینزای سونیین. و بەردەوام لەسەر تێڕۆڕ، وەک سونەتی نەبەوەی و سەرەتای ئیسلام دەڕۆن.

لەلایەکیتر، ڕێگا دانی محمد بە شەڕکەرانی بۆ لاقەکردنی ژنانی دیل، کێشەی بۆ شەڕکەرانی دروستکردبوو. لەبەر ئەوەی لەلایەک دەیانەویست سێکس لەگەڵ ژنە بەدیلگیراوەکان بکەن، لەلایەلیتر دەیانەویست بیانفرۆشن پارەی باش وەرگرن. کەچی لەوە دەترسان، ئەو

ژنانە سکیان پڕبێ. نرخیان دادەبەزێ یان کەس نایانکڕێ. ئەو شەڕکەرانە لەبەر دوودڵی بۆ ئامۆژگاری پەنایان بردە بەر محمد.

محمد گوتی:

هیچ گیانێک دروستنابێ، تەنیا خودا دەیئەفرێنێ. [85]

بەو مانایەش محمد وەک یاسایەک، ڕێگای بە شەڕکەرانی دا کە لاقەی ژنە بەدیل گیراوەکان بکەن. سەبارەت بەو کارە دڕوندانەی زۆر حەدیسیتر هەن. کە تەنیا دڕوندایەتی کەسایەتی دەردەخەن.

درۆکردن و پەیمان شکاندن

ڕەوشتی درۆکردن و پەیمان شکاندن، دوو لەو کردەوانە بوون محمد بەردەوام پەیرەوی دەکردن. یەک لەو نموونانە. پەیمانی حودەیبیة بوو، کە محمد لەگەڵ خەلکی مەککە لەسەر چەند خاڵێک پێکهاتن و هەردوولا مۆریانکرد. یەک لەو خاڵانە محمد بەڵینی پێدابوون، هەر منداڵێک یان کۆیلەیەکی قورەیشیەکان، کە هەڵاتبوون. و هاتبوونە لای لەشکری محمد، بۆیان بگێڕێتەوە.

إبن إسحاق لە أبو بصیر دەگێڕێتەوە، کەسێکی خەڵکی مەککە دوای ماوەیەک هاتبوو، بە محمدی گوتبوو، مەکیەکان دوو کەسیان ناردوون، بۆ ئەوەی بەڵێنەکەی وەبیرێننەوە. لەو

[85] صحيح البخاري، كتاب التوحيد ٦٩٧٤، ٢١١٦

کاته محمد هەستی بە سەخڵەتی و شەرمەزاریکرد. ناچاربوو، ڕووی لە أبو بصیر کرد. و گوتی:

> ئەی أبو بصیر، ئێمە ئەو بەڵێنەمان بە خەڵکیدا، و لە دینی ئێمە زۆرداری لەکەس ناکرێ. و خودا لە تۆ و ئەوانەی لێرەن و بێ دەرەتانن دەبێ دەریچەیەک بۆ دەرچوونیان هەبێ. أبو بصیر لە ئاماژەی محمد تێگەیشت. و لەگەڵ دوو نێردراوەکە ڕۆیشتن. دوای نزیکەی شەش میل لە مەدینە دوورکەوتنەوە، بۆ پشوودان وەستان. أبو بصیر گوتی: شمشێرەکەم ڕاکێشا هەردووکیانم کوشت. دوایی گەڕایەوە لای محمد. و گوتی ئە پەیامبەری خودا، بەو خودایە خودا بەبەزەییە.

ئەوەش بەڵگەیە، بۆ ئەوەی محمد، گشت ڕێگایەکی بەکاردێنا لە سووکایەتی، کوشتن تادەگاتە تاڵان و بەرتیل دان، تەنیا بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجانەی کە هەیبوون.

دڕوندەیی بەرامبەر خەڵکی بێتاوان

گەورەترین دڕوندەیی کە نەرگسی بیکا، کوشتنە. کە محمد لەو تاوانە ڕەچەشکێن بووە. یەک لە پلانەکانی ئەوەبوو، هێرشی بێ پێشوەختە و لە ناکاوی دەکرد. شەوێکیان هێرشی کردە سەر بەنی مصطلق کە لە خەودابوون، شوانەکانیان بە شەو مەڕومالاتیان ئاودەدان. کاتی دەستیانکردە هێرش هەر پیاوێکیان دەدی دەیانکوشت. کچانیان دەکردنە سەبی.

جویرة لەو شەڕەدە سەبیکرا. بە پێی مێژوونووسانی موسوڵمان ٦٠٠ کەسیان، کرانە سەبی، ٢٠٠٠ وشتر و ٥٠٠ سەر بزنیان بە تاڵان هێنا. [86]

کاتی تێڕۆڕیستەکانی موسوڵمان، منداڵان دەکوژن، دەستبەجێ موسوڵمانە میانڕەوەکان دەڵێن، لە ئیسلام کوشتنی منداڵ قەدەغەیە. کەچی بێ ئاگا لەوەی، محمد خۆی ڕێگای بە کوشتنی منداڵ داوە. ئەوەش لەکاتی هێرشکردن، منداڵ کەوتبێتە ناو. کە دایکی بەکەلکی ئەوە هاتبێ بکرێتە سەبی. منداڵەکە بوویێتە بەربەست.

لە الصعب دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: سەبارەت منداڵانی بەدیلگیراو، لە محمدیان پرسی، ئێمە چی لەو منداڵانە بکەین؟ لە وەڵامدا محمد گوتبووی : ئەوانیش لەوانن. [87]

واتە بیانکوژن.یاوەرەکانیش پێویستیان بەو مۆڵەتە بوو، یەکسەر منداڵەکانیان کوشتوون. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی محمد بۆ تاڵان بووە، ئەوەی بەکەلکی بازاڕی فرۆشتن هاتبایە، وەک مەڕومالات و سامانی تر و کچ و ژن بۆ بازاڕی نەخاسە. و پیاوەکانیشیان دەکوشتن.

محمد تا سەرەمەرگیش هانی کوشتنی دەدا

[86] صحیح البخاری کتاب العتق ٢٤٠٣
[87] صحیح البخاری، کتاب الجهاد و السیر ١٧٤٥

محمد له سەرەمەرگدابوو، بە سەحابەکانی نزیکی خۆی گوت، لە جیهادکردن بەردەوامبن. هەروەها پلانی کوشتنی عەبهەلەی لە یەمەن دانا. بەردەوام چاوەدێری دەکرد تا کوژرا. تەنیا لەبەر ئەوەی، عەبهەلە داوای پەیامبەرایەتی دەکرد. و محمد ڕق لەوە بوو کەسانیتر بەرابڕکێی لەگەڵدا بکەن. جەنگیزخانیش لەسەرەمەرگ هەمان فەرمانی دا، کە ئارەزووی ئەوە بوو، هەموو جیهان داگیرکا. بەڵام کە خۆی نەیتوانی خەونەکەی بێنێتەدی، پێویستە کوڕەکانی و لەشکرەکەی ئەوکارە ئەنجام بدەن. مەغۆلەکان هەروەک موسوڵمانان لە نەرگسیەتێک دادەژیان، کەبێجگە لە سەرکەوتن و بردنەوە و داگیرکاری زیاتر، هیچ شتێکیتر بوونی نەبوو. هیتلەر بە هەمان شێوە. نەرگسیەتی وایلێکرد لە شەڕی جیهانی دووەم بە ملیۆنان بەکوشت بدا. و هەمیشە داوای دەکرد، کە ڕەچەڵەکی ئاری بەسەرۆکایەتی خۆی، مرۆڤی باڵای جیهانن. ئەوانە هیچ ویژدانێکیان بۆ ژیانی خەڵکیتر نییە، گیانی خەڵکی بەرامبەر خەونە نەرگسیەکانیان زۆر هەرزان و بێ بەهان.[88]

هەڵەیە ئیسلامی سەرەتایی بەدین دابنرێ، ناوەرۆکی ئەو ئیسلامەی کە ئێستا دەیبینین. دواتر لەلایەن ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمان دروستکراوە. ئەوانە لە ڕاڤەکردنەکانیان، ئایەتەکانی قورئان و قسەکانی محمدیان بە شێوەیەکیتر، کە لە گەڵ ڕەوتی سیاسەتی دەوڵەتی ئیسلام، و هەڵومەرجی مێژووبی دەگونجاند. ئەوەش وایکرد دین لەلایەن ئەوانەوە، و بە ئارەزووی ئەوان فۆرمێکیتر وەربگرێ. دواتر هەنگاو بە هەنگاو، بەپێی تێپەڕبوونی کات، ئەو ڕاڤانە، سیمایەکیتر بدەنە ئیسلام. و و مێژووێکی پلان بۆدانراوی بۆ دروستبکەن، و هەنگاو بە هەنگاو پەرەی پێدەدرا. و مۆرکی سەردەمی کۆن و جێ متمانەیان پێوە لکێندرا. بەڵگەی ئەوەش یەکەمجار لەسەردەمی عەباسیەکان إبن إسحاق یەکەم بیۆگرافیای محمدی نووسییەوە. و دواتر لەلایەن إبن هشام بەدەسکاریەکی زۆر پوختەکرایەوە.

[88] تاريخ الطبري، تاريخ الرسل و الملوک الجزء الثالث، دار المعارف بمصر، ص ٢٢٧ – ٢٣٩

ئیسلامی سەرەتایی، وەک هەر ڕەوتێکی سیاسی ئاسایی دەستی پێکرد. و لە سەدەی یەکەمی پەرەسەندنی هێشتا فۆرمی دینی وەرنەگرتبوو. بۆیە ئەگەر ئیسلام دین بێ، ئەوا ناسیزم، کۆمونیزم و ناسیۆنالیزمیش دینن. مادام ئیدایایەک ڕادەگەیێنن و خۆشیان بە ڕەها دادەنێن، ئەوا لە ڕووی پیرۆزییەوە، جیاوازیەکیان لەگەڵ ئیسلامی سەرەتایی و دینەکەی محمد دا نییە.

بە پێچەوانەوە، ئەگەر لە ڕوانگەی مرۆڤدۆستی و گیانی پێکەوەژیان ئیسلام هەڵسەنگێنین. ئەو دەمە ئیسلام لە تاقیکردنەوە دەرناچێ. و ناتوانێ دینێکی مرۆڤ دۆستبێ. بەڵکوو دینێکە لە کوشتن و تاڵان و قڕکردن، هاوشێوەی ناسیزم و کۆمونیزمی شەڕە.

کەسی نەرگسی، خۆی بە خودا دەزانێ. تاکە شتێک لای گرنگ بێ جیاکردنەوەی خۆیەتی لە ئەوانیتر. و خۆی دەکاتە هێزێکی دەگمەن. دەیەوێ ڕێزێکی بێ پایانی لێبگیرێ. تێبینی بکرێ و هەرگیز لەبیرنەکرێ. تەنانەت خوداکەشی لە قسەکردن گوێ لە ئەودەگرێ:

سورة النساء ٤: ٦٥

فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا (٦٥)

بەڵام نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت، ئەوانە باوەڕ ناهێنن، مەگەر لەسەر مشتومڕی ناوخۆیان، تۆ نەکەنە بڕیاردەر. و لە دڵەوە بە هەر فەرمانێک کە تۆ بیدەی، دەبێ ڕازیین و تەواو ملکەچیین (٦٥)

ئەو ئایەتە بەڵگەیە بۆ ئەوەی خودا، گوێڕایەڵی محمدە. و فەرمان بە خەڵک دەدا، دەبێ گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەوبن. ئەگینا باوەڕهێنانتان بە دەردتان ناخوا.

ئایا محمد (صادق الأمین) بوو؟

بەردەوام گوێمان لێدەبێ، موسوڵمانان دەڵێن محمد کەسێکی ڕاستگۆ و دەستپاک بووە، تەنانەت خەڵکی مەککە بە نازناوی (صادق الأمین) بانگیان کردووە. ئەو دەربڕینەش بە قسەی موسوڵمانان دەبێ بەر لە وەحی و دوای وەحی، لەلایەن خەڵکی مەککە بەو ناوە بانگیانکردبێ [89] ئەو گۆتەیە تا چەند ڕاستە، دەکرێ بە بەراوردکردنی ئەو دوو ووشەیە، لەگەڵ قورئان و مانای زمانی فەرمی عەرەبی بەراوردبکرێن، تا ڕاستی ئەو شتەمان بۆ ڕوون بێتەوە.

یەکەم: ووشەی صادق لە ڕاستی بەدوورە، لەبەر ئەوەی قورئان خۆی شایەتە، کە خەڵکی مەککە محمدیان بە درۆزن، جادوگەر و شێت ناوبردووە. و محمدیش بەناوی خوداکەی بەرگری لەخۆی دەکا. بۆ نموونە دوو ئایەتی قورئان دێنینەوە.

سورة ص ٣٨: ٤

وَعَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٞ مِّنۡهُمۡۖ وَقَالَ ٱلۡكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٞ كَذَّابٌ (٤)

بەڵایانەوە سەیربوو، کە پەیامبەرێک لە خۆیانەوە هاتووە. و ترسی خودایان وەبەردەنێ. خودا نەناسەکان گوتیان. بێ و نەبێ جادوگەرێکی درۆزنە (٤)

سورة الطور ٥٢: ٢٩

ذَكِّرۡ فَمَآ أَنتَ بِنِعۡمَتِ رَبِّكَ بِكَاهِنٖ وَلَا مَجۡنُونٍ (٢٩)

---

[89] الحداد، الدكتۆر أحمد بن عبدالعزيز قاسم. اخلاق النبى صلعم.

دەسا بیریان بێنەوە، کە بە چاکەی خوداکەت، تۆ نە جادووی و نە شێت.
(٢٩)

ئەو دوو ئایەتەی قورئان، بە ڕوونی دان بەوە دادەنێن، کە خەڵکی مەککە محمدیان بە دروزن و جادوگەر و شێت بانگکردووە. کاتی خەڵکی مەککە بە پرسیارکردن بۆیان دەرکەوتووە، محمد ڕاست ناکا. و بەدرۆیان دەخستەوە، خۆ ناکرێ هەمان خەڵک، بە کەسێکی ڕاستگۆی دابنێن.

سەبارەت بە ووشەی الأمین یا أمین
لە حیجاز وا باو بوو، ئەو کەسانەی وەک بریکاری خەڵکیتر، خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون، پێیان دەگوتن (أمین) لێرەدا أمین ئاکاری مرۆڤ نییە، بەڵکوو پێشەیە. لەبەر ئەوەی ئەو کاڵایەی بازرگانی پێدەکرد، هی کەسێکیتربووە. ئەو کەسەش خۆی بە أمین دەناسرا. زۆر جار لە بازاڕ دەیانپرسی بازرگانە یان أمین. بۆ ئەوەی بزانن بازرگانی بۆ خۆی دەکا یان بریکار یا نوێنەری کەسێکیترە. لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبێش بە هەمان مانادێ:
معجم لسان العرب: عهدة (سەرپەرشتیکردن، چاوەردێریکردن)
معجم الوسيط: الوسيط الذي يحتفظ بالأوراق المالية للعميل، مقابل عمولة.
معجم المعاني الجامع: الأمين – الحافظ الحارس
قاموس الكل، قاموس عربي عربي: الأمين - الحافظ الحارس

بە لێکدانەوەیکی وورد بۆمان دەردەکەوێ، کە ڕێی تێناچێ ووشەی أمین مانای دەستپاک بێ. بەڵکوو بە مانای بریکار، نوێنەر، سەرپەرشتیکار یا پاسەوان دێ.

ئەو ووشەیە (أمین) تا ئێستاش لە زمانی عەرەبی، لە بوارە فەرمیەکان بەکاردێ، بۆ نموونە وەک أمین المكتبة، أمین العام، أمین الصندوق تا دەگاتە مجلس الأمناء. محمد وەک

بریکاری کاروباری بازرگانی بۆ خەدیجە، خەریکی بازرگانی بوو، و دەچووە شام و کاڵاکانی دەفرۆشتن و کالای تری لە شامەوە دەهێنانە مەککە. بۆیە وەک پیشە پێیان دەگوت أمین.

بێجگە لەوەش خەڵکیتریش لە مەککە بە أمین ناو دەبران. یەک لەوانە أبو العاص بن الربیع، مێردی زەینەب، زاوای محمد نازناوی (أمین)ی وەک پێشە هەبوو. تەنانەت باوەڕیشی بە ئیسلام نەهێنا. تا محمد ناچاری نەکرد! محمد فەرمانی بە زەینەب دا، ئەگەر أبو العاص موسوڵمان نەبێ، دەبێ وازی لێبێنێ. بۆیە أبو العاص موسوڵمان بوو.[90]

باشە، ئەگەر خەڵکی مەککە، محمدیان بە ڕاستگۆ و دەستپاک (صادق الأمین) دەزانی، بۆ کاتی داوای پەیامبەرایەتی کرد، گاڵتەیان پێکرد. محمد خۆی دان بەوەدا ناوە، کە خەڵکی بە جادوگەر و شێت و درۆزن بانگیانکردووە. و بە دەیان و سەدان جار بەرمەیدان بە درۆیان خستۆتەوە. و پەنای بردۆتە بەر هۆنینەوەی ئایەتی قورئان.

[90] النابلسي، الدكتور محمد راتب، سيرة و الشمائل – سيرة خمسين صحابي، المجلد الأول، أبو العاص بن الربيع.

دینەکەی محمد، بەردەوامی نەساڕی بوو

تا ئێستا، هیچ پەرتووکێکی مێژووپی و کەلەپووری ئیسلام، بە ووردی باسی دۆخی جولەکە و ڕێبازی نەساڕی نەکردووە. هەر ئەوەشە وایکردووە، نەتوانرێ پەیوەندی نەبی عەرەبی، بە جولەکە و ڕێبازی نەساڕی بدۆزرێتەوە. بەبێ کێشانی نەخشەی مێژووی ژیان و پەرەسەندنی جولەکە و نەساڕی لە دوورگەی عەرەبی، ئەستەمە بتوانی بە ووردی و قووڵی لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئیسلام تێبگەی.[91]

بۆ باسی ئیسلام و پەرەسەندنی، ئەوەندە بەس نییە، تەنیا باسی لەدایکبوونی محمدی کوڕی عبداللە بکرێ. یان هەر ساڵ ئاهەنگی مەولودی نەبی عەرەبی بگێڕدرێ. کەچی بیر لەوە نەکرێتەوە، محمد ژیانی منداڵی و هەرزەکاری چۆن بووە. کاریگەری کێی لەسەر بوو.

بە شێوەیەکی گشتی، دیمەنی ژنگەی کۆمەڵایەتی و دینی، لەماوەی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام و کاتی سەرهەڵدان و دواتر پەرەسەندنی ئیسلام چۆن بووە. بەبێ قووڵبوونەوە لە باری کۆمەڵایەتی و جوگرافی و پاشخانی مێژووپی ژینگەی لەدایکبوونی محمد، ناتوانین لێتۆژینەوە سەبارەت بە دیمەنی ڕاستەقینەی هزری دینی ئیسلام، بە شێوەیەکی بنەڕەتی بکەین.

لەبەر ئەوەی قورئان سەبارەت بە لەدایکبوونی موسا و یەسو و نەبیەکانیتر، زۆر شتی باسکردووە. بەڵام بۆ باسی لەدایکبوون و منداڵی محمد هیچ نادۆزرێتەوە. بۆیە ئەوەندە بەسنییە، تەنیا باسی سەرهەڵدان و دیاردەی وەحی بکەین. ئەگەر قورئان و پەیامی ئیسلام لەسەر پەڕجووێکی ڕەوانبێژی کورتکەینەوە. ئەگەر ئەو شێوە مێژووە، بە تیوری زانین

[91] محمد حسان المنير. يوم قبل وفاة محمد. إسلاميات دوت كوم. ص ٢٣

ببەستینەوە. ئەوە لە بنەڕەتدا لەگەڵ یاساکانی سرووشت و پەرسەندنی کۆمەڵایەتی ناکۆک دەبێ.

با لێرەوە دەستپێ بکەین. پەروەردەبوونی محمد لەکۆڕە دینیەکانی، نەساڕی دەستی پێکردووە. بە ئارەزووەوە گوێی لە قسەو باسیان دەگرت. و وەڵامی زۆری پرسیارەکانی، لەلای ئەو ڕەبەنانە دەدۆزینەوە. بۆیە هەستی بە ئارامی دەکرد. و هۆگری ئەو کۆڕە بەردەوامانە دەبوو. و ئەوانیش بەردەوام زانیاریان دەدایە و ڕێنماییان دەکرد. زۆر جار ئەو ڕەبەنانە نامەیان بۆ قەشە وەرەقە بن نوفل دەدایە. ئەویش دوای گەیاندنی، وەڵامی قەشە وەرەقەشی بۆ ڕەبەنەکان دەهێنایەوە. [92]

بۆ تێگەیشتن لە قورئان و سەرهەڵدانی ئیسلام، دەبێ بە شێوەیەکی گشتگیر و قووڵتر، لە هەڵومەرجی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دینەکانیتری هەمان ژینگە بتۆژرێتەوە. لەبەر ئەوەی قورئان بە سرووشتی خۆی کۆی تیوری ئەو دینە یەکتاپەرستانەیە. و لەناو دەقی ئایەتەکانی بەردەوام، بۆ پەیامی نەبیەکانی تر و ژیانیان دەگەڕێتەوە. لە هەر دەقێکی بەبیری باوەرداران دێنێتەوە، کە ئیسلام و قورئان بەردەوامی ئەو دینانەن.

قورئان خۆی ئەوە دووپاتە دەکاتەوە، کە بنەڕەتی پەرتووکەکانی دین یەک سەرچاوەیە، لەلایەن خوداوە هاتووە. سەرەڕای ئەوەش دروستی قورئان بە گەواهی ئەو پەرتووکانە (تەورات و ئینجیل) پشتڕاست دەکاتەوە. بە مانایەکیتر محمد ناتوانێ لە چوارچێوەی هەردوو دینی جولەکە و نەساڕی دەربچێ، بەڵکوو بەردەوام لە سێبەری ووتار و لیتورگی کاهین و ڕێبەرانیان خۆی دووپاتە دەکاتەوە.

سورة البقرة ٢: ٢١٢

---

[92] الياس المر (١٩٨٥) الإسلام بدعة نصرانية. ص ٥٧

زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَيَسۡخَرُونَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۘ وَٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ وَٱللَّهُ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ (٢١٢)

بۆ ئەوانەی کوفریان کردووە، بۆ ئەوەی ژیانی دونیایان ڕازێندراوەتەوە، و ئەوان گاڵتە بەوانە دەکەن، کە باوەڕیان هێناوە. و ئەوانەی خوداپەرست بوون، لە ڕۆژی سەڵا لەسەریانەوە دەبن. و خودا بەبێ سنوور بژێوی بە کەسێک دەدا کە خۆی بیەوێ (٢١٢)

جا هەریەک لە تەورات، ئینجیل یان زەبوور و قورئان پەرتووکن لە لەوحی مەحفوزەوە یان (الکتاب المبین). بۆیە تەنیا بە خوێندنەوەی قورئان، ناتوانی لە دیمەنی تەواوی بنەڕەتی ئیسلام تێبگەی. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی قورئان نموونەی پوختەکراوی پەرتووکەکانیترە بە زمانی عەرەبی پاراو.

القرآن الكريم - سورة زخرف ٤٣: ٢ - ٣

وَٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ (٢) إِنَّا جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ (٣)

و سوێند بەو پەرتووکە ڕوونە (٢) کە کردومانەتە قورئانێکی عەرەبی، تا تێبگەن. (٣)

بەپێی ئەو ئایەتە قورئان کۆپیەکی پەرتووکی پیرۆزە، بە زمانی عەرەبی. هەر بۆیە فەرمان بە باوەڕدارانی دەدا، کە باوەڕ بە پەرتووکە پیرۆزەکانیتر بکەن.[93]

بە پێی ئەو دەربڕینەی قورئان، گشت پەرتووکە پیرۆزەکانی هەرسێ دینە ئیبراهیمیەکان، یەک پەرتووکن. و قورئانیش یەکێکە لەو پەرتووکانە و پەیامبەری ئیسلامیش یەک لەو نەبیانەیە. چونکە خودا یەکە. و تاک و تەنیایە. و هەموو نەبیەکانی پێشتر و محمدیش، ڕوو

[93] المنير، محمد حسان (بلا تاريخ) يوم قبل وفاة محمد. إسلاميات دوت كوم. ص ٢٣

لە ئەو دەکەن. [94] ئەوەش بەڵگەیە کە قورئان خۆی دان بەوە دادەنێ .کە وەحی بۆشاییەکی ڕووحی نەبووە. بەڵکوو هەنگاوێکە لەناو چوارچێوەی پەرەسەندنی دینە ئیبراهیمیەکان. و دەبێ بە هەمان ڕێباز و ڕەوتی پڕۆسەی پەرەسەندنی دینی دابڕوا.

سورة المائدة ٤٧

وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ ٱلْإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ (٤٧)

دەبا باوەڕدارانی ئینجیل بەوە فەرمان بدەن، کە خودا تیایدا دایبەزاندووە، و ئەو کەسانەی فەرمانبەرداری ئەوە نەبن، کە خودا دایبەزاندووە. ئەوە ئەوانە سەرپێچیکەرن (٤٧).

لە قورئاندا بە شێوەیەکی بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ پەرتووکەکانی پێشتر. و وەک بارمتە بۆ باوەڕکردن بە دروستی قورئان، بە نموونە دەیان هێنێتەوە. ئەوەش بەڵگەیە کە مێژووی هزری قورئان پڕۆسەی مێژووێکی زۆر کۆنترە. بۆیەکاتی باسی ژیان و باوەڕی محمد دەکرێ، نابێ پەرەسەندنی دینەکانی جولەکە، نەسارِی و کریستیانی لەبیربکرێن. لەبەر ئەوەی ئەو سێ دینە، پاشخانێکی گەورەن بۆ باوەڕی محمد و سەرهەڵدانی ئیسلام.

[94] هەمان سەرچاوە. ص ٢٤

لە سۆراخی محمدی مێژووییدا

محمد وەک کەراکتەری سەرەکی، لە دینی ئیسلام، ژیان و چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەو بوونەتە بنەڕەتی ئەو دینە. لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ بەدواداچوونێک بۆ ژیان و پەروەردو، و کاریگەری ژینگەی گەورەبوونی لەگەڵ ڕەچەڵەکی بکرێ.

ئەوەش ڕەنگە کلیلێک بێ، بۆ چوونە ژوورە تاریکەکانی ژیانی و ڕاستیەکانی ئەو جیهانەی کە بۆتە ئەفسانەیەکی شاراوە، و هەمیشە سەرەتاتکی لەگەڵ لێتۆژەرەوە و مێژوونووسان دەکا. جیهانێک ڕەنگە، بە هەڵماڵینی پەردە لەسەریان، بتوانێ سیمای هەندێک شتی شاراوە دەرخا. ناوەوەی جیهانێک پیشان بدا، کە تا ئێستا نەویسترابێ یان بە گرنگ نەزانرابێ.

١ لە کاروانی بازرگانییەوە بۆ دەستەڵاتی[95] داگیرکەر

ڕەنگە ئەم ناونیشانەی سەرەوە، بۆ زۆر کەس شتێکی نوێ بێ. بەڵام پێت سەیر نەبێ، سەرهەڵدان و دروستبوونی دەوڵەتی قورەیش لە مەدینە، تەنیا گۆڕینی مێتود و تاکتیکی بازرگانی بوو. بەوەش توانیان لە بازرگانی پێستەی جۆراوجۆر، و خواردەمەنی و جل و بەرگ،

[95] ئیسلام دەستەڵاتێک بووە، بەبێ یاسا یان ڕێبازێکی دیاریکراو، بۆیە ناکرێ بگوترێ دەوڵەت. لە جیاتی ئەوە دەستەڵاتی مافیای چەند کۆنە بازرگانێک بووە. نەک دەوڵەتی یاسا. ئەوەش لە خاڵی چوارەم باسدەکرێ.

کە بە درێژایی زیاتر لە سەد ساڵ بوو دەیانکرد[96]. ئێستا میتوودێکی خێراتر و بەرژەوەندییەکی گەورەتر، لە تالان و سەبایا و وەرگرتنی سەرانە لەو خەڵکەی، کە نەدەبوونە موسولمان وەربگرن. و خۆیان بکەنە میراتگری ئیبراهیم. و ببنە گەلی هەڵبژاردە. ئەوەش گشتی بەناوی خودا. و فرۆشتنی بەهەشت بە شەهید بوون.

لەلایەکیتر، بەپێی لێتۆژینەوەی هاوچەرخ، دین و پەرەسەندنی بەرهەمی کولتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانن لە ناوچەیەکی جوگرافی و سەردەمێکی دیاریکراو. بۆیە دین و دیاردەکانی، ناتوانن لە ژێر تارمایی کولتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی پێشکەوتنی شارستانی دەربچن[97].

دروستبوونی دەوڵەتی قورەیش لە مەدینە ناتوانێ لەو پرینسیپە بەدەربێ. کولتوور و نەرێتە کۆمەڵایەتییەکانی ، بە درێژایی مێژووی ناوچە جیاجیاکانی دوورگەی عەرەبی و شام و میسۆپۆتامیا، پاشخانێکی پتەوی دینی ئیسلام، و دەوڵەتی نوێی قورەیش بوون. کوشتن و تاڵان و سەبایای تاک و تەرای پێش سەردەمی ئیسلام، بە هاتن و پەرەسەندنی دەوڵەتی قورەیش و دینی ئیسلام ئەویش پەرەی سەند. ئەوەش هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە. جەنگ و هێرش و داگیرکاری، کرایە بنەمایەکی سەرەکی بۆ بانگهێژی دین. ئەوەش نەک تەنیا لە پراکتیکی بڵاوکردنەوەی دین. بەڵکوو لە تێکهەڵکێشەی سورەتەکانی قورئانی مەدینەش ڕەنگدانەوەیەکی دیاری هەیە. و بە ئاشکرا بەدی دەکرێن. تێگەیشتنی ئەو ئایەتانە لە تێگەیشتنی پێویستی و پاڵپشتی بۆ کردەوە شەڕەنگێزیەکان بوو.

بە لێکدانەوەی هەڵومەرجی مێژووییو کۆمەڵایەتی سەردەمی ئیسلامی سەرەتایی، دەتوانرێ

[96] Crone, Perticia (1987) Meccan trade, and the rise of Islam. Pp 87
[97] Warburg, Margit(1999) Religionssociologi. I Rothstein; Mikael (red) Religionsforskning. Nya Doxa. Landskrona s 122

بڵاو بوونەوە و پەرسەندنی، دینی ئیسلام لە سەرەتادا. بگەڕێندرێتەوە بۆ سێ ڕەهەندی لەیەک جیا و تێکەڵاو. ئەو سێ ڕەهەندەش، لە سێ سەرچاوەی جیاوازەوە پەرەیان سەندووە. هەر ئەوەشە وایکردووە ئەو شارستانییەتەی بە ناوی ئیسلامەوە نووسراوە. دیمەنێکی دەگمەنی لە پەرەسندنی شارستانیی مرۆڤایەتی هەبێ. و لە شارستانی دەرەوەی جیهانی ئیسلام، بەتایبەتی لە ئەورووپای جیا بکاتەوە. ئەو سێ سەرچاوەیەش کلاسیکی، عیبرانی و داگیرکاری بووین.

مەبەست لە کلاسیکی ئەو کولتوور و کەلەپوورەی بیابانی حیجاز، لە پیش ئیسلام. بە میرات ماوەتەوە. و بۆتە بەشێک لە یاسا و پیرۆزیەکانی دینی ئیسلام. کە بریتی بوو لە کوشتن و تاڵان و کۆیلەکردن. ئیسلامی سەرەتایی هەردوو لایەنی کلاسیکی و عیبرانی لەگەڵ داگیرکارییەکانی تێکەڵکرد. و ناوی لێنا شارستانی ئیسلام.[98]

هەر ئەوەشە سەرجەمی یاسا و نەرێتەکانی ئیسلام. سەرەڕای میراتی نەساڕیەکان، میراتگری زۆربەی نەرێت و کولتوورەکانی دوورگەی عەرەبیشە. ئەوەش سەرجەمی جۆمگەکانی کۆمەڵایەتی باوی، لە بوارە جیاجیاکانی سەردەمی جاهیلی وەرگرتووە. بۆ نموونە ڕەوشت، کۆمەڵایەتی، یاسا و سیاسەت و زمان. هەندێك لەو شتانە لە ناو کلتووری ئیسلام وەک خۆی ماوە. یان هەندێك نەرێتی وەرگرتووە. و تەنیا ناوەکەی گۆڕیوون[99]. بۆیە دینی ئیسلام شتێکی نوێی نەهێناوە. بەڵکوو کاڵای کۆنەو و بە نوێ دەیفرۆشێتەوە.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەش. دەبێ بە دواداچوونێک بەناو ئەو سەرچاوانە دابکەین. کە لە دەرەوەی باوەڕی (عقیدة) دینین. و بێلایەنانە ئاماژەیان بە کەسایەتی

---

[98] Crone, Perticia, Michael Cook (1977) Hagarism the making of the Islamic world. Cambridge University Press. Pp 139

[99] عبدالکریم، خلیل (١٩٩٠) الجذور التاریخیه للشریعه الاسلامیه. سینا للنشر. ص ٩

محمدی مێژوویی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەی کردووە. هەروەها لە کولتوور و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمە قووڵبینەوە، تا بتوانین دەرئەنجامێکی لۆژیک و ڕیالیستانەی دوور لە ئەندیشەی بێ بنەما، بدینە دەست.

٣ محمد و هاوەڵە بازرگانەکانی

لەلایەکیتر بەپێی هەواڵەکانی بازرگانی، محمد هاوبەشێکی (شریک) هەبوو. بە ناوی السائب بن أبی السائب. کە سەر بەبەنی مخزوم بوو، لە هۆزی قورەیش بوو. چاڵاکی بازرگانی السائب لە نێوان مەککە بەرەو یەمەن و حەبەشە بوو [100]. ئەوەش دەریدەخا کە السائب کاڵاو کەرەستەی لە یەمەن و حەبەشە کڕیووە. و هێناویەتیە مەککە. محمدیش کاڵاکانی بۆ فرۆشتن، بردوونەتە شام. لەوێش کەرەستەی کڕیوە بۆ مەککەی هێناوە، و السائب بۆ یەمەن و حەبەشەی بردوون.

لە گێڕانەوەیەک هاتووە، گوایە محمد، لە بواری بازرگانی. متمانەی تەواوی لەسەر هاوبەشەکەی هەبووە. ئەوەش وایکردووە، هەندێک باوەڕیان وابێ، السائب بۆتە موسوڵمان. بەڵام هەندێکیتر دەڵێن لە شەڕی بەرد لە ڕیزی دوژمنانی نەبی کوژرا[101].

لە ساڵی ٦٦٠س.ب نووسەری ئەرمەنی سێبێۆس زیاتر لە بیرو کردەوەکانی محمد قووڵدەبێتەوە و دەنووسێ:

---

[100] الهندسي، الموسوعة الإسلامية. الجزء السادس. مادة (مخزوم) ص ١٣٦٩

[101] إبن هشام السيرة جزء الأول ص ٧١١ – ٧١٢

محمد شارەزای سەربردە و ژیانی موسا بوو. و خۆزگەی بۆ دەخواست.

درێژە بە باسەکەی دەدا و دەڵێ:

یاوەرەکانی بۆ گرتنی ئیسرائیل هان دەدا. و دەیگوت:

تەنیا خودای ئیبراهیمتان خۆش بوێ. بڕۆن خاکی خۆتان داگیرکەن. ئەو خاکەی، خودا دایە ئیبراهیمی باوکتان. هیچ کەس ناتوانێ لە شەڕدا بەرگەتان بگرێ. لەبەر ئەوەی خودا لەگەڵتان دایە.[102]

مێژوونووسانی موسوڵمان دەڵێن محمد لە کاتی شەڕی موءتة مردووە. و دوای ئەو ئەبوبەکر لەسەر شەڕ بەردەوام بووە. کەچی مێژوونووسێکی تری سریانی، بە ناوی تیوفیل الرهاوی پەنجا ساڵ دواتر، زانیاری زیاتر لەسەر محمد دەدا و دەڵێ:

کاتی محمد تەمەنی گەیشتە گەنجی و پێگەیی. دەستی بە بازرگانی کرد. بۆ مامڵەتی کڕین و فرۆشتن، بە سەفەری بازرگانی دەچووە ئیسرائیل. و لەگەڵ ناوچە و خەڵکەکەی ئاشنابوو. دینی خودای تاک ڕایکێشا. دوایی گەڕایەوە لای خەڵکی هۆزەکەی[103].

تیوفیل الرهاوی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی زایینی دەینووسی. کە هاوسەردەمی إبن إسحاق بووە. ئاشنایەتیشیان لەگەڵ یەکتری هەبووە. ئەو دەمە تیوفیل لە شاری بەسرای باشووری عیراق بوو. و لە سایەی خەلیفەکانی عەباسی دەژیا. و کاری زانستی ئەستێرەناسی دەکرد. سەرەتا لای منصور (٧٥٤ – ٧٧٥ س.ب) بوو. دواتر لای المهدی (٧٧٥ – ٧٨٥ س.ب) بەردەوام بوو. بەو پێیەی زانای ئەستێرەناسی بوو. پەیوەندی باشی

[102] Sebeos of Bagratanius, History of Heraclius pp 95-96

[103] یعقوب الرهاوی لە دەقی لاتینی لاپەڕە ١٧٨

لەگەڵ موسوڵمانانی ئەو کاتەدا هەبوو. هەر لەو کاتەشدا إبن إسحاق هەواڵەکانی دەربارەی نبی ئیسلام کۆدەکردنەوە.

تیوفیل سەبارەت بە مێژووی داگیرکاری ئیسلامی سەرەتای، بۆ ئیسرائیل کۆدەکردەوە. لە پوختەی باسەکەی ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

> کە دوو نێردە لە پشت ئەو چاڵاکی داگیرکردنەبوون. ئەوانیش محمد داوای لێکردبوون. کە خاکی پەیمان داگیربکەن. و تا دەکرێ تاڵان لەشەر وەدەست بێنن.

بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

> لە پێشیان باسی خاکی ئیسرائیلی دەکرد:
> ئەو خاکە باش و بە پیتە، دراوە بەوان (واتە باوەڕدارانی موسوڵمان) لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە خودای تاک و تەنیا هەیە.
> بەردەوام دەبوو و دەیگوت: ئەگەر ئێوە گوێم لێبگرن، خودا خاکێکتان دەداتی شیر و هەنگوینی لێ دەڕوا.
> هەر ئەوەش وایکرد، بەو قسانە کۆمەڵێک بە دوای کەوتن. و بەرەو خاکی ئیسرائیل بەڕێکەوتن. هێرشیان کرد. کاولیانکرد. و دوایی بە بارێکی گرانی تاڵانەوە گەڕانەوە. و هیچ زیانیان لێنەکەوت.[104]

ئەو ڕێکلامانەی نەبی محمد بۆ خاکی پەیمانی دەکرد. کە یاوەرانی بەردەوام بۆ داگیرکردنی جۆش دەدا. بەڵگەیە بۆ ئەوەی، شارەزای مێژوو و یاساکانی موسا بووە. هەروەها باش

[104]Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 145

ئاشنایی لەگەڵ زەبوورەکانیش هەبووە. کە لە ناو دەقەکانی باسی خاکی پەیمان و چاکەکاران دەکا. بەڵگەی ئەوەش لە دەقی قورئان دەبینینەوە:

سورة الأنبياء ٢١: ١٠٥

وَلَقَدۡ كَتَبۡنَا فِي ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعۡدِ ٱلذِّكۡرِ أَنَّ ٱلۡأَرۡضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ (١٠٥)

لە زەبوور نووسیومانە، لە دوای ناوهێنان لە تەورات. ئەو خاکە تەنیا بەندە چاکەکان بە میرات دەیگرن (١٠٥)

ئەو ئایەتەی سەرەوە لەگەڵ دەقی زەبوور بەراورد بکە.

پەیمانی کۆن - زەبوورەکان ٣٧: ٢٩

(٢٩) ڕاست و دروست پێتان دەڵێم. دەبنە میراتگری خاکەکە و هەتا هەتایێ لەسەری نیشتەجێ دەبن.

ئەو گێڕانەوەی تیۆفیل الرهاوی. دەکرێ وەک بەڵگەیەک بۆ ئایەتێکی قورئان و بەراوردکردنی بە دەقێکی زەبوور. لە هەمان کاتدا، بەڵگەیە بۆ ئەوەی محمد خۆی بە موسای چاوەڕوانکراو داناوە. و هەم لە کردەوەکانی و هەم لە هێنانەوەی ئایەت تا ئامانجەکانی پێ پشتڕاستکاتەوە، بۆ ڕاییکردنی یاوەرانی. و ناردنیان بۆ داگیرکاری.

تیۆفیل الرهاوی مێژوونووس، بەو گێڕانەوە مێژووییە، بنەڕەتێکی لۆژیکیمان سەبارەت بە ئامانجی محمد، لە داگیرکردن و تاڵانی خاکی پەیمان دەداتێ.

ئەو هاندانانەی محمد، بۆ ڕاییکردنی یاوەرانی بۆ خاکی پەیمان، کە مافی خۆیان لەو خاکەدا هەیە، و خودا پەیمانی بە ئیبراهیم و وەچەکانی داوە. لەبەر ئەوەی ئەوانیش نەوەی

ئیبراهیمن، له ڕێگای ئیسماعیلەوە. سەرەڕای ئەوەی، جیاوازییەکی تەواو لە ڕووی جوگرافییەوە هەیە[105]. دەبینین قورئان لە دوو ئایەت ئەو گێڕانەوەیە پشتڕاست دەکاتەوە. بۆیە گومانی تێدا نامێنێ. کە محمد، بڕیاری تاڵان و بڕۆی خاکی پەیمانی داوە.

سورة مريم ١٩: ٤٠

إِنَّا نَحۡنُ نَرِثُ ٱلۡأَرۡضَ وَمَنۡ عَلَيۡهَا وَإِلَيۡنَا يُرۡجَعُونَ (٤٠)

ئەو خاکەی بۆمان ماوەتەوە، و لە دواجاریش هەر بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە (٤٠)

سورة المائدة ٥: ٢١

يَـٰقَوۡمِ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِي كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَلَا تَرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَارِكُمۡ فَتَنقَلِبُواْ خَـٰسِرِينَ (٢١)

ئەی گەلەکەم، بڕۆنە ناو ئەو خاکە پیرۆزەی، خودا بۆ ئێوەی دیارکردووە (نووسیووە) دوودڵ مەبن، مەگەڕێنەوە. هەر گەڕانەوەیەکتان، بە زیانتان کۆتایی دێ. (٢١)

بە گشت ئەو بەڵگە مێژووییانە، گۆمانی تێدا نامێنێ ، کە ژیان و پەیامی محمد، شێوەیەکی هەڕەشە و داگیرکاری هەبووە. بە هۆی وەرگرتنی دەستەلاتی دینی و سیاسی، گۆڕانێکی بنەڕەتی لەناو کۆمەڵگەی عەرەبی وەدیهات. محمد و یاوەرانی لە بازرگانی سادە و بریکار، گۆران بۆ بازرگانی شەڕ و تاڵان و ماڵوێرانکردن. کە مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتەوە گۆڕی بۆ فراوانخوازی و تالان و کوشتن و سەبایا و کۆیلەکردنی تاکەکانی میللەتانی تری ئازاد. گشت ئەوانەش بە ڕوونی لە قورئان ڕەنگیان داوەتەوە. و دوای کۆچی دوایی محمد. هەمان پەیام و مێتوودی توند و تیژی، لەلایەن خەلیفەکانی، وەک ڕاشدین، أموی و عباسی هتد بەردەوام دەبێ.

[105] Michael Cook (1940) Mohammed the prophet of Islam. Pp. 106

٤ لەکۆنە بازرگانەوە بۆ یاوەر و فەرماندەی شەر

دەبێ لێرەدا شتێکی گرنگ بخەینە ڕوو. ئەو کەسانەی کە لە دەوری محمد بوون. و ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان، لەسەر سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزووتنەوەکەی هەبوو. زۆربەیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەرەوە هەبوو. و خەریکی بازرگانی بوون. بێجگە لە عەلي، لەبەر ئەوەی هێشتا لە تەمەنی هەرزەکاری دابوو. کە محمد دەستی بە بانگهێژی ئیسلام کرد. و عەلیش ئیسلام بوونی خۆی ڕاگەیاند.

أبو بكر صديق (٥٧٣-٦٣٤ س.ب) بازرگانێکی گەورەی قورەیش بوو لەمەککە.[106]

عومەر بن خطاب (٥٨٥- س.ب) کەسێکی فرەپیشەیی بوو. لە بازاڕەکانی عەکاز، مجنة و ذی المجاز بەردەوام خەریکی ئاڵوگۆڕی بوو. هەر لەوێش فێری بازرگانی بوو[107]. دوایی دەستی بە بازرگانی دەرەوەکرد. بەڵام ئەوەی پێی ناسرابوو، بازرگانێکی سەرەڕۆ بوو. لە هاوینان بۆ بازرگانی بەرەو باکوور. هەر لە غەزەوە، تا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی ئوردن و دیمشق . بە زستانیش باشوور بۆ یەمەن ئەوەش مەودایەکی باشە بۆ بازرگانێکی مەککەی قورەیش.[108]

هەروەها عوسمان کوڕی عەفان (٥٧٦-٦٥٦ س.ب) یەک لە بازرگانە گەورەکان بوو. بازرگانی لە نێوان مەککە و شام دەکرد. لە گەشتێکی دێژی بازرگانی، دوای گەڕانەوەی لە شام

---

[106] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 120

ابن كثير. البداية و النهاية جلد ٣، ص ٣٩

[107] خطيب.د.على(١٩٨٦) عمر بن خطاب، حياته، علمه أدبه الطبعة الأولى. ص ١٥٣

[108] هەمان سەرچاوە ص٨٤

ئیسلامبوونی خۆی ڕاگەیاند [109].

طلحة بن عبیدالله (٥٩٤-٦٥٦س.ب) یەک لە (العشرة المبشرین بالجنة) هەروەها یەکێک بوو لەو شەش کەسەی عومەر دیاریکردبوون، کە دوای ئەو یەکیان بۆ خەلیفە هەڵبژێرن. طلحة سەفەری بازرگانی شامی دەکرد. خۆی دەڵێ، کاتی بە شاری بوسري، لە ناوچەی حۆران، دا تێدەپەڕی. بۆ یەکەمین جار لە ڕەبەنێکی بیست (ئەو ڕەبەنە، دەبێ بحیرا بووبێ)، کە بەم زووانە نەبیەک، لە حیجاز دەردەکەوێ. طلحة هەر لە یەکەم گرووپ لەگەڵ عوسمان موسوڵمان بوو. بەبێ ئەوەی واز لە بازرگانی بێنێ.

طلحة لەگەڵ سعید بن زید، ناردرا بۆ چاوەدێری جوولانی کاروانی مەککیەکان. کە لە شام دەگەڕانەوە. ئەوەش لە خۆڕایی نەبوو. لەبەر ئەوەی خۆی بازرگان بوو. و باش ڕێگاکانی کاروانی دەزانی [110].

زید بن حارث (٥٨١-٦٢٩س.ب) کوڕی تەبەنی محمد بوو. و زۆر جاریش، هاوسەفەری محمد بووە لە بازرگانی. کە دواتر هەر لە گەڵ ئیسلام بوونی. بووە سەرکردەی سەربازی. لە ساڵی ٦٢٩س.ب/ ٨ کۆچی لە هێرشی مؤتة نزیک دەریای مردوو کوژرا [111].

خالد بن ولید (٥٩١-٦٤٢ س.ب) بەر لە ئیسلامبوونی، بازرگانی بۆ وولاتی شام دەکرد. جارێکیان لە دیمەشق میوانی ئەسقەفێک دەبێ. ئەو ئەسقەفە لە ساڵی ٦٣٥س.ب ئەوەی باسکردووە. کە لەکاتی گەمارۆی شار. کە خالد یەک لە سەرکردە گەورەکانی لەشکری ئیسلام بووە. ئەو ئەسقەفە، بۆ پارێزگاری لە شار و دانیشتوانی لەسەر شوورەی کەنیسە

---

[109] هەمان سەرچاوە ص ٨٧
[110] هەمان سەرچاوەە ص ٨٨
[111] الواقدی. المغازی جزء الثانی ص ٥٦٤

بەرامبەر لەشکری ئیسلام وەستاوە. و بەبیر خالیدی هێناوەتەوە، کە بە ئەمەک بێ [112].

أبو سفيان بن حرب (٥٦٥-٦٥٣ س.ب) سەرۆکی هۆزی بنی أمية، کە گەورەترین هۆزی مەککە بوو، و نەوەی عبد شمس بوو. هەمان هۆزی خەلیفەی سێیەم عوسمان کوڕی عەفان. هەروەها دواتر خەلیفەکانی أمية.

بەپێی گێڕانەوەی ئیسلامی. ماوەیەکی زۆری برد تا أبو سفیان، بووە موسوڵمان بوو. و تا کاتی موسوڵمان بوونیشی دژی ئەو دینە نوێیە بوو. دەکرێ لێرەدا پرسیارێکی لۆژیکی بکەین. بۆ أبو سفیان وەک بازرگانێک دژی ئەو دینە نوێیەبوو؟ لە کاتێکا کەسایەتییەکی دیپلۆماسی بوو. هەمیشە لەکاتی هەرە ناخۆشی، بەدوای چارەسەری مام ناوەندی دادەگەڕا.

وەڵامەکەی ئاسانە. یەک لە هۆکارە هەر گرنگەکان، ئەوەبوو. کە محمد لەگەڵ یاوەرانی دەستیان بە ڕێگری لەو کاروانانە کرد، کە هاتوچۆی شامیان دەکرد. و یەکەمین کاروان کە کەوتەبەر تاوی ڕێگری موسوڵمانان، أبو سفیان سەرۆکایەتی دەکرد، ئەو کاتەی لە شام دەگەڕانەوە. بەو کارەش أبو سفیان هەستی بەوە کرد، محمد سووکایەتی پێکردووە. وەک یەکێک لە پیاوماقولانی قورەیش. و یەکێک لە هۆزی خۆی، هەوڵی تاڵان و بڕۆیان بدا. دواییش وەک کۆیلە بیانفرۆشن. مرۆڤ دەتوانێ بۆ ساتێکیش بێ بیر لەو سووکایەتییە بکاتەوە، کە چەند چەتە و ڕێگر بە کاروانی کەسێکی خاوەن پێگای کۆمەڵایەتی (اهل البيت) دەکەن. ئەویش بە پلانی یەک لە خەڵکی هاوشار و هۆزی خۆی.

[112] البلاذري. فتوح البلدان. الطبعة الثانية. ص ١٦٥- ١٦٦.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەش، با تەنیا بیر لە گرتنی مەککە بکەینەوە. کە بەبێ خوێنڕێژی کەوتە دەستی موسوڵمانان. ئەوە هەڵوێستی ئاشتیانەی، أبو سفیان نیشان دەدا. کە بەبێ شەڕ خۆیان دایە دەست. و موسوڵمانان بەبێ خوێن ڕشتن چوونە ناو شاری مەککە [113].

عمرو کوڕی عاص وەک بازرگانێک لە سوریا، حەبەشە و میسر، هەمیشە میوانی سەر سفرەی أبو سفیان بوو. بۆ ماوەیەکی درێژ دژی محمد بوو. دوای أبو سفیان ئەویش لەگەڵ دوو یاوەری تری مسوڵمان بوو.

بەڵام ڕۆی عمرو لە بنەماڵەی محمد هەر مابوو. بۆ بەڵگەی ئەوەش، هەڵوێستی دژی عەلی. و پشتگیری لە معاویە بن أبی سفیان کرد [114].

---

[113] البلاذري. فتوح البلدان ص ١٧٦

[114] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 90 - 91

ڕۆڵی یاوەرانی محمد لە قورئان

بە درێژایی سەردەمی مەدینە یاوەرانی بەرایی، موسوڵمان ڕۆڵێکی دیاریان لەسەر ناوەرۆکی قورئان هەبووە. ئەوەش چ لە ڕەخنەگرتنیان سەبارەت بە ئایەت یان ناوێک لە قورئان، تا دەگاتە پێشنیازکردن، بۆ ئایەتی نوێ لە هەڵومەرجێکی پێویستدا. کەسی هەرە دیار، بۆ پێشنیازکردنی ئایەتی قورئان عومەری کوڕی خەتاب بوو. کە لێرە باسیدەکەین.

سەبارەت بە الرحمن لە قورئان

إبن ئیسحاق دەڵێ ئەو ئایەتە ئاماژەیە بۆ ئەو تۆمەتەی ناحەزانی محمد دەیانکرد. و دەیانگوت ڕەحمان کەسێکی خەڵکی یەمامەیە. و ئێمە باوەڕمان پێی نییە (ڕەحمان).[115]

سورة الرعد ١٣: ٣٠

كَذَٰلِكَ أَرۡسَلۡنَٰكَ فِيٓ أُمَّةٖ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهَآ أُمَمٞ لِّتَتۡلُوَاْ عَلَيۡهِمُ ٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَهُمۡ يَكۡفُرُونَ بِٱلرَّحۡمَٰنِۚ قُلۡ هُوَ رَبِّي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ مَتَابِ. (٣٠)

بەم جۆرە تۆمان نارده ناو میللەتێ. کە بەر لەوانێش بۆ میللەتانی پێشوومان ناردبوو، بۆ ئەوەی هەر شتێ لە ئێمە بە تۆ گەییوە، بۆیانی بخوێنیتەوە. لە

[115] سيرة إبن إسحاق القاهرة ١٩٩٥، ص ٣١١

کاتێکدا ئەوان حاشا لە ڕەحمان دەکەن. بڵێ ئەو خودامە، و بێجگە لەو هیچ خودایەکیتر نییە، تەنیا ئەو نەبێ. من خۆم بە ئەو سپاردووە. و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە. (٣٠)

بە لێکدانەوەی سەرجەمی ڕاڤەکارانی موسوڵمان ئەو ئایەتە، لەسەر پەیمانی حودەیبیە هاتووە. بەلام جیاوزییەکی بچووک، لە نێوان هەندێکیان هەیە.
بۆ نوونە القرطبي لە جامع الأحكام و الطبري لە جامع البيان دا سەبارەت بە هاتنی ئەو ئایەتە دەڵێن:

کاتی دەیانەویست پەیمانەکە بنووسن. پەیامبەر، بە عەلی گوت: بنووسە بسم الله الرحمن الرحيم. سهيل کوڕی عەمر و ئەوانیتر گوتیان: ئێمە رحمن ناناسین، تەنیا رحمن یەمامە نەبێ. (مەبستیان خودای موسەیلمەی یەمامە بوو). و بنووسە (باسمک اللهم) خەڵکی سەردەمی بەر لە ئیسلام هەر وایان دەنووسی. دوای ئەوە محمد بە عەلی گوت: بنووسە، ئەمە ئەوەیە، کە محمد پەیامبەری خودا پێکدێنێ.

قورەیشیەکان گوتیان: ئەگەر تۆ پەیامبەر بای، پێت وایە ئێمە شەڕمان لەگەڵ کردبای. یان بەرپەرچمان دابایەوە. و ستەممان لێ کردبای. تەنیا بنووسە محمد کوڕی عەبدوللە لەسەری پێکهاتووە. یاوەرانی پەیامبەر گوتیان: مۆڵەتمان بدە شەڕیان لەگەڵ بکەین.
پەیامبەر گوتی: نەخێر، ئەوە بنووسە، کە دەیانەوێ. دوای ئەوە ئەو ئایەتە هات.

کەچی إبن عباس گوتوویەتی: ئەو ئایەتە لەسەر ئەوە هاتووە، کاتی پەیامبەر، بە قورەیشیەکانی گوتووە: کرنۆش بۆ رحمن بەرن. ئەوانیش گوتیان رحمن چییە؟ دوای ئەوە ئەو ئایەتە هاتووە.

بەڵام موقاتل و ابن جریر سەبارەت بە (وهم یکفرون بالرحمن) دەڵێن: ئەو ئایەتە لە پەیمانی حودەیبیەدا دابەزی. کاتی دەیانویست پەیمانی حودەیبیە بنووسن. (باسمک اللهم) ، کە ئەهلی جاهلییە بەم شێوەیە دەیاننووسی. پاشان پەیامبەر بە عەلی فەرموو: بنووسە ئەوە محمد پێغەمبەری خودا، موشریکەکانی قورەیش گوتیان: ئەگەر تۆ پەیامبەری خودا بای، ئەوا ئێمە شەڕمان لەگەڵ نەدەکردی، و بەرپەرچمان نەدەدایەوە. ستەممان لێ نەدەکردی، بەڵام بنووسە: ئەمەیە کە محمد بن عەبدوڵلا لەگەڵیدا لەسەری ڕێکەوتووە. یاوەرانی پەیامبەر دەیانگوت: با شەڕیان لەگەڵ بکەین. پەیامبەر گوتی: نەخێر، با ئەوەی دەیانەوێ بینووسن.[116]

ئەو ئایەتانەی بە پێشنیازی عومەر هاتوون

لە مێژووی ئیسلام عومەر ناوێکی ناسراوە، چ وەک خەلیفەی دووەم دوای مردنی محمد، و چ سەرکەوتنەکانی سوپای ئیسلام و درونده‌یی لە داگیرکردنی وولاتان. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، سەرجەمی ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمان، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئایەتەکانی قورئان ووشەی خودان. و بەر لە دروستبوونی جیهان، لە لەوحی مەحفوز نووسراون و پارێزراون.

دواتر هەنگاو بە هەنگاو، لە ڕێگای جوبرائیلەوە، بەپێی ڕووداو و پێویستی پەیام بۆ محمد نێردرابن. کەچی وەک عومەر، خۆی دەگێڕێتەوە، چەندین ئایەت بە پێشنیازی ئەو هاتوون.

[116] القرطبي له جامع الأحكام ج ٩ ص ٢٧٠ ، الطبري له جامع البيان ج ١٦، ص ٤٤٥

هەر بەپێی سەرچاوەکانی ئیسلام، و دانپێدانانی عومەر خۆی، دەبێ چەندین ئایەتی قورئان بە پێشنیازی عومەر کوڕی خەتاب هاتبن. گوتوویەتی پەروردگارم سێ پێشنیازی منی پەسندکردن[117]. کەچی هەندێکیتر دەڵێن. عومەر گوتوویەتی، پەروەردگارم چوار پێشنیازی منی پەسندکردن. کەچی بەپێی ژماردنیان دەبێ زیاتر بن. پرسیارەکە ئەوەیە، ئەگەر ئایەتەکانی قورئان لە (لوح الحفوظ) بن، و لەوەتەی گەردوون هەیە ئەوانیش لەوێ پارێزراوبووبن. ئەی چۆن توانرا دەستکاری بکرێن و ئایەتی تریان لێزیاد بکرێ؟ ئەوەش بەڵگەیە کە دەقی ئایەتەکانی قورئان. بە ئارەزووی موسوڵمانانی بەرایی هەڵاوگێڕیان پێکراوە.

سەبارەت بە شەڕی بەدر و دیل ئازادکردن

لە شەڕی بەدر دیلی زۆر گیران. پەیامبەر سەبارەت بە چارەنووسی ئەو دیلانە ڕاوێژی بە ابوبکر و عومەر و عەلی کرد. ابوبکر گوتی: پەیامبەری خودا، ئەوانە ئامۆزا و خزم و کەسوکاری خۆمانن، بەڕای من، بەرامبەر بە پارە ئازادیان بکەین، وە ئەو پارەیەش بۆ بەرگری دژی کافران، هێزدەداتە ئێمە. هەروەها ڕەنگ بێ خودا بۆ ئیسلام هیدایەتشیان بدا. ئەو کاتە بۆ ئێمە دەبنە پشت و پەنا.

پەیامبەر ڕووی لە عومەر کرد و گو تی، ئەی عومەر ڕای تۆ چییە؟ عومەر گوتی، سوێند بە خودا من لەگەڵ ئەبو بەکر نیم، پێم باشە لە ملیان بدەین، هەر کەسێك کە کەسێکی نزیکی خۆی لەناو دیلەکان هەیە، با لە ملی بدا، من لە ملی خزمێکی خۆم و علی لە ملی خزمێکی خۆی و هەمزە لە ملی خزمێکی خۆی، وە بەم شێوەیە، بۆ ئەوەی خودا بزانێ، بەرامبەر

[117] تفسير القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء الثاني، ص ١١١

کافران دڵمان ڕەقە.[118]

ئەوەبوو پەیامبەر بۆچوونەکەی ئەبو بەکری لا پەسند بوو. و پارەی لە دیلەکان وەرگرت و ئازادی کردن. بەیانی ڕۆژی دواتر، بە هۆی ئەوەی پەیامبەر پارەی لە دیلەکان بەرامبەر ئازاد کردنیان وەرگرتبوو، ئایەتێک هات:

ورەتی الأنفال ٨: ٦٧ - ٦٨

مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ (٦٧) لَّوۡلَا كِتَٰبٞ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمۡ فِيمَآ أَخَذۡتُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ (٦٨)

بۆ هیچ نەبیەک نەبووە، دیلی هەبن. مەگەر کاتێک لەسەر زەوی بووبێتە دەستەڵاتدار. دەتانەوێ ماڵی دونیاتان دەست کەوێ. خوداش پاشەڕۆژی دەوێ. خودا دەستەڵاتدار و دلۆڤانە (٦٧) ئەگەر خودا پێشتر، نەینووسیبایە، لەوەی دەستانکەوتووە، بە دڵنیاییەوە سزایەکی گەورەتان وەردەگرت (٦٨)

القرطبي لە الجامع لاحكام القران دەڵێت: ئەم ئایەتە وەك لۆمەکردنی خودا لە پەیامبەر هات. ماناکەشی ڕوونە کە خودای ئیسلام بە دیل ڕایی نابێ، تەنیا لەملدان و خوێن ڕشتن نەبێ. دەبوایە گشتیان بکوشتبان، چۆن النضر بن الحارث و عقبة بن ابي المعيطيان کوشتن.[119]

---

[118] تفسى الطبري المجلد الحادي عشر، ص ٢٧٣. إبن كثير، تفسير القرآن العضيم المجلد السابع، ص ١١٩

[119] تفسير القرطبي، الجزء الثامن ص ٤٦

بۆ ئەو ئایەتە لێکدانەوەیەکیتریش هەیە. گریمانەی ئەوە دەکرێ، دوای ڕەتکردنەوەی پێشنیازەکەی عومەر، محمد ترسابێ، سیاسەتێکیتری بەکارهێنابێ، پارەکەی وەرگرت، ئەوسا بەناوی خودا پێشنیازەکەی عومەری وەک ئایەت هێنا. و بە عومەری گوت تۆ ڕاست بووی. خوداش لایەنگیری کردی. و ئێمە هەڵەبووین و دەبێ لەمەودوا فەرمانبەرداری بڕیاری خودابین.[120]

لەو هەڵومەرجەدا محمد دوو نیشانی پێکان، یەکەم هیچ قورەیشیەکی نەکوشت بێجگە لەوانەی خۆی بەدوایانەوە بوو. دووەم کولتوورێکی نوێی هێنا، ئاستی کوشتن و تۆقاندنی بەناوی خودا گەیاندە ئاستی هەرە بەرز. و عومەریش خۆی کردە خاوەنی ئەو ئایەتە.

ئایەتی سەبارەت بە چارشێو (حیجاب)

ئایەتێکیتر کە دەبێ لەسەر پێشنیازی عومەر هاتبێ. سەرەتای کۆچ بۆ مەدینە، ئایەتی چارشێو (حجاب) بوو. عومەر پێشنیازیکرد، بۆ ئەوەی ژنانی ئازاد لە کۆیلەکان جیابکرێنەوە. باشترە ژنە ئازادەکان خۆیان بە چارشێو داپۆشن (حیجاب بکەن). ئەوەش ئەنجامی ئەوە هات عومەر بە پەیامبەری گوت، خەڵکی چاک و خراپ دێنە ماڵت باشتر ژنەکانت خۆیان داپۆشن.[121] بۆ خۆیان باشە و خەلکیش لە خراپە بە دوور دەبێ. ئەم پێشنیازە بووە هۆی هاتنی ئایەتێکی تایبەتی، سەبارەت بە چارشێو. بۆ ژنانی ئازاد.

سورة الأحزاب ٣٣: ٥٩

---

[120] علي محمد محمد الصلابي (٢٠٠٥) سيرة أمير المؤمنين عمر بن خطاب، رضي الله عنه. الطبعة الأولى مؤسسة إقرأ للنشر و لتوزيع و الترجمة. القاهرة. ص ٣٢

[121] فى صحيح البخارى، عن أنس بن مالک الرقم ٤٧٩٠، هەروەها - فتاوى الشبكة الإسلامية ٢٠٠٩ جزء ٨، ص ٣٠٩

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا (٥٩)

ئەی پەیامبەری خودا بە ژنەکانت، و کچەکانت و خێزانی باوەڕداران بڵێ. با خۆیان بە چارشێو داپۆشن. ئەو کارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوەی بناسرێن. و ئازار نەدرێن. خودا لێبووردە و بە بەزەییە (٥٩)

شوێنی وەستانی ئیبراهیم

ئایەتی سێیەم لەسەر شوێنی وەستانی ئیبراهیم بوو. عومەر پێشنیازی ئەوەبوو کە لە قورئان ناوی ببردرێ. (مقم إبراهيم مصلى) [122]

البقرة ٢: ١٢٥

وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبۡرَٰهِـۧمَ مُصَلّٗىۖ (١٢٥)

دە ئێوەش شوێنی وەستانی ئیبراهیم بکەنە نوێژگە (١٢٥).

بەبێ مۆڵەت نەچنە ماڵی پەیامبەر

دیارە عومەر شتێک سەخڵەتی کردووە. لەوەی خەڵکی کات و ناکات، سەریان لە ماڵی نەبی داوە. و سەردانەکانیشیان زیاد لە پێویست بووە. هەر ئەوەش وای لە عومەر کردووە. کە پێشنیازی ئەوە بکا بە ئایەتێک ئەو سەردانانە سنووردار بکرێن.

---

[122] سعيد بن علي بن وهب القحطانى، إظهار الحق و الصواب فى حكم الحجاب و التبرج و السفور، والخلوة بالمرأة الأجنبية و سفرها بدون محرم و الاخلاص فى ضوء الكتاب السنة و أثار السلف الصالح. الرياض مطبعة سفير جزء الأول، ص ١٤٤- ١٤٥

سورة الأحزاب ٣٣: ٥٣ – ٥٤

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن يُؤۡذَنَ لَكُمۡ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيۡرَ نَـٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَـٰكِنۡ إِذَا دُعِيتُمۡ فَٱدۡخُلُواْ فَإِذَا طَعِمۡتُمۡ فَٱنتَشِرُواْ وَلَا مُسۡتَـٔۡنِسِينَ لِحَدِيثٍۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ يُؤۡذِي ٱلنَّبِيَّ فَيَسۡتَحۡيِۦ مِنكُمۡۖ وَٱللَّهُ لَا يَسۡتَحۡيِۦ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ وَإِذَا سَأَلۡتُمُوهُنَّ مَتَـٰعًا فَسۡـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٖۚ ذَٰلِكُمۡ أَطۡهَرُ لِقُلُوبِكُمۡ وَقُلُوبِهِنَّۚ وَمَا كَانَ لَكُمۡ أَن تُؤۡذُواْ رَسُولَ ٱللَّهِ وَلَآ أَن تَنكِحُوٓاْ أَزۡوَٰجَهُۥ مِنۢ بَعۡدِهِۦٓ أَبَدًاۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمًا (٥٣) إِن تُبۡدُواْ شَيۡـًٔا أَوۡ تُخۡفُوهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمًا (٥٤)

ئەی باوەڕداران، مەچنە ماڵەکانی پەیامبەر، مەگەر مۆلەتتان، بۆ خواردن پێدرابێ. کە چووشن سەیری قاپەکان مەکەن. ئەو کاتەی بانگکران برۆنە ژوور. هەرکە خۆراکەکەتان خوارد، بڵاوەی لێبکەن. خۆتان بە قسەکردن خەریک مەکەن. ئەو کارەتان پەیامبەر ئازاردەدا. و لە ئێوە شەرم دەکا. خۆ ئەو لە قسەی ڕاست شەرم ناکا. ئەگەر داوای شتێکتان لە ژنەکانی کرد. ئەوە لەپشت پەردەوە داوا بکەن. ئەو کارە بۆ دڵپاکی ئێوە و ئەوانیش باشترە. بۆ ئێوە نابێ پەیامبەری خودا ئازار بدەن. و هەرگیز لە دوای خۆی ژنەکانی نیکاح مەکەن. ئەو کارە لای خودا تاوانێکی مەزنە. (٥٣) ئەگەر شتێك ئاشکرابکەن، یان بیشارنەوە، خودا بە هەموو شتێك دەزانێ (٥٤)

نابێ ژنانی نەبی جیاببنەوە

ئایەتی سەبارەت بە ژنانی نەبی، کە نابێ داوای جیابوونەوە بکەن [123]

سورة التحريم ٦٦: ٤ – ٥

عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبۡدِلَهُۥٓ أَزۡوَٰجًا خَيۡرًا مِّنكُنَّ مُسۡلِمَٰتٖ مُّؤۡمِنَٰتٖ قَٰنِتَٰتٖ تَٰٓئِبَٰتٍ عَٰبِدَٰتٖ سَٰٓئِحَٰتٖ ثَيِّبَٰتٖ وَأَبۡكَارًا (٥)

دڵنیابن ئەگەر ئێوە تەڵاق بدا، پەروەردگاری لە جیاتی ئێوە، ژنانێکی باشتر لە ئێوەی دەداتێ. ژنانێک گەردنکەچ و باوەڕدار و بەرفەمان. خوداپەرستی ڕۆژووگر، لە بێوەژن و کچان (٥)

سەبارەت بە نوێژنەکەر

عومەر سەبارەت بەوانەی نوێژناکەن پێشنیازی بۆ محمد کردووە، کە دەبوایە خودا سزایەکی گەورەی بۆ دانابان. خۆداش بە بەدەنگی پێشنیازەکەی عومەرەوە هات. و لە سورەتی توبة ئایەتێکی تایبەتی نارد. [124]

سورة التوبة أية ٩: ٨٤

---

[123] حامد بن علي بن إبراهيم العمادي (١٩٦٦) الدر المستطاب فى موافقات عمر بن خطاب و أبى بكر و علي أبي تراب و ترجمتهم مع عدة من الأصحاب. الطبعة الأولى. دار الكتب العلمية. بيروت، لبنان ص ٦٢ - ٦٣

[124] محمد حامد محمد (٢٠١٢) سيرة و مناقب عمر بن خطاب رضي الله عنه ص ٨٤

وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٖ مِّنۡهُم مَّاتَ أَبَدٗا وَلَا تَقُمۡ عَلَىٰ قَبۡرِهِۦٓۖ إِنَّهُمۡ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُواْ وَهُمۡ فَٰسِقُونَ (٨٤)

هەركەسێكیشیان لێبمرێ، هەرگیز نەكەی نوێژیان لەسەر بكەی. و لەسەر گۆڕیان بوەستی. ئەوان حاشایان لە خودا و پەیامبەرەكەی كرد و بە گومڕایی مردن (٨٤)

ڕەوشتی یاوەرانی محمد وەك یاسا بوو

ڕەوشتی یاوەرانی محمد، و بەتایبەتی ١٠ موژدە پێدراوەكان، وەك دەقی یاسایی كاری پێدەكرا. بەڵگەی ئەوەش ئەو ئایەتەی سورەتی (توبة) یە.

سورة التوبة ٩: ١٠٠

وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ (١٠٠)

ئەوانەی یەكەمین كوچكردوەكان و لایەنگیرەكانیان و ئەوانەی بە باشترین ئارەزووەوە دوایان كەوتن، خودا لێیان ڕازییە و ئەوانیش لێی ڕازین، بەهەشتێكی بۆ ئامادە كردوون كە جۆباری بە بەردا تێدەپەڕێ و هەتاهەتایە تێیدا دەحاوێنەوە. ئەوەیە خەڵاتی مەزن (١٠٠)

هەر ئەوەش بوو. هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە تخووبی ئەو چوار ژنە دەبەزێنن. بە مارەكردن و جیا بوونەوەی چەندین ژن. ئەوەش كولتوورێكی عەرەبی پێش ئیسلامە. سەرەڕای ئەوە

کە ئیسلام هات. دیاریکرا کە ژمارەی ژنان چەند بن، بەڵام یاوەرانی بەرایی ڕەچاویان نەدەکرد و لەو ژمارەیە زیاتریان دەهێنان.

سورة النساء ٤: ٣

فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۖ فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تَعۡدِلُواْ فَوَٰحِدَةً أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُواْ (٣)

چەندی خۆتان پێتان باشبێ، پێتان دەشێ مارەیان کەن. دوو دوو بن، و سیان پێکەوە، و چواریش بن هەر ڕەوایە. (٣)

هەندێك ڕاڤەکارانی ئیسلام پێیان وایە بە چوار ناوەستێ، بەڵکو ئەوە ژمارەیەکە دەتوانن هەرچەند بێنن. هەرچەندە لە ڕێنمایی و ڕاڤەی ئەو ئایەتە باسی تەنیا چوار ژن دەکەن. کەچی بێجگە لە محمد خۆی چەندین یاوەری نزیکی، گەیاندوویەتیانە نۆ ژن. هەر ئەوەشە کە تا ئێستاش نەتوانرێ بەربەست بۆ ژنی زیاتر دابنرێ، کە موسوڵمانان ئەو سنوورە تێبپەڕێنن .[125]

ئەوەش بەو مانایە دێ نەرێت و کولتووری عەرەبی باو لە ماوەی پێش ئیسلام، کاریگەری خۆی لەسەر دەقی ئایەتەکانی قورئان و ڕەوشتی موسوڵمانان بەجێ هێشت.[126]

[125] عودة، د. عبدالقادر (١٩٨٤) التشريع الاسلامى ل ٥٤

[126] عبدالكريم، خليل، الجذور التاريخية للشرى ص ٤٢

ناسخ و منسوخ له قورئاندا

کێشەی نسخ لە قورئاندا دوو ڕووی دین پیشان دەدا. یەکەمیان ئەگەر قورئان لە لەوحی مەحفوز بووبێ، نابێ لێی بگۆڕدرێ و ووشەکانی، ووتەی خودان و هەتاهەتایین. ئەوەش بە پشتیوانی ئایەتی قورئان خۆی.

سورة یونس ١٠: ٦٤

لَا تَبۡدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ (٦٤)

ووتەکانی خودا گۆڕانیان بەسەردا نایە (٦٤)

دووەم بەڵگە، نیشان دەدا کە دەقەکانی قورئان بەپێی هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن. بۆیە بەپێی پێویست ئایەت هاتووە، و ئایەتیتری نەسخکردووە. ئەوەش مەبەستی سەرەکی ئەو زاراوەیە. کە بە درێژایی مێژووی ١٤٠٠ ساڵی ڕابردوو، ڕاڤەکارانی موسوڵمانی سەرقاڵ کردووە.

سورة النحل ١٦: ١٠١

وَإِذَا بَدَّلۡنَآ ءَايَةٗ مَّكَانَ ءَايَةٖ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ (١٠١)

هەرکاتێ ئایەتێک بە شوێنی ئایەتێکیتردا دەگۆڕینەوە، خوداش چاک دەزانێ چی دەنێرێ (١٠١)

بە بەراوردکردنێکی ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە، کە هەردووکیان لە هەمان پەرتووک دان. لە هەمان کات، دوو پەیامی دژبەیەکن. ئەو دوو ئایەتە نموونەن لەسەر دوو فاقەیی پەیامی نووسەری قورئان، کە بەپێی بەرژەوەندی، کات و هەڵومەرج ئایەتەکان، بە ئارەزووی خۆی ئایەتێک نەسخ دەکا. و ئایەتی تری لە شوێن دادەنێ. ئەو دووفاقەییەش ڕەنگدانەوەیەکی قووڵی، لەسەر ئاکار و کرداری موسوڵمانان هەیە. لەلایەک هاموارکردن و گۆڕینی ئایەتەکان بە ئایەتی نوێ، و لەلایەکیتر ووتەی خودان و ناگۆڕێن و لە لەوحی مەحفوز جێگیرن.

ئەگەر بە ووردی بەدواداچوون لەسەر ئایەتەکانی قورئان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی بە ڕوونی لەسەر دیارە. بە مانایەکیتر، قورئان ڕەنگدانەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژانەی، ئەو ژینگەیەن کە قورئانی تێدا نووسراوەتەوە.

کاریگەری کەسانی بەهێز، توانیویەتی ئایەتەکانی قورئان بەو لایەنەدا ببا، کە لەگەڵ بۆچوونی ئەوان دەگونجێن. ئەو کاریگەرییەش لە چەند بوارێک بەڕوونی دەردەکەون. کە دەتوانرێ، ببنە بنەڕەت بۆ تۆژینەوەیەکی قووڵتر و ووردتر. بۆ نموونە ئەگەر بیر لە هاتنی چەندین ئایەت لەسەر پێشنیازی عومەر بکرێتەوە، یان کێشەی زەید و زەینەب لەگەڵ محمد. هەروەها ناکۆکی نێوان محمد و أبی لەهەب، تا دەگاتە پاکانەی داوێن پاکی عائیشە. گشت ئەوانە گەواهین بۆ ئەوەی، ژینگەی نووسینەوەی قورئان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دەقەکانی هەبووە.

ناکۆکی لەسەر ناسخ و منسوخ لەنێوان ڕای ڕاڤەکارانی موسولمان دا هەیە.

لە ناو ڕاڤەکارانی موسوڵمان هەن، گشت ئەو ئایەتانەی لێیان تێنەدەگەیشتن ، یان لە نێوان خۆیان یەکڕانەبوون یا ناکۆک بوون لەگەڵ ئایەتەکانیتر بە منسوخیان دادەنان. ئەوەشیان دابەشی سەر سێ گرووپ دەکرد:

١ ئەو ئایەتانەی کارپێکردنیان (حکم) نەسخ کرابوون، بەڵام بە نووسین و گوتنەوە هەرمابوون.
٢ ئەو ئایەتانەی نووسین و گوتنەوەیان نەسخ کرابوون. کەچی هەر کاریان پێدەکرا (حوکم).
٣ ئەو ئایەتانەی هەم نووسین و گوتنەوەیان و هەم کارپێکردنیان نەسخ کرابوون.[127]

هەرسێ خاڵ، لە رووی ماناوە بێ کەلکن و لۆژیک رێنادا، و هیچ بەڵگەیەکی زانستی پشتگیری ئەو دەربڕینە ناکا. نموونەیەکی زۆر ڕوون لەسەر خاڵی یەکەم:

سورة البقرة ٢: ٨٣

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَـٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَـٰمَىٰ وَٱلْمَسَـٰكِينِ وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ (٨٣)

کاتی پەیمانمان لە بەنی ئیسرائیل وەرگرت کە تەنیا خودا بپەرستن، و چاکە لەگەڵ دایك و باوك و کەسوکار و هەتیوو و هەژاران بکەن، و بە ووتەی جوان و نەرم بە خەڵك بڵێن نوێژبکەن و زەکات بدەن. دوای ئەوە زۆری نەبرد پشتتان تێکرد تەنها کەمێکتان نەبێت، خۆتان لە پەیمانەکە بوارد.(٨٣)

ئەو ئایەتە بە ئایەتی ٥ لە سورەتی التوبة نەسخ بووە.

[127] إبن الخطيب، الفرقان، ص ١٥٥

سورة التوبة ٩: ٥

فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ وَخُذُوهُمۡ وَٱحۡصُرُوهُمۡ وَٱقۡعُدُواْ لَهُمۡ كُلَّ مَرۡصَدٖۚ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (٥)

هەركە مانگە حەرامەكان بەسەرچوون، ئەوە لە هەر شوێنێك بوتپەرستەكانتان وەدەستكەوتن، بیانكوژن و بیانگرن و چواردەوریان بدەن و بۆیان لە بۆسە دانیشن، ئەگە ر پەشیمانبوونەوە، و نوێژیان كرد و زەكاتیان دا، ئەوە دەستیان لێهەڵگرن. و بە ڕێگای خۆیاندا بڕۆن، لە ڕاستیدا خودا لێبووردە و بە دلۆڤانە (٥)

بەپێی إبن الخطیب، سورەتی البقرة، ئایەتی ٨٣ كارپێكردنی نەسخ بووە. كەچی بە نووسین و گوتن هەرماوە. ئەگەر بەو نەسخە بكەین، نابی ئەو ئایەتە ڕەچاوبكەین. و بە خەڵكی بڵێین كارێكی باشت كرد. دەبێ ئەوەش ڕەتكەینەوە كە دەڵێ فەرمان بەچاكە بدەن. كەواتە ئەركی چاوەدێری دایك و باوكی پیر و كەنەفتە، نەخۆش، هەتیو هەژارانی لەسەر نییە.

بەپێی ئەو نەسخە مرۆڤ هەر كارێكی باش و گیانی مرۆڤایەتی بەپێی یاسای قورئان، نەسخكراوە. و دەستی یارمەتی و دڵسۆزیش تاوانە. سەرەڕای ئەوە لە هەمان ئایەت فەرمان بە نوێژكردن و زەكات دانیش دەكا. ئەگەر ئەو ئایەتە نەسخ كراوە. نوێژ نەكەر و زەكات نەدەر هیچ سزایەكیان لەسەر نییە. و كەسیش ناتوانێ بە دۆزەخ بیانترسێنێ.[128]

[128] ابن الخطیب ص ١٥٥ – ١٥٦

لەوەش خراپتر ئایەتی السیف ئایەتێکیتریشی نەسخکردووە. لە سورەتی التین، ئایەتی ژمارە ٨ دەڵێ:

سورة التين ٩٥: ٨

أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِأَحۡكَمِ ٱلۡحَٰكِمِينَ (٨)

ئایا خودا لەناو فەرمانڕەوایان، باشترینیان نییە (٨).

ئەگەر خودا فەرمانی بەشمشێردا بۆ کوشتن و ماڵوێرانی خەڵکیتر، و نەسخی ئایەتی ٨٣ سورەتی البقرەی کرد. دەبێ باشی لەکوێیە؟ چۆن دەتوانێ بەو بێدادیەی، فەرمانڕەوایەکی باشبێ؟ لەجیاتی ئەوە دەبێ بڵێین خراپترین و نادادپەروەرترین فەرمانڕەوایە.

سەبارەت بە خاڵی دووەم. ئەو ئایەتانەی بە نووسین و گوتنەوە نەسخ کراون، بەڵام هێشتا هەر کاریان بێدەکرێ، دەتوانین ئایەتی الرجم بێنین کە عومەر کوڕی خەتاب بە زەید بن ثابتی گوت، خۆی گوێی لە پەیامبەر بووە، ئەو ئایەتەی خوێندووتەوە. کەچی زەید لێی وەرنەگرت. و داوای دوو گەواهیدەری لێکرد، کە عومەر نەیبوو. بۆیە زەید ڕەتیکردەوە. عومەر ئایەتی ڕجم کە زەید تۆماری نەکرد:

الشيخ والشيخة، إذا زنيا فارجموهما البتة نكالا من الله.

ئەگەر پیاوێک و ژنێک زینایان کرد، تەواو بەردبارانیان کەن. وەک سزایەک لەلایەن خوداوە.

مەبەست لە الشيخ و الشيخة بەمانای المتزوج و المتزوجة دێن .[129]

[129] هەمان سەرچاوە ص ١٥٧

لە باوەڕی موسوڵمانان، خودا قورئانی بەبێ کەم و کوڕی، و پاک لە گشت ناکۆکیەک هەڵگرتووە. بەڵام هەر لەمێژووی ئیسلام بە گەواهی خۆیان، نیشانەی ڕوون هەن کە قورئان کەم و زیادی، لەبیرچوون و گۆڕانی تێداکراوە.[130]

أبی بن کعب پرسیاری لە در بن حبیش کرد: سورەتی الأحزاب چەندە؟

گوتی: ٧٢ ئایەتە، یان ٧٣ ئایەت.

گوتی: بەقەد سورەتی البقرە بوو. ئێمە ئایەتی الرجممان تێدا دەخوێندەوە.

گوتی: ئایەتی الرجم کامەیە؟

گوتی: إذ زنی الشیخ و الشیخة فارجموهما البتة نکالا من الله. والله عزیز الحکیم

ئەگەر پیاوێک و ژنێک زینایان کرد، تەواو بەردبارانیان کەن. وەک سزایەک لەلایەن خوداوە. خودا بە تواناو لێزانە.[131]

ئەو ئایەتە لە دوو سەرچاوە پشتڕاستکراوەتەوە کە هەبووە، عومەر خۆی گوێی لە محمد بووە. و در بن حبیش لە سەروەتی الأحزاب خوێندوویەتیەوە. کەواتە دەبێ هەبووبێ. کەچی لە قورئانی ئێستا دا نییە. بەڵام تا ئێستاش، لە وولاتانی ئیسلام بەتایبەتی ژن رەجم دەکرێن. و لەسەر ڕێبازی ئیسلام و قورئانەکەی، جا گرنگی چی لە نەسخکردنی دا هەیە. کاتێ بەکردەوە نارەواترین، بێویژدانانەترین کاری نامرۆڤانە بکەن.

خاڵێ سێیەم: هەڵبەتە دەبێ ئایەتی تریش هەبووبن، کە خاڵی سێیەم بیانگرێتەوە. ئەگەر نەبوان، وەک خاڵێک دانەدەنرا. بەڵام کامەن کە هەم بە نووسین و گوتنەوە، هەم کاریان

---

[130] أبو موسى، الحريري (١٩٨٢) عالم المعجزات. بحث في تاريخ القرآن. سلسلة الحقيقة الصعبة ٣. بيروت. ص ١٣٣

[131] هەمان سەرچاوە ص ١٣٥

پێنەکرێ. بەڵام ڕاڤەکاران یان نازانن، یان شەرم دەکەن باسیان بکەن. بۆیە لەناو دەفتەری ڕاڤەکاران و مێژوونووسانی موسوڵمان نادۆزرێنەوە.

زیادکردن و گۆڕین لە قورئان

سەبارەت بە سورەتی الأحزاب السیوطی دەڵێ بوخاری لە حذیقە دەگێڕێتەوە: سورەتی الأحزاب لە سەردەمی پەیامبەر دوو سەد ئایەت بوو. سورەتی الأحزابم بۆ نەبی خوێندەوە، کە ئێستا تەنیا حەفتا و سێ ئایەتی لێ ماوە .[132]

جارێکیتر السیوطی لە عائیشە دەگێڕێتەوە، کە سورەتی الأحزاب لە سەردەمی پەیامبەر دەخوێندرایەوە، دوو سەد ئایەت بوو، کاتی عوسمان مصحەفەکەی نووسیەوە ئەوەیە کە ماوە. [133]

مسلم لەسەر أبا موسی الأشعري دەڵێ: لە بەرامبەر پێنج سەد خوێنەر لە بەسرا، گوتی:

> قورئانمان دەخوێندەوە، هەر سوورەتێکی بە قەد درێژی ڕمێک بوو. بەڵام ئێستا تەنیا چەند ئایەتێکی تێدا ماون.[134]

---

[132] متقي الهندي (٢٠٠٥) كنز العمال في سنن الأقوال و الأعمال ج٢، ص ٥٦٧
[133] السيوطي، الإتقان في علوم القرآن ٣: ٨٢، الدر المنثور ٥: ١٨٠
[134] عالم المعجزات ص ١٣٤

لە أبی بن کعب دەگێڕنەوە، دەڵێ پەیامبەری خودا پێ گوتم: خودا فەرمانی پێداوم قورئانت بۆ بخوێنمەوە. خوێندیەوە. ئایەتێکی خوێندەوە. کە لە مصحفی ئێستا نایبینم [135]

لە نافع إبن عومەر دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: کەس نەڵێ قورئان هەموو شتی تێدایە، کێ دەزانێ هەموویەتی؟ قورئان زۆری لێ ڕۆیشتووە، بەڵام با ئەوە وەرگرین کە دیارە. [136]

کۆی سورەتەکانی قورئانی ئێستا ١١٤ سورەتە، کەچی، لە مصحفی إبن مسعود ١١٢ سورەتە، لە مصحفی أبی بن کعب ١١٦ سورەتە. لەبەر ئەوەی سورەتی الحفد و الخلع تێدان. هەروەها مصحفی عەلی بن أبی طالب سورەتی النورین و الولایەی تێدایە.[137]

چەند خاڵێک هەن، وامان لێدەکەن، متمانە بەوە نەکەین، قورئان پەرتووکێکی ئاسمانیە:

١ سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی هاوسەردەم نین، لەگەڵ کاتی بانگهێژی محمد. بۆیە جێگای متمانە نین.

٢ لە هەڵکۆڵینی شوێنەوار ناسی لە دوورگەی عەرەبی، بەڵگەن بۆ ئەوەی لە سەدەی یەکەمی کۆچی قورئان نەبووە.

٣ دەستنووسەکانی قورئانی کە لە مزگەوتی گەورەی سەنعا ساڵی ١٩٧٢ دۆزرانەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە پەرەدان و دەستکاریکردنی قورئان ماوەیەکی زۆری بردووە. کە دەگاتە دوو سەد ساڵ.

---

[135] السيوطي، الإتقان في علوم القرآن ٢: ٢٥
[136] السيوطي الإتقان في علوم القرآن، الجزء ٢: ٢٥
[137] السيوطي الإتقان ١: ٦٥

٤ ڕەخنەی دەق ئاماژەیە بۆ هەڵە لە کۆپییەکانی قورئان. دەستنووسەکانی قورئان، کە پاشخانی ئەو کۆپییەی ئێستا وەک کۆپی فەرمی لە جیهانی ئیسلام بەکاردێ، چەندین جار گۆڕین و هەڵەگیری و چاکسازی تێداکراوە.[138]

ئەو چاکسازی و گۆڕانکارییەی لە قورئاندا کراوە، بەباشی لە کۆپی سەنعا بەدیارکەوت، کە لەسەر پەرتووکێکی پێشتر هەڵەگیری تێداکراوە. بەدیار کەوت کە دەقی بنەڕەتی پاککراوەتەوە، و لەسەر ئەوە شتێکیتر نووسراوە. بەو مانایەش گۆڕان و هەڵەگیری تێداکراوە

گۆڕینی ئایەت لە قورئان

زۆر جار لێرە و لەوێ گوێمان لێدەبێ، موسوڵمانان دەڵێن. تەنیا دینی ئیسلام لەلای خودا، وەک دینێکی دروست و ڕەوا دەبینرێ. و لەوەتەی جیهان بوونی هەیە ئیسلامیش هەر هەبووە. بەڵگەشیان بۆ ئەو دەربڕینە سورەتی أل عمران دا هاتووە.

سورة آل عمران ٣: ١٩

إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ (١٩)

دین لای خودا ئیسلامە (١٩)

با هەندێک نزیکتر لەو ئایەتە ووردبینەوە بزانین بەڕاستی وایە؟ ئەی ئەو هەموو دینانەی تر چیان لێدێ؟

---

[138] تاريخ الإسلام المبكر ص ٧٩ – ٨٠

بۆ ساخکردنەوەی ئەو باسە، و نیشاندانی دیمەنێکی هەمەلایەنەی ئەو چمکە، دەبێ لە دوو ڕوانگە، لێ ووردبینەوە. تابتوانین ئاسانتر لەو ئایەتە و هاتنی تێبگەین.

ئەو ئایەتە وەک خۆی دیارە لە سوورەتی أل عمران دا هاتووە. بەوەش بۆمان دەردەکەوێ یەک لە ئایەتەکانی مەدینەیە، دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلام. کەچی بە پێی بەڵگەی مێژوویی، ئەو ئایەتە کۆنترە. و دەگەڕێتەوە سەردەمی مەککە. لەو سەردەمەدا محمد بە گوێی پەیڕەوانی خۆیدا چرپاندوویە. بۆیە گرنگیەکی زۆری هەیە، تا بتوانین لە پرۆسەی دینە نوێکەی محمد و دەوڵەتی قوڕەیش تێبگەین.

برهان الدین دلو ئاماژە بە (مصحف، عبدالله بن مسعود) دەکات و دەنووسێ: یەکەم جار محمد کە ئەو ئایەتەی ڕاگەیاندووە، گوتوویەتی (دین لای خودا حەنیفیە) نەک (دین لای خودا ئیسلامە) [139] ئەوەش بەو مانایەوە دێ کە ئەو دینەی محمد و نەسڕیەکان چاڵاکانە بڵاویان دەکردەوە. بەردەوامییەکی ڕێبازی ئیبراهیمی بووە. لەبەر ئەوەی حەنەفیەکان لە بنەڕەتدا نەسڕی بوون. کاتی لە شامەوە لە سەدەی ٤ و ٥ی س.ب بەرەو ناوچەکانی دوورگەی عەرەبی هاتن لەژێر ناوی حەنەفی کاریان دەکرد.

حەنەفی دینێکی سەربەخۆ نەبووە، کە لە سەردەمی محمد هەبووبێ. وەک دینەکانی جولەکە، کریستیانی، زەردەشتی و سابئی، بەڵکوو ئاکارێکی دینی ئیبراهیمی بووە. [140] محمدیش هەوڵێدەدا یەکێک بێ لە ڕێزی ئەوان:

سورة النساء ٤: ١٢٥

---

[139] دلو، برهان الدين (١٩٨٩). جزيرة العرب قبل الإسلام. دار الفارابي، بيروت، ص ٢٢٤

[140] الحريري، ابو موسى، قس و نبي ص ١٠٦

وَمَنۡ أَحۡسَنُ دِينٗا مِّمَّنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۗ وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبۡرَٰهِيمَ خَلِيلٗا (١٢٥)

کام دیندار، دینی لەو کەسە چاکترە، کە خۆی بە خودا سپاردووە. ئاکارچاکە، و شوێنکەوتەی دینی ئیبراهیمی حەنیفە (١٢٥)

لەلایەکی تریش، دینەکەی محمد ناوی ئیسلام نەبووە. بەڵکوو دواتر، لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی قورەیش لە مەدینە، ئەو ناوەی لێنرا. ئەو ناوەش وەک کەوایەک بەبەر دینە نوێکەی محمد دابڕا. ئەگینا ئەو دینە هەر دینی نەسڕی بوو. ناوی ئیسلام، یەکەم جار بۆ دەوڵەتە نوێکەی محمد بوو، نەک دین.

سەرەڕای ئەوە بیروڕای بەهێز لەناو ڕاڤەکاران و خەڵکی تری عەرەب هەبووە، کە محمد دامەزرێنەری دەوڵەتی قورەیش لە یەثرب، پێش ئیسلام خۆی یەکێک لە حەنەفیەکان بووە. [141]حەنەفیش لەناو قورەیش مێژووێکی زۆر کۆنتری هەبووە. هەر لەو کاتەی نەسڕیەکان بەرەو حیجاز کۆچیانکرد. بەپێی بەڵگەی مێژووپی لە سەدەی چوارەمی س. ب باوەڕی حەنەفی لە دوورگەی عەرەبی. بەتایبەتی خێلی قورەیش بە بەربڵاوی هەبووین. و لە یەتروب و مەککە و تائف گیرساونەتەوە. لەژێر ناوی حەنەفی بانگهێژی دینی ئیبراهیمیان دەکرد. لەوانە عبدالمطلب، و أبی طالب و قەشە وەرەقە بن نوفل و أمیة بن أبی سلط و زۆرێتر بوون. سەرەڕای ئەوەش هەر کەسێک، باوەڕی بە یەکتاپەرستی هەبووبێ لە سەر ڕێبازی ئیبراهیم، جا لەسەر هەر کام لە دینە ئیبراهیمییەکان بووبێ.

نووسەری قورئان لە ئایەتیترییش ئاماژە بە حەنەفی دەکا:

---

[141] بورهان الدین دلو لە پەرتووکی (جزیرة العرب) دەڵێ بیروڕای بەهێز لەسەر ئەوە هەیە کە محمد دامەزرێنەری دەوڵەتی قورەیش لە یەثرب، پێش ئیسلام حەنیفی بووبێ (خلیل ٢٢٤)

سورة الأنعام ٦: ١٦١

قُلۡ إِنَّنِي هَدَىٰنِي رَبِّيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ دِينٗا قِيَمٗا مِّلَّةَ إِبۡرَٰهِيمَ حَنِيفٗاۚ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ (١٦١)

بڵێ پەروەردگارم، منی خستۆتە سەر ڕێگەی ڕاست، سەر دینی حەنیفی ئیبراهیم. (١٦١)

ئەو سورەتە سورەتێکی مەککەیە. و محمد هیدایەتی خۆی لە حەنەفی بوونی خۆیدا دەبینێ. ئەوەش پشتڕاستکردنەوەیەکی بەهێزە، بۆ ئەوەی محمد زۆر پێش لەکۆچ و دامەزرانی دەوڵەتی قورەیش لە مەدینە، دینی حەنەفی (نەسارِی) بە تاکە دینی خودا دەزانی.

لەلایەکیتر دوای ماوەیەکیش لە کۆچ. و گیرسانەوە لە مەدینە، دەبینین نووسەری قورئان هێشتا، لەسەر هەمان باوەڕی حەنەفی بەردەوامە.

ئەم ڕەوتە لە ژێر کاریگەری کەسایەتی ئیبراهیم لە چوارچێوەی، هزری دینی نەسارِی لە وولاتی حیجاز، بە هۆی ئامییەکان سەری هەڵدا. لەو دەمە ئامییەکان دەستەڵاتیان بەسەر باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبیدا هەبوو. ئەم ڕەوتەش ناویان لە خۆیان نا (حنفاء). هەر کەسێک پەیڕەوی ئەو ڕێبازەی بکردایە، پێیان دەگوت (حنیف). کەزاراوەی حەنیف ووشەیەکی عیبرییە لە (تحنث)ەوە هاتووە. لە ڕێگەی ئامی گەیشتۆتە ئەو ناوچەیە. واتە ئارەزووی دوورکەوتنەوە لە گومراپی چوونە سەر ڕێگای ڕاست. [142]

هەر بەورەچاوکردنەش بیری حەنەفی، و مێژووی لەگەڵ هاتنی نەسارِیەکان بۆ دوورگە، زۆر لە ئیسلام کۆنترە. بەڵگەش بۆ ئەوە کعب بن لؤی بن غالب (کە باپیرە گەورەی محمد بووە) یەک لە حەنەفیەکان بووە. [143]

---

[142] راغب الاصفهاني. المفردات فی غریب القرآن ل ١٣٣

[143] د. السيد عبدالعزيز سالم. دراسات فی تاريخ العرب قبل الاسلام ل ٤٣٨)

بەپێی گشت سەرچاوەکانی ئیسلامی و نا ئیسلامی، هەر کەسێک باوەڕی بە یەکتاپەرستی لەسەر ڕێبازی ئیبراهیم هەبووبێ حەنەفی بووە. لەلایەکیتر حەنەفی وەک سەرچاوەیەکی خوداپەرستی، هەرسێ دینە ئیبراهیمییەکان کۆدەکاتەوە. هەر بۆیە دەبێ ئەوەش بڵێین حەنەفی وەک دینێک نەبووە، بەڵکوو کەسێکی حەنیف، لە هەمانکاتدا نەسارِی و موسوڵمانە. و پەیرەوکاری ڕێبازی ئیبراهیم بووە. بۆیە مرۆڤ ئەگەر سەر بە هەر دینێکی ئیبراهیمی بووبێ، ئەوە لە بنەڕەتدا حەنەفی بووە. هەروەها دکتۆر سمیح دەڵێ مانای ئارەزوو (میل) دەدات . بۆ نموونە (إبراهیم حنف الی دین الله) واتە (ئیبراهیم ئارەزووی لە دینی خودایە). [144]

سەرەڕای ئەوە، سەرجەمی بنەماڵەی محمد لەسەر دینی نەسارِی بووین. پەیڕەوکاری سەرسەختی ئەو دینە بووین. کەواتە ئەو ژینگەیەی محمد لێی لە دایک بووە و تێیدا پەروەردەکراوە. ژینگەیەکی حەنەفی، نەسارِی بووە. ئەوەش کاریگەری لەسەر کەسایەتی و ڕێبازە دینییەکەی محمد هەبووە.

ئەگەر زیاتر لەو بابەتە قووڵبینەوە، چوونی محمد بۆ ئەشکەوتی حەرا. و خەڵوەت گرتنی، لەگەڵ ئەو کەسانەی تر، کە سەرجەم لەو خەڵوەتە دابووین حەنەفی لەسەر دینی نەسارِی بووین. ئەوەش وادەکا کە محمد پەیوەندییەکی بەردەوام و پتەوی لەگەڵ حەنەفی و نەسارِیەکان هەبووبێ. پێشتر عبدالمطلبی باپیرەی هەر ساڵێ تەواوی مانگی ڕەمەزان دەچووە ئەشکەوتی حەرا. ئەوەش بۆمان دەسەلمێنێ کە محمد پەیرەوکارێکی سەرسەختی باپیرەی بووە و هەمان دید و بۆچوونی سەبارەت بە یەکتاپەرستی هەبووە. هەرچەندە هیچ کەس نازانێ ناوەڕۆک و بنەماکانی خەڵوەتی محمد لە ئەشکەوتی حەرا چی بووە. بەڵام بە پێی

[144] دغیم، دکتۆر سمیح (١٩٩٥) موسوعة الادیان السماویه و الوضعیة. لادیان و معتقدات العرب ل٤٧،

گێڕانەوەی سراج البلقینی لەشرح البخاری، دەبێ ناوەڕۆکی وەک هەر حەنەفیەکی تر بووبێ لەوانە عبدالمطلب و قەشە وەرەقە بن نۆفل و ئەوانی تر. کە بریتی بوو لە دوورە پەرێزی و وەرزشی دەروونی. [145]

سەرەڕای ئەوە محمد خۆیشی، دان بەوەدادەنێ، کە حەنەفیە:
جارێکیان عومەری کوڕی خەتاب بە محمدی گوتووە، ئەو شتانەی ئەو (محمد) باسدەکات، ئەو لە تەورات خوێندوونیەتەوە. لەگەڵ ئەوانە یەکن کە محمد باسیان دەکا. محمد تووڕەدەبێ و دەڵێ:(ئەی کوڕی خەتاب شەرم بکە! بە اللّٰه من بە حەنەفی هاتووم. ئەگەر موسای کوڕی عومران لەژیاندابایە، چاری نەدەبوو بە دوام دەکەوت). [146]

کریستی چاوەڕوانکراو خەونێک بوو بۆ هەریەک لە حەنەفیەکان کە خۆی بێ. امیە بن ابی صلت یەکێک لەوانە بووە، کە بەردەوام خۆی وەک کریستی چاوەڕوانکراو دەبینی. بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێ قورئان بریتییە لە کۆکردنەوە و وەوگێڕانی دەقە پیرۆزەکانی سریانی و نەسرانی. کەواتە ئیسلام بە عەرەبکردنی دینە ئیبراهیمیەکانە و هەوڵدانێکە بۆ دابڕینی میراتی ئیبراهیمی لە جولەکە. [147]

هیلاری بیلوچ دەڵێ: ئیسلام وەک لاباڵێکی نەسرانی لاڕێ (گومڕا) هرطقە دەستی پێکرد. پارۆگاری لە سیمای جولەکە، بە باوەڕێکی نوێ و یەکتاپەرستی ڕەها دەکرد. کە بەگشت شێوەیەک کریستیانی بەرجەستەکردنی خودای لە کریست (مسیح) ڕەتدەکردەوە، و تەنیا بە مرۆڤی دادەنا. [148]

---

[145] تاریخ الاسلام المبکر ل ١٧٤
[146] عبدالکریم، خلیل قریش ص٢٣٠
[147] تاریخ الاسلام المبکر ٥
[148] Hilaire Belloc. What kind of Religion is Islam. Pp 6

ڕوانگەی دووەم: جیاوازی دینی محمد و ئیسلام

سەبارەت بە ناوی ئیسلام:

ووشەی ئیسلام یان مسلم، بە مانای مل کەچکردن و گوێڕایەڵی دێ. و لە زمانی سامەرییەوە هاتووە نەک عیبری یان ئارامی[149] .

ووشەی ئیسلام و دەربڕینی هیچ پەیوەندی بە چۆنییەتی دینەوە نییە. دین شتێکە و ئیسلام شتێکی تر. دین واتە باوەڕ (ئیمان) و ئیسلام واتە خۆدانەدەست و مڵ کەچ کردن. بەو پێیەش، دەتوانین ووشەی ئیسلام بە گونجان، پەیرەوکردن و ڕاستاندنی یاساکانی موسا دابنێین. بەو مانایەی گەڕانەوە بۆ ئیبراهیم و یاسای موسا و تەورات. جا بەو پێیە دین هەر دینێکی ئیبراهیمی ئیسلامە. یان لەگەڵ یاسای ڕێکەوتن. [150]

سورة آل عمران ٣: ٨٥

وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ (٨٥)

هەر کەسێک، بێجگە لە ئیسلام دینێکی تری هەبێ، لێی قەبوولناکرێ. و لە دوارۆژدا لەڕێزی دۆڕاوانە (٨٥)

---

[149] الاصفهاني، راغب. المفردات فى غريب القرآن ص ١٧٥

[150] Crone, Patricia (1977) Hagarism Tha making of the Islamic World

قورئان و بەرژەوندیەکانی محمد

محمد زۆر حەزی لە خەوبوو، بە قوولی دەخەوت. کاتی هەڵدەستا، بێ ئەوەی دەستنوێژبگرێ، نوێژی دەکرد. لە هەمان کاتدا باوەڕداران لەسەریان بوو، کە دوای خەو، دووبارە دەستنوێژ بگرنەوە، ئەوسا نوێژبکەن. بۆ بیانوو هێنانەوە، محمد دەیگوت من چاوم دەخەوێ، بەڵام دڵم ناخەوێ، بۆیە تا بانگی بەیانی دەدا دەخەوت، جا هەڵدەستا بەبێ دەستنوێژ، نوێژی دەکرد. تەنانەت لە مانگی ڕەمەزانیش محمد ڕێگای بە خۆی دەدا دەستبازی لەگەڵ عائیشە بکا. بەڵام ئەو هەڵسوکەوتە بۆ باوەڕداران قەدەغەبوو. جارێکیان کەسێک ماچێکی کرد. و بەڕۆژوو بوو، کاتی پرسیاری محمد پرسیاری لێکرد بە زمانی بەڕۆژوو ماچیکردووە، کەواتە ڕۆژووی شکاوە. لە سوننە بۆ ئەو هەڵسوکەوتەی محمد بیانوویەکیان دۆزیوەتەوە، دەڵێن: ماچی محمد شەهوەتی تێدانییە.[151]

بەرژەوندی محمد، ئایەتەکانی قورئانیشی گرتوونەتەوە. کەم نین ئەو ئایەتانەی قورئان، کە لە خەمی بەرژەوەندی، و ئارەزووەکانی محمد دان. یان لە پێناوی بەرژەوەندی ڕاگرتنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی محمد و دەوروبەری هاتوون.

بەپێی ئایەتەکانی قورئان، خودا بەردەوام پاسەوانی بەرژەوەندیەکانی پەیامبەرەکەی بووە. هەم ئاگاداری دەکردۆتەوە، و هەمیش بەرگری لێکردووە. بەڕوونی و بێ پەروا، ڕەوایی داوەتە ڕەفتارەکانی ڕۆژانەی محمد.

---

[151] منصور فهمی (١٩١٣) أحوال المرأة في الإسلام، ص ٢٢

لە عائیشە دەگێڕنەوە، کە سەبارەت بە ئایەتی ٥٠ سورەتی الاحزاب بە پەیامبەری گوتووە:

بە خودا، من پەروەردگارت نابینم، تەنیا لەو کاتە نەبێ، کە پەلەیەتی لە دوای ئارەزووەکانت.[152]

هەرچەندە لەسەرتادا و لە قۆناخی مەککە، وەک درێژبوونەوەی دینی نەساڕی، محمد مۆڵەتی ئەوەی نەبووە، لە ژنێک زیاتر بێنێ. ئەوەش بەدرێژایی ئەوکاتەی خەدیجە لە ژیاندابووە. تا مردنی خدیجە و کۆتایی قۆناخی مەککە، ئەو نەرێتە لای محمد هەر بەردەوام بوو. بەڵام دوای مردنی خەدیجە، و کۆچکردنی بۆ مەدینە و گیرسانەوەی. ئەو دەمە خدیجە نەمابوو. و دینی نەساڕیش بەپێی ئارەزووی ئەو دەسووڕایەوە، بۆیە هەنگاو بە هەنگاو کێشەی سێکس و ئارەزوو تا دەهات گرنگتر دەبوو. تا لە کۆتاییدا، گەیشتە ئەو ئاستەی، ببێتە چەقی پەیامی دین. و بە ئاشکرا خودا لە خزمەتی دابێ. و لە هەر تەنگاوەیەک یان ئارەزوویێکی بەتین، بە هانایەوە بێ.

ئەوەش تا دەهات، لە ڕێبازی دینە ئیبراهیمیەکان لای دەدا. و بە بەراورد لەگەڵ هەردوو نەبی موسا و یەسو، کە دوو نەبێ هەرە گرنگن نەک تەنیا لە مێژووی دینە ئیبراهیمیەکان، بەڵکوو لە ناو دەقەکانی قورئانیش، شوێنێکی دیار و پیرۆزیان هەیە. لە هیچ یەک لەو دوو پەیامبەرە، و پەیامبەرانی پێشترش، ڕێبازێکی هاوشێوە نادۆزرێتەوە. و هەرگیز لە پەرتووکی پیرۆزیشیاندا، لەبارەی یەکێکیانەوە نەهاتووە کە ژنانی باوەڕدار، تەنیا شایستەی خۆیان بێ، و قەدەخە نییە، هەر ژنێک مێرددار یان بێ مێرد لەو حەڵاڵ بێ. ئەو هەنگاوەی پەیامبەری

[152] صحيح مسلم الجزء الثالث. ص ٣٦٤، صحيح البخاري (٦: ١١٧) (٤٧٨٨)، صحيح مسلم (٢: ١٠٨٥) (١٤٦٤)، عمدة القاري شرح صحيح البخاري ٢٠: ١٠٩

ئیسلام، پێچەوانەی ئەو ڕێبازەیە، کە دینە ئیبراهیمیەکانی پێشتر کردوویانەتە ئامانج. بە ڕوونی خودا ئەو کارەی، لە پەیامبەرانی خۆی قەدەخەی کردووە.

چ جای ژنی کوڕە تەبەنیەکەی زەینەب کچی جەحش. کە گەنجێکی دیندار و کوڕی تەبەنی خۆی، لە ژنە جوانەکەی بێبەش بکا، تەنیا لەبەر ئەوەی پەیامبەرە، بۆیە بۆی حەڵاڵە. و دەبێ شووی پێ بکا. ئەوە بێجگە لە دامرکاندنەوەی ماکی ئارەزووی خۆی هیچ شتێکیتر نییە. کە بەناوی خودا ڕەوایی پێدەدا. بۆ هەمان خودا پێشتر، بۆ نەبیەکانی تر شتی وای نەفەرمووە. ئایا کەسێک پەیامبەرێ مافی خۆیەتی، لەگەڵ ژنی جوانی هاوەڵەکانی بخەوێ؟ بەبێ گوێدانە هەستی ئەو کەسە، تەنیا بۆ ئەوەی خۆی چێژ وەربگرێ؟

دینداره‌کان بۆ بەرگری لەو ڕەفتارە نامرۆڤانە، دەڵێن ئەو پەیامبەرە و ڕاست و دروستە، و خودا پێی ڕەوا بینیووە. بەڵام نەخێر، لە چاوی هەر کەسێکی خاوەن هزردا ناگونجێ. باشە بۆ خودا ئەو ڕێگایەی بە پەیامبەرانی پێشتر نەدا، خۆ دەقەکانی قورئان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە گشت پەیامبەرنی پێشتر لای ئیسلامیش پیرۆزن. بە تایبەتی هەردوو دوو پەیامبەری کۆتایی، موسا و یەسو، پێگایان لە ناو ئیسلامیش زۆر بەرزە. بۆچی بۆ ئەوان ناشایستەبێ، بەڵام بۆ محمد پێچەوانە.

لە تەورات سەبارەت بەو باسە، لە تابلۆی دە فەرمایشتەکانی خودا بۆ موسا، بە کورتی و ڕوونی، ڕوو لە بەنی ئیسرائیل دەکا و دەڵێ:

پەیمانی کۆن - پەرتووکی دەرچوون ٢٠: ١٧

(١٧) چاو مەبڕنە ژنی کەس. چاو مەبڕنە ماڵ و خزمەتکار و کارەکەر و گا و مانگا و گوێدرێژی هیچ کەس. و هەر شتێک کە هی کەسێکی دیکە بێ.

لەو دەقەی تەورات پەرتووکی دەرچوون، جیاوازی بە هیچ کەس ناکا، ناشڵێ بێجگە لە پەیامبەر یان هەر پێگایەکی کۆمەڵایەتی تر. گوزارەکە بە ئاشکرا، ڕوو لە سەرجەمی بەنی ئیسرائیل دەکا. و هیچیتر.

بە هەمان شێوە بۆ یەسوی کریستیش لە دوو پەرەگرافی جیاواز، لە پەیمانی نوێ ئاماژەی پێکراوە

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس ٥: ٢٨

(٢٧) بیستووتانە گوتراوە: [داوێنپیسی مەکەن.] (٢٨) بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بە هەوەسبازییەوە سەیری ژنێک بکا، ئەوا لە دڵی خۆیدا داوێنپیسی لەگەڵ کردووە.

هەروەها پاولۆس لە نامەیەکیدا دەنووسێ:

پەیمانی نوێ - یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١ - ٣

(١)سەبارەت بەو شتانەی کە بۆ منتان نووسیوە: باشە بۆ پیاو ژن نەهێنێ (٢) بەڵام لەبەر داوێنپیسی، با هەر پیاوێک ژنی خۆی هەبێ و هەر ژنێک مێردی خۆی هەبێت .(٣) مێرد لەسەریەتی ئەرکی سەرشانی بۆ ژنەکەی بەجێبگەیەنێ، هەروەها ژنیش بۆ مێرد .

ئەو چەند دەقەی سەرەوە لە تەورات و ئینجیل دەدۆزرێنەوە. بەڵام هیچ پەرەگرافێک یان دیاردەیەکی تایبەتی نادۆزرێتەوە، کە تایبەت بن، بۆ ئەو دوو پەیامبەرە. بە شانازیەوە لە دەقە پیرۆزەکانیش تۆمارکرابن. بەو مانایەش، هیچ کەسێک پێش محەمەد داوای مافی ئەوەی نەکردووە، کە بێ پەروا ژن و کچی خەڵک لە خۆی حەڵاڵ کا.

محمد و سێکس له قورئاندا

کەسایەتی مرۆڤ، له سەرەتای تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری بنیات دەنرێ. دەروونناسی ئەوەی سەلماندووە، کە ئاڵۆزی و گرێکوێرەکانی دەروونی تاک، وەک فرۆید بە گرێکوێرەی ئۆدیب ناوی دەبا. ئەو گرێکوێرەیەش بە تایبەتی لە تەمەنی ٣ – ٦ ساڵی دەست پێدەکا کە بە قۆناخی چووک[153] ناو دەبرێ. دواتریش لە نێوان ١٢ – ١٨ ساڵیدا[154] جارێکی تر دەگەڕێتەوە.

لە ڕووی دەروونناسیەوە، هەر لە دایک بوونەوە تا دەگاتە تەمەنی ١٨ – ٢٠ ساڵ. بنەڕەتن بۆ دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ و ئاکارەکانی. یان بە مانایەکیتر ئەو تەمەنە ناسنامەی کەسی بە مرۆڤ دەبەخشێ.

بەسەرهات و پەنگخواردنەوە دەروونیەکانی تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری، بنەمان بۆ، ئەو کەسایەتیەی مرۆڤ، لەتەمەنی گەورەییدا بەدەستیانەوە دەناڵێنێ یا بەختەوەر دەبێ . بەتایبەتی لە ڕووی هەست و ئارەزووەکانی. و کێشەی کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی لە تەمەنی گەورەیی.[155]

---

[153] Phallic stage
[154] Genital stage
[155] Hwang, P & Wickberg, B (2001) Föräldrastöd & Barns Psykiska Hälsa. Stockholm. Nordstedts.

لێتۆژینەوەکانی سایکۆداینامیک کە ڕەگی لە تیۆری شیکاری دەروونی فرۆیدەوە هاتووە، جەخت لەسەر کاریگەری نائاگایانەی مرۆڤ دەکا. کە ئەنجامی هێزە دژبەیەکەکانی پرۆسەی بنیاتنانی دەروونی و دروستبوونی بنەڕەتەکانی کەسایەتی سەرهەڵدەدەن. ئەوەش هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤدا، ئەم ململانێیانە لەو شوێنانە سەرهەڵدەدەن، کە منداڵی بچووک دەیەوێ پێداویستییە زگماکییەکانی خۆی بەدیبێنێ، و بگاتە ئارەزوو و خەونەکانی خۆی. لە کاتێکدا کۆمەڵگەی دەوروبەر، ناچاری دەکا دەستبەرداری پێداویستییە زگماکییەکانی خۆی بێ، و ملکەچی ژینگەی کۆمەلایەتی دەوروبەری بێ.

بە گشتی تەمەنی منداڵی، کەسایەتی مرۆڤ دەخاتە ناو چوارچێوەیەکی کولتووری ژینگەی دیاریکراو. و مەرجەکانی ڕەفتارکردنی لەگەڵ دەوروبەری دیاری دەکا. کە لە دواتر چۆن مامەڵە بکا. بە بڕوای فرۆید هەمیشە هۆکاری پێشوەخت بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان هەیە. بەڵام زۆر بە دەگمەن ئاگایان لێیە. بۆیە ڕەهەندی پرۆسەی نائاگایی منداڵ، دەبێتە بنەڕەت بۆ دروستبوونی مرۆڤی دواڕۆژ. و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەوروبەر.[156]

ئەگەر ڕەچاوی ئەو لێکدانەوە سایکۆدینامیکییە بۆ ڕەفتارەکانی پەیامبەری ئیسلام بکەین. ئەوا دەتوانین بڵێین ژیانی منداڵی و هەرزەکاری ئەو کەسەی دروستکردووە، کە دواتر لە ڕەفتارەکانی بەدی دەکەین. ڕاستە وەک ڕاڤەکارانی موسوڵمان دەڵێن، محمد لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لە دایک بووە. نازی گیراوە. بەڵام با ئەوەشمان لەبیر نەچێ، کە محمد باوکی خۆی نەدیووە، و دایکی لە تەمەنی پێنج ساڵی مردووە. پەروەردەی کۆمەڵگەی ئەو دەمە منداڵێکیان لە چوارچێوەی کولتوورێکی لەلایەک دوور لە نازی دایک و باوک، لەلایەکیتر ناچارکردنی بە نەرێت و کولتووری نەساڕی. سەرەڕای ئەوەش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەراوێزخراو. کە لەتەمەنی گەنجی (٢٥) ناچار دەبێ هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکدا بکا کە پانزە

[156] Bowlby. J (1994) En tryggbas. Stockholm. Natur & Kultur.

ساڵ لە خۆی گەورەترە. و تا ئەو کاتەی ژنەکەشی دەمرێ. وەک نەسارِی ناتوانێ لێی جیابێتەوە. تەنانەت ئایەتی قورئان لەسەر ئەو پەیوەندیە دێنێتەوە.

سورة الضحى ٩٣: ٣ – ١١

مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ (٣) وَلَلْأٓخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ ٱلْأُولَىٰ (٤) وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰٓ (٥) أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ (٦) وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ٧ وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغْنَىٰ (٨) فَأَمَّا ٱلْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ (٩) وَأَمَّا ٱلسَّآئِلَ فَلَا تَنْهَرْ ١٠ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ (١١)

خوداکەت نە وازی لەتۆ هێناوە و نە لێشت قەڵسە (٣) دیارە، دوارۆژ بۆتۆ چاکترە، لە دونیا (٤) بە دڵنیاییەوە خوداکەت چاکە وات لەگەڵ دەکا، تۆ ڕازی دەبی (٥) ئەی تۆی بە هەتیوی نەبینی، ئەو پەنایدای (٦) ئەی تۆی نەبینی گومڕابووی، ئینجا لانەداریکردی (٧) تۆی بینی نەداربووی، و دەوڵەمەندی کردی (٨) سا تۆش هەتیو مەڕەنجێنە (٩) دەرۆزەکەر مەتارێنە (١٠) تۆ هەر باسی چاکەی پەروەردگارت بکە (١١)

لەو چەند ئایەتە، محمد دەیەوێ، باسی چاکەی خەدیجە بکا. و بە ڕوونی باسی، ئەو ڕۆڵە دەکا، کە لەژیانی بینیویە. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، هاوسەرگیری محمد و خەدیجە، گرێبەستێک بووە لە نیوان بازرگانی خەدیجە و دەربازبوونی محمد، لە بێکەسی و بێدەرەتانی. لێرەدا خەدیجە بۆ محمد وەک پوورێکی ڕزگارکەر بووە، لەو ژیانە کۆڵەمەرگیەی تێیدابووە، بە تایبەتی دوای مردنی عبدالمطلبی باپیرەی. گرێبەست لە نێوان دووکەس، بۆ مەرامی جیاواز، بەناوی هاوسەرگیری.

بۆیە دوای مردنی خەدیجە، گرێبەستەکەش کۆتایی دێ. و محمد دەستی والا دەبێ، ئیتر خۆی بڕیاردەدا. ئێستا دەوڵەمەند بووە، و دەستەڵاتدارە. کەسایەتیەکی هەیە، کە لەلای خەڵکی پیرۆزە. بۆیە ئەوجارەیان بە پێچەوانەوە، کیژۆڵەیەک دێنێ کە ٤٥ ساڵ لە خۆی

بچووکترە. عائیشەی تەمەن نۆ ساڵ، لەگەڵ محمدی تەمەن ٥٣ ساڵ، زیاتر پەیوەندی منداڵێک لەگەڵ باپیرەی بووە، تا مێردی. محمدیش چاک ئەوەی دەزانی. بۆیە لێی دەگەڕا وەک منداڵانی هاوتەمەنی خۆی یاری بکا. ئەوەش لە زۆربەی پەرتووکەکانی ڕاڤەکاری و بیۆگرافینووسی موسوڵمان دووبارە بۆتەوە.[157]

ئەو دیاردەیەی پەیوەندی نێوان عائیشە و محمد، زۆر باش لە ڕووداوی الإفک دەبینرێ. کە چۆن لە دەرەوەی لۆژیک بیردەکاتەوە. و بە هەر ڕێگایەک بێ، دەبێ ئەو کێژۆڵەیە ڕزگار بکا. تەنانەت پەنا بۆ ئایەتی وا دەبا کە گرفت بۆ خۆی دروست دەکەن.

بە خوێندنەوەی هەندێک لە ئایەتەکانی قورئان، و بەراوردکردنیان بە هەڵسوکەوتی نووسەرەکەی، بە ڕوونی دەردەکەوێ، کە لە بارێکی دەروونی سایکۆدینامیکی سەخت دادەژی. خوێنەر ئەگەر بۆ تاوێکیش لەو ئایەتانە قووڵبێتەوە. و بەراوردیان بە کەسایەتی نووسەری بکا، بۆی دەردەکەوێ. کە پاشخانی پەروەردەبوونی کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ئاکارەکانی کەسایەتی هەیە.

یەک لەو ئاکارانە کێشەی سێکسە. کە بۆتە چەقی پاڵنانی ئەو ماکەی (غریضة) لە تەمەنی هەرزەکاری و گەنجی تێیدا پەنگی خواردبووەوە. و بەوەش بۆتە چەقی گرنگی لە ئاڕاستەی پەیامی دین. و لە گشت هەڵومەرجە کۆمەڵایەتیەکانی ئامادەبووە، کاریگەری ناوێزەیی دەروونی، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، ئایەت بێنێ. بێ ئەوەی بیر لە دەرئەنجامەکەی بکاتەوە. لەوانە ڕووداوی الإفک و خۆشەویستی بۆ عائیشەیە. کە زۆربەی یاوەرانی هەرە نزیکی ، بەرامبەری وەستانەوە. چەندین ڕووداویتر، کە لێرە دەخرێنە ڕوو، بەڵگەن بۆ کێشەی

[157] فياض، نبيل، أم المؤمنين تأكل أولادها، دراسة توثيقية تاريخية، عن عائشة بنت أبي بكر في مصادر التاريخ الإسلامي. ص ٢٠

دەروونی نووسەری قورئان، و پاشخانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی. هەر ئەوەش وایکردووە، بۆ گەیشتنە ئامانج، سڵ لە هیچ ڕێگایەک نەکردۆتەوە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، چەند ڕووداوێک وەک بەڵگە، لەگەڵ هەندێ ئایەت لە سووڕەتی جیاجیا .

١- عائیشە و سەفوان و ڕووداوی الإفک

ڕووداوی الإفک، ڕووداوێکی مێژووپی ناسراوە، لە ناو کەلەپووری ئیسلامی. هەروەها ئەو ڕووداوەیە کە تیایدا عائیشەی هاوسەری پەیامبەری ئیسلام محمد، لە کاتی خەوتنیان لە بیابان، تۆمەتبار کرا بە زیناکردن لەگەڵ سەفوان بن المعطل. دوای ئەوەی دەنگۆی نێوان عائیشە و سەفوان لە مەدینە بڵاوبووەوە، پەیامبەر لە عائیشە تووڕە بوو، کە پاکانەی بۆ بێتاوانی خۆی لەو دەنگۆیە دەکرد. پاشان عائیشە خۆی وا نیشان دا، کە نەخۆشە و ماڵێ خۆیانی بەجێهێشت و ڕۆیشتەوە ماڵی باوکی. ئەو چوونەوەشی بۆ ئەوەبوو، لەلایەک چاودێری و سەرنجی دایکی بۆ ئەو کێشەیە ڕاکێشێ، بۆ ئەوەی ئاگاداری بێ. و لە هەمان کاتدا لە تووڕەیی مێردەکەی (پەیامبەر) تا ماوەیەک دوور دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی بەڵکوو تووڕەییەکەی، لە نەبوونی ئەو (عائیشە) لەماڵ سارد ببێتەوە، و بیری بکا.

عائیشە دەیزانی سۆز و هەستی نەبی بۆی ئەوەندە بەهێزە کە ناتوانێ ماوەیەکی درێژ بەرگە بگرێ. هەرواش بوو، دوای مانگێک شتەکان گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی خۆیان. پەیامبەر مانگێکی تەواو چاوەڕێی کرد لەکاتێکدا تووڕەیی خۆی، بە بەرەنگاربوونەوەی قسەی خەڵک لەسەر بڵاوکردنەوەی دەنگۆ لە مەدینە.

یەکەم جار بە ئایەتێکی قورئان، لە سورەتی النور ئایەتی ١١ دەڵێ دەستەیەک (عصبة) گەواهیدەر هەبووین. دەستەیەک واتە کۆمەڵێ کەس تا دەگاتە زیاتر لە دە کەس.

القرآن الكريم – سورة النور ٢٤: ١١

إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلۡإِفۡكِ عُصۡبَةٞ مِّنكُمۡ (١١)

ئەوانەی درۆکەیان هەڵبەست، دەستەیەك بوون لە ئێوە (١١)

لەلایەکیتر محمد دەیەویست لەوە دڵنیایێ، کە عائیشە لە سەفوان دووگیان نەبووە. دواتر چارەسەرێکی گونجاوی دۆزیەوە. و بە ئایەتێک، هەرەشەی لەو کەسانە دەکرد، کە لە خۆیانەوە گومان و دەنگۆیان لەسەر ڕووداوی زیناکردن لەناو خەڵکی بڵاودەکەنەوە. هەروەها هەرەشەی قامچی لێدانی لەو کەسانە دەکرد، کە ئەگەر چوار گەواهیدەریان نەبن، کە بەچاوی خۆیان ڕووداوەکەیان بینیێ. واتە پڕۆسەی زیناکەیان بە چاوەکانی خۆیان دیێ.

جبرائیل لە ئاسمانی حەوتەمەوە، هاتە لای. و بە نیشانەی لێدان و ئاگادارکردنەوە و پێویستی پێشکەشکردنی چوار گەواهیدەر. ئەگینا ئەوانە لە لە سەرپێچیکەرانن (لەو ئایەتە، و ئایەتەکانیتر، جوبرائیل وەک تەتەرێکی لەسەرپێ، ئامادەیە. کاتی محمد پێویستی بە کەمێ یارمەتی هەبێ، چارەسەری خێرای بۆ بدۆزێتەوە).

سورة النور ٢٤: ٤

وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدٗاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ (٤)

وە ئەو کەسانەی ژنانی پاك و خاوەن مێرد تۆمەتباردەکەن بە زینا، ئینجا نەیانتاونی چوار گەواهیدەر بێنن. ئەوا ٨٠ قامچیان لێ بدەن. و هەرگیز شەیتان قەبوڵ مەکەن ئەوانە خراپەکارن (٤)

زۆر بە سادەیی، ئایەتەکە دەڵێ: ئەوەی ژنێکی موسوڵمان بە زیناکردن تاوانبار بکا، ئەگەر چوار گەواهیدەری نەبن، دەبێ هەشتا قامچی بخوا!! نالۆژیکی ئەو ئایەتە لەوەدایە، کە تەنیا لە پێناوی ڕزگارکردنی عائیشە بوو. بە هیچ شێوەیەک، بیر لە دەرئەنجامی کاریگەری ئەو ئایەتە نەکراوەتەوە. کە چ کێشەیەکی بەدواخۆی دا هێنا.

دوای هاتنی ئایەتەکە، پەیامبەر بۆ هاوەڵەکانی دەخوێندەوە، سەرکردەی ئەنسار (سعد بن عبادة) بەگژی داچووەوە و گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، بەم شێوەیە دابەزی؟ وەک ئەوەی بڵێ: ناکرێ خودا وا بڵێ. پەیامبەر تورە بوو و گوتی ئەی خەڵکی ئەنسار گوێتان لە قسەی گەورەکەتانە چی دەڵێ؟ وتیان ئەی پەیامبەری خودا لۆمەی مەکە، چونکە پیاوێکی بێ پەروایە (مەبەستیان بە ئایەتێکی وا ڕازی نییە) سعد گوتی: ئەی پەیامبەری خودا ئەگەر پیاوێکم، لە سەر ژنەکەم گرت، ئایا وازی لێ بێنم (....) و بچم بەدوای چوار گەواهیدەردا بگەڕێم، و لێیانگەڕێم تا ئەو کاتەی پێویستیەکانی لەگەڵیدا دابین دەکا؟ بەخودا من چوار گەواهیدەر ناهێنم، تا ئەو، پێویستیەکانی ئەنجام دەدا. و بە تیخی شمشێر لە ملی دەدەم.

سەرکردەیەکی گەورەی وەک سعد بن عبادة، یەک لە ئایەتەکانی قورئانی کە محمد هێنابووی ڕەتکردەوە، کۆمەڵێکی گەورەی هاوەڵانی پشتیوانیان لێکرد. پەیامبەر خۆی لە دۆخێکی شەرمەزاری زۆر خراپدا بینیەوە. لەبەر ئەوەی خۆی هەستی بەوەکرد، کە لۆژیک و ژیریەک لەو ئایەتە دا نییە. و حوکمی ئە ئایەتە دەبێتە سەرچاوەی کارەساتی گەورە. و دەبێت چارەسەرێک هەبێ، کە کۆتایی بەو دووفاقییە بهێنێت. چەند ڕۆژێک دوای ئەو

دیالۆگە، شتەکان بۆ پەیامبەر و دژایەتی ئایەتەکەی خراپتربوون. خەڵک تێگەیشت، تاکە مەبەست لەو ئایەتە، ڕزگارکردنی عائیشە بوو. لەبەرئەوەی ئەستەم بوو، لە دۆخێکی ئاوادا چوار گەواهیدەر هەبن، زیناکردنەکەیان بە چاوی خۆیان دیبێ. محمد زۆر بە وردی بیری لە کاریگەری دەرئەنجامەکانی، و لایەنە جۆراوجۆرەکانی، بەتایبەتی لایەنە خراپەکانی نەکردبووەوە.[158]

سەیر لەوەدایە، کێ ئامادەیە، لەو کاتەی زینا لەگەڵ ژنێک دەکا، ڕێگەی ئەوە بدا، لەلایەن چوار گەواهیدەر چاودێری بکرێ؟ یان ئەگەر بەڕێکەوت ژنەکەی بینی کە زینا دەکا، داوا لە ژنەکەی بکا، لە سەر زیناکردن بەردەوام بێ، تا بەدوای چوار گەواهیدەر دا بگەڕێ؟ و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ زیناکارەکە بیگرێ؟ بەڕاست، ئایەتەکە بە سادەیی دەڵێ هەرکەسێک هەر ژنێکی موسڵمان بە زینا تۆمەتبار بکا، با چاوەڕوانی ئەوەش بکا، هەشتا قامچی لێدەدرێ. زۆر لە یاوەرانی پەیامبەر عائیشەیان بە زینا تۆمەتبار کرد، لەوانە عەلی بن ئەبی تالیب و لە نێویاندا شاعیری پەیامبەر حسن بن ثابت، لەو سەردەمەدا، ئەو و مسطح بن أثاثا، کوڕی خاڵۆزای عائیشە و حمنة بنت جحش خوشکی زەینەب، قامچیان لێدرا . چونکە ئەوان باوەڕیان بەو دەنگۆیە کرد. و لەناو خەڵکیشدا بڵاویان دەکردەوە.

لە هەمووی گرنگتر عەلی کوڕی أبی طالب بوو. کە بەشداری لە تاوانبارکردنی عائیشە بە زیناکردبوو. و محمدیشی هاندا لە عائیشە جیابێتەوە. سەرەڕای ئەوەش محمد قامچی لێنەدا. بەڵام عائیشە ئەو قینەی هەر لە دڵ مابوو. تا لە شەڕێکی گەورە پێی دارشت. ئەو قین هەڵگرتنە، بووە هۆکاری شەڕی ووشتر (حرب الجمل). کە لەشکری عائیشە و عەلی لە نزیک بەسرە لە عێراق، لە شەڕێکی خوێناوی بەرەنگاری یەکبوونەوە.

---

[158] السيوطي الدر المنثور فى تفسير المأثور، الجزء السادس، ص ١٣٣ - ١٣٤

ئەوەی کێشەکەی بە یەکجاری لە محمد ئاڵۆزکرد، کەسێک بە ناوی هلال بن ئومیة بوو. هات بە پەیامبەر و هاوەڵانی بڵێ، پیاوێکم بەسەر ژنەکەمەوە دیووە. بە ناوی شریک بن سحمە، کە بە چاوی خۆم بینیومە. و بە گوێی خۆم گوێم لێ بووە، کەچی محمد هیچی نەکرد، چونکە لەوکاتە، چوار گەواهیدەر نەبوون، کە زیناکردنەکەیان بە چاوی خۆیان دیێ.

هلال گوتی: بەچاوەکانی خۆم بینیومە، وبە گوێی خۆم گوێم لێیان بوو. ئایا ئینکاری لە هەستەکانم بکەم؟ بەڵام پەیامبەر، هە سووربوو. بەڵگە و چوار گەواهیدەری دەویست، کە بە چاوی خۆیان زیانکردنەکەیان دیێ. هلال هەوڵیدەدا پەیامبەر دڵنیا بکا، کە ڕاستگۆیە. و هەموو ڕووداوی زیناکردنەکەی بە چاوی خۆی دیووە.[159]

لێرەدا پەیامبەر کەوتە دۆخێکی پڕ شەرمەزاری، و یاوەرانیش هاواریان دەکرد. و ڕەخنەیان لە ئایەتە مەحاڵەکە گرت، پەیامبەریش تێگەیشتبوو، کە لە دۆخێکی زۆر سەختدایە. ناچار بوو جارێکی تر ڕاوێژ بە جبرائیل بکا، و ئەو دووفاقییە، بە شێوەیەکی لۆژیکی چارەسەربکا. بۆ ئەوەی خەڵک بەو ئایەتانەی کە بۆی دابەزاندووە ڕازی بن. بە پێی ئایەتەکە، پەیامبەر ناچار بوو هەشتا قامچی لە هلال بدات، چونکە هاوسەرەکەی بە زینا تۆمەتبار کرد. و نەیتوانی چوار گەواهیدەر بێنێ، ئەوەش بە کردەوە مەحاڵ بوو!! سەرەڕای ئەوەی کە ڕاستگۆ بوو. و خۆی زیناکەی بە چاوی خۆی دیبوو. محمد لەو دۆخە ناخۆشە زۆر سەخڵەت بووبوو. یاوەرانیشی لە هەموو لایەکەوە توندیان بۆ هێنابوو.

[159] ابراهیم، صباح. حادثة الإفک مع عائشة. مفکر حر ٣١-٧- ٢٠٢١

یاوەرانیش لە لای خۆیان کۆبوونەوە و دەیانگوت: ئێمە بە قسەی سعد بن عبادة تووشی ئازار بووین، محمد بەپێی ئایەتی خودا قامچی لە هلال بن ئومیة دەدا. ئەگەر لە گەواهیەکەی پەشیمان نەبێتەوە.

هلال گوتی: ئەی پەیامبەری خودا دەبینم، بۆ تۆ چەند سەختە بەو هەواڵەی، پێم ڕاگەیاندی. واتە من ئەو شەرمەزاریە دەبینم کە بەهۆی ئەم ئایەتەیەوە لە ڕوخسارت دیارە، وەک چۆن فەرمانم پێکرابوو کە قامچیم لێبدرێ، سەرەڕای ئەوی بێتاوانم[160].

پەیامبەر ئەو شەوە نەخەوت، تا ڕۆژی دواتر یاوەرانی گەیشتن، پێیان بڵێ وەحی بە وەڵامی ئەرێنی، بۆ کێشەی هلال هاتووە. چارەسەری کێشەکە بەو ئایەتانەی خوارەوە هات.

سورة النور ٢٤: ٦ - ٩

وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ أَزۡوَٰجَهُمۡ وَلَمۡ يَكُن لَّهُمۡ شُهَدَآءُ إِلَّآ أَنفُسُهُمۡ فَشَهَٰدَةُ أَحَدِهِمۡ أَرۡبَعُ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ (٦) وَٱلۡخَٰمِسَةُ أَنَّ لَعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ إِن كَانَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ (٧) وَيَدۡرَؤُاْ عَنۡهَا ٱلۡعَذَابَ أَن تَشۡهَدَ أَرۡبَعَ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ (٨) وَٱلۡخَٰمِسَةَ أَنَّ غَضَبَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَآ إِن كَانَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ (٩)

ئەوانەی تۆمەت بۆ ژنەکانیان هەڵدەبەستن و شایەتیان نییە، تەنیا خودی خۆیان نەبێت، ئەوە شایەتی یەکێکیان چوار جار سوێند خواردنە بە خودا کە لە ڕاستگۆکانە (٦) و پێنجەم سوێند بڵێت: نەفرەتی خودام لێبێ، ئەگەر لە درۆزنەکان بم. (٧) و سزا لە سەر ژنەکە لادەچێ ئەگەر چوار جار سوێند بە خودا بخوا و بڵێ لە درۆزنەکانە (٨) و سوێندی پێنجەم بخوا و بڵێ: تورەی خودام لەسەر بێت ئەگەر ئەو لە ڕاستگۆکان بێت. (٩)

---

[160] هەمان سەرچاوە

هەروەها لە ئایەتێکی دواتر، بەگشتی گوزارە دەکا

القرآن الكريم – سورة النور ٢٤: ١٣

لَّوْلَا جَآءُو عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ ۚ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا۟ بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْكَـٰذِبُونَ (١٣)

جا ئەگەر چوار گەواهیدەر بۆ دەنگۆکە نەهێنن، و ئەگەر گەواهیدەراکان نەهێنن، ئەوە ئەوانە لای خودا درۆزنن. (١٣)

بەم شێوەیە پەیامبەر دەریچەیەکی بۆ خۆ دەربازکردن، و چارەسەرکردنی کێشەی هەڵەی یەکەمی حوکمدان دۆزییەوە. بەڵام ئەوەی بەسەر هلال و کەسانیتر بە درێژایی مێژوو، هاتووە گرنگ نییە. بەڵکوو ئەوەی لەو کێشەیە گرنگە دەربازبوونی پەیامبەر خۆیەتی لەگەڵ عائیشە.

لەو ئایەتانەی سەرەوە دەبینرێ، چۆن نووسەری قورئان، لە پێناوی بەرژەوەندی و ئارەزووی خۆی، ئایەتی تێکهەڵکێشاون. کە بە درێژایی مێژووی ١٤٤٠ ساڵی ڕابردوو، تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابێ، ئایەتەکە بە گشت نالۆژیکیەکی، هەر ماوە. و کێشەی دژایەتیش لە نێوان ئایەتەکان، هەرگیز چارەسەر نەکراوە. و دووفاقەیی لەسەر کێشەکانیش بە بەردەوامی گرفتی نوێ دروست دەکەن.

هەرچەندە، بە فەرمان ئایەتی دواتر، جێبەجێکردنی ئایەتی یەکەم هەڵوەشێندراوەتەوە: بەڵام ئایا ئێستا داوا دەکرێ، ئەگەر پیاوێک هاوسەرەکەی، بەبێ گەواهیدەر تۆمەتبار بکا، قامچی لێبدرێ. یان نەفرەت لەخۆی بکا. تا لە قامچی لێدان ڕزگاری بێ.

دژایەتی ئایەتەکان، ئەوەندە زەقن، موسڵمانان نازانن شوێن کامیان بکەون؟ یان بە ئارەزووی خۆی هەڵبرژێرێ. قامچی لێدان یان نەفرەت لە خۆکردن، بۆ ڕزگاربوون، سەرەڕای ئەوەی کە سکاڵاکار بێتاوانە.

داهێنانی ئایەتی چوار گەواگیدەر ئامرازێکی کاتی بوو، بۆ بێدەنگکردنی ئەوانەی لەسەر زینای عائیشەی هاوسەری پەیامبەر کردیانە هەڵلا، چونکە عائیشە بە تەنیا لەگەڵ سەفوان بن المعطل لە بیابان بوو، شەیتانیش بووە سێیەمیان. [161]

ئایا پەیامبەر خۆی نالێ: ئەگەر پیاوێک چاوی بە ژنێک کەوت، شەیتان سێیەمیانە. کەواتە پەیامبەر ئەو قسەیە، لەسەر عائیشە و سەفوان جێبەجێ دەکات؟ دوای مانگێکی تەواو لە دەمەقاڵی و پەنگخواردنەوە، پەیامبەر بەرگەی جیابوونەوەی لە خۆشەویستە بچکۆڵەکەی نەگرت، بۆیە بە هەڵگرتنی بڕوانامەی بێتاوانییەوە، چووە لای و گوتی خودا لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە بێتاوانی کردووە.[162]

عائیشە خۆی ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە، و گوتی: پەیامبەری خودا هاتە لامان، سڵاوی کرد، پاشان دانیشت. دەمێک بوو، لەگەڵم دانەنیشتبوو. گوتی: پاشان پەیامبەر گوتی: ئەی عائیشە فڵان کەس لەبارەی تۆوە ئاگاداری کردمەوە. ئەوەش بەڵگەیە کە پەیامبەر هێشتا گومانی هەبوو لە ڕاستی دەنگۆی زینا، هەر بۆیەش بە عائیشەی گوت: ئەگەر تاوانبار بوویت، داوای لێخۆشبوون لە خودا بکە. و بۆ تەوبەکردن ڕووی تێ بکە!!! پاشان پەیامبەر پێکەنی. دوای ئەوەی جبرائیل (چارەسەری کێشەکان) بە ئایەتی بێتاوانییەوە هاتە لای و گوتی: ئەی عائیشە شادبە، ئێستا خودا تۆی بێتاوان کرد. [163]

---

[161] صباح ابراهیم، حادثة الإفک مع عائشة. مفکر حر ٣١-٧- ٢٠٢١

[162] محمود جابر، حادثة الإفک، الجزء الأول. الحوار المتمدن. العدد ٤٣٦٠، ٠٩- ٠٢- ٢٠١٤

[163] هەمان سەرچاوە. العدد ٤٣٦١، ١٠-٠٢- ٢٠١٤

سورة النور ٢٤: ٢٣ - ٢٦

إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡغَٰفِلَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ لُعِنُواْ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ (٢٣) يَوۡمَ تَشۡهَدُ عَلَيۡهِمۡ أَلۡسِنَتُهُمۡ وَأَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ (٢٤) يَوۡمَئِذٖ يُوَفِّيهِمُ ٱللَّهُ دِينَهُمُ ٱلۡحَقَّ وَيَعۡلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ ٱلۡمُبِينُ (٢٥) ٱلۡخَبِيثَٰتُ لِلۡخَبِيثِينَ وَٱلۡخَبِيثُونَ لِلۡخَبِيثَٰتِۖ وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِۚ أُوْلَٰٓئِكَ مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَۖ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ (٢٦)

ئەوانەی ژنانێکی نێوگەڵپاکی بێئاگای باوەڕدار تۆمەتبار دەکەن، لە دونیا و لەڕۆژی دوایی نەفرەتیان لێکراوە، و سزایەکی مەزنیان دەبێت. (٢٣) ڕۆژێ زمانەکانیان و دەستەکانیان و قاچەکانیان شایەتیان بەسەر ئەو کارانەیان دەدەن کە دەیانکرد. (٢٤) ئەوێ ڕۆژێ پابەندی لێپرسینەوەیان دەبێ بە هەق و دەزانن کە الله هەقە حاشاهەڵنەگرەکەیە.(٢٥) ژنانی قێزەوەن بۆ پیاوانی قێزەوەن، و پیاوانی قێزەوەن بۆ ژنانی قێزەوەن. و ژنانی نایاب بۆ پیاوانی نایاب، و پیاوانی نایاب بۆ ژنانی نایاب. ئەوانە بێبەرین لەوەی ئەوان دەیڵێن. بۆ ئەوانە لێبووردەیی و ڕزقێکی چاک هەیە (٢٦)

٢- مارية القبطي

له ساڵی حەوتەمی کۆچی پەیامبەر، حاطب کوڕی أبي بلتعة دەنێرێتە لای مقەوقەس پاشای میسر له ئەسکەندەریە. کاتی گەڕانەوەی دیاری بۆ پەیامبەر لەلایەن مقەوقەس هێنابوو.

دیاریەکە بریتی بوو لە دوو کچ بەناوی ماریە و شیرین کە هەردووکیان خوشک بوون. پەیامبەر شیرینی دایە حسان کوڕی ثابت. هەروەها ئێسترێک بە ناوی دولدر و کەرێک بەناوی یەعفور.

ماریا وەک قەرەواش، لای محمد مابووەوە. و محمد لە کاتی ئارەزووی لێبوایە لەگەڵی جووت دەبوو. ئەو کارەی لای ژنەکانی تری پەسند نەبوو. بەتایبەتی عائیشە و حەفصە.

سورة التحريم ٦٦: ١ - ٢

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَۖ تَبۡتَغِي مَرۡضَاتَ أَزۡوَٰجِكَۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (١) قَدۡ فَرَضَ ٱللَّهُ لَكُمۡ تَحِلَّةَ أَيۡمَٰنِكُمۡۚ وَٱللَّهُ مَوۡلَىٰكُمۡۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ (٢)

ئەی پەیامبەری خودا، بۆ ئەو شتانەی خودا بە تۆی ڕەوابینیوە. لەخۆتی حەرام دەکەی. دەتەوێ ڕەزامەندی ژنەکانت وەدەستبێنی. خودا لێبووردە و دلۆڤانە. (١) ئەوا خودا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکەتی داوە. خودا پشتیوانی ئێوەیە، ئەو زانا و دانایە (٢)

ابن کثیر دەڵێ جیاوازی لە ڕای ڕاڤەکاران، لەسەر هاتنی ئەو ئایەتە هەیە.
بەپێی شرۆڤەی لێکدانەوەی سەرجەمی ڕاڤەکارانی موسوڵمان، کێشەی لەخۆ قەدەخەکردنی محمد، بۆتە هۆی هاتنی ئەو چەند ئایەتە. بەڵام بۆ لەڕێ لادانی بابەتەکە چیرۆکێکی سەیریان هۆنیوەتەوە. گوایە محمد زۆربەی کات، لای یەک لە ژنەکانی بووە. هەنگوینی خواردۆتەوە. عائیشە و حەفصە پلانێکیان داناوە. پێیان گوتووە، ئەو هەنگوینە بۆنی

درەختی (مغافیر)ی لێدێ کە بۆنی زۆر ناخۆشە و ژەهراوەیە. محمد سوێندی خواردووە ئیتر نایخوا. [164]

إبن سعد، عبد بن حميد و البخاري، و ابن منذر و إبن مردوية، لە عائیشە دەگێڕنەوە گوتوویەتی: پەیامبەر زۆرکاتی لەلای زەنەب بن جحش بەسەردەبرد. و هەنگوینی دەخواردەوە. عائیشە دەڵێ: من حفصەم ڕاسپارد، ئەگەر پەیامبەر هاتەلای، بڵێ بۆنی مغافیری لێدێ، ئایا مغافیری خواردووە. ئەگەر بڵێ هەنگوینم خواردۆتەوە، بڵێ: دیارە هەنگوینەکە لەسەر درەختی مغافیر پەروەردەکراوە. و تۆ خواردووتە. ئەگەر ئەوە بڵێن محمد سوێند دەخوا. دەڵێ ئیتر هەنگوین ناخۆم.

کاتی پەیامبەر دەچێتە لای یەکیان، ئەو پرسیارەی لێکرد. ئەویش گوتی: نەخێر تەنیا لای زەینەب هەنگوینم خواردۆتەوە. دوای ئەو پرسیارو وەڵامانە، محمد دەڵێ: لەمەودوا هەنگوینم لە خۆ قەدەخەکرد.[165] دواتر خودا ئایەتی یەکەمی سورەتی التحریم نارد.

لەبەر چەند هۆکارێک، ئەو چیرۆکە ناتوانێ جێگای باوەڕبێ.
یەکەم: نووسەری قورئان شەرم لەوە ناکا، کە هەنگوینی خواردووە، ئەوەمان دیوە چۆن بێ شەرمانە بەگژ ئەو کەسانە داچووتەوە، کە بە ناحەزی زانیون. بەڵکوو لە جیاتی ئەوە، دەیتوانی بڵێ: هەر کامتان هەنگوینم بدەنێ دێمە لای ئەو.

دووەم: پەیامبەر ئەوەندە زیرەک بێ مەیدانخوازی لە کۆمەڵگەی عەرەبی ئەو سەردەمە بکا، کەچی هێشتا نەتوانێ جیاوازی لە تام و بۆنی هەنگوینێکی خراپ بکا. کە چەندین جار هەر بە پێی گێڕانەوەی حەدیس و ڕاڤە ئەوە دەردەخا کە ئەو چیرۆکە بنەمایەکی نیە.

---

[164] ابن كثير، تفسير القرآن العضيم، المجلد الرابع عشر، ص ٤٧ - ٤٨
[165] السيوطي، الدر المنثور في تفسير المأثور. الجزء الثامن، ص ٢١٣

سێیەم: ئەی جوبرائیل لە کوێبوو، ئاگاداری بکاتەوە، خۆ چەندین جار پێش هاتنی ڕووداوێک جوبرائیل ئاگادری کردۆتەوە، و چارەسەریشی بۆ داناوە.

بۆیە هەو چیرۆکە تەنیا هەوڵێکە بۆ بەلاڕێدابردنی ڕووداوە ڕاستیەکە. کە بە پێی هەندێ ڕاڤەکاریتر، دەربارەی ئارەزووی سێکسی خۆی بووە.

بەپێی ڕاڤەی الجلالین ئایەتی یەکەمی سورەتی تحریم، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی محمد لە ماڵی حەفصە، لەگەڵ ماریە جووت دەبێ. و لاناکاو حەفصە دەگەڕێتەوە. و بەسەریان دادێ. و بە محمد دەڵێ: لە ماڵی من، لەسەر جێگای من و لەڕۆژی من!! ئەویش گوتی لێم حەرام بێ. دواتر بە ئایەتی یەکەمی سورەتی التحریم بۆی حەڵاڵ کرایەوە.[166]

بەپێی ابن جرير الطبري

٢٦٦١٢ بە پێی گێڕانەوەی ابن عەباس ئەو ئایەتە: نۆرەی حەفصە بوو، کە محمد بچێتە لای. بەڵام ئەو ڕۆژە حەفصە، بە سەردان چووبووە ماڵی باوکی.کاتی محمد چووە ماڵی حەفصە بینی لەماڵ نییە، بە دوای قەرەواشەکەی (ماریا قیبتی) دانارد. ئەویش هات و لە ماڵی حەفسە لەگەڵیدا مایەوە. لەو کاتەدا حەفسە گەرایەوە، محمد کەنیزەکەی نارده دەرەوە و حەفسە هاتە ژوورەوە و گوتی: بینیم کێت لەگەڵدابوو. بەو خودایە تۆ تورەت کردم. پەیامبەر گوتی: لەمڕۆ بەولاوە، ئەم کەنیزەیە بۆ من حەرامە. بۆ ئەوەی دڵی تۆ ڕازی بکەم. بۆیە خودا ئایەتێکی بۆ پەیامبەرەکەی نارد.[167]

---

[166] متقي الهندي (٢٠٠٥) كنز العمال فن سنن الأقوال و الأفعال جلد الثاني.
[167] تفسير الطبري، تفسير سورة التحريم، رقم ٢٦٦٠٩

لە گێڕانەوەیە کیتر الطبري دەگێڕێتەوە:

٢٦٦٢٤ پەیامبەر، چووە ماڵی حەفصە، و بەڵام حەفصە لە ماڵ نەبوو. لەجیاتی ئەو قەرەواشەکەی هاتە لای، و خەریکی کاری خۆیان بوون. لەو کاتە دا، حەفصە هاتەوە. و لە دەرگاکە دانیشت تا پەیامبەری تێپەڕی، ئەویش گوتی: بەخوا تۆ ڕقت هەڵساندم، لە ماڵی من، و لە سەرجێگای من و لە نۆرەی من، لەگەڵیدا جووتبووی. پەیامبەریش سوێندی خوارد لە مەودوا لێم حەرامبێ.

السیوطی لەڕیگای الترمذی و التبارانی لە ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: {ئەی پەیامبەر بۆچی قەدەغەت کرد} ئایەتەکە دابەزی، لە نهێنی خۆیدا .ابن جریر لە ابن عەباس دەگێڕێتەوە، گوتی : بە عومەر ابن الخطابم پرسی: ئەو دوو ژنە کێن کە خۆدا باسیکردوون؟ گوتی: عائیشە و حەفصەن. و سەرەتای فەرموودەکەش لەسەر مەریە، ئوم ئیبراهیم القیبتیە. گوتی لە ماڵی من و لەسەر جێگاکەم و لە ڕۆژی مندا. و گوتی: ئایا قبوڵ ناکەی، من حەرامی بکەم و لێی نزیک نەبمەوە؟ ژنەکە گوتی: بەڵێ، بۆیە لەخۆی حەرامکرد و گوتی: بەڵام قسە بۆ کەس مەکە. کەچی بۆ عائیشەی باسکردبوو. بۆیە خودا ئەو ئایەتانەی نارد. کە بۆچی پەیامبەر، ئەو شتانە لەخۆی حەرام دەکا، کە خودا بۆی حەڵاڵ کردووە.[168]

سورة الأحزاب ٣٣: ٣ - ٥

وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا (٣) مَّا جَعَلَ ٱللَّهُ لِرَجُلٖ مِّن قَلۡبَيۡنِ فِي جَوۡفِهِۦۚ
وَمَا جَعَلَ أَزۡوَٰجَكُمُ ٱلَّٰٓـِٔي تُظَٰهِرُونَ مِنۡهُنَّ أُمَّهَٰتِكُمۡۚ وَمَا جَعَلَ أَدۡعِيَآءَكُمۡ أَبۡنَآءَكُمۡۚ
ذَٰلِكُمۡ قَوۡلُكُم بِأَفۡوَٰهِكُمۡۖ وَٱللَّهُ يَقُولُ ٱلۡحَقَّ وَهُوَ يَهۡدِي ٱلسَّبِيلَ (٤) ٱدۡعُوهُمۡ

[168] تفسير الطبري، تفسير سورة التحريم رقم ٢٦٦٠٨، ابن كثير، تفسير القرآن العضيم، المجلد الرابع عشر ص ٥٣

لِأٓبَآئِهِمۡ هُوَ أَقۡسَطُ عِندَ ٱللَّهِۚ فَإِن لَّمۡ تَعۡلَمُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَمَوَٰلِيكُمۡۚ وَلَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٞ فِيمَآ أَخۡطَأۡتُم بِهِۦ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتۡ قُلُوبُكُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمًا (٥)

ئەگەر پەیامبەر نهێنیەکی لای یەکێك لە ژنەکانی درکاند، کاتێ ژنەکەی باسەکەی، بۆ ژنێکی دیکەی گێڕایەوە، و خودا لەوە پەیامبەری ئاگادار کردەوە، هەندێکی پێی ناساند و هەندێکی پێی نەناساند. جا کاتێك پەیامبەر بە ژنەکەی ڕاگەیاند، ژنەکەی گوتی کێ ئەوەی پێت ڕاگەیاندووە، گوتی: دانا ئاگادارە و پێی ڕاگەیاندم. (٣) ئەگەر تۆبە بۆ خودا بکا، بێگومان چونکە دڵەکانتان بەلاڕیدا ڕۆیشتووە، و ئەگەر لە دژی بوەستن، ئەوە خودا خۆی پشتیوانیەتی، وە جبرایل و ئیماندارە چاکەکان و فریشتەکانیش لەوە بەدوا پشتیوانین. (٤) ئەگەر تەڵاقتان بدا، ڕەنگبێ خوداکەی بە ژنانی چاکتر کە موسوڵمان و باوەڕدار گوڕایەڵ و تۆبەکار و خوداپەرست. و گەشتیاری بێوەژن و پاکیزە بتانگۆڕێتەوە (٥)

بەپێی ئایەتی چوارەم خودا بە عائیشە و حەفسە دەڵێ، دەبێ تۆبە بۆ خودا بکەن، بێگومان دڵتان گومڕابووە. ئەگەر لە دژی بووەستن، ئەوە خودا پشتیوانیەتی (مەبەستی محمدە).

سورة الأحزاب ٣٣: ٢٨ - ٣٤

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدۡنَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيۡنَ أُمَتِّعۡكُنَّ وَأُسَرِّحۡكُنَّ سَرَاحٗا جَمِيلٗا (٢٨) وَإِن كُنتُنَّ تُرِدۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَ فَإِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلۡمُحۡسِنَٰتِ مِنكُنَّ أَجۡرًا عَظِيمٗا (٢٩) يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ مَن يَأۡتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖ يُضَٰعَفۡ لَهَا ٱلۡعَذَابُ ضِعۡفَيۡنِۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا (٣٠) وَمَن يَقۡنُتۡ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا نُّؤۡتِهَآ أَجۡرَهَا مَرَّتَيۡنِ وَأَعۡتَدۡنَا لَهَا رِزۡقٗا كَرِيمٗا (٣١) يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّۚ

فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا (٣٢) وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ وَأَقِمۡنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرٗا (٣٣) وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلۡحِكۡمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا (٣٤)

ئەی پەیامبەر بە ژنەکانت بڵێ: ئەگەر ژیان و خۆشیەکانی دونیاتان دەوێ ئەوە وەرن پێتان بدەم و ئازادتان بکەم ئازادکردنێکی جوان. (٢٨) و ئەگەر خودا و پەیامبەرەکەی و ماڵی دواییتان دەوێ، ئەوە خودا بۆ ژیانێکی چاک، پاداشتێکی مەزنی بۆ ئێوە داناوە. (٢٩) ئەی ژنانی پەیامبەر: هەریەکێک لە ئێوە ناپەسندیەکی بە ئاشکرا ئەنجام بدا. ئەوە سزاکەی دوو بەرابەر دەبێ. و ئەوەش لای خودا کارێکی ئاسانە. (٣٠) و هەر یەکێکتان بەرفەرمانی خودا و پەیامبەرەکەی بێ، و کاری چاک بکا. ئەوە دوو بەرابەر پاداشتی دەدەین. و ڕزقێژێوێکی نایابمان بۆ داناوە. (٣١) ئەی ژنانی پەیامبەر ئێوە وەک ژنانی دیکە نین، دەسا خۆتان بپارێزن. و نەکەن بە قسە دەستەمۆبن. چونکە ئەو پیاوەی نەخۆشی لەدڵدایە ئارەزووتان لێدەکا. دەسا قسەیەک بکەن قسەی چاکبێ (٣٢) و لە ماڵەکانتان ئۆقرەبگرن. و خۆتان دەرمەخەن وەک دەرخستنی جاهیلیەتی یەکەم. و نوێژبکەن و زەکات بدەن، و گوێڕایەڵی خودا و پەیامبەرەکەی بن. لە ڕاستیدا خودا دەیەوێ لەسەر ئێوەی خاوەنماڵ گڵاوی لابەرێ. و بە پاککردنەوە پاکتان کاتەوە (٣٣) و ئەو ئایەت و حیکمەتانەی خوداتان لە یادبێ، کە لە ماڵەکانتان دەگوترێتەوە لە ڕاستیدا خودا میهرەبان و شارەزایە (٣٤)

بەو چەند ئایەتە پەیامبەر ژنەکانی خۆی، هەم لەخەڵکی پاراستن و هەمیش ئەوانی کردنە کۆیلەیەکی بێ دەرەتان. ئارەزووەکانی ئەو سنوورەکانی پیرۆزی تێدەپەڕێنێ. و دین دەبێتە ئامرازێکی بێ هاوتا، بۆ هێنانەدی ئارەزووە تایبەتیەکانی خۆی.

ئەو هەڵسوکەوتانەی بەرامبەر ژنەکانی و دەوروبەری، گواستنەوەی کولتووری کۆنی عەرەبی دوورگەیە، بۆ ناو ڕەوتی دین. لەلایەکیتر کاریگەری کۆمەڵگەی عەرەبی هاوسەردەمن، محمد توانی بیانکاتە یاسایەک بۆ جێگیرکردن و پەرەدان بە کولتووری پیاوساڵاری بۆ موڵکایەتی.[169] (واتە ژن سامانی پیاوە)، کە بە درێژایی پەرەسەندنی هزری دین هاوتای لە دڕوندەیی و نایەکسانی و سووکایەتی بەژن نەبووە. و کاریگەریەکانیشی بە درێژایی مێژووی ئەو دینە بۆتە کۆت و زنجیر لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە و شکاندنی کۆتی کولتووری موڵکایەتی، بە فەرمانێکی خودایی.

٣ - زەید و زەینەب

زید بن حارثە (٥٨١ – ٦٢٩ س.ب) کوڕی تەبەنی محمد بوو. محمد زەینەب کچی جەحش کە کچی پووری بوو ،کردیە هاوسەری زەید. ماوەی ساڵێک یا زیاتر دەبوو، وەک هاوسەر لەگەڵ یەک دابوون.[170] ڕۆژێکیان محمد بۆ کارێک، سەردانی ماڵی زەید دەکا. لەو کاتە زەید لە دەرەوە دەبێ، و زەینەب بە تەنیا لەماڵ دەبێ. شتێکی ئاساییە ژن لەماڵ، بێ سەرپۆش بێ. لەو کاتەی محمد لە دەرگا دەدا، زەینەب دەیەوێ خۆی داپۆشێ. بەڵام دیارە پێڕاناگا. و

[169] منصور فهمي (١٩١٣) احوال المرأة في الإسلام. ص ١٥
[170] إبن كثير. تفسير القرآن العضيم، المجلد الحادي عشر، ص ١٧١

محمد دەیبینێ. لەو کاتەدا زەینەب وەستاوە، سپی پێست و جوان و باڵابەرز. ئیتر محمد دڵی بۆی دەچێ. دەڵێ: سبحان الله مقلب القلوب[171] (پاک و بێگەردی بۆ خودای دڵبگۆڕ) زەینەب گوێی لە قسەی محمد بوو.

کاتی زەید گەڕایەوە، باسەکەی بۆ گێڕایەوە. زەید یەکسەر لەمەبەستی محمد تێگەیشت و ڕۆیشتەی لای. و گوتی: ئەی پەیامبەری خودا ڕێگەم بدە زەینەب تەڵاق بدەم، چونکە لووتبەرزیەک لە ناخیدا هەیە، کە بێزارم دەکات.

بەڵام محمد لە سەرەتا ڕازی نەبوو. و ئەوەی لێی دەترسا، زمانی ناحەزان و یاوەرانی خۆیشی بوو. کە بڵێن فەرمانی بە کوڕی تەبەنی خۆی کردووە، لە ژنەکەی جیابێتەوە. ئەوکاتەی لەیەک جیابووەنەتەوە، خۆی هاوسەرگیری لەگەڵدا کردووە.

بۆیە باشترین ڕێگا بەکارهێنانی فەرمانی خودابوو. کە ڕەوایی بەو کارەی بدا. خوداش، بە ئایەتێک بۆی ئاشکراکرد، کە زەید لە زەینەب جیادەبێتەوە. ئەویش لەسەر دەستی خودا، هاوسەرگیری لەگەڵ زەینەب دەکا.

سورة الأحزاب ٣٣: ٣٧ - ٣٨

وَإِذۡ تَقُولُ لِلَّذِيٓ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَأَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِ أَمۡسِكۡ عَلَيۡكَ زَوۡجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخۡفِي فِي نَفۡسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبۡدِيهِ وَتَخۡشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَىٰهُۖ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيۡدٞ مِّنۡهَا وَطَرٗا زَوَّجۡنَٰكَهَا لِكَيۡ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ حَرَجٞ فِيٓ أَزۡوَٰجِ أَدۡعِيَآئِهِمۡ إِذَا قَضَوۡاْ مِنۡهُنَّ وَطَرٗاۚ وَكَانَ أَمۡرُ ٱللَّهِ مَفۡعُولٗا (٣٧) مَّا كَانَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ

[171] القرطبي، لجامع لأحكام القرآن، تفسير القرطبي، الجزء الرابع عشر، ص ١٦٨

مِنۡ حَرَجٖ فِيمَا فَرَضَ ٱللَّهُ لَهُۥۖ سُنَّةَ ٱللَّهِ فِي ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلُۚ وَكَانَ أَمۡرُ ٱللَّهِ قَدَرٗا مَّقۡدُورًا (٣٨)

ئەوسا ئەو خودا چاکەی لەگەڵکردبوو، تۆش چاکەت لەگەڵیکردووە.، تۆ پێت دەگوت دەست لە ژنەکەت بەرمەدە. و دەبێ لە خودا بترسی. و لە هەمان کاتدا تۆ شتێکت لە دڵی خۆتدا حەشارداوە، کە خودا ئاشکرای دەکا. هەر لە خەڵك دەترسای، لە کاتێکدا خودا شایستەت بوو لێی بترسی. جا کاتێك زەید لە هاوسەرەکەی بە ئارەزووگەیشت، ئەومان کردە هاوسەری تۆ، تا پیاوانی باوەڕدار، لە خواستنی ژنی کوڕانی بەخۆوەگرتوویان (تبني)، دوای ئەوەی لێیان جیادەبنەوە، تووشی سەخڵەتی نەبن. هەر فەرمانێک خودا بیدا، دەبێ بێتەجێ (٣٧) بۆ پەیامبەر هیچ شەرمازاری نییە، کارێک بکا، خودا فەرمانی بەهەرچیدا، دەبێ بکرێ. (٣٨)

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو ڕووداوە، لەلای خەڵکی کارێکی تا بڵێی قێزەون بوو. چونکە لەمەوبەر، ڕووداوێکی وا لە نێوان دووکەسی لەیەکنزیک ڕووی نەدابوو، ئەگەر ڕووشی دابێ، ئەوا ئەوکەسە شاربەدەرکراوە. ئیتر لۆمەیی و تانە و توانجی خەڵک دەستیپێکرد. تا ئاستێکی زۆر محمدی هەراسانکرد. بۆیە ئەو جارەش خودا و جوبرائیل بە ئایەتێک، لە هەمان سورەت، وەڵامی توانج و لۆمەی قورەیشیەکان دەداتەوە.

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٤٠

مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٗا (٤٠)

محمد باوکی هیچ کام لە پیاوەکانتان نەبووە. بەڵکوو پەیامبەری خودایە و کۆتای (پشتڕاستکەرەوەی) نێردەکانە. و خودا هەموو شتێکی زانیووە (٤٠)

به پێی ڕاڤەی الطبري ئەو ئایەتە لەسەر زەید هاتووە. مەبەستی ئەوەیە کە بە باوەڕداران بڵێ محمد باوکی زەید نییە. مەبەستی باوکی بایۆلۆژی، هەروەها باوکی هیچ پیاوێکیتر لە ئێوە نییە. مادام لە ڕووی بایۆلۆژیەوە لە ئەو نین. پەیوەندی لەنێوانیان گرنگ نییە. سا لەو کاتەی زەید لە ژنەکەی جیابووەوە، لێی حەرام کراوە.[172]

بە ووردبوونەوە لەو چەند ئایەتە، جیهانێکیتر، لەبارەی کەسایەتی محمد ئاوەڵا دەبێ. مادام خۆی ئارەزووی لەسەرە، گرنگ نییە. بە ئاسانی وەک چەندین ڕووداویتر، پەنا بۆ ئایەت هێنان بە ناوی خودا. و ڕەواییدان بە گشت ئەو بەها مرۆڤایەتیانەی کە مێژووی کۆمەڵایەتی بە درێژایی پەرەسەندنی کولتوور و نەرێت بەرهەمی هێناون. بۆیە دەبینین لە دوورگەی عەرەبی بەخۆوەگرتنی منداڵ کارێکی ئاسایی مرۆڤانە بووە. کەچی محمد لە پێناوی ئارەزووی خۆی، پشت گوێی خست و. ئەو پەیمانە مێژووییەی خستە ژێر پێ. هەر ئەوەش بوو دوای ئەو ئایەتە بەخۆوەگرتنی منداڵ لە ئیسلام حەرامکرا.

٤- گشت ژنان بۆ پەیامبەر حەڵاڵن

ئارەزووی سێکس لای محمد ئەوەندە بەهێزبووە، کە ئامادە بووە، گشت سنوورێکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی لە پێناو بشکێنێ. هەنگاو بە هەنگاو سنوورەکانی کۆمەڵایەتی بۆ ئارەزووەکانی فراوانتر دەکا. تا دەگاتە ئەو ئاستەی ژنی سەرجەمی کۆمەڵگەی باوەڕداران، لەخۆی حەڵال دەکا.

[172] الطبري. الطبري له جامع البيان في تفسير سورة الأحزاب ئایەتی ٤٠ ژمارە ٢١٧٢٦

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٥٠

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَحۡلَلۡنَا لَكَ أَزۡوَٰجَكَ ٱلَّـٰتِيٓ ءَاتَيۡتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّـٰتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَـٰلَـٰتِكَ ٱلَّـٰتِي هَاجَرۡنَ مَعَكَ وَٱمۡرَأَةً مُّؤۡمِنَةً إِن وَهَبَتۡ نَفۡسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنۡ أَرَادَ ٱلنَّبِيُّ أَن يَسۡتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۗ قَدۡ عَلِمۡنَا مَا فَرَضۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ وَمَا مَلَكَتۡ أَيۡمَـٰنُهُمۡ لِكَيۡلَا يَكُونَ عَلَيۡكَ حَرَجٞۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا (٥٠)

ئەی پێغەمبەر لە ڕاستیدا ئێمە ئەو ژنانەی تۆمان، کە کرێکانیانت داوە حەڵاڵ کرد. و هەر کەنیزەیەک کە خودا بۆی دابینکردووە. و کچە مامەکانت و کچە پوورەکانت و کچە خاڵەکانت. و ئەو کچە پوورانەت کە لەگەڵتدا کۆچیان کردووە. و هەر ژنێکی باوەڕدار ئەگەر خۆی پێشکەش بە پەیامبەرکرد. ئەگەر پەیامبەر ویستی نیکاحیکا. ئەوە تەنیا بۆ تۆ، نەک بۆ پیاوانی باوەڕدار، ئێمە زانیومانە چیمان بەسردا سەپاندووە لە ژنەکانیان و کەنیزەکانیان. ئەمە بۆ ئەوەیە تۆ شەرمەزارنەبی. و خودا لێبووردە و میهرەبانە (٥٠)

بە پێی ناوەرۆکی ئەو ئایەتە. ئەوەی ڕێگربێ لە حەڵاڵکردنی ژن لە محمد تەنیا چاوەکانیەتی. و ئەو ژنەی بەدڵ نەبێ. ئەگینا ئەگەر چاوی کەوتە سەر ژنێک. لەسەر مێردەکەی پێویستە، لێی جیابێتەوە. ئەوە پوختەی ناوەرۆکی ئایەت ٥٠ یە. گشت خەڵکی سەرسامکرد، لەوانە عائیشە بە بیستنی ئەو ئایەتانە، بێ پەروا بە توانج پێ گوت:

به خودا، من پەروەردگارت نابینم، تەنیا لەکاتی بە دوای ئارەزووەکانت دا پەلەیەتی.

٥- جیاوازی کردن لە سەرجێی ژنەکانی

محمد جیاوازی نێوان ژنەکانی دەکاتە یاسایەکی پیرۆز. بە ئارەزووی خۆی سەرجێی ئەوانەی دەکرد کە بە دڵی بوون، و ئەوانەیتری پشت گوێ دەخست. هیچ یەک لە ژنەکانیش بۆیان نەبوو گلەیی بکەن، لەبەر ئەوەی فەرمانی خودایە. دەبێ بۆی ملکەچ بن. ڕەزامەندی پەیامبەری خودا، ڕەزامەندی خوداشە.

ئەو تاوانەش لەیەک هەڵاواردنی مرۆڤەکانە، کە گەورەترین تاوانە لە مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤ، هیچ کۆمەڵگەیەکی کۆن نوێ بەخۆیەوە نەیبینیووە. ئارەزووی تاک ببێتە یاسایەکی خودایی. و کەسیش نەبێ بەرامبەری بووەستێتەوە.

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٥١

تُرْجِي مَن تَشَآءُ مِنْهُنَّ وَتُـْٔوِيٓ إِلَيْكَ مَن تَشَآءُۖ وَمَنِ ٱبْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ وَلَا يَحْزَنَّ وَيَرْضَيْنَ بِمَآ ءَاتَيْتَهُنَّ كُلُّهُنَّۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمْۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمًا (٥١)

تۆ سەر جێی هەر کامێکیان دوا بخەی. و هەر کامێکیان بە ئارەزووی خۆت بانگی لای خۆت کەی، وە ئەوەی بشتەوێ کە دەستبەرداری بووی، ئەوە گوناهت ناگاتێ، ئەوە کەمترین شتە بۆ ئەوەی دڵخۆشبن و نیگەران نەبن و

ڕازی بن بەوەی کە پێت داون، و خودا دەزانێ ئێوە چیتان بە دڵدادێ. خودا زانا و لەسەرخۆیە. (٥١)

لەو ئایەتەدا، دەبینین چۆن محمد ڕەوایی بە جیاوازیکردن، لە نێوان ژنەکانی دەدا. ئەوەش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە، کە بە ناوی خودا، وەک فەرمانێکی پیرۆز لە قورئان ڕەوایی بەو جیاوازیە داوە. و هەندێکیانی لەوانیتر، لەلا ئازیزتر بووین. لەوەش گرنگتر بەدرێژایی مێژوو موسوڵمانان دەڵێن کە پەیامبەری خۆشەویست یەکسانی نێوان ژنەکانی پێنەکرێ. ئێمە چۆن پێمان دەکرێ. بەوەش نێرینەی کردۆتە دەستەڵاتدار و بڕیاردەر لەسەر مێینە.

٦- سەبارەت بە ژن گۆڕینەوە، لە ئیسلامدا

هەرچەندە لە ئایەتی ٥٠ گشت ژنان بۆ محمد حەڵاڵکراون، کەچی بۆی نییە، لەگەڵ یاوەرانی ئاڵوگۆڕیان پێبکا. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێک کە داوای عائیشەی بۆ گۆڕینەوە لێکراوە. کەچی ئەوە دەبێتە هۆی، قەدەغەکردنی ژن گۆڕینەوە.

إبن زید گوتوویەتی لە سەردەمی پێش ئیسلام ژن گۆڕینەوە، لە نێوان پیاوان شتێکی ئاسایی بوو. پیاوێک بە پیاوێکیتری دەگوت، ژنەکەتم بدەیێ، ئەوا منیش ژنەکەی خۆمت بە زیادەوە دەدەمێ. ئەو گۆڕینەوەیەش وەک هەر کاڵایەکیتر، مامڵەتی پێدەکرا. ژن گۆڕینەوە لە نێوان دوو کەس (پیاو) دەکرا. وەک ئەوەی شتێك لە بەرامبەر شتێکیتر وەربگری. لێرەدا کارەکە قووڵتر دەبێ، ئەو دووکەسە مامڵەت لەسەر دوو مرۆڤی هەرە نزیکیان دەکەن. [173]

[173] الطبري، له جامع البيان في تفسير القرآن الجزء الثالث ص ٣٦٢ ، السيوطي، الدر المنثور في تفسير المأثور الجزء السادس ص ٦٣٩

ئەو کولتوورە لە ئیسلامدا، بە درێژایی سەردەمی مەککە بەردەوام بووە. تا ئەو کاتەی لە مەدینە، ماوەیەک بوو محمد و یاوەرانی گیرسابوونەوە. لە ناکاو ڕێکەوتێک بۆ پەیامبەر خۆی دێتەپێش. هەر دوای ئەو ڕێکەوتە، کە دیارە بە دڵی محمد نەبووە. خودا ئایەتێکی نارد. و ژنگۆڕینەوەی بۆ محمد حەرام کرد.

ئەو ڕێکەوتەش، کە بۆتە هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە. لە ڕیوایەتێك دا هاتووە، کە ابو هریرة گێڕاویەتیەوە، و دەڵێ:

> ژنگۆڕینەوە لە جاهیلیەت هەبوو، پیاوێك بە پیاوێکی دەگوت: بۆم دەستبەرداری ژنەکەت بە، منیش بۆت دەستبەرداری ژنەکەم دەبم و زیادەشت پێ دەدەم.

ڕێکەوتەکە بەم جۆرەبوو، جارێکیان عویەینە کوڕی حیسن فەزاری، لە پەیامبەر بەبێ مۆڵەت وە ژوور دەکەوێ. لەو کاتەدا عائیشە لای پەیامبەر دانیشتبوو.
پەیامبەر پێی گوت: ئەی عویەینە، ئەی مۆڵەت؟
گوتی، لەو کاتەوەی هۆشم کردووە، مۆڵەتم لە هیچ پیاوێك وەرنەگرتووە. ئەوسا گوتی ئەو ژنە سوورکەڵەیە کێیە لات دانیشتووە؟ پەیامبەر گوتی: ئەوە عائیشەیە دایکی باوەڕداران.
گوتی: چۆنە من بۆ تۆ دەستبەرداری ژنەکەم بم، وە تۆش دەستبەرداری عائیشە بی بۆ من؟
پەیامبەر گوتی: ئەی عویەینە خودا ژن گۆڕینەوەی حەرام کردووە.
کاتێك دەرچوو، عائیشة گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، ئەوە کێ بوو؟
گوتی: ئەوە پیاوێکی دەبەنگە کە گەورەی هۆزەکەیەتی.[174]

---

[174] القرطبي له الجامع لاحكام القران الجزء ١٤ ص ١٩٢

هەر دوای ئەوە سەردانەی عویەینە، خودا کەوتە خۆی. و ئایەتێکی نارد کە تێیدا ئەو جارەش عائیشەی ڕزگارکرد.

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٥٢

لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعۡدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ حُسۡنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ رَّقِيبٗا (٥٢)

لەمەودوا ژنی ترت پێ ناشێن، و بۆشت نییە بە ژنانی دیکە بیانگۆڕیەوە. با بە جوانیشیان سەرسام بی. بێجگە لە کەنیزەکانت نەبێ. و خودا بەسەر هەموو شتێک چاوەدێرە (٥٢)

هاتنی ئەو ئایەتە، بەو شێوە ڕوونیە، و لە ماوەیەکی باش دوای گیرسانەوە لە مەدینە. دوو شتمان بۆ ئاشکرادەکا.

یەکەم: تا قۆناخی مەدینە، ژنگۆڕینەوە هیچ قەدەخەی لەسەر نەبووە. و بە شێوەیەکی ئاسایی موسوڵمانان ژنیان گۆڕیوەتەوە. بەڵکوو دوای ئەو ڕووداوە، کە محمد نەیویستووە، ژنە خۆشەویستەکەی عائیشە بگۆڕێتەوە. ناچاربووە بەو ئایەتە بەرپەرچ بداتەوە. ئەگینا ڕەنگە تا ئێستاش هەر بەردەوام بوایە. و بە کارێکی خودایە بژمێردرابوایە.

دووەم: هاتنی ئەو ئایەتە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی محمد بەپێی ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆی ئایەتی هێناون. ئەگەر ئەو ڕووداوە، لە عائیشە نەبوایە، کە خۆشەویسترین ژنی بووە. و ئەستەم بوو دەستبەرداری بێ. تەنانەت دوای کێشەی الإفک و سەفوان ئامادەبوو هەموو شتێک بکا، تەنیا عائیشەی لەدەست نەچێ. کەواتە ڕێگەی تێناچێ بڵێین قورئان پەرتووکێکی ئاسمانیە. بەڵکوو محمد خۆی نووسەری بووە.

٧- سەبارەت بە سەردانی ماڵی محمد

سورة الأحزاب ٣٣: ٥٣

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن يُؤۡذَنَ لَكُمۡ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيۡرَ نَٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَٰكِنۡ إِذَا دُعِيتُمۡ فَٱدۡخُلُواْ فَإِذَا طَعِمۡتُمۡ فَٱنتَشِرُواْ وَلَا مُسۡتَـٔۡنِسِينَ لِحَدِيثٍۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ يُؤۡذِي ٱلنَّبِيَّ فَيَسۡتَحۡيِۦ مِنكُمۡۖ وَٱللَّهُ لَا يَسۡتَحۡيِۦ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ وَإِذَا سَأَلۡتُمُوهُنَّ مَتَٰعٗا فَسۡـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٖۚ ذَٰلِكُمۡ أَطۡهَرُ لِقُلُوبِكُمۡ وَقُلُوبِهِنَّۚ وَمَا كَانَ لَكُمۡ أَن تُؤۡذُواْ رَسُولَ ٱللَّهِ وَلَآ أَن تَنكِحُوٓاْ أَزۡوَٰجَهُۥ مِنۢ بَعۡدِهِۦٓ أَبَدًاۚ إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمًا (٥٣)

ئەی باوەڕداران مەچنە ماڵەکانی پەیامبەر، مەگەر بۆ ژەمێکی نان بانگنەکرابن (جا کە بانگ کران) ئەگەر چووشن، نابێ کاتێکی وا بچن، هێشتا ژەمەکە ئامادە نەبووبێ. هەرکە ژەمە نانەکەتان خوارد، بڵاوەی لێبکەن. و خۆتان بە قسەوە خەریک مەکەن. ئەو کارەتان پەیامبەر سەخڵەت دەکا. و لەبەر ئێوە شەرم دەکا. خودا لە ڕاستی گوتن شەرم ناکا. هەرکاتێکیش لە ژنانی ناوماڵ، داوای شتێک دەکەن، لە پشت پەردەوە داوابکەن. ئەو کارەشتان لە دڵپاکی ئێوە، و ئەوانیش نزیکترە. نابێ پەیامبەری خودا لە دەستی ئێوە ئازار بچێژێ. هەرگیز ناشبێ دوای ئەو ژنەکانی مارە بکەن. ئەوکارە لەلای خودا گەناهێکی زۆر گەورەیە (٥٣)

کاتی محمد هاوسەرگیری لەگەڵ زەینەب کچی جحش کرد. خەڵکی بەو بۆنەیەوە، بۆ ماڵێ بانگهێژی کردبوو. دوای کۆتایی هاتنی ناخواردن، کۆمەڵێک لەو خەڵکە نەڕۆیشتن. بە قسەوباس خەریک بوون.

لەو کاتەدا زەینەب ڕووی کردبووە دیوار، بۆیە محمد پەردوویەکی لە نێوان پیاوەکان و زەینەب هەڵواسی. دوای ئەوە ئایەتێک سەبارەت بە ڕەفتارەی یاوەرانی محمد هات.
لەهەمان جێدا عومەر دەڵێ:

> گوتم ئەی پەیامبەری خودا، خەڵک و خوا، کات و ناکات دێن. بەوەش ژنەکانت سەخڵەت دەبن. بۆیە ئەو ئایەتە دابەزێ.[175]

طبری دەڵێ ئەو ئایەتە سەبارەت بە یەکێک لە یاوەرانی زۆر نزیکی پەیامبەر هاتووە. کە بەر لە هاتنی ئایەتی حیجاب، بەردەوام دەچووە لای ژنەکانی محمد. کاتی محمد حیجابی دانا، ئەو پیاوە گوتبووی: ئەگەر محمد بمرێ، دەبێ یەک لە ژنەکانی مارە بکەمەوە.[176]

السيوطي دەنووسێ ابن مردوية، لە ابن عباس دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: پیاوێک گوتبووی، ئەگەر محمد بمرێ، من دەبێ عائیشە مارەکەمەوە.[177]

القرطبي دەڵێ: إبن عباس گوتوویەتی ئەو ئایەتە سەبارەت بە یەکێک لەو دەکەسەی قورەیشی هاتووە. کە لەگەڵ محمد بووە لە بیابان. و مقاتل گوتوویەتی: ئەو کەسە طلحة بن عبيدالله بوو.

---

[175] القرطبي جامع لأحكام القرآن (تفسير القرطبي) الجزء الرابع عشر، ص ١٩٨، الطبري، جزء التاسع عشر ص ١٦٣ - ١٦٤
[176] الطبرى الجزء التاسع عشر، ص ١٧٠
[177] السيوطي الدر المنثور الجزء السادس، ص ٦٤٤

ابن كثير له تفسير القرآن العظيم دەڵێ: السدي گوتوویەتی طلحة بن عبيدالله بوو. گوتی ئەگەر محمد بمرێ، دەبێ عائیشە مارەبکەمەوە.[178] طلحة بن عبيدالله یەکێک بوو، لەو دە کەسەی موژدەی بەهەشتیان پێدرابوو. لەشەڕی ووشتر لایەنگیری عائیشە بوو و کوژرا.

سەبارەت بەو ئایەتە، دەکرێ بڵێین دوای مردنی محمد عكرمة بن أبو جهل هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێک لە ژنەکانی محمدکرد، بەناوی قيلة بنت الأشعث الكندي. [179]

القرآن الكريم – سورة الأحزاب ٣٣: ٥٩

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا (٥٩)

ئەی پەیامبەر بە ژنەکانت و کچەکانت و ژنانی باوەڕدار بڵێ، سەرپۆشەکانیان بەسەرخۆیان دا شۆڕکەنەوە. ئەوە کەمترین شتە بیکەن بۆ ئەوەی بناسرێنەوە و ئازار نەدرێن. و خودا لێبووردە و میهرەبانە (٥٩)

[178] ابن كثير. تفسير القرآن العظيم، الجزء الحادي عشر، ص ٢٠٨

[179] تفسير الطبري الجزء التاسع عشر ص ١٧٠

ئیسلام سیستەمی دەوڵەتداری نەبوو

مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان، بەردەوام باسی دەوڵەتی ئیسلام و دادپەروەری خەلیفاکانی دەکەن. و وەک نموونەی دەوڵەتێکی نموونەیی جیهان نیشانی دەدەن. ئەوەش دوورە لە ڕاستی. دەوڵەتی ئیسلام هیچ بنەمایەکی دەوڵەتی بەمانای ئەو سەردەمەی تێدا نەبووە. بەڵکوو بەردەوامی سیستەمی بەدەوی، پێش سەرهەڵدانی ئیسلام بووە. هەرچەندە دەستەڵاتدارانی ئیسلامی سەرەتایی ئاشنایەتیان لە سیستەمی دەوڵەتداری ئیمپراتۆری ڕۆم و ساسانی هەبوو. و بە هۆی بازرگانیکردن شارەزای شێوەی بەڕێوەبردن و یاساکانی دادوەری و کۆمەڵایەتی و ئابووری ووڵاتبوون. کەچی هەر لەسەر سیستەمی شوانکارەیی پێش ئیسلام بەردەوام بوون. و کەمترین دیاردەی دەوڵەتداری و یاسای بەڕێوەبردنیان تێدا نەبووە. وا لەخوارەوە وەک نموونە سێ خاڵ دێنینەوە، وەک بنەمای سیستەمی دەوڵەت دەبوایە هەبان و پەیڕەوکرابان. یەکەم هەنگا و بۆ دەوڵەتداری لە کۆتایی خەلیفە عەلی بوو. کە دواتر لە سەردەمی ئەمەویەکان بەردەوام بوو.

لە سەردەمی ئەبو بەکر، مەرجی یەکەمی هەڵبژاردنی بە خەلیفە، دەبوایە وەک جێنیشینی پەیامبەر، پێشنوێژی بکا. تەنیا لەکاتی نەخۆشی نەبێ. سەرەڕای ئەوەش لە بەڕێوەبردنی ،گشت یاوەران و خەڵکی تر. کە لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلام دەژیان، لە مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکسان بوون. ئەوەش وایکرد کە یاوەرانی خاوەن دەستەڵات و نزیکی پیامبەر ناڕازی بن. و بە ڕای ئەوان دەبوایە جیاوازی بکرابووایە. بۆیە ژەهرخوردیکرا و مرد.

کەچی، عومەر، کە دوای ئەبوبەکر بووە خەلیفە. شێوەیەکی تری لە فەرمانڕەواییکردن گرتە بەر. کۆمەڵگە لای عومەر دوو چین بوو. خاوەن دەستەڵات و یاوەرانی سەردەمی زوو. پلەیەکی بەرزتریان هەبوو. ئەوەش تەنانەت، لە دابەشکردنی دارایی و بەخشین لە دەستکەوتەکانی تاڵانی ووڵاتانی داگیرکراو، بە پێی پێگەی خەڵک، یەکەم ئازاد یان کۆیلە. دووەم پلە بەرزی کەسەکە لە سوپای ئیسلام یان کەسێکی سەر بە بنەماڵەی قورەیش بوایە. ئەوەش لە کۆتاییدا بووە هۆی کوژرانی.

هەردوو خەلیفە ئەبوبەکر و عومەر، سوودی کەسایەتی یان بنەماڵەیان لە سامانی گشتی دەوڵەت قەدەخەکردبوو. کەچی عوسمان بەشێوەی سێیەم ، لە ڕێگای پاڵاوتنی لە نێوان شەش کەس کە عومەر دیاریکردبوون. کە لە دوای مردنی یەک لەوانە هەڵبژێرن، کەچی هەندێک موسوڵمان بەیعەتیان دایە ئیمامی عەلی. هەندێکییش دژی وەستان تا خەلافەتەکەی بە کوشتنی کۆتایی هات. سەرەڕای ئەوە عوثمان یەکەم خەلیفە بوو، ڕێگای بە خۆیدا (بیت المال)، بۆ خزمەتی خۆی و خزمانی بەکاربێنێ. کە دوایی گەندەڵی گەیشتە ئەو ئاستەی، بەدەستی یاوەرانی بکوژرێ [180].

دەوڵەتی ئیسلام لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین نە یاسایەکی ناوەندی هەبوو. نە پەیوەندیە کارگێڕیەکان، وەک بنەمای دەوڵەت بوونیان هەبوو. بەڵکوو بە ئارەزووی خەلیفە کاروبار بەڕێوە دەچوو. لە جیاتی ئەوە. وەک بازاڕێکی ئەو سەردەمە هەر خەلیفەیەک بۆ ئەو بازاڕە مێتوودێکی تایبەت بەخۆی هەبوو. کە لە کۆتایی دەبووە هۆی سەرخواردنی.

[180] د. سيد القمني (٢٠١٠) إنتكاسة المسلمين إلى الوثنية. ص ١٠٩

سەبارەت بە عەلی بن أبی طالب کە بووە خەلیفەی چوارەم. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا. هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە ئەوەی بازرگانی بکا. ئەگینا ئەویش أبی طالبی باوکی بازرگانی دەکرد. ڕەنگە ئەویش گەیشتبایە تەمەنی گەورەتر، هەر ببوایە بازرگان. کەچی لە تەمەنی دە ساڵی هاتە سەر دینی ئیسلام. و یاوەری هەمیشەی محمد. لەکاتی دەستەڵاتیشیدا ناکۆکی و قیرانی سیاسی گەیشتبووە پۆپەی. و لە کۆتایی ئەویش کوژرا.

لە کۆتاییدا سەرکردە کانی ئیسلام لە پرۆسەی فەرمانڕەواییدا. هەر کۆنە بازرگانەکان بوون، دوای کوتاڵ فرۆشتن و سەرەڕۆیی بازرگانی. بازاڕێکی نوێتر و بە قازانجتریان دۆزیەوە. ئەو جارە داگیرکردن و تاڵان بەبێ مامڵەتی کڕین و فرۆشتن. هەمان مێتود و هەمان قازانج. ئێستا لە جیاتی ڕووی خۆشی بازاڕداری. توندوتیژی شەڕ و فەرمانی کوشتن و سەبایا گرتن،بەبەرگی سەربازی. بۆیەکارگێڕی و دەوڵەتداری شتێک نەبوو کە ئەوان بیری لێ بکەنەوە.

ئەوەش شتێکی سەیر نییە. ئەگەر بیۆگرافیای محمد لە نووسینی محمد إبن إسحاق (٦٩٩ – ٧٦٩س.ب) بخوێنینەوە. بۆمان دەردەکەوێ. کە دەستەڵاتی خەلیفەکان سەرچاوەکەی لە دامەزرێنەرەکەیەوە هاتووە.

ابن اسحاق لە بییۆگرافیاکەی سەبارەت بە محمد، دیمەنێکی چەتەگەری و پڕ کارەسات دەخاتە ڕوو. باسی ڕووێکی تری نەبی محمد دەکا. کە بیۆگرافینووسەکانی تر تا بتوانن خۆی لێ لادەدەن.

إبن إسحاق لەسەردەمی أبو جعفر المنصور (٧١٢- ٧٧٥ س.ب) خەلیفەی دووەمی عەباسی دەنێردرێتە شاری مەدینە. بۆ کۆکرنەوەی بیۆگرافیای نەبی محمد. ئەو شارەی زۆربەی تەمەنی دەستەڵاتداری محمد لەوێ ژیاوە. و ڕووی ڕاستی کەسایەتی و پیشان دەدا. سەرجەمی کەرەستەی بیۆگرافیاکەی لە خەڵکی مەدینە وەرگرتووە. بۆیە بە نزیکرین و ڕاسترین بیۆگرافی بۆ ڕاستی ژیان و کەسایەتی نەبی محمد دادەنرێ.

إبن إسحاق دەنووسێ: ئەو (پەیامبەر) بۆ گەیشتنە ئامانج، دەستی لە هیچ نەدەپاراست. یاوەرەکانی بۆ توند و تیژی و بێویژدانی هان دەدا. ئەو توند و تیژییەی لەبەرژەوەندی خۆی بەکاری دێنا.

نەبی محمد تا ئاستێکی زۆر چاک شارەزای پیاوەتی و دڵپاکی خەڵکی مەککە بوو. بەڵام بە دەگمەن داوای ئەوەی لێدەکردن. لەجیاتی ئەوە کوشتن و سەربڕینی نەیارانی بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕێکدەخست. ئەو لە زۆرداری و خوێنڕێژی مەدینە دا، سەرۆکی باندی چەتەکان بوو. سیاسەتی ئابووری دەوڵەتەکەی لەسەر تاڵان و بڕۆ دامەزراندبوو. ئەو تاڵان و بڕۆیەی لە ناو یاوەرانی دابەشی دەکرد. بەڵام دابەشکردنەکەی نایەکسان بوو. بۆ دابەشکردن چەند پێوانەیەکی دانابوو. کە زۆر جار یاوەرکانی پێی دڵگران بوون. و لێی وەدەنگ دەهاتن.

ئەو بۆخۆی بێ شەرم و دەست والابوو. یاوەرەکانیشی بۆ هەمان ئارەزوو هاندەدا. بەبێ ڕەچاوکردنی هەڵومەرج، ئامادەبوو هەموو شتێک بکات بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئارەزووەکانی.

إبن إسحاق لەوەش زیاتر دەڕوا و دەڵێ: بەهەرحاڵ ئەستەم بوو، پرینسیپێک بدۆزیتەوە. کە ئەو ئامادە نەبێ، بۆ مسۆگەرکردنی دوائامانجی سیاسی خۆی، وازی لێ نەهێنێ. چەند جار وازی لە تاک و تەنیایی خودا هێنا. تەنانەت وازی لە ناونیشانی پەیامبەرایەتی خۆی هێنا.[181]

ئەگەر بیر لەو دەربڕینانەی إبن إسحاق بکەینەوە. دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هەر لە سەرەتاوە. ئەو دینە وەک پرۆژەیەکی بازرگانی دروست بووە. ئەو دیمەنە قێزەوەن و کارەسات هێنەرانەش، شتێک نین هەر لە خۆیانەوە سەریان هەڵدابێ. دەبێ پاشخانی ئەو هەموو

[181] Encyclopedia of Religion and Ethics, band 8, s. 878

داگیرکردن و تاڵان و کۆیله و سەبایا. وەک بەرنامەیەکی دارێژراوی، ناو کولتووری بیابان هێنرابێتە ناو بزووتنەوەیەک بە ناوی خودا. و وەک پیرۆزییەک سەیربکرێن.

خۆ ناشکرێ پاکانە بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو دیمەنە بە فلچەی دوژمن کێشرابێ. و ئەو هەموو کارەساتانەی بۆ هەڵبەسترابن. هەر لەبەر ئەوەبوو. مێژوونووس و بیۆگرافنووسە کلاسیکییەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی، گرنگییەکی ئەوتۆیان بە إبن إسحاق نەدەدا. هەرچەندە باش ئەو شتانەیان دەزانی. کەچی هەوڵیان دەدا، نکۆڵی لە ناوەرۆکی ئەو بیۆگرافیایە بە ئازارە. و ووردەکارییەکانی بکەن. و بیۆگرافیایەکی تری بۆ بنووسنەوە. کە دووربێ لە ڕاستی. و بە ئەفسانە و چیرۆکی خورافی بیڕازێننەوە.

ئەو بەرهەمەی إبن إسحاق سەرەڕای ئەوەی کۆنترین بیۆگرافیای محمدە. گرنگیەکی تریشی هەیە. بێجگە لەوەی نووسەرێکی ئازادە. ناوەرۆکی بیۆگرافیەکەی بریتییە لە زانیاری دەگمەن. کە تا ئێستاش نووسەران و بانگهێژانی ئیسلام تا بتوانن، نکۆڵی لێدەکەن و دەیشارنەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی نزیکرین سەرچاوەیە لەسەر ژیانی نەبی محمد. دەبێ وەک بەڵگەیەکی جێ متمانە وەربگیرێ.

بۆیە دەبێ بڵێین. تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ ئەوەندەی لە دەوڵەتی ئیسلام باسی نوێژدەکرێ. چەند جار لە ڕۆژێکدا، کاتەکانیان و هەریەک چەند ڕکاعەت و سوجدە و چی لەپێشدا و لە دوایی بڵێن. یان چۆن خۆیان بۆ نوێژ بە خاوێنی ئامادە بکەن هتد. لە جیاتی ئەوە بۆ خودا کاروباری دەوڵەتی بە ووردی بۆ عەرەبی دوورگە ڕوونەدەکردەوە. تا بەلای کەمی ئەو کۆمەڵگە ئیسلامیانە، کەچی تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، هەر خەریکی سەربڕین و تکفیری خەلکیترن [182].

[182] د. سيد القمني (٢٠١٠) إنتكاسة المسلمين إلى الوثنية. ص ١٠٩- ١١٠

بە ئەنجامگیری ئەو بەڵگە و گەواهیانە، محمدی مێژووبی دەبێ هەبووبێ و کاریگەریشی لەسەر مێژووی هاتنی نەسارِیەکان بۆ یەتروب و دواتریش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام. بەڵام پرۆسەی ژیان و کاریگەری لەسەر کەسایەتی و جیهان بینی. دەکرێ شتێکی تربێ.

٢ دراو لە سەردەمی دەوڵەتی ئیسلام

لەسەردەمی دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە. دراو هەبووە. ئەو دراوانەش درهەم و دینار بووین. لە سەرتاسەری خاکی حیجاز بەکار دەهاتن. بەڵام ئەو دراوانە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلام دروستنەکرابوون. بەڵکوو موسوڵمانان تەنیا بەکارهێنەربوون.

ئەو دراوانە ڕۆمی بوون و تا ساڵی ٧٦ ک/ ٦٩٥ س.ب، کە دەکاتە سەردەمی عبدالملک بن مرِوان، لە سەرتاسەری سەرزەمینی ئیمپراتۆری ڕۆم بەکارهاتوون. موسوڵمانان و پەیامبەر محمد خۆیشی بەکاری دێنان. ناکرێ بڵێین نەیان دەزانی. لەبەر ئەوەی محمد و هاوەڵە نزیکەکانی دەمێک بەر لە بانگهێژی ئیسلام، وەک بازرگان هاتوچۆی سەرزەمینی ڕۆمیان لە شام و خاکی ئیسرائیل دەکرد. و باش شارەزای ئەو دراوانە بوون. ئەوەشیان باش دەزانی یەک لە بنەماکانی سیستەمی سەرمایەگوزاری دەوڵەت، هەبوونی دراوە.

ئەو دراوە ڕۆمیانە لەسەردەمی هەرقەل بووین. و دروشمی خاچیان لەسەربوو. وێنەی هەرقەل لەسەر دراوەکە بووە. کە تاجێکی لەسەرە و خاچی لەسەر بەرزبۆتەوە. هەروەها لە دەستی ڕاستی خاچێکی گەورەی لەدەست دایە. و لە دەستی چەپیشی گۆی زەوی، کە خاچێکی بچووکی لێ بەرزبۆتەوە. لە ڕووی دووەمی ناوی شار و مێژووی دەرچوونی لەسەرە.

درهەمەکان ناوی پاریس و دینارەکانیش ناوی دیمەشقی لەسەرە. مێژووی دروستکردنی ساڵێ ٦٣٨ و ٦٣٩ س.ب کە دەکاتە ١٧ و ١٨ کۆچی. کۆپیەکی ئەو دراوە لە ئەوروپا تا ئێستا هەڵگیراوە[183]

ئەو پارانەش، تا سەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی و خەلیفە عبدالملک بن

مروان، هەر بەردەوام بەکار هاتوون. بەو پێیەش نە محمد و نە هەرچوار خەلیفەکانی ڕاشیدی دراوی خۆیان نەبووە. و پەیوەست بووین بە دەوڵەتی ڕۆم. ئەوەش بەڵگەی، کە ئەو دەستەڵاتەی ناوی دەوڵەتی ئیسلام بووە. تەنیا گردبوونەوەی کۆمەڵێ خەڵک بووە. بەبێ یاسا، سیستەمی دارایی و بەردەوام بوون لەسەر دراوی ڕۆمی، وەک بەردەوامیەک لەسەر سیستەمی شوانکارەیی بەدەوی پێشتر.

دەتوانرێ بگوترێ، یەکەم سیشتەمی دارایی، لە جیهانی ئیسلامدا ، لەلایەن ئەمەویەکان، لە سەردەمی خەلیفە عبدالملک کوڕی مەڕاون دروستبوو.

یەکەمین دراوی ئیسلام بە وێنەی عبدالملک کوڕی مەڕوان

[183] محمد إحسان المنير. يوم قبل وفات محمد ل ٨٩ – ٩٠

قورئان لە قۆناغی مەککە

قورئان لە قۆناغی مەککە، پەیامی نەسارِی بوو. و لەژێر چاوەدێری و کۆنترۆلی قەشە وەرەقە بن نۆفل دا بوو. لەو قۆناخەدا محمد تەنیا موژدەدەرێکی نەسارِی بوو. نەک پەیامبەر.

لە سەرەتای بانگهێژی پەیامی محمد، تا ئاستێکی باش گونجان لە خوێندنەوەی هەبووە. ئەگەر لە شوێنیک ناکۆکی لەسەر دەربڕین هەشبووبێ ،کاریگەری ئەوەندە نەبووە. کە ببێتە

جێگای ناکۆکی و جیاوازی گەورە. بۆیە ئەوەندە بەدی نەدەکرا، کە ببێتە کێشە لە ناو پەیڕەوکارانی دین. بەدی نەکرانەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

یەکەم: وەک سەرچاوەکان باس دەکەن ڕۆڵی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل کە ئامۆزای خەدیجە و مامۆستای محمد بوو، زۆر گرنگ بووە. قەشە وەرەقە لەو کاتەدا سەرۆکی کەنیسەی نەسراییە ئەبیۆنیەکانی مەککە بوو. خاوەن زانیاریەکی دینی بەرفراوانبوو. لە هەمان کاتدا بۆ محمد مامۆستا و پاڵپشتێکی گەورەبوو. هەر ئەوەش بوو کاریگەرییەکی بێ هاوتای لەسەر ئایەتەکانی قورئانی مەککە هەبوو. ئەو کاریگەرییەش، لە هەردوو ڕووی ناوەرۆک و دەربڕین ماکی خۆی دانابوو. بۆیە قورئانی مەککە، هەم لە شێوە و چمکەکانی دا. و هەم لە بڕی مرۆڤ دۆستانە. بە بەراورد لەگەڵ قورئانی مەدینە، بە بەشی پاکتری قورئان دادەنرێ. کاتێ مرۆڤ بە قووڵی لێدەکۆڵێتەوە، بۆی دەردەکەوێ، قەشە ڕاگەیاندن دوای ڕاگەیاندنی دەدا. پێشبینی وای دەکرد، کە ئەو نەک محمد لەسەرووی هەموو شتێکە. سەرەڕای ئەوە قەشە وەرەقە، پێشبینی وەک مۆژدەدەر بۆ محمد دەکرد. ئەو ئایندەی محمدی باش دەزانێ... هەر لەو قۆناغەدا دەبینین بانگهێشکەر لە کەسی یەکەم دەگۆڕێ بۆ کەسی دووەم و سێیەم. ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی قەشە وەرەقە ئایەتەکان ئامادە دەکا. و محمد دووبارەیان دەکاتەوە. وەک ئەوە وایە پەرتووکەکانی ژیاننامەی پەیامبەر، بەڵگە بۆ نەبییەتی قەشە وەرەقە و توانای دێننەوە، نەک محمد. [184]

دووەم: ئەوانەی قورئانیان لەبەر دەکرد، یان دەیان نووسییەوە، گشتیان خەڵکی مەککە بوون. و جیاوازی لە شێوەی قسەکردن و دەربڕینیان دا نەبوو. ئەوەش وایکرد، دواتریش لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان پەیرەوی بکەن. ئەو شێوەیەش لە پەرەسەندن و گەیاندنی پەیامی دین کارێکی ئاساییە. لەبەر ئەوەی دین هەمیشە نیشانەی بە کۆمەڵبوونە. ئەو کاتەی

[184] الحريرى، ابو موسى (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فى تاريخ القرآن. سلسلة: الحقيقة الطعبة (٣)

تاکەکان زانیارییەکانینان بۆ ئەنجامدان، و بەشداری لە گوزارەکردنی ئەزموونی ڕۆژانەی هاوبەش دەگۆڕنەوە. ئەوە زمانی دەربڕینە، کە پەیامەکە یەکلا دەکاتەوە. دەتوانێ لە ڕێگای زێدەڕۆیی و ڕەوانبێژی، بە هێما لە چاڵاکی جۆراوجۆری دین، بۆ بنیاتنانی ئەرک و پیرۆزییە هاوبەشەکان ئاسانتر بکا. و بەردی بناغەی دین دابنێ.[185] بۆیە قۆناغی مەککە گرفتی گەورەی نەبوو بۆ دەربڕینی وەحی. زمانی قورئان، تەنیا شێوەزمان و دەربڕین و گوزارەکانی قورەیش بوون.

لێرەدا ڕۆڵی قەشە وەرەقە و ڕینمایی و ئامۆژگارییەکانی بۆ محمد. و یەک شێوەزمانی قسەکردن، وا دەکا قورئانی مەککە چ لە ڕووی پەیامی دین، و چ لە ڕووی زمانی دەربڕین، تا ئاستێک باشتر بێ.

لە قورئانی مەدینە. ئەگەر هەڵە لە ئایەتەکان هاتبن، ئەوە دوای دەربڕینی محمد و دووبارەکردنەوەی، ئەو هەڵانە دروستبووین. لەبەر ئەوەی محمد بەشێوەی زارەکی دەیگوتن. و هەمیشە شێوەیەکی لیتورگی دەدایە دەقەکە، کە هەڵەی تێدەکەوت. هەڵبەتە ئەو دەبڕینە، لەدەروەی سێ خاڵە کە دەبێ ڕەچاوبکرێن:

یەکەم: لە سەردەمەکانی دواتر. تێنەگیشتنی تاکی عەرەب لە قورئان، بەهۆی تێکەڵاوی زمانی ئارامی و عیبری و هتد لەناو قورئاندا. کە گرفتی، بۆ موسوڵمانان دروستکردووە.

دووەم: کەم یان زۆر ئەو هەڵە مێژووپی و جوگرافیانەی لە ناو قورئان دا هاتوون.

---

[185] إبن قتيبه (١٩٧٣) تاثويل مشكل القرأن.شرحه و نشره السيد احمد صقر. الطبعة الثانية. مكتبة دار التراث – قاهره. ص ٢٦

سێیەم: دەستکاری و گۆڕینی ئایەتەکان و لە جێگای ئەوانە ئایەتی نوێ دروستکراون، کەلەگەڵ دەستەڵات و بەڕێوەبردن بگونجێن.

قورئانی مەککە لە سێ قۆناخی پەرەسەندا

قورئانی مەککە، هەر چەندە بەگشتی لە قۆناخی مەدینە جیا دەکرێتەوە. کەچی خۆشی دەتوانرێ، بەسەر سێ قۆناخی بچووکتر دابەشبکرێ.

قۆناغی یەکەم:

لەو قۆناغەدا بانگهێژی محمد لەژێر گاریگەری و رێنمایی قەشە وەرەقە بن نۆفل بوو. و لەیەکچوونێکی لە ئەندازە بەردەر، لە نێوان ناوەرۆکی ئایەتەکانی قورئان، و شێوەی گوزارەکردنیان، لەگەڵ ناوەرۆکی پەرتووکەکانی پەیمانی کۆن دا هەبوو. یان بە مانایەکیتر ووتاری دینی نەساری بووین، کە محمد وەک مزگێنیدەر، لە رێگای لیتورگی و شێوەیەکی تایبەتی رەوانبێژی خۆی دەیگوتنەوە، کە هەناسەی لەلایەک لە ئەدەبی جاهیلی وەردەگرت. و لەلایەکیتر زۆربەی ئایەت و سوورەتەکانی وەک پەخشانە شیعر بوون.

لەو قۆناغەدا لەیەکچوونێکی زۆر لە نێوان ناوەرۆکی ئایەتەکان و پەیمانی کۆن بەدیدەکرێ. تەنانەت شێوەیەیەکی تەرگومی دیار لە نێوان دەقەکانی پەرتووکی نەبیەکانی پەیمانی کۆن و ئایەتەکان دەبینرێ. نموونەیەک لەسەر لەیەکچوونی ئایەتەکانی سورەتی المزمل لە قورئان، بەپێی کرۆنۆلۆژیای ئەزهەر سورەتی ژمارە ٣ کە دەبێ، ئەو ئایەتە لە سەرەتای دەستپێکی

بانگهێژی محمد هاتبێ. بە بەراوردێک لەگەڵ زەبووەرەکانی داود، لەیەکچوونێکی زۆر بەدی دەکرێ.

سورة المزمل	پەیمانی کۆن زەبورەکان
هەر ناوی پەروەردگارت لەیادبێ. و بێجگە لەو ، لە هەموو شتێک بتەکێوە (٨)	ئەی بەندەکانی خودا، ستایشی بکەن. تەنیا ستایشی ناوی خودا بکەن. (١١٣: ١)
پەروردگاری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایە. بێجگە لەو هیچی تر بۆ پەرستن نابێ. تەنیا ئەو ، بکە پشت و پەنای خۆت (٩).	خودای توانادار دەفەرموێ، هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ڕۆژئاوای زەوی بانگ دەکات. (٥٠: ١)

قۆناغی دووەم

ئەو قۆناغە دوای مردنی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل، لە ساڵی چوارەمی بانگهێژ دەست پێدەکا. کە قەشە وەرەقە مرد، ئەو کاتە، محمد لە تەمەنی چل وچوار ساڵی دابوو. لێرەدا بە ڕاشکاوی گۆڕانێک لە ئایەتەکانی قورئان دەبینین. ئەوەش لە جیاتی دووبارەکردنەوەی دەقەکانی پەیمانی کۆن بە لیتورگی عەرەبی جاهیلی. هەست بە ترازانێک دەکەین، بەڵام شتەکان لەسەرخۆ دەڕۆن. لەبەر ئەوەی ئەبی طالب و خەدیجە هێشتا لە ژیاندابوون، محمد هێشتا لەژێر هەژموونی ئەوان دابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەست پێدەکەین لەناو نەساڕیەکان هێزێک هەیە، کە دەیەوێ پەیامەکە لە تەوراتی جولەکان بترازێنێ. و ئەو قۆناغە، بکاتە سەردەمی گواستنەوە، بۆ قۆناخی سێیەم و دابڕان لە دینی جولەکە. یان وەک پردێک بۆ پەڕینەوە لە نێوان قۆناغی یەکەم بەرەو قۆناغی سێیەم. بریتییە لەو سوڕەتە مەککەیانەی، بەشێوەی نموونەیی بەرەو پێشەوە دەچن. ڕووماڵی مێژووی ڕووداوەکانی

تەورات دەکەن. لە هەمانکاتدا ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، خۆیان واتە قورئان دەڤێ سەربەخۆی پیرۆزی خودایین.

لەو سەردەمەدا گرنگیەکی زۆر بە چیرۆکی موسا ، و گەڕانەوەی بۆ خاکی پیرۆز دەدرێ، کە لانکەی پەیامی دینە ئیبراهیمیەکانە. لەو قوناغەدا، نەسارِیەکان لەشام پێگایان ترازابوو. لەبەر ئەوەی دوای داگیرکردنی ئۆرشەلیم لە ساڵی ٦١٤ س.ب ساسانیەکان متمانەیان بە حاخامەکانی جولەکان کرد. نەسارِی و قورەیشیەکانی هاوپەیمانیان لە خاکی ئیسرائیل وەدەرنابوون. لەو کاتەدا، شیرازەی پەیوەندی لەگەڵ جولەکان زۆر خراپتر بووبوو. و نەسارِیەکان بەردەوام بوون لە دۆزینەوەی ناسنامەی ڕەسەن، کە بتوانن دینی نەسارِی – و عەرەبی وا بهۆننەوە، کە بەردەوامی پەیامبەرانی پێشترە. ئەو ڕێبازەی ئەوانیش دینێکی ئیبراهیمی ڕەسەن و ڕاستەقینەیە. ئەوەش قۆناخێکی نوێیە، کە دەقەکانی قورئان بە ئاڕاستەیەک پەرەدەستێنن. خۆئامادەکردنە بۆ قۆناغی سێیەم. و بەرزبوونەوەی توانای دەقەکانی قورئان بەسەر پەرتووکی پیرۆزادا (تەورات). نموونەی ئەو دیمەنەش لە سورەتی طه و هێنانەوەی چیرۆکەکانی تەوراتە.

لەو قۆناغەدا شێوەی ووتاری دینی، و دەقەکانی ئەو قۆناغە دەگۆڕێن. هەڵەکانی دینی جولەکە ڕاست دەکەنەوە. و بە توندی ڕەخنە لە کردەوەکانیان دەگرن. ئەوەش لە سوورەتی طه دەردەکەوێ. کە بەرامبەر پەرتووکی دەرچوون لە تەورات. [186]

سورة طه ٢٠	پەیمانی کۆن دەرچوون ٣٤
لەو خواردنە نایابانەی پێمانداون، بخۆن. و زێدەڕۆیی تیدا مەکەن، ئەگینا	(٦) ئینجا خودا لەبەردەمی تێپەڕی و ڕایگەیاند: خودا، خودا، خودایەکی بە بەزەیی و میهرەبانە،

[186] Angelika Neuwirth(2016) Quranic studies and Historical – Critical Philologi. Pp 20

لێتان تووڕە دەبم. هەر کەسێ تووشی تووڕەییم بێ، هەڵدێراوە. (٨١)	پشوودرێژە و خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزی زۆرە.
هەرکەسیش تۆبەکار و باوەڕدار و چاکەکار و شارەزای ڕاستەڕێگەبێ، من دەیبەخشم (٨٢)	(٧) خۆشەویستی نەگۆڕ دەپارێزێت بۆ هەزاران، لە تاوان و یاخیبوون و گوناه خۆشدەبێت، بەڵام تاوانباران ئەستۆپاک ناکا، بەڵکو لەسەر تاوانی باوکان سزای نەوەکان دەدات هەتا نەوەی سێیەم و چوارەم.

قۆناغی سێیەم

لەو قۆناغەدا توانا بەسەر کەلەپووری نووسراو پەیدا دەکا. و دیالۆگ لەگەڵ پەیمانی کۆن دەکا. شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی تەورات و نەبی موسا، کە پێشتر لە مەککە هاتوون. ئێستا هێزێکی نوێ هەیە. و بە جۆرێکیتر، چیرۆکی نەبیەکانی پێشتر دەگێڕێتەوە، لە سەروەشیان موسا.

لەو قۆناغەدا هەندێک لە سووڕەتەکانی قورئان، ناتوانرێ لە ڕێگای مێژووویی و کرۆنۆلۆژیا تاوتوێ دەقەکان بکرێ. لەبەر ئەوەی ئەو دەقانە زیاتر ئامۆژگارین. و دەبێ لە ڕوانگەی ئەدەبی و فیلۆلۆژی لێیان قووڵبینەوە. ئەوەش دەکرێ، بەپێی ئەدەبی هاوچەرخی قورئان ساغبکرێنەوە. ئەوسا دەتوانرێ، سەرەداوەکانی پەیامی قورئان بدۆزینەوە. باشترین ڕێگا بۆ ئەو کارەش دۆزینەوەی شیعری جاهیلی لەناو ئایەتەکانی قورئانە.

یان بە مانایەکیتر، ئەو دەقانە لە بواری زانین (المعرفی) لە کۆتایی سەردەمەکانی کۆنن. و دەبێ وەک لیتورگی، ببینرێن و لە ڕێگای فیلۆلۆژی و شێوەی ڕەوانبێژی لێکدانەوەیان بۆ بکرێ. و بەراوردیان لەگەڵ ئەدەبی ڕەوانبێژی ئەو سەردەمە پێبکرێ.

سورة البلد ٩٠: ١ – ١٠

لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ (١) وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ (٢) وَوَالِدٖ وَمَا وَلَدَ (٣) لَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ فِي كَبَدٍ (٤) أَيَحۡسَبُ أَن لَّن يَقۡدِرَ عَلَيۡهِ أَحَدٞ (٥) يَقُولُ أَهۡلَكۡتُ مَالٗا لُّبَدًا (٦) أَيَحۡسَبُ أَن لَّمۡ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ (٧) أَلَمۡ نَجۡعَل لَّهُۥ عَيۡنَيۡنِ (٨) وَلِسَانٗا وَشَفَتَيۡنِ (٩) وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ (١٠)

سوێند بەو زێدە دەخۆم (١) تۆش تێیدا نیشتەجێی (٢) بە باوک و نەتەوەکەشی (٣) ئێمە مرۆڤمان لەگەل تەنگژە و خەمان وەدیهێنا (٤) ئایا بیر لەوە دەکاتەوە کە کەس دەروەستی نایە (٥) دەڵێ سامانێکی زۆرم لەدەست داوە (٦) ئاخۆ بیر لەوە دەکاتەوە، کە هیچ کەس نەدیوە (٧) ئەی ئێمە دوو چاومان نەداوەتێ. (٨) زمانێک و جووتێ لێویش (٩) ڕێگەی هات و نەهاتیشمان پیشان ندا (١٠) [187]

سەبارەت بە ئایەتی ٦

ئایەتی شەشەم لە شێوەی شیعرێکی عەنتەرە یە، دەڵێ:

ئەگەر بخۆمەوە، پارە خەرج دەکەم

ئایەتی ٧ لە جیهانی زانین (معرفی) کەسێکی گوێ نەداتە هیچ.

[187] ئەو سوورەتە، هەرچەندە بەپێی لیستی ئەزهەر دەبێ زووتر لە سورەتی طه هاتبێ، بەڵام بەپێچەوانەوە زۆر لە دواتر هاتووە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە پێش کۆچ بۆ مەدینە.

لەو سورەتەدا کۆمەڵێ سوێند دەخوا، بە پێداگرتن بە شێوەیەکی ڕەوانبێژی کە لەگەڵ نیشانەکانی ئەدەبی کلاسیکی ئەو سەردەمە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی دەگونجێن. نووسەری قورئان دەیەوێ شوێنی لەدایکبوونی وەک چەق پیرۆزی دابنێ. و بە هێزی نادیاری ڕەوانبێژی لە دەروونی باوەڕدارانی جێگیرکا.

سەبارەت بە ئایەتەکانی ٨، ٩ ڕوونکردنەوەی فیزیۆلۆژی، ئاماژەیە بە ئایەتی ژمارە ٣، کە بەرپرسیاریەتی کردەوەکانی خۆی هەڵدەگرێ.

لەبەر ئەوەی دەقەکانی قورئان ڕەهەندی مێژووپی و تۆپۆگرافی دیاریکراویان هەیە، پێویستە پێداچوونەیەکی بنەڕەتی بەناو دەقەکانیدا بکرێ. و لە ڕێگای تۆژینەوە، بتوانرێ چەقی بکەوێتە سەر کارلەیەککردنی دەقەکانی قورئان لەگەڵ ڕووداوەکان، بە پێی مێژوو و تۆپۆگرافیا. ئەوەش بە تۆژینەوەیەکی کرۆنۆلۆژی سوورەتەکانی قورئان، و بەراوردی لەگەڵ هزری ئیسلامی بەرایی، دەتوانێ بمان گەیێنێتە درەئەنجامێکیتر.

له قورئانی مەککە محمد نەبی نییە

شتێکیتری زۆر گرنگ لە قورئانی مەککە دا هەیە، کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ. ڕەنگە ببێتە کلیلێک بۆ کردنەوەی دەرگای نهێنیەکی گەورە. ئەویش بێجگە لە سورەتی الأعراف ئایەتی ١٥٧ و ١٥٨ زیاتر بە هیچ شێوەیەک لە قۆناخی مەککە، محمد بە نەبی ناو نابا. بەڵکو بە موژدەدەر (مبشر) و ئامۆژگاریکەر ناوی دەبا. ئەوەش بۆمان دەسەلمێنێ کە نە قەشە و نە محمد لە سەرەتا دا. بیریان لە نەبییەتی نەکردۆتەوە. بەڵکوو بەپێی ڕێنمایی پەیمانی کۆن. قەشە ومرەقە دەیەویست محمد پەروەردە بکا، بۆ ئەوەی ببێتە موژدەدەرێکی نەساڕی. بۆ سەرپەرشتی نەسلرییەکانی مەککە و یەتروب. و بڕەو بە کاروباری خودایی لەناو عەرەب بدا. و پارێزگاری لە بەردەوامبوونی ڕێبازی نەساڕی لە حیجاز بکا. هەروەها هەوڵبدا ڕەوتەکانی بەنی ئیسرائیل و باوەریان و پەرتووکەکانیان لەگەڵ یەکتر کۆبکاتەوە. [188]

سورة الأعراف ٧: ١٥٧ – ١٥٨

ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلۡأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكۡتُوبًا عِندَهُمۡ فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ يَأۡمُرُهُم بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَىٰهُمۡ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنۡهُمۡ إِصۡرَهُمۡ وَٱلۡأَغۡلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتۡ عَلَيۡهِمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُواْ ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓۙ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ (١٥٧) قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِيِّ ٱلۡأُمِّيِّ ٱلَّذِي يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ (١٥٨)

---

[188] الحريري أبو موسى، قس و نبى ص ٨٧

ئەوانەی شوێنکەوتووی پەیامبەرێکی ڕاسپاردەی خودایە، و نە خوێندەوارە و لە تەورات و ئینجیلناوی نووسراوە، بۆ چاکە هانیان دەدا، و ناهێڵێ خراپە بکەن و پاکژ بە ڕەوا دەزانێ، پیسی پێ ناڕوەایە. و قورسایی ئەو زنجیرەیان لەسەر لادەبا، کە پێین شەتەک دابوون. دەسا ئەوانەی باوەڕی پێ دێنن و پشتیوانی و پاڵپشتی دەکەن، و شوێنکەوتووی، ئەو ڕووناکیەن کە لەگەڵیدا دابەزیووە، ئەوانە ڕزگابووەکانن (١٥٧) بڵێ خەڵکینە من پەیامبەری خودام بۆ گشتتان، ئەوەی کە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی بۆ ئەوە، لەو بەدەر، هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو نەبێت، هەر ئەو گیان دەبەخشێ و دەستێنێ، دەسا باوەڕ بە خودا و بەوپەیامبەرە نەخوێندەوارە بکەن. کە ئەویش باوەڕی بە خودا و ووتەکانی هەیە، وە شوێنکەوتەی بن بەڵکووڕێنما دەدرێن (١٥٨)

ئەو سورەتە، لە قۆناخی کۆتایی سەردەمی مەککە هاتووە. واتە دوای مردنی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل و خدیجە و ئەبی طالب. ناورۆکی ئەو دوو ئایەتە، زۆر لە ئایەتەکانی تری قۆناغی مەککە ترازاوە. زیاتر بە ئاڕاستەی، ڕاگەیاندنی دینێکی نوێ و دادەشکێتەوە. وەک هاوارێکە بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری مزگێنی دەرێکی نوێ.یەکەم جاریشە محمد وەک پەیامبەر خۆی بناسێنێ، و نەک بەردەوامی بە دینێک کە زیاتر لە حەوت تا هەشت ساڵ بەسەری دا تێپەڕیێ. لەجیاتی ئەوە، لە سەرجەمی سووڕەتەکانی تری مەککە، بە موژدەدەر (مبشر) و ئاگادارکەرەوە (منذر) ئامۆژگاریکەر ناوی دەبا. ئەوەش وەک مزگێنی دەرێکی دینی نەساڕی، کە تا ئێستاش موژدەدەرانیان بە جیهاندا دەسووڕێنەوە، بۆ ڕەگەیاندنی دینی کریستیانی.

دوو دەق لەسەر کاغەزی بەردی

دەقێکی بچووک، کە بریتیە لە تەنیا هەشت دێر. ئەو دەقە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی هەشتەمی س.ب، بەڵگەنامەیەکە چەند ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە مێژوو و ناوی کەسانی شەڕی بەدری تێدایە. بە شێوەیەکی ڕووماڵ سەبارەت بەو سەرکەوتنەی یاوەرانی محمد بەسەر مەککیەکاندا.

لەناو ئەو دەقە ناوی محمد دوو جار هاتووە، بەڵام بەبێ پێدا هەڵگوتنی وەک (صلی الله علیه و سلم) یان شتێکی لەو شێوەیە. [189]

هەروەها دەقێکی تر لەسەرکاغەزی بەردی. بەڵام ئەوەیان درێژترە. و گێڕانەوەیەکە لە نزیکەی ٢٠ لاپەڕەدا. باسی قۆناخی سەرەتای محمد لە مەدینە دەکا. لەوەدا چیرۆکی گفتوگۆی لەگەڵ خەڵکی مەدینە دەخوێنییتەوە. ئەوەش وەک خۆ ئامادەکردن و مانەوەی لەوێ.[190]

[189] A. Grohmann (1963) Arabia pappyri from Hirbet, el. Mird. Louvain-Leuven. Bibliothéque du Muséon. Vol. 52. 1963

[190] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 18

قورئان و کەراکتەرەکانی نەساڕی

ڕۆڵی دیار و بەرچاوی قەشە و ڕەبەنەکانی نەساری، لەسەر محمد و ئامادەکردنی. بە ڕوونی ڕەنگدانەوەی لە ئایەتی قورئان ئامژەی پێکراوە. کە چەند کەسانی دڵسۆز و نەرم و بێفیزن.

سورة المائدة ٥: ٨٢

لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقۡرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانٗا وَأَنَّهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ (٨٢)

دەبینی نزیکترین لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە. ئەوانەن کە دەڵێن: ئێمە نەسرانین. ئەوەش لەبەر ئەوەی هەندێکیان قەشەن و هەندێکیشیان ڕەبەنی (ڕهبان) دیندارن بێگومان ئەوانە لەڕاستی ڕەواییدا خۆ بە زلزان نین(٨٢)

ئەگەر ووردتر سەرنج بدەین دەبینین لە ئایەتی تردا، بە ڕوونی باسی ئەو وەرگێرانە دەکا، کە قەشە وەرەقە خەریکی بوو. و بووبووە سەرچاوەش بۆ ئاسانکاری لە بانگهێژەکەی محمد. و تێگەیشتنی عەرەب لە ناوەڕۆکی پەیامەکەی. کە ڕۆژانە دەیەویست بیگەیێنێ.

سورة الزخرف ٤٣: ٣

إِنَّا جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ (٣)

ئێمە قورئانمان کردۆتە عەرەبی بۆ ئەوەی لێی تێبگەن (٣)

هەروەها لەو ئایەتەی خوارەوە نووسەری قورئان هەنگاوێکیتر داوێ و بە ئاشکرا دەنووسێ کە قورئان وەک پەرتووکێکی سەربەخۆ نییە. بەڵکوو ڕوونکردنەوە و شرۆڤەی پەرتووکی پێشترە، بۆیە کەسانی وەک قەشە وەرەقە و بوحیرای ڕەبەن کە أهل الکتابن لێی تێگەیشتوون.

سورة النساء ٤: ٢٦

يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمۡ وَيَهۡدِيَكُمۡ سُنَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَيَتُوبَ عَلَيۡكُمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ (٢٦)

خودا دەیەوێ بۆ ئێوە ڕوون بکاتەوە و هیدایەتتان بدات بۆ سونەتی ئەوانەی پێش ئێوە بوون و لێتان ببووری، و خودا زانا و دانایە. (٢٦)

ئەو چەند ئایەتە وەک نموونە ڕەنگدانەوە و کاریگەری دەقەکانی ناساڕی پێوەدیارە. و قەشە و ڕەبەنەکانیان، بۆمان ڕوون دەکەنەوە. کە ئەوەی محمد لە قۆناغی مەککە، بەتایبەتی چوار ساڵی سەرەتای مزگێنی، تا مردنی قەشە وەرەقە دەیکرد. تەنیا پەرەدان بوو بە ڕێبازی نەساڕی ئەبیۆنی. و بەپێی ئینجیلی عیبرانی و ئامۆژگارییەکانی قەشە بووە. دووبارەکردنەوەی ئەو لیتۆرگی و ڕێنماییانە بوون کە قەشە وەرەقە و بحیرای ڕەبەن و چەندێکیتر ڕۆژانە دیالۆگ و ڕاڤەیان بۆ دەکردن. محمدیش بەناوی گیانی پیرۆز دووبارەی دەکردنەوە.

تێکەڵاوی ئایەت و حدیث

کێشەی دووەم لە دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام، تێکەڵبوونی ئایەتەکانی قورئان و حەدیسەکانی پەیامبەرن و نەناسینەوەیانە. کە تا ئەو ئاستەی، گومان لەسەر دەقەکانی قورئان دروست دەکەن. کە بنەڕەتێکی پتەو نییە، بۆ ئەوەی بزانین کامە ئایەتە یان حەدیسە.

بە گشتی ووشەی (قرآن) مانای ئامۆژگاری یان ڕێنمایی و گوتن و خوێندنەوە دەدا. جا هەر ئامۆژگاریەک، ڕێنماییەک یا قسەیەک، لە دەمی محمد دەرچووبێ. ئەو ئامۆژگاری و ڕێنماییانە، بۆ هەر کەسێک کە دەیانبیسێ، دەبنە (قرآن). ئیتر بە گشتی ئەو ووتانەی محمد دەگێڕێتەوە، کە یاوەرانی لەبەریاندەکردن، یان بە ڕیوایەت دەیانگێڕانەوە.

لە هەندێ لەو زانیاریانەی لە سەرچاوە ئیسلامیەکان دا هاتوون. ووشەی قورئان ناوێکی گشتییە. گوزارە لە هەر شتێ دەکا، کە نەبیسترابی. دواتر کێشە لە جیاکردنەوەی نێوان کامە ئایەتە و کامەش فەرموودە (حدیث) دروست دەبێ.

بۆ نموونە، کەسێک بەناوی سەلمة الجرمی بەردەوام، لەناو یاوەرانی محمد دەیگوت. ئەو لە گشت باوەڕداران زیاتر قورئانی کۆکردۆتەوە (لەلایە).[191] کەچی ئەو دەربڕینەی الجرمی، سەبارەت بەو قسانە بوو، کە ڕۆژانە محمد بۆ یاوەرانی بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەکردن بۆ چۆنییەتی نوێژکردن بە شێوەیەکی دروست. بۆ نموونە، کێ توانای هەیە پێشنوێژی، بۆ نوێژکەران بکا. کەچی ئەو قسانە، وەک زۆر فەرموودەی تر، تەنیا ئامۆژگاری و ڕێنمایی محمد

[191] إبن سعد، الطبقات الكبرى. الجزء السابع ص ٨٩ – ٩٠

بوون بۆ یاوەرانی. و لە دەقەکانی قورئان، زۆر کەم لای لەم بابەتانە کردۆتەوە.[192]

نموونەیەکیتر معاویەی بن أبی سفیان یەکەمین خەلیفەی ئەمەوی لە نێوان ساڵانی (٦٦١ – ٦٨٠ س.ب) بووە. لە نزیکەوە محمدی بینیوە. بە یەکێک لە کەسە زیرەکەکانی سەردەمی خۆی دادەنرێ. ڕیوایەتێکی لێ دەگێڕنەوە لە دوای شەڕی ناوخۆ. و دەست بەسەر دەستەڵات داگرتنی . لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە دەستەڵاتی سیاسی ئیسلام تەنیا بۆ قورەیشە. گوتوویەتی:

> پێم گەییوە، کەسانێک لە ئێوە حەدیث دەڵێن لە پەرتووکی خودا (پەرتووکی خودا) دانییە.

ئەو وەڵامەی معاویە گەواهیەکی بەهێزە. کە هەرچی محمد گوتوویەتی دەبێ لە (پەرتووکی خودا) دا هەبێ. بەو مانایەش ئێمە نازانین. ئەوەی ئێستا بە ئایەتی قورئان دادەنرێن. و موسوڵمانان بە ووتەی خودای دادەنێن فەرموودەی پەیامبەرن، یان ئایەت.[193]

بۆیە دەتوانین، بڵێین قورئان پەرتووکێکی ئاسمانی نیە. بەڵکوو کۆکراوەیەکی نزا و پاڕانەوەیە، کە ملکەچی تاکی باوەڕدار، بۆ دین و خودا دووپات دەکاتەوە. و تۆماری خوێندنەوەی لیتورگییە، بۆ پەیرەوکردنی شێوەی نزا و پاڕانەوە لە نوێژکردندا، بۆ خودای تاک و تەنیا. بە مانایەکیتر پەرتووکی ڕینمایی و ئامۆژگاری دینە بۆ پەرستن. [194]

---

[192] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History 318

[193] Ibid. Pp 318 ،صحيح البخاري. باب الأحكام

[194] آل عيسى، د. محمد، تاريخ الإسلام المبكر ص ١٥٤

ئەم باسەی بەردەست، هەوڵدەدا، تا دەکرێ، بەدواداچوون لە سەر پرۆسەی بەرهەم هاتن و کۆکردنەوە و تۆمارکردن و رێکخستنی دەقەکانی قورئان بکا. ئەوەش بە بەراوردکردنی هەرچوار قۆناخی پێداچوونەوە و کاریگەری لەسەر چارەنووسی قورئان. هەر لە سەرەتای هاتنی ئایەتەکان. و بە ئامادەبوونی محمد خۆی، تا دەگاتە سەردەمی عبدالملک کوڕی مەروان. بەوەش دەتوانین بگەینە ئەنجامێکی گونجاو. کە بتوانێ دیمەنی پرۆسەی بەرهەم هاتن، و پیرۆزی ئەو قورئانە بەرجەستە بکا. کە ئێستا لەبەر دەستی موسوڵمانانداية. و لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی پەیرەوی دەکرێ.

ئاخر سەیرە پەرتووکێک ١٤٠٠ ساڵ، بەردەوام دەستاودەستی پێکرابێ. بە سەدان جار لەناو رێبازە جیاجیاکان، تا بگرە باڵە دوژمنەکانی یەکتری لەناو ئیسلام نووسراوەتەوە، و دووبارە نووسراوەتەوە. تا بگرە لەناو رێبازەکانی سوونە نارێکن لەسەر دەقەکانی قورئان. و بە ئارەزووی خۆیان بەکاریان هێناوە. کەچی ووشەیەکیشی نەگۆڕابێ!! لەوەش سەیرتر ئەوەیە، تەنانەت ڕاڤەکارانی ڕەوتە جیاوازەکانی ناو دینی ئیسلام، خۆیان لەسەر دەقەکانی هاوڕانین. بۆیە دەکرێ هەندێک ووردتر. و بەچاوی ڕەخنەگرانە بەدواداچوونێک، بۆ ماوەی سەد ساڵی یەکەمی مێژووی دینی ئیسلام، و قورئان بکەین. چونکە ئەو ساڵانە ناکۆکی گەورە، لە ناو باڵەکانی ئیسلامدا هەبووە. ئەنجامەکەی کارەساتی وای لێکەوتۆتەوە، تا گەیشتۆتە، ئاستی شەڕی ماڵوێرانکەر و یەکتری قڕکردن. لەلایەکی تریش، بوونی شێوەزمانی جیاجیا لە ناو سەحابەکان. کە خوێندنەوەی قورئانیان، لەگەڵ یەکتری جیاواز بووە. بەوەش بۆمان دەردەکەوێ، بە درێژایی ماوەی سەد ساڵی یەکەمی دەوڵەتی ئیسلام. کە سەردەمی دانانی بەردی بناغەی ئەودینە بووە. کەم یان زۆر وەک تاکە سەرچاوە، بۆ هەڵگرانی باوەڕی دین لە ناو ئیسلام پڕووشکی ئەو ناکۆکیانە، قورئانیشی گرتۆتەوە.

موسوڵمانان گشتیان لەسەر ئەوە هاوڕان کە قورئان سەرجەمی لە سەردەمی پەیامبەر نووسراوەتەوە. ئەوەی کە ناتەواوی هەبوو ڕێکخستنی ئایەتەکان بووە. زۆریشیان لەسەر ئەو باوڕەن، کە قورئان سێ جار کۆکراوەتەوە. جاری یەکەم لەسەردەمی نەبی محمد و بە ئامادەبوونی خۆی تۆمارکراوە. جاری دووەم لەلایەن ئەبو بەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتاب و جاری سێیەم لەلایەن عوسمان کوڕی عەفان.[195] بەڵام هیچیان باسی سەردەمی عبدالملک کوڕی مەڕاون ناکەن. و دەیانەوێ خۆیانی لێ ببوێرن. لەڕاسیشدا گەورەترین دەستکاری قورئان لەو سەردەمە بە سەرپەرشتی حەجاج کوڕی یوسفی السەقەفی کراوە.

بەڕەچاوکردنی ئەو دەربڕینانەی موسوڵمانان و لێکدانەوەیان، سەبارەت بە قورئان. کە دەڵێن، قورئان پەرتووکێکی ڕەسەن و سەرچاوەی دینە، و ناکرێ لێی دوودڵ بین!!. بەڵام ئەگەر کێشە کە پێچەوانە بکەینەوە. و لە ڕووێکی ترەوە، بە چاوێکی کراوە و ڕەخنەگرانە لەو پرۆسەیە ووردبینەوە. بە ئاسانی کۆمەڵێ پرسیار و گومان لەسەر نووسین و کۆکردنەوەی ئایەتەکانی قورئان دروست دەبن. کە ناکرێ هەڵوێستەیان لەسەر نەکرێ.

بە پێی سایتی (زەرقاء الیمامة)کاتی محمد مرد ژمارەی موسوڵمانان لە نێوان ٦٠ تا ١٠٠ هەزار کەس دەبوون. لەو هەموو موسوڵمانە تەنیا ٧ کەس سەرجەمی قورئانیان لەبەر بوو. لەو حەوت کەسەی کە سەرجەمی قورئانیان لەبەر بووە، تەنیا چوار کەسیان لای محمد پەسندبوون. کەچی هەزاران کەس هەر لە ئایەتێک تا دەگاتە بەدەیان سورەتیان لەبەر بووە. پرسیارەکە ئەوەیە. ئەی ئەو هەموو موسوڵمانەی تر چ کارەبوون؟ مادام موسڵمانەتیان هەڵبژارد، خۆیان لە پێناوی بەکوشتن دەدا، بۆ گرنگیان بە قورئان نەدەدا؟ ئەی بۆ محمد تەنیا چوار خوێندنەوەی بە دڵ بوون؟ ئەوانیتر هەڵەیان چیبوو؟ ئەی بۆ لە سەردەمی عوسمان، هیچ یەک لەو چوارە، گوێ بە هیچیان نەدرا؟

[195] السیوطی، جلال الدین (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.١: ٥٧ – ٥٩

ئەو گریمانەیە، ئەوانەش دەگرێتەوە کە قورئانیان دەنووسیەوە. لەبەر ئەوەی هیچ یەک لەو قورئانانەی نووسراونەتەوە. سەرجەمی ئایەت و سوورەتەکانیان تێدانەبووین. سەرەڕای ئەوەی جیاوازیشیان لەگەڵ یەکتری هەبووە.[196]

پرسیارێکی تری هەرە گرنگ هەیە. کە وەک مۆتەکە، مرۆڤ ناتوانێ خۆی لێ ببوێرێ. ئەویش مەبەست لە خۆ ئامادەکردن. و ڕاسپاردنی زەید کوڕی ثابت، لە سەردەمی ئەبوبەکر و عومەر. دواتریش هەمان زەید لەگەڵ سێ کەسیتری سەر بە هۆزی قورەیش لە سەردەمی عوسمان، بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان لە پێناوی چی بوو؟

ئەگەر لەسەردەمی پەیامبەر و بە ئامادەبوونی خۆی، گشت ئایەتەکانی قورئان، یەک بە یەک نووسرابنەوە. بۆچی دووبارە کۆمیتەی نوێ، بۆ کۆکردنەوە و پێداچوونەوە. و ڕێکخستن و تۆمارکردنی قورئان دروست بکرێن؟

با لەو بۆ چوونەوە دەست پێبکەین، وەک چۆن محمد عزة دروزة، ئاماژەی پێ دەکا. بە باوەڕی موسوڵمانان لەو کاتەی کە هێشتا محمد پەیامبەری ئیسلام لە ژیاندابووە. بە فەرمانی خۆی، قورئان نووسراوەتەوە و ئایەتەکانیش ڕێکخراون.[197] ئەوە ئەو ئەسحابانەش دەگرێتەوە کە هەم ئایەتەکانیان دەنووسینەوە و هەم ئەوانەی لەبەریشیان دەکردن.[198]

البغوي دەڵێ: زەید کوڕی ثابت بۆ دواجار، بە ڕوونکردنەوە گەواهیدا. کام ئایەت نەسخ بووین و کامیش ماون. هەر ئەو (زەید)ە لە کۆتایی ژیانی پەیامبەر لە مەدینە، ئایەتەکانی

---

[196] سایتی ئەلکترۆنی - زرقاء اليمامة
[197] دروزة، محمد عزة. القران المجيد ص ٦٤
[198] الدكتۆر شيخ صبحى صالح. مباحث فى علوم القران ص ٦٩

دەنووسینەوە، و بۆشی دەخوێندنەوە. تا پەیامبەر لە ژیاندا مابوو خەڵکی بەو شێوەیە دەیانخوێندەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو، ئەبوبەکر و عومەر متمانەیان بۆ کۆکردنەوەی قورئان دایە زەید. دواتریش عوسمان بە هەمان شێوە هەر زەیدی بن ثابتی هەڵبژاردەوە، بۆ کۆکردنەوەی قورئان.[199] ڕەنگە هۆکاری تریش بۆ هەڵبژاردنی زەید هەبووبن، دواتر هەندێک تیشکی دەخرێتە سەر.

إبن أبی داود لە إبن عباس دەگێڕێتەوە، کە لە عوسمانی بیستووە (ئەگەر شتێک بۆ پەیامبەر دابەزیبا، داوای لەو کەسە دەکرد کە دەینووسی، دەیگوت: ئەو ئایەتە لەو سورەتە دابنێ، کە ناوی ئەوەیە .[200]

ناکۆکی قسەی عوسمان لەوە دایە. سەرەڕای ئەو ڕێنماییەی پەیامبەر بەو ووردەکارییەوە، سەحابەکانی کە دەیاننوسیەوە، پەیرەویان نەدەکرد. و جیاوازیان لە ڕێکخستن و نووسین دا هەبوو!! کەواتە دەبێ هەر لەسەرەتاوە، پەیرەوکردنێکی بە ڕێکخراوی نەبووبێ. یان ئەو دەربڕینەی عوسمان ڕاست نییە! ئەگینا چۆن هەر سەحابەیەک بە ئارەزووی خۆی دەنووسێتەوە.

ئەوەی لەم بەینەدا لێی تێبگەین، ئەوەیە کە هەر لە سەردەمی محمد لە ژیاندابوو، قورئان لە گێژەنی تێکەڵاوی دابووە. و بە شێوەیەکی ڕێکخراو نەنووسراوەتەوە، وەک الزرکشی ئاماژەی پێدەکا هەمیشە نادڵنیایی و چاوەڕوانی گۆڕان لە ئایەتەکان دا هەبووە. و بەردەوام ئایەتی ناسخ هاتبێ و ئایەتێکی نووسراوی نەسخ کردبێ. لەبەر ئەوە نووسینەوەی قورئان بە ڕێکخستنێکی بنبڕ، تا دوای مردنی محمد دواکەوت[201] هەروەها السیوطی هەمان ڕای

[199] السیوطی، جلال الدین (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.١: ٥٧
[200] هەمان سەرچاوە ١: ٦٠، ابن کثیر تفسیر القرآن العظیم، المجلد السابع ص ١٣٦
[201] الزرکشی، البرهان فی علوم القران ١: ٢٦٢

هەیە کە لە سەردەمی پەیامبەر قورئان تەواو نووسراوەتەوە. بەڵام نەک بە شێوەیەکی ڕێکخراو، کە یەکسەر بکرێتە پەرتووک.[202]

دکتور عبدالصبور شاهین دەڵێ سەرەڕای ئەوەی، نووسینەوەی ئایەتەکان لەسەر پێست و گەڵای دار و تاشەبەرد ... هتد بووین. دواتر پاراستنیان لە ماڵی دایکانی ئیماندار بووە. ڕووی نەداوە محمد بۆ جارێکیش گەڕابێتەوە. و کۆنترۆلی ئەو نووسینانەی کردبێ.[203] ئەوەش دەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕەی، کەمترین هەڵە لە نووسینی ئایەتەکان، لەکاتی تۆمارکردن ڕوویدابێ. کارێکی ئەستەمە ڕاست بکرێتەوە. مەگەر لە ڕێگای بەراوردکردنی لەگەڵ ئەوانەی لەبەریان کردوون. ئەوانەش ناتوانرێ بە ڕەهایی جێگای متمانەبن.

بەپێی لێتۆژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسان قورئان وەڵامی یەکلایەنی بۆ یەک کەس نییە. بەڵکوو بریتییە لە کۆمەڵێ ڕاستکردنەوە. و دووبار نووسینەوەی، ئەوەش وایکردووە، کە کۆمەڵێ کەس بە شێوەیەکی بەردەوام بە درێژایی چەندین سەدە پێی هەڵساون. [204]

بە مانایەکیتر ئەو قورئانەی ئێمە ئێستا دەیخوێنینەوە، هەمان قورئان نییە، کە لە ماوەی ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی س.ب کۆکرابێتەوە و ڕێکخرابێ. بەڵکوو گریمانەی بەهێز ئەوەیە، کە بەرهەمی سەدەکانی هەشت و نۆی س.ب بن. لەو کاتەوە، بەپێی لێکدانەوەی ڕۆژهەڵاتناسان، ئیسلام ناسنامەی کلاسیکی خۆی بنیات نا. و بووە ئەو دینەی ئێستا هەیە.

---

[202] السیوطی، جلال الدین (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.١: ٥٧

[203] دکتور عبدالصبور شاهین (٢٠٠٥) تاریخ القرآن ص ٩١

[204] Rippin, Andreww (1985) Library Analysis of Quran, Tafsir and Sira. The methodologies of Wansbrough, Aproaches to Islam in Religious studies. Richard C. Martin (ed) Tuscon University of Arisona press.

ئەو قۆناغەش بە قۆناغی بنیانان (تکوین) ناو دەبرێ. کە ماوەی ٢٠٠ تا ٣٠٠ سال لە پەرەسەندن دابوو.[205]

بەو تێبینیانەی سەرەوە، و ئەو ناکۆکی و تێکەڵاویانەی کە قورئان، هەر لە سەرەتاوە تووشیان بووە، دەبێ لێکۆڵەرەوە لە بەدواچوون و شرۆڤەی، بۆ نووسینەوەی قورئان و پرۆسەی قۆناغەکانی کۆکردنەوەی، بە ووردی ڕەچاویان بکا. بە تایبەتی لە مێژووی سەد ساڵی یەکەمی، و دەستاودەست کردنی قورئان. کە هەر یەک لە دەستەڵاتداران و سەحابەکانی بەرایی. دانی بە قورئانی ئەوانیتر دانەدەنا. بۆیە هەڵوێستێکی یەکلایی بەرامبەر دەقەکانی قورئان، و چۆنییەتی ڕاڤەکردنیان نەبووە. ئەوەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چارەنووسی قورئان داناوە. کە بە چوار قۆناغی یەک لە دوای یەکدا تێپەڕیوە. هەر قۆناغێکیش هەڵوێستی جیاواز و گۆڕانی کەم یان زۆر لەسەر دەقەکان کراوە. و دەرئەنجامەکەشی ئەو قورئانەیە کە موسوڵمانان، بە پەرتووکێکی ئاسمانی بێ دەستکاری دادەنێن.

[205] Wansbrough 1977: 160 - 163

مەککە شاری نەسارِیەکان بوو

دەستەڵاتی نەسارِیەکان لە مەککە، دەمێک بوو سەقامگیربووبوو. ئەوان هەر لە کۆنەوە بە ناوی حەنەفی، لە مەککە خەریکی بڵاوکردنەوەی دینی نەسارِی بوون. و دەستەڵاتیان لە مەککە زۆر بەهێز بوو. کەسانی وەک عبدالمطلب و وەرەقە بن نوفل و أمیة بن أبی سلط، رۆڵی بڵاوکردنەوەی باوەڕی یەکتاپەرستی و ئەدەبیان لە ئەستۆ بوو. و بەشێوەیەکی سیستەماتیک خەریکی بڵاو دەکردنەوەی دینی نەسارِی بوون. ئەوان بە هەر شێوەیەک دەیانەویست ڕێبازی ئیبراهیم لە ناو عەرەب بڵاوبکەنەوە.

کاتی دەوڵەتە نوێکەی محمد لە شاری مەدینە دامەزرا. هێشتا باسێک لە شاری مەککە نەبوو. یان بە مانایەکیتر ئەو پیرۆزییەی کە پێی ڕەوا بینراوە زۆر دواترە. بگرە تا هاتنی دەوڵەتی ئیسلام بۆ داگیرکردنی مەککە. تا ئەو دەمەش مەککە هێشتا هەر لەسەر ڕێبازی نەسارِی بووە. ئەوەی ناوی ئیسلام بووە تەنیا دەوڵەتی قورەیش بوو. ئەو ڕێبازەش تا گرتنی مەککە، هەر بەردەوام بووە.

دەوڵەتی ئیسلام لە سەرەتای ساڵی ٦٣٠ س.ب هێرشی بۆ سەر شاری مەککە هێنا و داگیریکرد، ئەوەش دەکاتە ساڵێک دوای هێرش بۆ سەر مؤتة. کاتێ دەوڵەتی ئیسلام بتوانێ هێرش بۆ مؤتة لە دەرەوەی دووڕگەی عەرەبی بەرێ، خۆ دەبێ بۆ دوکردنی لەشکری ئیمپراتۆری بیزەنتی، هێزێکی گەورەی هەبووبێ. ئەگەر مەککە ئەوەندە شارێکی گرنگ بووبێ، دەبوایە وەک هێمایەکی مەزن کە شوێنی پێگای ئیبراهیم و ئیسماعیل بووە، زۆر زووتر داگیر بکرابوایە. لەبەر ئەوەی کەعبەی لێبوو. و وەک مێژوونووسانی موسوڵمان دەڵێن دەبێ وەحی هەر لە مەککە بۆ محمد هاتبێ. داگیرنەکردنی مەککە، لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی

قورەیش، تەنیا یەک مانای هەیە. نابێ مەککە شارێکی پیرۆز بووبێ. و هیچ گرنگیەکیشی نەبووە بۆ ئیسلام و نەوەکانیتری ئیبراهیم. بۆیە خەم لە گرتنی نەخوراوە. و ئەوەندە درەنگ داگیرکراوە.

نیشانەیەکیتر، کە تا ئەوکاتەش دەوڵەتی ئیسلام، هەر لەسەر دینی نەسارِی بووە. بەڵگەی ئەوەش، ئەم چیرۆکەیە:

یەک لەو شتانەی نەسارِیەکان بە درێژایی ماوەی ڕابردوو کردبوویان، ئەوەبوو دار و بەردی دیوارەکانی ناوەوەی پەرستگای مەککەیان، بە نەخش و نیگاری، وێنەی فریشتە و نەبیەکانی، وەک ئیبراهیم و موسا و یەشوع و یەسو (کریست) و مەریەمی دایکی نەخشاندبوو. ئەوەش وەک پیرۆزییەک بوو، بۆ ڕەچەڵەکی ئیبراهیم و پیرۆزی باوەڕی یەکتاپەرستی. کە لە بۆنەی دینی، لە مەککە پیرۆز دەکران.

لە ڕۆژی داگیرکردنی مەککە. یەکەم شتێ محمد کردی، بوت شکاندن نەبوو، لەبەر ئەوەی هاوگیز بوت لە کەعبە نەبووین. بەڵکوو یەکسەر چووە ناو بەیت. و فەزلی کوری عەباسی کوری عبدالمطلبی نارد، جامێک ئاو لە بیری زەمزەم بێنێ. دوایی فەرمانی دا قوماشێک تەڕکەن و ئەو وێنانەی لەسەر دیواری کەعبە نرخشێندرابوون، هەموویان سڕنەوە. بەڵام دەستی لەسەر دوو وێنە دانا. و گوتی بێجگە لەوانەی لەژێردەستم دان، ئەوانەیتر هەمووی سڕنەوە. کە دەستی لەسەر وێنەکان هەڵگرت، وێنەی یەسو (عیسا) و مریەمی دایکی بوون. [206]

هەڵبەتە ئێمە نازانین ئەو وێنانە چۆن بووین و چەند گەورە بووین. ئەوەی ئێمە دەزانین، وەک نەخش لەسەر بەردەکانی ناوەوەی پەرستگا کێشرابوون.

[206] حسین، العودات (١٩٩٢) العرب النصاری، عرض تاریخی . الأهالی للطباعة و النشر و التوزیع

ئەوەش تەنیا یەک مانای هەیە، مەککە هەر لەسەرەتاوە دێیەکی ئاسایی نەسڕیەکان بووە. و هەرگیز نە بوتی تێدابووە، نە بوتپەرست بووین. ئەو چیرۆکە بەڵگەیە بۆ ئەوەی، دینە نوێکەی محمدی تا ئەو کاتەش، واتە تا داگرکردنی مەککە. هەر لەسەر ڕێبازی نەسڕی بووە. ئەو دەوڵەتەی لە مەدینە پێشتر دامەزرابوو، دەوڵەتێکی نەسڕی بوو. بەناوی دەوڵەتی ئیسلام. کە دواتر هەمان ناو، بەسەر دینەکەش دابڕا. و بووە دینی ئیسلام. ئیتر دین و دەوڵەت بوونە یەک. مرۆڤایەتی ئێمە خۆش.

مەککە لە بواری شوێنەوارناسی

لە ڕووی شوێنەوار ناسییەوە، مەککەناوچەیەکی زۆر هەژارە. کە تا ئێستاش لە لیستی یونسکۆ دانییە. دان جیبسن لە پەرتووکی جوگرافیای قورئان دەنووسێ:

> لە ساڵی ٢٠٠٢ دەرفەتێکم بۆ ڕەخسا، سەردانی دووەمین کۆنفرانسی توێژینەوەی نەبەتییەکان بکەم، کە لە شاری پێترای ئوردن بەسترا. کۆنفرانسەکە لەلایەن زانکۆی ئەلحسێن بن تەلالەوە ڕێکخرابوو. لە کۆنفرانسەکەدا، هەڵێکم بۆ ڕەخسا لەگەڵ چەند شوێنەوارناسێکی پێشەنگی ئوردنی و سعودی قسە بکەم. بە تایبەتی دەربارەی تۆمارە شوێنەوارییەکان لە مەککە و دەوروبەری پرسیارم لێکردن. کەچی ئەوان نەیانویست بە ئاشکرا ئاماژە بە ناویان بکرێ، یان ناویان بهێنرێ، بەڵام دانیان بەوەدا نا کە تۆمارە شوێنەوارییەکان لە مەککە لە بنەڕەتدا پێش ساڵی ٩٠٠ی س.ب بوونیان نەبووە. من چاوەڕێم دەکرد، بەرگری لەو بۆچوونە بکەن. کە مەککەی کۆن

شارێکی دیوارداره و خانوو و باخچه و بینای گشتی و پەرستگای تێدایه، کەچی ئەوان سەریان لەقاند و گوتیان: هیچ شتێکی لەو جۆره لەوێ نەبووه.[207]

ئەو دان پێدانانەی شوێنەوارناسانی عەرەبی ئوردن و سعودی، دانپیانانێکی ڕاستەوخۆیە. و بەڵگەیە بۆ ئەوەی تا دوای سەدەی نۆیەمی س.ب هیچ شوێنەوارێکی کۆن لە مەککە بەتایبەتی کەعبە نەبووه. واتە ٢٦٨ ساڵ دوای مردنی محمد. بۆیە بەشێوەیەکی لێبڕاو قەدەغەکراوه، بەدواداچوون و هەڵکۆڵین، لە هیچ شوێنی مەککە دا بکرێ.

[207] Dan Gibson (2011) Qur'ānic Geography. A survey and evaluation of the geographical references in the Qur'ān with suggested solutions for various problems and issues. Independant Scholar’s Press. Canada. Pp 223

بنەڕەتی دروستبوونی ئیسلام

A Caravan in the Desert, by Eugéne Alexis Girardet (1853 – 1907)

کاروانێک لە بیابان، لەلایەن ئێوگێن ئەلێکسیس گیرارد (١٩٥٣ – ١٩٠٧)

کۆچ بۆ یەتروب

لە دینی ئیسلام باسی کۆچی محمد و یاوەرانی بۆ یەتروب دەکا. کە دەبێ لەدەستی قورەیشیە بوتپەرستەکان کۆچیانکردبێ. بەڵام بەپێی سەرچاوە. ئەو کۆچە هی نەسلریەکان و قورەیشیە نەسلرِیەکان بووە. کە لە شام بە ناچاری کۆچیان بۆ لای نەسلرِیەکان و عەرەبە قورەیشیە هاوپەیمانەکانیان کردووە.

بەپێی سەرچاوەکانی ئیسلام و رِای گشتی موسوڵمانان و فەرمی لەناو وولاتانی موسوڵمان. دەبێ ساڵی ١١ کۆچی بەرامبەر ٦٢١ س.ب، پەیامبەری ئیسلام لە مەککەوە کۆچیکردبێ بۆ یەتروب. هەر لەو کاتەشدا ناوی یەتروب گۆڕابی بۆ مەدینە. لەوەش گرنگتر سەفەری محمد لەگەڵ ئەبوبەکر و خۆ حەشاردانیان لە ئەشکەوتی ثور. و لەرِێگادا بەسەرهات و رِووداوی، سەیروسەمەرە هۆنراوەتەوە. لەرِاستیدا کۆچ بۆ یەتروب رِووداوێکی گەورەترە. کە دەکرێ لێرە بە کورتی بیخرێتە رِوو.

بەر لەوەی بچینە ناو باسی کۆچ و گۆڕینی ناوی یەتروب بەگشتی، دەکری لە رِێگای سێ پرسیارەوە، هەندێک سەرەتاتکێ لەگەڵ بابەتەکەدا بکەین.

*بۆ مێژووی ئیسلام لە کۆچکردنەوە دەستی پێکرد؟ خۆ سەرچاوەکانی ئیسلامی ئاماژە بەوە دەکەن، بەر لە کۆچکردن بۆ یەتروب موسوڵمانان کۆچیان بۆ شوێنی تریش کردووە. بۆ نموونە پاشانیشینی حەبەشە.

*یان بۆ وەک دینی کریستیانی لەدایکبوونی پەیامبەر محمد نەکرایە مێژووی دەستپێک؟

*لە کۆتاییدا بۆ یەکەم دابەزینی جوبرائیل نەکرایە دەستپێکی دینی ئیسلام؟ کە دەکرێ بەڕاستی بە سەرەتای دەستپێکی ئیسلام دانرابوایە.

ئەو سێ پرسیارە، وامان لێدەکەن کە جارێکیتر بەناو سەرچاوەکانی مێژووپی، و دینی دا بچینەوە. بۆ ئەوەی وەڵامێکی لۆژیک وەدەست بێنین.

ئەو چیرۆکە باوانەی لەسەر کۆچ و چۆنیەتی ڕێگا، و گەیشتنە یەتروب و گۆڕینی ناوی، دوورن لە ڕاستی. و گشت ئەو چیرۆکانە، لە سەدەکانی دواتر، بۆ نەهێشتنی شوێنەواری یەکێتی نەسارِی – عەرەب، و مەبەستی سیاسەتی عەرەبی پوخت لە دەوڵەتی ئیسلام دروستکران.

کۆچکردن بۆ یەتروب، وەک ڕووداوێکی مێژووپی و دینی، ڕاستە ڕووی داوە. بەڵام ڕووداوەکان هیچ پەیوەندیان بە و چیرۆکانەوە نییە، کە بۆ کۆچکردن لە نێوان مەککە و یەتروب دروستکراون. ڕاستی ڕووداوی کۆچ بۆ یەتروب، دەکرێ بەم شێوەیە دەست پێبکرێ:

لە ئەنجامی شەڕی درێژخایەنی نێوان هەردوو ئیمپراتۆری بیزەنتی و ساسانی. هەردوو لایان لەو شەڕە بێکۆتاییە بێزار و بێ هێزبووبوون. بەتایبەتی ساسانیەکان. لە دوای تووڕەیی و دوورکەوتنەوەی شاڕکەرانی هۆزەکانی عەرەبی و نەسارِیەکان، لەو ناوچانەی باکووری سوریا، کەپێشتر ئەو ناوچانە هەم لەژێر دەستەڵاتی بیزەنتیەکان دابوون. و هەم هاوپەیمانی خەڵکی ناوچەکەبوون، بەتایبەتی عەرەب.

دوای ئەوەی ساسانیەکان، نەسڕیەکان و عەرەبە هاوپەیمانەکانیان لە ئۆڕشەلیم دەرکردن. ئیتر ئەو سنوورانەی کە عەرەبی قوڕەیش دەیانپاراستن، چۆل بوون. ئەوەش دەرفەتێکی باشی بۆ بێزەنتیەکان ڕەخساند، هێرشێکی پێچەوانەیان، دژی ساسانییەکان دەست پێکرد. و لەو هێرشە دا توانیان لە سەرەتای ساڵی ٦٢٠ س.ب ئەو ناوچانەی پێشتر لە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان دابوون، وەرگرنەوە. و تا گەیشتنە باکووری سوریا.

بەو سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکانەی بێزەنتیەکان، نەسڕیەکان و قوڕەیشیە نەسڕیەکانی هاوپەیمانیان، کە پێشتر لەگەڵ ساسانیەکان، بەشداری شەڕی ٦١٤ س.ب [208] یان کردبوو. هەستیان بە ترسێکی گەورە دەکرد. لەوە دەترسان ئیمپراتۆری ڕۆمی بێزەنتی، تۆڵەی ئەو بەشداریەیان لێ بسەننەوە.

هەڵومەرجەکە بۆ ئەوان تا دەهات سەختتر دەبوو. بۆیە کەوتنە بیرکردنەوە. بۆ ئەوەی کۆچ بۆ شوێنێکی دوورەدەست بکەن. کە تا دەکرێ، لە دەستەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆمی بێزەنتی دووربێ. و دەستیان پێیان ڕانەگا. تا سەروماڵیان بپارێزراوبێ. بۆیە دەبوایە بەهەر شێوەیەک بێ. ئەو ناوچانەی باو و باپیرانیان لە باکووری شام، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی لازقیە بەجێ بێلن.

دوای چەندین ڕاوێژکاری، نەسڕیەکان باوەڕیان بە عەرەبە قوڕەیشیەکان هێنا، کە کۆچ بۆ لای ئامۆزاکانیان، لە یەتروب بکەن. لەبەر ئەوەی:

یەکەم: دوورە لە ترسی بێزەنتیەکان و لەشکرکێشیان.

دووەم: لە یەتروب بنەماڵە و هۆزی نەسڕی دەمێکە دەژین. زۆر عەرەبی نەسڕیشی لێن.

---

[208] ئەو بابەتە، لە بەرگی دووەم بە ووردی، لەگەڵ زۆر شتیتر باسکراوە.

ئەوەبوو کۆمەڵێک لە نەسارِی و عەرەبە نەسارِیە هاوپەیمانەکانیان، کۆچیان بۆ یەتروب کرد. و ناویان لێنرا (کۆچبەران – المهاجرین).

هەرچەندە ئەو کۆچە لە ساڵانی دواتر خوێندنەوە، و ناوەڕۆکی تری پێدرا. تا گەیشتە ئەو ئاستەی، وەک ڕووداوێکی نەتەوەیی عەرەبی - نەسارِی مەزن دابنرێ. نەک هەڵاتن بۆ ڕزگاکردنی گیان و ماڵیان. لەبەر ئەوەی پاک و هەڵبژاردە ڕاناکەن. بەڵکوو خۆیان بۆ گەڕانەوە، بۆ خاکی پەیمان و چاوەڕوانی یەسوی کریست ئامادەدەکەن. [209]

ئەو لێکدانەوەیە لە گیانی جولەکە و وێژدانیان دا، دووبارەبوونەوەی کۆچی گەورەی دەرچوونی جولەکان بوو لە خاکی میسر، بە سەوکردایەتی موسا. بۆ گەیشتنە خاکی پەیمان. ئەوەش لێکدانەوەیەکی تەوراتییە بۆ کۆچکردن. و بە پرۆسەی پاکبوونەوە دادەنرێ.
پرۆسەی کۆچ بۆ بیابان، وەک وەڵامێکی خودایی بۆ وەدەستهێنانی خاکی پەیمان، هەنگاوی خۆپاککردنەوەی پێش گەڕانەوەیە.

ئەوەش بەپێی هەڵومەرجی بەجێهێشتنی کۆن، و سەرەتای سەردەمێکی نوێ. و سەرەتای مێژووێکی پیرۆز. هەر ئەوەش، بۆتە بنەڕەت بۆ دەسپێکی ئەو کۆچە، کراوەتە دەستپێکی ساڵنامەی کۆچی. کە تا ئێستاش لە جیهانی ئیسلامی بە سالنامەی کۆچی نلسراوە. [210]

کۆچ بۆ یەتروب و جێگیربوون، دەرفەتی ئەوە دەدا، وەبەرخۆیان بێنەوە. و هێزی ڕزگاکەر دووبارە ئامادە کەنەوە. لەبەر ئەوەی لە یەتروب هەم دوورەدەستە لە هێزەکانی ئیمپراتۆری بێزەنتی و ساسانی. هەمیش برا نەسارِیەکانیان، دەمێکە لێرەڕەگیان داکوتاوە. و وەک پشت و پەنان بۆ ئەو هێزە شاوکەرانە. [211]

---

[209] Odon Lafontaine (Olaf) The great secret of Islam. Pp 51
[210] Ibid. Pp 52
[211] Ibid. Pp 68

بە گشتی لێرە بەدواوە قۆناخێکی تر، لە ژیانی نەسڕیەکان دەستپێدەکا. کە لەگەڵ خۆی ڕەوتی مێژووپی و جوگرافی ناوچەکەش دەگۆڕێ.

یەتروب دەبێتە مەدینە

هەر دوای ئەو کۆچە دوور و درێژەی نەسڕیەکان و عەرەبە هاوپەیمانەکانیان، بۆ یەتروب. ناوی شاری یەتروب گۆڕرا بۆ مەدینە. پرسەکە ئەوەیە! بۆ ناوی هیچ شارێکیتری حیجاز نەگۆڕا. تەنیا یەتروب نەبێ؟ دووەم بۆ لە گشت ناوی جیهان ببێتە مەدینە (شار)؟

ئەو ناو گۆڕینەش وەڵامێکی لۆژیکی خۆی هەیە! بۆ شارەزایی و تێگەیشتنی، دەبێ ئاوڕێک لە مێژووی ڕابردووی، نەتەوەی جولەکە بدەینەوە.

گۆڕینی ناوی یەتروب بۆ مەدینە، پەیوەندی بە شاری مۆدین (Modiin)، لە ئیسرائیل هەیە. ئەو شارەی نەسڕیەکان شانازیان پێوە دەکرد. و وەک هێمای بەرەنگاری و بەردەوامی گەلی بەنی ئیسرائیلیان دادەنا. بە یەک لەو خاڵە مێژووپی و جوگرافیانەی دادەنێن، کە تا مێژوو ماوە دەبێ ئەو پیرۆزیەش بشەکێتەوە.

لە شاری مۆدین، لە خاکی پەیمان، یەکەمین ڕاپەڕینی مەکابیەکان دژی سلوکیە یۆنانیەکان لە ساڵی ١٦٧ پ.س.ب دەستی پێکرد. ئەنتۆکیۆس پاشای سلووکی بوو، لە سوریای ئێستا. دەیەویست دینی جولەکە لەناوبەرێ.

یەکەم هەنگاوی وێرانکردنی شاری ئۆرشەلیم بوو، دوای ئەوە نەرێت و سرووتە دینیەکانی جولەکەی، وەک بەڵاگێڕکردن، نەرێتی دینی ڕۆژانی شەممە و خەتەنەکردنی قەدەغەکردن. لە جیاتی ئەوە، لە ئۆرشەلیم سەکۆی زێیوسی خودای یۆنانی دروستکرد. [212]

لەو کاتەدا کاهینێکی جولەکە بەناوی مەتاتیاس، یەکەم پڕووشکی ڕاپەڕین دەتەقێنێ و دەیەوێ بەرمەیدان دژی بڕیاری پاشای سلوکی بەڵاگێڕبکا. لەو کاتەدا پیاوێکی جولەکە ئامادە دەبێ خۆی ببێتە بەڵاگێڕ. ڕاپەڕین دەستی پێکرد و بەردەوام بوو تا ساڵی ١٦٤ پ.س.ب، جودای مەکابیوس کوڕی کاهین مەتاتیاس دەبێتە سلوکردەی ڕاپەڕین و سلوکیەکان لە سوریا دەردەپەڕێنن. و دەوڵەتی حەشمونی جولەکە دادەمەزرێنن. کە تا ساڵی ٦٣ پ.س.ب خایاند. ماوەی سەد ساڵ، لە نێوان ١٦٤ – ٦٣ پ.س.ب جولەکە تا ئاستێکی باش بە ئازامی دەژیان. ئەوەش بە درێژی لە پەرتووکی یەکەمی مەکابیەکان دا، باسکراوە. [213]

پەرتووکی مەکابیەکان ١: ٢: ٢١ - ٢٣

(٢١) خودا قەدەغەی کردووە، واز لە یاسا و نەرێتەکانی بێنین (٢٢) ئێمە گوێ لە قسەکانی پاشا ڕاناگرین، بۆ ئەوەی دینی خۆمان بەجێ بێڵین، نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپدا (٢٣) کاتی ئەو قسانەی کرد، جولەکەیەک هاتەپێش و لەبەرچاوی هەمووان خۆی کردە بەڵاگێڕ. لە بەڵاگێڕگای مۆدێن.

دوای کۆچی نەسڕییەکان و قوڕەیشیەکان. ناوی یەتروب گۆڕا بۆ مەدینە. ئەوەش وەک قۆناغی گەرسانەوە و دەستپێکردنی هەنگاوێکی تری بەردەوام بوون، لە خەونە کۆنەکەیان.

[212] Wikipedia
[213] First book of Maccabees

كتاب المدينة

دوو پەیمان بۆ خۆ بەهێزکردنی محمد

دوای کۆچی نەسارِیەکان و عەرەب لە شامەوە، بەرەو یەتروب. و گەیشتنیان، کێژەنی فرە لایەنی و ناکۆکی نێوان هۆز و بنەماڵە و گرووپە جیاجیاکان. و دوژمنانی قورەیش لالەیەکیتر. و هەروەها بێ هێزی یاوەرانی محمد. وەک سەرپەرشتیاری کەنیسەی نەسارِیەکان، کە دوای قەشە وەرِەقە کۆچی دوایی کرد، گشت کاروبارەکانی بەرِێوەبردن و پێشوازی نەسارِیەکان و عەرەبەکانی قورەیشی کەوتبووە سەرشان. ئەوەش هەر لە خۆراک و جێی حەوانەوە، بۆ کۆچبەران. تا دەگاتە هەوڵی دروستکردنی لەشکرێک بۆ بەرگری لە دەرەوە. بەتایبەتی ترسی هەردوو ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و ساسانی. سەرەرِای بەرِێوەبردن، و نیشتەجێکردنی کۆچبەران لە یەتروب. لەبەر ئەوەی، تا ئەو کاتە، هێشتا دروستکردنی لەشکری ئیسلام دەنگێکی نەبوو. محمدیش خۆی ساخ نەکردبووەوە. و لە دووریانی بەردەوامی لەسەر نەسارِی، یان دروستکردنی دینێکی نوێ.[214] لەو کاتەدا محمد وەک بازرگانێکی سیاسی و پلاندانەرێک بوو، لەلایەک خۆ بە هێزکردن. و لەلایەکیتر دەربازبوون لە سیستەمی هۆز و بنەماڵە. و بەردەوامی ناکۆکی. هەروەها بوونی دینی تر لە یەتروب کە دەمێک بوو پێگەی کۆمەڵایەتیان جێگیربوو.

[214] ئەو بیرۆکەیە هەر لە دوای مردنی خدیجە و أبی طالب لە ساڵی ٦١٩ س.ب سەری هەڵدابوو. بەڵام ئێستا دەرفەتی ئەوەبوو بخرێتە قۆناخی جێبەجێکردن.

ئەوە بوو هەر لەو کاتەی لە یەتروب جێگیربوون دوو پەیمانی بەستن. کە بە کتاب المدینة یان کتاب محمد ناسراون. لەڕاستیدا ئەو نامەیە (کتاب المدینة) بە دەستپێکی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام و دواتریش دینی ئیسلام دادەنرێ.

پەیمانی یەکەم:

دانانی بەردی بناغەی برایەتی دینی، لە جیاتی برایەتی هۆز و بنەماڵە. بەوەش توانی هەنگاوێکی گەورە بۆ دروستکردنی ئومەتی ئیسلام باوێ. و دووەم دەربازبوون لە ناکۆکی و ئاژاوەی نێوان گرووپە جیاوازەکانی مەدینە کە بە لایەنگیران (الأنصار) و کۆچبەران (المهاجرون) ناسران.

زۆر سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە محمد پەیامێکی بۆ خەڵکی یەتروب نووسی. ئەو پەیامە بەناوی (کتاب المدینة، یان کتاب محمد) ناسراوە.

ناوەرۆکی بریتییە، لە دانانی برایەتی دینی لە نێوان موسوڵمانان. لە جیاتی برایەتی خێل و بنەماڵە. ئەوەش لە نێوان کۆچبەران و لاینگیران (الأنصار). لەو رێگایەوە توانی دەستەڵاتی هۆزەکانی عەرەبی نەهێڵێ. و لە جیاتی ئەوە دەستەڵاتی برایەتی دینی بنیات بنێ. بەو پلانە توانی هێزێکی لە ڕادەبەدەر، پەیدا بکا. دەستی محمدیش بۆ گەیشتنە ئامانج، واڵا بێ.

دەقی کتاب المدینة

ئەو پەرتووکە لە لایەن محمد[215]. لە نێوان باوەڕداران و موسوڵمانانی قورەیش و یەتروب. و ئەوانەی بە دوایان کەوتوون. لەگەڵیان چوون و لەتەکیان جیهادیان کرد. ئەوانە یەک نەتەوەن بەبێ خەڵک (الناس). کوچبەرانی قورەیش لەگەڵتاندان. لەگەڵ یەکتری. و لەنێوان یەکتری، دووانن.

باوەڕداران بە چاکە لەگەڵ یەکترین..... هتد.

بنو ساعدة بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بنو حارث بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بنو جشم بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بنو نجار بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بنو عمرو بن عوف بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران

[215] بەسەرنجێک بۆمان دەردەکەوێ. ناوی محمد نە نەبیە، نە پەیامبەر. هەروەها بەبێ صلعم. کەواتە هێشتا داوای پەیامبەرایەتی نەکردووە. ئەو دیاردەیە لە چەند بەڵگەنامەی تریش دا هاتووە.

چارەسەر دەکا. بنو نبیت بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بنو الأوس بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا. بەنو عەوف بەپێی گرووپی خۆیان، بۆ یەکتری، وەک سەنگەر وان. هەر گرووپێک ئازارەکانی خۆی بە دۆستانە و دادوەری لەناو باوەڕداران چارەسەر دەکا.

باوەڕداران واز لە خۆشی، لە نێوان خۆیان ناهێنن، ئەگەر وازیش بێنن. بە شێوەیەکی دۆستانە و وەفادارانە دەبێ .[216]

پەیمانی دووەم:

پەیمانی دووەم لە نێوان موسوڵمان و جولەکەکانی یەتروب بوو. ئەو پەیمانە لەسەر بنەمای خاڵە هاوبەشەکانی باوەڕی دینی هەردوولا بەسترا. ئەو هەوڵدانەشی لەسەر بنچینەی پەیوەندی باوەڕی دینی محمد (نەسارِیەکان)، بە پێی نەرێت و یاساکانی دینی موسا بوو. کە هەردوو جولەکە و نەسارِی دەگرتەوە. دەق ئەو پەیمانەش لە قورئان پشتڕاستکراوەتەوە. لە هەمان کاتدا هەردوو پەرتووکی پیرۆزی پێش خۆی پشتڕاست دەکاتەوە. و دان بەوە دادەنێ نەبیەکانی جولەکە و نەسارِی، لەهەمان کاتدا نەبی ئیسلامن. پێگای مریەمی دایکی یەسو بۆ ئیسلام، هەروەک نەسارِیەکانە.

---

[216] أبو عبيد، كتاب الأموال ص ٢٩١ – ٢٩٤
إبن هشام السيرة الجزء الأول ص ٥٠١ – ٥٠٤

إبن إسحاق دەڵی:

پەیامبەری خودا نووسراوێکی لە نێوان کۆچبەران و لایەنگیران نووسی. تێیدا پەیمانی لەگەڵ جولەکان بەست، کە دین و سامانیان پارێزراوە. لە بەرامبەر ئەوە، مەرجی بۆ دانان [217].

گشت پەیمانەکە لە سەرسێ خاڵی هاوبەش یا مەرجی هاوبەش، لە نێوان موسوڵمان و جولەکە و نەسارِی و سابیئیەکان دیاردەکا.

١ باوەڕ بەخودا بوون. ٢ باوەڕ بە ڕۆژی پەسەڵان (قیامەت) ٣ کردەوەی چاک.

القرآن الكريم – سورة البقرة ٢: ٦٢

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ وَٱلصَّـٰبِـِٔينَ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَعَمِلَ صَـٰلِحًا فَلَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ (٦٢)

ئەوانەی باوەڕدارن و ئەو کەسانەش کە لەسەر دینی جولەکە و نەسارِی و سابیئین. ئەگەر باوەڕیان بە خودا، و ڕۆژی پەسڵان (القيامة) هەبێ. و کاری چاک بکەن. لای پەروەردگار، پاداشتی خۆیان هەیە. و نە هیچ ترسێکیان لەسەرە. و نە خەم دەخۆن (٦٢)

بە پێی ئەو ئایەتە، هەر کەسێک لەسەر یەکێک لەو سێ دینە بێ. و ئەو سێ خاڵەی تێدابێ، خودا لێی ڕازیە.[218] بەو شێوەیە قورئان گشت ناکۆکییەکانی ناو باوەڕدارانی مەدینەی سڕکرد.

---

[217] هادي العلوى (١٩٩٩) فصول من تاريخ الإسلام السياسي. ص ٢٧

[218] ناوی نەسارِیەکان لەم ئایەتەدا. زۆر دواتر لەڕێ زیادکراوە. ئەگینا، یەهودیە نەسارِیەکان بزوێنەری ئەو پەیمانە بوون، دواییش هەر ئەوان یەهودی و کریستیانە یاقوبیەکانیان بە گومڕا تاوانبارکرد.

ئەوەش بۆ دەرفەت وەرگرتن، لە بەرەنگار بوونەوەی، وەک خۆیان دەڵێن بوتپەرستانی دوورگەی عەرەبی.

بەڵام ئەو پەیمانەی نێوان دینە جیاجیاکانی دوورگە، زیاتر پەیمانێکی تاکتیک بوو. بۆیە هەر ئەوەندە کاری پێکرا، تا محمد هێزی پەیداکرد. و توانی کۆنترۆڵی خێلە جیاجیاکان بکا. ئیتر ئەو پەیمانەی نێوان دینی محمد و دینەکانی تری پشت گوێخست. لە جیاتی ئەوە، قڕکردنی دینەکانی تری، قۆناخ بە قۆناخ کردە ئامانجی سەرەکی ئەوەش بە مەبەستی دامەزراندنی تاکە دینێک لە سێبەری دەوڵەتی ئیسلامی قورەیش.[219]

هەنگاوی دواتر، بەستنی پەیمان بوو لەگەڵ جولەکەکانی پێشتر لە یەتروب دژیان.(کتاب المدینة) .ئەوەش لە پێناوی جەمسەرگیری ئایدیۆلۆژی بوو. بۆ هێزەکانی عەرەبی کریستیانی هاوسێی لە یەتروب. تا باوەڕ بێنن و بەشداری ئازادکردنی ئۆرشەلیم بکەن، و چاوەڕوانی گەڕانەوەی کریست بن. بۆ وەدیهێنانی پرۆژەی کریستی مەزن. [220]

ئەو جەمسەرگیرییە ئایدیۆلۆژیە، بە شێوەی ئاشتیانە، و خۆبەخش نەبوو. بەڵکوو بە هێزی شمشێر و ناچاکردنی ئەو هۆز و بنەماڵانە بوو، کە هێشتا، لە پەیامی محمد بە گومان بوون. ئەوەش لە مێژووی ئیسلام بەتایبەتی لە بۆگرافیای نەبی،کە إبن إسحاق و إبن هشام نووسیویانە، بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێدەکەن. کە چۆن بەرهەڵستی عەرەبە کریستیانەکان دەکەن. بەتایبەتی هەندێک لەو هۆزانە ژن سوکردەیان بوون. بۆ ئەوەش کەلەپووری ئیسلامی، خۆی گەواهی ئەو هەڵومەرجە نوێیە دەدا. کە چۆن پێگای ژن، لەناو عەرەبە کریستیانەکان لەو ئاستەدا بووە.

---

[219] هادي العلوى (١٩٩٩) فصول من تاريخ الإسلام السياسي. ص ٢٦- ٢٧

[220] لە یەتروب کۆمەڵێک کریستیانی یاقوبی هەبوون، کە باوەڕیان بە ڕێبازی یاقوب البرادعی هەبوو. باوەڕیان وابوو کریست یەک سرووشتیە. ئەوەش چ لەلایەن یەهودیە نەساڕیەکان، و چ لەلای کریستیانەکانی هێلێنی بە گومرا دادەنران.

لەلایەکیتر ئەو نەسڕییە کۆچکردووانە، دوای پەیمانی (کتاب المدینة) لەسەرخۆ نیشتەجێ دەبوون. لە هەمانکاتدا، وەک هێزێکی شاراوە خەریکی خۆ قایمکردن بوون. و کاری ڕۆژانەیان، دزی و ڕێگری و تاڵانکردنی خەڵکی بوو.

دوو خاڵی گرنگ بۆ گومان لەسەر ڕەسەنی قورئان

سەرەڕای سەرجەمی ئایەتەکانی قورئان چ لە ڕووی ڕەوانبێژیی و چ لە ڕووی لۆژیک، مرۆڤ دەگەیێنێتە ئەو باوەڕەی، قورئان قسەی مرۆڤ ە و ناتوانێ لەوە زیاتر بێ. سەرەڕای ئەوەش، دوو خاڵی گرنگ هەن، وامان لێدەکەن، کە باوەڕمان بە ڕەسەنی دەقەکانی قورئان نەبێ. و گومان لە دروستیان بکەین. ئەو دوو خاڵەش لە بیرچوونی محمد و کێشەی حەوت پیتەکان

لەبیرچوونی محمد و ئاگادارکردنەوەی لەلایەن خوداوە

هەر لە سەرەتای هاتنی وەحی، دەبینین محمد ئایەتی لەبیر دەچوون و خوداش ئاگاداری دەکردەوە، کە نەکا ئایەتەکان لەبیر بکا.

سورة الأعلى ٨٧: ٦

سَنُقْرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ (٦)

بۆت دەخوێنینەوە، تا لەبیرت بچێ(٦)

ئەوەش کێشەیەکە بە درێژایی هاتنی وەحی بەردەوام، محمد لەبیری دەچی و خودا یان ئەسحابە بەبیری دیننەوە.

لە تەفسیری الجلالین سەبارەت بەو ئایەتەی سەرەوە دەڵێ: پەیامبەر لە گەڵ خوێندنەوەی جوبرائیل. لە ترسی لەبیرچوون، بە دەنگ دەیخوێندەوە. وەک ئەوە وابوو جوبرائیل پێی بڵێ، پەلە مەکە، لەبیرت ناچێ. بەدەنگ بەرزکردنەوە خۆت ماندوو مەکە. [221]

سەرەڕای ئەوەش دەردەکەوێ، محمد ئایەتی لەبیر چووبن، و خەڵکی تر وەبیری هێنابنەوە. محمد الکلبی ئامژە بەوە دەکا. کاتی محمد گوێی لە خوێندنەوەی عباد بن بشیر دەبوو، دەیگوت: بەبیری هێنامەوە. ئەو ئایەتەم لەبیر چووبوو. [222]

ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی، محمد خۆی دان بەوەدا دەنێ کە ئایەتی لەبیر چووین و سەحابە بە بیریان هێنابێتەوە. ڕەنگە زۆر نموونە هەبن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو شتە. ئەوەش دەبێتە هۆی نەبوونی متمانە لەسەر ڕەسەنی دەقەکان و دڵنیابوون لە نەگۆڕانیان.

---

[221] تفسیر الجلالین. تفسیر سورة الأعلی ص ٧٩٥

[222] محمد الکلبی، کتاب التسهیل للعلوم التنزیل ٤: ١٩٣ – ١٩٤

کێشەی حەوت پیتەکان (سبعة أحرف)

کێشەی حەوت پیتەکان (سبعه احرف) کە لە سەرەتادا قورئانی پێ نووسراوەتەوە، لە زۆر جێگا دووبارە بۆتەوە. ئەوەش یەکەمین کارەساتە کە قورئان تووشی بووبێ. ڕەنگە زۆر چمک و ووشە و ڕستە، لە ناو دەقەکانی قورئان گۆڕابن، تەنیا لەبەر جیاوازی خوێندنەوە و گونجاندنی حەوت پیتەکان.

بابزانین مەبەست لە حەوت پیتانە (سبعه احرف) چین. کە دوایی بۆخۆی بووە مەیدانێک، بۆ ئەوەی هەر ڕاڤەکارێک بە ئارەزووی خۆی لێکی دەدایەوە. هەر یەکێکیشیان پەنای بۆ فەرموودەیەکی پەیامبەر دەبرد، کە دەڵێ (أنزل القرآن على سبعة أحرف. قورئان لەسەر حەوت پیتان دابەزیووە) لەگەڵ خستنە ڕووی شرۆڤەیەک دەربارەی مەبەست لەو حەوت پیتانە. هەر ڕاڤەکارێک بە ئارەزووی خۆی، ئەسپی خۆی تاوداوە. بۆیە پێویست ناکا بەناو گشت ئەو هەموو ڕاڤاکارانە دا بچین، بۆ ئەوەی پیشانی بدەین، چۆن ئەو بابەتەیان لێکداوەتەوە. بەڵکوو لێکدانەوەی تەبەری و دوای ئەویش إبن الجزري کە دوو لێکدانەوەی لۆژیکیان دەربارەی ئەو بابەتە هەیە. دەخەینە ڕوو.

ڕەچاوکردنی خوێندنەوەی جیاواز بەپێی حەوت پیتەکان، بووە قۆناخێکی ترسناک لە گۆڕان و بەلاڕێدابردنی ئایەتەکانی قورئان. ئەو دیاردەیەش بە هۆی تێپەڕبوونی مێژوو نەبوو. بەڵکوو وەک دیاردەیەک، هەر لە دوای کۆچ بۆ مەدینە. و تێکەڵبوونی خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی دوورگەی عەرەبی، بە شێوەزمانی جیاواز لە ڕیزەکانی سەحابان. و دروستبوونی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی، کە محمد دەیەویست ئایەتاکانی قورئان، لەسەرتاسەری ئەو قەوارە

سیاسییە، هەموو کەس تێیانبگا. ئەو پڕۆسەیەش، لەژێر چاوەدێری محمد خۆی دابوو. کە وایکرد ببێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەڵە بە هەڵە.

لێکدانەوەی حەوت پیتەکان لێکدانەوەی جیاوازی بۆکراوە، بۆ نموونە أبو عبید دەڵێ مانای قورئان لەسەر حەوت پیت دابەزیووە، بە مانای لەسەر حەوت زمان دابەزیووە. بۆ حەوت هۆز، کە ئەوانەن: قورەیش، کنانة، أسد، هذیل، بنو تمیم، ضبة، و قیس.

ئەو هۆزانە، دوای کۆچ بۆ مدینە تێکەڵاوی یەکتری بوون، هەم دیالێکتی جیاواز و هەم بیرکردنەوەی جیاوازیشیان هەبوو. ئەو جیاوازیانەش، لە درکاندن و هاومانای ووشە و گوزارەکردنیان دا بە ڕوونی دیاربوو.[223]

کەچی الطبري ڕایەکی جیاواز و لۆژیکتری هەیە، دەڵێ:

جیاوازی حەوت پیتەکە، جیاوزی درکاندنە. بە گونجاندنی مانایان. [224]

هەرچەندە لەوە زیاتر درێژەی ناداتێ. و ناڵێ گۆنجاندنی مانایان، بەپێی کام پێوەر، زمان یا ناوەرۆک. لەو ڕایەی الزنجانی پشتگیری دەکا. و دەڵێ لە ڕووی مانای گونجاو، بە پیتی جیاواز [225]

لەجیاتی ئەوە إبن الجزري بەهۆی ئەوەی زۆر دوای ڕاڤەکارەکانی تری ئیسلام هاتووە. توانیویەتی لە ماوەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی سەبارەت بە چۆنیەتی حەوت پیتەکان، ڕاو بۆچوونی ڕاڤەکارانی پێش خۆی کۆبکاتەوە. دوایی ڕای خۆشی تێهەڵکێش کات. و بە پوختی دایڕێژێتەوە. بەڕای ئەو حەوت پیتەکان (سبعه أحرف) تەنیا ژمارە نیین. بەلکوو

---

[223] الفرقان لإبن الخطیب ص ١٢٦

[224] الطبری،جامع البیان عن تأویل القرآن، الجزء الأول، ص ٤٨

[225] الزنجانی، أبو عبدالله (١٩٣٥) تاریخ القرأن. مطبعة لجنة التألیف. ص٢٤

بریتیین لە فراوانی ئەو چوارچێوەیەی کە دەتوانرێ، تێیدا خوێندنەوە و ڕکاندن بۆ دەقەکانی قورئان ڕەچاوبکرێن. ئەوانەش: ڕاستەکان، ناوێژەکان، لاوازەکان، ڕەتکراوەکان دەگرێتەوە. حەوت پیتەکان بە لێکدانەوەی ابن الجزري ئەمانەن:

١ جیاوازی لە جولان (الحرکات) بەبێ گۆڕانی مانا و دیمەن (جولان مەبەست هەم لە ڕکاندن و هەم گەرداندنە)
٢ جیاوازی لە جولان (الحرکات) بە گوڕینی تەنیا مانا.
٣ جیاوازی لە پیت بە گوڕینی مانا بەبێ دیمەن
٤ جیاوازی لە پیت بە گۆڕینی دیمەن بەبێ مانا
٥ جیاوازی پیت بە گۆڕینی دیمەن و مانا
٦ جیاوازی لە پاش و پێشکردن
٧ جیاوازی لەزیاد و کەمکردن. [226]

ئەگەر لە خوێندنەوی ئایەتەکانی قورئان، ڕەچاوی ئەو حەوت خاڵەی سەروە بکەین، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، هەر چۆنی بیخوێنیتەوە هەر ڕاستە. سەرەڕای ئەوەی، هەر لە سەرەتاوە بۆتە هۆی ناکۆکی، و گێچەڵ لەسەر جیاوازی خوێندنەوەی ئایەت. بەو مانایەش دەبێ دروستبوونی سەرجەمی ناکۆکیەکان، لەسەر خوێندنەوەی جیاواز لە ناو ئەسحابەکان بێ. بەڵام پەیامبەری خۆی هۆکاری سەرەکی بووە، بۆ هێنانە کایەی پرۆسەیەک کە دواتر کێشەی بۆ ساخکردنەوەی قورئان دروستکرد. کە تا سەردەمی عوسمان هەر بەردەوام بوو. ئەوسا بە فەرمانی عوسمان ئەو کێشەیەی بەرکرا. لێرەدا چەند ڕووداوێک بە نموونە دێنینەوە:

[226] دکتور عبدالصبور شاهین (٢٠٠٥) تاریخ القرآن ل ٦٢

جارێکیان عومەری کوڕی خەتاب دەگێڕێتەوە، کە گوێی لە هیشامی کوڕی حەکیم دەبێ سورەتی فرقان دەخوێنێتەوە. بەڵام گوێی لەو پیتانە (حرف) نەبوو بوو، کە پەیامبەر وا بیخوێنێتەوە. عومەر دەڵێ:

دوای کۆتایی نوێژ چاوەڕێم کرد. ئەویش کۆتایی هێنا و سەلامی دایەوە. ملیم گرت و پێم گوت: کێ ئەو سورەتەی بۆ خوێندویتەوە؟ گوتی: پەیامبەری خودا خوێندویتیەوە. پێم گوت درۆتکرد. گوتی: بە خودا، پەیامبەری خودا ئەو سورەتەی بۆ خوێندومەتەوە، کە تۆ ئێستا خوێندتەوە. عومەر دەڵێ چوومە لای پەیامبەری خودا و گوتم: ئەی پەیامبەری خودا! گوێم لێبوو ئەو (هیشامی کوڕی حەکیم)، سورەتی فرقانی دەخوێندەوە، بە تیپی وەک ئەوانەی تۆ نییە. تۆ سورەتی فورقانت بۆ من خوێندوتەوە!! پەیامبەر بە عومەری فەرموو: ئەی عومەر بینێرە ئێرە. گوتی: ئەی هشام بخوێنەوە. هشام بەو شێوەی کە پێشتر من گوێم لێبوو خوێندیەوە. پەیامبەر فەرمووی: بەو شێوەیە دابەزی. ئەو قورئانە بەسەر حەوت پیت (حرف) دابەزیووە. بەو شێوەیە بیخوێننەوە کە دەیزانن. [227]

قرطبی لە أبی داود دەگێڕێتەوە، دەڵێ:

پەیامبەری خودا گوتی: ئەی أبی (مەبەست ابی داودە). من قورئانم خوێندەوە. و گوتی لەسەر دوو پیت یان سێ بوو؟ مەلیک کە لەگەڵم بوو گوتی: بڵێ لەسەر دوو پیت. پێی گوتم: لەسەر دوو پیت یان سێ پیت. مەلیک گوتی: لەسەر سێ. تا گەیشتە حەوت پیت. دوایی گوتی: بێجگە لە پاک و ڕوونی هیچی تری تێدانەبوو. ئەگەر گوتت سمیعا، علیما، عزیزا و

[227] هەمان سەرچاوە ص ٦٢

حکیما. هیچ له مانای (اية عذاب برحمة) یان (اية رحمة بعذاب) تێک نادا. [228]

الطبری له زید بن أرقم دەگێڕێتەوە:

کابرایەک هاتەلای پەیامبەری خودا. گوتی عبدالله بن مسعود سورەتێکی خوێندەوە، زەیدیش سورەتەکی خوێندەوە و إبن کعبیش هەمان سورەتی خوێندەوە. جیاوازی له نێوان خوێندنەوەکاندا هەبوو. خوێندنەوەی کامیان وەربگرم؟ گوتی پەیامبەر بێدەنگ بوو. عەلی کوڕی ابی طالب لەتەنیشتی دانیشتبوو. گوتی: هەرکەسە وا دەخوێنێتەوە کە فێربووە. هەموو شتێکی باشیش جوانە. [229]

له إبن کعب دەگێڕنەوە گوتی:

چوومە مزگەوت و نوێژم کرد وسورەتی النحلم خوێندەوە. دوایی دوو کەس هاتن و هەمان سورەتیان خوێند، جیاواز بوو له خوێندنەوەی ئێمە. گومان و دوودڵی له دڵم توندیان کرد. وەک ئەوەی له جاهیلی بم. له گومان و دڕدۆنگی. پەیامبەری خودا له سینگی دام و گوتی: پەنا بۆ خودا ببە، لەو گومانە، شەیتانت لێ دووربێ. [230]

ابی العالیة دەگێڕێتەوە، دەڵێ:

پێنج کەس بۆ پەیامبەری خودایان خوێندەوە. جیاوازیان له زمان هەبوو. پەیامبەر خوێندنەوەی هەموویانی پەسندکرد. [231]

---

[228] صحیح البخار ٦: ١٨٥، تفسیر الطبری ١: ١٠، البرهان ١: ٢١١، الأتقان ١: ٤٩

[229] تاریخ القران ل ٥٤

[230] الطبری. جامع البیان عن تأویل القرأن. المطبعة الامیریة. قاهرة، الجزء الأول، ص ٢٥

[231] هەمان سەرچاوە ١: ٢٥

لە گۆڕینی هەندێک ووشەدا لە قورئان. جارێکیان لە پەیامبەریان پرسی چی بنووسن : عزیز حکیم؟ یان سمیع علیم؟ پەیامبەر گوتی: ئەوەی دەینووسی ئەوەیە. [232]

سەبارەت بە ئایەتی ٢٤ لە سورەتی محمد

سورة محمد ٤٧: ٢٤

أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا (٢٤)

ئاخۆ ئەوان لە قورئان ووردنابنەوە، یان دڵیان گاڵەدراوە (٢٤)

تەبەری لە ڕاڤەکردنی دا دەڵێ:

لەبەر ئەوەی جیاوازیەکی قووڵ لە ناو یاوەرانی پەیامبەر، لەسەر ئەو ئایەتە هەبوو. جیاوازییەکەش نەک لەسەر ڕکاندن و ڕستەسازی. بەڵکوو لەسەر مانا و داوەری ئایەتەکە بوو. هەریەک لە سەحابەکان، دوای ئەوەی بۆ پەیامبەریان خوێندنەوە. سەرەڕای جیاوازی لە خوێندنەوەکان، پەیامبەر هەموویانی پەسەندکردبوون. ئەوە وایکرد کە هەندێک لە سەحابەکان، گومانیان لەسەر ڕاستی دینی ئیسلام لەلا دروست بێ. [233]

بە ڕەچاوکردنی ئایەتەکانی قورئان، و ڕۆڵیان لە ڕاگرتنی باوەڕ، و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دینییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی. هەر گۆڕانێک جا گەورە یا بچووک، ڕۆڵی خۆی هەیە لەسەر گۆڕانی پەیامی دین، و هەڵسوکەوتی موسوڵمانان. بۆیە دەبینین عومەر هەڵوێستێکی توندی دەبێ، بەرامبەر خوێندنەوەیەک کە لە هی ئەو ناچێ. ئەوەش دەمانگەیێنێتە ئەو

[232] هەمان سەرچاوە ١: ٥٤

[233] هەمان سەرچاوە ١: ٥١ – ٥٢

باوەڕەی. کە لە قۆناخەکانی دوای، کۆچی دوایی محمد، ڕێگا خۆشتر دەبێ بۆ گۆڕینی ئایەتەکان و ناوەڕۆکیان تا دەگاتە لەناوبردنیان. لە خۆڕایی نییە کە بڵاچێر دەڵێ:

> ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی پەیامبەر لەسەر لێکدانەوە و ڕکاندنیان لە خوێندنەوەی قورئان. ببووە هۆی دیاردەی قۆناخێکی ترسناک بۆ ئیسلام و چارەنووسی. ئەوەش بەتایبەتی لە مێژووی سەرەتای بانگهێژی ئیسلام. کە بەو شێوەیە، پیرۆزترین دەقەکانی دین و بنەڕەتەکانی بدرێنە دەست ئارەزووی هەر کەسێ. جا چۆنی دەوێ دەریبڕێ و بیلوکێنێ و لێکدانەوەی بۆ بکا. ئەو قوناغە هەرچەندە بە کۆچی دوایی محمد کۆتایی هات. بەڵام لە ڕاستیدا سەرەتابوو، بۆ ناکۆکی و زیاتر بە لاڕێدابردنی ئایەتەکانی قورئان. کە لە هەر قۆناغێک ناکۆکی زیاتر و قووڵتر دروست دەبوون. بە تایبەتی بە دەستپێکردنی هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی قورئان و ناکۆکی باڵباڵێن، لە ناو موسوڵمانان. لەسەر دروستی و نادروستی ئایەتەکان. [234]

ئەو کێشەیە هەنگاو بە هەنگاو وایکرد، ئەوانەی دژی ئەو دیاردەیە دەوەستانەوە، خۆیان دەستیان بەوەکرد گوێ نەدەنە شێوەی جیاوازی خوێندنەوە. نموونەیەکی دیار لەسەر ئەو خوێندنەوانە. دەگێڕنەوە جارێکیان عومەر کوڕی خەتاب کە خۆی ڕەخنەی دەگرت. دەیەویست دەشتەکیەک (أعرابي) فێری خوێندنەوەی قورئان بە دروستی بکا.

ئایەتێکی سورەتی الدخانی پێدەخوێندەوە.

عومەر پێی گوت: إِنَّ شَجَرَتَ الزَّقُّومِ (٤٣) طَعَامُ الْأَثِيمِ (٤٤)

أعرابیەکە گوتی (طعام الیتیم). کە عومەر بینی ناتوانێ ووشەی (الأثیم) بدرکێنێ. پێی گوت بڵێ: (طعام الفاجر) أعرابیەکە بە ڕەوانی خوێندیەوە:

---

[234] Blachér, Régis (1959) Introduction au Coran p 69 Ed. Besson et Chantemerle. Pari. Pp 25

(إن الشجرة الزقوم، طعام الفاجر) لەبەر ئەوەی ووشەی الأثيم و الفاجر، لە عەرەبی یەک مانایان هەیە. و هیچ لە ناوەرۆکی ئایەتەکە ناگۆڕێ. [235]

بەو شێوەیە بەردەوام بوو تا سەردەمی عوسمان کە حەوت پیتەکانی کردنە یەک. ئەو بابەتە دواتر لە قوناغی سێیەم، کۆکردنەوە ڕێکخستنی قورئان لەسەردەمی عوسمان، بە درێژی باسی دەکرێ.

[235] الفرقان لإبن الخطيب، ص ١١٥

دوای گرتنی مەککەش، هێشتا دینی ئیسلام نەبوو

ڕەنگە خوێنەر دوای خوێندنەوەی ئەو مێژووە، دوورودرێژە. پرسیار بکا. ئەی دینی ئیسلام کەی دروستبوو؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، دەبێ جارێکیتر گوزەرێک بەناو مێژووی ئەو دەیەیە دا بکرێ، کە گوایە یەکەم بانگهێژی دینی ئیسلامی تێداکراوە. و بە ووردی تاوتوێی ئایەتەکانی قورئان بکەین. لەگەڵ بەراوردکردنیان بە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، و ژینگەی نووسەری قورئان. ئەوسا دەردەکەوێ قۆناخی مەککە، لە فڕکردن و هوشیارکردنەوەی دینی نەسارِی زیاتر نەبووە، نەک بانگهێژی دینێکی نوێ.

یەکەم

ئامادەکردنی محمد وەک جێنیشینی وەرەقە، بە ناوەڕۆکی ئەو پەرتووکەی قەشە وەرەقە خەریکی وەرگێڕانی بوو بۆ عەرەبی. کە بریتی بوو لە بەردەوامی ناوەڕۆکی پیرۆزیەکانی دینی یەهودی نەسارِی.

قەشە وەرەقە، تەواوی هیوای لەسەر محمد بنیات نابوو. کە بتوانێ دوای خۆی بەردەوامی بەوڕێبازە بدا، کە قەشە وەرەقە و بوحیرای ڕەبەن بە دەیان ساڵ خزمەتیان کردبوو. ئەوەش لە چەندین ئایەتی قورئان، بە رووونی ئاماژی پێکراوە. کە کەسانێک هەن، ئەو گرنگیە نوێیە دیاردەکەن. کە محمد وەدەستی هێنابوون و خۆی لەسەر ڕادەهێنان.

لەلایەکیتر هەر لەو سەردەمەدا، قەشە وەرەقە ئینجیلی عیبرانی کە تا ئەو دەمە بە زمانی ئارامی و عیبری بوو، بۆ نەسارِیەکانی عەرەب و بانگهێژی دینی، وەردەگێرایە سەر زمانی عەرەبی. و محمدیش بانگهێژی دینی یەهودی نەسارِی لە مەککە پێدەکرد. لەو قۆناخەدا ئیسلام وەک دینێکی سەربەخۆ بوونی نەبووە. بەڵکوو ئامادەکردنی شێوەی دەربڕین و لیتۆرگی محمد بۆ بانگهێژەکەی لە چوارچێوەی ئامۆژگاریی و ڕێنمایی دینی نەسارِی دابوون، ئەوەش بە پێی ئینجیلە وەرگێڕدراوەکە. کە سەرچاوەیەک بوو، بۆ محمد و بانگهێژەکەی لە سەردەمی مەککە. [236]

هەر ئەوەشە وایکردووە، لە ناو زۆر ئایەتی جیاجیای قورئانی مەککە، ڕاستەوخۆ ئەو شتانە دووبارە بوونەتەوە. کە لە ئینجیلی عیبرانی دابوون.

لەسورەتی فصلت نارِاستەوخۆ ئەوە دەدرکێنێ، کە ئەگەر ڕوونکردنەوەکان بە عەجەمی بوایە. ئەوە باوەڕدارانی عەرەب گلەییان دەکرد بۆ بەعەرەبی ڕوون نەکراونەتەوە تا لێی تێبگەن.

سورة فصلت ٤١: ٤٤

وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَانًا أَعۡجَمِيّٗا لَّقَالُواْ لَوۡلَا فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥٓۖ ءَأَعۡجَمِيّٞ (٤٤)

ئەگەر ئەم قورئانەمان بە عەجەمی بناردبایە، دەیانگوت ئایەتەکانی بە ڕوونی ڕوون نەکراونەتەوە.(٤٤)

[236] صحيح بخارى ١: ٣٨ – ٣٩، صحيح مسلم ١: ٧٨ – ٧٩، أغانى للأصفهانى ١: ١١٤، ابن كثير سيرة النبوية ١: ٣٨٦، الحريرى أبو موسى، قس و نبى ٩٥

لە ئایەتێکی تردا، بە ڕوونی باسی ئەو وەرگێڕانە دەکا، کە قەشە وەرەقە خەریکی بوو. و بووبووە سەرچاوەش بۆ ئاسانکاری لە بانگهێژەکەی محمد. و تێگەیشتنی عەرەب لە ناوەڕۆکی پەیامەکەی. کە ڕۆژانە دەیەویست بیگەیێنێ.

سورة الزخرف ٤٣: ٣

نَّا جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ (٣)

لەڕاستیدا، ئێمە قورئانمان کردۆتە عەرەبی بۆ ئەوەی لێی تێبگەن (٣)

هەروەها لە سورەتی (هود) دان بەوە دادەنێ، کە ئایەتەکان لەلایەن پسپۆرێک ڕوونکراونەتەوە. ئەو پسپۆرەش بێجگە لە قەشە وەرەقە ناتوانێ کەسێکیتر بێ.

سورة هود ١١: ١ -٢

الٓرۚ، كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ (١) أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۚ إِنَّنِي لَكُم مِّنۡهُ نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ (٢)

الر، پەرتووکێکە ئایەتەکانی بە پتەوی دارێژراون. دواتر لەلایەن کارزانی کرامە ڕوونکراونەتەوە (١) بێجگە لە خودا هیچی تر مەپەرستن. منیش بۆتان ئاگادارکەرەوە و موژدە دەرم (٢) [237]

لە قورئاندا بە ڕاشکاوی دەڵێ: محمد هیچی لەسەر نییە. تەنیا ئەرک و ئاسانکاری، لە پەیامی پێشتر کە بۆی مانەتەوە بڵاو دەکاتەوە.[238]

---

[237] آ.ل.ر : کورتکراوەی (إمر لي ربو) ئارامیە. واتە پەروەردگار فەرمانی پێداوم

[238] الحريري أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام قس. ص ١١٩

دووەم

خاڵێکیتر، کە دەبێ ڕەچاوبکرێ. و تەواوکەری خاڵی یەکەمە، لە سەرتاسەری قورئانی مەککە، بێجگە لە سورەتی الأعراف ئایەتی ١٥٧ و ١٥٨ لە هیچ ئایەتێکیتر، لەو قۆناخەدا (قۆناخی مەککە) محمد بە نەبی ناو نابا. بەڵکو بە موژدەدەر (مبشر) و ئامۆژگاریکەر ناوی دەبا.

کاتێ لە سەرتاسەری قورئانی مەککە، محمد بە نەبێ ناو نابا. بەڵکوو وەک موژدەدەرێک دەیناسێنێ. بۆمان دەسەلمێنێ. محمد تەنیا موژدەدەرێکی دینی نەسارِی بووە. هیچکام لە قەشە وەرەقە و محمد بیریان لە نەبییەتی نەکردۆتەوە. بەڵکوو بەپێی ڕێنمایی پەیمانی کۆن. قەشە وەرەقە دەیەویست محمد پەروەردە بکا، تا لە دوای مردنی خۆی، ببێتە جێنیشینی، بۆ سەرپەرشتی، یەهودیە نەسارییەکانی ناوچەکانی حیجاز. بۆ ئەوەی دوا مەرگی قەشە وەرەقە کاروباری ڕەوتی یەهودیە نەسارِیەکان هەر بەردەوام بێ. [239]

نموونەیەکیتر، کە ئەو شتە پشتڕاست دەکاتەوە. نووسراوێکی بچووک، کە بریتیە لە تەنیا هەشت دێر. ئەو دەقە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی هەشتەمی س.ب بەڵگەنامەیەکە، چەند ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە مێژوو و ناوی کەسانی، بەشدار لە شەڕی بەدری تێدایە. بە شێوەیەکی ڕوومآڵ سەبارەت بەو سەرکەوتنەی، یاوەرانی محمد بەسەر مەککیەکاندا.

لەناو ئەو دەقە ناوی محمد دوو جار هاتووە، بەڵام بەبێ نازناوی نەبی یا پەیامبەر، یان پێدا هەڵگوتنی وەک (صلی الله علیه و سلم) یان شتێکی لەو شێوەیە. [240]

---

[239] الحربري أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبى، بحث فى نشأة الإسلام قس. ص ٨٧

[240] A. Grohmann (1963) Arabia pappyri from Hirbet, el. Mird. Louvain-Leuven. Bibliothéque du Muséon. Vol. 52. 1963

دەقێکی تر لەسەرکاغەزی بەرەدی. بەڵام ئەوەیان درێژترە. و گێڕانەوەیەکە لە نزیکەی ٢٠ لاپەڕەدا. باسی قۆناغی سەرەتای محمد لە مەدینە دەکا. لەوەدا چیرۆکی گفتوگۆی لەگەڵ خەڵکی مەدینە دەخوێنییتەوە. ئەوەش وەک خۆ ئامادەکردن و مانەوەی لەوێ.[241]

تەنانەت لە قوناغی مەدینەش، تا ماوەیەکی زۆر، کاریگەری و ڕۆڵی دیار و بەرچاوی قەشە و ڕەبەنەکانی نەساری، لەسەر محمد هێشتا هەرماوە. و بە ڕوونی بەدیدەکرێ. ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەو هەوڵە زۆرەی بۆ پەروەردەکردنی دراوە. لە ئایەتی قورئانی مەدینە ئاماژەی پێکراوە. کە چەند کەسانی دڵسۆز و نەرم و بێفێزن.

القرآن الكريم – سورة المائدة ٥: ٨٢

لَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ (٨٢)

دەبینی نزیکترین لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە. ئەوانەن کە دەڵێن: ئێمە نەسارین. ئەوەش لەبەر ئەوەی هەندێکیان قەشەن و هەندێکیشیان ڕەبەنی (ڕهبان) دیندارن بێگومان ئەوانە لەڕاستی ڕەواییدا خۆ بە زلزان نین(٨٢)

هەرچەندە سورەتی المائدة سوورەتێکی مەدینەیە، بەوەش بۆمان دەسەلمێنێ، تا قۆناخی کۆتایی مەدینە، و دوای کۆچی نەساریەکان و قورەیشیە هاوپەیمانەکانی. شتێک بە ناوی دینێکی نوێ بوونی نەبووە. دوای کۆچ و بوونی ئەو هەموو شەڕکەرە لە مەدینە محمد و قورەیشیەکانی تری یاوەری، بە خەیاڵی دینێکی نوێ داهاتن، کە ڕەنگدانەوەی ژیان و

[241] De Prèmare, Alfred-louis (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 18

هەڵومەرجەکانی بیابانی دوورگەی عەرەبی بێ. بەڵام هێشتا نووسەری قورئان، لە ژێر کاریگەری نەسارِیەکان دابوو. و ئەوانی بە دلسۆز و پشت و پەنا دەزانێ. و بۆ هەر کارێکی دین، ڕاڤەی کارە ئاڵۆزەکان، ڕوو لەوان دەکرد.

دوا بەڵگەی زۆر گرنگ سەبارەت بە محمد و دینی نەسارِی. هەرچەندە پێشتر سەبارەت بە مەککە شارێکی پیرۆز نییە، ئامژە بەو نموونەیەکراوە. بەڵام لەبەر گرنگی لێرە، جارێکی دیکە دادەنرێتەوە.

ئەو ڕۆژەی مەککە لەلایەن لەشکری دەوڵەتی ئیسلام داگیرکرا. ئەو کاتەی محمد گەیشتە مەککە، یەکسەر چووە ناو بەیت. و فەزلی کوری عەباسی کوری عبدالمطلبی نارد، کە هەندێک ئاوی زەمزەم بێنێ. دوایی فەرمانی دا قوماشێک تەڕکەن و ئەو وێنانەی لەسەر بەرد و دیوارەکانی ناوەوەی کەعبە دروستکرابوون، پێ ڕەشکەنەوە. هەر لەو کاتە، دەستی لەسەر دوو وێنە دانان، و گوتی بێجگە لەوانەی لە ژێردەستم دان، ئەوانیتر هەمووی ڕەشکەنەوە. کە دەستی بەزکردەوە وێنەی یەسو (عیسا) و مریەمی دایکی بوون. [242]

ئەو ڕووداوە دەیسەلمێنێ، تا ڕۆژی داگیرکردنی مەککە، محمد و یاوەرانی هەر لەسەر دینی نەسارِی بووین. و دوای ئەوە، هەنگاو بۆ دروستبوونی دینی ئیسلام هاویشتراوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین دینی ئیسلام وەک ناوێک بووە، بۆ دەوڵەتە نوێکەی مەدینە. ئەوەش هەنگاوێک بووە، لە لاساییکردنەوەی دەوڵەتی ڕۆم لە هەنگاونان بۆ دانانی دینی کریستیانی بە دینی دەوڵەت.

---

[242] الحريري أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبى، بحث فى نشأة الإسلام، ص ١٩

توندوتیژی لە قورئاندا

توندوتیژی لە قورئاندا، شتێک نییە شاراوەبێ. کەچی موسوڵمانان شانازی بەوە دەکەن، کە قورئان و نووسەرەکەی وەک بەرگریەک ئەو ئایەتانەی هێناون. بێئاگا لەوەی هیچ لەو ئایەتانە باسی بەرگری ناکا، بەڵکوو باسی هێرشبردن، و کوشتن و تاڵان دەکەن.

سورة التوبة ٩: ٤١

ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (٤١)

سوکبار و گرانبار برۆن و بە سامانەکانتان و گیانتان جیهاد بکەن لە پێناو خودا، ئەوەیان چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن(٤١).

ئەو ئایەتە، بەگشتی جاردانە، بۆ خۆ ئامادەکردنی محمد، بۆ شەڕی تەبوک، بۆ شەڕی دوژمنانی خودا، ڕۆمەکان، هەرچەندە باوەڕیان بە خودا و یەسوی کوڕی مریەم هەبوو. بەڵام دیارە ئەوەندە بۆ محمد بەس نەبووە. ئەو جارِدانە هەوڵێکی گشتگیریە، بۆ ڕەکێشکردنی گشت باوەڕدارانی موسوڵمان، کە دەبوایە ئامادەبن بۆ چوونە شەڕ.[243] بەڵام دوای نارەزایی و دوودڵی، لەلایەن عەرەبەکانی دەشتەکی هات. محمد یەکەمجار گوتی: داوای بووردن لە شتێک دەکەن کە مافتان نییە.[244]

---

[243] هەمان سەرچاوە ص ٢٠٦ - ٢٠٧

[244] السيوطي، الدر المنثور في التفسير المأثور، الجزء الرابع، ص ٢٦١

بە پێی ابن کثیر ئەو ئایەتە بانگەوازە، بۆ جارِدانی گشتگیری موسوڵمانان. بۆ هێرشکردنە سەر تەبوک، تا شەڕی دوژمنانی خودا و پەیامبەرەکەی بکەن[245].

چەندین ئایەتیتر لە سورەی التوبة هەن، کە سنووری توندوتیژی دەبەزێنن، و داوای جیهاد بۆ داگیرکاری دەکەن، بە ئایەتی السیف ناو دەبرێن. کە هیچ پەیوەندیان بە بەرگریەوە نییە، بەڵکوو مەبەستی سەرەکی داگیرکردن و کوشتن و تاڵان سەبایا بووە.

ڕاڤەکارانی موسوڵمان، وەک بیانۆیەک بۆ بەرگری لەو ئایەتانە، دەڵێن لێکدانەوەی دەقی ئەو ئایەتانە، دوای شکاندنی ڕێکەوتی حودەیبیە. لەلایەن هۆزی بنی بکر کە هێرشیان کردە سەر هۆزی خەزاعەی هاوپەیمانی موسوڵمانان. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بەلارێدابرنە. محمد بە تەتەرێکدا نامەیەکی بۆ قورەیش نارد. تیایدا داوای لێکردن، یان کۆتایی بە هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزی بەکر بێنن، یان دەبێ فدیە بدەن. قورەیش هەر دوو داواکەی محمدی ڕەتکردەوە. بەوەش پەیمانەکە هەڵوەشایەوە.

کێشەی سەرەکی لەوەدایە، کاتی محمد نامەیەکی بەو شێوەیە دەنووسێ، کە قورەیش تەنیا دوو ڕێگای لەبەر دەستدایە. یان واز لە بنی بکر بێنن یان فدیە بدەن. ئەو جۆرە هێرشانە لە دوورگەی عەرەبی بەدرێژایی مێژوو هەبووین. و ئەوەش ڕووداوێکی نوێ نەبووە. دووەم لە هیچ شوێنێک باسی ئەوە ناکا، ئەو هێرشەی بنی بکر لەسەر چی بووە. ئەوە لە گشت کولتوورێک شەڕفرۆشتنە. محمد کە هێزی پەیداکرد، بە دوای بیانویەک دادەگەڕا، تا شەڕ دژی قورەیش بەرپابکا. ئەوەش باشترین دەرفەت بوو، ئەگینا محمد دەیتوانی نامەیەکی هەوڵی ئاشتەوایی بنووسێ. وەک بنەڕەتێک بۆ ڕاگرتنی ئارامی ئەو ناوچەیە. و لە جیاتی ئەو هەڕەشە توندە، بینووسیایە، با هەوڵدەین ئارامی بنوێنین. و هۆزی خەزاعە و بنی بەکر ئاشت کەینەوە.

---

[245] ابن کثیر، تفسیر القرآن العظیم. المجلد السابع، ص ٢٠٦ - ٢٠٧

ئایەتی سیف مەبەست ئایەتی پێنجەمی سورەتی التوبەیە. کە موسوڵمانان هان دەدا بۆ کوشتنی بێدینان. هەرچەندە لە ئایەتەکە باسی السیف ناکا، بەڵام لەناو ڕەڤەکارانی موسوڵمان و ڕۆژهەڵاتناسان بەو ناوە ناسراوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو ئایەتە موسوڵمانان بۆ کوشتار هاندەدا. بەڵام ابن کثیر پێی وایە ئایەتەکانی السیف زیاترن. کە ئەمانەن:

سورة التوبة ٩: ٥

فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ وَخُذُوهُمۡ وَٱحۡصُرُوهُمۡ وَٱقۡعُدُواْ لَهُمۡ كُلَّ مَرۡصَدٖۚ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (٥)

هەرکە مانگە حەرامەکان بەسەرچوون، ئەوا بێدینانتان، لە هەرکوێ دەستکەوت، بیانکوژن. بیانگرن و گەمارۆیان دەن. بۆسەیان بۆ دانێنەوە. ئەگەڕ پەشیمان بوونەوە. و نوێژیان کرد و زەکاتیان دا. وازیان لێبێنن. خودا لە گوناه خۆشدەبێ و میهرەبانە (٥)

القرطبي دەڵێ قورئان دوو مەرجی بۆ بێدینان دانان. نوێژبکەن و زەکات بدەن. ئەوەش لە بنەڕەتدا تۆبەکردن و بوونە موسوڵمان بوو. نووسەری قورئان تەنیا ئەو کەسەی پەسەند دەکرد، کە خودا و محمد بپەرستن. نەک خودا بەتەنیا، دەبوایە محمد یش لەگەڵدابێ و هیچیتر.[246]

لەو ئایەتەدا بە پێی ابن کثیر موسوڵمانان سەرپشک دەکا، بیانگرن یان بیانکوژن. تەنانەت دەڵێ گوێ بە ویژدانتان مەدەن. بەڵکوو لە کۆشک و ماڵەکانی خۆیان گەمارۆیان دەن. ڕێگای

[246] القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء الثامن، ص ٧١

دەرچوونیشیان مەدەن.[247] تاکە دەرفەت بۆیان ئەوەیە پەشیمان ببنەوە، و نوێژبکەن و زەکات بدەن. واتە باوەڕی خۆیان بەجێبێڵن و سەر لەنوێ ملکەچی دینێکی ترین، کە نازانن چیە، لەبەرچی.[248]

سورة التوبة ٩: ٢٨

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَاۚ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ عَيۡلَةٗ فَسَوۡفَ يُغۡنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦٓ إِن شَآءَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٞ (٢٨)

ئەی گەلێ باوەڕداران، بێدینەکان گڵاون. لەدوای ئەم ساڵ نەکەن خۆیان لە مسجد الحرام نزیک بکەنەوە. ئەگەر لە هەژاریش ترسان. ئەوە گەر خودا حەزبکا، لە چاکەی خۆی دەتانداتێ. خودا زانا و دانایە (٢٨)

محمد دەیەویست هەموو ڕێگایەک لە بێدینان بگرێ. ئەو ڕێگاگرتنەی خاوەن پەرتووکەکانیشی دەگرتەوە. تا ئەو کاتەی، دینەکەی ئەو پەسەند دەکەن. جارێکیان محمد خۆی تووشی حذیفە دەبێ، و دەستیگرت، لێنەگەڕێ بێتە ناو مسجد الحرام. حذیفە گوتی:

ئەی پەیامبەری خودا، من باوەڕدارم و گڵاونیم.[249]

هەرکەسێک هاتبایە ناو مزگەوت دەبوایە، پێشوەخت خۆی پاککاتەوە. (واتە خۆی بشوا، و شەهادەت بێنێ) تا لە بێدینی دابڕێ. هەنێکیتر دەڵێن ووشەی گڵاو مەبەستی

---

[247] ابن كثير، تفسير القرآن العظيم المجلد السابع، ص ١٤٨

[248] السيوطي، الدر المنثور في التفسير المأثور، الجزء الرابع، ص ١٣٢

[249] الطبرى (٢٠٠١) جامع البيان عن تأويل القرآن. المجلد الحادي عشر، ص ٣٩٧

لەیەکچواندنی بێدینەکانە لەگەڵ بەراز و سەگ. تابگرە ئەو دەربڕینەی نووسەری قورئان جولەکە و نەسارِیەکانیش دەگرێتەوە.[250]

سورة التوبة ٩: ٢٩

قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ (٢٩)

شەڕی ئەوانە بکەن کە نە باوەڕیان بە خودا و نە ڕۆژی دوایی هەیە، و ئەوە حەرام ناکەن کە خودا و پەیامبەرەکەی حەرامیان کردووە، وە پیادەی دینی ڕەوا ناکەن. لەوانەی پەرتووکیان بۆ هاتووە، تاوەکو بە دەستێك سەرانە دەدەن و ڕیسوا و سووك و بچووکن (٢٩)

بەپێی لێکدانەوەی ابن کثیر ئەو ئایەتە، مەبەستی ئەو کەسانەیە کە نکۆڵیان لە محمد دەکرد. نەک تەنیا بێدین، تابگرە ئەگەر خاوەن پەرتووکیش بان، تەنیا باوەڕ نەبوونیان بە محمد، مانای وابوو، باوەڕیان بە هیچ نەبیەک نەماوە. بۆیە وا دادەنرێ، ئەو ئایەتە بە پلەی یەکەم شەڕکردنە دژی یەهودی و یەهودی نەسارِی و سابئی و زەردەشتی کە خاوەنی پەرتووکی خۆیان بوون. و محمدیان بە پەیامبەر و نێردەی خودا نەدەزانی. ئەو ئایەتە دوای بەهێزبوونی لەشکری ئیسلام و هاتنی هۆزە عەرەبەکان لە دوورەگە، بۆ ناو ئیسلام هات. لەو کاتەوە بڕیاردرا دژی ئەو گرووپانەی خاوەن پەرتووکیشن شەڕبکەن.

لەلایەکیتر خۆ ئامادەکردن بوو بۆ هێرشکردنە سەر تەبوک لە ساڵی ٩ ک/ ٦٣٠ س.ب.[251]

---

[250] هەمان سەرچاوە ص ٣٩٨

[251] ابن كثير، تفسير القرآن العظيم، المجلد السابع، ص ١٧٥

ابن كثير ئاماژە بەوە دەكا كە چوار ئایەت بە ناوی السیف ناسراون. ئەوەش چوار جۆر خەڵک هەبوون کە فەرمان بە موسوڵمانان کراوە شەڕیان لەگەڵ بکەن :ئایەتی 29 ی سورەتی التوبة ئاماژە بە شەڕی یەهودی و کریستیان دەکا، تاکو سەرانە بدەن.

سورة التوبة ٩: ٣٦

إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثۡنَا عَشَرَ شَهۡرٗا فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ يَوۡمَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ مِنۡهَآ أَرۡبَعَةٌ حُرُمٞۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُۚ فَلَا تَظۡلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمۡۚ وَقَٰتِلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ كَآفَّةٗ كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ كَآفَّةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ (٣٦)

ژمارەی مانگەکان لای خودا دوانزە مانگە لە پەرتووکی خودا، هەر لەو ڕۆژەوەی ئاسمان و زەوی ئەفراندووە، تیایاندا چواریان حەرامن، ئەوەیە دینی ڕاست ، جا نەکەن تیایاندا ستەم لە خۆتان بکەن، وە بەتێکڕا شەڕی خودانەناسەکان بکەن، هەروەك چۆن ئەوان بەتێکڕا شەڕتان دەکەن، وە بزانن کە خودا لەگەڵ خوداپەرستان دایە (٣٦)

القرطبی مەبەستی، بۆ لێکدانەوەی (بەتێکڕا شەڕی خودانەناسەکان بکەن) دەڵێ واتە هەموو بێدینان بکوژن.[252] لێرەدا هیچ بیانۆیەک بۆ بەرگری نامێنێ، و تەنیا قڕکردنی هەرکەسێکە باوەڕی بە پەیامبەربوونی محمد نەبێ. ئەگینا خەڵکی تەبوک و لەشکری ڕۆم کریستیان بوون و باوەڕیان بە یەکتابوونی خودا هەبوو.

هەر لەسەر ئەو باسە دەبێ شتیکیتریش لەسەر شێوەی، جارڕدانەکەی محمد باسکەین. چۆن پیاوانی موسوڵمانی عەرەبی بە ژن و سێکس بۆ داگیرکاری ڕادەکێشان. بەسەرهاتەکە دەڵێ: محمد خۆی بۆ هێرشی تەبووک ئامادە دەکرد، لەو کاتە جد بن قیس بانگ دەکا، و

[252] القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء الثامن، ص ١٢٥

پێی دەڵێ: ئەی جد بۆ کچی لەوەندی بونی ئەسفەر[253] چی دەڵێی؟

جد گوتی: گشت خزم و کەسم دەزانن، من بۆ ژنان لاوازم. لەوە دەترسم بونی ئەسەفەر ببینم، نەتوانم خۆم بگرم. و تووشی گوناهم مەکە. مۆڵەتم بدە، من بە ماڵ و سامان ئامادەم. پەیامبەر گوتی: وا مۆڵەتم دای. دوای ئەوە ئەو ئایەتە هات.

سورة التوبة ٩: ٤٩

وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ ٱئْذَن لِّي وَلَا تَفْتِنِّيٓ ۚ أَلَا فِي ٱلْفِتْنَةِ سَقَطُوا۟ ۗ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ (٤٩)

هەیانە دەڵێ، مۆڵەتمان بدە، تووشی گوناهم مەکە. ئەی هەر ئێستا خۆیان تووشی گوناه نەبووین. ئەوانە خودانەناسن، دۆزەخ دەوریان لێدەدا (٤٩)

ئەوەش دیمەنێکە لە ڕووی ڕاستەقینەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام. کە پەیامبەر خۆی هانی موسوڵمانانی داوە. و بە کچی جوان و ژنی شۆخی ڕۆمی بۆ هێرشکردن، ڕەکێشی کردوون. لەلایەکیتر بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ، کە سێکس و پارە ئامانجی سەرەکی ئەو داگیرکاریە بووین. تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لەلایەک مەستکردنیان بە سێکس و تاڵان، لەلایەکیتر بە سزای دۆزەخ. هەر ئەوەش لە ئایەتی ٩٠ زیاتر ڕوون دەبێتەوە. کە چۆن نووسەری قورئان ئایەت دوای ئایەت، ئەوانە تاوانبار دەکا. کە بەشداری لە کوشتن و تاڵان سەبایا ناکەن. و ناوی دەنێن، تاکە دینی ڕەوا.

[253] سەبارەت بە کچانی ئەسمەری زەردباو دەڵێن: لە ناوچەیەک حەبەشیەکان و ڕۆمەم تێکەڵاویان بوو. لە سپی قژزەردی ڕۆم و ڕەشپێستی حەبەشی، ئەو کیژۆڵە ئەسمەری زەردباوانە بوون. سەرچاوە الكشف البيان المعروف بتفسير الثعلبي. الجزء الخامس، ص ٥٠ - ٥٢

هەروەها لە شوێنێکیتر دەڵێ، محمد گوتوویەتی: غەزا بکەن، بونی ئەسفەر بە تاڵان بێنن. جد بن قیس وەڵامی داوەتەوە: مۆڵەتمان بدە و لەگەڵ ژنان تووشی گوناهمان مەکە.[254]

الطبري ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەو ئایەتە لەسەر جد بن قیس هاتووە. و دەڵێ محمد گوتی تەبوک داگیرکەن و کجانی قژزەرد و ژنانی ڕۆم بە تاڵان بێنن. جد گوتی: مۆڵەتمان بدە، تووشی فتنەی ژنانمان مەکە.[255]

سورة التوبة ٩: ٩٠

وَجَآءَ ٱلۡمُعَذِّرُونَ مِنَ ٱلۡأَعۡرَابِ لِيُؤۡذَنَ لَهُمۡ وَقَعَدَ ٱلَّذِينَ كَذَبُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۚ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ (٩٠)

بیانووهێنەرەکان لە عەرەبە دەشتەکیەکان (الأعراب) هاتن بۆ ئەوەی مۆڵەتیان پێ بدرێ، و ئەوانەی نکۆڵیان لە خودا و پەیامبەرەکەی کرد و دانیشتن، ئەوە ئەوانەیان کە بێباوەڕ بوون سزایەکی ئازاربەخش تووشیان دەبێت.(٩٠)

بەڵام دوای ئەوەی کێشەی کەسانی بێهێز، نەخۆش و پیر و کەنەفتە زۆر بوو. و ترسی لەسەر کاریگەری خراپ بۆ هێرشەکە هەبوو. نووسەری قورئان وەک هەمیشەی، دوای بیرکردنەوە، و دەرکەوتنی هەڵەی، بایدایەوە. و بە ئایەتێکی دیکە ئەو کەسانەی بێهێز، و نەخۆشن، ئەوانە لە جاڕدانەکە وەدەرنێ، و ئەوەش وایکرد دوایی ئایەتی (سووکبار و گرانبار بڕۆن) نەسخ کرا و لەجیاتی ئەو ئایەتە، ئایەتی ژمارە ٩١ هات[256] کە دەڵێ:

---

[254] القرطبي، جامع لأحكام القرآن، تحقيق عبدالرزاق المهدي، الجزء الثامن، ص ١٤٣ – ١٤٤، السيوطي الدر المنثور في التفسير المأثور. الجزء الرابع ص ٢١٣

[255] الطبري، جامع البيان عن تأويل القرآن. تحقيق الدكتور عبدالله بن عبدالمحسن التركي. المجلد السابع، ص ٢١٤

[256] هەمان سەرچاوە ص ٢٠٩

سورة التوبة ٩: ٩١

لَّيۡسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ وَلَا عَلَى ٱلۡمَرۡضَىٰ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُواْ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦۚ مَا عَلَى ٱلۡمُحۡسِنِينَ مِن سَبِيلٖۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (٩١)

گلەییەک، لەسەر بێهێزەکان، و لەسەر نەخۆشەکان، و لەسەر ئەوانەی کە هیچیان نییە بۆ بەخشین. کاتێك دڵسۆزی خودا و پەیامبەرەکەی بن، هیچ سزایەك لەسەر چاکەخوازان نییە، وە خودا لێبووردە و دلۆڤانە. (٩١)

لە ئایەتی ١٢٣ نووسەری قورئان هەنگاوێک زیاتر دەڕوا. و موسوڵمانان هاندەدا. تا شەڕ و ئاژاوە دژی خودانەناسەکانی نزیکی خۆشیان بنێنەوە. و پیشانیان بدەن کە ناتوانن بە ئارامی بژین. بەڵکوو ئیسلام وەک هێزێکی پاوانخواز، دەرفەتی هیچ دینێکیتر و یان هێزێکیتر نادا، لە هەمان ناوچە یان ناوچەکانیتر بەشێوەیە ئاشتی و پێکەوەژیان بژین.

سورة التوبة ٩: ١٢٣

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ (١٢٣)

ئەی خەڵکی باوەڕدار، شەڕی ئەو خودانەناسانە بکەن، کە لە دەوروبەرتانن. و با زەبروزەنگ ببینن. و بزانن کە خودا لەگەڵ خوداپەرستانە (١٢٣)

مەبەستی سەرەکی ئەو ئایەتە، پاککردنەوەی دوورگەی عەرەبی بوو، لە خودانەناسەکان. کە هانی باوەڕدارانی موسوڵمان دەدا، لە هەرە نزیکەکانی خۆیانەوە دەست پێبکەن، شار بەشاری دوورگەیان لێ پاککەنەوە. لەو کاتەوە فەرمان بە کوشتاری خاوەن پەرتووکەکانیش درا. بە تایبەتی لەشکری ڕۆم لە باکووری دوورگەبوو.[257]

[257] الطبری، جامع البيان عن تأويل القرآن، تراث الإسلام. المجلد الحادي عشر، ص ٣٢٠

هیچ ڕێگای لە محمد نەدەگرت شەڕ دژی گەڵانی خاوەن پەرتووکیش بکا، بۆیە ئەو ئایەتە، خۆ ئامادەکردنە بۆ شەڕی لەشکری ڕۆم لە تەبوک و شێوەیەکی تۆقاندنی لە خۆوەگرتووە. ابن عمر لە پەیامبەری پرسی: مەبەستت لە دەوروبەرتان کێیە؟ گوتی ڕۆم. [258]

بێجگە لەو چوار ئایەتەی سورەتی التوبة لە سەرەوە، چەندین ئایەتیتر سەبارەت بە هاندانی موسوڵمانان بۆ کوشتنی بێدین و دینداراەکانی سەر بە دینەکانیتر هاتوون.

سورة محمد ٤٧: ٤

فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرۡبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثۡخَنتُمُوهُمۡ فَشُدُّواْ ٱلۡوَثَاقَ فَإِمَّا مَنَّۢا بَعۡدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلۡحَرۡبُ أَوۡزَارَهَاۚ ذَٰلِكَۖ وَلَوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنۡهُمۡ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَاْ بَعۡضَكُم بِبَعۡضٖۗ وَٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعۡمَٰلَهُمۡ (٤)

هەرکاتی تووشی ئەو خودانەناسانە بوون، لە ملیان دەن. کە خەڵتانی خوێنتان کردن، شەتەکیان دەن. ئەوسا هەر بە چاکە ئازادیان کەن، یا بارمتەیان لێبستێنن. هەتا شەڕ کۆتایی دێ. ئەگەر خودا بیویستایە، بۆخۆی بەسەریاندا زاڵ دەبوو. بەڵام شەڕ بۆ ئەوەیە هەندێکتان بە هەندێکتان تاقیبکاتەوە. ئەوانەی لەڕێی خودا کوژراون، کاریان بە فیڕۆ ناچێ(٤)

ئەو ئایەتە بۆ هێرشکردنی موسوڵمان بۆ سەر بێدین، هیچ مەرجێکی دانەناوە. و شێوەیەکی ڕەهای داوەتێ. کەواتە مەرج نییە، ملی بێدین تەنیا لە شەڕ بپەڕێنێ، بەڵکوو لە هەر بارێکدابێ، لە شەقام یان لە کاتی خەویشدا. خەڵتانی خوێنیان کەن. و کۆت و زنجیریان کەن.

[258] هەمان سەرچاوە ص ٣٢٤

ئەو ئایەتە شێوەیەکی توندی تۆقاندنە، سەرەڕای ئەوەی موسوڵمانان دەستکراوەن، لە ئازادکردن، یا دیل دەبێ خۆی بکڕێتەوە. لە هەر بارێکدا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سورەتی الأنفال ئایەتی ٦٧، ئەو ئایەتە ڕەچەشکێنبوو بۆ دیل کوشتن و بارمتەوەرگرتن. دواتر بووە یاسایەک بۆ شەڕ و داگیرکاریەکانیتر. و کاریگەری هەزار ساڵەی لەسەر دیل کوشتن و ئەتککردنی ژنان و بە سەبایاگرتنیان هەبووە.

سورة الأنفال ٨: ٦٧

مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ (٦٧)[259]

بۆ پەیامبەر نەبووە، دیلی هەبێ، تا زەوی خەڵتانی خوێن نەکا. ئێوە دەستکەوتی دونیاتان دەوێ، و خوداش هی ڕۆژی دوایی (٦٧)

نووسەری قورئان دوو ڕێگای داوەتە موسوڵمان. یان لە چاکەی خۆی ئازادی کا، یان دیلەکە بە پارە خۆی بکڕێتەوە. لەو دوو ڕێگایە بەدەر، لە ملدانیانە. هەروەک لە شەڕی بەدر وایان کرد. هەژارەکانی قورەیش پارەیان نەبوو، تا وەک دەوڵەمەندەکان خۆیان بکڕنەوە. لە ملیان درا. ئەوەش کولتوورێکی عەرەبی پێش ئیسلامە. نووسەری قورئان وەک خۆی، بەردەوامی پێداوە. و هێناویەتیە ناو یاسای ئیسلام.

سورة التوبة ٩: ٧٣

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡۚ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ (٧٣)

[259] بە پێی سەرچاوە ئیسلامیەکان، دەبێ ئەو ئایەتە بە پێشنیازی عومەر کوڕی خەتاب هاتبێ.

ئەی پەیامبەر، دژی خودانەناسان و ئەوانەی دووڕوویی دەکەن جیهاد بکە. بە توندوتیژی ڕەفتاریان لەگەڵ بکە. ئەوان جێگایان دۆزەخە، و چارەنووسی دژواریان هەیە (٧٣)

ئەوانە سوێند بە خودا دەخۆن، کە کفریان نەکردووە، کەچی بەردەوامیش کفر دەکەن. دوای ئیسلامبوونیان، دەگەڕێنەوە سەر بێدینی جارانیان. نیازی شتێکیان هەبوو. بەڵام دەرفەتیان وەرنەگرت ئەنجامی بدەن.

محمد لەکاتی خۆ ئامادەکردن بۆ داگیرکاری تەبوک، بەڵێنی بە موسوڵمانان دەدا دوای سەرکەوتن و بەزاندنی لەشکری ڕۆم، کچانی قژکاڵی ڕۆم بەدەست دێنن. کەچی خۆی و سوپاکەی شکەستی هێنا. و بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە.

دوای ئەو شکەستە زۆر لە موسوڵمانان گومان، لە پەیامبەرایەتی محمد دەکەن. هەندێک سووکایەتی پێدەکەن و هەندێکیتر جنێوی بە ئاشکرا پێدەدەن. هەندێکیش تەنیا گاڵتە بەخۆی و قورئان دەکەن. تابگرە دەستەیەک هەوڵی تێڕۆڕکردنی دەدەن.

سورة الأنفال ٨: ٣٩

وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ (٣٩)

شەڕیان لەگەڵ بکەن، هەتا ئاژاوە نامێنێ. و دینی گشتی خودا دەبێ. سا ئەگەر تەمێ بوون، ئەوا خودا خۆی چاودێرە و دیبینێ (٣٩)

القرطبي دەڵێ، لەو ئایەتەدا پەیامبەری ئیسلام دەیەوێ دەستپێشخەری شەڕ دژی بوتپەرستان بکا، تا نەبنە هۆی ئاژاوەگێڕان، بۆ دینەکەی[260]. کەچی طبرێ مەبەستی ئەو ئایەتە دەگێڕێتەوە بۆ بنبڕکردنی بوتپەرستان. و تەنیا مانەوەی یەک دین و تاکە خوداکەی[261]. ئەگەر کۆتاییان پێ هێنان واتە کۆتایی هێنانە بە بێدینی، لەبەر ئەوەی لە ڕوانگەی محمد ناکرێ دینێکیتر هەبێ. مرۆڤ بتوانن بەراوردبکەن. ئەوەش بەڵگەیە بۆ نالێبووردەیی دینی محمد و خوداکەی.

سورة الأنفال ٨: ٦٥

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَى ٱلۡقِتَالِۚ إِن يَكُن مِّنكُمۡ عِشۡرُونَ صَٰبِرُونَ يَغۡلِبُواْ مِاْئَتَيۡنِۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّاْئَةٞ يَغۡلِبُوٓاْ أَلۡفٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ (٦٥)

ئەی پەیامبەری خودا، بۆ شەڕ هانی باوەڕداران بدە. ئەگەر ئێوە بیست کەس بن و خۆڕاگربن، تواناتان بەسەر دووسەد کەس دا دەشکێنێ. گەر سەد کەستان خۆڕاگربن، بە پشتیوانی خودا دوو هەزارکەس، لەوان ڕادەنێن. چونکە ئەوان خەڵکێکن تێناگەن (٦٥)

لەشەڕدا یەک موسوڵمانی خۆڕاگر، دەتوانێ بەرامبەر دە بێدین و ناموسوڵمان شەڕبکا و بەسەریاندا زاڵبێ. [262] لە ڕاستیدا ئەو ئایەتە ناکۆکە، لەبەر ئەوەی بە سیرێکی ئایەتی دواتر دەردەکەوێ، کە نەسخ بووە. ئەوەش نیشانەیەکە بۆ ئەوەی موسوڵمانان گاڵتەیان بە محمد کردبێ، و گوتبێتیان چۆن یەک شەڕکەری موسوڵمان بە شمشێر بەرامبەر ڕم و نێزەی دە بێدین ببێتەوە. لە کاتێکدا خۆت دان بەوەدادەنێی کە لە شەڕی بەدر هەزار فریشتە بۆ

[260] السيوطي، الدر المنثور في التفسير المأثور، الجزء التاسع ص ٦٤
[261] الطبري، الجامع البيان لتأويل القرآن الجزء التاسع ص ١٠٢
[262] السيوطي، الدر المنثور في تفسير المأثور، الجزء التاسع ص ١٠٢

پشتیوانی موسوڵمانان دابەزین. کۆتایی شەڕ ئێمە و فریشتەکان بەگشتی ٧٠ بێدینمان کوشتبێ.

سورة الأنفال ٨: ٦٦

ٱلْـَٔـٰنَ خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًاۚ (٦٦)

ئێستا خودا، لەسەرتانی سووککرد. و بێهێزتان تێدایە (٦٦)

بە ڕەچاوکردنی جیاوازی ئەو دووئایەتە یەک لە دوای یەکەی ناو قورئان. ناکۆکیەکی ئاشکرا هەیە. موسوڵمان بەهێزن یان بێهێزن. نووسەری قورئان ناتوانێ بڕیاربدا. ئەوەی دەبینین نەک تەنیا موسوڵمان بێهێزن، بەلکوو قورئانیش بێهێزی تێدایە.[263]

سورة البقرة ٢: ٢١٦

كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُواْ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ (٢١٦)

شەرکردنتان لەسەر نووسراوە، هەرچەندە خۆشتان لێی نایە. ڕەنگە لە شتی حەز نەکەن، بەڵام بۆتان بەچاکە وەرگەڕێ. ڕەنگیشە ئاوات بۆ شتێ بخوازن، کە ئاکامەکەی باش نەبێ. خودا دەزانێ، ئێوە سەری لێدەرناکەن (٢١٦)

لەو ئایەتەدا کوشتارکردن، وەک ئەرکێکی بنەڕەتی ئیسلام بۆ پیاوان دەسەپێنێ. وەک نوێژ و ڕۆژوو، زەکات و حەج. کە دەڵێ کوشتارتان لەسەرنووسراوە، واتە ئەرکێکی سەپێندراوە. جا بەڵیان بێ یان نا دەبێ پێی هەڵسن. ئەوەش لە سورەتی النساء ئایەتی ٧٧ بە ڕوونی پشتڕاستی دەکاتەوە. کە هەندێک لە یاوەرانی محمد ئارەزوویان لە کوشتار نەبووە.

---

[263] هەمان سەرچاوە ص ١٠٤

سورة النساء ٤: ٧٧

فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقِتَالُ إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُمۡ يَخۡشَوۡنَ ٱلنَّاسَ كَخَشۡيَةِ ٱللَّهِ أَوۡ أَشَدَّ خَشۡيَةٗۚ وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبۡتَ عَلَيۡنَا ٱلۡقِتَالَ (٧٧)

کاتی کوشتاریان لەسەر نووسرا، ئەوکات دەستەیەکیان ، لە خەڵک دەترسن.

وەک ترسانیان لە خوداکەمان، بۆچی کوشتارت لەسەرمان نووسیووە (٧٧)

لێرەدا بە ڕاشکاوی قورئان دان بەوە دادەنێ، کە یاوەرانی محمد نەیانویستووە، هاوهۆز و ناسیاوی خۆیان بکوژن، تا بگرە ناڕەزاییشیان دەربڕیووە. بۆیە محمد بە ناوی خودا، ناچارێ شەڕێکیکردوون کە هیوان نەبووە. چونکە دەیزانی تاکە ڕێگایە بەناوی خودا و دینەوە دەتوانێ ڕەکێشی خوێنڕێژیان بکا. و مرۆڤەکانی کۆمەڵگە بکاتە دوژمنی یەکتری و تاکە پەناشیان بۆ ئەوە ئیسلامێ، کە بە خۆسی یان ناخۆشی لە سێبەری کۆببنەوە.

السيوطي دەنووسێ: لە سەردەمی قوناخی مەککە پەیامبەر داوای لە باوەڕداران دەکرد یەکتری بگرن. بەڵام دوای کۆچی بۆ مەدینە ئایەتی کوشتاریان لەسەر نووسرا. بەو مانایەش کۆشتار دەبێتە ئەرکێکی سەپاو بۆ سەر باوەڕدار، تەنانەت دژی برای خوێنی خۆشی. [264] وەک طبري دەڵێ لەسەرتان نووسراوە. و دەبێ بەناچاری بیکەن.[265]

سورة البقرة ٢: ١٩١

وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ ثَقِفۡتُمُوهُمۡ وَأَخۡرِجُوهُم مِّنۡ حَيۡثُ أَخۡرَجُوكُمۡۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۚ وَلَا تُقَٰتِلُوهُمۡ عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِيهِۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ (١٩١)

---

[264] السيوطي الدر المنثور في تفسير المأثور، الجزء الأول ص ٥٨٦

[265] الطبري جامع البيان لتأويل القرآن، الجزء الخامس، ص ٦٤٣

له هەر شوێنێ تووشیان بوون، بینکوژن، لەو شوێنەشیان دەرکەن، کە ئێوەیان لێ دەرکرد. ئاژاوە زۆر لە کوشتن دژوارترە. نابێ لە دەوروبەری مسجدالحرام شەڕیان لەگەڵ بکەن. مەگەر ئەوان لەوێ شەڕتان پێ بفرۆشن، ئەگەر لەوێش شەڕیان هەڵگیرساند، لە کوشتنیان دەست مەپارێزن، پاداشتی خودانەناسان هەر ئەوەیە (١٩١)

القرطبي سەبارەت بەو ئایەتە دەڵێ: ئەو ئایەتە سەبارەت بە عمر بن الحضرمي هاتووە. ئەوکاتەی واقید بن عبدالله التميمي، لە دواڕۆژی مانگی ڕەجەب کوشتی. لەو کاتەدا محمد دەستەیەکی چەکداری بەسەرکردایەتی عبدالله بن جحش نارد.[266] هەندێک لە ڕاڤەکاران دەڵێن ئەو ئایەتە بە ئایەتی ٥ سورەتی التوبة نسخکراوە.

القرطبي درێژەی پێدەدا، و دەڵێ کاتی گیرانی مەککە، بە پەیامبەریان گوت:إبن أخطل خۆی بە پەردەی کەعبە هەڵواسیووە. گوتی: بیکوژن.

دوای ئەوە پەیامبەر خالید کوڕی وەلیدی لە ڕۆژی گرتنی مەککە نارد. و پێیگوت: بە شمشێر درونەیان کە. تا لەسەر سەفا پێم دەگەی. ئەوە بوو خالد ئەوەندەی کوشتبوون، عەباس هات و بە پەیامبەری گوت: ئەی پەیامبەری خودا: قورەیش نەما. دوای ئەمڕۆ قورەیش کۆتاییدێ. هەڵبەتە مەبەستی ئەوەبوو، کە خالد ئەوەندەی کوشتوون.

سورة البقرة ٢: ١٩٣

وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَلَا عُدۡوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ (١٩٣)

---

[266] السيوطي، الدر المنثور في تفسير المأثور، الجزء الأول ص ٤٩٤ – ٤٩٥،
القرطبي، جامع لأحكام القرآن الجزء الثاني ص ٣٤٨

لە شەڕکردنیان مەوەستن، تا ئاژاوە لە جیهاندا بنبڕ دەبێ. و تەنیا دینی خودا دەبێ. سا ئەگەر ئەوان دەستبەرداربوون، ئەوا دەستدرێژی نامێنێ، تەنیا دژی ستەمکاران نەبێ (١٩٣)

ئەو ئایەتە دووشت ڕوون دەکاتەوە. یەکەمیان لە ڕوانگەی قورئان خودانەناس و یان دینەکانیتر. ئاژاوەن. بۆیە وەک پێشگیری لێیان دەبێ بنبڕبکرێن. بەوەش لە فیتنە و ئاژاوەی بێدینان ڕزگاریان دەبێ. دووەم ئەگەر وازیان لە ئاژاوەهێنا.، واتە دەستبەرداری بێدینی خۆیان دەبن، و ئیسلام وەک تاکە دین پەسەند دەکەن. ئەوە پارێزراون نابێ دەستدرێژیان بکرێتە سەر. تەنیا ئەوانە نەبێ کە هێشتا هەر لەسەر بێدینی خۆیان ماون.[267]

بە لێکدانەوەی ئەو دوو خاڵە، دەردەکەوێ کە ئیسلام هیچ باوەڕێکی تری پەسند نییە. باوەڕیشی بە ئاستی و پێکەوە ژیان هەر لە سەرەتاوە نوبووە، بۆ دەرفەتی ئەو ناداتە بیروباوەڕی جیاواز، و شەڕفرۆشتنێکی بەبێ هۆیان بەسەردا دەسەپێنێ. تا بێدینان بەوە ڕانەگەن هاوەڵ بۆ خودا پەیدابکەن. ئەوەش بوتپەرستان، بێدینان و هتد.. دەگرێتەوە. بێچگە لە محمد و خوداکەی.[268]

سورة الأحزاب ٣٣: ٢٦ – ٢٧

وَأَنزَلَ ٱلَّذِينَ ظَـٰهَرُوهُم مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَـٰبِ مِن صَيَاصِيهِمۡ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعۡبَ فَرِيقًا تَقۡتُلُونَ وَتَأۡسِرُونَ فَرِيقًا (٢٦) وَأَوۡرَثَكُمۡ أَرۡضَهُمۡ وَدِيَـٰرَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُمۡ وَأَرۡضًا لَّمۡ تَطَـُٔوهَاۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرًا (٢٧)

ئەی أهل الكتاب، ئەوانەی پشتیوانی ئەوانیان کرد، لە قەڵاکانیان هێنانە خوار. و تۆقاندنیان خستە دڵیان . و دەستەیەکیان، بەدەستی ئێوە لێ

[267] هەمان سەرچاوە، الجزء الأول ص ٤٩٥

[268] الطبري، جامع البيان عن تأويل القرآن. الجزء الثالث ص ٢٩٩

کوژران. دەستەیەکیشیان بەدیل گرتن (٢٦) زەوی خانوو و سامانیان، و ئەو خاکەی کە پێتان پێدا نەنابوو، خودا گشتی بە میرات بە ئێوە بەخشی. خودا توانای بەسەر هەموو شت دا هەیە (٢٧)

ئەو دوو ئایەتە بەپێی زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئان مەبەستی بني قریضة بووە. کە چۆن لە قەڵاکانیان داینبەزاندوون. جا کردنیان بە دوو بەش. بەشێکیان، بەدەستی[269] موسوڵمانان کوژران. (پیاوەکانیان) بەشەکەیتریان بەدیلگیران، و کرانە کۆیلە (ژن و منداڵ).

بەو پێیە هیچ کەسیان ڕزگاری نەبووە. الطبري دەڵێ: کۆمەڵێکتان کوشن، واتە ئەوەی پیاوبوو و توانای شەڕی هەبوو کوشتیان، دەستەیەکیشیان بەدیلگرتن ژن و منداڵ. زەوی و زارەکانیان و ماڵ و سامانیان، خاکێک کە تا ئێستا پێتان نەخستبووە سەری، خودا پێتانی بەخشی[270]

سورة النساء ٤: ٨٤

فَقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفۡسَكَۚ وَحَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَكُفَّ بَأۡسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ وَٱللَّهُ أَشَدُّ بَأۡسٗا وَأَشَدُّ تَنكِيلٗا (٨٤)

لە ڕێی خودا، شەڕبکە. و تۆ هەر ئەرکی خۆت لەسەرە. دنە و هانی باوەڕدارانیش بدە. بەڵکوو خودا لە بەدفەڕی و زەبروزەنگی خودانەناسان بتانپارێزێ. خودا بە زەبرە و لە تۆڵەشدا دژوارترە (٨٤)

سورة النساء ٤: ٨٩

---

[269] السيوطي، الدر المنثور في تفسير المأثور، الجزء الحادي عشر ص ٥٩

[270] الطبري، جامع البيان لتأويل القرآن. الجزء التاسع عشر ص ٧١

وَدُّواْ لَوۡ تَكۡفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ فَتَكُونُونَ سَوَآءٗۖ فَلَا تَتَّخِذُواْ مِنۡهُمۡ أَوۡلِيَآءَ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَخُذُوهُمۡ وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡۖ (٨٩)

ئەو دووڕووانە، هەر وەک خۆیان بێدینن، گەرەکیانە ئێوەش وەک خۆیان لە دین وەرگێڕن. لە هەرکێ تووشیان بوون بیانکوژن (٨٩)

ئەو دوو ئایەتەی سورەتی النساء، دەبینین محمد دەیەوێ هاوسەنگی شکەستی دەقەکانی بۆ موسوڵمانان لەلایەک بە گەف و لەلایەکیتر، تاوانبارکردنی بەرهەڵستەکانی لەناو یاوەرەنای موسوڵمان بە دووڕوو تاوانباربکا. دەڵێ ئەو دووڕووانە، لەلایەک باوەڕیان هێناوە، کەچی هێشتا هەر لە ناو بێدینەکان دەژین. خۆزگە بەوە دەخوازن کە ئێوەی باوەردار، وەک ئەوان ببننەوە بێباوەڕ، هەروەک چۆن خۆیان بێباوەڕن. تا وەک یەکتان لێیێ. ئەو ئایەتە بەڵگەیە، بۆ ئەوەی موسوڵمانان لە پەیامبەرایەتی و لۆژیکی قسەکردنی محمد بە گومان کەوتوون. بۆیە محمد پەنا دەباتە بەر خودا و دەیەوێ، بەناوی ئاسمان ووریان بەرزکاتەوە.

هەندێک لە پێشڕاوانی ئیسلام وەک محمد أسعد و مەولانا محمد علی دەڵێن. ئەو ئایەتە بانگەوازی شەڕ و کوشتنی هۆزی دیاریکراوە، لە کاتی شەڕ، دژی موسوڵمانان، کە پەیمانی ئاشتیان شکاندووە، و هێرشیان کرۆتە سەر موسوڵمانان.[271]

[271] Asad, Muhammad: The Message of The Quran. Footnote 7, p. 256. Redwood Books, Wiltshire, Great Britain
Ali, Maulana Muhammad; The Religion of Islam (6th Edition), Ch V "Jihad" p. 414 "When shall war cease". Published by

ڕای ڕۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە ئایەتی السیف: ئارون شوری[272] ڕەخنەی لە ئایەتی السیف و زۆر ئایەتیتری قورئان گرتووە. و دەڵێ سونەی نەبەوی و حەدیس بە هەمان شێوە پشتگیری لە جیهاد دەکەن. کە دەستەڵاتی باڵایان لە هزری بڵاوبوونەوەی ئیسلام هەیە.[273]

بە پێی ئولیڤەر لیمان، ژمارەیەک لە زانایانی موسوڵمان بە پلەی یەکەم ئایەتی السیف بە ئایەتێکی ئاشتەوایی دادەنێن لە سەردەمێکی دیاری مێژوویی.[274] بە ڕای گوپتا دیپاک زۆربەی موسوڵمانان، پشتگیری لە بیانۆی بەکارهێنانی توندوتیژی، دژی بێدینان دەکەن. ئەوەش بە ئایەتەکانی السیف. هاندانیان و خرۆشاندیان، لەلایەن ئیسلامی توندڕەو.[275]

ناکۆکیەکانی دەروونی ئیسلامی سەرەتایی

تۆژینەوە سەبارەت بە ژینگەی نووسینی قورئان، کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە. ئەگەر بمانەوێ بەدواداچوون بۆ دۆزینەوەی ئەو ژینگەیە بکەین، دەبێ کار بۆ دەستنیشانکردنی

---

[272] ئارون شوری Arun Shourie : لەدایکبووی ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٤١ ئابووریناس، ڕۆژنامەنووس، نووسەر و سیاسەتمەدارێکی هیندییە. وەک ئابووریناسێک لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی، ڕاوێژکاری کۆمیسیۆنی پلاندانانی هیندستان، سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی ئیندیەن ئێکسپرێس و تایمز ئۆف هیندستان و وەزیری پەیوەندییەکان و تەکنەلۆژیای زانیاری لە وەزارەتی ڤاجپای (1998-2004) کاری کردووە .لە ساڵی ١٩٨٢ خەڵاتی ڕامۆن ماگسایسای و لە ساڵی ١٩٩٠ خەڵاتی پادما بوشانی پێبەخشرا.

[273] Shourie, Arun. Indian Controversies, Essays in Religion and Politics ASA Publications, New Delhi-110021

[274] Oliver Leaman (2006). Jewish Thought. Taylor & Francis. .pp 69. -2020 13-03. 2015-12-13.

[275] Gupta ،Dipak K. (2008). Understanding terrorism and political violence: the life cycle of birth, growth, transformation, and demise PP 232.

مێژووێی و جوگرافی و کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە بکەین. تا بتوانین لە ڕێگای کولتوور و کەسایەتی تاکی کۆمەڵگە، بگەینە بنەڕەتەکانی کۆمەڵایەتی. لەبەر ئەوەی دەقەکانی قورئان هەر ئایەتێک پەیوەندی بە ڕووداوێک دیاردەیەک یان میراتی مێژووێی دین و کەلەپووری ناوچەکەوە هەیە. کە لە ڕێگایانەوە، دەستمان دەگاتەکلیلی چوونە ناو هۆکارەکان. ئەو کاتە دەتوانین، ئاسانتر پەنجە بخەینەسەر، ئەو کاریگەریانەی، لە ڕێگای کەسایەتی تاکی موسوڵمان، ڕۆچوونەتە ناو دەقەکانی قورئان و ڕەوتی مێژووێی ١٤٤٠ ساڵەی دینی ئیسلام.

لە سەرچاوەکانی دەرەوەی کەلەپووری ئیسلامی، وەک بێژەنتی و فارسی، تا دەگاتەڕەوتەکانی دینی ناوچەکانی شام و میسۆپۆتامیا و حەبەشە، باسێک لەسەر دینی داگرکاری عەرەب نادۆزرێتەوە. ئەی چۆن باوەڕ بەوە بکەین، کاتی لەسەردەمی عومەر، لەشکری ئیسلامی عەرەبی شامیان گرت. دواتر بەرەوە ئۆڕشەلیم بەڕێکەوتن و داگیریان کرد. ئیسلام وەک دین هەبووبێ. [276]

کۆنترین بۆگرافیای ژیان و کردەوەکانی محمد، دوو سەد ساڵ دوای مردنی نووسراوەتەوە.

سەرەڕای ئەوە چیرۆکەکانی، سەبارەت بەژیانی کۆمەڵایەتی، تەنیا ئەو شتانە دەگێڕنەوە، کە خۆیان ویستوویانە. یان بۆ گونجاندنی سیاسەتی دەوڵەت پێویستیان پێی هەبووە.

لە ڕووی شارستانیشەوە، جولەکە و ڕۆمان و یۆنانیەکان، چ لە ڕووی شوێنەوارناسی و چ لە ڕووی مێژووی تۆماکراو شوێن پەنجەیان لە شارستانییەتی ناوچەکانیان دیارە. بەڵام لە دوورگەی عەرەبی و بەتایبەتی ناوچەکانی حیجاز، هیچ شتێک نادۆزرێتەوە، کە پەیوەندی بە شارستانی ئیسلام و مێژووی عەرەبەوە هەبێ.

---

[276] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر ص١١

جا ئەگەر لە تۆمارەکانی سەدەی حەوتەم، ئەو کاتەی موسوڵمانان هاتنە ئۆرشەلیم، دینێک بەناوی ئیسلام نەدۆزرێتەوە. کەواتە هێزێکی داگرکەری لە شێوەی لەشکری مەغۆلە داگرکەرەکان بووین. نەک دینێکی خاوەن پەرتووک.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە، لەو کاتەی داگرکەرە عەرەبەکان هاتنە ئۆرشەلیم، دەبینین شانبەشانی کریستیانەکان بێ پەلە قاژەی شەڕو بەرەنگاری مانەوە. ئەگەر داگرکەر دینێکی نوی هەبوایە، دەبوایە کریستیانەکان بەرەنگاریان بووبوونایەوە. و جولەکەکانیش بەو ئاسانیە ڕێگەیان نەدابایە، بێنە ناو شار. بە پێچەوانەوە دەبینرێ، لە ئەنجامی گفتوگۆی بە ئاشتی، نێوان دینەکان دوگای ئۆرشەلیمیان کردەوە. و دەستەڵاتی سیاسیان دایە دەست، هێزی داگرکەر. تەنانەت کەس نەیدەزانی داگرکەر دینێکی نوێی هێناوە، یان هەر کۆنە دینەکەی خۆیانە، بە نوێ پێیان دەفرۆشێتەوە.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە کریستیانەکان، بە پێچەوانەی هێرشی ٦١٤ س.ب [277]کە ساسانیەکان لەگەڵ نەسڕیەکان کردیان. و کریستیانەکانیان بە کۆمەڵ دەکوشتن. دەبینین ئەو جارە لە ساڵانی نێوان ٦٣٦- ٦٣٨ س.ب کە بەسەرکردایەتی عومەر کوڕی خەتاب هاتنە ئۆرشەلیم، بە باوەڕدار ناویان دەبەن. ئەوەش لە بنەڕەتدا گومان لەسەر ناسنامەی ئەو داگرکەرە عەرەبانە دروستدەکا. و گریمانەی ئەوە دروست دەبێ، دینی ئەو عەرەبانە شێوەیەکی کریستیانی بووبێ. یان کریستیانی شکەستخواردووبن و هەوڵ بدەن فۆرمێکی نوێ بۆ دینەکەیان بدۆزنەوە. ئەوەش باشترین ڕێگایە خۆیان بە خزمی یەکتری زانیبێ. تەنانەت داگرکەر دەستی بە نوێژ لەسەر ڕێبازی جولەکە کرد. ئیتر ژیان لە ئۆرشەلیم و سەرتاسەری ئیسرائیل و شام، بەبێ ڕەچاوکردنی دین و نەتەوە، یا هەر ناکۆکیەکی تر، شان بە شانێ یەکتری هەرسێ دینەکان، بەردەوام بوون.

---

[277] سەلاح، ڕێبوار (٢٠٢٢) ئیسلام و پاشخانی مێژووپی، ل ١٩١

لەوەش سەیرتر، تا ماوەیەکی زۆر دواتریش، لەسەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی، لە تۆمارەکانی معاویة کوڕی ئەبو سفیان ئاماژەیەک بە ناوی ئیسلام ناکەن، تەنانەت ناوی محمد لەناو تۆمارەکان نادۆزرێتەوە. [278]

گشت ئەوانە توێژەر ناچار دەکەن، ئەگەر بیەوێ بەدوای کۆنترین سەرچاوەی دینی ئیسلام دا بگەڕێ، بێگومان بێجگە لە دەقەکانی قورئان، ناتوانێ هیچیتر وەک جێ متمانە وەربگرێ. کەچی دەقەکانی قورئان، یەک لە دوای یەک، داوا لە نەبی دەکەن، پەیڕەوی دینی نەتەوەی ئیبراهیم بکا. ئایا ئەو دەربڕینە جارێکیتر گەڕانەوەی نەسڕیەکان نییە بۆ باوەشی جولەکە؟ تا بەو شێوەیە کریستیانی هێلێنی ڕەتکاتەوە. یان بە مانایەکیتر سۆکەوتنی نەسڕی بەسەر کریستیانی ڕۆمانی ڕۆژئاوا. [279]

نەسڕیەکان تەوراتی موسا و ئینجیل بە یەک ووشە دەپەرستن. ئەو ئینجیلەش جیایە، لە چوار ئینجیلە قانوونیەکان. کە بە ئینجیلی مەتیی، بە ئلامی نلسراوە. (هەروەها پێشی دەڵێن ئینجیل بەپێی عیبرانی)، کە لەناو چووە. ئەو ئینجیلە قەشە ئیرۆنیمۆس لە سەدەی پێنجی س،ب وەریگێڕاوەتە سەر لاتینی و یۆنانی، کە لە دەستنووسێک لە پەرتوکخانەی حەلەب دۆزراوەتەوە. هەروەها وەرەقە کوڕی نوفل وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبی. بە گەواهی عائیشە، کە دەڵێ قەشە وەرەق کۆڕی نۆفل خەریک بوو پەرتووکێکی بە عیبری دەنووسی. [280]

بە هەڵوێستەیەک، لەسەر ئەو زانیاریانەی سەرەوە، دەکرێ مرۆڤ پرسیار بکا: ئایا ئیسلام ئیمپراتۆری عەرەبی دروستکرد، یان ئیمپراتۆری عەرەبی ئیسلامی دروستکرد؟

---

[278] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر ص١٢
[279] هەمان سەرچاوە ص ١٣
[280] هەمان سەرچاوە، ص ٢٧٧

مێژوو وەڵامی خۆی بۆ ئەو پرسیارە هەیە. ئیمپراتۆری عەرەبی هەر لە دروستبوونیەوە، کێشەی نێوان بنەماڵەکانی قورەیشی هەبوو. بەهێز بوون و بڵاوبوونەوەی لایەنەکانی ناکۆک لە ناو ڕایەڵەی دەستەڵاتی ئیمپراتۆری عەرەبی، کێشەکانیش، هەم قوڵتر و هەم بەربڵاوتر دەبوون. ئەوەش بە تایبەتی دوای کۆتایی خەلافەتی ڕاشدین، و دامەزرانی ئیمپراتۆری ئەمەوی. کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بنەماڵەی هاشمیەکان، پلانێکی توکمەی دانا. هاشمیەکانیش لەلای خۆیانەوە، بە سەرکردایەتی عبدالله کوڕی زبێر، وەک لایەنی دووەم بوون، بەرەنگار بوونەوەی ئەمەویەکان. عبدالله بن زبیر یەکەم کەس بوو، ناوی محمد بێنێ. ئەوەش لە ساڵی ٦٨٥ س.ب بوو. پلانی عبدالله کۆپیەکی ئیمپراتۆری ڕۆم بوو، کە توانیان لەڕێگای دروستکردنی کریستیانی وەک لایەنێکی بەهێزی دینی بۆ ڕاگرتنی دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم. ئاواش عبدالله کوڕی زوبیر، بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەتەکەی، دینی ئیسلامی داهێنا. [281]

ئیمپراتۆر کۆنستەنتین لە بنیاتنانی دینی کریستیانی سەرکەوت. کەچی عبدالله بن زبیر، دوای بنیاتنانی ئیسلام بەزی. و بڵیمەتی ئەمەویەکان ئەوە بوو، دەرفەت بۆ بەردەوامی بنیاتنانی بقۆزنەوە. ناوی محمد بۆ یەکەمجار، لە سەردەمی عبدالملک کوڕی مەروان، کەوتە سەر پارەی کانزایی. لە هەمان کاتدا (قبة الصخرة) و مسجد الاقصی، لەسەر پەرستگای جولەکە، لە ناوەڕاستی ئۆرشەلیم دروستکران. عبدالملك ئەوەی بە فەرمی جێگیرکرد (دین لەلای خودا ئیسلامە) [282]

لەلایەکیتر، ئێستا لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی، موسوڵمان شەهادە (لا إله إلا الله) بە شەهادەتی (محمد رسول الله) دەبەستنەوە. کەچی ماوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵ دوای مردنی نەبی محمد، تا ئەو دەمەش ناوی محمد لە شەهادە دانەبوو. بەڵکوو باوەڕێکی یەکتا پەرستی

[281] هەمان سەرچاوە، ص ١٤
[282] هەمان سەرچاوە ص ١٥١

نەسڕی بووە، ناوەڕۆکەکەی لە چمکی کریستیانی بە شێوەی جولەکە پەرەی سەندووە. شەهادەتی محمد تا سەردەمی عبدالملک کوڕی مەروان نەبووە. لەو سەردەمە لە ناکاو وەک بڕیارێکی فەرمی بۆ گەواهی باوەڕ هات. تەنانەت لە هەمان کاتدا ناوی محمد لەسەر پارەی کانزاش بەدەست کەوت. [283]

دینی ئیسلام لە سەرەتادا، وەک کۆمەڵێکی گومرا دەستی پێکرد، کە پارێزگاری لە باوەڕی جولەکە بۆ دینی نوێی خۆی بکا. ئەوەش ئاسانە. چونکە لەدەرەوەی کەنیسە دەستیپێکرد، نەک لە ناو کەنیسە تا بتوانن بەرەنگاری ببنەوە و شکەستی پێبێنن. [284]

نووسەری سوداني اسماعیل آدهم لە پەرتووکی (مصادر التاریخ الاسلامی) دەنووسێ:ژیانی پەیامبەری ئیسلامی دۆزییەوە. بەڵام نەک وەک ئەوەی بۆگرافینووسان بۆ ئێمەی دەگێڕنەوە. ئەو پێی وایە ژیانی پەیامبەر لە ماوەی سەدەی یەکەم و دووەم داهێنراوە. لە ڕێگای ئەمەشەوە، مێژووی ئیسلام و بۆگرافیای ژیانی پەیامبەر، تێکەڵاویەکە لە چیرۆکی زۆری خەیاڵی و کەسێکی ڕاستی. هەروەها دەڵێ ڕەچەڵەکی پەیامبەر جیاوازە و ناوی عبدالمطلب ناوی مرۆڤێک نییە. بەڵکوو ناوی بوتێکە. [285]

ابن الراوندی باوەڕی وایە کە عەرەب ئیمپراتۆریەتەکەی خۆیان تەواوکرد. هەستیانکرد پێویستیان بە دینێک هەیە گەرەنتی مانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەیان بدا. و لە هەمانکاتدا پاکانەشبێ بۆ فەرمانڕەوایی و یاسایی بوونیان. پلانەکەش وابوو کە مێژووێکی بەرەو دواوە بنووسنەوە. وەک دوو نموونە جولەکە و کریستیانیش هەبوون. ئەوەش بەو مانایەی کە عەرەب پێویستیان بە دینێک و نەبێک هەیە کە ژیانی نموونەیی بێ بۆ پەیرەوانی.

---

[283] Hilaire Belloc. What kind of Religion is Islam

[284] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر، ص ١٦٧ - ١٦٨

[285] اسماعیل آدهم، مصادر التاریخ الاسلامی ص ٤

قورئان پەرتووکێکی ئاسمانی نیە. بەڵکوو کۆکراوەیەکی سەلەوات لێدان و خوێندنەوەی لیتورگییە بۆ پەیڕەوکردنی لە نوێژ و خوداپەرستی. [286]

ئەوەی جێگای سەرسوورمانە یەکەمین جار ووشەی محمد لەسەر پارەی ئەمەویەکان لە سووریا بەدیلکەوت. لەوەش سەیرتر ئەوەبوو، ئەو پارانە لەپاڵ ئەو ناوە وێنەی خاچیان لەسەربوو. لێکۆڵەرەوانی کە بە دواداچوونیان لەسەر ئەو بابەتەکردووە، گومانی ئەوە دەکەن ووشەی (محمد) تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی گەورەیی یەسوی کریست بووە. لە کریستیانی، کە لە شام لەو سەردەمەدا باو بووە. ئەو ڕوونکردنەوانە لەسەر دیوارەکانی مزگەوتی (قبه الصخره) هەر لە بنیاتنانیەوە هەبووین. ئەو فەرمانڕەوایانەش، لەو بنەماڵەی کریستیانی دیاریکراوبوون کە دەگەڕانەوە بۆ نەساری.

لە گشت شێوەیەکی نەخش و نیگار یان پارە کە ناوی محمد هاتبێ، ئاماژەیەک نادۆزیتەوە، کە نەبی یان پەیامبەر بووە. تا ساڵی ٦٩١ س.ب. ئەو پێوارییەش (غیاب) و نەبوونی لە گشت نەخش و نیگرەکان بە تایبەتی دینی، بۆ لێکۆڵینەوە زۆر گرنگە. [287]

سەرچاوەکانی دواتر هەموو هەواڵ و بەسەرهاتەکان لەسەر ژیانی پەیامبەر بە ووردی و درێژی تۆماڵکراون. کەچی هیچ لەو هەواڵ و بەسەرهاتانە لەسەر نەخش و نیگرەکانی سەرەتایی کە دەکرێ محمدژیابێ نادۆزرێتەوە. [288]

لە دەقە دینییەکانی قۆناخی ئەمەوی یەکەم و سەرەتا لە سالانی ٦٦١ - ٦٨٤ س.ب کە وەک یاسای باوەڕ وابوو. بەبێ ئاماژەکردن بەناوی محمد. ئەو ناوە لە دەقە عەرەبیەکان دا نییە تا ساڵی ٦٩١ س.ب.

---

[286] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر ص ١٥٤

[287] هەمان سەرچاوە ص ١٥٧

[288] Jay Smith (2011) The Converted Qurán.

چمکی (محمد رسول الله) یەکەمین جار لەسەر پارەی عەرەبی لە سەرەتای ٦٩١ س.ب لە دیمەشق وەک چمکێکی تەواو بەدەرکەوت. (لا إله إلا الله، محمد رسول الله) ئەوە لە نەخشونیگاری عبدالملک لەسەر دیواری (قبه الصخرة) لە هەمان ساڵ واتە دوای ٦٠ ساڵ لە مردنی محمد بەدیارکەوت و پێش ئەو دەمە بوونی نەبوو. [289]

لەسەرجەم داگرکاری عەرەب، نەناوی ئیسلام یان قورئان لە ماوەی ٦٠ ساڵ دوای مردنی محمد نەبیزراوە. بێجگە لە دووجار نەبێ، بەبێ دیارکردنی مێژووەکەی. لە رووی دووەمی پارەکەش وێنەی پیاوێک بە خاچەوە کێشرابوو. لێرەدا دەردەکەوێ مەبەست لە ووشەی محمد ناو نییە، بەڵکوو ڕوونکردنەوەیەکی شانازییە. بەگشتی پێیان وایە مەبەست یەسوی کریستە. هەروەها لە کۆتایی سەدەی حەوتەم ڕستەی محمد رسول الله هەلکۆلراوە. و لەسەر ئەو ئەو هەڵکۆڵینەش خاچێک دانراوە. [290]

بە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری بۆ چیرۆکی محمد، هەروەک نەرێتی ئیسلام زۆر شتی شاراوە ڕوون دەبێتەوە. کە دەبنە بەردی بناغەی دروستبوونی ئەو چیرۆک و ئایەتانەی، بۆ محمد هۆنراونەتەوە. قورئان بێجگە لە موسا باسی پەیامبەرێکی تر ناکا، کە لەگەڵ محمد لەیەک بچن. ڕووداوی سەرەکی لە چیرۆکی موسا دەرچوونە لە میسر. و ڕووداوی سەرەکی محمدیش کۆچکردنە. هەر ئەو هۆیەشە چیرۆکی کۆچکردن لە ژیاننامەی محمد دروستکراوە. بۆ ئەوەی لەگەڵ چیرۆکی موسا بگونجێ.
بەڵام چیرۆکی مەککە، هەر لەسەرەتاوە پڕۆسەی خەونی جولەکانە، بۆ گێڕانەوەی پەرستگای جولەکەیە.

---

[289] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر، ص ١٥٨
[290] هەمان سەرچاوە ص ١٥٨ - ١٥٩

ئەو چیرۆکانەش دوای کاولبوونی ئۆرشەلیم و دانانی بوتەکانی ڕۆمانی لە شوێنی پەیکەر، وایکردبوو کە جولەکە خەون بەوەوە ببینن. کە لەدەستی ڕۆم ڕزگاربن و ئۆرشەلیم بگەڕێتەوە، و بوتەکان تێک بشکێنن. یەک لەو بوتانە هەبل. کە گەورەترین بوت بووە، وەک خودای شەڕ لای ڕۆمانەکان. چیرۆکی داگرکردنی مەککە. و ڕۆڵی دروستکراوی محمد لە چیرۆکەکانی کەلەپووری جولەکەوە هاتووە. لە مەککە جارێکیتر بەرجەستەکراوەتەوە.

بێجگە لەوەش، زۆر لە کەلەپووری نەسارِی لە چیرۆکی محمد سەرهەڵدەدەنەوە. ئایا ژەهردانە محمد لەلایەن ژنێکی جولەکە، بەپێی ژیاننامەی پەیامبەر. هەڵسوکەوتی جولەکان نییە دژی یەسو و لەخاچدانی؟ سەرجەمی سەرچاوەکانی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوەی محمد بە ژەهرخواردن مرد. ئەوە ڕووداوێکە زیاتر بە شاۆگەری دەچێ، کە ژیانی پاڵەوان لەپڕ خەڵکی سەرسام دەکا. نەرێتی ئیسلامی دەڵێ: یەکەم دروستکراوی خودا محمد بووە. بیرۆکەی بنەڕەتی ئەوە، یەسو یەکەم دروستکراوی خودابووە. ئەوەش بەپێی ئینجیلی یۆحەننا. ئایا ئەوەڕێکەوت نییە؟. [291]

هەندێک باوەڕیان وایە گەشەکردنی ئیسلام، بەرهەمێکی سرووشتی نەسارِیەکانە، کە لە پەراوێزی کریستیانەکانی هێلینی بوون. کەچی هەندێکی تر باوەڕیان وایە، ئیسلام کوڕی ڕەسەنی جولەکەیە، بە تالمود و میدراش و کەلەپووری هاگادە و هالاخا. ئەو دوانەش تاکە ئاڵترنەتیڤن بۆ بنەڕەتی ئیسلام. جا هەر کامیان بێ هیچ لەوە ناگۆڕێ کە دینی ئیسلام دینێکی نوێ نییە. بەڵکوو کۆپیکردن، و پەرەدانە بە دینی جولەکە. جا جولەکە بێ یان نەسارِی، دەگەڕێتەوە سەر هەمان سەرچاوە. بە یەک جیاوازی کە بەلای نەسارِیدا دەشکێتەوە. ئەویش ڕۆڵی یەسوی کریستە. لە هەردوو دینی نەسارِی و ئیسلام، وەک کۆپی یەکتری وان. [292]

---

[291] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر، ص ١٦٣

[292] نبیل فیاض، یوم انحدر الجمل من السقفیه

ابو موسى الحريرى ,دەڵێ ئیسلام و نەسرانی یەک دینن بە جیاوازی ناو. یان ئیسلام ناوی عەرەبی نەسرانیە. ئەوەش ڕاستی مانای دینی ئیبراهیمی حەنیفە، کە یەکەم و کۆتایی داوای یەکتاپەرستی خودای ڕەها دەکا. و هاوبەشی بۆ ڕەتدەکاتەوە. بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێ قورئان بریتییە لە کۆکردنەوە و ووگێڕانی دەقە پیرۆزەکانی سریانی دینی نەسارِی. کەواتە ئیسلام بە عەرەبکردنی دینە ئیبراهیمیەکانە. و هەوڵدانێکە بۆ دابڕینی میراتی ئیبراهیمی لە جولەکە. [293]

هیلاری بیلوچ دەڵێ: ئیسلام وەک لاڕێ (گومڕا) دەستی پێکرد. پارۆگاری لە سیمای جولەکە بە باوەڕێکی نوێ، و یەکتاپەرستی، بەشێوەی ڕەها دەکرد. کە بەگشت شێوەیەک کریستیانی بەرجەستەکردنی خودا و کریستی (یەسو) ڕەتدەکردەوە، و تەنیا بە مرۆڤێکی ئاسایی دادەنا. وەک هەر کەسێکیتر. [294]

بەو هەموو لێکچوونە ئەفسانەییانە، زۆربەی هەرە زۆری لێتۆژەرەوان هاتوونەتە سەر ئەو ڕایەی، کە ئیسلام بێجگە لە دینی نەساری شتێکی تر نییە. دوای جیابوونەوەی لە کریستیانی و داماڵینی خودایی لە کریست و تەنیا وەک دینێکی سادە لەسەر ڕێبازی جولەکە مایەوە. [295]

جەستەی ئیسلامی سەرەتایی، بە تەواوی لە لەسەر ئەفسانە و چیرۆکەکانی نەسارِیەوە ڕۆنراوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی، ئەو گریمانەیە، بەراوردی هەندێک گوزارەی قورئان و دەقەکانی سریانین. [296]

---

[293] الحريري، ابو موسى، قس و بنى ص ١٦٦

[294] Hilaire Belloc, What kind of Religion is Islam

[295] جعيط، هشام . تاريخية الدعوة المحمدية ص ١٦٩

[296] هەمان سەرچاوە.

دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە ئیسلام لە کۆتاییدا پارێزگری لە پێگای کریستیانی کرد. گەواهی بە عیسای کوڕی مریەم دا لەڕێگای (عبدە و رسولە).

ئەوەی زیاتر جێگای هەڵوێستەکردنە، نووسەری قورئان توخمە سەرەکیە گرنگەکانی ڕەوتە دینیەکانی دانەدەنان. کە خۆیان بڵاویان دەکردەوە، و بەگرنگیان دەزانین. بە پێچەوانەوە بە مەبەستی نارەزایەتی و پەڵپ لێگرتنیان و کوودەتاکردن بەسەریاندا، ئەو شتانەیان وەردەگێرا، کە ئەو ڕەوتانە گرنگیان پێ نەدەدان. و پشتگوێیان دەخستن. زیاتر شتە شاراوەکان (ئەڤۆکریفا) و لە پێشەوەی باوەڕی خۆیان دایان دەنان. [297]

بۆیە ووشەی ئیسلام و دەربڕینی، هیچ پەیوەندی بە چۆنییەتی دینەوە نییە. دین شتێکە و ئیسلام شتێکی تر. دین واتە باوەڕ (ئیمان) و ئیسلام واتە خۆدانەدەست و ملکەچبوون. بەو پێیەش دەتوانین ووشەی ئیسلام بە گونجان، پەیڕەوکردن و ڕاستاندنی یاساکانی موسا وەربگرین. بەو مانایەی گەڕانەوە بۆ ئیبراهیم و یاسای موسا و تەورات. جا هەر کام دین لە دینە ئیبراهیمیەکان ئیسلامە.

سورة آل عمران ٣: ٨٥

وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ (٨٥)

هەر کەس بەدەر لە ئیسلام، هەر دینێکی دیکەی هەبێ، لێی قەبوڵناکرێ، و لە دوارۆژدا لە دۆڕاوانە (٨٥)

ئەو ئایەتە بە ڕوونی دەڵێ، لەدەرەوەی دینەکانی ئیبراهیم، هیچ دینێکیتر، پەسند نییە. و دوارۆژیان بە دۆڕاو و زیان لێکەوتوو کۆتایی دێ.

---

[297] آل عیسی، د، محمد، تاریخ الاسلام المبکر ل ١٧٤

قورئان ڕەنگدانەوەی قۆناخی خۆیەتی

دین و پیرۆزیەکانی، وەک هەر دیاردەیەکیتری کۆمەڵایەتی ناوچەیەکی جوگرافی، بەرهەمهێنی بیرکردنەوە، و چۆنیەتی باوەڕ و پێکەوە ژیانن. ئەو دیاردە دەروونناسی کۆمەڵایەتییە، سەرهەڵدان و گەشەسەندنی دینەکانیش دەگرێتەوە. چونکە بیرکردنەوەی مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵایەتی جوگرافی دیریکراون. و ناتوانن لە چوارچێوەی دەربچن.

ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیە، ناسنامەی دین و دیندار دروست دەکا. و نەریتەکانی، سرووت و ریتواله دینیەکان بەرهەم دێنن. پاشخانی کولتووری، دەبێتە بنەمای دەربڕینی ئەو گوزارانە، کە لەناو کۆمەڵگە، بە درێژایی هەزاران ساڵی ڕابردوو دروستبووین. و ڕەنگدانەوەی ئەو پاشخانە و پیرۆزیەکانی دەبنە بنەمایەک، بۆ دروستبوونی کەراکتەرەکانی، کە دەبنە ژێرخانێک بۆ سیمای دین. و ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوژینگەیەی دینی تێدا گەشەدەکا. و بە درێژایی هەزاران ساڵی پاشخانی ڕابردوو، و ئەمڕۆ و دواڕۆژ، کە سیمای کۆمەڵگە لەگەڵ خۆیان دەگۆڕن.

بۆیە دوکهایم تێگەیشتن لە دیاردەکانی دین، لەژێر تارمایی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی دەرەوەی دین هەڵدەسەنگێنێ. بەو واتایەش دین دیاردەیەکی سەربەخۆ نییە. بەڵکوو هەڵومەرجە کۆمەڵایەتیەکانی ژینگە، لە بواری دەروونناسی و کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە.

لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی ئەوە نیشان دەدەن، کە گشت پیرۆزییەکانی دین لای مرۆڤ، لە ئەنجامی کاردانەوەی بەرامبەر ژینگەی کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرن. ئەوەش بەڵگەیە،

بۆ ئەوەی دین بەرهەمی شارستانی کۆمەڵگەیە، لە ئاستێکی دیاری پەرەسەندنی دا. و دیاردەکانی میتۆلۆژی و پیرۆزییەکانیشی، گوزارەن لە نەریتەکانی کۆمەڵگە و پەیڕەوکردنیان، چرۆی دیاردە سەرەتاییەکانن بۆ ژیانی دین. [298]

بە هەمان شێوە، ئەگەر بە چاوێکی ووردو ڕەخنەگرانە، قورئان بخوێنینەوە، بە ئاسانی دەرک بەوە دەکەین، کە قورئان دوو پەرتووکە لەناو یەک پەرتووکدا. یان دوو دینە لە چوارچێوەی یەک دیندا. و هەریەک لەو دوو پەرتووکە سەرچاوەیان لە ژینگە، و هەڵومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاواز وەرگرتووە.

بەر لەوەی باسی هەر یەک لەو دوو پەرتووکە بکەین. دەبێ ئەوەش بڵێین کە یەکەمیان لە سەرەتای دەستپێکردنی پەیامی دینیە، (وەک مێژوونووسانی ئیسلام خۆیان دەڵێن) کۆچ بۆ مەدینە. سوورەتەکانی ئەو پەرتووکە یان ئەو بەشەی قورئان ناو نراوە، سوورەتەکانی مەککە. بەو مانایەی ئایەتەکان وەک مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان دەڵێن، لە دەستپێکی بانگهێژی محمد. تا کۆچکردنی بۆ مەدینە بە وەحی بۆی هاتوون.

لە قۆناخی مەککە، یان سەرەتای پەیام، قۆناغێکە کە گومانی گەورەی لەسەرە، کە بانگهێژ بۆ دینێکی نوێ (ئیسلام) کرابێ. بەپێی تۆژینەوە، موژدەی دینی نەسارِی بووە. و دەقەکانی قورئان لەو قۆناغەدا، ڕەنگدانەوەی یان کۆپی ئینجیلی نەسارِیەکانە (ئینجیلی مەتی عیرانی). ئەوەش بە دابپیانانی چەندین ئایەتی قورئانی مەککە. (کە دواتر بە درێژی بۆی دەگەڕێینەوە)

قۆناغی دووەم، ئەو سورەتانەی دوای کۆچکردنن بۆ مەدینە، تا مردنی پەیامبەر. کە بە سورەتەکانی مەدینە ناودەبرێن.

[298] Durkheim, Emile (1995) The elementary forms of Religious life Translation and Introduction by Karen E. Fields

ئەو دوو پەرتووکەش چ لە ڕووی ئاڕاستەکردن، و چ لە ڕووی ڕەوانبێژی، دوو جیهانبینی جیاواز، لە کەسایەتی و دەربڕینەکانی نووسەر/ نووسەرانی قورئان دەبیزێن. لە هەڵومەرجی نەرمی و لێبووردەیی، بانگهێژی ئاشتەوایی قۆناغی مەککە. تا دەگاتە شەڕفرۆشی و گەفکردن بە کوشتن و ئازاردان لە قۆناغی مەدینە. دوو جیهانی زۆر لەیەک دوور. بە کورتی وەک دوو دینی جیاوازن، لە ناو قەوارەی یەک دیندا.

زۆربەی ئایەتەکانی سەردەمی مەککە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی نەرمن. و پڕن لە ئامۆژگاری بۆ بانگهێژی بۆ مرۆڤ دۆستی، و پێکەوەژیانی بە ئاشتیانە. جیهانێکی بێ کێشە. و بێ گەف و مەیدانخوازی.

کەچی دوای کۆچ بۆ مەدینە و گیرسانەوەیان. دەقەکانی قورئان چەند وەرچەرخانێکی بەسەر داهات. لە سەرەتادا لەبەر بێهێزی و پێویستی پشتیوانی خەڵکی، بە ناچاری بەنەرمی دەجوولانەوە.

سورة البقرة ٢ : ٦٢

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ وَٱلصَّـٰبِـِٔينَ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَعَمِلَ صَـٰلِحًا فَلَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ (٦٢)

ئەوانەی باوەڕدارن و ئەو کەسانەش کە لەسەر دینی یەهودی و نەسارِی و سابیئین. ئەگە باوەریان بە خودا، و ڕۆژی پەسڵان (القيامة) هەبێ و کاری چاکە بکەن. لای پەروەردگار، پاداشتی خۆیان هەیە. و نە هیچ ترسێکیان لەسەرە. و نە خەم دەخۆن (٦٢)

ئەو ئایەتە دوای کۆچکردنە، کۆچبەران لەوپەڕی بێدەرەتانی و بڕسیەتی دابوون. و پێویستیان بەوە بوو، کە بە ئارامی خۆیاڕێکخەن. و لە مەدینە پێگەی خۆیان قایمکەن.

بەڵام دوای خۆگرتن و بەهێزبوونیان، لە بڕی پێکەوژیان و باوەڕی یەکتاپەرستی، ئاڕاستەی ئایەتەکانی قورئان، گۆڕان بۆ هێرش و تاڵان و کوشتن بە کۆیلەگرتن و سەبایا. لێرە بەدواوە قورئان باسی ئاشتی و پێکەوەژیان ناکا. بەڵکوو پەیامەکانی توندن. و زۆربەیان بانگهێژن بۆ شەڕ و فراوانخوازی.

هەروەها لایەنێکی تری شاراوە لە ناو ئایەتەکانی قورئان دا هەیە.
یەکەم: چۆن بزانین کامە ئایەت لە مەدینە هاتووە؟، و بەرامبەرەکەی لە قورئانی مەککە چی بووە.

دووەم: دەبێ هەر یەک لەو قۆناغانە، بەجیا و بەشیوەیەکی سەربەخۆ باسبکرێن. سەرەڕای ئەوە بە پێی پێویست، بە دواداچوون بۆ هەڵومەرج و هۆکاری ئەو جیاوازیە بکرێ.

سەرەڕای ئەوە لە کۆکردنەوەی قورئان لە سەردەمی عوسمان بە دواوە، سوورەتەکانی قورئان بە مەبەستی سەرشێوێنی پاش و پێشیان تێدا کراوە. بۆ نموونە لەو قورئانەی کە ئێستا لە جیهانی ئیسلامی پەیڕەو دەکرێ، بە سورەتی الفاتحة دەست پێدەکا، کە دەبوایە بە سورەتی العلق دەست پێبکا. ئەوەش بەگشتی تێگەیشتن لە قورئان سەختبووە. لەبەر ئەوەی بۆ تێگەیشتن لە هەر ئایەتێک دەبێ دوو خاڵ ڕەچاوبکرێن:

خاڵی یەکەم: کاتی هاتنی ئایەتەکە، واتە خاڵی مێژووویی بۆزانینی ئاستی پرۆسەی پەرسەندنی دین و کۆمەڵایەتی.

خاڵی دووەم: کام ڕووداو یان گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵگەداهاتووە. بەوەش دەتوانین بە ئاسانی شرۆڤەی دەقی ئایەتەکە، لەگەڵ سەردەمی مێژووپی و ڕووداوەکان بکەین. و بتوانین تێگەیشتنێکی لۆژیک لەسەر ئایەتەکە وەدەست بێنین.

کێشەی قورئانی ئێستا لەبەر تێکەڵاوی، ناتوانرێ بە ڕووداوێک یان بە خاڵێکی مێژوو ببەسترێتەوە. ئەوەش وایکردووە، قورئان تێگەیشتنی بۆتە شتێکی ئەستەم. زۆر جار ڕێبەرانی دین بە (الله اعلم) وەڵام دەدەنەوە. کە لە ڕاستیدا هەر ئایەتێک دەتوانرێ بە ڕووداوێک لە مێژووێکی دیاریکراو ببەسترێتەوە. بە دیارنەبوونی کات و ڕووداوەکە یا بۆنەی هاتنی ئایەتەکە ڕاڤەکردنی دەبێتە کارێک، ئەگەر ئەستەمیش نەبێ زۆر سەختە.

ئەو گرفتە ڕێبەرانی دینی لە ئەزهەر، دەمێکە ڕکیان پێکردووە. بۆیە بە پێی کرۆنۆلۆژیای هاتنی هەر سورەتێک، لیستێکی سورەتەکانی قورئانیان دروستکرد. تێیدا دەبینی سورەتی الفاتحة سورەتی ژمارە پێنجە [299]

سەرەڕای ئەوە، سەرجەمی زانیاری سەبارەت بە قورئان و فەرموودە، کە نووسەرانی موسوڵمان لەڕاڤەکانیان، تا ئێستا گەیشتوونەتە ئێمە. و بەتایبەتی گرێدانی بە مێژووی دەقی قورئان. بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆیەمی س.ب و دواتر. ئەو پەرتووکانەش بە گشتی بریتین لەزانیاری بژاردە. کاتی دەیانەوێ بەوگری لە دیاردەیەک یان ڕووداوێک بکەن. دەڵێن ئەوە لە ڕێگای زنجیرەیەک گەواهی قال و قیل، کە لەپێش هەر گێڕانەوەیەک یان فەرموودەیەک ڕێزیان دەکەن. بەو شێوەیە، سیمای بەڵگەیەکی پتەوی دەدەنێ. بۆ ئەوەی خوێنەر وەک ڕاستیەک ببینێ. ئەو مێتودە، پێشتر لەلایەن حاخامەکانی جولەکە، بۆ

[299] هەرچەندە سورەتی الفاتحە، کە پێشتر لە بەرگی دووەمی ئەو پەرتووکە، وەک بابەتێکی سەربەخۆ، بە درێژی باسکراوە، کە ڕێی تێناچێ سورەتی قورئان بێ، بەڵکوو تەنیا پاڕانەوە و نوێژکردنە.

پشتڕاستکردنەوەی دەقەکانی کەلەپووری جولەکە بەکار دەهات. کە بە شێوەی دەماودەم دەیانگواستەوە.

ئەو شێوە گێڕانەوانە، چ لە سەر زمانی نەبیەکان یان دەقەکانی پەرتووکە پیرۆزەکان. وەک شێوەیەک لە هونەری گێڕانەوە دەبینران. بێ ئاگا لەوەی، زانیاری بەو هەموو دەستاودەست کردنە، بۆ لێتۆژینەوە، ناتوانێ بەڵگەی بنبڕ بێ. بەڵکوو ئەو زانیاریانە. لە هەر گێڕانەوەیەک جا چەند ڕەوانبێژی بەهێزبێ. ڕەهایی لە هەر جارێکی گێڕانەوەی، دەبێتە ڕێژەییەکی لاواز و لاوازتر. کە لە ئەنجامدا، تەواوی متمانەی خۆی لەدەست دەدا.[300]

چەندین قسەو باس لەسەر ئەوە هەیە. کە لیستی ناوی ئەوانەی، لە سەردەمی محمد قورئانیان کۆکردۆتەوە ناکۆکن. ئەو لیستانە بە زۆری لەگەڵ ژمارە و ناوەکانیان یەک ناگرنەوە. هەندێک جار مرۆڤ تووشی حەپەسان دەبێ.[301]

ئەوەش وادەکا نەتوانن وەک سەرچاوەی هاوچەرخ، و جێی متمانە سەیربکرێن. پرسەکە ئەوەیە چۆن بتوانین، متمانە لەسەر ئەو بڵگەنامانە بکەین، کە بەو شێوەیە نووسرابن. جا ئەوانە بۆ قورئان، فەرموودە، یا بیۆگرافیای ژیانی (سیرة) محمد، کە ئێستا لەبەردەست دان. لە هەمان کاتدا، تا ئێستاش لە جیهانی ئیسلامی، وەک تاکە ڕاستیەکی ڕەها، سەیر دەکرێن. لەگەڵ ئەوشدا ئەو بەناو بەڵگەنامانە، بە ئارەزووی تاکە ڕاڤەکار، مێژوونووس یان بیۆگرافینووس نووسرابن. ئەو گریمانەیە، تەنانەت قورئانیش دەگرێتەوە.

---

[300] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 315

[301] إبن سعد. الطبقات الكبرى. الجزء الثانى ص ٣٥٥ – ٣٥٨

قۆناغی مەدینە و ئاڕاستەیەکی نوێ

قۆناخی مەدینە، لە ساڵی ١١ ک دەستپێدەکا تا مردنی محمد

دوای کۆچ بۆ یەثرب (مەدینە) هەڵومەرجەکان گۆڕان. سەرەتای کێشە لەسەر دەقی ئایەتەکانی قورئان دەستی پێکرد. لەلایەک ئێستا دەوڵەتی ئیسلام [302]دامەزراوە و پێویستی بە شێوەیەکی نوێی هەڵسوکەوت هەیە.

ئەو گرفتانە محمدی خستبووە، بەردەم دووڕیانێکی سەخت. کێژەنی فرە لایەنی. لەلایەک خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغی دووەمی پەیامەکەی، کە بۆ دروستکردنی لەشکرێکی بەهێز و یەکگرتوو، پێویستی بە هێزی دەستەڵات هەبوو. ئەو لەشکرەش کاتی دەویست بۆ دروستبوو. لەلایەکیتر کۆچبەران کە بە کۆمەڵ لە شامەوە دەهاتن. پێویستیان بە شوێنی ژیان و حەوانەوەیان لە یەتروب هەبوو. لایەنی سێیەم بوونی جولەکە و سابئی لە یەتروب کە دەمێک بوو جێگیر بووبوون، خاوەنی پەیامی هەزارساڵەی خۆیان بوون. ئەوەش ترسێکی گەورەبوو بۆ ئەو کۆچبەرانە، کە پەیامیان لەگەڵ جولەکە و سابئیەکان و یاقوبیەکان جیاوازبوو. لەبەر ئەوەی ئەو پەیامەی ئەوان بڵاویان دەکردەوە، ئەوان دەمێک بوو باوەڕیان پێی هەبوو. تا ئاستێکی باشیش لێی شارەزابوون. بۆیە ئەستەم بوو، بتوانێ باوەڕیان پێبێنێ، کە دینی خۆیان بەجێ بێڵن. لە هەمانکاتدا نەیدەویست، ئەو کێشەیە گەورە بێ. و ببێتە

[302] دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلام واتە دروستبوونی هێزی سوپا و بنیاتنانی دەوڵەتی مەدینە. لێرەدا مەبەست لە دینی ئیسلام نییە، کە زۆر دواتر دەستپێکرد. تا ئەو کاتە و دواتریش یەهودیە نەسارییەکان ڕێبەر و ڕاوێژکاری دینی بوون.

ڕێگر لە بەردەم بڵاوکردنەوە و فراوانکردنی زەمینەی نوێ بۆ پەرەدان بە ژیان و جێگیرکردنی کۆچبەران و دابینکردنی ژیانیان. ئەوەش گرنگترین هەڵومەرج بوو، کە دەبوایە زیرەکانە هەنگاوبنێ. بۆیە بازرگانێکی سیاسی، و پلاندانەرێکی زیرەکی دەویست. لەلایەک هەوڵی خۆ بە هیزکردن بدا. و لەلایەکیتر دروستکردنی نەتەوەیەکی عەرەبی - نەساڕی بەهێز بنیات بنێ. کە تاکە ڕێگای دەربازبوون بوو، لە سیستەمی هۆز و بنەماڵە. لە هەمانکاتدا دەبوایە هەڵومەرجێکی لەبار لەگەڵ دینەکانیتر، لە یەتروب بۆ پێکەوەژیان دروستبکا، ئەو دینانە کە دەمێک بوو پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریان باش و جێگیربوو. بۆیە هەر لەوکاتەی محمد گەیشتە یەتروب، دوو پەیمانی بەستن. یەکیان لە نێوان گشت خەڵکی مەدینە. و ئەویتریان لە نێوان دینی جولەکە و دەوڵەتی ئیسلام. ئەو پەیمانی لەژێر ناوی (كتاب المدينة) پێشتر باسکراوە.

قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان

قۆناخی یەکەم

سەردەمی ئەبو بەکر و عومەر

لەسەردەمی هێشتا محمد لەژیاندابوو، قورئان بە دوو شێوە دەپارێزرا.

١ لە ڕێگای ئەزبەرکردن. ئەوەش دەگەڕایەوە سەر ئاستی بەهێزی بیری کەسەکە، کە تا چەند دەتوانێ ڕەسەنی دەقەکانی قورئان بپارێزێ، تا ببێتە جێگای متمانە. لەبەر ئەوەی گشتی لە ڕێگای بیستن و گوتنەوەی ڕۆژانە لەلایەن یاوەرانی پەیامبەر، بە شێوەی بەراوردکردن وپشتڕاست کردنەوە.

٢ لەڕێگای تۆمارکردنی دەق لەسەر پەڕە. تا نەوە دوای نەوەڕەسەنایەتی لەدەست نەدات. ئەوەش پەیوەندی بە توانای نووسەر و متمانەی هەبوو. [303]

لە ساڵی یەکەمی خەلافەتی ئەبو بەکری سدیق و شەڕی موسەیلەمەی یەمامە. ئەبوبەکر سوپایەکی بۆ شەڕ ئامادەکرد، کە زۆربەی ئەو کەسانەی قورئانیان لەبەر بوو، بۆ شەڕ چوون. لەو شەڕەدازیاتر لە ٧٠٠ کەس لەوانە کوژران، کە کەم یا زۆر ئایەتەکانی قورئانیان لەبەربوو. کاتی عومەری کوڕی خەتاب بینی ئەوەندە لە قورئانخوێنان کوژراون. لەوە ترسا کە کەسیان لێ نەمێنێ. و بۆیە بیری لەوەکردەوە، کە دەبێ قورئان کۆبکرێتەوە. بۆیە چووە لای ئەبوبەکر، و پێی گوت: کوشتن قورئانخوێنانی قڕکردووە. من لەوە دەترسم، لە شەڕ

[303] شاهین، الدکتور عبدالصبور (٢٠٠٧) تاریخ القرآن. الطبعة الثالثة. نهضه مصر. ص ٧٥- ٧٦

سەرجەمی قورئانخوێنان بکوژرێن. و زۆربەی قورئانمان لە لەدەست بچێ. بۆیە بە ڕای من دەبێ قورئان کۆ بکەینەوە!! و داوای لە ئەبوبەکر کرد، کە بەو کارە هەڵبستێ. بەڵام ئەبوبەکر گوتی: چۆن ئێمە شتێک بکەین، کە پەیامبەری خودا فەرمانی پێنەکردبین؟ عومەر گوتی: ئەوە دەکەم کە خودا پێی خۆشە! دوای ئەوە عومەر وازی نەهێنا تا ئەبوبەکری هێنایە ڕایێ. [304]

لە بنەڕەتدا ئەو هەستەی عومەر لەوەوە دەستی پێکرد. ڕۆژێکیان پرسیاری سەبارەت بە ئایەتێکی قورئان کرد. گوتیان فلان کەس لەبەری بوو. بەڵام لە شەڕی یەمامە کوژرا، گوتی إنا لله. [305] دوای ئەوە کەوتە بیری، کۆکردنەوە و تۆماکردن و ڕێکخستنی قورئان. هەوڵدانی لەگەڵ ئەبو بەکر کە خەلیفەی یەکەم بۆ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. [306]

دوای باوەڕ هێنانی ئەبو بەکر، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی کۆکردنەوە. و ساخکردنەوەی قورئان، (زەید کوڕی ثابت)یان ڕاسپارد بۆ هەڵسانی بەو کارە. ئەوەش لە خۆیەوە جێگای سەرسوڕمانە. لەبەر ئەوەی:

یەکەم: زەید لە دوا کاتەکانی تەمەنی محمد، لە مەدینە دەستی بە نووسینەوەی قورئان کردبوو.

دووەم: زۆر کەسیتر هەبوون کە هەر لەسەرەتاوە قورئانیان تۆمار دەکرد. و بە درێژایی تەمەنی قورئان هاودەمی پەیامبەر بوون، و خۆیان گوێبیستی بوون.

---

[304] السیوطی، جلال الدین (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.١: ٥٩، ابن الخطیب (١٩٤٨) جمع القرآن و تدوینه. ص ٣٤

[305] ئەوە بەڵگەیە کە قورئان بە دەیان و سەدان ئایەتی لێ دیارنەماون. یان لەبیرکراون.

[306] هەمان سەرچاوە ١: ٥٨، ابن الخطیب (١٩٤٨) جمع لاقرآن و تدوینه. ص ٣٤

بۆیە لە جێگای خۆیەتی، مرۆڤ گونمان لە دیاریکردنی زەید بۆ ئەوە کارە گرنگە بکا. هەر بەو بۆنەیەوە، ووتەیەکی زەید سەبارەت بە یەکەمین دیدەنی بۆ کۆکردنەوەی قورئان، لەگەڵ خەلیفە ئەبوو بەکر دێنینەوە.

زەید بن ثابت دەگێڕێتەوە:

> لە دوای شەڕی یەمامە ئەبوبەکر بە دوای دانارەدم. عومەری کوڕی خەتابیشی لەلابوو. ئەبوبەکر گوتی: عومەر هاتۆتە لام و گوتی. ئەگەر کوشتنی قورئانخوێنان بەردەوام بێ!! من لەوە دەترسم زۆر لە قورئان لەناو دەچێ. من ڕام وایە تۆ قورئان کۆبکەیتەوە. زەید بەردەوام دەبێ و گوتی: من بە عومەرم گوت چۆن شتێک دەکەن، کە پەیامبەری خودا نەیکردبێ. گوتی: ئەوە الله دەیزانێ.
>
> ئەبوبەکریش پێی گوتم: (تۆ گەنجێکی ژیری، تاوانبارت ناکەین، گەر وەحی بۆ پەیامبەری خودا بنووسیتەوە. واتە قورئان کۆبکەمەوە). بەو خودایە، ئەگەر داوایان لێکردبام چیایەک بگواڕمەوە، لەو قورستر نەدەبوو، کە فەرمانی پێدام قورئان کۆبکەمەوە. قورئانم لەسەر لقی دارخورما و پارچە بەردی سپی کۆدەکردنەوە (دەنووسینەوە) تا دوا سورەتی التوبەم لای ابی خزیمە الانساری دۆزیەوە،. کە کەسیتر لای نەبوو. ئەو دەقانە لای ئەبوبەکر بوون تا مرد. دوای ئەویش لای عومەر و دواتر لای حفصەی کچی عومەر هەڵگیرابوون. [307]

کۆکردنەوەی قورئان وەک زانراوە، بە شێوەی فەرمی و باو لە جیهانی ئیسلامدا، لە سەردەمی خەلافەتی ئەبو بەکر دەستی پێکرد و لەسەردەمی خەلافەتی عوسمان لە مەدینە کۆتایی

[307] السيوطى، الإتقان في علوم القرآن، الجزء الأول، ص ٥٧، فرقان لإبن الخطيب (١٩٤٨) ص ٣٥

پێهات.[308] هەرچەندە ئەوە ناتوانێ تەواوی ڕاستی پرۆسەی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی قورئان بێ. لەبەر ئەوەی لەسەردەمی عبدالملک کوڕی مەڕوان نەک تەنیا دوبارە نووسرایەوە. بەڵکوو گەورەترین گۆڕانی بەسەرداهات. (ئەوە دواتر دەگەڕێینەوە سەری)

دوای بڕیاردانی ئەبوبەکر و عومەر لەسەر کۆکردنەوەی قورئان. زۆر پەلەیان بوو لەبەر ئەوەی، ترسێکی گەورە هەبوو لەسەر ناکۆکی نێوان مصحفی جیاواز لەیەکتری. کە خاوەنەکانیان لە یاوەرانی بەناوبانگی پەیامبەر بوون. و هەروەها دایکانی باوەڕداریش کە لە بۆنەی تایبەتی و گشتی دا، هاودەمی پەیامبەر بوون کۆیان دەکردەوە. سەرەڕای ئەوەژمارەی پەرتووکەکان زۆر بوون. و هەردووک ئەبو بەکر و عومەر باش ئەوەیان دەزانی کە جیاوازییەکان ئەوەندە زۆرن، چارەنووسی قورئان بە کارەساتێکی گەورە کۆتایی دێ. و کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر ئایندەی قورئان و سەرجەمی ڕەوتی دین دەبێ. چونکە زۆر لەو کۆپیانەی لای موسوڵمانان هەبوون،زیاتر جێی متمانە بوون. جیاوازی گەورەشیان لە نێواندا هەبوون ئەوەش ترسێکی گەورەبوو، کە پێویستی بە دەستوبرد دەکرد بۆ یەکلاکردنەوە.

بە پێی بوخاری لە ساڵی ١٢ کۆچی کۆکردنەوەی قورئان دەستیپێکرد و ١٥ مانگی خایاند. ئەو پەلەکردنەش لە ترسی ئەوە بوو، نەوەک لە نێوان ئەو هەموو دەقە جیاوازیانە قورئان لەناو بچێ.[309]

---

[308] عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قوريش من قبيلة الى الدولة المركزية ص١٥

[309] السيوطى، جلال الدين (١٩٣٥) الإتقان فى علوم القرآن. الطبعة الثانيه.١: ٥٨

قوورئانە بەناوبانگەکان

وەک پێشتر باسکرا، زۆر لە هاوەڵانی پەیامبەر قورئانیان دەنووسییەوە، بۆیە لە جێگای خۆیەتی، ناوی ئەو قورئانانە بێنین، کە هەر لە سەردەمی محمد لە ژیاندا بوون. خەریکی نووسینەوەیان بوون. ئەو کەسانە لە ناو ئەسحابان ناوبانگیان، هەم لەسەر جێمتمانەیی و زیرەکی هەبوو. سەرەڕای ئەوە کەسانێک بوون، بە شێوەی جیاواز هاودەم و نزیکی نووسەری قورئان بووین.

١ قورئانی سالم بن معقل ابی حذیقه. کە نەبی محمد لە کۆیلایەتی ئازادی کردبوو. بەڵام سالم ساڵێک دوای نەبی ئەویش مرد. بەپێی ابن شته لە پەرتووکی (کتاب المصاحف) دەڵێ (یەکەمین کەس کە قورئانی وەک پەرتووک کۆکردەوە، سالم بوو. سوێند دەخۆم جلی لەبەر نەدەکرد تا کۆی نەکردەوە. و کۆشیکردەوە. [310]

٢. قورئانی عبدالله بن عباس (ساڵی ٦٨ک مردووە) ابن عباس پایەیەکی بەرزی لە ناو ئیسلام هەبوو، پسپۆر بوو لە ڕاڤەکردنی ئایەتەکانی قورئان. قوتابی عەلی کوڕی ئەبی تالب بوو. الشهرستانی دەڵێ قورئانەکەی ابن عباس جیاوازی لە نووسین و ڕێکخستن لەگەڵ قورئانی سەحابەکانی تردا هەبوو. [311]

٣. قورئانی عقبه بن عامر (سالی ٦٠ ک مرد) یەک لە سەحابە بەناوبانگەکانی پەیامبەر بوو.

---

[310] ابن ابی داود السجستانی (١٩٩٥) کتاب المصاحف. دار البشائر الإسلامية

[311] الزنجانی، ابو عبدالله (١٩٣٥) تاریخ القرأن، مطبعة لجنة التأليف ص ٧٦

دواتر بووە فەرمانڕەوای میسر. قورئانەکەی ساڵی ٣١٣ ک /٩٢٥ س.ب دۆزرایەوە. ئەوەی جێگای پرسیارە، دواتر گوم بووەوە تا ئێستاش دیار نییە.

٤. قورئانی المقداد بن عمر (ساڵی ٣٣ ک مردووە) یەک لە سەحابەکانی بەناوبانگی پەیامبەر بوو. قورئانەکەی لە حمس لە سوریا بڵاوبووەوە.

٥. قورئانی ابی موسی الاشعري (ساڵی ٥٢ ک مردووە) لەسەر ڕێبازی عەلی بوو. قورئانەکەی لە شاری بصرا بڵاوبووەوە. دەقەکانی قورئانەکەی زۆر لە قورئانی ابی بن کعب و ابن مسعود دەچوو. جیاوازی بەرچاوی لەگەڵ قورئانی عوسماندا هەبوو. [312]

٦. قورئانی ابی بن کعب (ساڵی ٢٣ ک لە مەدینە مردووە) پەیامبەر، بێجگە لەوەی ابی بۆ نووسینەوەی وەحی بەکاردەهێنا، هەروەها نووسینی نامە بۆ هۆزە عەرەبیەکانیش لە ئەستۆی ابی بوون. ابی بن کعب بە بیرتیژی نلسرابوو. یەک لە کەسە دەگمەنەکان بوو کە قورئانی سەرجەم لەبەربێ. قورئانەکەی جیاوازی لەگەڵ قورئانی عوسمان دا هەبوو. بە ژمارەی سورەت و ڕێکخستنیان. لە قورئانی ابی ١١٦ سورەت هەبوون، لە جیاتی ١١٤ لە قورئانی ئێستادا. دوو سورەتە زیادەکەش سورەتی الخلع و سورەتی الحفد بوون. [313]

٧. قورئانی عبدالله بن مسعود (ساڵی ٣٠ ک مردووە) و لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری شوان بووە. بە گەنجی بۆتە موسوڵمان. لە قورئانەکەیدا سورەتی الفاتحەی کەمە. بەپێی گۆتەی ابن مسعود (المعوذتین لە قورئان نییە) بە پێی ابی بن کعب فەرموودەیەکی پەیامبەرە لەسەر حسن و حسین، نەک ئایەتێکیێ لە قورئاندا. تەنانەت ابن مسعود لەوەش

[312] نۆلدێکە، تاریخ القران ٣: ٩٧ پەراوێز ١، تاریخ القران ل ١٦٥
[313] الزنجانی، ابو عبدالله (١٩٣٥) تاریخ القرأن مطبعة لجنة التألیف ص ٧٢

زیاتر دەڕوا و دەڵێ :هەڵەیە بڵێی قل اعوذ برب الفلق لە جیاتی ئەوە بڵێ قل اعوذ برب الناس. ئەوە لەکاتی لەژێر جادووی جولەکان، نەبی محمد گۆڕیویەتی. ئەگینا لە قورئان دا نییە. هەڵبەتە سحابە و سەرجەم اهل البیت لەگەڵی ناکۆک بوون. [314]

٨. قورئانی عائیشە، ابو یونس بۆ کۆکردۆتەوە. سەبارەت بەوە عروە ابن الزبیر دەگێڕێتەوە کە عائیشە گوتوویەتی.(سورەتی الاحزاب کاتی پەیامبەر دووسەد ئایەت بووە). بەڵام لە قورئانی عوسمان تەنیا ٧٣ ئایەتە و ئەوەی تری لابردراوە. [315]

٩. قورئانی حفصە کچی عومەر، کە عەمرو بن رافع بۆی کۆکردۆتەوە. بەڵام نازانین کە هەمان قورئانی زەید بن ثابت کە لێی وەرگرت یان نا؟

حفصة کچی عومەر خوێندەواری هەبوو. لە فەرموودەیەک هاتووە. کە حفصە دەستپێشخەری ئەوەی کردووە. کە چیرۆکی نەبی یوسف لە تەورات بنووسێتەوە. بۆ ئەوە عومەری باوکی داوای لە کەسێک کردووە، کە هەندێک تابلۆی تەوراتی بۆ لەسەر پێستە بنووسێتەوە. دوای ئەوە پیشانی محمدی داوە. دەڵێن کاردانەوەی محمد ڕەق و خراپ بووە. لەو دەمەوە، موسوڵمانان هاندەدران. کە سەبارەت بەدین بێجگە لە قورئان هیچیتر نەخوێننەوە. لەبەر ئەوەی بارتەقای گشت پەرتووکەکانی تری تێدایە.[316]

دواتر کۆیلەیەکی عومەری باوکی، کە ئازادکراو بوو، بە ناوی عمرو بن رافع، سەر بە خێڵی لخم بوو. کە دەکەوێتە سنووری سووریا و ئیسرائیل. حفصە وەک نووسەر بۆ مصحف بەکاری دێنا. هیچ مێژووێکی وورد، سەبارەت بەو کارە دیار نییە. تەنیا دەڵێن ئەوە دوای

---

[314] القرطبی جامع لأحکام القرآن، الجزء ٢٥ ص ٢٥١

[315] السیوطی، جلال الدین (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.٢: ٢٥

[316] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History, pp 325

مردنی محمد بووە. واتە نێوان ساڵانی ٦٣٢ – ٦٦٥ز. ئەو ساڵەی حفصە کۆچی دوایی کرد.[317]

١٠. قورئانی عەلی بن ابی طالب (ساڵی ٤٠ ک مردووە) عەلی ناوی (ناسخ و مسوخ)ی لێزابوو. قورئانەکەی دابەشی سەر ٧ بەشکردبوو. هەر بەشەی ١٥ تا ١٦ سورەتی تێدابوو. لەڕاستیدا قورئانەکەی عەلی لە گشت قورئانەکانی تر باشتر و ئاستی بەرزتربوو. ئەوەش بە هۆی پێگەی لە ناو ئیسلام و ئاستی تێگەیشتنی لە ڕەوتەکە. لەلایەکیتر لەگەڵ گشت قورئانەکانی تر جیاوازبوو. جیاوازییەکەشی لەسەر هەڵوێستی بوو، بەرامبەر ئەهلی سوننە و خەلیفەکانی، کە خەلافەتیان لێزەوتکردبوو. هەر ئەوەش بە پێی تێپەڕبوونی مێژوو قورئانی جۆراوجۆر لەگەڵ ڕێبازی جۆراوجۆر لەناو پەیرەوانی ئەو پەیدا دەبن. [318]

بێجگە لەوانە، چەند کەسیتر هەبوون کە بە شێوەیەکی کەمتر قورئانیان دەنووسیەوە. لەوانەش:

عمر بن الخطاب، عبد الله بن الزبير، عبد الله بن عمر، عبيد بن عمير الليثي، عطاء بن أبي رباح، عكرمة، مجاهد، سعيد بن جبير، الأسود بن زيد، محمد بن أبي موسى، قحطان بن عبد الله الرقاشي، صالح بن كيسان، طلحة بن مصرف، الأعم و بن قيس.

---

[317] Ibid.

[318] السيوطى، جلال الدين (١٩٣٥) الإتقان فى علوم القرآن. الطبعة الثانيه.١: ٥٨، عالم المعجزات ل ١٦٤ – ١٦٥

چەند بەسەرهات و هەڵوێستەیەک

ڕێکەوتێکی گرنگ هەیە کە بە چەند جۆر گێڕدراوەتەوە. لێرەدا ابن ابی داود دەگێڕێتەوە دەڵێ: کاتی نەبی مرد، عەلی سوێندی خوارد جلەکانی لەبەر ناکاتەوە، تا قورئان لە پەرتووکێکدا کۆنەکاتەوە. لەبەر ئەوەی هێشتا بەیعەتی نەدابوو. دوای چەند ڕۆژ ئەبوبەکر بە دوای دانارد. و پێی گوت ئەی بلوکی حەسەن ڕقت لە دەستەڵاتی منە؟ گوتی نە بە خودا. من تەنیا سوێندم خواردووە، جلەکانم دانەکەنم تا سەرجەمی قورئان کۆنەکەمەوە. ئیتر بەیعەتی داو گەڕایەوە ماڵ. [319]

هەمان چیرۆک لە عەکرەمە دەگێڕنەوە، دەڵێ دوای ئەوەی عەلی بەیعەتی دایە ئەبوبەکر. بێدەنگ لەماڵی خۆی دانیشت. لەلای سەحابەکان و خەلکی تر وەک دڕدۆنگییەک بە ئەبوبەکری دەگوت: ڕقم لەو بەیعەتەیە کە بەتۆم دا.

دوای ئەو هەواڵە گەیشتەوە ئەبوبەکر، بەدوای دانارد گوتی: ڕقت لە بەیعەتی منە؟

گوتی: نە بەخودا، گوتی چی لە منت دڵگران دەکا.

گوتی: دەبینم پەرتووکی خودا لێی زیاد دەبێ! لەگەڵ خۆم پەیمانم داوە، بێجگە لە نوێژ جل لەبەر نەکەم، تا سەرجەمی کۆ نەکەمەوە. [320]

لە هەردوو گێڕانەوەکاندا، عەلی هەستی بە ترس و دڵەڕاوکێ کردووە، سەبارەت بە چارەنووسی قورئان. بەڵام لە گێڕانەوەی دووەم بە ئاشکرا دەڵێ قورئان لێی زیاد دەکرێ!!

---

[319] ابن ابی داود السجستانی (١٩٩٥) کتاب المصاحف. دار البشائر الإسلامیة

[320] السیوطی، جلال الدین (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.١: ٥٧ – ٥٨، الزنجانی، ابو عبدالله (١٩٣٥) تاریخ القرأن, مطبعة لجنة التألیف, ص ١٦٧

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرسوڕمانە، عەلی دەیبینی قورئان گۆڕانی تێدادەکرێ. ڕۆژ دوای ڕۆژ زیادوکەمی تێدا دەکرێ. بۆیە وا بە توندی کارەکەی خستۆتە ئەستۆی خۆی.

لێرەدا پرسیارێک سەر هەڵدەدا، ئایا عەلی کەی هەستیکرد، کە قورئان گۆڕانی تێدا دەکرێ؟ باشە بۆ ئەبو بەکر و عومەر قورئانەکەی عەلیان وەرنەگرت؟ خۆ قورئانەکەی عەلی بە لێڕاوی زیاتر جێی متمانە بوو. کەچی لە جیاتی ئەوە قورئانەکەی زەید کوڕی ثابت کە لە بنەڕەتدا قورئانی حفصەی کچی عومەر بوو، پەسەندتر کرد، لە ئەوەی عەلی. خۆ عەلی لە یەکەم دەستەی موسوڵمانان بوو، هەر لە منداڵیەوە محمدی دەناسی و لە گشت هەنگاوەکنیشی پاڵپشتی بوو، و لەگەڵیدابوو. سەرەڕای ئەوە موجاهدێکی گەورەبوو. هەروەها کوڕی مامی پەیامبەر و زاواشی بوو. بەیەک لە هەڵگرانی ئاڵای ئیسلام دەژمێردرا.

باشە بۆ زەید کوڕی ثابتیان هەڵبژارد بۆ کۆکردنەوەی قورئان. ئەوەش ئاشکرایە کاتی محمد بانگهێژی ئیسلامی دەکرد، هێشتا زەید لە سکی دایکی دابوو. تەمەنی زەید ١٠ ساڵی تێپەڕ نەکردبوو، کە نەبی کۆچی بۆ مەدینەکرد. ئەوەش دەزانین کەزەید هێشتا لەدایک نەبووبوو، زیاتر لە یەک لەسەر سێی قورئان هاتبوو.

ئەی باشە قسەی ئەبوبەکر مانای چیبوو؟ کە بەزەیدی گووت:

تۆ گەنجێکی ژیری، تاوانبارت ناکەیین. بۆ زەیدیان لە عبدالله بن عباس بە باشتر زانی، کە پەیامبەر خۆی بە بلشرتین کەس لە قورئان و ڕاڤەکردنی باسیدەکرد؟ [321]

هێشتا لەو قۆناغەدا بە دەیان نیشانەی پرسیار سەر هەڵدەدەن. و وا دەکەن مرۆڤ نەتوانێ وا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەوەبێ کە (قورئان دەستکاری نەکراوە).

---

[321] الحریری، ابو موسی (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فی تاریخ القرآن، ص ١٦٨

سەرەڕای ئەوش ناکۆکی لە نێوان قسەی عومەری کوڕی خەتاب کە لە وەڵامی پرسیارێک گوتی : قورئان تەنیا گەنجانی قورەیش دەینووسنەوە. کەچی زەید بن ثابت هەم خەڵکی مەدینە بوو، هەم لە ئەنسارەکان بوو. هەمیش لە سەردەمی کۆتایی قورئان بۆ پەیامبەری دەنووسیەوە. کەچی هەر زەید، جێگای ڕەزامەندی عومەر و ئەبو بەکر بوو! و دەستی بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان کرد. [322]

سەرەڕای ئەوە هەڵوێستی بە گومانی عومەر کەم و زیادبوونی لە قورئان. جارێکیان عومەر بە گاڵتەوە بە عبدالرحمن کوڕی عەوفی گوت:

شتێک نابینی کە بۆمان دابەزێ. جیهادیان کرد. هەروەک یەکەم جاری جیهاد، من نایبینمەوە!

عبدالرحمن گوتی: لێی کەوت. چۆن لە قورئان کەوت. [323]

ڕەنگە ئەو گاڵتەی عومەر لەسەر هەڵوێستی زەید بووبێ لە توندی لەسەر کۆکردنەوە و تۆماکردن. ئەگەر هەر کەسێ ئایەتێکی هێنابایە دەبوایە دوو کەسیتر بە گەواهی پشتڕاستیان بکردبایەوە. جارێکیان عومەر هاتە لای زەید، و گوتی ئایەتی (رجم) م پێیە. زەید تۆماری نەکرد. لەبەر ئەوەی هیچ کەسی نەبوو گەواهی بۆ بدا. [324] ئەوەش عومەری دڵگرانکرد. کە بەڕای ئەو. بەو شێوەیە لە قورئان دادەبڕن و ناتەواو دەبێ.

ئەوانە بە گشتی گومان لە سەر ئەو گرووپە دروست، دەکەن کە بە کۆکردنەوە و پاکنووسی قورئان هەڵبڕژێران. ئەوەش بەڕەچاوکردنی قسەی ئەبوو بەکر (تۆ گەنجێکی ژیری، تاوانبارت ناکەین). ئایا کەسێک هێشتا دەستی بە کۆکردنەوەی قورئان نەکردبێ، بۆچی پێویستی بە

---

[322] الامام شهاب الدين القسطلانى. لطائف الاشارات لفنون القراوات جزء الأول ١٩٧٢ ص ٦٢

[323] السيوطى (١٩٣٥) الإتقان فى علوم القرآن. الطبعة الثانيه. ٢: ٢٥

[324] ابن الخطيب (١٩٤٨) جمع لاقرآن و تدوينه. ص ٣٦

پاکانە هەبێ، ئەگەر پلانی گۆڕان لە قورئان لە ئارادا نەبێ!!.

زەید دەڵێ بەدوای قورئاندا لە کەسانی کە لەبەریان بوو، یان نووسراو لەسەر پێستە و گەڵای دارخورما و تاشەبەردی سپی دەگەرام. ئایەتێکم لەبیرچووبوو، کە لە پەیامبەر بیستبووم. لە کۆتایی لەلای کەسێکی ئەنسار دۆزیمەوە. ئەوەش ئایەتەکە بوو:

سورة الاحزاب ٣٣: ٢٣

مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا (٢٣)

لەناو باوەڕداران پیاوانی وا هەن، لەگەڵ پەیمانی بە خودایان دابوو، سەرڕاست بوون. هەندێک لەوانە گیانیان بەخشیوە. و هەندێکیش هێشتا لەژیاندا ماون و هیچیان لە بەڵێنی خۆیاندا نەگۆڕیووە. (٤٦)

بۆیە دەبێ بە ئاسانی ڕک بەوە بکەین کە دەست بە کۆکردنەوەی قورئان کرا لە سووڕەتەکان کەمتر یان زیاتر بوون. یان بە ئاشکرا، کەم و کووڕی لە سووڕەت و ئایەتەکاندا هەبوون.

ئەو کاتەی کۆکردنەوە کۆتایی هات، وەک سیوطی دەگێڕێتەوە، ئەبوبەکر گوتی:

ناوێکی لێ بنێن. هەندێک گوتیان سیفر، هەندێکی تر گوتیان مصحف، لەبەر ئەوەی لە حەبەشە بە پەرتووکی پیرۆز دەڵێن مصحف. بڕیار درا ناوی لێبنێن مصحف تا بەئاسانی لە تەورات جیا بێتەوە کە بە دەقەکانی دەڵێن سیفر. السیوطی ئەوەش بەو مانایە نایێ کە قورئان دەبێ سەرجەمی سووڕەت و ئایەتەکانی تێدابێ، تا پێی بڵێن مصحف. قورئانی هەمزەی کوڕی عبدالمطلب، کە هەشت ساڵ بەر لە کۆتایی هاتنی وەحی کوژرا. کەچی

قورئانەکەی هەر بە مصحف ناودەبرا. بە پێی ئەو دەربڕینە هەر کەسێک تەنانەت چەند سوورەتێکی لابوایە دەیانگوت مصحفی هەیە. [325]

قۆناخی دووەم: سەردەمی عوسمان

دوای مردنی ئەبو بەکر، قورئانەکە کەوتە لای عومەر. و دوای مردنی عومەر، لای حفصەی کچی عومەر هەڵگیرا. بە هاتنی عوسمان قۆناخێکی تر دەستی پێکرد. و لە سەرەتادا پرسی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئام پشتگوێ خرابوو.

دوای ئەوەی عوسمان بووە خەلیفەی سێیەمی ئیسلام، لەسەرەتادا، لەبەر گیروگرفتی گەورەتر بەریان وەبەر قورئان نەمابوو. بەڵام بەهۆی ڕێکەوتی شەڕ و داگرکاری، جارێکیتر پرسی کۆکردنەوەی قورئان و ڕێکخستنی سەری هەڵدایەوە. لێرەدا إبن الخطيب ئاماژە بە شتێک دەکا کە عوثمانی والێکردبوو، جارێکیتر بە زووبی، دەست بەڕێکخستنەوەی قورئان بکا. ئەوەی عوثمانی خستبووە ترس نارِیکی و پەرش و بڵاوی قورئان نەبوو. بەڵکوو ترسی عوثمان لە خوێندنەوەی جیاواز بوو.

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلام، لە سەردەمی خەلیفە عوسمان فراوان بوو. و دەستی بەسەر وولاتانی ترداگرت. و عەرەب تێکەڵی نەتەوەکانی تر بوون. خەڵکی هەر وولاتێک قورئانیان بە شێوەیەک دەخوێندەوە. کە جیا بوو لە وولاتانی تر. بۆ نموونە لە شام بە خوێندنەوەی

[325] الكرمانى ١٤٤، تاريخ القرآن عبدالصبور ١٦٠

أبی بن کعب دەیانخوێندەوە. کەچی خەڵکی کوفە بە شێوەی عبدالله بن مسعود دەیانخوێندەوە. بەو شێوەیە هەر وولاتێک بە شێوەیەک دەیخوێندەوە.

لە ناو موسوڵمانانیش جیاوازی لە زۆر خوێندنەوە دا هەبوو. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە پەیڕەوی خوێندنەوەی حەوت پیتیان (الأحرف السبعة) دەکرد. کە هێشتا پەیامبەر لە ژیاندابوو، مۆڵەتی ئەوەی دابوو. کە هەوکەس دەتوانێ بە دیالێکتی خۆی بخوێنێتەوە [326] ئەوەش بە گشتی لەسەر فەرموودەی پەیامبەر، کە گوتوویەتی: ئەو قورئانە لەسەر حەوت پیت دابەزیووە، چۆن بۆتان دەگونجێ وای بخوێننەوە. [327]

ئەو مۆڵەتەش لە دوای کۆچی پەیامبەر بۆ مەدینە هات. دوای ئەوەی هۆزە جیاجیاکانی عەرەب هاتنە ناو ئیسلام. و دیالێکتی جیاوازیان هەبوو. کە بۆیان سەخت بوو بێجگە لە دیالێکتی خۆیان بخوێننەوە. [328]

لە ساڵی ٢٥ کۆچی، لە نێوان ساڵی دووەم و سێیەمی خەلافەتی عوثمان ، لەشکری ئیسلامی عێراق و شام ئەرمینیان داگیرکرد. لەو داگیرکردنە حذیقة بن الیمان فەرمانڕەوای مەدائین بوو. هەروەها بەشێک بوو لە کاروباری عێراق. و هەروەها یەکێک بوو لە شەڕکەرانی داگیرکردنی ئەرمینیا. [329]

---

[326] العک، خالد عبدالرحمن (١٩٨٦) تاریخ توثیق نص القرآن الکریم. الطبعة الثانیة. دار الفکر. ص ٤٥

[327] فتح الباری للحافظ إبن الحجر ٩: ٢١

[328] العک، خالد عبدالرحمن (١٩٨٦) تاریخ توثیق نص القرآن الکریم. الطبعة الثانیة. دار الفکر. ص ٤٦

[329] فتح الباری ٩: ٣

لەو کاتە ناکۆکی کەوتە نێوان لەشکری شام و عێراق. ئەوانەی شام بە خوێندنەوەی أبي بن کعب دەیانخوێندەوە. گوێیان لە خوێندنەوەی عبدالله بن مسعود نەدەگرت. و پێیان هەڵەبوو. ئەوانیش بە پێچەوانەوەی خوێندنەوەی أبي بن کعبیان بە هەڵە دەزانی.

کە حذیفە گوێی لە خەڵکی حمص بوو دەڵێن خوێندنەوەی ئەوان باشترە، لە هی خەڵکیتر، کە قورئانی المقدادیان دەخوێندەوە. خەڵکی بەسرە بە هەمان شێوە، کە قورئانی أبي موسی الأشعر یان دەخوێندەوە. بەم دیمەنە تووڕەبوو، و سوورهەڵگەڕا. و دەستیکردە ووتاردان. گوتێ: خەڵکی پێش ئێوەش ناکۆکیان هەبوو. بە خودا بە پەلە، دەچمە لای ئەمیر المؤمنین، دەبێ ئەو کێشەیە چارەسەربکرێ. بۆیە هەر دەستبەجێ هاتە مەدینە. نەچووە ماڵێ خۆی، تا عوسمانی نەدیت. و گوتی: ئەی ئەمیر المؤمنین، هەست دەکەم ئەو نەتەوەیە پێش ئەوەی ناکۆکییەکەیان ببێتە، ناکۆکی جولەکە و نەسارِی دەبێ چاری بکرێ. . [330]

ئەو هەڵوێستەی حذیفة، وای لە خەلیفە عوسمان کرد، کە بیر لە ئەنجامی ناکۆکی ئەو خوێندنەوە جیاوازانە بکاتەوە. کە تا زووە، بڕیاری کۆکردنەوە و یەکخستنی قورئانەکان بدا. ئەگینا ترسی دوو سیناریۆی خراپ بۆ قورئان دەکرا.، ئەو دوو سینارۆیەش، بریتی بوون لە:

یەکەم: ئەگەر خوێندنەوەی ئایەتەکان نەکرابوایە یەک خوێندنەوە. و هەروەک جارانی سەردەمی پەیامبەر، و أبو بکر و عومر بوایە. ڕەنگبوو ئەو قورئانە ناوەڕۆکی بە ئاراستەیەکی تر بڕۆیشتبایە.

دووەمیش: سەردەمی عوثمان گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە قورئان نەیدەتوانی وەک ئامرازێکی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کاری پێبکرێ.

---

[330] هەمان سەرچاوە ٩:١٤، افرقان لإبن الخطیب (١٩٤٨) ص ٣٥

ئەو دوو هۆیە وایان لە عوسمان کرد. تا زووە چارەسەری کەو کێشەیە بکا، کە لەشکری ئیسلامی کردبووە چەندین پارچە.

زید کوڕی ثابت قورئانەکەی حفصەی هەڵبژارد

زەید کوڕی ثابت لە سەردەمی عوسمان، قورئانی حەفصەی لە ناو گشت ئەو قورئانەکان هەڵبژارد. بەس بۆ ئەوەی سەرنجی موسوڵمانان بۆ ئەوەڕابکێشێ، کە ئەوە هەمان قورئانە ئەبو بەکر و عومەر دەستیان پێکردبوو، تا بتوانێ بەرامبەر هەوڵی دابڕان لە ناو دین بووەستێتەوە. هەڵبەتە لەو کارەی نەک تەنیا سوکەوت، بەڵکوو دەستیشی ئاوەڵابوو، بۆ چۆنییەتی نووسین و لابردن و بەرەنگار بوونەوەی قورئانەکانیتر، هەرچەندە کەسانی دەستەڵاتدار بوون لە ناو دەوڵەتی ئیسلام.

سوتاندنی گشت قورئانەکانیتر

فەرمانی عثمان سەبارەت بە کۆکردنەوەی قورئان بەو شێوەیە بوو:
سووتاندنی گشت مصحەفەکانی ڕکابەری، ئەو مصحەفەی عوثمان. بە تایبەتی ئەو مصحەفانەی عوسمان بڕوای وابوو، ئایەتی تێدان پشتگیری عەلی دەکەن. بەو شێوەیە مصحفێک دەردەچێ، کە لایەنگرانی عەلی لە دەقەکان دووردەخاتەوە. و بڕیارێکیشە ناڕاستەوخۆی پێگای عوسمان بەهێزدەکا.

بێجگە لەو ڕیوایەتە، ڕیوایەتێکیتر هەیە، کە بە زۆری دەگێڕدرێتەوە، کە دەبێ عوثمانی هاندابێ، بۆ کۆکردنەوەی قورئان:

حذیقە سەرکردەی داگیرکردنی ئەرمینیا لە ساڵی ٦٤٥ – ٦٤٦ س.ب ، بە سەرکردایەتی هێزێک، بە مەبەست ئەرمینیا، بەرەو عێراق کشا. لەو کاتەدا، لەسەر خوێندنەوەی قورئان، ناکۆکی لە نێوان سەربازەکانی دا هەبوو. بۆیە هاتە لای عوثمان. و داوای لێکرد کۆپییەکی نووسراوی یەکگرتووی بداتێ. گوتی: ئەی ئەمیر المؤمنین لەو نەتەوەیە تێبگە، پێش ئەوەی ناکۆکیان لەسەر پەرتووک بکەوێتە ناو. وەک ناکۆکی (یەهودی و نەسارِی). بۆیە عوثمان فەرمانی دا بە کۆکردنەوەی قورئان، لەیەک مصحف دا. ئەوەش بە متمانەکردن لەسەر ئەو مصحەفەی لەلای حفصة پارێزرابوو. کە دوایی بۆی گەڕاندەوە. دواتر فەرمانی دا، بە سوتاندنی، گشت کۆپییەکانیتر.[331]

بۆیە ئەو کارەی عوثمان بەردێک و دوو چۆڵەکە بوو. ئەوەش دەرفەتێک بوو لەژێر ناوی بەردەوام بوون لەسەر کۆکردنەوەی قورئان. لەلایەک ڕێکخستنی لەسەر یەک خوێندنەوە. و ئەو خوێندنەوەیەش شێوەزمانی قورەیش بوو. واتە حەوت پیتەکانی کردە یەک پیت. و دەبوایە لە شێوەی تۆمارکردنی پیت و فۆنەتیک، تەنیا پەیڕەوی ئەو خوێندنەوەیە بکرێ [332]

لەلایەکیتریش سەرجەمی قورئانەکانی تر دەبێ بفەوتێنن و تەنیا یەک قورئان بمێنێ. ئەویش هەمان قورئانی أبو بکر و عومەرە. بۆ ئەو کارەش، هەروەک ئەبو بەکر و عومەر، هەر زەید کوڕی ثابتی بۆ کۆکردنەوەی قورئان هەڵبژاردەوە. سەرەڕای ئەوەی زەید، بێجگە لە چەند ئایەتێک نەبێ کە لە کۆتایی تەمەنی محمد گوێی لێبووین. ئەگەر زەید، لەگەڵ ابی و ابن

[331]Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History, pp 323 صحیح البخاری، باب فضائل القرآن. باب جمع القرآن حدیث ڕقم: ٤٩٨٧ ص ١٢٧٥

[332] ابن الخطیب الفرقان ص ١١٨

عباس و عەلی بن ابی تالب بەراوردبکرێ. نە لە بواری شارەزایی و نەلەباری ئەزموون نەدەگەیشتە ئاستی هیچ یەک لەوانە. کەچی عوسمان هەروەک ئەبو بەکر و عومەر زەیدی بەباشتر زانی. و کردیە سەرۆکی گرووپی کۆکردنەوەی قورئان و پاراستنی.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە زەید نە عیبری دەزانی و نەسریانی (ئارامی). کە ئەو دوو زمانە لەگەڵ سەرجەمی تێکستەکانی قورئان تێکەڵاون. ئەوە بێجگە لە چەندین زمانیتر کە کەم تا زۆر ووشە و گوزارەیان تێکەڵ بە تێکستەکانی قورئان بووین. سەرەڕای ئەوە عوسمان بەوەش نەوەستا. بەڵکوو بۆ ساخکردنەوەی قورئان، بڕیاری یەک قورئان بکرێتە سەرچاوە و ئەوانیتر، گشت بسوتێنن. ئەوەش قورئانی زەید بوو، وەک تاکە مصحف بمێنێ. [333]

لەپێشتر ئەوە باسکرا کەزەید کوڕی ثابت گێڕایەوە. کە ئەبو بەکر پێی گوتووە: (تۆ گەنجێکی ژیری، تاوانبارت ناکەین، گەر وەحی بۆ پەیامبەری خودا بنووسیتەوە. واتە قورئان کۆبکاتەوە). ئەوەش گومانی دەستکاری قورئان زیاتر دەکا. کە هەر لە سەردەمی أبو بکر دەستی پێکردبێ. و عوسمانیش، بە دانانی زەید، لەسەری بەردەوام بوو. بۆیە زەید باشترە، و پێویست بەڕێنمایی وڕابسپێری ناکا، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی ئەبو بەکر و عومەر.ڕێنمایی کراوە.

سەرەڕای ئەوە کێشەی گرووپەکەش لە جێگای خۆی، کە زەید دەبوایە سەرپەرشتی بکا. ئەو گرووپە لە شوێنێک تەنیا ناوی دوو کەس هاتووە. زەید و سەعید بن العاص. لە شوێنێکی دیکە ناوی سێ کەس : زەید، سعید و عبدالرحمان بن هشام. لە شوێنێکی دیکە ئاماژە بە چوار کەس دەکا. لە شوێنێکی تر ئاماژە بە ١٠ کەس دەکا. ئەوەی لە هەمووی زیاتر جێگەی هەڵوێستەکردنە. سەعید بن العاص کاتی پێکهێنانی گرووپەکە والی کوفە بوو. چۆن

[333] ابن سعد، محمد ٢٠٠١. الطبقات الكبير طبعة ١١، ٢: ١١٥

دەتوانێ ئەندامی گرووپێکی وابێ، کە خۆی بە سەدان کیلۆمەتر دوورێ. کە پێویستی بە ئامادەبوونی بەردەوام و هەمیشە بێ، لە کارێکی وا چارەنووس ساز. [334]

زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو گرووپە لە چوار کەس پێکهاتبوو. لەوانە سێیان بریتی بوون لە خەڵکی مەککە و سەر بە چینی ئەرستۆکراتی و خزمی عوسمان کوڕی عەفان بوون. و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبوو. بێجگە لە زەید خەڵکی مەدینە بوو و لە ئەنسارەکان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی گرووپ بوو. ئامۆژگاری عوسمان بۆ گرووپەکە ئەوەبوو (ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان ئێوە و زەید کوڕی ثابت، لەسەر ووشە و چمک یا دەربڕین لە لێکدانەوە یان ڕکاندن، لە قورئان هاتە پێش، ئەوە بەزمانی قورەیش بینووسن) ئەوەش لە خۆیەوە ئاماژەیە کە خەلیفە، خۆی دەست لە کاری گرووپ وەردەدا و دەستەڵات و گەورەیی خۆی دەسەلمێنێ. [335]

هەر لە سەرەتای دەستبەکار بوونی گرووپ عوسمان زەیدی کوڕی ثابتی نارد لای سعید بن العاص، عبدالرحمان بن الحارث بن هشام و عبدالله بن زبێر. ڕایسپارد کە دەق بەدەوران ڕوونووس بکەن. کەچی لەلایەکیتر بە سێ خزمە قورەیشیەکانی گوتبوو کە ئێوە جیاوازیتان لەگەڵ زید بن ثابت نییە. بە زمانی قورەیش بنووسن. لەبەر ئەوەی کە بەو زمانە دابەزیووە. [336]

ئەوەش بەڵگەیە کە عوثمان نەک تەنیا قورئانی کۆدەکردەوە و ڕێکدەخست. بەڵکوو دەسکاری دەقەکان و گونجاندنیانی دەکرد، لەگەڵ شێوەزمانی قورەیش و دەسەتەڵاتی دەوڵەتی کارگێڕی و سیاسی نوێ.

---

[334] ابن ابی داود کتاب المصاحف ص ٢٢، ٢٤، ٥٥

[335] السیوطی (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه. ص ١: ٥٩

[336] القسطلانی، احمد بن محمد أبی بکر (١٩٧٢). لطائف الإشارات لفنون القراءات. جزء الأول ص ٢٦

بەڵام عوسمان چەند کێشەیەکی لەو پڕۆسەیە لە پێش بوون. یەک لەوانە، زۆر باش دەیزانی قورئانەکەی عەلی چەند ترسناکە. کە هەم دژی بوو. و هەم رقابەری سیاسیشی بوو. ئەوەشی دەزانی کە لەسەردەمی پەیامبەر چەندین قورئانی تر نووسراون. و لای موسوڵمانان پیرۆزن، و گرنگی خۆیان هەیە. [337]

ئەوەشی باش دەزانی، عەلی ڕای تایبەتی خۆی سەبارەت بە قورئانەکەی زەید هەیە. و هەر لە سەردەمی ئەبو بەکر گلەیی خۆی گەیاندبوو. خۆشی قورئانی هەر لە سەردەمی پەیامبەر نووسیبووەوە. و ڕەسەنایەتیشی بەرامبەر قورئانەکەی زەید بەراورد ناکرێ. [338]

سەرەڕای ئەوە، عوسمان دەیەویست تەنیا قورئانەکەی خۆی بمێنێ. و گشت قورئانەکانی تر لەناوبەرێ. بەڵام ئەوە کارێکی تا بڵێی ئەستەم بوو. لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی دەیان نووسیەوە، هەم بەدەستەڵات بوون، و هەم بەوە ڕازی نەبوون، وا بە ئاسانی مصحەفەکەیان ڕادەستی عوسمان کەن.

نموونەیەکی ئەو کۆپیانە هی حفصەی کچی عومەر بوو. تا سەرە مەرگ هەرلای خۆی هەلیگرتبوو. و ڕادەستی عوسمانی نەدەکرد. بەڵام کاتی لە سەرەمەرگ دابوو، بەدوای عەبدوللای کوڕی عومەری برای دانارد. کە ئەو قورئانەی لای بوو دایە دەستی. و ڕایسپارد کە پارێزگاری لێبکا. کەچی ئەو کاتەی تەرمی حەفصە بەرێکرا، عەبدوللا هەمووی دڕاند و سوتاند. لەوە دەترسا شتێک لەو قورئانە دا هەبێ، جیاوازبێ لە قورئانەکەی عوسمان، سەرەڕای ئەوە نەیدەویست، لەسەر قورئانێک بەرەنگاری عوسمان بێتەوە. و بەرژەوەندی

[337] الحريرى، ابو موسى (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فى تاريخ القرآن. سلسلة: الحقيقة الصعبة (٣) ص ١٧٢
[338] هەمان سەرچاوە ص ١٧٢

خۆی تێکبدا. لەبەر ئەوە سوتاندنی باشترین ڕێگابوو. هەم دەردەسەری لەکۆڵ عوسمان کردەوە، و هەم خۆشی لە ناکۆکی دەربڕکرد. [339]

مەڕوانی ئامۆزای عوسمان بن عفان، کە وەک نووسەر لەلاشی کاری دەکرد. لە کاتی کۆکردنەوەی مصحەفەکان، فەرمانی دا یەکێک بچێتە لای حفصة. و ئەو مصحەفەی، کە تا ئێستا پارێزگاری لێکردووە بێنێ. بۆ ئەوەی بیسوتێنن (لەوە دەترسان ناکۆکی لەگەڵ مصحفی عوسمان دا هەبێ) بەڵام حفصة ڕەتیکردەوە. مەڕوان دوای کوژرانی عوسمان. و لەسەردەمی معاویة، بۆ ماوەیەک کرایە والی مەدینە.

ڕیوایەکیتر دەڵێ، دوای مردنی حەفصة ساڵی ٦٦٥ س.ب مەروان بن حکم فەرمانی بە عبدالله کوڕی عومەر دا. کە مصحەفەکە بێنێ. عبدالله بێ سێ و دوو فەرمانەکەی بەجێگەیاند. مەڕوان پارچە پارچەی کرد و سووتاندی. لەبەر ئەوەی شتێکی تێدابێ کە ناکۆک بێ لەگەڵ مصحفی عوثمان.[340]

ئەوەش دوو ڕیوایەتی جیاوازن، یەکیان دەڵێ عبدالله کوڕی عومەر، کە برای حفصة بوو خۆی یەکسەر دوای شاردنەوەی حفصة سوتاندوویەتی، ئەویتر دەڵێ مەڕوان بن حەکەم دوای مردنی حفصة داوای لە عبدالله کردووە. و بۆی هێناوە و پارچە پارچەی کردووە و سوتاندوویەتی. بەلام گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە عبدالله لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی قورئانەکەی فەوتاندووە. خۆی سووتاندوویەتی یان مەڕاون، هیچ لەپرسەکە ناگۆڕێ. ئەوەی لێرەدا گرنگە گێڕانەوەکان جیاوازن. ئەوەش بەڵگەیە کە زۆربەی بەڵگەنامەکانی ناو مێژوونووسانی موسوڵمان جێی متمانە نین.

---

[339] الامام ابوبكر بن عبدالله السجستانى. كتاب المصاحف ١٩٨٥ ل ٢٨

[340] أبي داود السجستاني. كتاب المصاحف. ص ١٢،
البلاذري، أنساب الأشراف. الجزء الأول ص ٤٢٧

لە کۆتاییدا خاڵێکی گرنگ لەسەر دێتە پێش. حفصە بێجگە لەو مصحەفەی کە خۆی بە یارمەتی عمرو نووسیویەتی، ئەو مصحەفەشی کەوتۆتە لای ئەبو بەکر و عومەر بە سەرپەرشتی زەید بن ثابت و یاریدەدەرەکانی لە سەردەمی عوثمان کۆکرایەوە. ئەوەش دەزانین کە مصحەفەکەی حەفصە، خۆی زووتر بە یارمەتی عەمرو بن ڕافع کۆیکردبووەوە. بووە بنەڕەت بۆ ئەو مصحەفەی عومەر و ئەبو بەکر دواتریش عوسمان. کە ئەو مصحەفە، دوای کۆتایی کاری کۆکردنەوە، تا مردنی حەفصە هەر لەلای خۆی پارێزراو بوو.[341] ئەوەش بەڵگەیە کە حفصە متمانەی بە کۆکردنەوە و پیاچوونەوەی زەید نەبووە. زانیویەتی جیاوازی هەیە لە نێوان دەستنووسەکەی بنەڕەتی خۆی، و ئەو دەستنووسەی دوای کارتێداکردنی، لەسەردەمی ئەبوبەکر وعومەری باوکی بۆیە بەوە ڕازینەبووە مصحەفەکەی خۆی ڕادەستی عوسمان بکا.[342]

لە ڕاستیدا عوسمان لەسەر کاری کۆکردنەوەی قورئانی ئەبوبەکر و عومەر زۆر بڵیمەتانە بەردەوام بوو. هەنگاوێکی سیاسی زیرەکانە بوو. ئەگەر متمانەی بە قورئانەکەی ابن مسعود بکردایە. بۆ نموونە ابی بن کعب و قورئانی الاشعریان دەخوێندەوە. ئەوە کارەکانی ئەبوبەکر و عومەری دەخستە ژێر پرسیار و سووکایەتی پێدەکردن. بۆیە بە زیرەکی خۆی دەیزانی کە موسوڵمانان ئامادە بوون واز لە ناکۆکی بێنن لەسەر پاشخانی کارێک دوو خەلیفە کردبێتیان.

---

[341] صحیح البخاری باب فضائل القرآن . باب جمع القرآن
Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 326

[342] هەڵبەتە دوو قورئان لای حەفصة هەبووین. یەکیان نووسینەوەی خۆی. و ئەوێتریان ئەو قورئانەی ئەبوبەکر و عومەر. بۆیە ئەو قورئانەی لای حەفصة مابوو، ئەوە نەبوو، کە أبو بکر و عومەر خەریکی کۆکردنەوەی بوون. بەڵکوو قورئانی حەفصە کە عەمرو بن ڕافع بۆی کۆکربووەوە. هەر لە سەرەتادا، کە زانی دەیسوتێنن نەیدایە گرووپی عوسمان. و هەر لەلای خۆی مابوو. ئەوەی زوو دایە دەستی زەید و عوثمان وەک ڕاسپێرییەک بوو لای.

و پێشڕەوی بەرەپێدان بووین، بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام. و داگرکردنی وولاتان لە پێناوی ووتەکانی قورئان و بەپێی دەقەکان.

دوای تەواوبوونی کاری گرووپی کۆکردنەوە، عوسمان خۆی پێداچووەوە. ووشە بە ووشە، پیت بە پیت ئەو شتانەی گرووپ لەسەریان تێپەڕیبوو، ئەو چاکی دەکردن لە زۆر جێگای قورئان ووشەی گۆڕیون و یان بەشێوەیتر نووسیونیەتەوە. لێرەدا سێ نموونە لەسەر، ئەو ووشانەی کە عوسمان، چاکیدەکردن:[343]

لم یتسن	لم یتسنه	البقرة ٢٥٩ [344]
لا تبدیل للخلق الله	لا تبدیل لخلق الله	الروم ٣٠
فأمهل الکافرین	فمهل الکافرین	الطارق ١٧[345]

لە کۆتاییدا دەبێ سێ خاڵ ڕوونکەینەوە:

یەکەمیان: ڕێکخستنی سووڕەتەکانی قورئان، تا ئەو کاتە پەرش و بڵاوبوون. و یەکەمین جار لەسەردەمی عوسمان، بە شێوەیەکی باش کۆکرانەوە و ڕێکخران[346]

دووەم: دوای کۆتایی هاتنی کاری گرووپی زەید بن ثابت، و بەفەرمانی عوسمان گشت مصحەفەکانیتر سوتێنران، بە قسەی إبن حجر ئەو ڕووداوە لە ساڵی ٢٥ کۆچی بوو. [347]

سێیەم: ناکۆکی لەسەر ژمارەی ئەو کۆپیانە هەیە، کە بەفەرمانی عوسمان نووسراونەتەوە. و ڕەوانی ویلایەتەکان کراون.

---

[343] الفرقان، لإبن الخطیب (١٩٤٨) ص ٤٠ - ٤١
[344] ئەو ووشەیە دواتر حەجاجیش چاکیکرد
[345] ئەو بڕگەیە حەجاجیش دەستکاریکرد.
[346] الفرقان لإبن الخطیب (١٩٤٨) ص ٣٧
[347] هەمان سەرچاوە ص ٤٠

هەندێک دەڵێن، عوسمان فەرمانی پێدان چەند کۆپیەک لە مصحەفەکە، بکەن چوار دانەیان کۆپیکردن. یەکیان بۆ کوفە، ئەویتر بۆ بەسرە، سێیەمیان بۆ شام و چوارەمیش لای خۆی هێشتەوە.

هەندێکیتر دەڵێن ژمارەی مصحەفەکان پێنج بوون، هەندێکیتر دەڵێن ژمارەیان حەوت بووین. و بەو شێوەیە دابەشکراون، هەریەک بۆ ئەو شوێنانە نێردراون: مەککە، شام، یەمەن، بەحرێن، بەسرە، کوفە، یەکێشیان لە مەدینە مایەوە.[348]

ناکۆکی لەسەر دەربڕینی ووشەکانی قورئان

زۆر بەڵگە هەن، ئاماژە بەوەدەکەن. نارەزایی لەسەر شێوەی نووسینەوەی قورئانی عوسمان هەبووە. یەک لەو قورئان نووسانەی هەرە کۆن ابن مسعود بوو. کە دژی قورئانی عوسمان بووە. بە لێبڕاوی کۆکردنەوەی قورئانەکەی عوسمانی ڕەتکردۆتەوە. و لە زۆر جێگا دەیگوت:

> چۆن فەرمانم پێدەدەی کە پەیڕەوی خوێندنەوەی زەید بکەم! لەکاتێکدا من حەفتا جار قورئانم خوێندبێتەوە. و لە دەمی پەیامبەرم بیستبێ.زەید هێشتا لە پشتی باوکی بوو ... [349]

جارێکی تر لە کۆڕێکدا، بە ئامادەبوونی خەڵکی گوتی:

---

[348] هەمان سەرچاوە ص ٤٠

[349] إبن أبي داود، ابوبكر (١٩٣٦) كتاب المصاحف. المطبعة الرحمانية. القاهرة. ص ٢٤

من قورئانی عوثمان بەجێدێڵم. لەبە ئەوەی کاری مرۆڤە. ئەو کاتەی من موسوڵمان بووم،زەید لە هەناوی دایکی دابوو[350].

زەهری دەڵێ لەسەر ووشەی تابوت و تابوة کێشە دروست بوو. یەک لە قورەیشییەکان دەیگوت تابوت.زەیدیش التابوة. ئەو ناکۆکییە بەزکرایەوە بۆ لای عوسمان. و دوای ئەوی عوسمان گوێی ڕاگرت، گوتی: بنووسن تابوت، لەبەر ئەوەی زمانی قورەیشە.

زۆر لە ئایەتەکانی قورئان دەبێ نەمابن، ئەوەش لەبەر ئەوەی زۆر لەوانەی قورئانیان لەبەر بوو دەکوژران، یان ئەسحابە لەبیریان دەچووەوە. ئەک لەو نموونانە ئایەتی ٢٣ لە سورەتی الأحزابە. کە بەریکەوت دۆزراوەتەوە، ئەی دەبێ چەندین ئایەتی تر، بەر ڕێکەوتی وا نەکەوتوون و گومبووین.

زەهری لە جێگایەکی تر دەڵێ: خارجة بن زەید بۆی گێڕامەوە، کە زەید بن ثابت گوتی: ئایەتێکم لە سورەتی الاحزاب (سورة الأحزاب ٣٣: ٢٣) لێ گومبوو. دڵنیابووم کە گوێم لێبووە، پەیامبەری خودا دەیخوێندەوە. دوایی بە گەڕان لەگەڵ خزیمە کوڕی ثابت دۆزیمەوە و خستمەوە ناو سوورەتەکە[351].

سەرەڕای ئەوەی عوسمان پەرتووکی پیرۆزی لەناو موسوڵمانان کردە یەک، کەچی کێشە بنەڕەتەکەی چارەسەر نەکرد. بەڵکوو بەرەو ئاڕاستەیەکی ئاڵۆزتری برد. لەبەرئەوەی موسوڵمانان ڕاهاتبوون، قورئانە کۆنەکەیان بە ئاسانی دەخوێندەوە. هەندێکیان لەبەریان دەکرد. کەچی قورئانەکەی عوسمان نە کەس لەبەری دەکرد، نە دەیانخوێندەوە. خاڵ و سەروبۆری نەبوو، تا پیتەکانی لەیەکتر جیا بکەنەوە. هیچ پیتی بزوێنیشی تێدانەبوون. بۆ

[350] هەمان سەرچاوە ص ١٥
[351] هەمان سەرچاوە ل ١٩٩

دیاریکردنی سرووشتی ووشەکان و چۆنیەتی ئاوازیان. لەکاتی ووشەی هاوشێوە و لەیەک نزیک، خوێنەر تووشی هەڵە دەبوو، زۆر جار دەمەقاڵی لە ناو موسوڵمانان پەیدادەبوو. هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ نەزانینی ووشەکە، بە تایبەتی کاتی دوو ووشە زۆر لەیەک نزیک دەبوون.

بە هاتنی قورئانەکەی عوسمان، دوای ماوەیەک وای لێهات، خوێندنەوەی نوێ هاتنە ناو قورئان. خوێندنەوەی ناقورەیش. تەنانەت بەزمانی نا عەرەبیش. گەیشتە ئەو ئاستەی هەموو شتێکی تێدابوو. بیستنیان گوێگری دەخستە گومان[352].

ئەوەی جێگای هەڵوێستەکردنە، ناکۆکی لە دەربڕینی ئاوازی ووشەکانی قورئان، لەو قۆناغەدا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، خەلیفە عوسمان خۆی گوتوویەتی (أجد فيه (قورئان) ملاحن و ستصلحها العرب. واتە دەبینم ئاوزی تێدایە، کە عەرەب چاکیان بکا)[353].

ئەو ناکۆکییە تەنیا خوێندنەوەی نەگرتبووەوە، بەڵکوو تێکستە تۆماکراوەکانیشی گرتبووەوە. ئەو قورئانانەی عوسمان بۆ ناوچە جیاوازەکان دەینارد، لە هەندێک شوێن جیاوازیان هەبوو. یان بەلای کەمی پیتەکانیان لەگەڵ یەکتری جیاوازبوون، کە زوو زوو کێشەی لە نێوان ئەسحابان دروست دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی لە شوێنی جیاواز یەکتریان دەدیت و قسەیان لەسەر ئایەتێک دەکرد. [354]

---

[352] الحريرى، ابو موسى (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فى تاريخ القرآن. سلسلة: الحقيقة الصعبة (٣) ص ١٧٤

[353] إبن أبى داود، ابوبكر (١٩٣٦) كتاب المصاحف. المطبعة الرحمانية. القاهرة. ص ٣٢، الحريرى، ابو موسى (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فى تاريخ القرآن. سلسلة: الحقيقة الصعبة (٣) ص ١٨٦

[354] شاهين، عبدالصبور، تاريخ القرآن ص ١٥٩

دوای کوژرانی عوسمان موسوڵمانان هەرچەندە دەیانزانی عوسمان کەسێکی ساختەچی و زۆرداره. ناویان به شەهیدی ڕێگای خودا دەبرد. و شوێنێکی تایبەتی له مێژووی ئیسلام وەرگرت. قورئانەکەشی بەهۆی ڕژانی خوێنی عوسمان بەهایەکی مەزنی پێدرا. لەمەودوا هەر خاوەن قورئانێک دەیتوانی خۆی بەو قورئانە هەڵنێ. دوای ئەوەش قورئانەکەی عوسمان بووە جادوێک کە خەلیفەی ئەمەوی عبدالملک کوڕی مەروان و حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی پێی ڕاپەڕین[355].

سەرەڕای ئەوە عوسمان بە قورئانەکەی زەید کە لە سەردەمی ئەبوبەکر و عومەر کۆیکردبووەوە، ڕازی نەبوو. دوای ئەوە سیستەمی حەوت پیتی لادا. لەجیاتی ئەو حەوت پیتە، یەک تیپی هەڵبژارد. واتە خوێندنەوەی لەسەر بنچینەی یەک یاسا جێگیرکرد، کە دەبوایە گشت موسوڵمانان، ئەو یاسای خوێندنەوە فێربن و پەیڕەوی بکەن. ئەو کارەشی پێچەوانەی فەرموودەی پەیامبەر بوو، کە گوتوویەتی: قورئان لەسەر حەوت پیت دابەزیووە. (أنزل القرآن على سبعة أحرف). لەگەڵ ئەو پشت گوێخستنەی فەرموودەی پەیامبەریش، ئەو هەنگاوەی عوسمان جێی ڕەزامەندی نەیرانیشی بوو. تەنانەت عەلی گوتوویەتی:

> ئەگەر منیش لە جێگای عوسمان بام، هەر وام دەکرد، کە ئەو کردی. کاتی قورئانیان بە حەوت پیت دەخوێندەوە، شەڕ و ناکۆکی لەناو موسوڵمانان پەیدا دەبوو. عوسمان لەناو حەوت پیت یەکی هەڵبژارد، کە پاکترینیانە و لە هومووياں دروستتر بوو. [356]

پرسیارەکە، لێرەدا ئەوەیە، پیتی دروست چیە؟ و کامیان دروستترین پیتە؟

---

[355] الحريرى، ابو موسى (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فى تاريخ القرآن. سلسلة: الحقيقة الصعبة (٣) ص١٧٥

[356] الحريرى، ابو موسى (٢٠١٠) عالم المعجزات. بحث فى تاريخ القرآن. سلسلة: الحقيقة الصعبة (٣) ص ١٧٥ ,ابو جعفر النحاس، الناسخ و المنسوخ ص ٣٧

قۆناخی سێیەم: قۆناغی عبدالملك کوڕی مەڕوان

دوای کوژرانی عوثمان موسوڵمانان هەرچەندە دەیزانی عوسمان کەسێکی ساختەچی و زۆردارە. ناویان بە شەهیدی ڕێگای خودا دەبرد. و شوێنێکی تایبەتی لە مێژووی ئیسلام وەرگرت. قوڕئانەکەشی بەهۆی ڕژانی خوێنی عوسمان بەهایەکی مەزنی پێدرا. لەمەودوا هەر خاوەن قوڕئانێک دەیتوانی خۆی بە قوڕئانی عوسمان هەڵێ. دوای ئەوەش قوڕئانەکەی عوسمان بووە جادوێک، کە خەلیفەی ئەمەوی عبدالملک کوڕی مەڕوان و حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی پێی ڕاپەڕین. [357]

موسوڵمانێک لە باسی قوڕئان لە قۆناخی بەرایی دەکا و دەڵێ:

> خەڵکی قۆناغی بەرایی... نووسینیان لە قوڕئانی پیرۆز خراپ بوو، بنبڕ نەبوو. کاتی نووسینی یەکەم هات تێکەڵاویەک بوو. هەڵەی گەورە و ناکۆکی گەورە کەوتە ناوو تێکستەکان. کۆپیەکانی قوڕئان هەر لە دانانی ووشە لە دروستی نووسین و ئەفراندنی دیمەنی سینارۆکان نیشانی هەڵەکانی دەدا. [358]

ئەو موسوڵمانە زۆر جوان باش پێکاویەتی. لەبەر ئەوەی پەتووکێکی پڕ ناکۆکیی، هەڵە و مانای دژەیەک. ئەنجامەکەی پێمان دەڵێ، هەرچەندە بە ئایەت، کە خودا دەڵی: ئێمە پارێزگاری لێدەکەین و .... ناکۆکی تێدا نییە! کەچی لە ڕاستیدا پێچەوانەیە. چارەنووسی

---

[357] عالم المعجزات ل ١٧٥

[358] ابن الخطيب الفرقان س ٥٧ - ٥٩

قورئان کەوتۆتە دەستی دەستەڵاتدارانی ئیسلام و بە ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆیان دەسکاری دەکەن. ئەوە ١٤٠٠ ساڵە تائێستاش خودا هەر بەرەنگاری لادان و ناکۆکییەکانی قورئانی عوسمان دەبێتەوە. تا دەگاتە حەجاج بن یوسفی سەقەفی. کە بە ناوبانگترین نکۆڵیکەر و یەک لەو کەسانەبوو، کە هەموو بەربەستێکی دەشکاند لە پێناوی سەپاندنی ڕا و بۆچوونی خۆی. [359]

خودا تائێستاش بەوگری لە بێتوانایی پەیامبەر و بێهێزی مێشکی لە لەبیرچوونەوە دەکا. شەیتانی لێ قەدەغەکرد، تا زمانی نەگرێ و گومانی بۆ دروست نەکا!! پارێزگاری لە سەحابەکانی کرد، لە هەر ئارەزووێکی هەیانبوو. هانی خەلیفەکانی ڕاشیدی دا، بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو قورئانە. بیری عوسمانیشی ڕووناککردەوە تا لە حەوت پیت یەک پیتی پاک و دروست هەڵبژێرێ. جا خوتان سەرپشکبن لەو دەردەسەریەی بەسەر قورئان و پەیامی خودا هاتووە. [360]

عبدالملک کوڕی مروان

عەبدولمەلیک کوڕی مەڕاون لە ساڵی ٦٥ ک/ ٦٨٤ س.ب گەیشتە دەستەڵات. بۆ ئەو لە ڕووی سیاسییەوە، زۆر گرنگ بوو گۆڕانکاری لە زۆر شتدا بکا. یەک لەوانە ڕیفۆرم لە ناو دەقەکانی قورئان. لەلایەک دەیەویست لەڕێگایەوە دەستەڵاتی ناوەندی ئەمەوی بەهێزبکا، و بیکاتە دەستەڵاتی ناوەندی بەرفراوان. دووەم بەهۆی چاکسازی لە قورئان ناکۆکییەکانی ناو ڕێزەکانی ئیسلام نەهێڵێ و قورئانیش وەک تاکە پەرتووکی پیرۆز هێمای دەوڵەت بێ. [361]

---

[359] دائره المعارف الاسلامیه ٢: ٢١٦
[360] عالم العجاز ل ١٧٩
[361] عالم الاعجاز ص ١٨١

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی، کە گشت هەوڵەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی قورئان لەسەردەمی ئەبو بەکر و عومەر، هەروەها عوسمان شکەستیان هێنابوو. و کارەکانیان بۆ ڕاسکردنەوە، بە نیوەچلی مابوونەوە. ئەوەش هەروا بوو تا سەردەمی حەجاج کە بە تەنیا لە عێراق چەندین مصحف بڵاو بووبوونەوە، و هەریەکەیان جیاوازی لەگەڵ ئەوانیتر هەبوو.

حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی وەک کەسایەتییەک نەترس، سوور لەسەر ڕای خۆی. ئەو فەرماندەبوو، کە هات خودا پشوویکی باشی دا، و دەستی حەسایەوە. موسوڵمانانیش بە هەمان شێوە حەسانەوە. ئەگەر حەجاج لە ئیسلامدا خوێنڕێژترین ومرۆڤی مێژوو، و بێ بەزەییترین بوونەوەر بووە. کەچی خزمەتێکی گەورەی بە ئیسلام کرد. و پەرتووکی محمدی لە ڕەگەوە گۆڕی و بەناوی خودا لە لەحی مەحفوز جارێکیتر بە جیهانی ئیسلامی فرۆشتەوە. [362]

حەجاج قورئانی ڕێکخست. پیتەکانی کردنە عەجەمی (سەرو بۆری بۆ کردن). ووشەی دروستکردن، ڕێزمانی جێگیرکرد. نووسینی هاموارکرد. گشت شتەکان لەگەڵ حەجاج ڕاست و هاوسەنگ دەرچوون. قورئان بە جۆرێک ڕێکخرا، ئیتر دەرفەت بۆ جیاوازی و بەراورد لە پەرتووکی خودا نەما. چیتر و بۆ کەس ئەو دەرفەتە نەڕەخسێ بە ناوی پیرۆزی کێشە بنێتەوە.

مێژوو بەدەیان جار ئەوەی دووپاتەکردۆتەوە. کە هەندێک کاروبار هەن، پێویستیان بە پیاوی خۆیان هەیە. بەبێ هێز و دەستەڵات سەپاندن نابێ. ئەوەش هەر لە حەجاج خۆی دێ. [363]

---

[362] الحريري، أبو موسى، عالم الاعجاز ص ١٧٩

[363] هەمان سەرچاوە ص ١٨٠

هەرچەندە دوای ئەو هەموو دەستکاریی و ڕاستکردنەوەیەش، نەتونراوە قورئان بکرێتە پەرتووکێکی نموونەیی و دوور لە هەڵە و ناکۆکی. کەچی ناتوانرێ لەگەڵ قورئانەکانی پێشتر بەراورد بکرێ.

عبدالملك کوڕی مەروان لە سنووری کەوشەنی دەستەڵاتیدا، دوو کەسایەتی مەزنی هەبوون. ئەو دووانەش عبدالله بن زیاد و حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی بوون.

عبدالله حاکمی خوراسان و میسۆپۆتامیا بوو. لە ژێر فەرمانڕەواییدا، موسوڵمانێکی بە ڕەچەڵەک فارس هەبوو، کە توانایەکی زۆری لە زماندا هەبوو. عبدالله بن زیاد فەرمانی پێکرد. کە هەزار تا دوو هەزار ووشە لە قورئان بگۆڕێ ئەو ووشانەش (قالت) لەجیاتی (قلت) و (کانت) لەجیاتی (کنت) دانێ. بەوەش کاریگەری هەم لەسەر ئاسانتر خوێندنەوەی دانا. و هەم لە زۆر جێگا دەرفەتی بۆ مانای جیاواز ڕەخساند. [364]

دووەم کەس حجاج کوڕی یوسفی سەقەفی فەرمانڕەوای حیجاز بوو. دوای زاڵبوونی بەسەر ڕاپەڕینی مصعب بن زبێر و عبدالله‌ی برای. و دواتر کرایە فەرمانڕەوای عێراق و بەرەنگاری ئاژاوەی خەواریج و شیعە بووەوە، و دایموکاندنەوە. و سوپای نارد، بۆ داگیرکردنی بوخارا، بەلخ و سند و سەرجەم ناوچەکانی ئێران.

یەک لەو کارە گرنگانەی حەجاج کردی، جارێکیتر پێداچوونەوە و چاککردنی قورئانی عوسمان بوو. کە لەو ڕێیەوە بتوانێ، موسوڵمانان یەکخاتەوە. لەبەر ئەوەی درکی بەوەکردبوو. کە قورئانی عوسمان لەبەر هەڵەو ناکۆکی، نارەزاییەکی گەورەی لە ناو موسوڵمانان بەدی هێنابوو. بەو کارەشی لە دوای عوسمان، خۆی دەبێتە دووم کەس کە

[364] ابن ابی داود کتاب المصاحف س ١١٧، نولدێکە ل ٢٥٥

بە کارێکی وا گەورە و ترسناک هەلبستێ. پێشتریش دوای کوژرانی عومەر و هەبوونی چەندین قورئان، بە جیاوازی جۆراوجۆر، عوسمان کوڕی عەفان هەنگاوێکی بوێرانەی هاویشت و لەلایەک قورئانی لە حەوت پیتەوە کردە یەک پیت، دووەم یەک قورئانی هەڵبژارد و فەرمانی دا، ئەوانیتر گشتیان بسوتێنن. ئێستاش کاتی هەنگاوی دووەمە. کە بکەونە گیانی قورئان و تابکرێ هاموارى بکەن. بەو کارەش گەورەیی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی دەوکەوت، کە لەو ئاستەی زیرەکی و خۆڕاگرییە دایە، بەرامبەر نەیارانی و بتوانێ سەرەڕای گشت تەگەرەیەک، پێی بچێتە سەر.

یەک لە تەگەرەی هەرە گەورەکانی حەجاج ئەوەبوو، قورئانی عوسمان بە هەموو ناکۆکیەکانی، سەرەڕای دابڕان و نارەزایی کەسانی هەم شارەزا لە قورئان، و هەم دژی خەلیفە و ڕێبازەکەشی بوون، کەچی قورئانەکەی عوسمان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سەرتاسەری هەرێمەکانی جیهانی ئیسلامی بڵاوبووبووەوە. [365]

لەلایەکیتر قورئانی عوسمان، ئەوەندە خراپ بوو. بەکەلکی خوێندنەوە نەدەهات. بەڵکوو زیاتر بارگرانی بوو، بەسەر دینی ئیسلام، لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەوی. ئەوەش حەجاجی ناچارکرد، تاپێی بکرێ دەستکاری باک، ئەوەی بەلەلکیش نەدەهات لەناوببەرێ.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی خراپی قورئانەکەی عوسمان، جارێکیان لە سەر ئاوازی هەندێک ڕستەی دەقەکانی قورئان لە عائیشەیان پرسی:

إن هذان لساحران (طه ٦٣)

المقيمين الصلاة و المؤتون الزكاة (النساء ١٦٢)

إن الذين أمنوا و الذين هادوا و الصئبون (المائدة ٦٩)

---

[365] الحرير، أبو موسى، عالم الإعجاز ل ١٨٢

لە وەڵامدا گوتی ئەوە هەڵەی نووسەرەکانە، لە نووسین هەڵەیانکردووە.[366]

بۆ پشتڕاسکرنەوەی خراپی قورئانەکەی عوسمان، دەکرێ ڕای السیوطی لەسەر هەڵەکانی قورئانی عوسمان وەربگرین. کە لە شەش بنەما کۆیاندەکاتەوە: حذف، إضافة، همزة، البدل، فصل و الوصل. هەروەها نموونەی زیاتریشمان لەسەر هەر بنەمایەک دەداتێ. لەسەر چۆنییەتی نووسرانیان لە قورئانی عوسمان و جیاوازیان لەگەڵ زمانی عەرەبی، کە لەو باسەزیاتر لێی قووڵ نابینەوە. [367]

لەو دەمەدا زیاد بن سمیة، والی بەسرا بوو، داوای لە زمانزانی بەناوبانگ أبی أسود الدؤلي کرد، کە ڕێگایەک بۆ چاکسازی لە ئایەتەکانی قورئان بدۆزێتەوە. بەڵکوو لەو تەنگژەی قورئان دەربازیان بێ. دوای پێکهاتن کە أبی أسود دەبێ بیری لێبکاتەوە. و زیادیش لەگەڵ حەجاج بەپەلەبوون، لە دۆزینەوەی ڕێگەجارەیەک.

لەو کاتەدا زیاد بیری لەوە کردەوە، بە هەر شێوەیەک بێ دەبێ کارەکە بەشێوەیەکی تر لە أبی أسود بگەیێنێ. بۆیە پلانێکی بچووکی دانا. کەسێکی پەیداکرد، کە قورئانی زۆر جوان دەخوێندەوە. و لەسەر ڕێگای أبی أسود داینا. کاتی ئەبی أسود تێدەپەڕێ، کابرا بەدەنگی بەرز قورئان دەخوێنێتەوە، تا أبی أسود گوێی لێبێ: (إن الله بريء من المشركين و رسوله) دوای ئەوەی، أبی أسود گوێی لێبوو، بەپەلە گەڕایەوە لای زیاد. و پێی گوت: ئێستا پێت سەرسامم، لەوەی پرسیارت لێکردم. و پێم وایە دەست بە گەڕاندنی (إعراب) قورئان دەکەم.[368]

---

[366] الفرقان لإبن الخطيب ص٤١

[367] السيوطى (١٩٣٥) الإتقان فى علوم القرآن. الطبعة الثانيه.الجزء الثاني، ص ١٦٦-١٧٣

[368] الزركشي، البرهان فى علوم القرأن، ج١، ص ٢٥٠ – ٢٥١، الزنجانى تاريخ القرآن ص ٨٧

پرۆسەکە وابوو، إبن إسود گوێی لە قورئان خوێنەکە دەگرت و لەگەڵ خوێندنەوەی خاڵی لەسەر پیتە هاوشێوەکان دادەنا. وێنەی لەسەر پیت و دیارکردنی شوێنیان دادەنا. سەر و بۆر و ژێری بۆ پیتەکان بەپێی خوێندنەوە دەکرد. کە تەواوبوون لە ناو دەقەکانی قورئان تەنیا ئەو ووشانە مانەوە، کە نەدەتوانرا، بەبێ گۆڕانکاری و تێکدانی سیمای ووشەکان چاکبکرێن. ئەوەش کارێک بوو کەس نەیدەوێرا وێنەی ووشەکانی قورئان بگۆڕێ. لەبەر ئەوەی بە کوفر دادەنرا. و نارەزایەتییەکی گەورەی لە بەرامبەر هەبوو. بۆیە هەروەک خۆیان مانەوە. نموونەی ئەو ووشانەش:

کافرون	کفرون
أنهار	أنهر
سماوات	سموت

لە ناو دەقەکانی قورئان بە هەزاران ووشەی ناوێزەی وا هەن. کە خوێندنەوەیان، پێویستی بەوەیە خوێنەر سیمای ووشەکان بناسێ، نەک بە گوێرەی رێنووس و فۆنەتیکی عەرەبی. لەو دەمەوە چاککردنیان لە نیوەی رێگا وەستا، کە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ بەهەمان شێوەی ئەو کاتەن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە، پیرۆزی ووشەکانی قورئان رێگربووین لەسەر دەسکاریکردن، هەرچەندە لە خزمەتی ئاسانکردنی خوێندنەوە، و تێگەیشتنی بن. ئەوەش بەربەستێکی گەورەبوو لە رێگای دەسکاری ئەو ووشانە.

گۆتەیەکی بەناوبانگی إبن مسعود هەیە دەڵێ:

واز لە قورئان بێنن. و هیچ شتی تێکەڵ مەکەن. [369]

[369] السیوطی (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه.الجزء الثانی، ص ١٧١

سەبارەت بە دیمەنە ناکۆکەکانی قورئان و خوێندنەوەی جیاجیا، لە گێڕانەوەی ابن عباس ، بە باشتر لە قورئانەکەی عوثمان دیاردەکەوێ. إمام أبی زرعە بن زنجلە لە پەرتووکی (حجە القراءات) زیاتر لەسەر شێوەی جۆراوجۆری خوێندنەوە، و کارەسات بۆ چارەنووسی قورئان باسدەکا. بەپێی ئەو گێڕانەوەیە دەستکاریکردن و پێداچوونەوە چ لە سەردەمی عوسمان و چ لە سەردەمی حەجاج کارێکی چارەنووس ساز بوو. [370]

ترسی موسوڵمانان بەگشتی لەوە بووە، نەوەک شتی لێزیادکەن یان دیمەنی ووشە بگۆڕن، بۆیە کاتی چاککردن، ڕەنگیان بەکاردێنا. بۆ نموونە: حرکات، تنوین، التشدید و السکون و المد، بە سوور ڕەنگدەکران. و هەمزە بە زەرد ڕەنگدەکرا. [371]

سەرەڕای ئەوەی کەسانی خەریکی چاکسازی بوون، خۆیان زۆر لە دەستکاری ووشەکان دەپاراست، کەچی ئەو چاکسازیانەی دەقەکانی قورئان، تا چەندین نەوە دواتر، گفتوگۆی توندی لەسەربوو. تا لە کۆتاییدا سەرەڕای ئەوەی زۆر لە زانایانی موسوڵمان کە خەریکی قورئان بوون، لەسەر ئەوە بە گومانبوون، کە شێوەیەک بکرێتە ستاندارد، کەچی دەستەڵاتی سیاسی لەسەر ئەوە سووربوو، کە ئەو شێوەیەی، کاری تێدا کرابوو، ببێتە ستاندارد. ئەو کێشەیە هەر درێژەی کێشا، تا گەیشتە ناڕەزایی لەسەر چاپکردنی قورئان بە ڕێنووسی چاپ. و دەرچوون لە ڕێنووسی عوسمانی. [372]
حەجاج زۆر گوراِنی لە ناو قورئانداکرد، بەڵام هەر گۆڕانکارییەکی دەیکرد، دوای ڕاوێژ لەگەڵ شارەزایان و قورئانخوێنانی هاوسەردەمی خۆی دەکرد.[373]

---

[370] حجە القراءات للامام ابی زرعە بن زنجلە. تحقیق سعید الافغانی. بیروت ١٩٧٩ ص ٧٠
[371] السیوطی (١٩٣٥) الإتقان فی علوم القرآن. الطبعة الثانیه. الجزء الثاني ص ١٧١، الحریري، عالم المعجزات. بحث فی تاریخ القرآن، ص ١٨٨
[372] الفرقان لإبن الخطیب ص ٥٠ – ٥٢
[373] هەمان سەرچاوە ص ٥٢

چەند نموونە لە دەسکاریەکانی حەجاج

حەجاج گۆڕانی لە زۆر جێگای قورئانەکەی عوسمان و گوتنەوەی سەحابەکاندا کرد. لەم خشتەیەی خوارەوە لیستێک لەو گۆڕانانە دەخەیەنە ڕوو. کە نیشان دەدا چۆن گۆڕانی ووشە، یان پیت کراوە یانیش جێگۆڕکێی زمانەوانی و گۆڕینی گوزارەی کردووە.

ئایەت	قورئانی عوسمان	قورئانی حەجاج
الفاتحة ١: ٧	صراط من أنعمت عليهم	صراط الذين أنعمت عليهم
البقره ٢: ٤٨	لا تجزى نسمة عن نسمة	لا تجزى نفس عن نفس.
البقره ٢: ٤٨	صفراء لذة للشارين	بيضاء لذة للشاربين.
البقره ٢: ١٩٧	و تزودوا و خير الزاد التقوى	و تزودوا فاءن خير الزاد التقوى
البقره ٢: ٢٢٦	للذين يقسمون	للذين يوءلون
البقرة ٢: ٢٥٩	لم يتسن	لم يتسنه
آل عمران ٣: ٤٣	ڑكعى و اسجد مع الساجدون	واسجد و ڑكعى مع الراكعين
آل عمران ٣: ١٥٩	و شاورهم فى بعض الأمر	و شاورهم فى الأمر
النسا ٤: ٤٠	مثقال نملة	مثقال ذرة
المائدة ٥: ٣٨	فاقطعوا ايمانهما	فاقطعوا ايديهما
المائدة ٥: ٤٨	شريعة و منهاجا	شرعة و منهاجا
يونس ١٠: ٢٢	هو الذى ينشركم	يسركم
يوسف ١٢: ٤٥	أنا أتيكم بتأويله	أنا أنبئكم بتأويله

المؤمنون ٢٣: ٨٧	سيقولون لله	سيقولون الله
المؤمنون ٢٣: ٨٩	سيقولون لله	سيقولوم الله
الشعراء ٢٦: ١١٦	المخروجين	المرجومين (چیرۆکی نوح)
الشعراء ٢٦: ١٦٧	المرجومين	المخروجين (چیرۆکی لوت)
الصافات٣٧: ١٢٣	ادراس و ادراسين	و إن إلياس لمن المرسلين
الزخرف ٤٣: ٣٢	نحن قسمنا بينهم معايشهم	معيشتهم
محمد ٤٧: ١٥	من ماء غير ياسن	من ماء غير آسن
ق ٥٠: ١٩	جاءت سكرة الحق بالموت	و جاءت سكرة الموت بالحق
الحديد ٥٧: ٧	فالذين أمنوا منكم و التقوا	فالذين أمنوا منكم و أنفقوا
تكوير ٨١: ٢٤	ما هو على الغيب بظنين	ما هو على الغيب بضنين

به بەراوردێک لە نێوان کۆکردنەوە و تۆمارکردنی قورئانی عوسمان و ئەو هەموو هێڵانەی کە تێیدابووین و حەجاج دەستکاری کردوون، پرسیارێک سەر هەڵدەدا، ئەویش دەبێ بەر لە عوسمان چ کارەساتێک بووبێ؟ [374]

لەو چەند خشتەیەی خوارەوە، چەند نموونەیەکی جیاوازی لە نێوان قورئانی عوسمان و دەستنووسەکانیتری قورئان پیشان دەدرێن.

قورئانی علی بن أبی طالب

سورة	علی بن أبی طالب	قورئانی باو
سورة البقرة ٢: ٢٨٥	أمن الرسول بما أنزل إليه و أمن المؤمنون	آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ

[374] الحريري، عالم المعجزات

قورئانی عمر بن خطاب

سورة	عومر بن خطاب	قورئانی عوسمان
سورة الفاتحة ١: ٧	صراط من أنعمت عليهم غير مغضوب عليهم و غير الظالين	صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ
سورة آل عمران ٣: ١-٢	الم. الله لا إله إلا هو الحى القيام	الم (١) اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ (٢)
سورة المدثر ٧٤: ٤٠ – ٤٢	فى جناح يتساءلون يا فلان ماسلكك فى سقر	فِي جَنَّاتٍ يَتَسَاءَلُونَ (٤٠) عَنِ الْمُجْرِمِينَ (٤١) مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ (٤٢)

قورئانی أبی بن کعب ١٠٦ – ١٠٧

سورة	أبی بن کعب	قورئانی باو
سورة النساء ٤: ٢٤	فما استمتعتم به منهن إلى أجل مسمى فأتوهن أجورهن	فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ
سورة البقرة ٢: ٢٢٦	للذين يقمسون	لِلَّذِينَ يُؤْلُونَ
سورة البقرة ٢: ١٥٨	فلا جناح عليه ألا يطوف بها	فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا
سورة المائدة ٥: ٨٩	فصيام ثلاثة أيام متتابعات فى كفارة اليمين	فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ

قورئانی عبدالله بن مسعود

سورة	عبدالله بن مسعود	قورئانی باو
سورة النساء ٤: ٤٠	إن الله لا يظلم مثقال نملة	إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ
سورة آل عمران ٢: ٤٣	و الركعى و اسجدى فى الساجدين	وَاسْجُدِي وَارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ
سورة البقرة ٢: ٦١	من بقلها و قثالها و ثومها	مِنْ بَقْلِهَا وَقِثَّائِهَا وَفُومِهَا

سورة البقرة ٢: ١٩٧	و تزودوا و خير الزاد التقوى	وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى
سورة البقرة ٢: ١٩٨	لا جناح عليكم أن تبتغوا فضلا من ربكم فى مواسم الحج نابغوو حينئذ	لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُمْ
سورة البقرة ٢: ١٩٦	أتموا الحج و العمرة إلى البيت	أَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ
سورة البقرة ٢: ١٤٤	حيث ما كنتم فولوا وجهكم قبله	حَيْثُ مَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ
سورة البقرة ٢: ١٠٦	ماننسک من أية أو ننسخها	مَا نَنْسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنْسِهَا
سورة المائدة ٥: ٦٤	بل يداه بسطان	بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ
سورة التوبة ٩: ٦١	قل أذن خيرو رحمة لكم	قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ لَكُمْ
سورة يونس ١٠: ٢٢	حتى إذ كنتم فى الفلک و جرين بكم	حَتَّى إِذَا كُنْتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِمْ
سورة مريم ١٩: ٣٤	ذلک عيسى إبن مريم قال الحق الذى فيه يمترون	ذَلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ
سورة العصر ١٠٣: ١ – ٣	العصر، إن الإنسان لفى خسر. و أنه فيه إلى أخر الدهر. إلا الذين أمنوا و عملوا الصالحات، و تواصوا بالصبر	وَالْعَصْرِ (١) إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (٢) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ (٣)

375

قورئانی إبن عباس

ابن عباس هەمیشە دەیگوت، ئەوانە هەڵەی نووسینن،

375 إبن الخطيب الفرقان (١٩٤٨) الفرقان. جمع القرآن و تدوينه، هجاؤه و رسمه تلاوته و قراءاته. وجوب ترجمته و إذاعته. الطبعة الأولى . مطبعة دار الكتب المصرية بالقاهرة. ص ١٠٨ - ١١٠

سورة	إبن عباس	قورئانی باو
سورة البقرة ٢: ١٣٧	فإن أمنوا بالذى أمنتم به فقد أهتدوا هەمیشه دەیگوت: نەڵێن (بمثل) چونکه خودای گەوره هیچ شتێکی له شێوه نییه	فَإِنْ آمَنُوا بِمِثْلِ مَا آمَنْتُمْ بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوْا
سورة البقرة ٢: ١٥٨	فلا جناح عليه أن لا يطوف بهما.	فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا
سورة البقرة ٢: ١٩٦	أقيموا الحج و العمرة للبيت	وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ
سورة البقرة ٢: ١٩٨	ليس عليكم جناح أن تبتغوا فضلا من ربكم فى مواسم الحج	لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُمْ مِنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُوا اللَّهَ
سورة البقرة ٢: ٢٣٨	حافضوا على الصلوات و الصلات الوسطى و صلاة العصر	حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلَاةِ الْوُسْطَى وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ
سورة آل عمران ٣: ١٥٩	و شاورهم فى بعض الأمر	لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ
سورة آل عمران ٣: ١٧٥	إنما ذلكم الشيطان يخوفكم اولياءة	إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ
سورة النساء ٤: ٢٤	فما إستمتعتم به منهن إلى أجل مسمى	فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً
سورة النساء ٤: ١٦٠	طيبات كانت أحلت لهم	طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ (بەبێ کانت)
سورة الأنبياء ٢١: ٤٨	وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى وَهَارُونَ الْفُرْقَانَ ضِيَاءً	وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى وَهَارُونَ الْفُرْقَانَ وَضِيَاءً
سورة النور ٢٤: ٢٧	يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى	يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى

	تَسْتَأْذنوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ	تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُون
سورة النور ٢٤: ٣٥	مَثَلُ نُورِ المؤمن كَمِشْكَاةٍ	اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ
سورة يس ٣٦: ٣٠	يا حسرة العباد	يَا حَسْرَةً عَلَى الْعِبَادِ
سورة النصر ١١: ١	إذا جاء فتح الله و النصر	إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ

سەرەڕای ئەوانە مصحفی تریشمان هەن. کە جیاوازیان لەگەڵ قورئانی باودا هەیە. نموونەیەک لەوانە مصحفی عبدالله بن الزبیرە، کە هەندێ جیاوازی لە نێوان خوێندنەوەی لەگەڵ قورئانیباو داهەیە.

سورة	عبدالله بن الزبير	قورئانی باو
سورة البقرة ٢: ١٩٨	ليس عليكم جناح أتبتغوا فضلا من ربكم فى مواسم الحج	لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُمْ مِنْ عَرَفَاتٍ
سورة آل عمران ٣: ١٠٤	ولتكن منكم أمة يدعون إلى الخير و يأمرون بالمعروف و ينهون عن المنكر و يستعينون بالله على ما أصابهم	وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ
سورة المائدة ٥: ٧	صراط من أنعمت عليهم	وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ

376

[376] إبن الخطيب الفرقان (١٩٤٨) الفرقان. جمع القرآن و تدوينه، هجاؤه و رسمه تلاوته و قراءاته. وجوب ترجمته و إذاعته. الطبعة الأولى . مطبعة دار الكتب المصرية بالقاهرة. ص ١١٠

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێین لەکۆڵ بوونەوەی قورئانەکەی عوسمان و هەنگاوێک بۆ پاککردنەوەی، پێویستی بە بوێری حجاج هەبوو. ئەگینا دەبوایە قورئانەکەی ئیسلام لەوەش ماڵوێرانتر بوایە. لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژووی نێوان خەلافەتی عوسمان تا حەجاج. کەسێک نەبوو ئەو ئاڕایەتییەی تێدابێ، دەوگای لەوحی مەحفوز بشکێنێ و دەسکاری وەحی خودا، بۆ محمد بکا. و قورئانە بنەڕەتیەکەی عوسمان بەو شێوەیە توێکاریبکا. [377]

[377] عالم المعجزات ل ١٨٧

زمانی قورئان و گرووپە ناڕازییەکان

هەرچەندە ئەو بابەتە کەمێک بۆ ئەو نووسینە لابەلایە، بەڵام لە جێگای خۆیەتی ئاوڕێکیش لەزمانی قورئان و هەلوێستی گرووپە هوشیار و ناڕازییەکان بخەینە ڕوو:

موعتەزیلەکان باوەڕیان وابو کە خودا چاکەیەکی ڕەهایە. ناکرێ و نابێ جنێو و نەفرەت لە دەقەکانی داهەبن، جا با هەر هۆکارێک یا کێشەیەک بێ. بەتایبەتی پەیامبەرەکەی دژایەتی لەگەڵ کەسێکی تر دا هەبێ، ئەبی لەهەب بۆ نموونە. امراتە حماله الحطب یان ابی جهل و هیتر.. [378] جنێو لە هیچ هەڵومەرجێکدا، پەیوەندی بە سروشی وەحیەوە نییە. موعتەزیلەکان ڕەتیان دەکردەوە و دەیانگوت، ئەو جنێوانە دەستی مرۆڤ لێی زیادکردوون. [379]

عەجاردەکان نکۆڵیان لەوە دەکرد، کە سورەتی یوسف هی قورئان بێ. دەیانگوت لەڕاستیدا چیرۆکێکی خۆشەیستییە و هیچ کاری بە وەحی خوداوە نییە. ناکرێ بە قورئانەوە بلکێندرێ. و بە ناوی خۆداوە بە باوەڕداران بفۆشرێتەوە. ئەوە دەستی مرۆڤە لێی زیادکردووە . [380]

عبادییەکان سکاڵا لە عوسمان دەکەن، و بەوە تاوانباری دەکەن، کە دەستکاری قورئانی کردووە. و لە پێناوی مەبەستی سیاسی نلسراو، بەلاڕێیدا بردووە. [381]

---

[378] نۆلدەکە لاپەڕە ٩٤
[379] گۆلدزیهر ل ١٦٣
[380] گۆلدزهەر ١٦٢، الشهرستانی الملل و النحل ل ٩٥
[381] Massignon, Hallaj 242

هەروەها هەندێک لە شیعەکانی ڕێبازی عەلی، زۆر هێرشیان کردە سەر قورئان. و بەوە تاوانباریان کرد، کە عوسمان گشت ئەو شتانەی لابردووە کە پەیوەندی بە عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە هەبووە. هەر بەو بۆنەیەشەوە چمکی (تبدیل فی القران) یان هێنایە کایە. [382]

سکالاو تاوانبارکردنەکانی سەبارەت بە قورئانەکەی عوسمان و حەجاج، لەسەر بنچینەی سیاسی و بەرژەوەندی کەسی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەی دروست، هەمیشە دەبێ لە ڕوانگەی مێژوویەوە سەیربکرێن، و هەڵسەنگێندرێن. ڕەنگە بۆ ووتەکانی خۆدا و پەرتووکی پیرۆز بریندارکەربن. بەڵام لە بنەڕەتدا لەبەرژەوەندی ڕێگای خودادان. [383]

سەرەڕای ئەو هەموو گلەییانە، دەبێ ئەوەش بخرێتە ڕوو. کە ناکۆکی لەسەر ژمارەی سوورەت و ئایەتەکانیش هەیە.

سورەتی (النورین) و سورەتی الولایة کە دوو سورەتی شیعەن، لەلای سونە بە ڕەسەن دانانرێن. سورەتی (الحفد) وسورەتی (الخلع) کە هەردووکیان بە گەواهی سەحابەکانی بەرایی، لە قورئانەکەی بن ابی کعب و ابن مسعود دابوون. بەو مانایەش دەبێ ڕەسەن بن. هەروەها ئایەتی (الرجم) کە تەنیا عومەر پشتڕاستی کردەوە، دەکرێ بە گەواهی یەک تاکە کەس وەربگیرێ؟ لە کاتێکدا وا بڕیاربوو. هەر ئایەتێک دەبێ چەند کەسێک گەواهی لەسەر دروستی بدا. [384]

ابن عباس خوێندنەوەی بۆ هەندێک ئایەتی بەناوبانگ گۆڕی. بۆ نموونە: هەمیشە دەیگوت، ئەوە هەڵەی نووسەرە کەوای تۆماکردووە.

---

[382] عالم المعجزات ل ١٩٦، نۆلدێکە ٩٤
[383] عالم المعجزات ل ١٩٦
[384] الحريري، ابو موسى، عالم المعجزات ل ١٩٧

لە کۆتاییدا ابن عباس دەیگوت:

> گومانی تێدا نییە کە قورئانیش، وەک هەر پەتووکێکی تر لە مرۆڤەوەیە. بۆیە ئەوەی بۆ هەر پەتووکێکی دیکە ڕەوایێ، بۆ قورئانیش هەروا ڕەوایە. لە قورئانیش هەڵە، لەبیرچوون و لەسەر تێپەڕین هەیە. پارێزگاری تەنیا بۆ خودایە. [385]

مصحف عبداللة بن زبير

مصحف عبدالله بن زبير	قورئانی باو
ليس عليكم جناح أبتغوا فضلا من ربكم فى مواسم الحج	لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُمْ مِنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُوا اللَّهَ عِنْدَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ البقرة ١٩٨
ولتكن منكم أمة يدعون إلى الخير و ئأمرون بالمعروف و ينهون عن المنكر و يستعينون بالله على ما أصحابهم	وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ آل عمران ١٠٤
فيصبح الفساق على ما أسروا فى انفسهم نادمين	فَيُصْبِحُوا عَلَى مَا أَسَرُّوا فِي أَنْفُسِهِمْ نَادِمِينَ المائدة ٥٢
صراط من أنعمت عليهم	صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ الفاتحة ٧

ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ دەستکاریکردن و گۆڕینی ووشە و بڕگە لە ناو قورئان لە ماوەی ئەو چوار قۆناغی کۆکردنەوە و ڕیکخستن. کە بە پێی لۆژیک گونجاوە. چونکە ڕێگای تێناچی

[385] الخطيب الفرقان ٤١ – ٤٥، عن الحداد ١: ٢٤٦

قورئان بەو هەموو فیلتەر و یاری سیاسی و تێگەیشتنی جیاجیا، سەرەڕای تێکەڵاوی چەندین شێوە زمانی عەرەبی و لە ژێرکریگەری زمانەکانی تری ناوچەیی هەروا مابێتەوە.

سورة	قورئانی عوسمان	قورئانی حەجاج
الفاتحة ١: ٧	صراط من أنعمت عليهم	صراط الذين أنعمت عليهم
البقره ٢: ٤٨	لا تجزى نسمة عن نسمة	لا تجزى نفس عن نفس.
البقره ٢: ١٩٧	و تزودوا و خير الزاد التقوى	و تزودوا فاءن خير الزاد التقوى
البقره ٢: ٢٢٦	للذين يقسمون	للذين يوءلون
آل عمران ٣: ٢	الحى القيام	الحى القيوم
آل عمران ٣: ٤٣	اركعى و اسجد مع الساجدون	واسجد و اركعى مع الراكعين
آل عمران ٣: ١٥٩	و شاورهم فى بعض الأمر	و شاورهم فى الأمر
النسا ٤: ٤٠	مثقال نملة	مثقال ذرة
المائدة ٥: ٣٨	فاقطعوا ايمانهما	فاقطعوا ايديهما
الصافات ٣٧: ٤٦	صفراء لذة للشاربين	بيضاء لذة للشاربين.
الصافات ٣٧: ١٢٣	ادراس و ادراسين	و إن إلياس لمن المرسلين
ق ٥٠: ١٩	جاءت سكرة الحق بالموت	و جاءت سكرة الموت بالحق

ژینگەی کۆمەڵایەتی پێش ئیسلام

بێجگە لە کاریگەری دینی جولەکە و زەردەشتی، کریستیانی و نەرێت و ڕیتوالەکانی سەردەمی کۆنی عەرەبی بەر لە ئیسلام، ژینگەی کۆمەڵایەتی هاوسەردەمی نووسەری قورئانیش، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی بۆ هاتنی، ئایەتی نوێ لە قورئاندا هەبووە. ئەو ئایەتانە بەڕوونی، لە فۆرم و گوزارەکردن دیارن. و نیشانەی کۆمەڵگە و ئاکارەکانی تاکە کەسیان پێوە دیارە. کەم نین ئەو ئایەتانەی ڕاستەوخۆ پەیوستن بە ڕووداوێکی تاکە کەسی یان کۆمەڵایەتی زۆر نزیکی نووسەری قورئان.

زۆرجار ئایەتەکانی قورئان بوونەتە مینبەرێک، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نەبی. بەتایبەتی لە قورئانی مەدینە. سورەتەکانی البقرة، الأحزاب، النور، تحریم، الأنفال و التوبة ئەوەندە بە ئاشکرا، و نالۆژیکی دەچنە ناو کاروبارەکانی کۆمەڵایەتی محمد. تەنانەت یاوەرانی نزیکی پەیامبەر کاردانەوەی نەرێنیان دەبێ، و باوەڕ بەوە ناکەن کە خودایەکی ئەوەندە مەزن، ئەو گەردوونە بێ لەمپەرەی دروستکردبێ، بەردەوام خەریکی کێشەکانی خێزانی پەیامبەر بێ. یا جار هەبووە خەڵکیتر بۆ هاتنی ئایەتێک پێشنیازیان کردووە. یانیش لەبەر هۆیەک، یان ڕووداوێک ئایەتێکی باوی سەردەمی پێشتر بە ئایەتێکیتر نەسخکراوە، جا ئەگەر ئایەتە نوێکە، بووبێتە هۆی ناکۆکیش، کەچی لەبەر گونجاندنی، لەگەڵ هەڵومەرجە نوێکەدا هەر سەپێندراوە.

لەم بەشەدا گوزەرێک بەناو ئایەتەکانی قورئان دادەکەین. چەند چیرۆکی جۆراوجۆر، لەگەڵ ئەو ئایەتەنای بە هۆیانەوە هاتوون، دەخرێنە ڕوو. ئەوەش وەک بەڵگە، بۆ نیشاندانی کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئارەزووە تایبەتییەکانی نووسەری قورئان. کە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاڕاستەی دین هەبووە. ئەوەش تا ئەندازەیەکی بەرز، ڕەنگدانەوەی، لە چمک و گوزارەی ئایەتەکانی قورئان دیارن. و بوونەتە هەڵومەرجی ڕەها بۆ ئایەتی نوێ.

زیندەباچالکردنی کچان و سەرچاوەی بێ بنەما

پرسی زیندەبەچالکردنی کچان، وەک کێشەیەکی کۆمەڵگەی عەربی پێش ئیسلام، بە درێژایی ١٤٠٠ ساڵە بۆتە وێردی زمانی ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمان. ئەو کێشەیەش ڕەنگدانەوەیەکی زەقی لەسەر بیرکردنەوەی دینداره موسوڵمانەکان بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە هەبووە و هەیە. هەر جارەی لەگەڵ دینداریێک دەکەویتە گفتوگۆ، بە سەرنجێک یان ڕەخنەیەک، سەبارەت بە دینی ئیسلام و ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی و بەتایبەتی پێگای ژن لەناو دەقەکانی قورئان و فەرموودەکاندا، یەکسەر وەڵامیان ئەوەیە، کە ئیسلام هات شۆڕشێکیکرد و زیندەبەچاڵکردنی کچانی نەهێشت. ئەوەش هەر دەستبەجێ بە ئایەتێکی قورئان پشتڕاست دەکەنەوە.

سورة التكوير ٨١: ٨ - ٩
وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ (٨) بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ (٩)
لە کچی زیندەبەچاڵکراو پرسیارکرا (٨) بە کامە گوناه کوژراوە (٩)

ئەو ئایەتە لە قورئان باسی شتێکی دیاریکراو ناکا، بۆیە ڕێگای ئەوە دەدا، بەدواداچوون لەسەر، ئەو ئایەتە و دیاردەی زیندە بەچاڵکردنی کچان، لە پێش هاتنی ئیسلام بکرێ. و بەدواداچوونێکیش لەسەر کوشتن و قوربانی بە شێوەیەکی گشتی ئەنجام بدرێ. بۆ ئەوەی تێبگەین، تا چەند ئەو دەربڕینە لۆژیکی تێدایە. چونکە کۆرپەی خۆت کە ئازاری نۆ مانگ و خۆزگە و ئاواتی ژیانت، لەگەڵ لەدایکبوونی دابێ، ئەوسا وا بە ئاسانی، بەدەستی خۆت زیندە

بەچاڵی کەی، دەبێ چ ئازارێکی تێدابێ. هەر ئەوەندە بەسە، بۆ پەیدابوونی گومان لەسەر ئەو ئایەتە و ڕاستی زیندەبەچاڵکردنی کچان.

ئەو بەدواداچوونە لە چەند ڕەهەندێکەوە، لەو دیاردەیە قووڵدەبێتەوە، و ڕاستی ئەو تاوانە گەورەیە مرۆڤ، دەگەیێنێتە ئاو باوەڕەی، ناتوانێ باوەڕ بەوە بکا، کە کارەساتی وا ڕوویاندابێ. بەڵام هەرچۆنی بێ، ساخکردنەوەی گرنگە، بۆ تێگەیشتن لە بنەڕەتی ئەو دەنگۆیەی، کە ئەو کارەساتەی کردۆتە هۆکاری دروستبوونی ئەو دیاردەیە، و کە لە کۆتاییدا نووسەری قورئانیش ئاماژەی پێکردووە.

گەڕانەوەیەک بۆ پێش ئیسلام

ژیانی ژن لە وولاتە ئیسلامیەکان، ماوەیەکی زۆرە، سەرنجی مرۆڤی هوشیاری ڕاکێشاوە. بێهیوایی ژنانی جیابووەوە، و زیندان کردنیان لە ناو چواردیواری ماڵ، و بە مێگەل کۆکردنەوەیان لەحەرەمی پیاو و هتد. گشت ئەوانە وایان لە ژن کردووە، وەک کاڵایەکی کەم بەها ببینرێن. سەرەڕای ئەوەش بەناو زانایانی موسوڵمانیش، ژن وەک نەزان (ناقص العقل) نیشان دەدەن. یان ژن هۆکاری شەهوەتی پیاوانن. بە شێوەیەکی گشتی وەک دیاردەیەکی کولتووری، لە ناو دینی ئیسلام، دۆخێکی پڕ لە ئازاری بۆ ژنان دروستکردووە. کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێ پاکانەی لێبکرێ.

هەڵومەرجی ژیانی ژن بەر لە هاتنی ئیسلام، سەرەڕای سەختی دۆخی ژیان. و نالەباری باری کۆمەڵایەتی، کەچی ژن وەک کەسایەتییەک بوونی هەبووە. قسەی دەکرد، بیری دەکردەوە و کردەوەی دیاربوون. مێژوو گەواهی بە چەند ڕووداوێک دەدا، کە چاڵاکی و سەرکەوتنی

ژنی عەرەبی کۆن تیایدا بەشداریکردووە[386] بەشداری لە شەڕ و داگیرکاری و لەپاڵ پیاو بەرگری لە زێد و هۆزی خۆی کردووە[387] پاشا و فەرمانڕەوای وولات بووە، نموونەی وەک زەنوبیای تەدمور، و شاژنی سبأ، کە دوو نموونەی دیارن. هەوەها ژن لە بواری بازرگانی سەربەخۆ کاریکردووە. یەک لەو ژنانەی کە بازرگانێکی گەورە و دەستەڵاتداری بازاڕی مەککە بووە، خەدیجەی ژنی محمد بووە. ژن ئازادی ئەوەی هەبووە کام دین باوەڕی پێیێ، ئەوەی هەڵدەبژارد، بەبێ گوێدانە دژایەتی هەڵوێستی مێردی[388]

جا گەر ژن ئەو پایە کۆمەڵایەتیەی هەبووبێ وەک مێژوونووس و ڕاڤەکاران باسی دەکەن، چۆن ڕێی تێدەچی، هەمان ئەو ژنە ڕێگە بدا کچەکانی زیندەبەچاڵ بکا.

هەر بۆیە ڕێنان دەڵێ: ژنی عەرەبی سەردەمی محەمەد، بەو گەمژەییەی لەحەرەمی عوسمانی، هەرگیز ناتوانرێ بەراوردی لەگەڵ ژنی عەرەبی پێش ئیسلام پێبکرێ[389]

مێژووی بەڵاگێڕکردنی منداڵ بۆ خودا

لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، مرۆڤ باوەڕی وابوو. لە ڕێگەی بەڵاگێڕکردن و نزاو پاڕانەوە، مرۆڤ لە خودا نزیک دەبێتەوە. و دەکەوێتە بەر بەزەیی و لێبووردەیی خودا. و پیت و بڕشت بەدەست دێنێ.

---

[386] أبو نصر إسماعيل الجوهريّ: الصحاح، تحقيق أحمد عبد الغفور عطّار، دار العلم للملايين، بيروت، ط4، 1990، ج2، ص546.
[387] محمّد المرتضى الزبيديّ: تاج العروس، طبعة الكويت، ط2، ج2، ص520.
[388] نفس المصدر..
[389] أرنست رينان، محمد و أحوال الديانة الإسلمية. مجلة كلا العلمين. ديسيمبر ١٩٥١.

ئەو دیاردەیە بەگشتی، هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە لە ووڵاتی چینی کۆنەوە. تا ڕۆژئاوا لە مەکسیک و پێرۆ، لە ئەمریکای باشوور، لە شارستانیە کۆنەکان هەبووە. ئەوەش وەک دیاردەیەکی مێژوویی بەستراوەتەوە، بە قۆناخی گەشەسەندنی هوشیاری مرۆڤ و ژینگەی.

شوێنەوارناسی میسری زاهي حواس، ڕای وایە کە زۆر کەس وادەزانن، لە شارستانی کۆنی میسر بەڵاگێڕکردنی مرۆڤ نەبووە. زۆر توێژەر ڕەتی دەکەنەوە، کەچی سەرەڕای ئەوەش زانستی نیشانی داوە، کە بەڵاگێڕکردن بۆ فیرعەون لە سەرەتای شارستانی کۆنی میسر هەبووە. بەڵام بەپێی پەرەسەندنی شارستانی، هوشیاری مرۆڤ ئەو قۆناخەی تێپەڕاندووە. گۆڕانی بەسەر داهاتووە.

دیمەنی چیرۆکی ئەفسانەیی لە تەورات، نەبی ئیبراهیم، کاتی لە خەو بینی ئیسحاق کوڕی سەردەبڕێ، و دواتر خودا بەرانێکی بۆ دەنێرێ، لە جیاتی ئیسحاق بیکاتە بەڵاگێڕ، ڕەنگدانەوەی ڕیتوالی بەڵاگێڕکردنی ئەو سەردەمەیە، کە لە تەورات ڕەنگی داوەتەوە. و لە ئەفسانەکانیش هەنگاو بە هەنگاو لە بەڵاگێڕی مرۆڤ، دەبێتە گیانلەبەر.

لەڵای ئازدیکەکانی مەکسیک، خودای (ڕۆژ)یان دەپەرست. و باوەڕیان وابوو خوێنی مرۆڤ هێزی ژیانی مرۆڤە، و دەبێ پێشکەشی خودا بکرێ. هەروەها لای گەلانیتری وەک ئینکا و هتد. باوەڕیان وابوو پێشکەشکردنی گیانی مرۆڤ، لە کارەساتی سرووشتی دەیانپارێزێ. و کارەساتەکانی سرووشت لە ڕەشەبا و بوومەلەرزە و بورکان هتد دەوەستێنێ. و دڵی خودا هێوردەکاتەوە.[390]

[390] العربية، هذه هي قصة القرابين البشرية عبر التاريخ. السبت 11 شعبان 1446 هـ - 08 فبراير 2025

خورافاتی بەڵاگێڕکردن باوەڕی مرۆڤ

سەرەڕای بەڵاگێڕکردنی مرۆڤ بۆ خودا، کە هەرگیز پاکانەی بۆ ناکرێ. و دەبێ لەگەڵ ڕەوتی مێژووپی لێکدانەوەی هوشیاری مرۆڤ شرۆڤە بکرێ.

ئەو کۆمەڵگانەی، سەربڕینیان وەک بەڵگێڕیەک دەکرد. و بە کارێکی پیرۆزی دین دەیانبینی. و بە شێوەیەک لە پەرستن پێی هەڵدەستان. کە لە خودا نزیک دەبنەوە، و مرۆڤ لە کارەساتی سرووشتی و ڕقی نادیار دەپارێزێ. ئەنجامی باوەڕی قووڵ بە خودایەک، و ئاستی هوشیاری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگانە بووە.

لە ڕاستیشدا خورافەی بەڵاگێڕکردن تا ئێستاش لە جیهان دا هەر ماوە. بەپێی ئاماری دەروونناسی تا ئێستاش لە ٪٧٠ مرۆڤ بیرکردنەوەیان لەسەر بنەماکانی ئەفسانەیە. کەچی ئەو بەشەی باوەڕی پێ نییە، تەنیا لە ٪٣٠ دەبێ.

دیاردەی شەڕ لە پێناوی خودا، کە لە پەرتووکە پیرۆزەکانی دین ئاماژەی پێدەکەن، ڕەوایی دەدا بە ناوی خودا، مرۆڤ بکوژێ، بە جۆرێکی گشتی ڕۆژانە بە دەیان و سەدان جار دووبارە دەبێتەوە. ئەوەش بەڵگەیە، کە ئاستی هوشیاری ئەو کۆمەڵگانە، تا ئێستاش لە قۆناخی هەرە سەرەتایی دایە. کە پێیان وایە، بە کوشتن و ماڵوێرانکردنی خەڵکیتر، خودا لێیان ڕازی دەبێ.

لە شارستانی ئینکا لە ئەمریکای کۆن باوەڕیان وابوو، خوێنی مرۆڤ ڕێگای لێبووردنی خودایە. و بڕشتی ڕۆزووی (رزق) تێدایە. بۆ ئەوەش پیرۆزترین بەڵاگێڕ منداڵ بوو، لەبەر ئەوە گیانی پاک و بێگەردە.

لە دینی ئیسلام و جولەکە ساڵ نییە بە ملیۆنان مەڕ سەرنەبڕدرێ، تەنیا لەبەر ئەوەی ئیبراهیم لەجیاتی ئیسحاق مەڕێکی بۆ لەلای خودا هات. بیکاتە بەڵاگێڕ.
تاکە دینێک لەسەر گۆی زەوی کە باوەڕی بە خوێن ڕشتن نەبێ، دینی بودیی لە ئاهەنگی ئاولامبان یان بودای هەڵساوە، بە پاڕانەوە و خوێندنەوەی هەندێ دەق دەستپێدەکا. دواتر مێوە و گوڵ و بخور پێشکەشی خودا دەکرێ، کە دەرگای جیاهانێکیتریان بۆ دەکرێتەوە.[391]

قورئان و زیندەبەچاڵکردن

لەناو ئایەتەکانی قورئان ئاماژە بە زیندە بەچاڵکردن کراوە.
سورة التكوير ٨١: ٨ - ٩
وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ (٨) بِأَيِّ ذَنْبٍ قُتِلَتْ (٩)
لە کچی زیندەبەچاڵکراو پرسیارکرا (٨) بە کامە گوناە کوژراوە (٩)

ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە، لە قورئان سەرچاوەی بڵاوبوونەوە و قال و قیلی موسوڵمانانن، لەسەر زیندەبەبەچاڵکدنی کچان لە کۆمەڵگەی دوورگەی عەرەبی پێش ئیسلام. بەڵام ئەگەر بە ووردتر بەدواچوونی بۆ بکەین، دەبینین وەک قارچکێکی هەلتۆقیوو، بەبێ هیچ پاشخانێ یان شێوەیەکی ڕوون و بەرجەستە باس نەخراونەتە ڕوو.

[391] العربية، هذه هي قصة القرابين البشرية عبر التاريخ. السبت 11 شعبان 1446 هـ - 08 فبراير 2025

لەو دوو ئایەتەدا، ڕوون نییە قورئان باسی چ ڕووداوێک دەکا. بۆیە دەبێتە دەربڕینێکی لێڵ. و ناتوانرێ بکرێتە بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەیەکی نەرێتی کۆمەڵایەتی یان دینی. ئەگەر ئەو ڕووداوە ڕوویدابێ، بۆ قورئان ڕووماڵکردنەکە بە شێوەیەکی بنبەست ناکا. یان وەک گشت ئایەتەکانی تری ناو دەقەکانی تەنیا دەربڕینێکە فرێدراوە!!

هەر ئەوەشە وایکردووە ڕاڤەکارانی موسوڵمان ڕاست و چەپ، بێ بەڵگەیەکی مێژووبی یان ڕووداوێکی بەرچاو، تەنیا خەریکی هۆنینەوەی دیمەنی ترسناک بن لەسەر ئەو کارە درۆندانە. و تاوانبارکردنی کۆمەڵگەی بەر لە هاتنی ئیسلام، بە زیندەبەچاڵکردن.

بۆ نموونە الزمخشری لە الکشاف دەڵێ، عەرەب کچانی زیندەبەچاڵ دەکرد، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە تووشی شەرمەزاری نەبن. یان خەرجیان نەکێشن.
ابن کثیر ئاماژە بەوە دەکا کە لەوەڵامی پرسیارێک دەربارەی، کچی زیندەبەچاڵکراو و زیندەبەچاڵکەر (بکوژ) پەیامبەر گوتوویەتی هەردووکیان دەچنە ئاگری دۆزەخ. بەڵام ئەگەر زیندەبەچاڵکەر ببێتە موسوڵمان، خودا لێی خۆشدەبێ.[392] کەچی باسی زیندەبەچاڵکراوەکە، ناکا وەک ئەوەی ئەو منداڵە ساوایە تاوانباری گەورەی کارەساتێ.

کێشە لەوەدایە، لەبەر نەبوونی بەڵگە، شرۆڤەکارانی موسوڵمان، هەر یەکەیان بە ئارەزووی خۆی ڕاڤەی بۆ دەکا. تا دەگاتە ئەو ئاستەی خۆیان لەناو خۆ لەسەر چۆنیەتی و فراوانی ئەو دیاردەیە ناکۆکن.

بۆ نموونە بەڕای إبن الجوزی تەنیا کچ زیندەبەچاڵکراوە. و کوڕ هێڵراوەتەوە. بەڵام بۆ ئەو دەربڕینەی باسی سەرچاوەیەک ناکا و دەڵێ:

[392] ابن کثیر، تفسیر ابن کثی، المجلد الرابع عشر، ص ٢٦٤

لە سەردەمی جاهیلی (پێش ئیسلام) کاتی ژنێك دووگیان دەبوو، و کاتی منداڵبوونی دەهات، دەچوو چاڵێکی هەڵدەکەند، وە لەسەر ئەو چاڵە منداڵەکەی دەبوو، ئەگەر کوڕ بوایە ئەوا هەڵیدەگرتەوە. وە ئەگەر کچ بوایە ئەوا دەیخستە ناو چاڵەکە و بە خۆڵ پڕی دەکردەوە.[393]

کەچی زەمەخشەری سەبارەت بە ئایەتی ٣١ لە سورەتی الإسراء دەڵێ: کوڕەکانیان دەکوشتن و کچەکانیان لە بەر برسیەتی و هەژاری زیندەبەچاڵدەکردن.[394]

سورة الإسراء ١٧ : ٣١

وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ۚ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا كَبِيرًا (٣١)

منداڵەکانتان لە ترسی برسێتی مەکوژن، ئێمە ڕۆزووی ئەوان و ئێوەش دەدەین، لە ڕاستیدا کوشتنیان هەڵەیەکی گەورە بووە (٣١).

لێرەدا ناکۆکی دروست دەبێ. لەبەر ئەوەی لە سورەتی التکویر، تەنیا باسی زیندەبەچاڵی کچ دەکا، کەچی لە سورەتی الإسراء، کە زەمەخشەری پشتی پێ بەستووە، باسی کوشتنی منداڵ بەشێوەیەکی گشتی دەکا. بەو پێیە، کێشەی کوشتنی منداڵ، تەنیا لە سنووری کچ نامێنێ. بەڵکوو کوڕانیش دەگرێتەوە. ئەوەش بە سێ ئایەت لە سورەتی الأنعام زیاتر پشتڕاست دەکاتەوە:

سورة الأنعام ٦: ١٣٧

---

[393] ابن الجوزى، زاد المسير في علم التفسير. الجزء التاسع، تفسير سورة التكوير. ص ٤٠

[394] الزمخشري (١٩٩٨) الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل و عيون الأقاويل في قجوه التأويل، الجزء الثالث ص ٥١٥

وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٖ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ قَتۡلَ أَوۡلَٰدِهِمۡ شُرَكَآؤُهُمۡ لِيُرۡدُوهُمۡ وَلِيَلۡبِسُواْ عَلَيۡهِمۡ دِينَهُمۡۖ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُۖ فَذَرۡهُمۡ وَمَا يَفۡتَرُونَ(١٣٧)

وه بەم جۆرە بوت و خوداکانیان، کوشتنی منداڵیان بۆ زۆرێك لە مو شریکەکان جوانکردووە. بۆ ئەوەی هەڵیانگێڕنەوە و دینەکەیان لێ بشێوێنن. ئەگەر خودا ویستی لەسەر بووایە، ئەم کارەیان نەدەکرد، جا واز لە خۆیان و ئەوەی هەڵیدەبەستن بێنە (١٣٧)

سورة الأنعام ٦: ١٤٠

قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوۡلَٰدَهُمۡ سَفَهَۢا بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفۡتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِۚ قَدۡ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهۡتَدِينَ (١٤٠)

بە هۆی دەبەنگی و نەزانیان ئەوانەی منداڵەکانیان کوشت دۆڕان، و خۆیان لەوە بێبەش کرد کە خودا پێیانی بەخشیبوو، بە هۆی درۆ هەڵبەستن لەسەر خودا، ئەوانە گومڕا بوون، وە هیدایەت نەدەدران.(١٤٠)

سورة الأنعام ٦: ١٥١

وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَوۡلَٰدَكُم مِّنۡ إِمۡلَٰقٖ نَّحۡنُ نَرۡزُقُكُمۡ (١٥١)

منداڵەکانتان بە هۆی نەبوونی و برسیەتی مەکوژن، ئێمە ڕۆزوو بە ئێوە و ئەوان دەدەین (١٥١)

ئەی باشە ئەگەر کوڕ و کچ هەردووکیان بەشێوەی جیاواز بکوژرێن، دەبوایە کۆمەڵگەی عەرەبی پێش ئیسلام نەک تەنیا ژن، بەڵکوو مرۆڤی تیا نەمابوایە.

هەرچەندە إبن عباس، پرسەکە قووڵتر دەکا، و تەنیا باسی زیندەبەچاڵکردنی کچان دەکا. سەرەڕای ئەوە، ناوی هیچ هۆزێک نادا. بەپێی ئەو لێکدانەوەیە، دەبێ زیندەبەچاڵکردنی کچان وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بووبێ. و هەر کچێک لەگەڵ لەدایکبوونی زیندەبەچاڵکرابێ. بەو شێوەیەش بێ، نەدەبوایە لە ناو هۆزەکانی دوورگەی عەرەبی ژن بوونی هەبووبێ. و زاوزێ دەبوایە بووەستێ. کەچی بە پێچەوانەوە، پیاوی عەرەب ژنیان بە مێگەل هەبووین. ئەو نەرێتەش لە دوای پەیدابوونی ئیسلام و دواتریش هەر بەردەوام بووە. پەیامبەری ئیسلام خۆی بە ژن و قەرەواشەوە (جارية) ژمارەیان لە ٢٠ بەسەرەوە بووە، عومەر ٩ ژن، عەلی ٩ ژن، عوسمان ٩ ژن، ابو بەکر ٤ ژن، هەرچەند نازانین هەریەکە چەند قەرەواشیشیان هەبووین. ئەو ژنانەش هەموویان لەسەردەمی پێش ئیسلام لەدایک بووین و زیندەبەچاڵیش نەکراون. ئەگەر ئەو هەموو کچانە لەگەڵ لەدایکبوون، زیندەبەچالکرابن، ئەو هەموو ژنە لەکوێ هاتن. [395]

بە کورتی چیرۆکەکانی ڕاڤەکاری موسوڵمان، یان دەنگۆی تر هەن، کە ئاماژە بە دیاردەی کۆرپەکوژی مێینە لە ناو عەرەبەکانی پێش ئیسلام دەکەن، و وردەکارییەکانی ئەم چیرۆکانە، تا ڕادەیەکی زۆر لەیەک دەچن، وەک کۆپی یەکتری دووبارە دەبنەوە. بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی ئەم گێڕانەوانە بکرێ، و ڕەسەنایەتییان پشتڕاست بکرێتەوە.[396]

---

[395] العربية، هذه هي قصة القرابين البشرية عبر التاريخ. السبت 11 شعبان 1446 هـ - 08 فبراير 2025

٧ ابن كثير، تفسير ابن كثير، المجلد الرابع عشر، ص ٢٦٤

٨ ابن الجوزى، زاد المسير في علم التفسير. الجزء التاسع، تفسير سورة التكوير. ص ٤٠

٩ الزمخشري (١٩٩٨) الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل و عيون الأقاويل في قجوه التأويل، الجزء الثالث ص ٥١٥

١٠ منصور، د. فهمي (١٩١٣) أحوال المرأة العربية في الإسلام. ص ٨

١١ سەلاح ڕێبوار

[396] الأشقر، د. عزيز، ظاهرة وأد البنات قبل الإسلام بين الحقيقة و الخيال الشعبي، مجلة الأوراق الثقافية . بيروت، لبنان يوليو ١٦- ٢٠١٩

توێژەرە شەرمنەکان و بیانۆی بێ بنەما

لەگەڵ ڕەوتی مێژوو، توێژەر و پسپۆران، لەوە تێگەیستن کە دیاردەی زیندەبەچاڵکردنی کچان بنەڕەتێکی مێژووی نییە. ناتوانرێ لە ڕێگای بەڵگەی مێژووپی، ئەو دیاردەیە پشتڕاستبکرێتەوە. بە واتایەکیتر ئەو دیاردەیە بوونی نییە. ئەوەی هەیە تەنیا قال و قیلە. بۆیە هەندێ لە توێژەرانی هاوچەرخ، شەرمنانە. نە دەوێرن ڕەتی کەنەوە و نە دەیانەوێ دان بەوە دابنێن کە شتی وا بوونی نەبووە. بۆیە ڕێگای سێیەمیان گرتووە. ئەویش هێنانەوەی بیانووی جۆراوجۆر، بۆ پشتگیری کردنیان لە بوونی زیندەباچاڵکردن، هۆکارەکانی ئەم سیستەمە. ئەو توێژەرە شەرمنانە، هەوڵدەدەن دیاردەی زیندەبەچاڵکردن بگەڕێننەوە، بۆ زیادەڕۆیکردنی هەندێک لە هۆزەکانی عەرەب، بۆ چاودێری و پاراستنی ئابڕوویان. ڕێگایان لە هەر شتێک گرتووە،کە ڕەنگە زیانیان پێ بگەیەنێ. یەکێکیان دەترسا ئەگەر کچەکەی بهێڵێتەوە لە داهاتوودا، شەرمەزاری بەسەر خۆی و خێڵەکەیدا بێنێ، ئەگەر بە دیلی بکەوێتە دەستی دوژمنان و ئابڕووی بچێ.

ناکۆکی ناو دەقەکانی قورئانیش، سەبارەت بە زیندەبەچاڵکردن و کوشتنی کۆرپە، لەناو چینی هوشیاری عەرەب دەمێکە بۆتە جێگای پرسیار. گۆڕەپانێکی سەربەخۆ بۆ توژینەوە، و گەڕان بە دوای بەڵگەی مێژووپی دروست بووە. کەچی بێجگە لە چیرۆکی خەیاڵی و بێ بنەما زیاتریان دەست نەکەوتووە. بەڵام لەبەر ترسیان لە ئەلەنگاری ئایەتەکانی قورئان، و توندوتیژی دینداران، ڕێگەی تریان دۆزیوەوە، کە بتوانن هەم ڕەتی نەکەنەوە، بۆ ئەوەی تووشی ترس و تۆقاندن نەبن. و هەمیش بیخەنە ژێر پرسیار.

ئەو توێژەرانە، لێکدانەوەکانیان، تا ئاستێک لەگەڵ ئەو دووبارەکردنەوانە، ناکۆک بووین، و دژی ئەو کۆدەنگییەبوون لەسەر هۆکارەکانی کوشتنی کۆرپە. ئەو شرۆڤەکارانە، هۆکاری خەیاڵی بۆ زیندەبەچاڵکردنی کچان دێننەوە. بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکەن، کە ئەو کارە لەناوبردنی گیانی مرۆڤە، جا نێر بێت یان مێ.

بێنە بەرچاوی خۆت، ژنێک بە درێژایی تەمەنی گەنجی خۆزگەی منداڵێک دەخوازێ، لە پڕ دووگیان دەبێ و منداڵێکی دەبێ، بە چی ویژدانێک داوای لێدەکرێ دەبێ کۆرپەکەی بکوژێ. لەسەر ئەو بنەمایە، کێشەکە باس لە کوشتنی خۆزگە و دارمانی گیانی مرۆڤێک دەکا، نەک تەنیا جەستەیەکی تازەلەدایک بوو.[397] کەوایە زیندەبەچاڵکردن یان هەر کوشتنێکی تری ئاسایی، جا بە هەر هۆکارێک بووبێ، کوشتنی گیانی کۆمەڵایەتی بکوژ و کوژراوە. ئەوەش پەیوەندی تەنیا بە دوورگەی عەرەبیەوە نییە، بەڵکوو گەلانی دیکەی جیهانیش دەگرێتەوە.

بۆ نموونە پێشتر و ئێستاشی لەگەڵدابێ منداڵانیان دەکوشت و دەکوژن، زۆرجار لە ئەنجامی منداڵبوون، لە پەیوەندی سێکسی نایاسایی (زینا).[398] هەر بۆیەش کوشتنی کۆرپە پەیوەندی بە کچ و کوڕەوە نەبووە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی نەرێت و قەدەخە بووە، جا چ بە یاسای دینی، یان کولتووری کۆمەڵایەتی. هیچ جیاوازی لە نێوان نێر و مێ نەبووە. ئەو دیمەنە تا ئێستاش لە سێبەری دین، هەر بەردەوامە. چونکە پێیان وایە، تاکە ڕێگایە بۆ داپۆشینی شەرمەزاری تا لەبیر بکرێ.

---

[397] أبي حيّان التوحيديّ (١٩٩٩) البحر المحيط، تحقيق: صدقي محمّد جميل، دار الفكر، بيروت، ص١٢٨.

[398] مرزوق بن تنباك (٢٠٠٤) الوأد عند البنات بين الوهم والحقيقة، مؤسّسة الرسالة، ص٦١.

ئەوانە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ڕووداوەکانی سەرەتایی، سەبارەت بەوەی، خێڵەکان ئەم ڕەوتەیان گرتۆتەبەر. هەر لەخۆیەوە نەبووە، بەڵکوو سەرچاوەی دەگەڕێتەوە بۆ چوار هۆکاری کۆمەڵایەتی.

١ هۆکاری دینی و ئەفسانەیی

بەڵاگێڕکردن: ڕەنگە هەندێک وەک بەڵاگێڕ، یەکێک لە منداڵەکانیان سەربڕن، ئەوەش بە مەرجێکی دیاریکراو، چۆن عەبدولمطالب بڕیاریدا، ئەگەر دە کوڕی بێ، دەیەمیان دەکاتە بەڵاگێڕ بۆ خودا. ئەوەش لە چیرۆکەکانی ژیانی پەیامبەر دووبارە بۆتەوە، کە پەیامبەر، خۆی ئاماژەی پێکردووە: من کوڕی دوو بەڵاگێڕم،[399] کە ئاماژەیە بۆ یەکەمیان نەبی ئیبراهیم دەیەویست ئیسحاق بکاتە بەڵاگێڕ. و دووەمیان عبدالمطلب دەیەویست عبدالله باوکی محمد بکاتە بەڵاگێڕ. بەڵام هەردوو ڕووداوەکان ئەگەر ڕاستیش بووبن، نێر بووین نەک مێ. کەچی لە کەلەپووری دوورگەی عەرەبی، و لەژێر کاریگەری دینی پەیتا پەیتا کۆرپە کوشتن جێگەی سەربڕین گرتۆتەوە. وەک دەگێڕدرێتەوە، پیاوێک دەتوانێ کورەکەی بکوژێ، ئەگەر سوێند بخوا، کە ئەگەر فڵان کورێکی بێ، ئەوە یەکێکیان دەکاتە بەڵاگێڕ بۆ خودا.

هەرچەندە ئەگەر چیرۆکێکی هەڵبەستراویش بێ، گوایە عبدالمطلب، باپیری پەیامبەر کاتی سوێندی خوارد، هەر کاتی دە منداڵی نێری بوو، یەکێکیان دەکاتە بەڵاگێڕی خودا. ئەو کاتەی کەعبە تەواو بوو. ، و ئەویش منداڵەکانی ژمارەیان بووە دە، خەریک بوو ئەو بەڵێنەی

[399]الألوسيّ ، محمود شكري: بلوغ الأرب في معرفة أحوال العرب، ج٣، ص٣٨. الإملاق: الافتقار. المضهّب: المشويّ.

دابووی، جێبەجێی بکا، ئیتر سەربڕینەکە دەبوایە عەبدوڵڵا بێ. کەچی مامی دایکی، بنو مەخزوم، لێی ڕاستهات و لێنەگەڕا. لەجیاتی ئەوە سەد ووشتری کردە بەڵاگێڕ.[400]

٢ ترس لە ئابڕووچوون

خاڵی دووەم کە زیاتر پێگیری لەسەر دەکرێ، کێشەی ئابڕووچوون بووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هێرش و داگیرکاری هۆزەکانی عەرەب بۆ سەر یەکتری. لەو هێرشانە دوای تاڵان، کوشتن و بەدیلبردنی کچان و کردنیان بە سەبایا. ئەوەش کارەساتێکی گەورە بووە بۆ هۆزی داگیرکراو. بۆ یە باشترین ڕێگا بۆ دەربازبوون لەو ئابڕووچوونە زیندەبەچاڵکردنی کچانیان بووە. کەچی هەر توێژەرە موسوڵمانەکان، خۆیان ئاماژە بەوە دەکەن، کە دیاردەی زیندەبەچالکردنی کچان، لە ناو هەموو عەرەب بە بەربڵاو نەبووە. زۆربەی هۆزەکانی دوورگەی عەرەبی، بەو کارە هەڵنەستاون. بەڵکوو تەنیا لەناو پێنج هۆز هەبووە. ئەوانەش تەمیم، کیندە، کینان و خزاعە و مضر بووین. هەرچەندە ئەوانەش تەنیا بە قال و قیلە. گوایە خەڵکی ڕۆشنبیر، کە دژی ئەم داب و نەریتەبوون، و هەوڵی قەدەغەکردنیان دەدا.[401]

قَتادة دەڵێ:

> مضر و خزاعة کچانیان بە زیندووبی لە گۆڕدەنا. لەوانیش توندتر تمیم بوو. پێیان وابوو لە ترس و ئابڕووچوون دەبێ لەدەستیان ڕزگاربن.[402] دواتر

---

[400] المرجع نفسه، ص٤١.

[401] عبد الرحمن بدويّ (١٩٧٧) مناهج البحث العلميّ، وكالة المطبوعات، الكويت، ط١، ص ٧٨

[402] الألوسيّ، محمود شكري (٢٠٠٩) بلوغ الأرب في معرفة أحوال العرب، شرح يوسف سلّوم، المكتبة العصريّة، صيدا، ط١

ئەو دیاردەیە لە ناو مضر و خزاعەش بڵاوبووەوە. هەروەها لەناو کەنانە و تەمیم. بەڵام هەرگیز لە سەرتاسەری ووڵاتی عەرەبی نەبووە.

ئەلزوبەیدی دەڵێ:

کینده، و مودار و خوزاع کچیان به زیندووی دەناشت و توندترینیان لەم ڕووەوە تەمیم بوو.[403]

ئەو ئاماژانە، لەوەندە تێناپەڕن. پرسیارەکە لەوەدایە، بۆ لە سەدان هۆزی عەرەب لە سەرتاسەری دوورگەی عەرەبی، تا دەگاتە بیابانی شام. هیچ هۆزێکیتر ناوی نابردرێ؟

هەر لەوە بۆمان دەردەکەوێ زیادەڕۆیی، لە دروستکردنی ئەو دیمەنە درۆندەییانە لەناو گێاندارانی جەنگەڵیش ڕێی تێناچێ. چونکە نە لە قورئان و نەلە پەرتووکی شرۆڤەکارانی موسوڵمان باس لەوە نەکراوە، کە زیندەبەچاڵکردن دیاردەیەک بووە، لەناو چەند هۆزێک سنووردار بووە. کەواتە بڵاوبوونەوەی نەرێتی زیندەبەچاڵکردن لەلای سەرجەمی عەرەب بێجگە لە درۆیەک، هیچیتر نەبووە.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی. کە لەناو هۆزی تەمیم ئەو دیاردەیە هەبووە، چیرۆکێك هەیە، بەردەوام وەک بەڵگە دەیهێننەوە. کە گوایە هۆزی تەمیم زیندەباچڵیان کردووە. چیرۆکەکە، بەو شێوەیە کە هۆزی تەمیم، ملکەچی سوڵتانی نوعمان بن المندری پاشای... ئەلحیرە، نەبوو. بۆ دانی باجی شاهانەی، کە بەسەر هۆزەکاندا سەپێندرابوو. بۆیە نوعمان، بۆ تەمێکردنی تەمیم، بە زۆر موڵک و ماڵی تاڵان کردن و ژنەکانیان بە دیل گرتن، کاتی شاندێک لە بەنی تەمیمەوە، بۆ ووتووێژ دانیشتنیان لەگەڵ نوێنەرانی پاشا نوعمان کرد.

[403] شمس الدين الذهبيّ (١٩٨٢) سير أعلام النبلاء، مؤسّسة الرسالة، ط١،ج١٠، ص١٠٤.

نوێنەرایەتی پاشا بڕیاریدا، ژنە بەدیلگیراوەکان خۆیان بڕیاربدەن. ئەگەر هەر ژنێک مێردەکەی هەڵبژێرێ، ئەوە مافی خۆیەتی بگەڕێتەوە لای مێردەکەی. بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی هەڵبژارد کە بە دیلیگرتووە، ئەوا لەگەڵیدا دەمێنێتەوە. لە ناو ژنەکاندا کچی قەیس بن عاسیم بوو، ئەویش ئەوەی هەڵبژارد کە بە دیلیگرتبوو. لەبری هاوسەرەکەی، پاشان قەیس کوڕی عاسم سوێندی خوارد، ئەگەر هەر کچێکی بێ، ئەوا دەیکاتە بەڵاگێڕ. ئەو کارەی کرد تا کچەکانی لەدایکبووی گەیشتنەکە شەش کچ ، دوای ئەوە هۆزی تەمیم، کردەوەی قەیسیان کردە نەرێتێک و کاریان پێ دەکرد.[404]

ئەو چیرۆکە زۆر جێگای گومانە، لەبەر ئەوەی ئەو هۆزانە، ناکرێ لە بە سەبیکردنی کچانیان ترسابن. بە تایبەتی لەو ناوچانەی، محمد ئیسلامی لێ بڵاوکردەوە، ژیانی ئەو هۆزانە جێگیربووە، خەریکی کاروباری بازرگانی بووین، وەک قوڕەیشیەکان بۆ نموونە. ئەوەش سەرجەمی هۆزەکانی ئەو ناوچەیەی دەگرتەوە. سەبارەت بە نەسارِیەکان و حەنەفیەکان، خەڵکیتر ئەوەیان بەکارێکی قێزەوەن دادەنا. و لایان قەدەغەبوو. بۆیە رِێگای تێناچی ئەو ئایەت و فەرموودانەی سەبارەت بە زیندەبەچاڵکردنی کچان بێجگە لە ئەفسانەی چیرۆکە کۆنەکان زیاتر بووبێ.

لە چیرۆکێکی تر هاتووە، کە هۆزی رەبیعە، یەکەم کەس بوون کە کچەکانیان کوشتوون، چونکە تووشی داگیرکاری بوون. و کچێک لەو کاتەدا بە دیلگیراوە و کاتێک ئاشتی هاتە ئارا، مافی ئەوەی بە کچەکە دراوە کە لە نێوان گەڕانەوە بۆ لای باوکی یان ئەو کەسەی بەدیلیگرتووە هەڵبژێری، ئەویش وای بەباشتر زانیووە، لەلای رِفێنەرەکەی بمێنێتەوە، ئەمەش باوکی تووڕە کرد. و وای لێکرد هەڕەشەی کوشتنی هەموو ئەو کچانە بکا کە دواتر

[404]الألوسيّ، محمود شكري: بلوغ الأرب في معرفة أحوال العرب، ج٣، ص٣٧.

لەدایک دەبن، بۆیە دەستی کرد بە زیندەبەچاڵکردنی کچان. دوای ئەویش کوڕانی هۆزەکەش بەدوایدا ، هەمان نەریتیان گرتەبەر.[405]

بە هەرحاڵ داب و نەریتی کۆرپەکوژی لە تەمیم یان ڕەبیعە سەری هەڵدابێ، گرنگ نییە، بەڵکوو چیرۆکی بەسەرهاتەکان وەک پاڵنەری سەرەکی ئەم دیاردەیە، دەگێڕێتەوە بۆ ترس لە ڕیسوابوون بووە. لەبەر ئەوەی ئەگەر ژنێک مێردەکەی بەجێبێڵێ و بچێتە پاڵ هێرشکەرێکی تاڵانچی، دەبێتە شەرمەزاری بۆ خێزان و خێڵەکەی[406]

دکتۆر منصور فهمي چیرۆکێکی لە هەمان شێوە دەگێڕێتەوە، ڕەنگە هەمان چیرۆک بووبێ و گۆرانی بەسەرداهاتبێ. ئەویش تەنیا ناوی دوو هۆز دەبا، نەک ناوی کەسەکان یان لە چ سەرچاوەیەک وەریگرتووە، دەڵێ:

> لە سەردەمی پێش ئیسلام هۆزی یاشکر، هێرش دەکاتە سەر هۆزی تەمیم. یەک لە جەنگاوەرەکانی هۆزی یاشکر کچێکی جوانی لە هۆزی تەمیم ڕفاند. دوای ماوەیەک مامی کچە دەچێ داوای کچە لە جەنگاوەرەکە دەکاتەوە، کە ئازادی بکا و بیباتەوە. جەنگاوەرەکە ئازادی دایە کچە کە خۆی هەڵبژێرێ لەگەڵ مامی دەڕواتەوە لای خێزانەکەی یان دەمێنێتەوە. کچە تووشی داوی ئەوینی جەنگاوەرەکە بووە و ئەو هەڵدەبژێرێ.
> مامی کچە دیلە جوانکیلەکە، زۆر ڕقی هەڵدەستێ، لەوەی برازاکەی ئەم هەڵبژاردنە قبوڵ دەکات، گەڕایەوە ناو خێڵەکەی. تورەیی ئەوەندە بەهێزبوو، فەرمانی بە زیندەبەچاڵکردنی دوو کچە بچووکەکەی دا،

---

[405] هەمان سەرچاوە

[406] محمود شكري الألوسي: بلوغ الأرب في معرفة أحوال العرب، ج٣، ص٣٧.

سوێندیشی خوارد، ئەگەر لە داهاتوودا کچی سێیەم یان چوارەمی بوو، هەمان چارەنووسیان دەبێ.[407]

هەرچەندە مێژوو باسی ئەوە ناکا، کە ئەو عەرەبە بەدەویە بەردەوام بووە یان نا، تەنانەت باسی ئەوەش ناکا سەرچاوەی ئەو ڕووداوە لە کوێوە هاتووە.

لە هەمووی سەیرتر ئەو چیرۆکەیە: پیاوێکی گەورەی عەرەب بە ناوی قەیس بن عاصم، لە هێرشێکدا کە لەلایەن خێڵێکی دوژمنەوە بۆ سەر خێڵەکەی، کچەکەی بە دیلگیراوە. پاشان ئەو دوو خێڵە پەیمانێکی ئاشتی دەبەستن، کە یەکێک لە مەرجەکانی ئەوە بوو، دیلەکان لە بەرامبەر قەرەبوویەکی دارایی بگەڕێندرێنەوە. بەڵام ئەم کچەی قەیس کەوتبووە داوی ئەوینی، ئەو کەسەی بەدیلی گرتبوو. بۆیە پێی باشتر بوو لەگەڵیدا بمێنێتەوە، و نەیویست بگەڕێتەوە بۆ لای باوکی و خێڵەکەی. باوکی لە ڕِقی ئەو ئابڕووچوونە، بڕیاریدا، ئەگەر هەرکچێکی لەمەودوا لەدایکبێ، دەبێ زیندەبەچاڵی بکا. دوای ئەویش خێلەکەی لەسەر زیندەبەچاڵکردنی کچانیان، هەر بەردەوام بوون. دواتر ئەو نەرێتەی قەیس دایهێنابوو، هەندێک خێڵی تریش بەدوایدا ڕۆیشتن.

ئەو چیرۆکە بێجگە لە ئەفسانەیەکی هەڵبەستراو زیاتر نییە. پێچەوانەی ئەو یاسایا و دیاردە کۆمەڵایتایانەیە، کە وەک چیرۆکی فۆلکلۆری دەماودەم هاتوون. ئێمە دەزانین کە ئەم دیاردانە لە ڕووداوێکی تاکەکەسیەوە سەرهەڵنادەن، بەڵکو لە بیرکردنەوە و کولتووری بەکۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرن. و لەسەر بنەمای ڕەوت و بیروباوەڕ و سیستەمی گشتی کۆمەڵگا دامەزراون.

---

[407] فهمي، د. منصور (١٩٩٧) أحوال المرأة في الإسلام. ترجمة: رافيدة مقدادي

کەچی ئەوەی لەوەش سەیرترە، قەیس بن عاصم، هاوسەردەمی محمد و عومەر و هتد بووە. و لەسەردەمی هاتنی ئیسلام لە ژیان دابووە. و لە دەوروبەری ساڵی دەیەمی کۆچی مردووە. هەر بەو هۆیە ناتوانێ جێی متمانە بێ، کە ئەو کەسە بووبێ سیستەمی زیندەبەچاڵی داهێنابێ. گوایە دوای ڕووداوێک کە بەسەر کچە گەورەکەیدا هات.

دیاردەی کۆمەڵایەتی هەم مێژووێکی دووری پێویستە. و هەمیش هۆکارێکی پتەوی دەوێ کە مرۆڤ خووی پێوەبگرێ. جا دین بێ یان هەر نەرێتێکی تر. لێرەوە دەردەکەوێ سیستەمی زیندەبەچاڵکردن، تا چەند ساڵێک پێش ئیسلام دەرنەکەوتووە. کەچی هەندێ توێژەری تر، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەن. و پێیان وایە، پێش هاتنی ئیسلام لە لێواری لەناوچوون دابووە. بەم شێوەیە کێشەی زیندەبەچاڵ و ڕاڤەکارانی موسوڵمان، تەنیا لە سنووری قال و قیلە تێناپەڕێ. لە هیچ کام لە ئایەتەکانی پەیوەست بە زیندەبەچاڵ، ئاماژە بە هیچ هۆکارێکی لەم جۆرە نەکراوە. ئەگەر ئەم هۆکارە پاڵنەرێکی ڕاستەقینەی زیندەبەچاڵ بووایە، قورئان بە ئاشکرا و ناشرین و بێمانایی و لادان لە بیرکردنەوەی دروست کە بەدوای خۆیدا دەهێنێت ڕوونی دەکردەوە.[408]

لەلایەکیتر ئەگەر لەدایکبوونی منداڵ ئەنجامی پەیوەندی نایاسایی (ناشەرعی) بێ، کە منداڵێکی بێتاوان، ئەنجامی تاوانێک، کە دایک و باوکی کردبێتیان. لە گشت کۆمەڵگاکانی سەرەتایی و تا ئێستاش سزاکەی گەورەیە. بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئیسلامی، نەک منداڵەکە دایکیشی دەکوژن. بۆ ئەوەش بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر بەردبارانکردن و زیندەبەچالکردن. هەر ئەوەش وایکردووە، ئەگەر لە ڕووداوی زینا، کە منداڵبوونی لێبکەوێتەوە. ئەوا هەردوو زیناکارەکە، بەهەر شێوەیەک بێ دەیانەوێ خۆیان لەدەست ئەو تاوانە ڕزگار کەن، تا شەرم

[408] وافي، الدكتور علي عبد الواحد، وأد البنات عند العرب في الجاهلية، عوامله الصحيحة وموقف الإسلام منه. مجلة الرسالة/ العدد 400/ بتاريخ ٣ مارس ١٩٤١

و ئابڕووی خۆیان داپۆشن. لەو کاتەدا دایکی هەوڵدەدا هێشتا هەر لە سکیدایە لەبەر خۆی ببا، کەس نازانێ ساواکە کوڕە یان کچ. خۆ منداڵ لەبەربردن ئێستاش هەیە. بەڵام بە مەرجی تایبەتی.[409]

لە لایەکیتر، ئەگەر دیاردەی زیندە بەچاکردن هەبوایە، بەڵای کەمی دەبوایە ئێسک و پرووسکی ئەو منداڵە بدۆزرێتەوە. ئێستا ئەنجامی پێشکەوتنی زانستی و هەبوونی تەکنیک، کە دەتوانێ، بە ئاسانی گۆڕی پێش هەزاران ساڵ بدۆزرێتەوە. و دوای پشکنین دەردەکەوێ کە نەک تەنیا منداڵی کوڕ یان کچە بەڵکوو دەتروانرێ هۆکارەکەشی دیار بکرێ. نموونەمان هەن، کە گۆڕی منداڵی ساوا دۆزراونەتەوە، و بەبەڵگە سەلمێندراوە کە کوڕ و کچ جیاوازی پێ نەکراوە. هەروەها ئەوەش سەلمێندراوە، کە ئەو منداڵانە ئەنجامی زینا بووین. و هەر لەگەڵ لەدایکبوون دەشاردرانەوە. هەروەک ئەو چیرۆکانەی خەڵکی لەسەر زیندەبەچاڵکردن دەیانگێڕنەوە.

بۆ ئەوەش نموونەیەکی بەرچاو هەیە. پسپۆر پاتریشا سمیث و هاوڕێکەی گیلا کەهیلا گۆڕێکیان دۆزییەوە کە ١٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە سەردەمی ڕۆمانەکان، لە نزیک شاری ئێسکێلۆن (Ashkelon) یا بە عەرەبی (عسقلان) کە دەکەوێتە بەشی خواروو ئیسرائیل، ٦٥کم لە خۆرئاوای ئۆرشەلیم. دوای بەدواداچوونی شوێنەوارناسی و مێژووی سەبارەت بە لە گۆڕنانی ئەو منداڵانە بە زیندووبی. ڕای جیاواز هەبوون. بەڵام گشت ڕاکان لەسەر ئەوە کۆکبوون، کە لەسەرەمی ڕۆمانەکان زیندەبەچاڵکردنی منداڵی ساوا نەبووە. دواتر دوای پشکنین و شرۆڤەی تەکنیکی، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ئەو گۆڕانە، منداڵی لەشفرۆشان بووین، کە لە مەلهایەک کاریان دەکرد، هەر لە پێش گۆڕەکە بووە. ئەو ژنانە ویستوویانە

[409] ابن تنباک، دکتور مرزوق (٢٠٠٤)، الوأد عند العرب بين الوهم و الحقيقة. دار البشائر. ص ١٥٩

لەدەستی ئەو منداڵانە ڕزگاربن، کە ناتوانن بەخێویان بکەن، و بەکارەکانیشیان ڕابگەن. بۆیە باشترین ڕێگایان فڕێدانی ئەو منداڵانە بووە.

ئەو گرووپە لە سەرجەمی تۆژینەوەکەیان ٢٤ گۆڕی بە کۆمەڵیان دۆزیونەتەوە، تەنیا گۆڕی ژمار ١٤ کە کەوتۆتە پشت مەلهاکە منداڵبووین. و هەر هەمووشیان کوڕبووین. سەرەڕای ئەوە بە هێچ شێویەک لە ناوچەکانی ئێسیلۆن و ناوچەکانیتری ژێر دەستی ڕۆم کوشتنی منداڵ نەبووە، لە هیچ بەڵگەنامەیەک یان ئەنجامی شوێنەوارناسی نەهاتووە.[410]

گشتگیرکردنی ئەو کردەوە لەلایەن دینی ئیسلام، تەنیا بە مەبەستی سڕینەوەی شارستانییەتی پێشتر، و لێدانی مۆرکی دڕوندەیی بووە. جیهانی ئیسلام هەرگیز لەو هەستە تێنەگەیشتن چۆن ژنێک بەو ناسکییەی، دەتوانێ ژیانی تەنیا لە ناو دیواری ماڵدا سنووردارێ. چۆن تا ئێستا بەرگەی گرتووە، و هەوڵی نەداوە لە ڕەگەوە ئەو شێوە ژیانە هەڵتەکێنێ.

کێشەی تێگەیشتن لە زیندە بەچاڵکردنی کچان و زێدەڕۆیی بۆ شکاندنی ژیانی پێش ئیسلام. کە سەرتاپای لە ڕووداوێکەوە سەری هەڵداوە. ئەو ڕووداوە هەرچەند کارێکی قێزەوەنی نامرۆڤانەیە. بەڵام ناشبێتە بەڵگە بۆ ڕەشکردنی گشت کۆمەڵگەی پێش ئیسلام.

ئەو چیرۆکەی کە بۆتە بنەڕەتی کاوێژکردنەوەی موسوڵمان، کە لەکات و ناکات دووبارەی دەکەنەوە. کە لەسەردەمی پێش ئیسلام کچیان زیندەبەچاڵکردوون.

هەر ئەوەشە ڕێنان دەڵێ:

---

[410] جريدة الحياة لە ژمارە ١٢٤٨١ لە ٢٥/ ١٢/ ١٩٩٧

ژنی عەرەب لەسەردەمی محمد، لە گەمژەیی، لە حەرەمی عوثمانی، هەرگیز ناتوانرێ بە ژنی عەرەبی بەر لە ئیسلام بەراورد بکرێ.[411]

٤ بە شێواوی لەدایک بوون:

هۆکاری دووەم بۆ زیندەبەچالکردنی کچان، گوایە هەندێک لە هۆزەکان بە ئەنقەست کچەکانیان زیندەبەچاڵدەکردن. ئەگەر کچەکانیان بە شێواوی لەدایک بووبن، یان کەموکوڕی جەستەییان هەبووبێ، وەک لەدایکبوونی شین، ڕەش، زگماکی، یان هەوکردنی پەردەی مێشک و چەند کەسێکیان ئەو کارەیان کردووە،[412] کە لەو سەردەمەی تەکنۆلۆژیا بە ئاسانی لەباردەبرێ. کە ڕەنگە بەهۆی هۆکاری تەندروستی پەیوەست بە شێواوییەکانی دواتر لە کۆرپەلەدا ڕووبدات. بەڵام بۆ کوڕان باسناکا، ئایا ئەوانیش کوژراون، زیندەبەچاڵکراون!! لێرەدا ئەگەر لە کۆڵخۆکردنەوە بووبێ، نابێ جیاوازی لە نێوان کچ و کوڕ هەبووبێ. یانیش شتێکی بێ بنەمایە.

٥ فاکتەری ئابووری

توێژەران پەیگیری لەسەر ئەوە دەکەن، کە هەندێک لە خەڵکی هەژار بە ئەنقەست کچەکانیان زیندەبەچاڵدەکرد، لە ترسی هەژاری و دەستکورتی، چونکە سروشتی ژیانی

---

[411] ئێرنێست رێنان، محمد و اصول الديانة الإسلامية. مجلة كلا العالمين. دیسێمبەر ١٩٥١. ص ١٠٥٩.

[412] الحوفي، أحمد محمود (١٩٥٢) الحياة من الشعر الجاهليّ، مكتبة نهضة مصر، ط٢.

بیابان و شێوەی ژیانی ڕەوەندی، و جوولەی بەردەوام بۆ گەڕان بەدوای ئاو و لەوەڕگەدا پاڵنەرێک بوو، بۆ زیندەباچڵکردنی کچەکانیان، هەر لەگەڵ لەدایک بوونیان.

ناکۆکی ئەو هۆکارە لەوەدایە، ئەگەر دیاردەی زیندەبەچالکردن، تەنیا لەبەر برسیەتی بووبێ، نەدەبوایە ماڵە دەوڵەمەندەکان، کچانیان زیندەبەچاڵکردبوایە. ئەگەر لەترسی ڕفاندن و شەرمەزاریش بێ، هەر ڕێگای تێناچێ!! لەبەرئەوەی سیستەمی خێڵەکی عەرەب و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیان بەر لە ئیسلام، ڕۆڵیکی گەورەی لە دروستکردنی سیستەمی کۆمەلایەتی ئیسلامی هەبوو. کەواتە نەدەبوایە ئیسلام وەک چەندەها نەرێتەکانی تری خێڵەکی، وا بە ئاسانی وازی لێ هێنابایە. ئەوەش وەڵامەکەی هەر لە ڕۆڵی مەزنی ژن دایە، کە بەشێک بووە لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری، کە لە زۆر بواری کۆمەڵایەتی و سیاسەت و شەڕ، ڕۆڵی کاریگەری هەبووە. بە مانایەکیتر ژن بوونی هەبووە، و گوێ لە قسەی دەگیرا، بیری دەکردەوە و لە کاروباری ڕۆژانە چاڵاک بووە. هەر ئەو ڕۆڵە چاڵاکەشی، بۆتە سیمای مەزنی و ئاکارەکانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە.[413]

لێرەدا پێویستە، ئاماژە بە ڕاڤەی هەندێ ئایەتی قورئان بە گەڕانەوە بۆ شرۆڤەی إبن حيان الأندلسي، خاوەنی (البحر المحيط) بکەین کە قورئانی لە ڕووی زمان و نەحو ڕاڤەکردووە، دەڵێ: (الدسّ) کوشتن نییە بەڵکوو حەشاردانە. کاتی کەسێک دەڵێ (وعندما يقول الشخص سأدسك في التراب) ئەوە زێدەڕۆییە بۆ سووکایەتی پێکردن. سەرەڕای ئەوە، لەو ڕاڤەیە زیندەبەچاڵکردن بە لێبڕاوی ڕەتدەکاتەوە. دەرگا بۆ خوێندنەوە و ڕای نوێ و جیاواز دەکا. ئەو دەربڕینانەش لە کولتووری ئەو دەمەی باوبووە.[414]

---

[413] منصور، د. فهمي (١٩١٣) أحوال المرأة العربية في الإسلام. ص ٨

[414] بن تنباک، د. مرزوق، الموقف من إنجاب البنات في التراب، ندوة أُقيمت في ٢٠٠٦/٢/٢٨ ، أبي حيّان التوحيديّ (١٩٩٩) البحر المحيط، تحقيق: صدقي محمّد جميل، دار الفكر، بيروت، ص١٢٨.

سورة النحل ١٦: ٥٦- ٦٠

وَيَجۡعَلُونَ لِمَا لَا يَعۡلَمُونَ نَصِيبٗا مِّمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡۗ تَٱللَّهِ لَتُسۡـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمۡ تَفۡتَرُونَ (٥٦) وَيَجۡعَلُونَ لِلَّهِ ٱلۡبَنَٰتِ سُبۡحَٰنَهُۥ وَلَهُم مَّا يَشۡتَهُونَ (٥٧) وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلۡأُنثَىٰ ظَلَّ وَجۡهُهُۥ مُسۡوَدّٗا وَهُوَ كَظِيمٞ (٥٨) يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓۚ أَيُمۡسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمۡ يَدُسُّهُۥ فِي ٱلتُّرَابِۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ (٥٩) لِلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ مَثَلُ ٱلسَّوۡءِۖ وَلِلَّهِ ٱلۡمَثَلُ ٱلۡأَعۡلَىٰۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (٦٠)

لەو بژێوەی پێیانمان داون، بەشێکی دەدەن بەوانەی کە هیچ قازانج و زیانیان لێ نابینن، سوێند بە خودا، لەسەر درۆ هەڵبەستن، لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکرێ (٥٦) وە کچان بۆ خودا دادەنێن، کە ئەو لەو شتانە پاکە، ئەوە بۆ خۆیان ئەوە ئارەزوو دەکەن (٥٧) هەر کاتێکیش موژدەی کچێ بە یەکێ بدرێ پێ، ڕوخساری ڕەش هەڵدەگەڕێ، و لەبەر خۆی پێشدەخواتەوە. (٥٨) لە مەینەتی ئەو هەواڵەی پێیدراوە، لە هۆزی خۆی تەرەدەبێ. ئاخۆ بە سووکایەتی بەخێویکا یان دەناخی ئاخی ڕاکا. ئای چەند کارێکی خراپە، بڕیاری لەسەر دەیدەن؟ (٥٩) ئەو کردەوە خراپانە، هی ئەوانەیە کە باوەڕیان بە ڕۆژی سەڵا نییە. نموونەی باشترین ئاکار، لای خودایەو هەر خۆی خاوەن دەستەڵاتی دانایە. (٦٠)

لە کولتووری عەرەبی، کوڕ لە کچ بە بەرزترە

بەهەرحاڵ ڕاستیەک هەیە، لە کولتووری عەرەب کوڕ هەمیشە لە کچ بەرزتر سەیرکراوە. ئەوەش نەک هەر بەر لە ئیسلام. بەڵکوو لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامی شەریعەتەکەشی ژن بە کەمتر لە پیاو دەبینێ.

سورة النساء ٤: ٣٤

ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ (٣٤)

پیاوان سالارن بە سەر ژناندا، بەهۆی ئەوەی خودا هەندێکیانی پەسەند کردووە بەسە ر هەندێکی دیکەوە (٣٤)

الدكتور أحمد محمد الحوفي، المرأة في الشعر الجاهلي، دیمەنێک لە کۆمەڵگەکانی کۆن پیشان دەدا، دیدیان بۆ کچ بەرامبەر کوڕ جیا بووە.

بۆ نموونە لەناو هۆزەکانی عەرەب بە لەدایکبوونی کوڕ دڵخۆش دەبوون، وەک سامانێک بۆ باوکیان و هۆزەکەیان وەک کەرەستەی شەڕ دادەنران. بەڵام کچ لەدایکبوونیان خەم و خەفەت لەگەڵ خۆیان دێنن. و دەبێ پەروەردەبکرێن بۆ ئەوەی ماڵی پیاوێک ئاوەدان کەنەوە.[415]

[415] الحوفي، الدكتور أحمد محمد (١٩٨٠) المرأة في الشعر الجاهلي. دار النهضة مصر. الطبعة الثالثة.

سورة الصافات ٣٧: ١٤٩

فَٱسۡتَفۡتِهِمۡ أَلِرَبِّكَ ٱلۡبَنَاتُ وَلَهُمُ ٱلۡبَنُونَ ١٤٩

لێیان بپرسە: ئایا بۆ خوداکەت کچان و بۆ خۆیان کوڕان؟

سەرچاوەی چیرۆکەکانی زیندەبەچاڵکردن

چیرۆک و گێڕەرانەوە بۆ کۆڕی دانیشتن خۆشکردن، سەبارەت بە دیاردەی کۆرپەکوژی بەربڵاوی مێینە، کە لە سەردەمی پێش ئیسلام هاتوون زۆرن. بەڵام لە بنەڕەتدا ئەو چیرۆک و گێڕانەوانە، دەگەڕێنەوە بۆ کەسێک بەناوی الحیثم بن عادی الکوفي (ئەبو عبد الرحمان الحیثم بن عادیية). ئەو کەسە هەواڵدەرێک بوو، کە کۆڕی بۆ خەڵکی دەگرت و چیرۆکی، زۆر ڕووداوی مێژووپی و کۆمەڵایەتی و شیعر و زمانی عەرەبی، کە لە شوێنانی تر دەیبیستن، بۆ خەڵکی دەگێڕانەوە. ئەو الحیثمە، لە ژیانی هەر خەریکی بەدواداچوونی بنەچەی مرۆڤ، و هەواڵەکانیان بوو. باسەکانی پڕ کەم و کووڕی و بە قال و قیل وەردەگرتن، و شرۆڤەی بۆ دەکردن. ئەوەش وەک هەواڵ لە بارەی عەرەب و ژینگەی کۆمەڵایەتیان. و ئاکارەکانیان و شێوەی ژیانیان تا دەگاتە شەڕ و ئاشتی. هەر ئەو (الحیثم)ە دەربارەی زیندەبەچالکردنی کچان دەگێڕایەوە. و دواتر لەلایەن مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان دووبارە دەبووەوە. الحیثم دەڵێ: زیندەبەچالکردن لەناو عەرەب لە سەرتاسەری دوورگەی عەرەبی، بە

بەربڵاوی هەبووە، بەڵام ئەو قسەیەی بەبێ هیچ بەڵگەیەک یان نموونەیەکی بەرجەستە بوو.

ئەو دەربڕینەی الحیثم بن عادی الکوفي، پێچەوانەی نووسەرانی تر بوو، کە لە شڕۆڤەکانیاندا، زیندەبەچاڵکردن لە نێو هەموو هۆزە عەرەبەکاندا تەنیا لە چەند هۆزێکدا هەبووە. کاتی ئیسلام هات، خۆی لە نەمان دابوو. بێجگە لە بەنو تەمیمەکان، کە کەم یان زۆر جێگای گومانە کە زیندەبەچاڵیانکردبێ.[416]

بەهەمان شێوە ابن معین و الخطیب البغدادی، الحیثم بن عادی الکوفی بە درۆزن ناو دەبەن، تەنانەت کەسێک بەناوی باوکی داود، کە دیارە الحیثمی باش ناسیووە، یان گوێی لە هەواڵەکانی بووە، سەبارەت بە الحیثم بن عادییەی، لێی دەپرسن، گوتوویەتی زۆر کەسێکی درۆزنە.[417]

زیندەبەچاڵکردن و فۆلکلۆری میللی عەرەب

بەپێی کەلەپووری عەرەبی، بیرکردنەوەی ئەو سەردەمەی بیابان، ژن بە ڕووداوە گەورەکانەوە دەبەسترایەوە، ئەو کاتەی شەڕ یا ڕووداوێکی سەرکەوتن. هەڵبەتە زۆرترینی ئەو سەرکەوتنانە، پێش سەردەمی ئیسلام بووین، و زۆر جار چیرۆک لەسەر ئەوە هۆنراوەتەوە، کە ژن ڕۆڵی سەرەکی لەو ڕووداوانە هەبووە. هەرچەندە زۆرەبەی هەرەزۆری ئەو چیرۆکانە،

---

[416]نوريّ حموديّ القيسيّ، الأشعار الموثّبات في الجاهليّة، مجلّة الأقلام، السنة الأولى، الجزء الرابع، ١٩٦٤، ص١، ئەبو فەرەج ئەلئیسفەهانی، الأغانی، بەرگی یەکەم، ل١٢.

الميدانيّ النيسبوريّ: مجمع الأمثال، تحقيق محيي الدين عبد الحميد، دار المعرفة، بيروت، ج١، ص٤٢٤.

[417] يحيى بن معين: تاريخ ابن معين، ص٢٢٦

هەرگیز ڕوویان نەداوە، بەڵکوو تەنیا بە ئەندیشە دروستکراون، و دەماودەم گێڕدراونەتەوە.

یەک لەو چیرۆکانەی کە دەماودەم لەناو عەرەب گێڕدراوەتەوە، ئەوەیە کیسرا، نەعمان بن منذر دەکوژێ. بەپێی چیرۆکەکە و هۆکارەکەی ئەوە بووە. کیسرا دەیەویست نەعمان، کچی خۆی بداتە کوڕی کیسرا. کەچی نەعمان ڕەتیکردەوە. بۆ ڕەتکردنەوەکەش گوتوویەتی: جا ئەوەندە مانگای ڕەشی هەیە؟[418] بەو مانایەی هەموو سامانی کیسرا بایی ئەوە ناکا کە شایەنی کچی نەعمان بێ.

بەپێی کەلەپووری کۆنی ناوچەکانی دوورگەی عەرەبی، چیرۆکی فۆلکلۆری تر زۆرن، کە تێیاندا کچ زیندەبەچالکراون. لە ناوهۆزە عەرەبەکان، بۆ نموونە چیرۆکی هەوازن و زبێر بن جذیمة العبسي،[419] هەروەها چیرۆکی عملیق و جدیس،[420] و چیرۆکی أنفة جدیس کە لەبەر شەرمەزاری بۆ بنەماڵەکەی کوژرا. بەپێی بیرکردنەوەی عەرەب، ئەو چیرۆکە ئەفسانە کەلەپووریانە، زیندەبەچاڵکردن شۆڕشێک بووە، کە پیشانی دەدا لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری، چۆن پیاو هاواری ژنی کپ کردۆتەوە. و پیاوەتی خۆی سەلماندووە.

چیرۆکێکی تری ئەفسانەیی سەرنج ڕاکێش هەیە. سەبارەت بە قەیس و کچەکەی (کە ژنی حجر بن عمرو أكل المرار) بووە، کە لەلایەن زیاد بن الهبولة کراوەتە سەیی.

بەپیی چیرۆکەکە، ئەو ژنە خیانەتی هاوسەری لە مێردی کردووە، و بە باشتری زانی لەگەڵ خاوەنەکەی (ئەو کەسەی کربوویە سەبی) مایەوە. دوای ئەوەی ابن حجر لە سەبی ڕزگاریکرد. هەر قاچەی لە ئەسپێک بەستەوە و تاوی ئەسپەکانی دا. و لەناوەڕاست ژنەی

---

[418] ابو عبيدة معمر بن المثنى (١٩٨٧) أيام العرب قبل الإسلام. تحقيق: عادل جاسم البياتي. الطبعة الثانية. مطبعة دار الجاحظ للطباعة و النشر. بغداد. ص ٤٩٠

[419] هەمان سەرچاوە ٢٣٥

[420] هەمان سەرچاوە ٣٩٧

شەقکرد. ئەو چیرۆکە بەزۆر شێوەی جوراوجۆر، دەماودەم گێڕدراوەتەوە. هەندێ جار ژنی بووە و هەندێ جاریش کچی.[421]

ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەو چیرۆکانە تەنیا گێڕانەوەیەکی بێ بنەمان، و مەبەست لە گێڕانەوەیان پیشاندانی سەربەرزی پیاو، و سزادانی ژن بووە بۆ گێڕانەوەی ئابڕووی بنەماڵە و هیچیتر.[422]

مێژووی ئەدەبی ئەوەی نیشانداوە، کە لەناو کەلەپووردا، چیرۆک و پەند، وەک شیکاری بۆ هەندێ دیاردەی کۆمەلایەتی بەدەر لە سرووشت دادەنێن. لەوانەش دروستکردنی قارەمان کە بە ئەندیشەی خەڵکی بەشێوەی دەماودەم دەهۆنرێنەوە، ئەو چیرۆکانە نە بنەمایەکی ڕیالیستیان هەیە. و نە هیچ یاسایەکی لۆژیک ڕێگا دەدا.[423]

کێشەی زیندەبەچاڵکردن، لە بنەڕەتدا ئەندێشەی خەڵک بووە، بۆ بنەمای بنیاتنانی چیرۆکەکانی زیندەبەچاڵکردن. زۆر جاریش، وەک پەڕجوو (معجزة) کچە زیندەبەچاڵکراوەکە ڕزگاری بووە. دەرئەنجامەکەشی وەک پەندێک یان ئامۆژگاریەک لەگەڵ مەبەستە کۆمەڵایەتیەکە هاتووتەوە.

بۆ نموونە چیرۆکی زیندەبەچاڵکردنی لیلا بنت مهلهل، کە وەک وەڵامێک بووە، بۆ عمرو بن کلثوم. کە قارەمانیەتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێکەوتەی کوڕی لەیلا بووە. و باوکی لەیلا، ویستوویەتی لەیلا زیندەبەچاڵ بکا. چیرۆکەکە باسی ڕزگاربوونی لەیلا دەکا. کە دواتر

---

[421] ابن تنباک، دکتور مرزوق (٢٠٠٤)، الوأد عند العرب بين الوهم و الحقيقة. ص ٣٧

[422] محمد أبو الفضل إبراهيم و اخر (١٩٨٨) أيام العرب في الجاهلية . دار الجيل – بيروت، ص ٤٥

[423] ابن تنباک، دکتور مرزوق (٢٠٠٤)، الوأد عند العرب بين الوهم و الحقيقة. ص ٨٦

هاوسەرگیری کردووە، و عمروی بووە. کە پاشان ئەنجامی تووڕەیی و گەڕاندنەوەی ئابڕووی بەنی تغلب، پاشای کوشتووە.

ئەو عمرو بن کلثومە، ئەو سوارچاکەی ناو شیعری پیاهەڵدانی عەرەبی بووە. کە ئابڕووی خۆی و سەرفرازی هۆزەکەی بەنی تەغەلوبی کڕیەوە. ئەو چیرۆکە تەنانەت منداڵانی بني تغلب لە سەردەمی ئیسلامیش دووبارەیان دەکردەوە.[424]

چیرۆکێکی تری ئەفسانەیی، سەبارەت بە إمرىء القیس، گوایە کچانی خۆی زیندە بەچالکردوون. لە دەقەکانی إبن قتیبیة دا، چیرۆکێک دەخوێنینەوە. پرۆسەی ڕووداوەکانی، ئەو چیرۆکە، بە تێپەڕبوونی کات، شێوەی نوێ وەردەگرێ و لەسەری زیاددەکرێ.

بەپێی چیرۆکەکە إمرىء القیس کوڕی نەدەبوو، لەوە زۆر پەست بوو. چیرۆکەکە بەوە دەستپێدەکا، گوایە إمرىء القیس هەر کچێکی ببوایە دەیکوشت. کاتی ژنەکانی ئەوەیان بینی، دوای لەدایکبوونی هەر کچێک لە ئاواییەکانی (گوندەکانی) عەرەب دەیانشاردنەوە. دوای ماوەیەک ئەو قسەیە دەگاتەوە إمرىء القیس، ئەویش بڕیار دەدا، بە سواری ئەسپ گوند بە گوند، بە سۆراخیاندا بگەڕێ. چیرۆکەکە بە شێوەیەکی ئەدەبی گەواهیە بۆ ئەوەی ئەو چیرۆکانە چۆن دوای هەر گێڕانەوەیەک فۆرمیان دەگۆڕێ، گوێگر دەخرۆشێنن.
هەرچەندە هیچ بەڵگەی بنبڕ لەسەر ژمارەی منداڵەکانی إمرؤ القیس نییە. بەڵام بەپێی هەندێ سەرچاوە دوو منداڵی هەبووە کوڕێک بەناوی حجر و کچێک بە ناوی هیند. لە هەندێ سەرچاوەی تر دەڵێ بێجگە لەو دوو منداڵە دوو کوڕی تریشی هەبووین بەناوی زەید و عومەر.

[424] ابن تنباک، دکتور مرزوق (٢٠٠٤)، الوأد عند العرب بین الوهم و الحقیقة. دار البشائر. ص ٨٦

لێرەدا دوو ناڕاستی ئاشکرا دەبن. یەکەم إمرؤ القیس، نەک کوڕی نەبووین، بەڵکوو باوکی سێ کوڕ بووە، و هەرەوەها کچێکیشی هەبووە. سەرەڕای ئەوە لە هیچ بەڵگەنامەیەکی مێژووی باسی ئەوە ناکا، کچی زیندەبەچاڵکردبن.[425]

لەو چیرۆکە دوو شت، یەکتری تەواودەکەن. إمرىء القیس خاوەنی کەسایەتیەکی لەخۆبوورد و ئاستی بەرزی کۆمەڵایەتی خۆی هەبووە. بەپێی چیرۆکەکە، دەبێ هۆکارەکەشی کچەکانیەتی. کە بە زیندەبەچاڵکردنیان، کەسایەتی خۆی ڕادەگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەرگیز شتی وا ڕووی نەداوە. و تەنیا مەبەستی سەرەکی ئەو چیرۆکانە، لەناو کۆمەڵگەی عەرەبی پیاوسالاری بە سەربەرزی دەمێنێتەوە. لە هەمان کاتدا ژنەکانی ئەوە دەزانن بۆیە کچەکان دەشارنەوە.[426]

ئەو چیرۆکە لە ڕاستیدا لەسەر زیندەبەچاڵکردن نەبووە، بەڵکوو چیرۆکێکی ترە بە پێی کات، و گێڕانەوە یەک لە دوای یەک بۆتە هی إمرىء القیس. ئەو چیرۆکە لە بنەڕەتدا سەبارەت بە سەوداء بنت زهرة بن کلاب بووە. کە پووری وهب أبي أمنة بوو. ئەو ژنە منداڵی کوڕی نەدەبوو. باوکی ناردی زیندەبەچاڵی کا. چوو چاڵێکی هەڵکەند و ویستی ساواکە بخاتە ناو چاڵەکە، گوێی لە دەنگێ بوو، دەیگوت (ئەی زیندەبەچاڵکەر) خودا ڕۆزووی ئەو ساوایە دەدا، تۆ بۆ زیندەبەچاڵی دەکەی. کە گوێی لێبوو، حەپەسا و هەڵسا بەدوای دەنگەکەداچوو. هیچ کەسی نەدی، وایزانی ئەوە شێوەیەکە لە دڵەڕاوکێ. و ساواکەی لەو دەشتە بەجێهێشت. بەو شێوەیە چیرۆکەکە بەردەوام دەبێ، و ساواکەش ڕزگاری دەبێ. چیرۆکی ئەفسانەیی لە ڕاستیدا ڕوونی نەداوە، بەڵکوو زادەی ئەندێشەی مرۆڤ خۆیەتی، بۆ

[425] النجاح نت ٢٠٢٤ /٧/٢٣ من هو إمرؤ القیس؟ نسبته و حیاته و شعره.
[426] ابن تنباک، دکتور مرزوق (٢٠٠٤)، الوأد عند العرب بین الوهم و الحقیقة. دار البشائر. ص ٨٩

مەبەستی کاردانەوە بۆ دیاردەیەک، کە نەتوانێ بە ڕێگایەکی لۆژیکی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. و چیرۆکێکی نالۆژیکی لە ئەندیشەی خۆی وەدی دێنێ.[427]

لە هەمووی سەیرتر لە هەندێ چیرۆکدا عومەر کوڕی خەتاب لەسەردەمی پێش ئیسلام کچی زیندەبەچاڵکردووە، هەروەها باسی زیدی کوڕی مامی عومەریش دەکرێ.[428]

کێشەی نالۆژیکی ئەو چیرۆکانە لەوەدایە. بۆ عمرو بن نوفل، کچی خەڵکی تری ڕزگار دەکرد، کەچی هیچ یەک لە کچی عومەر، و کچی زەیدی کوڕی خۆی ڕزگار نەکردن. سەرەڕای ئەوە عومەر لە هیچ شوێنێک باسی ئەوە ناکا، کە کچی زیندەبەچالکردبێ، باسی زەیدیش ناکا.[429]

ئەفسانەی خەڵکی لەسەر چیرۆکی زیندەبەچالکردن، ئەفسانەکانی گونجاندنی هەڵومەرجی زیندەبەچاڵکردن، بۆ ژن تووشی کە تووشی دەبێ، دروستکراوە. بەڵام بە هۆکاری ناتەواو. ناتەواویەکەشی، بە پەرجوو (معجزة) دادەنرێ، کە زیندەبەچالکراوەکە بەرەوڕووی دەبێتەوە. شێوە و ناوەرۆکی پرۆسەوکەش بەپێی هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی، هۆنراوەتەوە.

بۆ نموونە چیرۆکی زیندەبەچالکردنی لەیلا بنت مهلهل، کە دواتر بە پێی چیرۆکە ئەفسانەییەکە بە پەرجوو ڕزگاری دەبێ. و دواتر کوڕێکی دەبێ بەناوی عمرو بن کلثوم، ئەو کوڕە دواتر دەبێتە پاڵەوان و سەرکردەیەکی مەزن. بەپێی چیرۆکەکە ئەو پاڵەوانە کوڕی لەیلابوو. پەرجووەکەش لە ڕزگاربوونی لەیلا، بۆ دروستبوونی پاڵەوانێک بووە. بە پێی

---

[427] ابن تنباک، دکتور مرزوق (٢٠٠٤)، الوأد عند العرب بين الوهم و الحقيقة. دار البشائر. ص ٩٢

[428] محمدالأمين بن مختار الشنقيطي () أضواء البيان في إضاح القرآن بالقرآن، دار الكتب – بيروت. تفسير سورة التكوير. ص ٦٣

[429] ابن تنباک، دکتور مرزوق (٢٠٠٤)، الوأد عند العرب بين الوهم و الحقيقة. دار البشائر. ص ٩٤

چیرۆکەکە باوکی لەیلا دەیەویست لەیلا زیندەبەچال بکا. لە چیرۆکەکە بەشێوەیەکی ئەفسانەیی باس لە ڕزگاربوونی لەیلا دەکا. و دواتر چۆن شوودەکا و پاڵەوانێکی دەبێ. کە بۆ ڕاگرتنی سەروەری خۆی و هۆزی بنی تغلب عمرو بن کلثوم پاشا دەکوژێ.[430]

لە مێژووی ئەدەبی کەلەپووری نەتەوەیی شرۆڤە بۆ هەندێ دیاردە دروستکراون، کە دوای ڕووداوێکی باوەڕنەکراو پاڵەوانی ئەفسانەیی، دەکرێتە هۆکار و ئەنجام.
ئەو چیرۆکانە، هەرگیز ڕوویان نەداوە، بەڵکوو بۆ دروستکردنی پاڵەوانێک، لە ئەدەبی ئەفسانەیی بەرهەم هاتووە، کە هەرگیز ناتوانرێ بە شێوەیەکی ئاسایی ڕوونبکرێتەوە.

لەلایەکیتر خەلکی یەمەن بە هیچ شێوەیەک، لە هیچ سەرچاوەیەکی کەلەپووری یان دینی و مێژووی نەهاتووە، کە کچیان زیندەبەچاڵکردبێ. تەنانەی چیرۆکی فۆلکلۆریش لەسەر ئەو بابتە نادۆزیتەوە. کەواتە لێرەدا، گریمانەی ئەوە دەکرێ، کە زیندەبەچاڵکردنی کچان لە ڕاستیدا هەرگیز نەبووە، و تەنیا لە چیرۆکی فۆلکلۆری دەماودەم لە ناوەڕاست و باکووری دوورگەی عەرەبی هەبووە، ئەوەش بەڵگەیە کە نووسەری قورئان سەرچاوەکەی بۆ ئەو بابەتە، لە زمانی دەماودەمی بازاڕ و چیرۆکی خورافی وەرگرتووە.[431]

پوختەی باس

بەپێی قورئان ڕاڤەکارانی موسوڵمان دەبێ ئیسلام کچانی لە زیندەبەچالکردن ڕزگارکردبێ. و ژیانێکی بەرێزی بۆ ڕەهاکردبن. کەچی بە ووردبوونەوەیەکی سەرپێی بۆمان دەردەکەوێ، شتەکان تەواو پێچەوانەن. پێکهاتەی خێزان لە سەردەمی ئیسلام، کە ژن بە درێژایی مێژووی

[430] بن تنباک، الدکتور مرزوق (٢٠٠٤) الوأد عند العرب بين الوهم و الحقيقة. ص ٨٦
[431] نفس المصدر.

هەزار ساڵەی، و تا ئێستاش چارەنووسی بەدەستی خۆیٚ نییە. بەڵکوو لەدەستی پیاوانی خێزانەکەیەتی. ئەوان بڕیاردەدەن چۆن بژێی، چۆن بیرکاتەوە و چارەنووسی چۆن بیٚ.

ئەو کولتوورە دژ بە ژنە هەر لەسەردەمی بەر لە ئیسلام لەسێبەری باوکسالاری بوونی هەبووە، کەچی لە سایەی هاتنی ئیسلام لەناو چواردیواری ماڵ بە زیندەبەچاڵکراوی ژیاوە. بە هاتنی ئیسلام باوکسالاری گۆڕا بۆ موڵکداری، واتە ژن وەک هەر کاڵایەکیتر بەدەستی پیاوە، چۆن ڕەفتاری لەگەڵ بکا. بەوەش ئەو تاکە دەنگە ئازادەی لەسەردەمی پێش ئیسلام هەیبوو، کپ کرایەوە. لە جیاتی ئەوە بە ناو و ناتۆرەی وەک عەورە، ناقص العقل و حرام سەیر کرا، کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە.[432]

کاتی چیرۆک و لێتۆژینەوەکانی، سەبارەت بە کوشتن یان زیندەبەچاڵکردن، لەناو هۆزەکانی باکووری دوورگەی عەرەبی دەخوێنینەوە، پرسیارێک دێتە پێش، ئەی بۆ ئەو دیاردەیە لە باشووری دوورگەی عەرەبی بەدیارنەکەوتووە. مەگەر خەڵکی باشوور شارستانی و بازرگان بوون؟. و زیاتر لە باکوور پێشکەوتووتربووین؟.لە باشووری دوورگەی عەرەبی و یەمەن بە هیچ شێوەیەک چ لە چیرۆک و فۆلکلۆری میللی باسێک لە زیندەبەچاڵکردن نادۆزرێتەوە. بە پێچەوانەوە چەندین تابلۆی شوێنەوارناسی، لە باشووری دوورگەی عەرەب، بە تایبەتی یەمەنی کۆن، لە دەقەنیاندا، بە گشتی دژی کوشتنی منداڵ بووین. بە یاساش هەر لە کۆنەوە کوشتنی کۆرپەیان قەدەغەکردووە. ڕەنگە ئەوەش، لەبەر ئەوە بووبیٚ کە باری ئابووری یەمەن بپارێزیٚ، و ژن هاوبەشی پیاو بووە، لە زۆر کاروبار. بەتایبەتی کشتوکاڵ.[433]

---

[432] منصور فهمي (١٩١٣) احوال المرأة في الإسلام. ص ١٥

[433] Beeston, A.F.L, Tow epigtaphic south arabian roots: Hy and Krb, AC Hudhud Festschrift, Universitat, 1981, p29.

دووەم ئەگەر زیندەبەچاڵکردن هەبووبێ، ئەوە تەنیا لەناو هۆزەکانی دەوروبەری مەککە بووە، وەک تەمیم، کندە .... هتد، هەرچەندە ئەوەش تەنیا ئەفسانەیەکە، با وایدابنێین ڕاستە و زیندەبەچاڵکردن هەبووە!! ئەگەر هەبووبێ، بەڵگەیە کە ئەو ناوچەیە هێشتا لە قۆناغی دڕوندایەتیدا ژیاون. کەچی باشووری دوورگە پێشکەوتووتر بووە، بۆیە شتی وای تێدا ڕوونەداوە .

لەلایەکیتر بۆچی تا ئێستا شوێنەوارناسان لە هەڵکۆڵین، هیچ شوێنەوارێکیان نەدۆزیوەتەوە، کە ئاماژە بەو دیاردەیە بکا. یان بۆ هیچ لە مێژوونووسانی ناوچەکە، کە هاوسەردەم یان پێش ئیسلام بووین ئاماژە بە دیاردەیەکی وا ناکەن.

کەچی لە چیرۆکە فۆلکلۆریەکان و ئەفسانەی ناوچەکە باسیان دەکرێ. ئەوەش بەڵگەیە کە زیندەبەچاڵکردن، نەک تەنیا لەناو چەند هۆزێک، بەڵکوو لە هیچ جێگایەک بوونی نەبووە. لە جیاتی ئەوە چیرۆکی کۆنی کۆڕی ئێوارانی بیابان بووە، بۆ سەپاندنی گەورەیی پیاو. ئەوەش هەر وەك لە پێشتر ئاماژەی پێکرا، کەسێک بە ناوی الحیثم بن عادی الکوفي، کە چیرۆکی ناوچە جیاجیاکانی دوورگەی کۆ دەکردنەوە. و وەک ڕاستییەک بۆ خەڵکی دەگێڕانەوە. بەڵام بە پێی لێکدانەوەی شارەزایانی ئەو دەمە، چیرۆکەکانی الحیثم جێگای گومان بووین.[434]

لە کۆتایی دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دیاردەی زیندە بەچاڵکردن نەبووە، مرۆڤی کۆمەڵگەی دوورگەی عەرەب، پێش هاتنی ئیسلام، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی ئیسلام زۆر پێشکەوتووتر بووین و ژن لە تەک پیاو هاوبەشی شەڕی هێرش و بەرەنگاربوونەوەی

[434] نوريّ حموديّ القيسيّ، الأشعار الموثّبات في الجاهليّة، مجلّة الأقلام، السنة الأولى، الجزء الرابع، ١٩٦٤، ص١، ئەبو فەرەج ئەلئیسفەهانی، الأغانی، بەرگی یەکەم، ل١٢.

کردووە. بازرگان بووە، سەرۆکی هۆز و فەرمانڕەوا بوو. بۆیە هەرگیز ڕێی تێناچێ هەمان ژن جێگای شەرمەزاری بێ، یان بووبێتە بارگرانی بەسەر خێزانێکی هەژار. بۆیە بۆ لەکۆڵخۆکرنەوە زیندەبەچالیانکردبێ. کەچی بە درێژایی ١٤٠٠ ساڵی دین و فەرمانڕەوایی ئیسلام، ژن لە گشت مافێکی بێبەش کراوە. وەک کاڵایەک فرۆشراوە. لەشەڕو داگیرکاری ئیسلام ژن وەک هەر ئاژەڵێک یان سامانێکیتر، بە تاڵانبردراوە و لە بازاڕی نخاسە فرۆشراوە.

مارەبەجاش چەقی پەیامی دینی ئیسلامە

لە کوردەواری مارەبەجاش ناوێکی ناسراوە. وکە بە پێی قورئان، لە دینی ئیسلام لەسەر پرسی تەڵاق هاتووە. و لە جیهانی ئیسلام بە شێوەیەکی بەرفراوان کاری پێدەکرێ. و پەڵەیەکی ڕەشە بە تەوێڵی داهێنەری ئەو یاسایە. کە ماڵی هەزاران کەسی بەدبەختی وێرانکردووە.
لە گشت کولتوورێک و نەتەوەیەک هەر لەسەردەمە هەرە کۆنەکان تەڵاقدان و پێکهاتنەوە هەبووە. هۆکاری تەڵاقدان زۆرن، بەڵام زۆر جار لەبەر بوونی منداڵ یان سامانی زۆر و کارەساتی خێزان پێکهاتوونەتەوە.

بۆ پرسی تەڵاق و شێوەی چارەسەرکردنی، نووسەری قورئان لە سنووری چوارچێوەی کولتووری هۆزەکانی دوورگەی عەرەبی دەرنەچووە. و هزری کۆمەڵایەتی هۆز و بنەماڵەی کۆنی عەرەب، سەرچاوەی ئەو چارەسەریانەن کە نووسەری قورئان بانگهێژی بۆکردوون. بۆیە ڕەنگدانەوەیەکی زەق سەردەمی، پێش هاتنی ئیسلامی پیوەیە. و نەیتوانیوە سنووری ئەو کولتوورە دەربازکا.

تەڵاقدان وەک زۆربەی نەرێتەکانی تری کۆن بە دواکەوتوویی خۆیان خزاونەتە ناو دین. ئەوەش لە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کارێکی ئاساییە. بەڵام پیرۆزکردن و دانانی بە کارێکی خودایی، کێشەکە ئاڵۆزدەکا. و لە ڕیالیزم دەردەچێ و دەبێتە کارێکی خەیاڵی و دوور لە لۆژیک. هەروەها دەبێتە گەیێنەری پەیامێک، کە ئەو دینە چەقی سووکایەتی بە خێزان و شکاندنی شکۆی ژن و مێردە.

بە پێی یاسای شارستانی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، ئازادی تەڵاقدان و پێکهاتنەوە، لە چورچێوەی مافی تاکەکەس دایە. نە دین و نە سیاسەت ناتوانن، چوارچێوی دیاریکراوی بۆ دابنێن. ئەگەر چوارچێوەیەکیان بۆ دانا، ئەوا ئازادی تاک پێشێل دەکەن. خێزان دەخرێتە ناو دیواری زیندان. گشت سەرفرازیەکانی پێشێل دەکرێن. و تاکەکانی بە پێی ئارەزووی هێزێک لەدەرەوەی ویستی خۆیان دەبێ بژێن.

لە گشت دینە ئیبراهیمیەکان ئەو پێشێلکردنە کەم یا زۆر هەست پێدەکرێ.

تەڵاق لە دینی جولوکە

لە دینی جولەکە تەڵاق، بۆ پیاو بە کارێکی پەسند دانراوە. هەڵوێستی دینی دەڵێ:

جیابوونەوە باشترە لە ژیانێکی پڕ شەڕ و دوژمنایەتی. لە ژێر ناوی (ئاشتی لەماڵەوە).

بەڵام ژن لەو مافەدا، ڕەچاوی کەمترین ڕۆڵی بۆ نەکراوە. بەڵکوو چارەنووسی خراوەتە دەستی پیاو. هەر لەوکاتەی ژن هاوسەرگیری دەکا، بە پیاوێک دەبەسترێتەوە، تەنانەت مافە هەرە سەرەتاییەکانیشی پێ ڕەوانابینرێ. بۆ گوزارەکردن لەو بەدبەختیەی، زاراوەیەکی عیبری هەیە بەناوی ئەگونە (Aguna). ئەگونە زاراوەیەکی یاساییە، لە پەرتووکی هالاخا، دینی جولەکە. مانای بەستراو، یان بەند لەگەڵ مێردەکەی، لە ڕێگای مارەبڕی. بە ژنێک دەگوترێ کە هاوسەرگیری کردبێ، هەرچەندە ئەگەر لەگەڵ یەکتریش نەژین. ژنە ناتوانێ هیچ هەنگاوێک بەبێ ڕەزامەندی مێردەکەی باوێ، لەبەر ئەوەی هیچ مافێکی یاسایی نییە. تا داوای جیابوونەوە بکا، و مێردێکیتر بکاتەوە. ئەگەر ژنێکی ئەگونە لەگەڵ پیاوێک بژی، و

مێردی هێشتا تەڵاق نەدابێ، لە ڕووی یاساییەوە کێشەیەکی گەورەیە. بەتایبەتی ئەگەر منداڵی هەبن.

ژن و مێرد تەنیا ئەوکاتە دەتوانن لەیەک جیابنەوە، کە پیاوەکە خۆی یان لە ڕێگای بریکارەوە، بڕیاری تەلاقدان پەسندبکا.

بۆ ئەوەی ژنێک بە ئەگونە دابنرێدەبێ:
١ پیاوەکە گوم بووبێ.
٢ پیاوەکە تووشی نەخۆشی دەروونی بووبێ یان کەم ئەندام بێ.
پیاوەکە جیابوونەوە ڕەتبکاتەوە، سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ یەکیش نەژین.[435]

تەڵاق لە دینی کریستیانی

لە ڕێبازی کاتۆلیک و ئەرثەدۆکس جیابوونە قەدەخەیە، بەڵام لە هەڵومەرجی نالەبار کە ڕێگایەکیتر نەبێ، ئەوکاتە پەسندەدەکرێ. ئەوەش بە هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری ناودەبرێ. بۆ نموونە ئەگەر هاوسەرگیریەک گومانی لەسەربێ، یەک لە ژن و مێردەکە بە زۆری ناچاری هاوسەرگیری کرابن. یان کێشەی دەروونی لەیەکیان دا هەبێ و بسەلمێندرێ کە ناتوانێ لە ژیانی ژن و مێردایەتی بەردەوام بێ.
بەڵام لە ڕێبازی پرۆتستانتی کەنیسە ڕێگە دەدا ژن و مێرد لەیەک جیا ببنەوە. و دواتر بگەڕێنەوە لای یەکتریش.

[435] Groth Bente (2002) Jodendomen, kultur, historia, tradition. Natur & Kultur. Stockholm.

تەڵاق لە ئیسلام

لە دینی ئیسلام و قورئانەکەی، ئەو پێشێلکردنی ژیانی خێزان و هاوسەرگیری، گەیشتۆتە ئاستی سووکایەتی بەرامبەر مافی ژن و مێرد لە خێزان.

مارەبەجاش هەر لەسەرەتای پەیدابوونی دەوڵەتی ئیسلام و دەستەڵاتی، چوارچێوەیەکی بۆ تەڵاقدان داناوە. لەوەش خراپتر، دوای سێ جار تەڵاقدان. هەنگاوی کارەساتێک دەستپێدەکا. لە بەر نالۆژیکی و بێ ڕەوشتی بەرامبەر شیرازەی خێزان، هیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێ پەسندی بکا.

موسوڵمانان زۆر باش ئەوە دەزانن، بۆیە تا بۆیان بکرێ، خۆیان لە باسی مارەبەجاش دەبوێرن. ئەگەر ناچاریش بکرێن، ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نکۆڵی لێدەکەن. و دەیانەوێ بڵێن ئەو نەرێتە دواتر هاتووە. و هیچ کارێکی بە ئیسلام و قورئانەوە نییە. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو نەرێتە لە ئایەتی قورئان و حدیسی نەبەوی بە ئاشکرا هاتووە. و سەرجەمی ڕاڤەکارانیش سەرەڕای ناکۆکیان لەسەر چۆنیەتی مارەبەجاش، لەسەر ئەوە کۆکن، کە دوای سێ جار تەڵاقدان. ژن و مێرد چیتر حەڵاڵی یەکتری نین.

سورة البقرة ٢: ٢٣٠

فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعۡدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوۡجًا غَيۡرَهُۥۗ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَآ أَن يَتَرَاجَعَآ إِن ظَنَّآ أَن يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِۗ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ (٢٣٠)

گەر تەڵاقیدا، لەوە بەدوا بۆی حەڵاڵ نیە، تاوەکوو مێردێکی تر لەگەڵی جووت نەبێ. گەر لەو مێردەی کردوویەتی تەڵاقدرا، ئەوسا هیچ گوناهێکیان ناگاتێ. ئەگەر دووبارە بۆ لای یەکتر بگەڕێنەوە. بەو مەرجەی هەردووکیان، بتوانن پابەندی سنوورەکانی خودابن. و ئەمانەش سنوورەکانی خودان. بۆ خەڵکی ڕوونی دەکاتەوە، کە دەزانن (٢٣٠)

القرطبي دەڵێ: کە تەڵاقیدا (فإن طلقها) واتە تەڵاقی سێیەم، ئەوسا بۆ پیاوەکەی حەڵاڵ نییە. ئەو لێکدانەوەیە، گشت ڕاڤەکارانی موسوڵمان لەسەری هاوڕان. لە حەدیسێکی پەیامبەر سەبارەت بە ئەو پرسە دەڵێ:

١٢٣٢ - تا هەریەک لەوان، لە ئەندامی سێکس (عسيلة)ی بەرامبەرەکەی چێژ وەردەگرێ. کە مەبەستی چێژی جووتبوونە.[436]

ئەو کەسەی ژنەکەی دووجار تەڵاقدا، لێی جیابووەوە، دوایی ویستی هاوسەرگیری لەگەڵ بکاتەوە. پێویست بەوەناکا، لەگەڵ مێردێکیتر جووتبێ، لەبەر ئەوەی سێ جاری تەواونەکردووە. بەڵام دوای ئەو دووجارە، جاری سێیەم (فإن طلقها) ئیتر ئەو ژنە حەڵاڵی نابێ، تا لەگەڵ مێردێکیتر جووت نەبێ.[437]

الطبري دەنووسێ، ابن عباس گوتوویەتی: ووشەی (إن طلقها ثلاثا) واتە سێ جار تەڵاقیدا، ئیتر حەڵاڵی نییە، تا لەگەڵ مێردێکیتر جووت نەبێ. هەروەها الضحاک دەڵێ:

---

[436] تفسير القرطبي، جامع لأحكام القرآن الجلد الثالث ص ١٤٠

[437] هەمان سەرچاوە ص ١٣٧

ئەگەر جارێک یا دووجار تەڵاقیدا، دەتوانێ بیگێڕێتەوە بەبێ ماوەی چاوەڕوانی. بەڵام جاری سێیەم هیچ پاشەکشیەک نیە. تا لەگەڵ مێردێکیتر جووت نەبێ.[438]

لە عائیشە دەگێڕنەوە، گوتوویەتی:

جارێک سەبارەت بە پیاوێک لە پەیامبەریان پرسی: کە ژنی خۆی تەڵاقدابوو، و میردێکیتری کردبوو. بەڵام بەر لەوەی لەگەڵی جووتبێ، تەڵاقی دابوو. حەڵالە بۆ پیاوی یەکەم؟

پەیامبەر گوتی: نەخێر، تا مێردی دووەم چێژی لێوەردەگرێ. و ئەویش چێژ لە پیاوەکە وەردەگرێ، بۆ پیاوی یەکەم حەرامە. بەو مانەیەش دەبێ چووکی پیاو و زایەنی ژن چێژ لەیەکتری وەرگرن.[439]

تەڵاقی یەکەم و دووەم تۆ ئازادی، ئەگەر ماوەی چاوەڕوانی مابێ. ئەگەر پێکهاتنەوە و گەڕانەوە لای یەکتری، ئەوە چاکەی تێدایە. ئەگەر ماوەی چاوەڕوانی کۆتایی هات، ئەوا ئازادی دەکەی مافی خۆی دەدەیێ. زیانی پێ ناگەیێنی.[440]

ئەگەر پیاوێک ژنەکەی بۆ جاری سێیەم تەڵاقدا. یان سێ بەسێ تەڵاقی خوارد. بەپێی ئایەتەکە دەڵێ: (حتى تنكح زوجا غيره). واتە تا لەگەڵ مێردێکیتر جووت دەبێ.

دەربڕینی قورئان سەرڕاست و بێ گرێگۆڵە. بە ڕوونی دەڵێ دەبێ مێردێکیتر بکا. و پێویستە لەگەلیشی جووتبێ. مادام ووشەی (زوجا)ی بەکارهێناوە. ئەگینا دەبوایە ووشەی (رجلا) بەکار هاتبووایە.

---

[438] الطبری المجلد الرابع ص ١٦٦ - ١٦٧

[439] هەمان سەرچاوە ص ١٦٩ – ١٧٠

[440] ابن كثير تفسير القرآن العظيم المجلد الثالث ص ٣٤١

السيوطي دوو ڕووداو دەگێڕێتەوە، ڕەنگە هەمان ڕووداوبن، بەڵام بە دوو شێوەی جیاواز. یەکەمیان دەڵێ:

ئەو ئایەتە سەبارەت بە عائیشة کچی عبدالرحمان کوڕی عتیک النظري هاتووە. کە ژنی ریفاعة کوڕی وهب کوڕی عەتیک بوو. و ئامۆزای خۆی بوو. کاتی ڕیفاعە بۆ جاری سێیەم تەڵاقیدا، مێردی بە عبدالرحمن کوڕی زبێر القورەزی کرد. ئینجا تەڵاقیدا.

عائیشە هاتە لای پەیامبەر و گوتی تەڵاقیدام، بەڵام بەر لەوەی لەگەڵم جووتبێ. ئایا دەتوانم بگەڕێمەوە لای مێردەکەم؟

پەیامبەر گوتی: نەخێر، تاکوو مێردی دووەمت لەگەڵت جووت نەبێ، ناتوانی.

لە صحیح البخاري و صحیح مسلم و جامع الترمذي هاتووە. کە عائیشە گوتوویەتی:

ژنی ڕیفاعە القورزی هاتە لای پەیامبەر، و گوتی: من ژنی ڕیفاعە بووم، و تەڵاقیدام. عبدالرحمان کوڕی زوبێر هاوسەرگیری لەگەڵکردم. بەڵام چووکی وەک لچکی ئەو کراسەم نەرمە. و هیچی پێناکرێ.

پەیەیامبەر بە زەردەخەنەیەکەوە، گوتی: دەتەوێ بگەڕێیتەوە لای ڕیفاعە؟ ناتوانی. تاکوو تامی چووکی عبدالرحمان نەکەی و عبدالرحمان تامی زێی تۆ نەکا.[441]

دووەم ڕووداو، سەبارەت بە پیاوێکە، ژنەکەی تەڵاقدا، بەر لەوەی ماوەی چاوەڕوانی کۆتایی بێ، پێکهاتنەوە. و ژنەی گەڕاندەوە. دواتر دیسان تەڵاقی دایەوە. ئیتر لەسەر ئەو کارەی هەر بەردەوام بوو. بە پێی لێکدانەوەی ڕاڤەکارانی وەک السیوطي دەبێ خودا وەک سزایەک،

[441] السیوطي. أسباب النزول. الطبعة الأولى ٢٠٠٢. ص ٤٦

ئایەتی ٢٣٠ البقرەی ناردبێ.[442] بەڵام بە هەر لێکدانەوەیەک بێ مارەبەجاش کارێکی نامرۆڤانەیە.

بەپێی ئەو فەرموودانەی پەیامبەر، کە وەک بەرگری و تەواوکەری ئایەتی ٢٣٠ سورەتی البقرەن. دەیسەلمێنێ مارەبەجاش. سەرچاوەکەی لە قورئانەوە هاتووە. دوای ئەوەش پەیامبەر بە حەدیس بنبەستیکردووە. ئەگەر ژنێک سێ جار تەڵاق بدرێ، یان مێردەکە سێ بە سێ تەڵاقی خوارد، دەبێ میردێکیتر بکا، و لە گەڵ مێردە نوێکە جووت بێ و چێژی سێکس لەیەکتری بە جوانی وەربگرن، ئەوسا دەتوانێ دوای تەڵاقدانی بگەڕێتەوە لای مێردەکەی.

ئایەتی ٢٣٠ سورەتی البقرة لە قورئان دەیسەلمێنێ، کە پەیامی ڕاستەقینە و گرنگی دینی ئیسلامە بۆ کۆمەڵگە، ئەوەش بە حەدیس و ڕووداوی مێژووپی لە سەردەمی محمد بە دەیان جار پشتڕاستکراوەتەوە. بۆیە دەبێ وەک پەیامێکی ناوەندی و گرنگی ئەو دینە ببینرێ. بەیاساکردنی مارەبەجاش واتە وێرانکردنی کۆمەڵگە، و دواخستنی پەرەسەندنی بە هەزاران ساڵە. لەبەرئەوەی:

١ سەرفرازی و خۆشەویستی نێوان دوو هاوسەر، بە شکاندنی کەسایەتیان دادەبەزێنێ.

٢ وێرانکردنی خێزانێک، کە ڕەنگە منداڵیان هەبن، بەوەش دەردەکەوێ کە لە دینی ئیسلام پەروەردە و بنەماکانی بوونیان نییە. بیری لێبکەوە لە ڕووی دەروونیەوە، لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری وەک عەرەبی١٤٤٠ ساڵ لەمەوبەر، منداڵێک بزانێ دایک و باوکی یەکیان تەڵاقداوە، و دایکی سێکسی لەگەڵ کەسێکیتر کردووە. دەبێ لە ڕووی دەروونیەوە چۆن تێکبشکێ.

[442] هەمان سەرچاوە ص ٤٧

٣ ئایا چ پەندێک لە پرۆسەیەکی وا قێزەون وەربگیرێ. تەنیا لەسەر ئەوەی مێردە قسەیەکی کردووە، بۆ نموونە سوێندی بە تەڵاق خواردووە. با شە ئەوا سوێندی خوارد، ژنە چ تاوانێکی هەیە، ببێتە قوربانی قسەی پیاوەکەی! تەڵاق چیە تا بشکێ. ئەگەر هاوسەرگیری، ئەنجامی یەکترویستنی دوو کەسە!! بە قسەیەک ئەو ویستە هەڵناوەشێتەوە. بۆیە مارەبڕێ و بڕیاری جیابوونەوە. لەدەستی ئەو دووکەسە دایە، کە هاوسەرگیری دەکەن. نە پێویستیان بە دینە مارەیان بکا، و نە پێویستیان بە مەڵایە مارەبەجاشیان بۆ بکا.

لە کۆتاییدا مارەبەجاش، بەرلەوەی کارەساتێ بۆ کۆمەڵ، نەخۆشیەکی درمی دینەکەیە. و دەیسەلمێنێ، ئەو دینە ئامادەیە سەروەری خێزان بشکێنێ، تەنیا بۆ گەیاندنی پەیامێک، و باکی بەوە نییە دەرئەنجامەکەی، تەنیا وێرانکەری کۆمەڵ، و تێکدەری شیرازەی خێزانە. و تاکەکانی کۆمەڵگە دەکاتە کۆیلەیەکی گرێبەستکراو. بە تاکە ووشەیەک (تەڵاق) لەکار دەکەوێ. تەنیا بە سێ جار دووبارە کردنەوە. کۆتایی ژیانی هاوسەری و دایک و باوکایەتی دێ.

ژن لە نەرێتی عەرەبی کۆن و ئیسلام

بەر لە هەموو شتێک دەبێ، بە ڕەهاییەوە ئەوە بڵێین. دەستەڵاتی پیاو بەسەر ژن دا، لە سەردەمی کۆن لە ناو هۆزە عەرەبەکان چۆن بووە، بەبێ گۆڕان هاتووتە ناو ئیسلام. لەوەش زیاتر ئیسلام ئەو دەستەلاتەی پیاوی بەسەر ژندا بە شێوەیەکی بنبڕ کردۆتە یاسا و گشت مافێکی مرۆڤ بوونی لە ژن زەوتکرد.[443]

لەسەردەمی سیستەمی خێلەکی عەرەب، بەر لە هاتنی ئیسلام، ژمارەی هاوسەر بۆ پیاو دیار نەبوو. هیچ ڕێکارێکیش بۆ ئەو مەبەستە نەبووە. [444] سیستەمی کۆمەڵایەتی باوکسالاری بوو، یەک پیاو چەند ژن و چەند کۆیلە (ملک الیمین) هەبوو. لەو سەردەمەدا پیاو بە (بعل) ناو دەبرا. ئەوەش ناوی خودایەکی کۆن بووە. بەو مانایەش پیاو خاوەنە، بۆیە بە بعل ناودەبرێ. دەستەڵاتێکی ڕەهای لە ماڵ، بەسەر خێزاندا هەبووە.[445]

ووشەی بعل ووشەیەکە لەبنەڕەتدا لە زمانە سامیەکانەوە هاتووە. و عەرەب دەمێک بوو بەکاریان دێنا. کە بە مانای گەورە، خاوەن ماڵ.

بەڵام ئەو زاراوەیە، زیاتر لە پەیوەندی خێزانی بەکار هاتووە. و مەبەستی پیاو خاوەنی ژنە. دەستەڵاتی ڕەهای بەسەریدا هەیە. بۆ پیاو هاوسەرگیری وەک ملکداری سەیرکراوە.

---

[443] المنير، محمد، حسان، يوم وفاة محمد ص ١٤٢

[444] عودة، أ. عبدالقادر (١٩٨٤) التشريع الإسلامي. طبعة نادي القضاة. ص ٥٤

[445] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. سينا للنشر. ص ٣٦

ووشەی بعل هێمایە بۆ گەورەیی مێرد بەسەر ژن و پێگای لەناو خێزان.

بەرامبەر بعل بۆ پیاو ووشەی (الحرمة) بۆ ژن بەکار هاتووە. کە وەک سامان قەدەخەیە و کەس ناتوانێ تخونی بکەوێ، وەک هەر کاڵایەکیتر. دەبێ پیاو پارێزگاری لێبکا. [446] بە خاوەنەکەی بعل بەستراوەتەوە.

چەندین نموونە بۆ ئەو مەبەستە لە ناو ئایەتەکانی قورئان هەن، کە ئەوە دووپاتە دەکەنەوە. پیاو پێگای کۆمەڵایەتی خاوەندارییەتی لەسەر ژنی پێدراوە.
بەکارهێنانی زاراوەی (بعل) لە قورئان و شێوەی بەکارهێنانی، بەڵگەیە بۆ ئەوەی لە ناو دینی ئیسلام پێگەی پیاو وەک خاوەنی ماڵ و ژن. بەردەوامی پێش ئیسلامە. کە مەزنی و ڕۆڵی ناوەندی لە ناو خێزان دەداتە پیاو. وەک خاوەن، مەزن و هتد...

ئەو ڕێزبەندییەش کاریگەری دەروونی لەسەر هەر یەک لە پیاو وەک بوونەوەرێکی مەزن و خاوەن دەستەڵات. و الحرمة بێدەستەڵات، و بێ کەمترین ماف لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگە.

کاتی ئیسلام پەیدابوو. بڕیاری فرەژنی بە ئایەتی قورئان کرایە یاسا.

سورة النساء ٤: ٣

وَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تُقۡسِطُواْ فِي ٱلۡيَتَٰمَىٰ فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۖ فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تَعۡدِلُواْ فَوَٰحِدَةً أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُواْ (٣)

[446] هەمان سەرچاوە ص ٣٧

ئەگەر لەوە ترسان لەگەڵ کچانی هەتیو دادپەروەر نەبن، دەتوانن چەندی بۆتانکرا، ژنی تر بێنن. دوو دوو و سێ سێ و چوار چوار، هەر ڕەوایە. ئەگەر لەوەش ترسان نەتوانن وەک یەک سەیری ژنەکانتان کەن. ئەوە یەک کۆیلە (ملک الیمین) یان چەند کۆیلان وەدەست بێنن. ئەوەش ئاکارێکی پەسندە (٣)

لەناو ڕاڤەکارانی موسوڵمان هی وا هەن، پێیان وایە لە چوار ژن ناوەستێ. هەرچەندە لەناو چینەکانی کۆمەڵگە بۆتە باو. کە پیاو تەنیا بۆی هەیە چوار ژن بێنێ. ئەگەر بیەوێ ژنیتر بێنێ، دەبێ لەگەڵ یەک لەو چوارەی هەیەتی جیابێتەوە. بەڵام بە تێڕوانینێکی وورد لە ئایەتی سەرەوە بۆما دەردەکەوێ کە بەردەوامی نەرێتی عەرەبی کۆنە. لەبەر ئەوەی، ئایەتەکە ناکۆکی تێدایە. کە دەتوانرێ لێکدانەوەی پێچەوانەی بۆ بکرێ. بۆ نموونە لە ناو ئایەتەکە تیپی پەیوەستی (و) دانراوە لە جیات (أو). بەو مانایەش دەتوانرێ چەندی بتوانێ نیکاح بکا. ئایەتەکە نانێ دوو و سێ و چوار. لە جیاتی ئەوە دەڵێ دوو دوو، و سێ سێ و هتد. دوای ئەوە ئەو ژمارانە ئالتەرنەتیڤی یەکتری نین بە (أو) یان. بەڵکوو بە (و) کە دەبێ کۆبکرێنەوە. لەو هەڵومەرجەشدا. ژمارەکە لەوە دەردەچێ کە بیری لێدەکەیتەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەگە بە ئەو هەموو ژنەش تێرنەبێ ئەوا بۆی هەیە چەندین کۆیلەشی لە خزمەت دابن. کەواتە بەربەستێک لەسەر بەردەوامی ئەو نەرێتە کۆنەی هۆزە عەرەبیەکان نییە. [447]

بۆ ئەوەش بەڵگەیەکی حاشا هەلنەگرمان، سەبارەت بەو لێکدانەوەیە لەبەر دەستدایە. هەر لەسەردەمی محمد و خەلیفە ڕاشیدیەکان.

١ ئەبو بەکر صدیق ٤ ژنی هێنا

٢ عومەر کوڕی خەتاب ٩ ژنی هێنا

[447] عودة، أ. عبدالقادر (١٩٨٤) التشريع الإسلامي. طبعة نادي القضاة.

٣ عوثمان کوڕی عەفان ٩ ژنی هێنا
٤ عەلی کوڕی ئەبی طالیب ٩ ژنی هێنا

ئەو کەسایەتیانە، زۆر باش ئاگایان لەو ئایەتە بووە. ئەگەر بە چوار بووەستابوایە دەبوایە ڕەچاویان بکردایە. بەڵام دیارە لێکدانەوەی ئەو ئایەتە زۆر دواتر بە شێوەیەکیتری جیاواز ڕاڤەکراوە. و ڕێگەی دەرچوونیان بۆ داناوە. ئەوەش ناتوانێ وەڵامێکی ڕاپی کەر بێ. لەبەر ئەوەی ئایەتەکە ڕوونە.

لەلایەکیتر ژن بۆی نییە جوانی خۆی دەرخا، ئەوەش دژی یاساکانی سرووشتە. کە هەم خاوەنی بێ و هەم بڕیار لەسەر هەڵسوکەوتی بدا.
القرآن الكريم سورة النور ٢٤: ٣١
جوانیان مەگەر بۆ بەعلیان نەبێ دەرنەخەن (٣١)

سورة الصافات ٣٧: ١٢٥
أَتَدۡعُونَ بَعۡلٗا وَتَذَرُونَ أَحۡسَنَ ٱلۡخَٰلِقِينَ (١٢٥)
ئایا بانگەشەی بەعل دەکەن و دەستبەرداری باشترین ئەفرێنەر دەبن (١٢٥)

بە بەراوردێکی ئەو سێ ئایەتە، دەبینرێ ئایەتی یەکەم و دووەم پیاو یان مێرد ئەو کەسە مەزنە دەستەڵاتدارەیە، کە ژن یان حورمە دەبێ لە خزمەتی دابێ و هەمیشە تەبابێ. و جوانی و ڕازاوەیی خۆی تەنیا بۆ ئەو نیشان بدا. لە ئایەتی سێیەم نووسەری قورئان ئامۆژگاری مرۆڤ دەکا کە خودای بەعل نەپەرستن و ئاماژەی پێنەکەن.

پێگای ژن لە کۆمەڵ

لەسەردەمی پێش هاتنی ئیسلام ژن بوونی هەبوو، قسەی دەڕۆیشت، بیر و کرداری هەبوو. بەشداری هێرشی دەکرد، و لاکاتی بەرگریشدا لەتەک پیاوان شەڕی دەکرد. لە بازرگانی کاری دەکرد ئازادی ئەوەی هەبوو، ئەو دینە وەربگرێ، کە پێی باشبوو. بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ڕای پیاوەکەی. ئەگەر دژیشی بوایە.

ئەگەر بەراوردێ لە نێوان ژن لە سەردەمی پێش هاتنی ئیسلام، لەگەڵ کۆمەڵگەی ئیسلام بکەین، دەتوانین ئەو ڕایەی ڕێنان دووبارە بکەینەوە، کە دەڵێ:

ژنی عەرەب، لە سەردەمی محمد، هەرگیز ئەو بوونەوەرە گەمژەیەی لە کۆشکی حەرەمی سەردەمی عوسمانی دەژیا. ژنی کۆنی عەرەب جوان بوون، لەبەر ئەوەی ڕۆڵی چالاکیان هەبوو.[448]

ژنی پێش ئیسلام وەک ژنی دوای هاتنی ئیسلام نەبوون. ئەوەی یەکەم ڕۆڵی لە بواری کۆمەڵایەتی دەبینی، کەچی دووەم تاکە ڕۆڵی ناوماڵ و خێزان بوو.[449]

بەگشتی پەرینەوە لە جاهیلی بۆ ئیسلام، ڕۆڵی ژن لە باوکسالاری بەر لە ئیسلام، گۆڕا بۆ موڵکایەتی لە سەردەمی ئیسلام.

---

[448] منصور فهمی (١٩١٣) أحوال المرأة في الإسلام، ص ١٣

[449] نفس المصدر ص ١٤ - ١٥

ئەگەر ژنی عەرەبی کۆن، لەبەرامبەر دەستەلاتی پیاو کەم تواناش بووبێ، بەڵام توانای ئەوەی هەبوو، بە هۆی کەسایەتی خۆی سوود لە بواری کۆمەڵایەتی وەرگرێ. کەچی محمد و ئیسلام لە ڕێگای بە مۆڵککردنی ژن، هەموو دەرفەتێکی لێبڕێ و لە ناو ماڵ سندمی کرد.[450] ئەوەش نموونەیەکی پەیامی قورئانە بۆ ژن.

سورة النساء ٤: ١١

يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِيٓ أَوۡلَٰدِكُمۡۖ لِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۚ فَإِن كُنَّ نِسَآءٗ فَوۡقَ ٱثۡنَتَيۡنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَۖ وَإِن كَانَتۡ وَٰحِدَةٗ فَلَهَا ٱلنِّصۡفُۚ وَلِأَبَوَيۡهِ لِكُلِّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا ٱلسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُۥ وَلَدٞۚ فَإِن لَّمۡ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٞ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُۚ فَإِن كَانَ لَهُۥٓ إِخۡوَةٞ فَلِأُمِّهِ ٱلسُّدُسُۚ مِنۢ بَعۡدِ وَصِيَّةٖ يُوصِي بِهَآ أَوۡ دَيۡنٍۗ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ لَا تَدۡرُونَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ لَكُمۡ نَفۡعٗاۚ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا (١١)

خودا سەبارەت بە منداڵەکانتان ڕاتان دەسپێرێ. بەشی نێرینە بە ئەندازەی دوو مێینەیە. نێرینە بە ئەندازەی دوو جا ئەگەر منداڵەکان تەنیا ژن بوون و لە دوو دانە زیاتر بوون، ئەوە دوو لە سێی میراتەکە بۆ ئەوان دەبێ. و ئەگەر تەنیا ژنێك بوو ئەوە نیوەی میراتەکەی بۆ دەبێت (١١)

سورة النساء ٤: ٣٤

ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٞ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرٗا (٢٤)

---

[450] نفس المصدر ص ١٦

پیاوان سالارن به سەر ژناندا، بەهۆی ئەوەی خودا هەندێکیانی بەسەر هەندێکیتردا، پەسەند کردووە. و بە هۆی ئەوەی پیاوان لە پارەکانیان خەرج دەکەن، جا ژنانێکی چاك و گوێڕایەڵ و نهێنیپارێز بەوەی خودا پاراستوویەتی، وە ئەو ژنانەی کە لێیان دەترسن سەرکێشی بکەن، ئەوە ئامۆژگاریان بکەن و لە جێگای خەوتن خۆتانیان لی بەدوور بگرن و لێیان بدەن، جا ئەگەر گوێڕایەڵتان بوون ئەوە بەسەریاندا هیچ ڕێگایەك مەگرنە بەر.

سورة البقرة ٢: ٢٨٢

وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ مِن رِّجَالِكُمۡۖ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ (٢٨٢)

و دوو پیاو بکەنە گەواهیدەر، ئەگەر دوو پیاو نەبوون، ئەوە پیاوێك و دوو ژن، ئەوانەی بە گەواهیان ڕازین، بۆ ئەوەی ئەگەر ژنێکیان لە بیری کرد، ئەوی تر بە بیری بێنێتەوە (٢٨٢)

لە دینی ئیسلامدا، نایەکسانی و پێشێلکردنی مافی ژن لە خێزان بەرامبەر پیاو، بەپێی ئایەتەکانی قورئان، مەگەر لە کۆمەڵگە هەرە سەرەتاییەکان، ئەوەندە ستەمی لێکرابی، ئەگینا لە هیچ کۆمەڵگەیەکی کۆن تا هاوسەردەم ئەو ستەمەی لێ نەکراوە. و گشت ئاستەکانی نایەکسانی و چەوساندنەوەی لەسەر سەپێندراوە. کە شێوەیەکی ئاشکرا، لە سەردەمی پێش ئیسلامی تێپەڕاندووە.

ئەو نایەکسانیەی ئیسلام تەنیا لە ناو خێزان نامێنێتەوە. بەڵکوو پەل بۆ کایەکانی تری، کۆمەڵایەتیش دەبا. بۆ نموونە سەبارەت بە سیاسەتی وولات، و سەرکردایەتی، محمد لە حدیسێک، کە زۆربەی ڕاڤەکاران دووپاتەیان کردۆتەوە دەڵێ:

میللەتێک سەرناکەوێ، ئەگەر ژن سەرکردەیان بێ[451]

ئەو حەدیسە دووپاتەی باوەڕی ئیسلام و پەیامبەرەکەی، بەرامبەری ڕۆڵی ژن دەکاتەوە. جا ئەو ڕۆڵە لە ماڵ یان لەناو کۆمەڵگە بەگشتی.

لەناو ڕاڤەکار و ڕێبەرانی دینی ئیسلام، بەردەوام هەوڵدەدرێ، پاساو بۆ ئەو ئایەتانە بدۆزنەوە. ئەوەش لە ڕێگای بێهێزی فیزیۆلۆژی یان سۆز و دەروونی، یان خواستی کۆمەڵگە، کەچی هیچ لەو پاساوانە ناتوانن، وەڵامی ئەو ڕاستیە بدەنەوە، کە نووسەری قورئان سەڕاست و بێ پێچ و پەنا پیاوی وەک خاوەن لەسەر ژن داناوە. سەرەڕای ئەوەش هیچ هۆکارێکی، نە لە قورئان و نە لە حەدیس باس نەکردووە. ئیتر ئەوەی دەبیسترێ تەنیا ڕاڤەکاران بە ئارەزووی خۆیان هۆنیویانەتەوە. ئەوەش ناتوانێ دژایەتی نووسەری قورئان بەرامبەری ژن بشارێتەوە. کە هەمان تێڕوانینی بەدەوی بیابان نیشینەکانی بەر لە ئیسلامە.[452]

پەیامی قورئان بۆ ژن

موسوڵمانان سەبارەت بە پرسی ژن لە ئیسلامدا، هەمیشە لە سەنگەری بەرگریکردن دان، و دەڵین، دینی ئیسلام ڕێزێکی گەورەی بۆ ژن داناوە. بەڵگەشیان سورەتی (النساء)ە. کە بە قسەی ئەوان، دەبێ سەرچاوەی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بێ. بە دەیان پاساو وەک بەڵگە دێننەوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن، کە دینی ئیسلام ڕێزی لە ژن ناوە. و لەگەڵ پیاو یەکسانی کردووە. بەردەوام وەک بنێشتە خۆشە، کات و ناکات دووبارەی دەکەنەوە، ئەوە نیە

[451] صحيح البخارى، حديث رقم: ٧٠٩٩، و السنن البهيقي الكبرى ٢٢٧/٨

[452] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. سينا للنشر. ص ٤٧

سوڕەتێکی گەورە بەناوی ژن (النساء) لە قورئاندا بۆ مەزنی ژن هاتووە!!

بەڵام ئەوەی موسوڵمان، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ، تێی نەگەیشتووە ئەوەیە، ناوەرۆکی سوڕەتی النساء گەورەترین سووکایەتی بە ژن و پێگای کۆمەڵایەتی دەکا. و بە ئاشکرا بە بوونەوەرێکی کەمتر لە پیاوی دادەنێ. هەر بۆ ئەو مەبەستە، لەم باسەدا دوو چیرۆک دەخرێنەڕوو، کە بوونەتە هۆی هاتنی دوو ئایەت، هەردوو ئایەتەکەش، لە سووڕەتی النساء دان. ئەو دوو ئایەتە بەڵگەن، کە دینی ئیسلام و پەیامبەرەکەی، ژنیان خستۆتە ژێر ڕکێفی پیاو. ئەوەش هەر لە مافی تاک بۆ ژن، تا دەگاتە یەکسانی لەگەڵ پیاو. لە جیاتی ئەوە، تەنیا سووکایەتی بە ژن و پێگەی کۆمەڵایەتی ڕادەبینن. و لە هەر هەڵومەرجێکی ناکۆکی ژن تاوانبارە و دەبێ باجی تاوانی خۆی و پیاویش بدا. لە جیاتی ئەوە پیگای پیاو لای نووسەری قورئان بەرزترە. و مافی سەرپەرشتی ژنی دراوەتێ، تا ئەو ئاستەی وەک یاسا دەتوانێ تەمێی بکا.

چیرۆکی یەکەم

بە پێی گێڕانەوەی ڕاڤەکاران موسوڵمان القرطبي، و الطبري و ابن كثير و هيتر، سعد بن الربيع، شەقێکی لە ژنەکەی، بەناوی حەبیبە کچی خارجة کوڕی أبي زوهير داوە. باوکی حەبیبە دەچێتە خزمەت پەیامبەر و پێی دەڵێ: ئەی پەیامبەری خودا، من ئەو کچە باشەی خۆم داوەتێ، کەچی ئەو بە شەق لێیداوە. پەیامبەر گوتی: بڕۆن تۆڵەی لێبکەنەوە. کاتی حەبیبە لەگەڵ باوکی بۆ تۆڵە سەندنەوە دەچوون، پەیامبەر بانگیکردن و گوتی: بگەڕێنەوە ئێستا جبرائیل هات و ئەو ئایەتەی دابەزاند. پیاوان لەسەر ژنان باڵادەستن. بەردەوام بوو گوتی: ئێمە شتێکمان دەویست، بەڵام خودا شتێکیتری دەوێ. ئەوەی خوداش دەیەوی

باشتره.[453]

سورة النساء ٤: ٣٤

ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٞ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرٗا (٣٤)

پیاوان بەسەر ژنانەوە باڵادەستن. لەبەر ئەوەی خودا هەندێکیانی بەسەر هەندێکی دیکەدا پەسندکردووە. بەهۆی ئەوەی پیاوان پارەکانیان خەرج دەکەن. جا ژنانی چاک، کە گوێڕایەڵن. و دوور لە مێردیان ئابڕووی خۆیان دەپارێزن. و ئاگایان لەماڵ دەبێ. ئەو ژنانەی کە لێیان دەترسن سەرپێچیتان لێبکەن، ئەوا ئامۆژگاریانکەن، سەرجێیان لەگەڵ مەکەن، و لێیان بدەن. ئەگەر گوێڕایەڵتان بوون، ئەوا هیچ بیانوویەک بۆ ئازاردانیان مەدۆزنەوە، لە ڕاستیدا خودا بەرزو گەورەیە (٣٤)

لە چیرۆکێکیتر کە ڕەنگە هەمان چیرۆکبێ، دەڵێ: ژنێک هاتە لای نەبی و گوتی: مێردەکەم شەقێکی لێداوم. پەیامبەر گوتی لەنێوانتان سزا هەیە. یەکسەر ئایەتی ٣٤ سورەتی النسائی هات. و قەدەغەی ئەوەیکرد، کە ژن مافی ئەوەی هەبێ، داوای مافی ئاسایی خۆی وەک مرۆڤێک بکا.[454]

بەرزتر و باڵادەست دانانی پیاو لەسەر ژن، لە قورئاندا جاری یەکەم نییە. بەڵکوو پێشتر لە ئایەتی تریش هاتووە. کە نووسەری قورئان ژن بە بوونەوەرێکی کەمتردادەنێ.

---

[453] القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء الخامس ص ١٦١

[454] هەمان سەرچاوە ص ١٦٢

سورة البقرة ٢: ٢٢٨

لِلرِّجَالِ عَلَيۡهِنَّ دَرَجَةٞۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٢٢٨)

پیاوان پلەیەکیان بەسەر ژنانەوە هەیە (٢٢٨)

ئەو ئایەتە بەڵگەیە، بۆ ئەوەی نووسەری قورئان پیاوان هاندەدا، کە ژنان تەمبێ بکەن تا دەگاتە ئاستی لێدان و ئەشکەنجە. سەرەڕای ئەوە، لە کۆتایی ئایەتەکە دەڵێ:

ئەگەر مافی پیاوانیان پاراست نابێ لەگەڵیان خراپبن.[455]

کەواتە ژن بەردەوام دەبێ ملکەچ و بەرفەرمانی پیاو بێ، ئەگینا تەمبێکردنی، وەک ئەرکێک لەسەر پیاو دانراوە.[456]

ئەو دیمەنە لە حەدیسەکانی محمدیش دووبارە دەبنەوە. بۆ نموونەبە ڕێوایەتێک لە مسند احمد هاتووە، دەڵێ، محمد گوتوویەتی:

ئەگەر ژن پێنج نوێژی خۆی کرد، و مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بوو. و ناوگەڵی خۆی پاراست و ملکەچی مێردەکەی بوو. پێی دەگوترێ لە هەر دەرگایەکی ئارەزوودەکەی، بڕۆ بۆ بەهەشت.[457]

هەروەها لە صحیح البخاری و صحیح مسلم ریوایەتێک هەیە دەڵێ: محمد گوتوویەتی:

ئەگەر پیاوێک بانگی ژنەکەی بۆ سەرجێی کرد. و ژنەکە ڕەتیکردەوە، ئەوە تا بەیانی فریشتە نەفرەتی لێدەکەن.[458]

---

[455] الطبري، جامع البيان عن تأويل القرآن، الجزء السادس ص ١٨٧
[456] القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء الخامس ص ١٦١
[457] ابن كثير، تفسير القرآن العظيم، المجلد الرابع ص ٢٣
[458] هەمان سەرچاوە ص ٢٥

الطبري ئاماژە بە الزهري دەکا، کە محمد گوتوویەتی:
لە نێوان پیاو و ژن تۆڵەکردنەوە نییە. بۆ هەر شتێک تەنیا کوشتنە.

لە حەدیسێکیتر، ئەو سووکایەتییە، لەوەش زیاتر دەڕوا. بێتوانایی ژن و بەکەمتر زانینی لە پیاو دەڵێ:

میللەتێک سەرناکەوێ، ئەگەر ژن سەرۆکیان بی.[459]

بە کورتی ئەو ئایەتە چەند خاڵێکمان دەداتێ:
یەکەم: پیاوان بژێوی ژیان بۆ ژن دابین دەکەن. ئەوەش وادەکا باڵادەستبن لەسەریان. نموونەی سعد کوڕی ربیعە کە پێشتر باسکرا.[460]
دووەم: ئەو ئایەتە بەڵگەیە، کە پیاوان بۆیان هەیە بۆ بڕاندنەوەی ناکۆکی، هەموو ڕێگایەک بەکاربێنن هەر لە ئامۆژگاری، و سەرجێی نەکردن تا دەگاتە لێدان و ئەشکەنجە. ئەوەش تەنیا بۆ ڕاگیرکردنی ژن لەژێر ڕکێفی دەستەڵاتی پیاو.[461]

سێیەم: پارە خەرجدەکەن. و بژێوی ژن دابین دەکەن، ئەی ئەگەر وای نەکرد، و بووە بارگرانی بەسەر ژنەکەی؟ خۆ ئەگەر پارە خەرج نەکا، یان سەرمایە و سامانی نەمێنێ. ئیتر نابێ باڵادەستیەکەشی بمێنێ. کەواتە گرێبەستی ژن و مێردایەتیش هەڵدەوەشێتەوە.[462]

چوارەم: مەبەستی ئەو ئایەتە، بەگشتی دابەزاندنی پێگای ژنە. ئەگینا بۆ لە کۆتایی ئایەتەکە دەڵێ، ژن دەبێ گوێڕایەڵی مێردەکەی بێ و لە قسەی دەرنەچێ.[463]

---

[459] صحيح البخاري، كتاب الفتن باب الفتنة التي تموج كموج البحر، حديث رقم: ٧٠٩٩
[460] القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، الجزء الخامس، ص ١٦١
[461] هەمان سەرچاوە ص ١٦٢
[462] هەمان سەرچاوە. ص ١٦٢
[463] هەمان سەرچاوە ص ١٦٢

ئەوە دیمەنی ژنە بەرامبەر پیاو، لای نووسەری قورئان، کە بەڕوونی ڕەنگدانەوەی لەناو کولتوور و پەیوەندی ژن و مێرد بە درێژایی سەردەمی پێش ئیسلام. بەپێی ئەو ئایەتانەی قورئان. نەک هەرماون، بەڵکوو پەرەشیان پێدراوە.

چیرۆکی دووەم: سۆدە کچی زەمعەیە

ئەو چیرۆکە تەواو پێچەوانەیە، سۆدە کچی زمعە ژنی دووەمی محمد بوو، دوای خەدیجە. سۆدە لە تەمەن بەساڵدا چووبوو. محمد دەیەویست تەڵاق بدا. سۆدە ژنێکی بێکەس و بێ دەرەتان بوو. لەو کاتەدا لەناو کەس و کاری خۆی لە مەککە نەمابوو. و کۆچی بۆ مەدینە کردبوو. لەبەر بێدەستەڵاتی لە محمد پاڕایەوە کە تەڵاق نەدا. ئامادەبوو، شەوی نۆرەی خۆی بداتە عائیشة.[464] محمد پێشنیارکەی سۆدەی پەسەندکرد. هەردوای ئەوە، بە ئایەتێکیش ئەو ڕێکەوتنەی پشتڕاستکردەوە:

سورة النساء ٤: ١٢٨

وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا أَوۡ إِعۡرَاضٗا فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَآ أَن يُصۡلِحَا بَيۡنَهُمَا صُلۡحٗاۚ وَٱلصُّلۡحُ خَيۡرٞۗ وَأُحۡضِرَتِ ٱلۡأَنفُسُ ٱلشُّحَّۚ وَإِن تُحۡسِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا (١٢٨)

ئەگەر ژنێک لە مێردەکەی ترسا، مێردی ڕووی ناداتێ. یان پەراوێزی دەخا. گوناهیان ناگاتێ، لە نێوان خۆیان پێکبێن. پێکهاتن چاکە. خۆویستی و ماڵی دونیاش لە هەموو کەسدا هەیە. جا چاکبن و خۆپارێزبن لە هەڵە. خودا لە هەر کارێکی دەیکەن ئاگادارە (١٢٨)

[464] إبن كثير، تفسير القرآن العظيم، المجلد الرابع ص ٢٩٩، السيوطي، الدر المنثور في تفسير المأثور. الجزء الثاني ص ٧١٠

لە گێڕانەوەیەک بە پێی فتح الباری، کاتی پەیامبەر سۆدەی تەڵاقدا، سۆدە هات لەسەر ڕێگای دانیشت و پێی گوت:

سوێند بەوەی تۆی ناردووە، من پێویستیم بە پیاو نەماوە، بەڵام ئارەزوودەکەم وەک یەک لە ژنەکانت لە ڕۆژی پەسڵان زیندووببمەوە. و بەردەوام بوو گوتێ: سوێندت دەدەم بەوەی پەرتووکی بۆت ناردووە، کەمترخەمیەکت لە من دیووە؟

گوتی: نەخێر.

گوتی: داوات لێدەکەم، بمگێڕەوە. ڕۆژی خۆم دایە عائیشە.[465]

محمد سۆدەی گێڕایەوە.

ئەو ئایەتە دەکرێ، لە دوو ڕەهەند شرۆڤەی بۆ بکرێ. یەکەمیان بەراوردێک لەگەڵ چیرۆک و ئایەتی ٣٤. نووسەری قورئان بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە پیاو دەکا و تەنانەت، باسی پێکهاتن و ئاشتەواییش ناکا، بەڵکوو پیاوی ئازادکردووە، بەهەر شێوەیەک دەیەوێ ژن تەمبێ بکا. بە ڕاشکاوی مۆڵەتی لێدان دەداتە دەستی پیاو. ژنیش دەبێ ملکەچ بێ. و جارێکیتر سەرپێچی نەکاتەوە. کەچی لە ئایەتی دووەم کە پیاو (خۆی) تاوانبارە. بە تەڵاقدانی ژنە، دەیەوێ بە پێی گرێبەستێک کە ژنە واز لە شتێک بێنێ کە پیاوە دەیەوێ، ئەوسا پێکهاتن دەکرێ. ناکۆکی نێوان ئەو دوو ئایەتە لە هەمان سورەتی النساء، بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ جیاکاری و چەوساندنەوەی ژن. و هەموو مافێکی داوەتە پیاو، ژنی لێ بێ بەشکردووە.

ڕەهەندی دووەم، بێویژدانی و دوو فاقەیی نووسەری قورئانە سەبارەت بەو ڕێکەوتنەی

[465] فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، جلد ٣، ص ٢٢٥ - ٢٢٤، كتاب النكاح، باب المرأة تهب يومها من زوجها لضرتها وكيف يقسم ذلك، دار الريان للتراث، ١٩٨٦

لەگەڵ ژنێکی بێ دەرەتان. لە پێناوی ژنێکی منداڵکار، دەیەوێ لە کۆڵی خۆی بکاتەوە، و تەڵاقی بدا. چیرۆکی تەڵاقدانی سۆدە، ئەوەندە قێزەوەنە، وای لە ڕاڤەکاران کردووە، بۆ هێشتنەوەی ئابڕووی دین، و پەیەمبەرەکەیان، چیرۆکێکی سەمەرە دروستبکەن. لە چیرۆکەکەدا، گوایە کەسێک بەناوی (رامع بن خدیج) دوو ژنی هەبووین، یەکیان بەساڵاچووبوو، و ئەویتریان گەنج بوو. ڕافع لەبەر هەندێ ناکۆکی، ویستی ژنە بەساڵاچووەکەی بەڕەللاکا (طلاق)، بەڵام بەر لە کۆتایی هاتنی ماوەی چاوەڕوانی، ڕێکەوتنێکی خستە بەردەست. و مەرجی بۆ دانا، کە ڕێگا لەوە نەگرێ ژنەگەنجەکەی لەپێش ئەو دابنێ. واتە جیاوازیان پێ بکا. تا چاوەڕوانی ماوەی چاوەڕوانی کۆتایی دێ. ژنەکەی پێشنیازەکەی پەسندکرد.

بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕێکەوتنەی محمد لەگەڵ سۆدە. بۆمان دەردەکەوێ کە یەکسانی و گیانی بەخشین لەلای پەیامبەری ئیسلام بوونی نەبووە. ئەگەر سۆدە بەوە ڕازی نەبووایە شەوی خۆی بداتە عائیشە، مەحاڵ بوو محمد ئەو ڕێکەوتنە پەسندکا.

نووسەری قورئان لە سورەتی النساء، دوو پەیامی ناکۆک لەگەڵ یەکتری هەیە. ئایەتی ٣٤ ژن دەبێ تەمبێ بکرێ، کەچی لە ئایەتی ١٢٨ ژن دەبێ واز لە گرنگترین مافەکانی خۆی بێنێ.

بە بەراوردکردنێکی خێرا لە نێوان ئەو دوو ئایەتە دیاردەکەوێ. لای نووسەری قورئان بانێکە و دوو هەوا. ئەوەش بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی لە دینی ئیسلام هیچ گۆڕانکارییەک نەهاتووە. بەڵکوو پیاوساڵاری و باڵادەستی بەسەر ژن دا، بەردەوامی هەمان کولتووری عەرەبی پێش ئیسلامە. تەنیا جیاوازی ئەوەیە. لە کولتوورێکی گەلێری باو، کراوەتە پەیامێکی پیرۆزی خودایی، کە ژن تاهەتایە بخرێتە ژێر ڕکێفی دەستەڵاتی پیاو، و ڕێگە نەدرێ خاوەنی ڕا و بۆچوونی خۆیێ. و نەتوانێ لەو چوارچێوەیە، ئەو بەکەمزانین و سووکایەتییە، زیاتر مافێکیتری نەبێ.

بڕینی دەستی دز و پاشخانی

بیۆگرافینووسانی موسوڵمان و پەرتووکەکانی مێژوویی، بە گشتی ئاماژە بەوە دەکەن، کە سزای دەستبڕینی دز، پێش پەیدابوونی ئیسلامیش هەر هەبووە.

هەرچەندە دیار نییە کام ساڵ یاسای دەستبڕینی دز دەستی پێکردووە. بەڵام بە لێکدانەوەی تەمەنی وەلید بن مغیرة (٥٢٧ – ٦٢٢ س.ب) کە یەکەم کەس بوو دەستی دزی بڕی، دەبێ نزیکەی بیست ساڵ بەر لە سەرهەڵدانی ئیسلام، لە مەککە دەستبڕینی دز دەستی پێکردبێ. و بووبێتە یاسایەک بۆ سزادانی دز، جا هەرچی شتێکی دزیبێ. لەلایەکیتر گشت ئەو بازرگان و دەستەڵاتدارانی لە مەککە بەشداری ئەو تاوانە گەورەیە بوون، دواتر بوونە دەستەڵاتدار، لە دەوڵەتی ئیسلام.[466]

کارەساتەکە بەو شێوەیە دەستی پێکرد، ساڵێک گرانیەکی بەهێز سەرتاپای حیجازی گرتەوە. و بووە هۆی قات وقڕی و برسیەتی لەناو خەڵکی مەککە. برسیەتی و پێویستی خەڵکی مەککە گەیشتە ئەو ئاستەی خەڵکی توانای ژیانیان نەما. و دزی و ماڵبڕین لە ماڵ و سامان دەستیپێکرد. ئەو دیاردەیەش، ترسێکی گەورەی لەسەر دەوڵەمەندەکان دروستکردبوو. بۆیە دەیانەویست بە هەر شێوەیەک بێ، بەسەر ئەو کارەساتە گەورەیەدا زاڵبن. کە خەڵکی هەژار و بێدەرەتان لە دەستی مردن، دەستیان کردبووە دزیکردن.

---

[466] خطيب. د. علي (١٩٨٦) عمر بن خطاب، حياته، علمه أدبه الطبعة الأولى. ص ٨٤، ٨٧، ٨٨ و ١٥٣

ئەو هەڵومەرجە تا دەهات توندتر دەبوو، و خەڵکی گەیاندبووە ناخۆشترین باری ژیان. و هەژاران لەبرسان بێ پەروا، و بە ئاشکرا دزیان لە دوڵەمەندەکان دەکرد. و ناچاریان دەکردن چاوپۆشی بکەون.

دەوڵەمەندەکانیش ڕوویان لە شورای الملأ کرد، کە دەستەڵاتداری شاربوو. تا بتوانن ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ یارمەتی هەژاران. بەڵام شورای الملأ لەجیاتی ئەوە بڕیاری سزای توندی، لەسەر ئەو کەسانە دانا، کە ماڵ و سامانی خەڵکی بە نارەوا دەدزن یا زەوت دەکەن.[467]

القرطبي دەڵێ یەکەمین کەس کە سزای دەستبڕینی لەسەردەمی جاهیلی دا، یەک لە گەورە پیاوانی قورەیش و ئەندامی شورای الملأ بوو، بە ناوی وەلید کوڕی مغیرة (٥٢٧ – ٦٢٢ س.ب) بوو.[468] ئەو سیستەمە تا هاتنی ئیسلامیش هەر بەردەوام بوو.

دوای پەیدابوونی ئیسلام، و داگیرکردنی مەککە، پەیامبەر لەسەر هەمان یاسا بەردەوام بوو. دەستبڕینی دزی، کردە سزایەکی خودایی. و بە ئایەتی قورئان جێگیریکرد.

سورة المائدة ٥: ٣٨

وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ (٣٨)

هەرکەسێک نێر یان مێ دزی بکا، دەستی ببڕن. ئەوەش سزایەکە لەخوداوە. بە هۆی ئەوەی وەدەستیان هێناوە. خودا باڵادەست و لێزانە (٣٨)

---

[467] علی، د. جواد (٢٠٠١) المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام. الجلد التاسع ص ٨٢

[468] القرطبي الجامع البيان لأحكام القرآن تفسير القرطبي. الجزء السادس. ص ١٦٠

بڕیاری دەستبڕینی دز ئەوەندە کاریگەری خراپی هەبوو. بەتایبەتی کاتی عومەر کوڕی خەتاب هاواری دەکرد. و دەیگوت:

له دزان توندکەن، دەست له دوای دەستیان ببڕن، قاچ له دوای قاچیان ببڕن.[469]

عومەر وەک بازرگانێکی سەردەمی پێش هاتنی ئیسلام،[470] لەو کارە ڕاهاتبوو، هەر لەسەردەمی کۆن بەشداربووە له داهێنانی دەستبڕینی دز. ئێستاش هەر لەسەر هەمان هەڵوێستە. لەبەر ئەوەی هەرگیز برسیەتی و هەژاری نەبینیووە. دەستبڕین و کوشتن و ماڵوێرانکردنی خەڵکیتری بەلاوە گرنگ نەبووە. ئەوەی بەلای عومەرەوە گرنگ بوو، پەیڕەوکردنی یاسا بەبێ بیرلێکردنەوە. هەر ئەوەش له کۆتاییدا بووە هۆی کوشتنی خۆی.

له دەستەڵاتی دەوڵەتی ئیسلام، یەکەم پیاو دەستی برابێ الخیار بن عدی بن نوفل بن عبد مناف بوو. و یەکەم ژنیش مرة بنت سفیان بن عبدالأسد له بەنی مەخزوم بوو.

لەکاتی دەستبڕینی مرة محمد گووتی:

ئەگەر فاتیمەی کچی محمد دزی کردبا، دەستم دەبڕێ.[471]

تا ئێرە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئیسلام و قورئان شتێکی نوێیان نەهێناوە. و تەنیا بەردەوامی نەرێتێکی عەرەبی، بەپێی گۆتەی خۆیان، گوایە سەردەمی جاهیلی بووە. و نووسەری قورئان بەرگی پیرۆزی لەبەرکرد. و کردیە سیستەمێک کە بە درێژایی ١٤٤٠ ساڵە له ناو دەستەڵاتە ئیسلامیەکان پەیڕەودەکرێ.

---

[469] الطبري، جامع البيان في تأويل القرآن. الطبعة الثانية. جزء الثامن ص ٤١١

[470] سەلاح ڕێبوار (٢٠٢٢) ئیسلام و پاشخانی مێژووپی، ل ٣٦٣

[471] احمد طه فرج، أول من حكم بقطع يد السارق. جريدة الوفد. تاريخ ٢٦ مايو ٢٠٢٠

ئەوەی سەبارەت بەو بابەتە گرنگە، زۆر جار گوێمان لێدەبێ، موسوڵمانان دەڵێن، پەیامبەر ئەوەندە سەرڕاست پەیڕەوکردنی فەرمانەکانی خودای کردووە. کە مێژووی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەیدیووە. و مرۆڤایەتی لە جاهیلی دەرهێنا. کەچی بە تەنیا یەک ووردبوونەوەی خێرا، بۆمان دەردەکەوێ. گشت ئەو پیاهەڵدانە، زۆر لە ڕاستی دوورە. و پرسەکە تەواو پێچەوانەیە. بەڵکوو بەپێی هەڵومەرج، ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆی بریاری داوە. بڕیارەکانیشی هەرجارەی دژی جارەکانیتر بووە. ئەوەش چەند نموونەیەک، لە ڕاڤەکارانی موسوڵمانەوە:

ابن کثیر دەڵێ: پەیامبەر گوتوویەتی، دەستی دز نابڕدرێ، ئەگەر بەهای شتە دزراوەکە، لە چارەکە دینارێکی زێر تێنەپەڕێ نەبێ.[472]

کەچی الطبري دەڵێ پەیامبەر لەسەر دزینی گۆچانێک، دەستی پیاوێکی بڕیوە، کە نرخەکەی ٣ درهەم بووە. بە مەزەندەکردن نرخی زۆر لە چارەکە دینارێکی زێڕ کەمترە.

هەر بەو بۆنەیەوە، پەیامبەر جارێکیتر گوتوویەتی:
خودا نەفرەتی لە دز کردووە. ئەگەر هێلکەیەکی دزیێ دەبێ دەستی دەبڕدرێ، ئەگەر پەتێکی دزیێ دەبێ دەستی دەبڕدرێ.[473]

بەو ووتەیە محمد ئامادەبوو، لەسەر یەک هێلکە یان پەتێک دەستی دز ببڕێ. ئەوەش پێچەوانەی چوارەکە دینارێکی زێڕە. بڕیارەکانی لە سەڕاستی و دادوەری دوورن. هەر بڕیارێکی دەگەڕایەوە بۆ پەیوەندی خۆی لەگەڵ دزی کەر یا دزی لێکراو. گۆچان بە ٣ درهەم، و هێلکەیەک یان پەتێک ناگەنە ئاستی نیوەی چواریەکی دینارێکی زێڕ، کەچی دەستی بڕیون.

---

[472] ابن کثیر، تفسیر القرآن العضیم. الجلد الخامس ص ٢١١
[473] هەمان سەرچاوە، ص ٢٠٩

بە پێچەوانەی ئەو دەستبڕینانە. جارێک کۆیلەی، یەک لە دەوڵەمەندە خاوەن کۆیلەکان دزی بابی ٣٠ درهەم دەکا. خاوەن کۆیلە دێتە لای محمد و پێی دەڵێ: لە پێناوی ٣٠ درهەم دەستی دەبڕی؟ من دیفرۆشم و نرخەکەی دەدەمەوە کابرا. پەیامبەر پێیگوت: خێراکە تا کەس هەواڵەکەی نەگایاندۆتە من.[474]

سەرجەمی ئەو سیستەمە، بێجگە لە دووفاقەیی نووسەری قورئان، و دینی ئیسلام زیاتر نییە. دەستەڵاتدار و دۆستی محمد هەرچی بدزن، یان دەستو پێوەند و کۆیلەکانیان هەرچی بکەن، پەنا دەدرێن. کەچی کەسێکی بێ دەرەتان و هەژار لەسەر گۆچانێک یان هێلکەیەک دەستی دەبڕێ. بەوەشەوە دەزانین گەندەڵی لە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی، ڕەگەکانی لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە.

چیرۆکی مرة بنت سفیان بن عبدالأسد

ابن کثیر باسی چیرۆکێکی تر دەکا، کە زیاتر بڕیارەکانی محمد دەخاتە ژێر پرسیار. ژنێک بە ناوی مرة بنت سفیان بن عبدالأسد، لە بەنی مەخزوم بە دزی تاوانبارکرا!!

عائیشە دەڵێ: ئەو ژنە مەخزومی بوو، کەلوپەلی قەرزکردبوو، دوایی نکۆڵی لیکرد، پەیامبەر فەرمانیدا دەستی ببڕن.

ابن عمر دەڵێ: ژنە مەخزومیەکە بە پێی قسەی هاوسێیەکی، کە کەلوپەلی بە قەرز لێوەرگرتبوو. و دوایی نکۆڵیکردووە. پەیامبەر فەرمانیدا دەستی ببڕن.[475]
سەرەڕای ئەوەش پەیامبەر دەڵێ:

---

[474] القرطبي، القرطبي الجامع البيان لأحكام القرآن تفسير القرطبي. الجزء السادس، ص ١٥٥
[475] هەمان سەرچاوە ص ٢١٧

ئەو ژنە تۆبە لەبەردەم خودا و پەیامبەری دەکا، و ئەوشتانەی وەریگرتوون دەیانگێڕێتەوە. هەر دوای ئەوە گوێ: ئا دەی بیلال، هەڵسە دەستی بگرە و بیبڕە.[476]

ئەوەش تەواو دژی ئایەتی دواترە دەڵێ:

سورة المائدة ٥: ٣٩

فَمَن تَابَ مِنۢ بَعۡدِ ظُلۡمِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ (٣٩)

هەرکەس دوای ستەمکردنی، پەشیمان ببێتەوە. و ڕێگای چاکە بگرێ، خودا لێی خۆشدەبێ. خودا لێبوورده و بە بەزەییە. (٣٩)

بەپێی ئەو ئایەتە، دەبێ دز پەشیمان بێتەوە. و بەر بەزەیی خودا بکەوێ. بەڵام ئەو ئایەتە، تەنیا جۆرێکە لە پلانێکی سیاسی دووفاقەیی محمد. بۆیە مجاهد، سەبارەت بە تۆبەکردن و لێخۆشبوون دەڵێ:

مەبەست لەو ئایەتە، و پەشیمان بوونەوەی دز لەو کارەی کردوویەتی، ئەو سزایەیە کە وەیدەگرێ.

بەو لێکدانەویەش کە لەگەڵ کردەوەی محمد بەرامبەر مرة بنت سفیان بن عبدالأسد، ئەو ئایەتە تەنیا داپۆشینی ئایەتی پێشترە. ئەگینا لێبووردەیی خودا دوای پەشیمان بوونەوە. و سزای دەستبڕین لەلاین محمد، بێجگە لە دووفاقەیی نووسەری قورئان هیچیتر نییە.[477]

دەستەڵاتێک بەبێ لێپێچانەوەی یاسای دەوڵەت، و قسەکانی محمد خۆی، تەنیا بە قسەی هاوسێیەکی کە ڕەنگە ڕاستیش نەبێ، یان ناکۆکی هاوسێیەتی بێ، یانیش هەر لە بنەڕەتەوە

---

[476] هەمان سەرچاوە ص٢١٨

[477] السيوطي، الدر المنثور في التفسير المأثور، الجلد الثانى ص ٨١

پیلانێک بووبێ، بۆ ترساندنی بەنی مەخزوم.

ناکۆکی دزی ئەو ژنە لە چەند لایەکەوە جێگای پرسیارە.
یەکەم: ئەو ژنە لە خانەدانەکانی بەنی مەخزومە و موسوڵمانیشە. لە کاتی داگیرکردنی مەککە. بە دزی تاوانبارکراوە. لە هەمان کاتدا. گشت پرۆسەی تاوانباریەکە، قسەی هاوسێیەکیەتی، کە دەبێ کەلوپەکی لێ قەرزکردبێ، و دوایی نکۆڵیکردبێ. ئەگینا لەوە زیاتر هیچ بەڵگەیەکیتر لەسەر دزیکردنی مرۆ نییە. کەچی محمد، بەبێ بەدواداچوون و ساخکردنەوەی کێشەکە، یەکسەر بڕیاری دەستبڕینی داوە.

ئەگەر قەرزیکردووە، خۆ قەرز دزی نییە. دوای ئەوەش تەنیا قسەی هاوسێیەکە و هیچیتر. ئەی بۆ لە کێشەی ئیفک ئەوەندە توندبوو. و داوای چوار گەواهی دەکرد، کە بەچاوی خۆیان هەموو شتێکیان دیبێ.

پەیامبەری ئیسلام، بە بڕینی دەستی ژنێکی قورەیش، ژیانی لەکەدارکرد. لە کاتێکدا، سەرجەمی خەڵکی قورەیش، لە کێشەکە ئاڵابوون. و دژی ئەو کارە بوون. هەوڵیان بۆ لێخۆشبوونی دەدا. و تکایان لە محمد دەکرد، لێی خۆشبێ. کەچی محمد لە وەڵامدا گوتی لێخۆشبوون لە سزا. لە سنووری خودادایە، تەنیا ئەویش دەتوانێ لێی خۆشبێ. ئەوەش ئاماژەیە بە ئایەتی ٣٨ لە سورەتی المائدة.

دووەم: دوژمنایەتیەکی کۆن لە نێوان بنەماڵەی بەنی هاشم، کە دەکاتە ماڵی باوانی محمد. و بەنی مەخزوم هەبوو، کە ئەبوو جەهل و وەلید بن مغیرة پێشتر سەروکیان بووین. بۆ باشتر ڕوونبوونەوە هەردوو ئەبو جەهل و وەلید مام و برازابوون. و هەردووکیان دژی ئیسلام بوون. تەنانەت ئایەتی قورئان لەسەر وەلید هەیە کە بە کوڕی زینا ناوی دەبا. ئەوەش لە وەڵامی ئەوەی وەلید گوتبووی من لە گەورەپیاوانی قورەیشم و بانگهێژ بۆ من نەهاتووە، بۆ محمد هاتووە. محمدیش بە ئایەتێک وەڵامی دەداتەوە:

سورة القلم ٦٨: ١٣

عُتُلٍّۭ بَعۡدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ (١٣)

ڕەزاقوڕس، دوای ئەوەش زۆڵێکە خۆی سەپاندووە (١٣)

وەلید هەرگیز باوەڕی بە محمد و دینەکای نەهێنا و ساڵی ٦٢٢ س. ب مرد.
یەکێکیتر لە سەرکردەکانی بەنی مخزوم ئەبو جەهل (٥٧٢- ٦٢٤ س.ب) بوو. کە لەکاتی خۆی محمد، لەسەر ڕەخنەکانی، بۆ سووکایەتی ئەو ناوەی لێناوە. ئەگینا ناوی خۆی عمرو بن هشام بن مغیرة بوو. لەبەر زیرەکی لەناو قورەیش ناوی لێنرابوو (ئەبو حەکەم). لە شەڕی بەدر کوژرا.

عومەر کوڕی خەتاب دەگێڕێتەوە، کە گوایە لەگەڵ ئەبو جەهل و شبیهة کوڕی ڕەبیعة دانیشتبوون. ئەبو جەهل گوتوویەتی: ئەی خەڵکی قورەیش، محمد جنێو بە خوداکەتان دەدا، خەونەکانتان سووک دەکا. و دەڵێ باو و باپیرانتان دەچنە دۆزەخ.[478]

ئەو چیرۆکە ڕێی تێناچێ. لەبەر ئەوەی خەڵکی مەککە لەو سەردەمەدا یان نەساڕی بووین، یان سابئی مەندائی بووین. کەواتە گشتیان باوەڕیان بە خودای محمد هەبووە. و ئەبو جەهل ئەوەی زۆر باش دەزانی. لە مەککە بوتپەرست بوونی نەبووە. کەواتە ئەو چیرۆکە هەڵبەستراوە. سەرەڕای ئەوە، لە دژایەتی محمد و بانگهێژەکەی، ئەبو جەهل بە تەنیا نەبوو، ئومییە بن أبي الصلت و أبی طالبی مامی خۆیشی، و زۆرێتر لەگەڵی نەبوون. و هەرگیز باوەڕیان پێنەهێنا.

[478] القرطبي الجامع البيان لأحكام القرآن تفسير القرطبي. ص ١٥٢

سێیەم: گشت بیۆگرافینووسان ئاماژە بەوەدەکەن، هەر لە دوای داگیرکردنی مەککە، پێغەمبەر هەوڵیدەدا، تا بتوانێ دڵی هۆز و بنەماڵەکان ئاشت کاتەوە، بۆ نموونە ئاشتەوایی لەگەڵ بەنی ئومەییە، بەنی عەبد الدار، بەنی عامر کرد. بەڵام بەنی مەخزومی پشتگوێخست. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش! ئەو هەموو ڕێکەوتە پێکەوە، لە خۆڕایی بوو؟

سەرەڕای ئەوە، ئەو ژنە موسوڵمان بوو، و لایەنگیری دینی محمد بوو. کەچی لەو کاتە هەستیارەدا، محمد ژنێکی موسوڵمان بەڵام لە بەنی مەخزوم، بە دزی تاوانبار دەکا. و یاسای ئایەتێکی قورئانی لەسەر جێبەجێ دەکا. بیری لەوە نەکردەوە، بەنی مەخزوم ئاشتکاتەوە. لە جیاتی ئەوە دۆخێکی نالەباری هێنایە ئارا. کە ئەگەر لێبووردەیی بەنی مەخزوم نەبایە، کە بە ئاشتیانە هەوڵیان دەدا کێشەکە هامواربکەن، ڕەنگە کارەساتێکی خوێناوی لە مەککە ڕوویدەدا.

سێیەم: بەڵگەی کە نەقورئان پەرتووکی خودایە. و نەمحمدیش مرۆڤێکی سەرڕاست بووە. دوو حەدیسی خۆی کە دژی یەکن، کە دەسەلمێنن کە محمد یاساکانی ئیسلام و دەستەڵاتەکەی، بەپێی بەرژەوەندی و ئارەزووی خۆی باکاردێنان:

یەکەم:

٢٦٦٦ دەستی دز مەبڕن، ئەگەر لە چواریەکی دینارێکی زێڕ تێنەپەڕێ.[479]

دووەم:

خودا نەفرەتی لە دز کردووە، ئەگەر هێلکەیەکی دزیێ، دەبێ دەستی ببڕدرێ، ئەگەر پەتێکی دزیێ دەبێ دەستی ببڕدرێ.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، محمد دەیەویست پیشانی خەڵکی بدا کە لەلایەک پەیڕەوی فەرمانەکانی خودا دەکا. و هیچ باکی بە قسەی خەڵکی قورەیش نییە. لەلایەکیتر قینی کۆنی

[479] موسوعة أحاديث النبوية، حديث: أن قريش أهمهم شأن المخزومية التي سرقت.

لە بەنی مەخزوم لە ڕێگای ژنێکی خانەدانی ئەو هۆزە دەڕێژێ. ئەوەش بێجگە لە دوو فاقەیی محمد زیاتر نییە.

دەستبڕینی ژنەی سەر بە بەنی مخزوم، هیچ پەیوەندی بە دزیەوە نییە. بەڵکوو پلانێکی سیاسی بوو. بۆ تەمبێکردنی سەرجەم بنەماڵەیەک، کە قینی کۆنی لێبوون. ئەگینا کەلوپەل قەرزکردن، دزی نییە. لە جیاتی ئەوە دەتوانرا، دادگایی بکرێ و دوای گەواهی ناچاربکرێ بیانگێڕێتەوە.

لە بەرامبەر ئەوە، بەنی مەخزوم دەیانزانی محمد بەدوای ئەوەیە کە بەنی مەخزوم تەمێ بکا. و هیچ باکی بە کوشتن و خوێنڕشتن نەبوو. بۆیە پەنایان بردە بەر یەک لە ژنەکانی محمد، بەناوی أم سلمە، قورەیشیەکانیش داوایان لە أسامە کرد، کە زۆر لای محمد خۆشەویشتبوو. ڕایان ڕاسپاردن داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەن. بەڵام ئەوەش دادی نەدا. ومحمد ڕەتیکردەوە لێی خۆشبێ.

لە دەرئەنجامی ئەو پرۆسەیە تێدەگەین. کە دینی ئیسلام لە محمد خۆی زیاتر نییە. و ڕەنگدانەوەی کەسایەتی خۆیەتی لەناو ئایەتەکانی قورئان. و بەگشتی ڕوخساری دووفاقەیی، لە یاسای دەوڵەتەکەی و سەپاندنی ئارەزووەکانی خۆی بووە. ئەوەش ڕەنگدانەوەی لە زۆربەی ئایەتەکانی قورئاندا هەیە. دەستبڕینی ژنێکی بێ تاوان، تەنیا قوربانیەکە بۆ ئارەزووی تۆڵەی لە ناحەزانی کۆنی. و نموونەیەکی ڕوونە، کە تەنیا بۆ ترساندن و تەمێکردنی هۆزێک کە دوژمنایەتی لەمێژینەیان لەگەڵ بەنی هاشم هەبووە.

کولتوور و ئەدەبی عەرەب لە قورئان

هەرچەندە دینی نەساری و ئینجیلی عیبرانی بنەڕەتی قورئانن. و سەرچاوەن بۆ زۆر ڕەهەندی بەردەوامی نووسەری قورئان. بەتایبەتی یاساکانی موسا، لە قورئانی مەککە بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە. سەرەڕای ئەوە، نابی ئەوەش لەبیربکرێ، کە کولتوور و نەرێتە باوەکانی دوورگەی عەرەب، کە بە قووڵایی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و ئاکارەکانی تاکی عەرەب، لە ژینگەی نووسەری قورئان توانیویانە مۆرکی خۆیان بەسەر ئایەتەکانی قورئان و کەسایەتی نووسەری قورئاندا بسەپێنن.

نەرێتەکانی عەرەب پێش ئیسلام

دینی ئیسلام وەک میرات، سەرجەمی کەلەپوور و نەرێت و کولتوورەکانی دوورگەی عەرەبی، لە سەردەمی پێش پەیدابوونی ئیسلامیش، بە شێوەیەکی ئاسایی خزاندوونەتە ناو شەریعەتی ئیسلام و ئایەتەکانی قورئان. بە واتایەکیتر سەرجەمی جۆمگەکانی کۆمەڵایەتی باوی ئیسلام، لە بوارە جیاجیاکانیدا. میراتی ڕاستەوخۆی نەرێتە ئاساییەکانی، سەردەمی پێش ئیسلامن. ئەوا نەرێتانەش بەبێ دەستکاری، لەسەریان بەردەوام بووە. بۆ نموونە ڕەوشت، کۆمەڵایەتی، یاسا و سیاسەت و زمان. هەندێ لەو شتانە، بە بێ گۆڕان هاتنە ناو ئیسلام. و وەک خۆیان مانەوە. هەندێ نەرێتی تریش، بە هەمان ناوەرۆک. بەڵام تەنیا ناوەکانیان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە.[480]

١ لە بوارەکانی دینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دادوەری و هتد. گۆڕانکاری بنەڕەتی، نەرێت و یاسا کۆنەکان. و داهێنانی نەرێت و کولتووری نوێ، لە جیاتی ئەو میراتەی عەرەب پێشتر هەیبوو. دوای هاتنی ئیسلام بنبڕکردنی، کارێکی ئەستەم بوو. [481]

بۆ نموونە، هەرسێ زیناکردن، دزی و شەرابخواردنەوە لەسەردەمی پێش ئیسلام وەرگیراوە. تەنانەت سزادانەکانیش القصاص، والدیه و القسامه و العقله ... هتد.[482]

---

[480] عبدالکریم، خلیل (١٩٩٠) الجذور التاریخیه للشریعه الاسلامیه. سینا للنشر. ص ٩
[481] هەمان سەرچاوە ص ١٢
[482] هەمان سەرچاوە ص ٩

٢ کاتی ئیسلام هات پیرۆزی کەعبە و مەککە هەر وەك خۆی مایەوە و لە قورئانیش چەندین نازناوی بە مەزن زانین و پیرۆزکردنی لێنراوە. تەنانەت بە شوێنێکی دڵنیا ناوی براوە لە سورەتی ال عمران ئایەتی ٩٧ دەڵێ (ومن دخله کان آمنا)
ئەوەی بچێتە ناوی (پەنای بۆ بەرێ) دڵنیایە (یان پێویست ناکات لەهیچ بترسێ)

نەرێتە پیرۆزەکان

حەج و عومرە

لە پێش ئیسلام خەڵکی لە مانگی ذی الحجە، عەرەب، بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی حەج سەردانی کەعبەیان دەکرد. ئەو نەرێتەکۆنە، تا ئێستاش موسولمانان بە توندی، هەر لەسەری بەردەوامن.[483]

ئەوە تەنانەت دووبارەکردنەوەی چەند ڕستەیەك بۆ ستایشکردن، یان بەکارهێنانی کەلەپووری پێشتری دوورگەی عەرەبی، لەوانە:

شرك باللّٰه تبارك و تعالی، و پۆشینی بەرگی تایبەتی، و جێبەجێکردنی نەرێتە تایبەتییەکان و وەستان. کاتی ئیسلام هات ئەو شتانەی بە میرات وەرگرت و بە هەمان ناوەرۆك و هەمان ناو.[484]

---

[483] هەمان سەرچاوە ص ١٦- ١٧
[484] هەمان سەرچاوە ص ١٧

ئیسلام ئەرکی حەج، نەرێتی عەمرە، پیرۆزکردنی کەعبە، پیرۆزکردنی مانگی ڕەمەزان و حەرامکردنی سێ مانگ.[485]

هەر لەبەر ئەوە دەبێ بڵێین: عەرەب ماتریالی بنەڕەتی ئیسلامە، بۆیە ئیسلام قەرزار، و منەتباری عەرەبە، و دینێکی عەرەبیە.[486]

سەرەڕای ئەوەش زۆر پێشتر لە نەسارِیەکان و دواتریش ئیسلام، ٢١ کەعبە لە دوورگەی عەرەبی هەبوون، هۆزە عەرەبییەکان بە گشتی مکوڕبوون لەسەر ئەوەی سەردانی کەعبە بکەن و ئەرکی پیرۆز ئەنجام بدەن. بە حەزەوە حەجیان بۆ دەکرد.[487] مەرج نەبوو کەعبەی مەککەیێ یان کەعبەیەکیتر. ئەوەش بەڵگەیە کە حەج کردن بۆ کەعبە زۆر پێش هاتنی ئیسلام بووە.

ئەو سەردان و حەج بۆ کەعبە، نەک تەنیا نەسارِی و دواتر ئیسلام دەیانکرد. بەڵکوو جولەکە و سابئیش، بە بەردەوامی بەشداری حەجیان دەکرد. لەوانە سەردانی کەعبەی مەککەشیان دەکرد. دواتر بەهۆی بوونی بە پێگای قورەیش و هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزە عەرەبەکانیتر، هەر لە سەردەمی هاشم و دوای ئەویش عبدالمطلب، کەعبەی مەککە بڕەوی زیاتر بوو. تەنانەت ئەوەندە بە پیرۆزیان دەزانی، جارێکیان پیاوێك لەوێ بکوژی باوکی لە بیت الحرام دەبینێ و دەستی لێناکاتەوە.

لەسەردەمەکانی کۆتایی، بە هۆی ئەوەی بووبووە ناوەندی بازرگانی نێوان یەمەن و شام، قورەیشەکان لەو ڕێگایەوە هەم دەوڵەمدند بوون، و هەمیش پایەی کۆمەڵایەتیان بەرزتر

---

[485] هەمان سەرچاوە ص ٩
[486] هەمان سەرچاوە
[487] هەمان سەرچاوە ص ١٥

بووبووەوە. وای لێهات عەرەب بە گشتی ڕێزیان بۆ خەڵکی مەککە (قورەیش) هەبوو، بە مەزنیان دەزانین و بەناوی (اهل الحرم) بانگیان دەکردن [488]

٤ پێش هاتنی ئیسلام لە مانگی ذی الحجە هەموو ساڵێك عەرەب لەسەرتاسەری دوورگەی عەرەبی سەفەری مەککەیان لە وەرزی حەج دەکرد، بۆ ئەنجامدانی ئەرکی حەج.[489] لە هەمان کاتدا پەیوەندی بازرگانیان توندتر دەکرد.

مانگی ڕەمەزان

سورة البقرة ٢: ١٨٥

شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ (١٨٥)

مانگی ڕەمەزان قورئانی تێدا دابەزیوە، بە ڕێنمایی بۆ خەڵکی و ڕوونکردنەوە (١٨٥)

ئەو ئایەتە بەڵگەیە کە مانگی ڕەمەزان پێش ئیسلامیش، هەر پیرۆزبووە. تەنانەت لەبەر پیرۆزی نووسەری قورئان ناوی دێنێ. و لەبەر مەزنی، دەنووسێ، یەکەم ئایەتی قورئان لەو مانگە دابەزیووە.

بەڵگەیەکیتریش بۆ ئەوەی کە ئیسلام، ئەو پیرۆزییەی لەپێش خۆی وەریگرتووە. بەر لە پەیدابوونی ئیسلام، حەنەفییەکان لەو مانگەدا ئەو ڕیتوالانەیان دەکرد. یەك لەوانە عبدالمطلب باپیرەی محمد بووە. وەك دەگێڕنەوەکاتی ڕەمەزان دەهات دەچووە (ئەشکەوتی حەرا) لەوێ خواپەرستی دەکرد و فەرمانی دەدا بە درێژایی مانگی ڕەمەزان خۆراك

---

[488] هەمان سەرچاوە ص ١١

[489] الخربوطی د. علی حسنی (١٩٦٧) الکعبه علی مر العصور ل ٢٤

دەبەخشرایە هەژاران، هەروەها زید کوڕی عمرو بن نفیل (مامی عومەر کوڕی خەتاب) کە ئەویش یەك لە حەنەفییەکان بوو.

هەر لە کۆنەوە پێش هاتنی ئیسلام عەرەب مانگەکانی ذی القعدە، ذی الحجە، محرم و رجب بە مانگی پیرۆز دانراون. لەو مانگانەدا وەرزی حەج بۆ گەورەترین کەعبەکان. لە هەمووشیان پیرۆزتر کەعبەی مەککە بووە. بەتایبەتی لەو مانگانە سیانیان (ذی القعدە، ذو الحجە و محرم) بەڵام رەجەب مانگی عەمرەیە. لەبەر پیرۆزی حەج، ئەو مانگانە عەرەب واز لە کوشتن و ڕاووڕووت دێنن.

لەو سەردەمەدا کوشت وکوشتار لە نێوان هۆزە عەرەبەکان ڕووی دەدا. ئەوەش لەبەر چەند هۆیەك بووە، یەك لەوانە بە سەرچاوەی داهات دادەنرا. و پێیان دەگوت غەزو یان الغار. ئەوە نیشانەی ژیانی هۆز بووە لەو سەردەمەدا. کاتی ئیسلام هات ئەو نەرێتانە هەروەك خۆیان مانەوە، بەتایبەتی حەرامکردنی کوشتار.[490]

سورة البقرە ٢: ٢١٧

يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌۚ (٢١٧)

لێت دەپرسن. شەڕکردن لەمانگی حەرامدا، چۆنە؟ بڵێ: شەڕ لەو مانگەدا گوناهێکی زۆر گەورەیە (٢١٧)

یان لە ئایەتێکیتری سورەتی المائدة لەبەر مەزنی ئەو مانگانە، نابێ باوەڕداران لاڕێی بکەن، ئاژاوە بنێنەوە.

[490] عبدالکریم، خلیل (١٩٩٠) الجذور التاریخیه للشریعه الاسلامیه. سینا للنشر. ص ١٩

سورة المائده ٥: ٢

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحِلُّواْ شَعَـٰٓئِرَ ٱللَّهِ (٢)

ئەی گەلێ باوەڕداران، ئەو ڕێوشوێنانەی خودا بۆتانی داناوە، لامەدەن (٢)

سەرەڕای ئەوە، ئێمە تا ئێستاش، لێرە و لەوێ ناوی (رجبیه) دەیبیستین. و ئەوەش هەر لە ناوی مانگی ڕەجەب هاتووە. لەجیاتی عومرە، کە لە مانگی ڕەجەب کۆتایی دێ[491]

ڕێز لە ڕەچەڵەککگرتن (حرمة النسب)

خێزانی عەرەبی کۆنی بەر لە ئیسلام، سیستەمێکی باوکسالاری بوو. ئەو ووشەیەش دوو مانای هەیە.

١ پێگای پیاو لە خێزان

باوکسالاری لەناو خێزان وەک خاوەن و دەستەڵاتی ڕەها دادەنرێ، ئەوەش پێشتر باسیکراوە. کە پێگایەکی مەزنتر لەژنی هەیە.

٢ باوک چەقی خزمایەتییە. کوڕ بە باوک و ڕەچەڵەکی دەبەسترێتەوە. بەڵام دایک وەک بیانی دەبینرێ.

یەک لەو نموونە دیارانەی، کە بەڵگەیە بۆ گرنگی ڕەچەڵەکی باوک، چیرۆکی قصی بن کلاب باپیرە گەورەی محمد بوو. دایکی قصی، فاطمة بنت سعد بن سیل، کاتی باوکی قصی مرد، دایکی مێردی بە ربیعة بن حرام بن ضبة کردەوە. کە لە بنی عذرة بوو. لە فضاعة. قصی

[491] هەمان سەرچاوە ص ١٩

خێزانەکەی بەجێهێشت. و بۆ دۆزینەوەی خزمانی باوکی، بەرەو مەککە ڕۆیشت. ئەوەش لەبەر گرنگی کولتووری باوکسالاری قصی دەبێ لای باوانی و دەوڵەمەندکردنی ڕەچەڵەکی باوکی بێ. نەک دایکی. دایک هەمیشە بە بیانی و میوان دانراوە. و هیچیتر.

گرنگیدان بە ڕەچەڵەک لە کۆمەڵگەی خێلەکی و شوانکارە، زۆر گرنگ بووە. منداڵ لە هەر هەڵومەرجێک دا ڕەچەڵەکی باوکی وەردەگرێ. جا ئەگەر باوکی بکوژ و درۆندەش بێ، هەر بەو ڕەچەڵەکە دەناسرێتەوە.[492]

دوای پەیدابوونی ئیسلام. ئەو نەرێتەش وەک خۆی، پەرپوەتەوە ناو کۆمەڵگەی ئیسلام. و بە ئایەتی قورئان لادان لێی بە تاوان دانراوە.

لە حەدیسێکی محمد دا هاتووە دەڵێ:

ئەوەی بێجگە لە باوک، داوای هەرچیتر بکا، بۆنی بەهەشت ناکا.[493]

ئەگەر منداڵێک زۆڵ بێ و ڕەچەڵەکی نەزانرێ ئەوا بە پلە دوو لەناو کۆمەڵگە سەیردەکرێ. تەنانەت ئەگە بەکەسێ بڵێی (زۆل کوڕی زۆڵ) ئەوا دوو سزای لەسەرە.[494]

عومەر کوڕی خەتاب بەردەوام دووپاتی دەکردەوە، کە لە قورئاندا ئایەت هەیە. کە هەر کەسێک نکۆڵی لە ڕەچەڵەکی باوکی بکا بە (تکفیر) دادەنرێ. بەڵام دواتر نەسخ کراوە.

---

[492] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. سينا للنشر. ص ٧٤

[493] الإمام أحمد المسند. حديث رقم ٦٨٤٣ ص ٦٨٣٥ الجزء الثامن. تحقيق الشيخ احمد محمد شاكر. دار المعارف بمصر.

[494] الجصاص، الإمام أبو بكر(بدون تاريخ) أحكام القرآن. الجزء الثالث باب حد القاذف. طبعة دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع. ص ٢٦٧

بێجگە لە باوکتان ئارەزووی چیتر بکەن، کفرە بۆتان [495]

الاجتماع العام .... يوم الجمعه

یەکەم کەس کعب بن لؤی (باپیرە گەورەی محمد) ناوی ناوە جومعە یان ڕۆژی جومعە دوای کۆچی محمد بۆ یەثرب، یەکەم ڕۆژی گیرسانەوەیان مزگەوتێکیان دروستکرد و لە مزگەوت موسولمانان کۆبوونەوە. محمد یەکەم ووتاری لە مەدینە دا. دوای ئەوە ئایەتێك دابەزی

سورة الجمعة ٦٢: ٩

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (٩)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتی بانگ دەکرێ بۆ نوێژکردن لە ڕۆژی هەینی ئەوە بڕۆن بۆ یادکردنەوەی خودا و دەستبەرداری کڕین و فرۆشتن بن، ئەوەیان چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن. (٩)

نووشتە و پاڕانەوە

هەر لەسەردەمی کۆندا هەروەك هەموو نەتەوەکان مرۆڤ باوەڕی بەوە هەبوو کە هێزێکی نادیار لەسەرەوە هەیە چارەسەری نەخۆشی دەکات. لای عەرەبیش پێش پەیدابوونی ئیسلام، بۆ دەرکردنی جنۆکە و شەیتان لە لەشی نەخۆش، خێروپاداشت، بە نووشتە و پاڕانەوە دەکرا.[496]

---

[495] قلعة جی، د. محمد رواس (١٩٨١) موسوعة فقة عمر بن خطاب – مادة النسب. الطبعة الأولى. ص ٦٣٦

[496] هەمان سەرچاوە ص ٢٩

چارەسەری بۆ پێوەدانی مار و دووپشك و مێرووله، پێش ئیسلام باو بوو. کچی عەبدوللە تەرەق چارەسەری پێوەدانی مێروولەی له سەردەمی جاهیلی دەکرد. دوای کۆچکردن بۆ مەدینه ئەویش لەگەڵ محمد و یاوەرانی کۆچیکرد. له مەدینه حەفصەی ژنی، که کچی عومەر بوو، مێرووله پێی وەدابوو، محمد داوای له کچی عبداللەکرد، تا فێری بکا، چۆن چارەسەری مێرووله بکا. لەبەر ئەوەی ووشەکانی پارانەوە گوناهی تێدانییه و هاوبەشی بۆ اللە دروست ناکات.

دوای ئەوەی هەرکاتی یاوەرانی محمد مارپێوەی دەدان، پەیامبەر داوای له عمار بن حزم دەکرد که بۆیان بپارێتەوە. دوای دووبارەکردنەوەی بینیان چارەسەربووە (به پێی بوخاری و مسلم) [497]

ئیرەیی (حسد)

له پێش ئیسلام عەرەب باوەڕیان به ئیرەیی (حسد) هەبوو، که کاریگەری لەسەر کەسی ئیرەیی پێ بردراو هەیه. کاتی ئیسلام هات بڕیاری دا که به سوورەتی (قل اعوذ برب الفلق .... ومشر حاسد اذا حسد (سوره الفلق) بەردەوامبێ، له باوەڕ به ئیرەیی بردن. و خۆپاراستن له کاریگەریەکانی.

سورة الفلق ١١٣:

قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ (١) مِن شَرِّ مَا خَلَقَ (٢) وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ (٣) وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ (٤) وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ (٥)

[497] هەمان سەرچاوە ٢٩-٣٠

بڵێ پەنا بۆ خودای شەق (لەت)کەر دەبەم (١) لە خراپەکاری ئەوەی درووستیکردووە (٢) و لە خراپەکاری تێپڕ کە دەچێتە ناوەوە (٣) و لە خراپەکاری فۆبیای بە گرێکان (٤) و لە خراپەکاری ئیرەییکەر کاتی ئیرەیی دەکا (٥)

چاوپیسی

هەر لە کۆنەوە عەرەب، باوەڕیان بە چاوپیسی هەبوو. کە کەسی چاوپیس کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ئەو کەسە هەیە کە چاوپیسی لێکراوە. پێچەوانەی ئیرەیی. چاوپیس پێویست بەوە ناکا ئیرەیی ببا، بەڵکوو هەندێ کەس هەروان چاویان بە شتێک لای کەسێ یان خێزانێک بکەوێ، ئەو خێزانە شتێکیان بەسەردێ یان زیانیان لێدەکەوەێ.[498]

لە حەدیسێکی ئەبی هورەیرە لە صحیحین و أبی داود و ابن ماجە دەگێڕنەوە کە تەنانەت محمد خۆی ئامۆژگاری عائیشەی کردووە، خۆی لە چاوی پیس بپارێزێ. هەر لەسەر ئەو نەرێتەی سەردەمی کۆنی عەرەب، لە ئیسلامیش محمد چەندین ڕێنمایی بۆ خۆپاراستن لە چاوپیسی داناوە.[499]

نەفەس (نفث)

نفث (جادوو) کەلە کوردەواری پێی دەڵێن (نەفەس)، هەر لە پێش پەیدابوونی ئیسلام، ئەوەش فاڵچییەکان یان جادووکەر بەکاریان دەهێنا بۆ کەسێ تا زیان لە کەسێك بدات (جا خۆی یا منداڵی یان ماڵ و هتد...) ئەوەش باوەڕێکی بەربڵاوبوو و بازاڕێکی بە بڕەوی لە

[498] هەمان سەرچاوە ص ٣٠
[499] هەمان سەرچاوە ص ٣١

دوورگەی عەرەبی هەبوو. زۆر جار خەڵکی دەچوونە لای جادووکەر تا نەفەسیان لەسەر لاببا. و یان لەنەفەس بیانپارێزێ. شاعیر متمم بن نویرە لە سەردەمی جاهیلی دەڵێ:

نفثت فی خیط شبیه الرقی
من خشیة الجنة و الحاسد

کاتی ئیسلام هات نەفەس وەك خۆی مایەوە. بە باوەڕی محمد وابوو، کە شتێکی ڕاستە. و بە سوڕەتێکی قورئان، داوای لە موسوڵمانان کرد پەنا بۆ خودا ببەن.

القرآن الکریم – سورة الفلق ١١٣: ١ – ٥

قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ (١) مِن شَرِّ مَا خَلَقَ (٢) وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ (٣) وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ (٤) وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ (٥)

بڵێ، پەنا بۆ خودای زا لە ماک دەبەم (١) لە خراپەکاری ئەوەی دروستیکردووە (٢) لە خراپەکاری بڕەر، کە تێدەچەقێتەناو (٣) لە خراپەی جادوگەرانی فوو بە گرێکان دادەکەن (٤) لە خراپەکاری ئیرەیی بەر کاتی ئیرەیی دەبا (٥)

تایبەتمەندی ووشتر

لای عەرەب ووشتر، لەناو گیاندارانیتر، بۆ ئاڵوگۆڕی ئابووری، بەهای بەرزتربووە. ئەو تایبەتمەندیەی ئاستی ووشتر لەلای عەرەب، زۆر پێشتر لە ئیسلام، وەک دیاردەیەکی ئابووری هەر هەبووە. کاتێك دادوەر دەیەویست سزای تاوانبار قورس بکا، دەبوایە بە ژمارەی ووشتر دیاری بیکا. بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نەدەدرا، بە شتێکیتر قەرەبووی ئەوە

بکرێتەوە، بێجگە لە ووشتر. تەنانەت ئەگەر دادوەر بشی ویستایە بیگۆڕێ، نەیدەتوانی. چونکە بەپێی یاسای کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە تەنیا، دەبوایە ووشترێ.[500]

عبدالمطلب باپیرەی محمد یەکەم کەس بوو سزای بۆ بکوژێك دانا بە سەد ووشتر. هەر ئەوەش گواستراییەوە و وەك خۆی لە ئیسلام مایەوە. بەو پێیەی ووشتر شوێنێکی تایبەتی لە ئاڵوگۆڕی و بازرگانی هەبوو، لە زەکات دان ووشتر ڕۆڵێکی بەرزی هەبوو، کە لەو بوارەوە ووردەکاری لە دانانی نرخی چەند ووشتر نێر یان مێ و تەمەنی و ددانەکانی بۆ دیاری بەهای بۆ ئاڵوگۆڕی.

[500] عبدالكريم، خليل، الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية ل ٣٥

جنێو و سووکایەتی لە قورئان

لە چەندین ئایەتی قورئان، بە شێوەی جۆراوجۆر جنێو دەدا، و سووکایەتی بە کەسانیتری ناحەزی یان دینیتر دەکا. ئەو جنێو و سووکایەتیانەش، بە شێوەی ڕاستەوخۆ، و بە گشتی لەسەر دینی جیاواز، یا کێشەی کەسی، تا دەگاتە هەڕەشە و ترساندن بە دۆزەخ.

ئەو شێوە بەرەنگاربوونەوەی نووسەری قورئان، هەم لە ئاستی پیرۆزی قورئان و هەم لە ڕەوانبێژی دادەبەزێنێ. گومان دەخاتە سەر ئەوەی پەرتووکێکی ئاسمانی بێ. بە تایبەتی پەرتووکی خودایەک کە گەردوونی دروستکردبێ، خەریکی شەڕە جنێوی کۆڵانبێ، یان لە ناکۆکی تاکەکەسی بە ئایەتی قورئان پاکتاوبکا.

لێرەدا چەند نموونەیەکی ئەو چمکانە دەخرێنە روو. کە لە دوو ڕووەوە، دەرگا ئاوەڵا دەبێ.
یەکەم: پەردە لەسەر کەسایەتی نووسەری قورئان هەدەداتەوە.
دووەم: زمانی دەربڕینی قورئان کە هەر زوو معتەزیلەکان دەیانگوت ئەوە زمانی خودا نییە.

ئەبو لەهەب و سورەتی المسد

ئەبو لەهەب ناوی عبدالعزي بن عبدالمطلب مامی محمد بووە (٥٤٩ – ٦٢٤ س.ب) زڕبرای عبداللەی باوکی محمد بووە. لە ناوخەڵکی بە ئەبو عەتەبە ناسرابوو. لەبەر ئەوەی کوڕی گەورەی ناوی عەتەبە بوو.

ئەبو لەهەب گاڵتەی بە بانگهێژی محمد دەهات. کەسێکی هوشیار بوو. هەروەک أمية بن أبی سلط و ئەبی طاڵبی مامی محمد باوەڕی بە کەسایەتی محمد نەبوو. ئەوەی جیاوازی ئەبو لەهەب لەگەڵ ئەوانیتر، ئەوەبوو کە ئەبو لەهەب بە ئاشکرا دەیگوت تۆ ڕاست ناکەی و پەیامێکی خودایيت پێنییە. ئەو گۆتەیە لە أمية بن أبی سلطیش دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: باوەڕم بە خودا هەیە، بەڵام گومانم بەرامبەر محمد لە دڵدایە.
واتە لە پەیامەکەی بە گومانم.

چیرۆکی ئەبو لەهەب و محمد، وا دەستی پێکرد. ڕۆژێک محمد ڕۆیشتە دەرەوە بە تەپۆلکەی سەفا هەڵگەڕا، و بانگی کرد: ئەی بەرەبەیان، بۆیە قورەیش لەدەوری کۆبوونەوە. گوتی: ئەگەر پێتان بڵێم، دوژمن بەرەبەیانی یان ئێوارە بەسەرتان دادەدا، باوەڕم پێ دەکەن؟ گوتیان بەڵێ، گوتی: من ئاگادارکەرەوەم بۆ ئێوە لە دەستی سزایەکی سەختدا، پاشان ئەبولەهاب وتی: هەی داوەشێی. تەنیا بۆ ئەوە ئێمەت لێرە کۆکردۆتەوە؟
لە گێڕانەوەیەکتردا دەڵێ: هەستا و دەستی لەقاند و گوتی: دەک ئەو ڕۆژەت بە فیڕۆ بڕوا، هەر بۆ ئەوە، ئێمەت کۆکردۆتەوە؟

دوای ئەوە. محمد لە مامی تووڕەدەبێ و بەو سوڕەتە قینی دڵی دادەڕێژێ.

القرآن الكريم – سورة المسد ١١١: ١ – ٥

تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ (١) مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ (٢) سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ (٣) وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ (٤) فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ مِّن مَّسَدِۭ (٥)

دەستەکانت بڕزێن ئەبو لەهەب، هەی داوەشێی (١) نە سامانی و نە ئەوەی دەستی کەوتووە، بە کەلکی دێن (٢) هەر ببینە، لە ئاگرێکی بەگوڕدا دەسووتێ

(٣) ژنەکەشی بە کۆڵ دار هەڵدەگرێ (٤) پەتێکی سیرمەی دووبادی لەملدایە (٥)

موسوڵمانان ئەو سورەتە بە پەرجووی قورئان دەژمێرن. لەبەر ئەوەی لە سورەتەکەدا دەڵێ هەر ببینە لە ئاگرێکی بەگوڕ دا دەسووتێ. تەنانەت هەندێ ڕاڤەکاران دەڵێن. ئەگەر تەنیا ئەبو لەهەب پەشیمان ببوایەوە. دینی ئیسلامی وەرگرتبا، وای لێ نەدەهات.

لێرەدا بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی سوورەتەکە چی دەڵێ. با سەیرێکی دۆزەخ و بەهەشت بەگشتی بکەین. قورئان و ڕاڤەکارانی خۆیان دەڵێن پرسی بەهەشت و دۆزەخ دوای ڕۆژی لێپرسینەوەیە (یوم الحساب). باشە هەر خۆیان دەڵێن ئەو ڕۆژە دوای کاولبوونی جیهانە. و ڕۆژی پەسڵان (القیامة) دێ. ئەی کەوابێ چۆن زانرا ئەبو لەهەب لە دۆزەخە.

ڕاستی ئەو سورەتە و زۆربەی ئەوانیتریش، محمد دژی نەیارانی، بە شێوەی پەخشانە شیعر، بەناوی خودا نووسیوینی.

ڕەزاقوڕس دوای ئەوەش زۆڵ

سورة القلم ٦٨: ١٣

عُتُلٍّۭ بَعۡدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ (١٣)

ڕەزاقوڕس، دوای ئەوەش زۆڵ (١٣)

ڕاڤەکارانی موسوڵمان لەسەر ئەو ئایەتە، بوونەتە دوو بەش. بەشێکیان دەڵێن مەبەستی الأخنس بن شریقە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان باوەڕیان وایە وەلید بن مغیرة بووە. هەرچەندە هەردووکیان زۆر دژایەتی پەیامبەریان کردووە.

هۆکاری، کە زۆربەی ڕاڤەکاران باوەڕیان وایە ولید بن مغیرة بووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێشنیازی بۆ محمد کردووبوو، و پەیمانی ماڵ و سامانێکی زۆری پێدابوو، ئەگەر لەو دینە پەشیمان ببێتەوە. [501]

لەو ئایەتە نووسەری قورئان هێرش دەکاتە سەر ولید کوڕی مغیرة، باوکی خالد کوڕی وەلید، و سووکایەتی پێدەکا.

دایکی گوتی: باوکت توانای جووتبوونی نەبوو، و منداڵی نەدەبوو. لەوە دەترسام، ئەگەر بمرێ گشت سامانەکەی بۆ کەسێکیتر بێ. ئەوە بوو بانگی شوانێکم کرد. و لەگەڵی جووتبووم. و تۆ کوڕی ئەو شوانەی.

ئەوەی جێگەی هەڵوێستەکردنە، لەو ئایەتە محمد دەربارەی زۆڵ چەندین فەرموودەی هەن. کە دەکرێ سێ لەوانە وەک نموونە پیشانبدرێن:

یەکەم: منداڵی زینا و منداڵەکەی منداڵی منداڵەکەی ناچنە بەهەشت.
لەو فەرموودەیە، خالید کوڕی وەلید بێنە بەرچاوت. کە بەڕاستی کوڕ و نەوەی زینا بووە

[501] القرطبي، تفسير لأحكام القرآن، الجلد الطامن عشر، ص ٢٠٣

دووەم: ئەو کاتە نەتەوەکەم چاک دەبێ، کە زینا تیایدا بڵاونەبێتەوە. هەرکە منداڵی زینا زۆربوون، خودا گشت سزایەکیان بەسەر دا دەبارێنێ. ئەوەش سەرچاوەیە بۆ مەلا محمد مەلا فایەق کە دەڵێ: بوومەلەرزە لە هەر شوێنێک بدا، واتە زینا زۆرە لەو شوێنە.

سێیەم: منداڵی زینا لە ڕۆژی پەسڵان، لە شێوەی مەیموون و بەراز لێپرسینەوەیان لێدەکرێ.[502]

لەیەکچواندنی مرۆڤ بە سەگ

کولتووری ژینگە، بنەڕەتە بۆ گشت ئاکار و ڕەفتارەکانی مرۆڤ. لە کولتووری نەساڕی دواتریش لە ناو کۆمەڵی دوورگەی عەرەبی، سەگ سەرڕای بەوەفایی و زیرەکی و توانای کارکردنی لە هەڵۆمەرجە جیاجیاکاندا، لەگەڵ ئەوەش بە بوونەوەرێکی پیس دادەنرێ. کاتی ئایەتێکی قورئان، مرۆڤ بە سەک دەچوێنێ، بەڵگەی ئەوە دەداتە دەست، کە نەیتوانیووە، لە سنووری ئەو ژینگەیە دەربچی، کە نووسەری قورئان تێیدا گەشەیکردووە. و پێی پەروەردەکراوە.

القرآن الكريم – سورة الأعراف ٧: ١٧٦

وَلَوۡ شِئۡنَا لَرَفَعۡنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخۡلَدَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ إِن تَحۡمِلۡ عَلَيۡهِ يَلۡهَثۡ أَوۡ تَتۡرُكۡهُ يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۚ فَٱقۡصُصِ ٱلۡقَصَصَ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ (١٧٦)

[502] إمام الثعلبي. تفسير الكشف و البيان، الجزء العاشر ص ١٤، القرطبي، تفسير لأحكام القرآن الجلد الثامن عشر، ص ٢٤٣

ئەگەر بمانویستایە، بەو ئایەتە پلەبەرزمان دەکرد. بەڵام ئەو هەر خۆی لە زەوی گیرکرد. و دوای ئارەزووەکانی خۆی کەوت. ئەو کەسە وەک ئەو سەگە وایە بۆی بچی زمانی دەردێنێ، وازیشی لێبێنی هەر زمانی دەردێنێ. ئەوە نموونەی ئەو کەسانەیە، کە نکۆڵیان لە ئایەتەکانی ئێمە دەکرد. تۆ لەو چیرۆکانەیان بۆ بگێڕەوە، بەڵکوو بیرکەنەوە (١٧٦)

ئەو ئایەتە هەرچەندە ناوی کەس نایەنێ، بەڵام دەبێ نووسەری قورئان ڕووی توانجی لە کەسێک بووبێ، الطبری لە أبو جعفر دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی: مانای وایە کەسێک چ ئامۆژگاری بکەی یان نەکەی، وەک یەک وایە. ئەو کەسە واز لە ڕێگای خۆی ناهێنێ. بەرفەرمانی پەروەردگار نابێ. [503] کە هەم زانا بووبێ و هەمیش دینداریکی یەکتاپەرست بووبێ. کە گوێی بۆ محمد و ئایەتەکانی نەگرتبێ. ئەو جۆرە کەسانەش لە دەوری پەیامبەر زۆر، بەتایبەتی لە مەککە زۆر بووین. بۆ نموونە أبی طالبی مامی، و قەشە وەرەقە، أمیة بن أبی سلط و أبی عامر. سورەتی الأعرافیش هەر لە مەککە و زوو هاتووە. لە تەفسیری المنار دا هاتووە، کە محمد خۆی گوتوویەتی: نموونەی بلعام بن باعوراء لە بەنی ئیسرائیل، وەک أمیة بن أبی سلط لە نەتەوەی ئێمە.[504]

بەلعام بن باعوراء کاهن بووە، لە تەورات پەرتووکی سەرژمێر دەق ٢٢، باسی چیرۆکی ئەو کاهنە دەکا. بەپێی سەرچاوەکانی جولەکە، بەلعام نەبی بووە، بەڵام لە بەنی ئیسرائیل نەبووە. کاتی بەنی ئیسرائیل لەگەڵ موسا لە میسر دەگەڕێنەوە، خەڵکی ناوچەکە دەچنە لای و داوای یارمەتی لێ دەکەن. و بەلعامیش گفتوگۆ لەگەڵ خودا دەکا. بۆ باشتر لە چیرۆکەکە تێگەیشتن وا دەق تەورات لە خوارەوە دادەنرێ.

---

[503] الطبري. جامع البيان جزء العاشر ص ٥٨٨

[504] الشيخ محمد عبدة (١٩٤٧) تفسير المنار. تفسير سورة الأعراف، جلد ٨

دەق چیرۆکی بە لعام لە تەورات

پەیمانی کۆن پەرتووکی سەرژمێر ٢٢: ١ - ٤١

بالاق بانگی بەلعام دەکات

(١) ئینجا نەوەی ئیسرائیل کۆچیان کرد و لە دەشتاییەکانی مۆئاب لەلای کەناری ڕووباری ئوردون بەرامبەر ئەریحا چادریان هەڵدا.

(٢) کاتێک بالاق کوڕی چیپور هەموو ئەو شتانەی بینی کە ئیسرائیل بە ئەموریەکانی کرد، (٣) مۆئاب لە گەلەکە تۆق، چونکە زۆر بوون، مۆئاب بەهۆی نەوەی ئیسرائیل ترسی لێ نیشت.

(٤) مۆئابییەکان بە پیرەکانی میدیانیان گوت: ئێستا ئەم ئاپۆرەی خەڵکە هەموو چواردەورمان دەلێسنەوە، وەک چۆن گا سەوزایی کێڵگە دەلێسێتەوە.

لەو سەردەمە بالاق کوڕی چیپور پاشای مۆئاب بوو .(٥) چەند نێردراوێکی بۆ لای بەلعامی کوڕی بەعۆر نارد بۆ پەتور، کە نزیک ڕووباری فوراتە لە خاکی نەوەی گەلەکەی، بۆ ئەوەی بانگی بکا و بڵێ:

وا گەلێک لە میسر هاتووە و ڕووی زەوی داپۆشیوە و لەتەنیشتم نیشتەجێیە. (٦) ئێستاش وەرە و نەفرەت لەم گەلە بکە بۆم، چونکە لە من مەزنترن. بەڵکو بتوانم بیانشکێنم و لە خاکەکە دەریانکەم، چونکە زانیومە ئەوەی داوای بڕشتی بۆ بکەی، بڕشتدار کراوە. و ئەوەی نەفرەتی لێ بکەی نەفرەت لێکراوە.

(٧) پیرانی مۆئاب و پیرانی میدیان بە کرێی فاڵگرتنەوە بەڕێکەوتن و هاتنە لای بەلعام و بە وتەکانی بالاق لەگەڵیدا دوان.

(٨) ئەویش پێی گوتن: ئەمشەو لێرە بمێننەوە، خودا چیم پێ بڵێ، ئاوا وەڵامتان دەدەمەوە. ئینجا پیاوە گەورەکانی مۆئاب لەلای بەلعام مانەوە.

(٩) ئەوسا خودا هاتە لای بەلعام و فەرمووی: ئەو پیاوانە کێنە، لەلاتن؟
(١٠) بەلعامیش بە خودای گوت: بالاق کوڕی چیپوری پاشای مۆئاب بەدوامدا ناردوویەتی و دەڵێ، (١١) ئەو گەلەی لە میسرەوە هاتووە ڕووی زەوی داپۆشیوە. ئێستا وەرە و نەفرەتیان لێ بکە بۆم، هەتا بتوانم لەگەڵیاندا بجەنگم و دەریانبکەم.
(١٢) بەڵام خودا بە بەلعامی فەرموو: لەگەڵیاندا مەڕۆ و نەفرەت لە گەلەکە مەکە، چونکە گەلێکی بە بڕشتن.
(١٣) بەلعام بەیانی هەستا و بە پیاوە گەورەکانی بالاق گوت: بگەڕێنەوە خاکی خۆتان، چونکە خودا ڕازی نەبوو، ڕێم بدا لەگەڵتان بێم.
(١٤) پیاوە گەورەکانی مۆئابیش هەستان و هاتنە لای بالاق و گوتیان: بەلعام ڕازی نەبوو لەگەڵماندا بێ.
(١٥) ئینجا بالاق دووبارە پیاوی گەورەی زۆرتر و بەڕێزتری لەوانەی پێشووتر نارد. (١٦) ئەوانیش هاتنە لای بەلعام و پێیان گوت:
بالاق کوڕی چیپور ئاوا دەڵێت: با هیچ شتێک ڕێت لێ نەگرێت بێیت بۆ لام، (١٧) چونکە پاداشتێکی گەورەت دەکەم، ئەوەی پێم بڵێی دەیکەم، ئێستا وەرە و نەفرەت لەم گەلە بکە بۆم.
(١٨) بەڵام بەلعام وەڵامی دایەوە و بە خزمەتکارانی بالاق گوت: ئەگەر بالاق بە پڕی کۆشکەکەی زێڕ و زیوم پێبدا، ناتوانم لە فەرمانی خودای پەروەردگارم دەربچم، بۆ ئەوەی شتێکی بچووک یان گەورە بکەم.
(١٩) ئێوەش ئێستا ئەمشەو لێرە بمێننەوە، هەتا بزانم خودا ئەم جارە چیم پێ دەڵێ.

(٢٠) خودا لە شەودا هاتە لای بەلعام و پێی فەرموو: لەبەر ئەوەی ئەو پیاوانە هاتوون هەتا بانگت بکەن، هەستە و لەگەڵیاندا بڕۆ، بەڵام تەنها ئەو قسەیەی کە من پێت دەڵێم ئەوە دەکەی.

ماکەری بەلعام

(٢١) بەلعامیش بەیانی هەستا و ماکەرەکەی کورتان کرد و لەگەڵ پیاوە گەورەکانی مۆئاب بەڕێکەوت .(٢٢) بەڵام کاتێک بەڕێکەوت تووڕەیی خودا جۆشا، ئینجا فریشتەی خودا لەسەر ڕێگا بۆی وەستا، هەتا بەربەرەکانێ بکات. لەو کاتەی بەلعام سواری ماکەرەکەی ببوو، و هەردوو خزمەتکارەکەشی لەگەڵی بوون .(٢٣) کە ماکەرەکە فریشتەی خودای بینی لەسەر ڕێگاکە وەستاوە، و شمشێرەکەی هەڵکێشاوە و بە دەستیەوەیە، ماکەرەکە لە ڕێگاکە لایدا و دایەوە ناو کێڵگە، بەلعامیش لە ماکەرەکەی دا هەتا بیگەڕێنێتەوە سەر ڕێگاکە.

(٢٤) ئینجا فریشتەی خودا لە ڕێچکەیەکی باریکدا لەنێوان دوو ڕەزدا وەستا کە لەملا و ئەولا دیواری هەبوو، (٢٥) کاتێک ماکەرەکە فریشتەی خودای بینی ملی دا بە دیوارەکە و پێی بەلعام بەر دیوارەکە کەوت. ئینجا دیسان لە ماکەرەکەی دایەوە.

(٢٦) دواتر فریشتەی خودا، پێشیان کەوتەوە. و لە شوێنێکی تەنگەبەر وەستا. کە هیچ ڕێگا نەبوو بۆ سوڕانەوە، نە بەلای ڕاست و نە بەلای چەپدا .(٢٧) کە ماکەرەکە فریشتەی خودای بینی، لەژێر بەلعامدا خۆی کێشایەوە، تووڕەیی بەلعام جۆشا و بە گۆچانەکەی لە ماکەرەکەی دا، (٢٨) ئینجا خودا دەمی ماکەرەکەی کردەوە و بە بەلعامی گوت: چیم لێکردوویت؟ بۆچی هەتا ئێستا سێ جار لێت دام؟

(٢٩) بەلعامیش بە ماکەرەکەی گوت: چونکە سووکایەتیم پێ دەکەی، ئەگەر شمشێرم لە دەست بووایە ئێستا دەمکوشتی.

(٣٠) ماکەرەکەش بە بەلعامی گوت: باشە من ماکەرەکەی تۆ نیم کە لەو کاتەوەی هەی سوارم دەبی هەتا ئەمڕۆ، ئایا من لێڕاهاتووم وات لێ بکەم. ئەویش گوتی: نا.

(٣١) ئینجا خودا چاوی بەلعامی کردەوە و فریشتەی خودای بینی لەسەر ڕێگاکە وەستاوە. و شمشێری هەڵکێشاوە. و بە دەستیەوەیە، جا بەسەر ڕوویدا کەوت و کڕنۆشی برد.

(٣٢) فریشتەی خوداش پێی فەرموو: بۆچی هەتا ئێستا سێ جار لە ماکەرەکەی خۆتت داوە؟ ئەوەتا من بۆ بەرەنگاربوونەوەت هاتووم، چونکە لەبەرچاوی من ڕێگاکەت لاساریکردنە. (٣٣) ماکەرەکە منی بینی هەتا ئێستا سێ جار لە بەرامبەرم خۆی لادا، ئەگەر لە بەرامبەرم خۆی لانەدەدا، ئێستا من تۆم دەکوشت و ئەوم دەهێشتەوە.

(٣٤) بەلعام بە فریشتەی خودای گوت: گوناهم کرد، من نەمزانی کە تۆ بوویت ئەوەی لەسەر ڕێگا لەپێشم وەستاوی بۆ بەرەنگاربوونەوەم، ئێستاش ئەگەر پێت ناخۆشە من دەگەڕێمەوە.

(٣٥) فریشتەی خودا بە بەلعامی فەرموو: لەگەڵ پیاوەکاندا بڕۆ، بەڵام تەنیا ئەو قسەیەی کە من پێت دەڵێم ئەوە دەکەیت. ئیتر بەلعام لەگەڵ پیاوە گەورەکانی بالاق بەڕێکەوت.

(٣٦) کاتێک بالاق بیستی کە بەلعام هاتووە، چوو بۆ پێشوازیکردنی بۆ ئەو شارۆچکەیەی مۆئاب کە لەسەر سنووری ئەرنۆنە، لەوپەڕی خاکەکەی.

(٣٧) بالاق بە بەلعامی گوت: ئایا بەدوای تۆمدا نەنارد، هەتا بانگت بکەم، ئیتر بۆ نەهاتی؟ ئایا بەڕاستی من ناتوانم پاداشتت بکەم؟

(٣٨) بەلعامیش بە بالاق گوت: ئەوەتا ئێستا هاتم بۆ لات، ئایا ئێستا هیچ توانایەکم هەیە کە خۆم شتێک بڵێم؟ ئەو ووشەیەی خودا دەیخاتە دەمم ئەوە دەڵێم. (٣٩) بەلعام و بالاق بەڕێکەوتن و هاتنە قیریەت حوچۆت، (٤٠) ئینجا بالاق مەڕ و مانگای سەربڕی و بەدوای بەلعام و ئەو پیاوە گەورانەی نارد کە لەگەڵی بوون. (٤١) بۆ بەیانی بالاق بەلعامی بردە سەرەوە بۆ بامۆت بەعل و لەوێوە ئەوپەڕی گەلی بینی.

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی سورەتی الأعراف سوورەتێکی مەککییە. و قورئانی مەککەش کۆپیەکی ئینجیلی مەتی عیبرانیە. بۆیە شتێکی سەیر نییە، بۆ گشت نموونە و پەندوەرگرتن لە ڕووداوەکان یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ پەیمانی کۆن. بەتایبەتی تەورات، و چیرۆکەکانی. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە محمد خۆی، لە هەردوو پشتەوە نەسارِی بووە. و لە هەمانکاتدا لەژێر چاوەدێری و پەروەردەی قەشە وەرەقە بن نوفل دابوو.

دەنگی هەرە ناخۆش وەک دەنگی کەر وایە

سورة لقمان ٣١: ١٩

وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ (١٩)

بە شێنەیی بڕۆ، بە دەنگی نزم بدوێ، چونکە دەنگی هەرە ناخۆش وەک دەنگی کەر وایە (١٩)

بە پێی ڕاڤەی ڕاڤەکارانی موسوڵمان ئەو ئایەتە، مەبەستی ئامۆژگارییە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بە لەسەرخۆیی و دەنگی نزم بدوێ، کە نیشانەی ئارامی و ڕێزگرتنە. کەچی القرطبي لە لایەکیتر دەڵێ:

> کەر نموونەی بوختان و سووکایەتییە. و هەروەها بە زەرەی ناوی دەبەن. و ئەوانەی لە بێزاری دەیانەوێ باسی شتێک بکەن. بێ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە، تەنیا دەڵێن: کەرە[505].

بە گەڕانەوەیەک بۆ مێژوو، و ووردبوونەوە لە دەقە بەناوبانگەکان، بۆمان دەردەکەوێ، ئەو ئایەتە لە بنەڕەتدا لە دەستنووسێکی سریانی ئارامیەوە هاتووە. و یەکێکە لە ئامۆژگاریەکانی ئەحیقار بۆ کوڕەکەی.

> کوڕەکەم، سەرت داخە، و دەنگت نزمکە، و چاوێک بە خوارەوە دابگێڕە. چونکە ئەگەر مرۆڤ بیتوانیایە بەدەنگی بەرز خانوێک دروستبکا، ئەوە کەر دەیتوانی لە ڕۆژێکدا، دوو خانوو دروست بکا.[506]

ئەوەی جێگای سەرنجە، دەقی بنەڕەتی أحیقار، دووره لە بێڕێزی و ئامۆژگارییەکە، کە دەکرێ سوودی لێ وەربگیرێ. بەڵام نووسەری قورئان نەیتوانیووە. چ لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە، چ لە ڕووی پەندێکی ئامۆژگاری ڕەچاوی ئەوە بکا. کە بۆ نەتەوەیەک قسەدەکا. و ئاستی بەهای مرۆڤ بوون نایەڵێتەوە.

---

[505] القرطبي (٢٠٠١) جامع الأحكام القرآن تفسير القرطبي، تحقيق عبدالرزاق المهدي. دار الكتاب العربي بيروت، لبنان. الجزء ١٤ ص ٦٧ ، السيوطى (٢٠١١) الدر المنثور في تفسير المأثور. بإشراف دار الفكر بيروت لبنان. الجزء السادس ص ٥٢٤

[506] الأب سهيل قاشا. حكمة أحيقار و أثرها فى الكتاب المقدس

Encyclopedia Britannica, The story of Ahikar

ئەحیقار یان لە قورئان و کولتووری ئیسلام بە لوقمان ناو دەبرێ، فەیەلەسوفێکی ئارامی بووە، لە ساڵانی ٧٠٠ پ.س ب ژیاوە. و وەزیری سەنحاریب (٧٠٤ – ٦٨١ پ.س.ب) بووە. ئەو پەندانەی وەک ئامۆژگارییەک بۆ کوڕەکەی نووسیوون.

لە ناو کەلەپووری ئیسلام و عەرەب دا. پێیان وایە لوقمان دانایەک بووە، و گشت پەندەکانی أحیقار بەناوی لوقمانەوە، بڵاون. إبن کثیر دەڵێ ناوی لوقمان بن عنقا بن سدون بووە.[507] کەچی القرطبي دەڵێ ناوی لقمان بن باعوراء بن ناحور بن تارح بووە. لە قورئان بە (أزر) ناوی هاتووە، کە باوکی ئیبراهیم بووە.

قرطبی هەروەها دەڵێ، کەر لە دیندا بۆتە ئامانجی سووکایەتی و زەمکردن. بێجگە لەوەی کەر بە دەبەنگ و بێ مێشک، بە خراپەکار و نیشانەکانی شەیتانیش دادەنرێ. قرطبي لە تەفسیرەکەی، ئاماژە بە حەدیسێکی پەیامبەر دەکا، کە دەڵێ: [508]

> ئەگەر گوێتان لە قووقەی کەلەشێر بوو، داوای بڕشت لە خودا بکەن، لەبەر ئەوەی فریشتەی دیووە. و ئەگەر گوێتان لە زەڕەی کەر بوو پەنا بۆ خودا بەرن، چونکە شەیتانی بینیووە.

سورة الأعراف ٧: ١٧٩

> وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ ءَاذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَآ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَٱلْأَنْعَـٰمِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَـٰفِلُونَ (١٧٩)

---

[507] ابن كثير، تفسير ابن كثير، الطبعة الحلبي و شركاه. ج٣، ص ٤٤٤

[508] القرطبي. جامع الأحكام القرآن للقرطبي، ج٤ ص ٢٥٩ دار الكتاب العربي، ١٩٦٧

ئێمە زۆر لە جنۆکە و مرۆڤمان بۆ دۆزەخ دروستکردووە، ئەوانە دڵێکیان هەیە پێ تێناگەن. چاویشیان هەیە بەڵام پێی نابینن، گوێشیان هەیە بەڵام پێی نابیستن. ئەوانە وەک ئاژەڵ وان. بەڵکوو لە ئاژەڵیش گومڕاترن. و بێ ئاگان (١٧٩)

ئەو ئایەتە لەگەڵ ئایەتی ١٧٦ ئەو سورەتە، بەڵگەن بۆ ئەوەی نووسەری قورئان پابەندی کولتووری گەلێری عەرەبی دوورگەیە، و تەنانەت زمانی دەربڕینیشی نەیتوانیوە، لە چوارچێوەی ئەو کلتوورە دەربچێ. بۆیە ناحەزانی بە سەگ و ئاژەڵ دەچوێنێ. هیچ بەهایەکی مرۆڤبوون بە ئەوانە نادا، کە لەگەڵ باوەڕی ئەو جیاوازن.

تەنانەت نەیتوانیوە لە باری زانستی لێی دەربچێ، و وادەزانێ مرۆڤ بە دڵ بیردەکاتەوە. (دڵێکیان هەیە، پێی بیرناکەنەوە). بۆیە دەبێ بیر کەینەوە، ئەگەر قورئان پەرتووکی خودایێ، خوداش خۆی مرۆڤی دروستکردبێ، دەبوایە بزانێ مێشک بیر دەکاتەوە، نەک دڵ. ئەوانە بۆ دۆزەخ دروستکراون. و جەستەیان هی مرۆڤە و گیانیان هی شەیتانە.[509]

[509] السیوطی الدر المنثور الجزء الثالث ص ١٦٢ - ١٦٣

نێردەی نەجران و زێدەڕۆیی

سورة النساء ٤: ١٧١

يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ (١٧١)

ئەی أهل الكتاب، زێدەڕۆیی لە دینی خوتاندا مەکەن (١٧١)

زۆر کەس وا تێدەگا ئەو ئایەتە دژی کریستیانەکان نووسراوە، بەڵام لە ڕاستیدا محمد دوور یا نزیک، کریستیانەکانی نەدەناسین، هیچ زانیاری لە سەریان نەبوو. بەڵکوو ئەو ئایەتە لەسەر نێردەی نەجران هاتووە. کە ساڵێک بەر لە مردنی محمد لە مەدینە سەردانیانکرد. مەبەستیان لەو سەردانە دەربڕینی لایەنگیری سیاسی بوو بۆ دەوڵەتە نوێکەی محمد، بەرامبەر پارێزگاری و ئارامیان.

لە ماوەی سەردانەکە باسی خوداپی یەسو (عیسا)، کوڕی خوداپی کرا. ئەو دیالۆگانەش لە قورئانی مەدینە لە سووڕەتی آل عمران ٣: ٣٣ – ٦٤ و سوڕەتی النساء ٤: ١٧٠ – ١٧٢ هەروەها لە سوڕەتی المائدة ٥: ٧٥ – ٨٠ و ١١٢ – ١٢٢ دا هاتوون.

ئەو نێردەیە سەر بە ڕێبازی یاقوبی (يعقوب البرادعی) بوون، کە لە لایەن کاتۆلیکەکان، لە کۆنفرانسی خلقیدون لە ٤٥١ س.ب، بە گومرا دانران. لە کەنیسەی کاتۆلیک وەدەرنران، کەوتنە بەر ڕاونانی کەنیسە و دەستەڵاتی ڕۆم. بۆیە لەگەڵ لایەنگیرانی، ڕایان کردە بیابانی ناوەڕاستی میسر. دوای ماوەیەک هەندێکیان بەرەوە یەمەن، و ئەوانیتر بەرەو دەستەڵاتی ساسانیەکان بە ناوی نەستۆری گیرسانەوە. هەندێکی کەمیشیان لە مەدینە دەژیان. لەبەر

ئەوەی باوەڕیان بەیەک سرووشتی کریست هەبوو. کە یەسو، خودایە لە بەرگی مرۆڤ دابەزیووە.

ئەو ئایەتە دژی یاقوبیەکان هاتووە، کە لە ناوچەکانی نەجران لە یەمەن دەژیان. باوەڕیان وابوو یەسو کوڕی خودایە. یەک سرووشتیە. [510]

سورة التوبة ٩: ٢٨

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَـٰذَاۚ (٢٨)

ئەی باوەڕداران، موشریکەکان گلاون، دوای ئەمساڵ نەکەن لە مسجد الحرام نزیک ببنەوە (٢٨)

بەلاڕێدابردنی مێژوو

سورة آل عمران ٣: ٦٥

يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَـٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوۡرَىٰةُ وَٱلۡإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ (٦٥)

ئەی خەڵکانی خاوەن پەرتووك، بۆ چی مشتومڕ لەسەر ئیبراهیم دەکەن، خۆ تەورات و ئینجیل دوای ئیبراهیم دابەزین، ئەرێ ئاقڵ نابن؟ (٦٥)

---

[510] الحريري، أبو موسى، قس و نبى ص ١١٣

السيوطي له ابن عباس دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی: کریستیانە یاقوبیەکانی نەجران و ئەحبارەکانی جولەکە، لە لای پەیامبەر دەمەقاڵیان لەسەر ئەوە بوو، جولەکە دەیانگوت ئیبراهیم جولەکە بووە. و نەسارِیەکانیش دەیانگوت ئیبراهیم نەسارِی بووە. بۆیە ئەو ئایەتە هات.

ناکۆکی ئەو قسەیەی ابن عباس لەوەدایە، هیچ یەک لە جولەکە و نەسارِیەکان ئەو گرنگیەیان بە محمد نەداوە، تا بچن دەمەقاڵی لەسەر ئیبراهیم لەلای ئەو بکەن. سەرەڕای ئەوەش. ئەو کاتەی ئەو ئایەتە دابەزی محمد دەمێک بوو خەریکی قڕکردنی جولەکەکانی دوورگە بوو، تەنیا لەسەر ئەوەی دانیان بەوە دانەدەنا کە محمد نێردەی خودایە.

لایەنی دووەم کریستیانەکانی نەجران، یەکەم نەسارِی نەبوون بەڵکوو کریستیانی یاقوبی بوون. ئەو گرووپە، هیچ ئاشنایەتی و نزیکایەتیەکیان لەگەڵ محمد نەبووە. بەڵکوو یەکەم جار ساڵێک بەر لە مردنی محمد واتە لە ساڵی ٦٣١ س.ب نێردەیەکیان نارده لای محمد بۆ ئەوەی ئاشتەوایی بکەن، و سەروماڵیان پارێزراوبێ.

ئیتر رێگای تێناچێ دوو گرووپ هەردووکیان دژی محمد و دینەکەی بن، و لەگەڵ یەکتریش ناکۆک بن لە ژێر یەک چادر کۆببنەوە. و دەمەقاڵی لەسەر ئیبراهیم و ڕەچەڵەکی بکەن.

سەرەڕای ئەوەش، لە هیچ شوێنێکی پەرتووکی تەورات یان ئینجیل دا نەهاتووە، کە ئیبراهیم جولەکە یان کریستیان بووبێ. تەنانەت جولەکە خۆیان بە نەوەی یاقوب دەزانن. کە نازناوی ئیسرائیلی پێدرابوو. ئەوەش بەڵگەیە کە نووسەری قورئان وەک پێویستە، هیچ زانیاریەکی لەسەر پەرەسەندنی دینە ئیبراهیمیەکان نەبووە. ئەگینا دەبوایە بیزانیایە، دینی جولەکە زۆر دواتر لە سەر دەستی موسا دروستبووە.

ڕاسته موسا له بنەماڵەی لیڤییەکان بووە، کە دەگاتەوە ڕەچەڵەکی ئیبراهیم. ئەوەش لە تەورات - پەرتووکی دەرچوون بە درێژی باسیکراوە. بەڵام بوونی پەیوەندی بێجگە لە ڕەچەڵەکی بنەماڵە، تەنیا هەردووکیان باوەڕیان بە یەکتا پەرست هەبووە.

هیچ پەیوەندی دینی نێوان موسا و ئیبراهیم نەبووە، چونکە بە پێی تەورات سەرهەڵدانی دینی جولەکە زۆر دوای ئیبراهیم بووە.

عەجەمی (بیانی کە عەرەب نەبێ)

ڕۆمانەکان بە گەلانی دوژمنیان دەگوت بەربەر، بەڵام ئەوان تەنیا وەک دوژمن ئەو ناوەیان بەکار دێنا. ئەگینا لە تۆمارەکانی ڕۆمانی ناوی گەلانیتری دۆستی ڕۆمان بە بەربەر نایە. کەچی لە کۆمەڵگەی عەرەبی پێش هاتنی ئیسلام، بە هەر گەلێکی ناعەرەبیان دەگوت عەجەم. جا ناحەز بۆیایە یان هەر کەسێکی ئاسایی بوایە. کەچی عەرەب بەوەش نەدەوەستان، هەرکەسێکی زمانی عەرەبی نەزانیبا، یان بە خراپی قسەی بکردایە بە عەجەم ناویان دەبرد. ئەوەش وایکردبوو، زمانی عەرەبی ببێتە پێوەر بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی مرۆڤ. هەر کەسێک کەمترین کەموکووڕی لە هەر بوارێک هەبوایە، ناوی أعجمي بەسەردادەبڕا.[511]

عەنتەرە لە شعرێکدا دەڵێ:

تأوی له قلص کما أوت

حزق یمانیة لأعجم طمطم

دانەدەی ئەوی دا، هەورەک حەزەق یەمەنی طمطمێکی[512] عەجەمی دانەدا

[511] عبدالکریم، خلیل (١٩٩٠) الجذور التاریخیة للشریعة الإسلامیة. سینا للنشر. ص ٤٨

[512] طمطم: کەسێک کە نەتوانێ بە ڕەوانی قسە بکا.

زاراوەی عەجەمی بە گیانداریش دەگوترێ. بەوەش زیاتر دەردەکەوێ، عەرەب چۆن سەیری خەڵکی تری ناعەرەبیان دەکرد.

ئەو جیاوازیەی لە نێوان عەرەب و ناعەرەب، گەیشتبووە ئەو ئاستەی عەرەب تێکەڵاوی لەگەڵ ناعەرەب نەدەکرد. جا لە هەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی بوایە، هەر بە سووک و کەمتر سەیر دەکرا. ئەوەش یەک لە هۆکارەکانی شەڕی زیقار بوو. لە نێوان عەرەب و لەشکری ساسانی.

ناوی عەجەمی لەسەردەمی، هاتنی ئیسلام نەک تەنیا بەردەوام بوو، بەڵکوو لە ناو ئایەتەکانی قورئان شێوەیەکی ڕوونتری وەرگرت. و بە یاسا کرا. بەو مانایەی ئەو سووکایەتیەی سەردەمی شوانکارەیی عەرەب لە پێش ئیسلام، بە ئایەتی قورئان لەناو کۆمەڵگە ڕەگی داکوتا. و وەک پەیامێکی خودایی کرایە مانشێتی ئاست بەرزی عەرەب بەرامبەر ناعەرەب.

بۆ نموونە، لەسەرەتای بانگهێژی محمد، قورەیشیەکان دەیانگوت، زانیاری لە کەسێکی عەجەم وەردەگرێ. و ئایەتەکانی پێ دادەڕێژێ. بۆیە محمد بە ئایەتێک وەڵامی دانەوە.[513]

سورة النحل ١٦: ١٠٣

وَلَقَدۡ نَعۡلَمُ أَنَّهُمۡ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٞۗ لِّسَانُ ٱلَّذِي يُلۡحِدُونَ إِلَيۡهِ أَعۡجَمِيّٞ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيّٞ مُّبِينٌ (١٠٣)

ئێمە باش دەزانین، ئەوان دەڵێن مرۆڤێک فێری دەکا. ئەو کەسەی ئەوان نیازیانە عەجەمیە. ئەوەش زمانی عەرەبی ڕەوانە (١٠٣)

[513] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. سينا للنشر. ص ٤٩

ووشەی عەجەمی لە قورئان هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. و بە هەمان مانای کۆن بۆ سووکایەتی بە ناعەرەب، بەکارهاتووە.

سورة فصلت ٤١ : ٤٤

وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَانًا أَعۡجَمِيّٗا لَّقَالُواْ لَوۡلَا فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥٓۖ ءَا۬عۡجَمِيّٞ وَعَرَبِيّٞۗ قُلۡ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ هُدٗى وَشِفَآءٞۚ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ فِيٓ ءَاذَانِهِمۡ وَقۡرٞ وَهُوَ عَلَيۡهِمۡ عَمًىۚ أُوْلَٰٓئِكَ يُنَادَوۡنَ مِن مَّكَانِۭ بَعِيدٖ (٤٤)

ئەگەر ئەو قورئانەمان بکردبایە عەجەمی، دەیانگوت چۆن ئایەتەکانی ڕوون نەکراونەتەوە. بڵێ ئەوە بۆ کەسانی باوەڕیان پێهێناوە، ڕێنما و چارەی دەردانە. ئەوەی بڕواشی پێناکا. گوێگرانن و هیچ نابیستن. چاویان کوێرە و نابینن. هەر دەڵێی لە شوێنێکی دوور بانگایان دەکەن (٤٤)

یەک لەو بەسەرهاتانەی، کە زۆر جێگای سەرنجە، سەلمانی فارسی وەک ناوێک لە ناو پەرتووکەکانی مێژووی ئیسلام. و ڕاڤەکاران پێگایەکی زۆر بەرزی هەبووە. تەنانەی پەیوەندی لەگەڵ پەیامبەر محمد زۆر نزیک بووە. محمد هەمیشە دەیگوت سەلمان لە (آل البیت)ە. سەرەڕای ئەو پێگاو ڕێزەی بۆی دانرابوو، کاتی سەلمان داوای کچی عومەری کوڕی خەتاب دەکا. کەچی عومەر کوڕی خەتاب ئامادە نەبوو کچی خۆی پێ ڕەوابینێ. لەبەر ئەوەی عەجەم بوو.[514]

ئەو بە سووکی بینی ناعەرەب، لە سەردەمی عەباسەیەکان، ناحەزانی دەوڵەت لە دژی خەلافەتی عەباسی بەکاریان دێنا. و دەیانگوت (الدولة العجمية). لەبەر ئەوەی زۆربەی خەلیفەکانی عەباسی دایکیان عەجەم بوو. بۆ نموونە:
منصور دایکی بەربەری بوو.

[514] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. سينا للنشر. ص ٤٩

مأمون دایکی فارس بوو.

المهتدي دایکی ڕۆم بوو.

مقتدر، مكتفي و ناصر دایکیان تورک بوون.

سەرەڕای ئەوەش زۆربەی وەزیرەکانی دەوڵەتی عەباسی عەجەم بوون.

جوتیاری عەجەم

لە بواری کشتوکالیشدا، عەرەب بە جوتیارانی عەجەمي (نا عەرەبیان) دەگوت (العلوج) بەو مانایەی ئەو کەسە عەجەمیە و هێشتا نەبۆتە موسوڵمان. ئەوەش لە ووشەی (عجل) گوێرەکە هاتووە. کە بۆ سووکایەتی بەرامبەر، عەجەمی ناموسوڵمان بەکاریان دێنا.

ئەو ناوە لە سەردەمی ئیسلام، بەو عەجەمانەی کە هێشتا نەبووبوونە موسوڵمان بە (العلوج) دەبرد. [515]

ئەو گۆڕانکاریە لە ووشەیە دا، لە کولتووری کۆنی عەرەب وەک تەکنیکی ڕەوانبێژەی بەکار دەهات. بۆ هەموو شتێک یاریان بە پیتەکانی ووشە دەکرد، بەو مەرجەی هیچ لە ئاواز و مانای ووشەکە نەگۆڕێ. نموونەی ئەو جۆرە ووشانە کە تا ئێستاش هەم لای خەلک باون و هەم لە نووسین و نووسراوی فەرمیش بەکاردێن:

بنەڕەتی ووشە	دوای گۆڕانی
مدح	حمد
جرح	حرج
عجل	علج (جمع: علوج)[516]

[515] نفس المصدر. ص٥٨

[516] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. سينا للنشر. ص ٥٨ – ٥٩

کۆیلایەتی لە ئیسلام

A Slave market in Cairo, By David Roberts ca. 1848

لە سەردەمی پێش هاتنی ئیسلام کۆیلایەتی باوبوو. کاتی ئیسلام هات هەر بەردەوام بوو. محمد خۆی کۆیلەی هەبوو. خەلیفەکانی ڕاشدین و دە یاوەرەکانی پەیمانی بەهەشتیان پێدرابوو. چەندین یاوەریتری باڵا لە ئیسلام کۆیلەیان هەبوون. ئەوەش هەر بەردەوام بوو تا بە بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان لە سەدەی ڕابردوو قەدەخەکرا.

هەر لە هێرشی هۆزەکانی بیابان بۆ سەریەکتری، تا لەسەردەمی ئیسلام گۆڕا بۆ خەزا و داگیرکاری. ئەوەش وایکرد لە سایەی شەریعەتی ئیسلام کڕین و فرۆشتنی کۆیلە هەر وەک جاران بەردەوام بێ[517]

لە ئیسلامدا بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە هەبوو. ئەو کۆیلانە، وەک کاڵا دەستکەوتی داگیرکاری ئیسلام بوون. ئەوانە وەک هەر کەرەستەیەکی تری تاڵان یان گیانلەبەر، کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرا. لەبەر ئەوەی خاوەن کۆیلە دەستەڵاتی ڕەهای بەسەر کۆیلەکانیدا هەبوو. ولە شەریعەتی ئیسلام هەروەک پێشتر بەردەوام بوو. و قەدەخە نەبوو. تەنانەت محمد خۆی، پێش هاتنی ئایەت دەربارەی ڕیبا، کەسێکی بەناوی سورق کردە کۆیلە. لەبەر ئەوەی وامێکی پێ نەدەدرایەوە.[518]

ئەو سونەتەی نەبەوی: کۆیلەی وامداری یان وەفای وام، کە دواتر بە (أيات الربا) نەسخکرا. بەو پێیەش تا هاتنی ئەو ئایەتانە، هەر لەناو خەڵکی موسوڵمان، کۆیلەکردنی مرۆڤی ئازاد هەبووە. لەبەر ئەوەی پارەی وامی پێندراوەتەوە. ئەوەش بەردەوام بووە، تا نەسخکردنی بە ئایەت.

سورة الروم ٣٠: ٣٩

وَمَآ ءَاتَيۡتُم مِّن رِّبٗا لِّيَرۡبُوَاْ فِيٓ أَمۡوَٰلِ ٱلنَّاسِ فَلَا يَرۡبُواْ عِندَ ٱللَّهِۖ وَمَآ ءَاتَيۡتُم مِّن زَكَوٰةٖ تُرِيدُونَ وَجۡهَ ٱللَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُضۡعِفُونَ (٣٩)

ئەوەی بەناوی سوو دەیدەن، کەماڵی خەڵکی پێ کەڵەکە دەبێ، لەلای خودا کۆنابێتەوە. بەلام ئەو ماڵەی بە زەکات دەیدەن، و دەتانەوێ خودا لەخۆتان ڕازیکەن، زۆرترتان پێدەگاتەوە (٣٩)

---

[517] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. سينا للنشر. ص ٨٠

[518] العشماوي، المستشار محمد سعيد (١٩٨٨) الربا و الفائدة فى الإسلام. دار سينا للنشر. ص ٤٣

لەو ئایەتە دا، نووسەری قورئان ڕوو لە سوودەران دەکا. و دەڵێ سوو باش نییە. لەجیاتی ئەوە زەکات بدەن. ئەوەش وەک ئامۆژگارییەک، بەبێ دیاریکردنی ئەوەی کە کەسێکی هەژار ناچاربێ پارە بە وام وەربگرێ. کەچی نووسەری قورئان ڕادەسپێرێ زەکات بدا!! بێ ئەوەی زیاتر باسی هۆکار و چەرەسەری بکا.

کەچی دواتر لە مەدینە، بە ئایەتێک ڕوو لە سووخۆران دەکا. و ئامۆژگاری سووخۆران دەکا. کە لە سووخواردن دوورکەوەنەوە.

سورة آل عمران ٣: ١٣٠

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُواْ ٱلرِّبَوٰٓاْ أَضۡعَٰفٗا مُّضَٰعَفَةٗۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ (١٣٠)

ئەی باوەڕداران لە سووخواردن دوورکەونەوە. و لەسەر یەک کەڵەکەی مەکەن. ترستان لە خودا هەبێ (١٣٠)

هەرچەندە پرسی سووخواردن بەر لە قورئان، زۆر زووتر لە تەورات دا هاتووە. خودا پارەدارانی هانداوە کە سوو نەخەنە سەر وام بۆ هەژاران. بۆیە دەکرێ بڵێین نووسەری قورئان سوودی لە تەورات وەرگرتووە، بۆ قەدەخەکردنی.

پەیمانی کۆن – دەرچوون ٢٢: ٢٥

ئەگەر پارەت بە قەرز دایە، هەر هەژارێک لە گەلەکەم ئەوانەی لەلاتن، بۆی مەبە بە سووخۆر، سوودی مەخەرە سەر.(٢٥)

دوای ئەوەی ئەوەی سوو لەسەر وام، بە ئایەت حەرام کرا، تەنیا کۆیلەی شەرمایەوە. ئەوانەی لە شەڕ بە دیل دەگیران. ئەو کۆیلانەش لە شەریعەتی ئیسلام، تا ئێستاش هەر بەردەوامە. ئەو کەسانەی، لە شەڕ و داگیرکاری چ ژن و چ پیاو کە بە دیل دەگیران. وەک

کاڵای ئاسایی بێ ویژدانانە دەفرۆشران. ئەو کەسانە، دەبوایە خۆیان بە نرخی کۆیلەیەکی بازاڕ ئازاد بکەن، ئەگینا وەک کۆیلە دەمانەوە. کاتی کەسێک بەکۆیلە لەشەڕ دەگیرا، ڕەچاوی هیچ پلە و پایەیەکی بۆ نەدەکرا. واتە لە لای خاوەن دیلەکە، پلەوپایە گرنگ نەبوو، بەڵکوو پارەی کۆیلەکە گرنگ بوو. کە دەبوایە خۆی بیدا، یا لە بازاڕ دەفرۆشرا. ئەو کاتەی شەڕکەرانی بەنی تەمیم، پاشای بەنی حەنیفیان بەدیل گرت. پێگای پاشایەتی دادی نەدا.[519] و لەسەر هەمان نەرێت هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرا. ئەوە نەبێ خۆی بە س بەرامبەر نرخی کۆیلەیەکی ئاسایی لە بازاڕ فرۆشتن کڕیەوە. تا ئازادبکرێ.


دووکچی کۆیلە لە مەغربی عەرەبی ساڵی ١٩١٠ س.ب

لە ئیسلامیش دا ئەو نەرێتە، هەر بەردەوام بوو. و بە تەواوی پەیڕەوی کولتووری بەربەریانەی سەردەمی جاهیلی دەکرد.[520] کۆیلەی شەڕ وەک هەر کۆیلەیەکی ئاسایی تر ڕەفتاری لەگەڵ دەکرا.

قورئان نەک تەنیا کۆیلایەتی قەدەخە ناکا، بەڵکوو بۆ ڕەوایی پێدانی، یاسای پتەو وبنبڕی دەرکردن. هەروەها هانیدەدا بۆ کۆیلەگرتن. تەنانەت لە ئایەتەکانی قورئان ٢٩ جار باسی

[519] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. سينا للنشر. ص ٨٢
[520] هەمان سەرچاوە. ص ٨٨

نیکاح لەگەڵ کۆیلە دەکا. ١٥ جار باسی ما ملکت ئیمانکم، ما ملکت أیمانهم و ما ملکت ئیمانهن.

سورة النساء ٤: ٣

وَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تُقۡسِطُواْ فِي ٱلۡيَتَٰمَىٰ فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۖ فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تَعۡدِلُواْ فَوَٰحِدَةً أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُواْ (٣)

و ئەگەر ترسان کە دادپەروەر نەبن لەگەڵ کچانی هەتیو، ئەوە هەرچەندێك بۆتان کرا لە ژنان، دوو دوو و سێ سێ و چوارچوار نیکاح بکەن، جا ئەگەر ترسان کە دادپەروەر نابن، ئەوە دانەیەك یان هەرچەندێك توانیتان بە دەست بێنن لە کۆیلە، ئەوە چاک ییە بۆ ئەوەی ستەم نەکەن (٣)

سورة النساء ٤: ٢٥

وَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ مِنكُمۡ طَوۡلًا أَن يَنكِحَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُم مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۚ (٢٥)

وە هەر یەکێك لە ئێوە ئەگەر نەیتوانی ژنانی ئازادی داوێنپاکی ئیماندار نیکاح بکات، ئەوە با کۆیلەیەك لە کچانی ئیماندار بێنێ (٢٥)

سورة المؤمنون ٢٣: ٦

إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ (٦)

تەنیا لە سەر هاوسەرەکانیان یا کەنیزەکانیان نەبێ، ئەوانە لۆمەناکرێن (٦)

هەمان ئایەت لە سورة المعارج ٧٠: ٣٠ دووبارە بۆتەوە.

ئایەتەکانی قورئان بە روونی باس لە دۆخ و مافەکانی کۆیلە لە ڕووی یاساییەوە دەکەن.

جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە کۆیلەن و دەبێ باش لەگەڵیان بجوولێنەوە. بەڵام بە ووردبوونەوەیەک دەردەکەوێ، خاوەن کۆیلە، بڕیاردەرە لە سەر چارەنووسی. و دوو مافی ڕەهای بەرامبەر کۆیلە هەن. یەکیان مافی خاوەنداریەتی کۆیلەیە. مافەکەیتریشی دەتوانێ ئازادی بکا. بەڵام خاوەنداریەتی زۆر لە ئازادکردن زیاترە. ئازادکردنیشی، بە هەڵومەرجی دەگمەن بەستراوەتەوە، و بە ئارەزووی خاوەنەکەیەتی. واتە هیچ یاسایەک نییە ناچاری بکا. بە پێچەوانەوە، قورئان گشت هەڵبژاردەکانی داوەتە دەست خاوەن کۆیلە.

پرسی کۆیلە، و خۆ کاوێژکردنەوەی موسوڵمانان

هەرچەندە هەندێ لە زانا موسوڵمانەکان، دەڵێن ئیسلام بە یاسا کۆتایی بە کۆیلایەتی هێناوە. بەڵام لەکاتی سەلماندنی، تەنیا خۆیان کاوێژدەکەنەوە. و بەڵگەیەکیان بۆ سەلماندنی، نەداوەتە دەست. مرۆڤ لەو شێوە دەربڕینانە سەرسام دەبێ. و ئەو دەربڕیانە، بێجگە لەخشتەبردن هیچیتر نیین. باشە ناڵێن قورئان بۆ گشت سەردەم و شوێنێک دەبێ؟.

ئایەتەکانی قورئان سەبارەت بە کۆیلە و ژیانیان و ماف و ئەرکەکانیان دێنینەوە. ئەگەر دەڵێن قورئان پەرتووکێکی بێ کەم و کووڕیە، با بێن لەو سەردەمە بیخەنەکار. و ئایەتێک بێننەوە، کە کۆیلەی قەدەخەکردبێ. بەڵکوو لە سەرتاسەری ئایەتەکانی قورئان چارەنووسی کۆیلەی داوەتە دەستی ئارەزووی تاکی خاوەن کۆیلە. بەو مانایەش کۆیلە وەک گشت کاڵایەکیتری تاڵان یان کڕدراو، سامانی تاکە کەسی خاوەنەکەیەتی. ئەی بۆ نەبی خۆی لەگەڵ کۆیلەکەی (ماریە) جووت بوو. قورئانیش ڕەوایی پێدا:

سورة التحريم ٦٦: ١

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ ۖ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَٰجِكَ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (١)

ئەی پێغەمبەر بۆ چی ئەوەی خودا بۆی حەڵاڵکردووی، لە خۆت حەرام دەکەی. تۆ دەتەوێ ڕەزامەندی هاوسەرەکانت بەدەست بێنی، و خودا لێبوورده و دڵۆڤانه (١)

ئەو ئایەتە بە ڕوونی ڕێگەی بە محمد داوە، لەگەڵ ماریەی قبتی جووتبێ. ئەگەر موسوڵمان پێی وایە قورئان هێشتا مابووی و محمد زوو مرد. بۆ بیر لەوە ناکەنەوە کە ئیسلام وەک دین کۆتایی پێهات.

سورة المائدة ٥: ٣

ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَـٰمَ دِينًا ۚ (٣)

لەمڕۆوە دینەکەتانم تەواو کرد، و بڕشتی خۆمم بەسەرتاندا کۆتایی پێهێنا. ئیسلامیشم بە دین بۆ ئێوە هەڵبژارد. (٣)

ئەی محمد نەیگوت ئەوڕۆ دینەکەتانم تەواوکرد؟ چۆن دینێکی تەواوکرد و بازاڕی نەساخە هەروەک خۆی مایەوە. بۆ خودای محمد شەڕابی قەدەغەکرد، بەڵام کۆیلەی بەبیر نەبوو. یان بە پێچەوانەوە لەسەرەتای پەیدابوونی دینی ئیسلام قەدەغەبوو. ئەو ئایەتانەی سەبارەت بە جاریە و کۆیلە دوای مردنی خەدیجە یان دوای دە ساڵ لە هاتنی بانگهێژ بۆ محمد. نەک لە سەرەتا. ئەوە تەنیا مانایەک دەدا، دوای مردنی خەدیجە و پچڕانی محمد لەگەڵ دینی نەساڕی ئازادی و ئارەزووی سێکس لەگەڵیان وای دەویست. چۆن محمد دژایەتی هۆزی قورەیشی دەکرد کە هێشتا موسوڵمان نەبووبوون!! و بە بوێرییەوە، داوای یەکگرتنی و یەکتاپەرستی لێدەکردن.

بە پێی قورئان خودا فرۆشتنی شەراب، گۆشتی مردوو، بەراز و بوتی قەدەغەکردن. بەڵام فرۆشتن و کڕینی مرۆڤ ڕەوابوو. ئەوەش لە کۆتایی بانگهێژی بە تەواوی جێگیریکرد.

دیارە بابەتی خاوەندارێتی کۆیلە و جاریە و ملک الیمین و ئەوەندە گرنگ نەبووە، کە دەقێکی ڕوونی لەسەر بێ و قەدەغەی بکا. سەرەڕای هاتنی زۆر ئایەتی قورئان، بۆ سادەترین بابەتەکانی پەیوەست بە ژیانی محەمەد هاتوون، بۆ نموونە بۆ... هاوسەرگیریەکانی محمد، و بۆ ئەوەی ژنەکانی لە کەسانی تر جیا بکاتەوە (کە ئەوان لە ژنانی پاک و خاوێن باشترن).

سەرەڕای ئەو هەموو ناتەواویە، ڕاڤەکار و توێژەرانی موسوڵمان، زانیاری ئایەتەکانی قورئان لەسەر کۆیلایەتی بە دیاردەیەکی مەزن دادەنێن، کە ئەو یاسایە بۆ گشت کات و شوێن دەبێ. بەپێی گوزارەی ئەوان، ئەو ئایەتانە ئاماژەن بۆ قەدەغەکردنی کۆیلایەتی.

لە سەدەی بیستەمەوە، گشت پەیمان و گرێبەستەکانی جیهانی و کۆمەلگە ئازادەکان بە فەرمی کۆیلایەتیان قەدەغەکردووە. کەچی لە وولاتانی ئیسلام سەبارەت بەو باسە گرنگە هەواڵێک نییە. ڕەنگە بڵێن بەندەکانی ئەو پەیمان و بەڵگەنامانە، بەشێکن لە ئایەتەکانی قورئان؟؟؟

لەو سەردەمی زانست و هوشیاری گەلان کە بە هەراو باسی ئازادی و یەکسانی مرۆڤ دەکرێ، کەچی تا ئێستاش موسوڵمان هەن، بە بیانووی بێ بنەما بەرگری لە کۆیلایەتی دەکەن، هەروەکوو چۆن بەرگری لە فرەژنیش دەکەن. لە ڕاستیدا ئەوانە موسوڵمانی ڕاستەقینەن، لەبەر ئەوەی ڕووی ڕاستی ئیسلام ئەوەیە.

یەک لە شێخە بەرزەکانی سعودی سعد البریک دەڵێ:

> فەلەستینیەکان ئەو کارە لەگەڵ جولەکان بکەن، ژنەکانیان مافی ڕەوای خۆتانە، خودا لێتانی حەڵاڵ کردووە، بۆ نایانکەنە کۆیلە؟!!

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٣ شێخی سعودی صالح الفوزان فتوایەکی دا:

دەڵێ کۆیلایەتی، بەشێکە لە ئیسلام و بەشێکە لە جیهاد، جیهادیش تا ئیسلام مابێ، هەر بەردەوامە.[521]

دوای ئەوە شێخ فوزان، بەوەش ناوەستێ. و هێرش دەکاتە سەر ئەو زانا موسوڵمانانەی، پێچەوانەی ئەویان گوتووە. و بە (نەزان و تەنیا نووسەر) ناویان دەبا. هەروەها دەڵێ: هەرکەس، شتی وا بڵێ بێدین و کافرە.[522]

زانایانی موسوڵمان سەبارەت بە پرسی قەدەغەکردنی کۆیلایەتی دەڵێن: ئیسلام ڕاسپێری ئەوەی کردووە، کە لەگەڵ کۆیلە هەڵسوکەوتی باشبکرێ. و محمد خۆیشی کۆیلەی هەبوو.

قورئان وەک سەرچاوەی پیرۆزی دینی ئیسلام ڕەوایی داوە بە کۆیلایەتی، بۆیە نکۆڵیکردن لە ڕەوابوونی کۆیلایەتی لە ناو ئیسلام، نکۆڵیکردنە لە ئایەتەکانی قورئان، کە بە ڕوونی ڕەوایی پێداون. و مافی تەواوی داوەتە خاوەن کۆیلە، تا ئەو ئاستەی لەگەڵیشیان جووت بن.

کۆیلەکردنی ئازاد، بەو مانایە نایە، بەڵکوو مەبەستی کەسێکی موسوڵمان کردنە کۆیلە. لەبەر ئەوەی کەسێکی لەسەر دینێکیتر لەشەڕ بە دیل بگیرێ. تا ئازادیش بێ لە ڕوانگەی محمد و ئیسلام ئازاد نییە. یان ژنێکی ئازاد لە دینێکیتر یان بێدین هەرگیز لە ڕوانگەی ئیسلام بە ئازاد دانانرێ.

---

[521] سایتی سیرة الشیخ https://dralfawzann.com/page/1

[522] شایەنی باسە کە شێخ فوزان ئەو پلەو پایانەی هەبوو، کە ئەو فتوایەی دا:
عضو مجلس كبار رجال الدين الذي هو أعلى هيئة دينية في المملكة العربية السعودية
وعضو مجلس الأبحاث الدينية وخطيب مسجد الأمير متعب في الرياض ومحاضر في جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية التي هي مركز التعليم الوهابي الرئيسي في الدولة.

عومەر بن خەتاب بە ئاشکرا لە سەردەمی خۆی جاریەی قەدەغەکردن سەرپۆش دانێن. تا بگرە لێدانی لە جاریە لآل أنس دا، لەبەر ئەوەی خۆی داپۆشیبوو. و پێی گوت (لا تتشبهي بالحرائر) واتە ئازاد و ڕەوشت باشەکان، بەلای عومەرەوە گشت موسوڵمانیش ئاکارباش و ئازاد نەبوون.

زۆر جار دەڵێن محمد، خۆی کۆیلەی ئازادکردووە. بەڵێ یەک کۆیلەی دوای ژیانێکی بەدبەختی ئازادکرد. کەچی حکیم بن خویلد بن أسد برای خدیجة، لە هەمان کاتدا سەد کۆیلەی هەبوو. کەوایە بۆ لە کات و ناکات دەڵێن ئەوە نییە، محمد کۆیلەیەکی ئازادکرد. بەڵام ناڵێن محمد ٤٠ کۆیلەی تری هەبوون. زۆر بە ئارەزووەوە دەڵێن کۆیلەیەکی هەبوو، و ئازادیکرد. کەچی ناڵێن دوای ئەوە زۆر کۆیلەی تری پەیداکردن. هەرگیز ناشڵێن بەکۆیلەی کردن، بەڵکوو دەڵێن ئازادیکردن و وەریگرتن. ئایا بە میرات لە باپیرەی وەریگرتن؟.

ئەگەر ڕێبازی محمد بەڕاستی قەدەغەکردنی کۆیلایەتی بوو، بۆ لەخۆیەوە دەستی پێنەکرد. بۆ لەسەرەتای بانگهێژ کۆیلەی وەرگرت؟ دواتریش زۆرتری وەرگرتن. دوای مردنی ٤ قەرەواشی لە دوا بە جێمان.

إبن القييم دەڵێ: چوار قەرەواشی هەبوون، ماریە کە دایکی ئیبراهیمی کوڕی بوو، ڕەیحانە، قەرەواشیکی تر بەناوی جەمیلە، و قەرەواشیکێش زەینەب کچی جحش پێشکەشیکرد.[523] بێجگە لەوانە محمد نزیکەی ٢٠ کۆیلەی لە دوا بەجێما.

تەنیا محمد کۆیلەی نەبوون بەڵکوو ژنەکانیشی کۆیلەی زۆریان هەبوون. تەنیا عائیشە ٦٧ کۆیلەی ئازادکرد. باشە عائیشە تەمەنی ٩ ساڵ بوو هاوسەرگیری لەگەڵ محمد کرد، ئەو

[523] إبن قيم الجوزي (٢٠٠٩) زاد المعاد في هدي خير العباد ج١، ص ١١٤

هەموو کۆیلەی لە کوێ هێنا. ئایا ئەوانە کۆیلەی شەڕبوون، یان بە سامانی خۆی کڕیبوونی یان بە سامانی أبو بەکری باوکی؟ ئایا بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە تا ئەو ئاستە چاڵاک بوو؟

چۆن توانی ئەو هەموو سامانە بەدەست بێنێ، کە خۆی لە ناوەڕاستی گەشەسەندنی ئیسلام مێردی بە محمد کرد؟ ئەی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە کوێن وەک خۆیان پرۆپاگاندەی بۆ دەکەن؟

کاتی ناکۆکی لە نێوان عائیشە و عبدالله بن زبیر دروستبوو، لەسەر ئەوەی عائیشە دەیگوت هیچ کۆیلەی نەبووە ..... کەچی لە کۆتایی دانی پیانا، کە ٤٠ کۆیلەی وەرگرتووە[524].

سەرەڕای ئەوە چەندین حەدیس هەن، بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکەن کە محمد دژی ئازادکردنی کۆیلە بووە.

یەک لەو بەسەرهاتانە، دایکی ئیمانداران میمونة بنت الحارث بوو، کە وەلیدەی کۆیلەی ئازادکرد، بەبێ ئەوەی پرس بە محمد بکا، کاتی شەوی خۆی هات کە محمد سەرجێی بکا، گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، هەستم بەوەکرد، کە وەلیدە ئازادکەم.
لێی پرسی: واتکرد؟ گوتی بەڵێ.
گوتی: ئەگەر بتدابویە یەک لە ماڵە خاڵەکانت خێرێکی گەورەت دەکرد.[525]

جارێکیان دەگێڕنەوە، یەک لە ژنەکانی عومەر بەیانی و ئێوارە نوێژی بە کۆمەڵ (الجماعة) لە مزگەوت دەکرد، إبن عومەر پێی گوت، بۆچی دەچیتە دەرەوە لە کاتێکدا دەزانیت عومەر

---

[524] البخاري، صحيح البخاري ج ٧ ص ١١٨
[525] فتح الباري شرح صحيح البخاري. ابن حجر العسقلاني. احمد بن علي بن حجر العسقلاني. الرقم: ٢٥٩٢، سنن الكبرى – النسائي جزء ٣ الصفحة ١٧٩

ڕێی لەوە دەبێتەوە و ئیرەیی دەبات؟ ژنەکە گوتی: چی ڕێگری، ئەوەی لێدەکا، من قەدەغە بکا؟ گوتی: بە فەرمودەیەکی پەیامبەری خودا، ڕێگریت لێدەکرێ، کە دەڵێ: ڕێگری لە ژنە کۆیلەکانی خودا لە مزگەوتەکانی خودا مەکەن. (فەرموودەی ژمارە 900) [526]

لە حدیسێکی أبی هریرة هاتووە، کە نەبی محمد فەرموویەتی: دوو شت موسوڵمان نابێ بیانکاتە خێر، کۆیلە و ئەسپەکەی (حدیث رقم 1464) ئەو حدیسە گرنگی لەوەدایە مرۆڤێک، کە لەبەر بەدبەختی کرابێتە کۆیلە، لەگەڵ ئەسپێک یەکسان بکرێ.

لەو حەدیسانەی سەرەوە، چەند خاڵێک دەسەلمێنن:

١ مرۆڤ (کۆیلە) لە کۆمەڵگەی عەرەبی کاڵایەک بووە، زۆر جار بۆ چەندین خاوەن، ئەوەش مانای لە ڕستەی (من أعتق شِرکًا له فی عبد)

٢ پشتڕاستکردنەوەی ئاڵوگۆڕی کڕین و فرۆشتن پێکردنیان، وەک هەر کاڵایەکیتر.

٣ مرۆڤ (کۆیلە/ کاڵا)دابەشی سەر چەندین هاوبەش دەکرێن. ئەوەش مانای لە حدیسێک دێ، کە دەڵێ:

فأعطى شركاءه حصصهم.

ئەوەش گەیشتە ئەو ئاستەی ژنی زیناکار دوای جەڵدە لێدانی ئەوسا بفرۆشرێ.[527]

---

[526] موختار الصحيح - مطبعة ئەلعامری في مصر - سنة ١٩١١ - ص ٣٨

[527]طلعت رضوان، العبودية في صحيح البخاري (٤) الحوار المتمدن العدد: ٤٩٨٢ يوم ١١-١١-٢٠١٥

شارنیشین و دەشتەکیەکان (العرب و الأعراب)

جیاوازی نێوان (عرب و الأعراب) عەرەبی شارنیشین و عەرەبی دەشتەکی، لەسەردەمی پێش ئیسلام کێشەیەکی گەورە بووە. عەرەبە شارنیشینەکان، بە چاوی نزمتر سەیری عەرەبە دەشتەکیەکانیان دەکرد. ئاستێکی نزمتری کۆمەڵایەتیان بۆ دادەنان. دواتر لەسەردەمی مەدینە ئەو عەرەبە دەشتەکیانە بە کۆمەڵ دەهاتنە ناو ئیسلام.

سووکایەتی عەرەبی شارنیشین، تەنیا بەرامبەر عەجەم نەبوو. بەڵکوو بەرامبەر عەرەبەکانی دەشتەکیش (الأعراب) بوو. عەرەبەکانی شارنیشینی یەتروب، مەککە و تائف و چەند مێژگی ناوچەی یەمامە کە ژیانیان بە هۆی پەیوەندی بە دەرەوە، بەرامبەر عەرەبە دەشتەکیەکان ژیانیان هەندێک لە پێشتر و کراوەتربوو. وای کردبوو، بە گیانی خۆ بە گەرەتر زانین بەرانبەر عەرەبە دەشتەکیەکان هەڵسوکەوت بکەن.

بەرامبەر بەوە، ژیانی ڕەوەندی دەشتەکیەکان بەهۆی سرووشتی بیابانی ووشک و ناخۆش سەخت بوو. لەبەر هەژاری و برسیەتی خەڵکی بیابان، بەردەوام خەریکی ڕاووڕووت و تاڵان و کوشتنی یەکتر بوون. ئەوەش ببووە سەرچاوەیەک بۆ بەردەوامی ژیانیان. هەر هۆزێک دژی هۆزێکیتر. دوژمنایەتی و ڕاووڕووتی نێوان دەشتەکیەکانی بیابان، وایکردبوو. بۆ خۆپاراستن لە هێرشی هۆزەکانیتر، لە ژیانێکی دوورەپەرێز بژین. بۆیە عەرەبە شارنیشینەکان، دەشتەکیەکانیان بە کەمتر دەزانین.[528]

[528] عبدالکریم، خلیل (١٩٩٠) الجذور التاریخیة للشریعة الإسلامیة. سینا للنشر. ص ٥٢

ئەو جیاوازی و بەکەم زانینە، بە تێپەڕبوونی کات، کۆمەڵگەی عەرەبی دابەشی نێوان شارنیشین (عرب) و دەشتەکی (الأعراب) کردبوو. ئەگەر بە دەشتەکیەکت بگوتایە عەرەب دڵخۆش دەبوو، وەک ئەوە وابوو، پلەی بەرزترت پێدابێ. بەڵام ئەگەر بە شارنیشینێکت بگوتایە (أعراب) تووڕەدەبوو. و وای دەزانی سووکایەتی پێکراوە.[529]

دوای کۆچی یەهودیە نەسارێەکان و قورەیشیەکان، بەو هێزەوە بۆ یەتروب، عەرەبە دەشتەکیەکان، دەستە دەستە دەهاتنە ڕیزی دەوڵەتە نوێکە. و ناکۆکییە کۆنەکەش، ڕاستەوخۆ خزایە ناو چینە کۆمەلایەتیەکانی ئیسلام. و ئەوەندە بەهێزبوو. بگرە نووسەری قورئانیش ئەو نەخۆشیەی گرتبوو. و گومانی لە دەشتەکیەکانی دەوروبەری مەدینە هەبوو. و پێی وابوو ئەو دەشتەکیانە، لە هەوڵدانی بۆ بە ئیسلامکردنیان گرفتیان دروست دەکرد.

ئەوەش وایکردبوو، دەستەڵاتی بەسەریاندا نەشکێ. پەنا بباتە بەر ئایەتی قورئان. و بە ناوی خودا تەمێیان بکا. ئەوەش شێوەیەک بوو لە بەرگریکردن لە دەوڵەتی ئیسلام.[530] ئەو گومانەشی وایلێکرد، کە نەک هەوڵی چارەسەرکردنی نەدا. بەڵکوو بە ئایەتی قورئان، ناکۆکییەکەی کردە یاسا. و وەک یاسایەک لەناو ڕیزەکانی ئیسلام سەقامگیری کرد. و بووە نەرێتێکی بنەڕەتی، و بۆ تا هەتایە بەردەوامی پێدا.

سورة التوبة ٩: ٩٧ - ٩٨

ٱلۡأَعۡرَابُ أَشَدُّ كُفۡرٗا وَنِفَاقٗا وَأَجۡدَرُ أَلَّا يَعۡلَمُواْ حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ (٩٧) وَمِنَ ٱلۡأَعۡرَابِ مَن يَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ مَغۡرَمٗا وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ ٱلدَّوَآئِرَۚ عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ (٩٨)

---

[529] معجم ألفاظ القرآن الكريم. الجزء الثاني – مادة عرب. إعداد مجمع اللغة العربية – سلسلة التراث للجميع. الهيئة المصرية العامة للكتاب.

[530] العلى، صالح أحمد. الدولة فى عهد الرسول. المجلد الأول. تكوين الدولة و تنظيمها. مطبوعات المجمع العلمي العراقي. طبعة ١٩٨٨. مطبعة المجمع. بغداد. العراق.

عەرەبە دەشتەکیەکان، لە خودانەناسی و دووڕوویی دژوارترن. تا دەگاتە سنووری نەزانی، هەرچی خودا بۆ پەیامبەرەکەی ناردووە (٩٧) هەندێک لەو دەشتەکیانە هەن. هەرچی دەبەخشێ، وا دەزانێ خاوەی لێ سەنراوە. بەدواتانەوەن بەڵایەکتان بەسەر بێنن، دە بەڵا هەر بەسەر خۆیان بێ (٩٨)

طبري دەربارەی ئایەتی ٩٨ لە سورەتی التوبة دەڵێ لەبەر ئەوەی عەرەبە دەشتەکیەکان کاتی داوای پارەیان لێدەکرا، بۆ یارمەتی بۆ جیهاد. وایان دەزانی، خاوەیان لێ وەردەگیرێ. و وەک سزایەک دەیاندیت. و لە دڵەوە خۆزگەیان دەخواست، موسوڵمان تووشی بەڵابێ. کەواتە بێ باوەڕ و دووڕوو و منافقن. [531]

قرطبي لەوەش زیاتر دەڕوا دەڵێ: شایەتی دەشتەکی لە دژی شارنیشین وەرناگیرێ. چونکە هەموو تۆمەتێک بە تۆمەت دانانێن. هەروەها دەشتەکی بۆی نیە پێشنوێژی بۆ شارنیشین بکا. لەبەر ئەوەی لە بواری سونة نازانێ و خۆیان لە نوێژی هەینی دەبوێرن [532]

إبن إسحق دەڵێ: ئەو ئایەتە سەبارەت بە دەشتەکیەکانی سەربە بني تميم بووە. کە هۆزێکی دەشتەکی بوون. لەبەر هەر هۆیەک بێ، نووسەری قورئان بە کەمتر سەیری کردوون. [533]

ڕۆژێکیان محمد لە ژوورێک دانیشتبوو، خەڵکی هاتنە لای محمد. و بە هات و هاوار سڵاویان لێ دەکرد. و بانگیان دەکرد. ئەی محمد، ئەی محمد. لەو کاتە ئەو ئایەتەی بۆ هات:

---

[531] الطبري. تفسير الطبري. جامع البيان، لتأويل آى القرآن. ، تحقيق محمد محمود شاكر، جلد ١٤ سورة التوبة. أية ٩٨ ص ٢٣٠

[532] جامع الأحكام القرآن تفسير قرطبي.

[533] أحكام القرآن لإبن العربي الجزء الثاني ص ١٠٠٥

سورة الحجرات ٤٩: ٤

إِنَّ ٱلَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَآءِ ٱلۡحُجُرَٰتِ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ (٤)

ئەوانەی لەودیوی ژوورەکان بانگت دەکەن، زۆربەیان بێ ئاوەزن (٤)

إبن إسحاق دەڵێ ئەو ئایەتە بۆ (حفاتی بنی تمیم) هات. نێردەیەکیان ناردەلای نەبی. و هاتنە مزگەوت. لە دەرەوە بانگیاندەکرد. ئەی محمد وەرەلامان:

ستایشی ئێمە شایەنی ڕێزە و سەرزەنشتمان خراپە.

محمد لە هات و هاواریان سەخڵەت بوو. و چووە دەرەوە. گوتیان ئەی محمد ئێمە هاتوینە خزرمەتت و شانازیت پێوە دەکەین. ئیتر ئەو ئایەتە دابەزی.[534] دوای مردنی محمد کێشەکە قووڵتر بوو، دەشتەکیەکان، ئەگەر خوێندەواریش بان، قەدەخەبوو ببنە پێشنوێژ.[535]

محمد بەوەش ناوەستێ. و وەک چاوەدێر، لە هەر کەمتەرخەمیەکیان دێتە وەڵام. هەم بەبیریان دێنێتەوە. و هەم بە ناوی خودا، هەڕەشەیان لێدەکا.

سورة التوبة ٩: ١٢٠

مَا كَانَ لِأَهۡلِ ٱلۡمَدِينَةِ وَمَنۡ حَوۡلَهُم مِّنَ ٱلۡأَعۡرَابِ أَن يَتَخَلَّفُواْ عَن رَّسُولِ ٱللَّهِ وَلَا يَرۡغَبُواْ بِأَنفُسِهِمۡ عَن نَّفۡسِهِۦۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ لَا يُصِيبُهُمۡ ظَمَأٞ وَلَا نَصَبٞ وَلَا مَخۡمَصَةٞ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَطَـُٔونَ مَوۡطِئٗا يَغِيظُ ٱلۡكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنۡ عَدُوّٖ نَّيۡلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ عَمَلٞ صَٰلِحٌۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ (١٢)

---

[534] النيسابوري، الواحدي. أسباب النزول. الطبعة ١٩٦٨ مؤسسة الحلبي و شركاه بمصر. ص ٣٨٧

[535] القرطبي. الجامع الأحكام القرأن في تفسير سورة التوبة.

بۆ خەڵکی مەدینە، و ئەو دەشتەکیانەی لە دەوریانن. نەدەبوایە پێغەمبەری خودا وەلابنێن. و خۆیان لێ هەڵاواردایە. چونکە هەرچی تینوویەتی و ماندوبوون و نە برسیەتی لە پێناو خودا تووشیاندێ، هەر هەنگاوێکی دەیهاوێن، خودانەناسان تووڕەدەکا. هەر دەستێکیش لە دوژمن بوەشێنن، خودا گشتی بە چاکە بۆیان دەنووسێ. خودا پاداشتی چاکەکەران ون ناکا. (١٢٠)

سورة الفتح ٤٨: ١١

سَيَقُولُ لَكَ ٱلۡمُخَلَّفُونَ مِنَ ٱلۡأَعۡرَابِ شَغَلَتۡنَآ أَمۡوَٰلُنَا وَأَهۡلُونَا فَٱسۡتَغۡفِرۡ لَنَاۚ يَقُولُونَ بِأَلۡسِنَتِهِم مَّا لَيۡسَ فِي قُلُوبِهِمۡۚ قُلۡ فَمَن يَمۡلِكُ لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔا إِنۡ أَرَادَ بِكُمۡ ضَرًّا أَوۡ أَرَادَ بِكُمۡ نَفۡعَۢاۚ بَلۡ كَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرًا (١١)

ئەو عەرەبە دەشتەکیانەی دواکەوتبوون، پێت دەڵێن سامان و خێزانەکانمان سەرقاڵیان کردبووین. جا داوای لێبووردنمان بۆ بکە. شتێک بە زمانیان دەڵێن، کە لە دڵیانەوە نییە. بڵێ ئەگەر خودا زیانێکتان لێبدا یان پاداشتێکتان پێبدا. کێ دەتوانێ ڕێ لە خودا بگرێ؟ خودا لە هەر کردەوەیەکتان ئاگادارە (١١)

الفتح ٤٨: ١٦

قُل لِّلۡمُخَلَّفِينَ مِنَ ٱلۡأَعۡرَابِ سَتُدۡعَوۡنَ إِلَىٰ قَوۡمٍ أُوْلِي بَأۡسٖ شَدِيدٖ تُقَٰتِلُونَهُمۡ أَوۡ يُسۡلِمُونَۖ فَإِن تُطِيعُواْ يُؤۡتِكُمُ ٱللَّهُ أَجۡرًا حَسَنٗاۖ وَإِن تَتَوَلَّوۡاْ كَمَا تَوَلَّيۡتُم مِّن قَبۡلُ يُعَذِّبۡكُمۡ عَذَابًا أَلِيمٗا (١٦)

بەو عەرەبە بیابانەنشینانە بڵێ کە داواتکردبوون. بانگ دەکرێن بۆ هێرشکردنە سەر هۆزێك کە لە شەڕدا بەزەبروزەنگن، شەڕیان دەکەن یان ئیسلام دەبن، جا ئەگەر گوێڕایەڵ بن، ئەوە خودا پاداشتێکی چاکتان پێ دەدات، وە ئەگەر

پشت بکەن هەروەك چۆن لە پێشوو پشتتان کرد، سزاتان دەدا، سزایەکی ئازار بەخش (١٦)

الخلافة (جێنیشین)

لەسەردەمی کۆن هۆزەکانی دوورگەی عەرەبی، بەردەوام لە شەڕو ناکۆکی دابوون لەگەڵ هۆزەکانی تر و داگیرکاری بۆ تاڵان و بڕۆ. دەوڵەتەکانی ناوچە، لەلایەک و لەلایەکیتریش بەردەوام، دەبوایە لە پێناوی ژیان. هێرش بۆ دەستکەوت و تاڵان، بکەنە سەر هۆزەکانیتر. دەشیانزانی سەرۆک هۆزی بێ هێز واتە شکەست و لەناوچوونی هۆز. بۆیە سەرۆکی هۆز پشتاوپشت نەبوو. بەڵکوو ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردران دەبوایە ئازا، متمانە بەخۆ، تووڕە توند و بەتوانا بوایە.[536]

ئەوەش لەلایەن شورای هۆزەوە هەڵدەبژێردرا (مجلس شورى القبيلة). ئەو کەسە دەبوایە کوڕی یەک لە بنەماڵەکانی هەمان هۆزبوایە، خێزاندار بووایە، تەمەنی لە ٤٠ ساڵ بەسەروە بوایە. لە کۆڕی شورا هەر ئەندامێک بە ئازادی ڕەها، ڕای خۆی دەردەبڕی.[537]

دوای هاتنی ئیسلام، موسوڵمانان هەر لەسەر ئەو نەرێتە بەردەوام بوون. و کە بۆ شەڕ و داگیرکاری پێویستی بە کەسایەتیەکی ئازا، شەڕکەر و تووڕە هەبوو. تاکە جیاوازی ئەوەبوو ئێستا بەناوی دین و شەریعەتی ئیسلام، پڕۆسەی هەلبژاردنی جێنیشین بەڕیوەدەبردرا.

---

[536] النجار، د. حسين فوزي (١٩٨٥) الإسلام و السياسة. دار المعارف بمصر. ص ١١٢

[537] اليوزبكي، د. توفيق سلطان (١٩٨٨) دراسات فى النظم العربية الإسلامية. ص ٣٠

لەسەدەمی قصی ئازایەتی و بڵیمەتی خۆی بڕیاری دەدا، کەچی لەسەردەمی ئیسلام خەلیفە بەناوی خودا هەڵدەبژێردرا. کە بۆ خودا و لە پێناوی دین خۆیان بەخت دەکەن.

پەیامبەری ئیسلام هیچ ڕێنماییەکی بۆ موسوڵمانان لەدوای خۆی بەجێ نەهێشت، کە چۆن فەرمانڕەوایی کۆمەڵی موسوڵمانان بکەن. هیچ بنەمایەکی دەوڵەتی جێگیری وەک سیستەمی فەرمانڕەوایی لە ئارادا نەبوو، تا موسوڵمانان بتوانن، بیکەنە شێوەیەک بۆ بەڕێوەبردنی، کاروباری دەوڵەت.[538]

بۆیە هەروەک سەردەمی کۆن، چۆن سەرۆکی هۆز مافی نەبوو، جێنیشین بۆخۆی دیاریبکا، محمدیش هەمان کاریکرد. کە دوای ئەو ئەنجومەنی ڕاوێژکاری موسوڵمانان (مجلس شوری المسلمین) ئەو کارە لەسەر نەرێتی هۆزە کۆنەکانی عەرەبی دوورگە، جێنیشینێک هەڵبژێرن. بۆ ئەوەی کاروباری جەنگ و تاڵان و هتد... بەباشی بەڕێوەبەرێ.[539]

بەم شێوەیە ئەبو بەکر دوای محمد هەڵبژێردرا. دوای ئەویش عومەر و عوسمان و عەلی هەلبژێردران.[540]

ئەنجومەنی ڕاوێژکاری (الشوری)

مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان بەردەوام ئەوە دووبارە دەکەنەوە، کە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هۆزەکانی عەرەبی بەر لە ئیسلام، زۆر دواکەوتووبووە. دواتر ئسلام

538 النجار، د. حسين فوزى (١٩٨٥) الإسلام و السياسة. دار المعارف بمصر ص ١١٢
539 هەمان سەرچاوە.
540 هيكل. محمد حسنين (١٩٧٥) الصديق أبو بكر. دار المعارف بمصر. ص ٣٢٤

هاتووە بە شەریعەتێکی توکمە، بۆ هەتاهەتایە، و پێویستی بە هاموارکردن نییە و بۆ گشت سەردەمێک و کۆمەڵگەیەک دەگونجێ. ئەو شەریعەتەش ئاستای کۆمەڵایەتی ئەو هۆزە دواکەوتووانەی دوورگە بەرزدەکاتەوە. دەیانگەیێنێتە ئاستی بیرکردنەوە و ڕاوێژ لەسەر پرسە گرنگەکانی کۆمەڵایەتی. ئەوەش بە دانانی یاسا و ڕێنمایی بۆ چاوەدێری، و بەشداربوون لە فەرمانڕەوایی. بە شێوەی ناڕاستەوخۆ.[541] ئەوەش بە ئاماژەکردن بو دوو ئایەتەی خوارەوە.

سورة الشورى ٤٢: ٣٨

وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ (٣٨)

کاروباریان بە ڕاوێژە (٣٨)

سورة آل عمران ٣: ١٥٩

وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِۖ (١٥٩)

لەسەر کاروبارەکە ڕاوێژیان لەگەڵ بکە (١٥٩)

بەڵام بە پێچەوانەوە دەبێ بڵێین، کۆمەڵگەی دوورگەی عەرەبی، نەک لە ئاستی دواکەوتوویی نەبوو، بەڵکوو لە ئاستێکی بەرزی کۆمەلایەتی دابوون. تا دەگاتە ئەو ئاستەی نووسەری قورئان گەفیان لێبکا:

لە زانستی کۆمەڵایەتی ناتوانی تیوریەکی کۆمەڵایەتی هەبێ، ئەگەر لە بنەڕەتدا هەڵومەرجێکی لەباری ڕیالیستانە بوونی نەبێ. کە پێویستی بە میکانیزمی بەڕێوەبردن هەبێ. یەک لەوانە هۆزەکانی عەرەب بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی میکانیزمی شورایان (الشوری) هەبوو.کە دەمێک بەر لە ئیسلام بە شێوەیەکی بەربڵاو لەناو هۆزە عەرەبەکانی دوورگە پەیڕەودەکرا.

[541] عودة، عبدالقادر. تشريع الجنائي الإسلامي ص ٣٧

لە ناو هەر هۆزێک لە ڕووی سیاسییەوە خەلک دابەشی دوو گرووپ بووبوون. ئەوانەش الملأ و القبیل بوون.

الملأ: ئەوانە نێرینەی خێزاندار بوون، لە تەمەنی چل ساڵ بەسەرەوە. خەڵکێکی دەستەڵاتدار بوون. لەناو هۆزدا وەک یاسادانەر بوون، بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتی دەستەڵاتەکانی ناو هۆز. ئەوانە کۆدەبوونەوە. و بەڕاوێژ شێخ یا سەرۆک هۆزیان دیاردەکرد. و بەردەوام لەسەر پرسەکانی ناو هۆز و دەرەوەی لە خۆشی و ناخۆشی، لەگەڵی دادەنیشتن. سەبارەت بە شەڕ و سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕاوێژیان لەگەڵ دەکرد.

القبیل: جێبەجێکەربوون. هیچ دەستەڵاتێکیان نەبوو. تەنیا ملکەچی فەرمانەکانی الملأ و سەرەک هۆزبوون. هیچ کات بۆیان نەبوو لە کۆبوونەوەی الملأی ڕاوێژکاری دابنیشن. ئەوانە هەژارانی بێدەستەڵاتی هۆزبوون.[542]

هەرچەنەدە لە ڕووی مێژووییەوە، هەندێک نادڵنیایی لەوەدا هەیە، کە عەرەب بەر لە ئیسلام، کەی شورایان دا هێناوە. و بەو شێوەیە پەیڕەویان دەکرد. کە ئیسلام دواتر بەکاری دێنا. بەڵام بە هەر شێوەیەک بێ ئیسلام سیستەمی شورای، لە هۆزەکانی عەرەبی پێش خۆی کۆپیکردووە. یەک لە نموونە هەرە دیارەکان (دار الندوة) کە قصی باپیرەگەورەی محمد لە مەککە دروستیکرد. کۆبوونەوە و ڕاوێژی سەرۆک خێڵەکانی عەرەبی حیجاز تێدا دەکرا.[543]

هەر ئەو شورایەش دوای مردنی عبدالمطلب کاروباری مەککەی گرتە دەست. هەر ئەو (دار الندوة)یەی بێجگە لە قورەیش، هۆزە عەرەبیەکانی تریشی لێ کۆدەبوونەوە. بۆ ڕاوێژکردن، لەسەر کاروباری گرنگی نێوان خۆیان و دەرەوە.

---

[542] عبدالکریم خلیل الجذور ص ١٢٣
[543] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە

هەندێک لێتۆژەرەوە پێیان وایە کە دار الندوة و کۆبوونەوەی الملأی قورەیش، وەک ئەنجومەنی پەرلەمانێک وابوو. کە پێی بڵێین (میری کۆماری شار)، لە سەر شێوەی شارەکانی یۆنانی کۆن و دەوڵەتی شار.[544]

ئەوکاتەی ئەبوبەکر خەلیفە بوو، سەرەڕای ئەنجومەنی الملأ شورا ئەو ڕای خۆی سەپاند و دژی موسوڵمانان شەڕی دەستپێکرد. ئەو ڕەستە بەناوبانگەی پێیان گوت:

> چۆن شەڕی خەڵکێک بکەین، شەهادەی ألا إله إلا الله، و إن محمد رسول الله بێنن. و نوێژ بکەن؟

یان عومەر ڕازی نەبوو (أرض السواد)[545] لەسەر سەربازانی داگیرکەر دابەشبکا. سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەک لە یاوەرانی مەزنی تێدابوون، لەگەڵ چەند لە موژدە پێدراوانی بەهەشت. لەگەڵ بوونی ئایەتێکی قورئان و کاتی خۆی محمد خاکی خەیبەری لە سەر ئەو بنەمایە داگیرکرد. بۆیە لە هەر شوێن و سەردەمێک، دەستەڵات فەرمانڕەوایی دەسەپێنێ. ئەوەش بۆ سەلماندنە، کە کێ سەرکردە و دەستەڵاتدارە.[546] عومەر لە وەڵامی ئەنجومەنی الملأ گوتی:

> ئەو ڕایە مەڵێ، کە پێت وایە، هاوڕای لەگەڵ من. بەڵکوو ئەوە بڵێ کە باوەڕی تۆ، لەگەڵ ڕاستیدایە.[547]

---

[544] هەمان سەرچاوە ص ١٢٤

[545] أرض السواد ئەو خاکەیە، کە سوپای ئیسلام لە بیابان دەرچوو. و گەیشتە خاکێک سەرتاپای بە درەخت داپۆشرابوو. ناویان لێنا (السواد). کە ناوچەکانی عێراقی ئێستایە لە سنووری موصل تا دەگاتە ناوچەی عەبادان لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە.

[546] الشرقاوي، عبدالرعمن ص ٢٢٦

[547] عبدالكريم، خليل الجذور ص ١٢٥

لە هۆزەکانی عەرەبی پێش ئیسلام، کۆبوونەوەی شورا (الملأ) لەسەر کاروبارەکانی هۆز. وەک نەرێت پرۆسەیەکی بەردەوام بوو. ئەوەش نەک تەنیا لەسەر پرسە ناوچەیەکان. بەڵکوو زۆرجار لەسەر پرسەکانی ناوچە دەردەچوو. و پەلی بۆ زلهێزەکانیش دەکرد. لەوانە ئەمپراتۆری ساسانی. کە زلهێزێکی زۆر نزیک بوو. و بەردەوام لە گەڵ هۆزەکانی دوورگە لە شەڕ و ئاشتی و هاوکاری لە پەیوەندی دابوو.[548]

خەلیفەکانی ڕاشدین ماوەی هەرە زۆری ژیانایان لە سێبەری نەرێت و کولتووری خێلەکی بەر لە ئیسلام دابوون. بەتایبەری ئەبوبەکر، عومەر و عوسمان. یەکەم هەنگاو بۆ دەرچوون و لەو سێبەرە، عەلی هەوڵیدا و دوای ئەویش لەسەردەمی ئەمەویەکان زیاتر شێوەی دەوڵەتێکی ناوەندی وەرگرت.[549]

سەرۆک هۆز یا شێخ بەوە نەبەسترابووەوە، کە ڕای ئەنجومەنی شورای هۆز وەربگرێ. مافی ئەوەی هەبوو ڕایان ڕەتکاتەوە. یان ڕای یەک کەسیان وەربگرێ، کە پێی ڕاستبێ.[550] ئەو کاتە بەرپرسیاریەتی دەرئەنجامی کارەکە تەنیا خۆی هەڵدەگرێ. بەڵام بە ڕاوێژی شورا بڕیارەکە دەبێتە بڕیاری سەرجەم هۆز.

سەرانە (جزية)

عەرەب بەر لە هاتنی ئیسلام، وەک سەرچاوەی ژیان متمانەیان لەسەر کشتوکاڵ نەدەکرد. تەنیا لە چەند شوێنێکی وەک تایف، یەتروب و هەندێک مێرگی ناوچەی یەمامە نەبێ.

---

[548] جاد الملى بک، محمد أحمد ( ) أيام العرب في الجاهلية. ص ٧٤،

[549] عبدالكريم، خليل، الجذور ص ١٢٧

[550] جاد المولى بک، محمد أحمد و من معه أيام العرب فى الجاهلية ص ٢١٢ - ٢١٣

خەڵکی بادیە بە زۆری خاوەیان لە سەر جوتیاران دەسەپاند. بە بیانۆی ئەوەی لە شەڕ و هێرشی هۆزەکانیتر دەیانپارێزن.

دوای هاتنی ئیسلام تەنیا ناوەکەی گۆڕا. خاوە بووە (جزية) کە لەلایەن دەستەڵاتداری ئیسلامەوە لەسەریان دەسەپێندرا. ئەو جزیەش لەسەر مرۆڤی ئازادی نا موسوڵمان بوو. وەک یەهودی و نەسارِی و هاوشێوەیان لە مەجووسی و سابیئی و سامەریەکان. ئەوەش بۆ ئەوەی دڵنیابن کە پارێزگاریان لێبکرێ. تەنانەت ئەوە لە کریستیانەکانی شام و میسر و هەندێک گوندی دوورگەی عەرەبیش وەردەگیرا.

السورة التوبة ٩: ٢٩

قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ (٢٩)

شەڕی ئەوانە بکەن کە نە باوەڕیان بە خودا و نە ڕۆژی دوایی هەیە، و ئەوە حەرام ناکەن کە خودا و پەیامبەرەکەی حەرامیان کردووە، وە پیادەی ئاینی هەق ناکەن لەوانەی پەرتووکیان بۆ هاتووە، تاوەکو بە دەستێك سەرانە دەدەن و ڕیسوا و سووك و بچووکن. (٢٩)

ئەو تێڕوانینەی عەرەبی سەردەمی جاهیلی، وەک خۆی هاتە ناو ئیسلام و تەنیا ناوەکەی لە (إتاوة) خاوە، گۆڕا و کرایە (جزية).

گرنگی مەڕوماڵات (الأنعام)

لەناو هۆزەکانی عەرەب، هەر لە کۆنەوە گرنگی زۆر بە مەڕوماڵات دەدرا. بەتایبەتی ووشتر. بەشێوەیەکی بنبڕ وەک سەرچاوەیەکی بنەڕەتی ژیان و ئابووری متمانەیان لەسەردەکرد.

زمانەوانان وای دەبینن کە (الأنعام) کۆی (النعم)ە. سەرمایەکی گەڕۆکی گرنگە. ئەوەش ووشتر، مانگا، مەڕ و هتد دەگرێتەوە. کە گشتیان بە الأنعام ناودەبرێن. گشت جۆرەکانی مەڕوماڵات هەم سەرمایەیەکی گەورەن و هەم لە گواستنەوە سوودیان لێوەردەگیرێ.

لەبواری بازرگانی و ئاڵوگۆڕیشدا، بەتایبەتی لەگەڵ کۆمەڵگەکانیتر پێگایەکی گرنگی هەبووە.[551]

لە ئەدەبی سەردەمی جاهیلی، بە سەدان شیعر دەدۆزیتەوە کە باسی ڕۆڵی مەڕومالات، لە ژیانی هۆزەکان دەکا.[552]

کاتی ئیسلام پەیدابوو، بە تایبەتی لە سەرەتای بانگهێژ گرنگیەکی زۆر بە مەڕومالات درا. کە لە قورئان یەک سورەتی تەواو بەناوی (الأنعام) هاتووە. هەروەها لە چەندین سورەتی تر ئایەت لەسەر مەڕومالات هاتووە. کە نموونەن بۆ گرنگی مەڕومالات. لەسەردەمی هۆزەعەرەبەکانی بەر لە ئیسلام و دواتر ئیسلام وەک خۆی وەریگرتووە. و بە هەمان تێڕوانین، لەسەری بەردەوام بووە. ئەو سێ ئایەتەی خوارەوەش بەڵگەن بۆ ئەوەی ئیسلام تەنیا بەردەوامی کۆمەڵگەی پێش خۆیەتی.

سورة النحل ١٦: ٥

وَٱلۡأَنۡعَٰمَ خَلَقَهَاۖ لَكُمۡ فِيهَا دِفۡءٞ وَمَنَٰفِعُ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ (٥)

وڵساتی (مەڕومالات) بۆ ئێوە وەدیهێناوە. کە گەرمی و چەندین بەهرەی تری هەیە. و لێشیان دەخۆن (٥)

سورة النحل ١٦: ٨

وَٱلۡخَيۡلَ وَٱلۡبِغَالَ وَٱلۡحَمِيرَ لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗۚ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ (٨)

بارەگرانەکانتان بۆ جێگەی وا دەگوازنەوە، کە بۆ ئێوە ئەستەم بوو بیگەنێ. پەروەردگارت دڵسۆز و میهرەبانە (٧)

---

[551] البراوي، د. راشد (١٩٧٥) القرآن و النظم الإجتماعية المعاصرة . دار النهضة العربية . القاهرة. ص ١٠

[552] عبدالكريم، خليل، الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية ص ٣٤

سورة المؤمنون ٢٣: ٢١

وَإِنَّ لَكُمۡ فِي ٱلۡأَنۡعَٰمِ لَعِبۡرَةٗۖ نُّسۡقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمۡ فِيهَا مَنَٰفِعُ كَثِيرَةٞ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ (٢١)

دیارە وڵسات (مەڕومالات) بۆ ئێوە پەندێکە. ئەوەی لە هەناویاندایە پێتان دەنۆشن. و لێیان دەخۆن و بەهرەی زۆریان بۆتان هەیە (٢١)

لەناو وڵساتیش ووشتر پێگایەکیەکی ئابووری زۆر گرنگی هەبووە تەنانەت لە مەککە سزا و پاداشت و قەرەبوو بە ژمارەی ووشتر دەخەملێندرا. عبدالمطلبی باپیرەی محمد یەکەم کەس بوو سزای کوشتنی بە سەدووشتر دیارکرد.

لەسەردەمی ئیسلامیس ئەو نەرێتە وەک خۆی هەر بەردەوام بوو. لە زەکات دان، ووشتر ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو. [553]
بەتایبەتی کاتی دانانی سزای گەورە، بەبێ ووشتر نەدەبوو. بەو مانایەش ئەگەر تا بەشێکی تر بگۆڕابوایە، ئەوە لە بنەڕەتدا بە ووشتر ئەو شتە دەخەملێندرا. ئەوەش وەک نەرێتێکی ئابووری کۆمەڵایەتی [554]

باجی دەیەک (العشور)

دەیەک لە بنەڕەتدا باجی کریستیانی بووە لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵ، کە لە جوتیاران وەردەگیرا. دوای لێکدانەوە و مەزەندەکردنی. بە بەرهەمی سرووشتی دەدرا. ئەو باجە پێش

[553] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. سينا للنشر. ص ٣٤ - ٣٥
[554] بهنسي، أحمد فتحي (١٩٧٢) مدخل الفقه الجنائي الإسلامي. نشر دار الشرق بمصر ص ١٥٨

هاتنی ئیسلام پێی دەگوترا (التعشیر) کە ئەرکێکی ئەو سەردەمە بووە. و لەسەر داهات بە گشت جۆرەکانی دانراوە.

کاتی ئیسلام هات تەنیا ناوەکەی لە (التعشیر) گۆڕی بۆ (العشور). ئەو باجە وەک یاسا، یەک لەدەی بەرهەمی لە بیانی وەردەگرت. و لە (أهل الذمة) باوەڕدارانی دینەکانی تری خاوەن پەرتووک (أهل الکتاب)، دەبێ نیوەی ئەو دەیەکە وەردەگیرا. موسوڵمان چواریەکی دەیەک وەردەگیرا. ئەوەش بەو مەرجەی نرخی دووسەد و زیاتربێ.[555]

نەرێتەکانی سزا یان دادوەری

القصاص

یان بنەمای سزا بە ئەندازەی تاوان.

لە بنەڕەتدا ئەوە یاسایەکی تاواانی کۆنە. و دەگەڕێتەوە بۆ یاسای حامورابی. کە لە تابلۆی گلگامش، سەبارەت بە کوشتن هاتووە. کە دەبێ بکوژ لە سێدارەبدرێ. لەناو هۆزە عەرەبەکان قصاص هەرەوەک خۆی بڕیاری لەسەر دەدرا.

بەڵام ئەو نەرێتی قەصاص، ماڵی کوژراو مافیان هەیە:

- سزای قەصاص بە پێی تاوانەکە دیارکەن.

مەرجەکانی قصاص پەیوەندی بە بکوژ و کوژراوەوە هەیە، کە خزمانی کوژراو، دوای زانینی هۆی کوشتنەکە سزا دیاردەکەن.

[555] الریس، د. محمد ضیاءالدین، الخراج و النظم المالیة للدولة الإسلامیة. ص ١٢٧

دوای هاتنی ئیسلام، نەرێتی قصاص هەروەک خۆی مایەوە. و بە ئایەتی قورئانیش، لە شەریعەتی ئیسلام جێگیرکرا.

سورة البقرة ٢: ١٧٨ - ١٧٩

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ ٱلۡحُرُّ بِٱلۡحُرِّ وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۚ فَمَنۡ عُفِيَ لَهُۥ مِنۡ أَخِيهِ شَيۡءٞ فَٱتِّبَاعُۢ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَأَدَآءٌ إِلَيۡهِ بِإِحۡسَٰنٖۗ ذَٰلِكَ تَخۡفِيفٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَرَحۡمَةٞۗ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٞ (١٧٨) وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ (١٧٩)

ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، سەبارەت بەوانەی کوژراون، لەسەر ئەوە تۆڵەمان نووسیوە: نێرینەی ئازاد بەرانبەر نێرینەی ئازاد، کۆیلە بەرانبەر بە کۆیلە، و مێینە بەرانبەر بە مێینە، جا هەر کەسێك بە شتێك لە براکەی خۆش بوو، ئەوە دەبێت بە چاکە هەڵسوکەوت بکات و بە جوانی پارەی خوێنەکەی بداتێ. ئەوەش بار سوککردن و ڕەحمەتێکە لە لایەن خوداکەتانەوە، جا هەر کەسێك لە دوای ئەوە دەستدرێژی کرد، ئەوا سزایەکی ئازاربەخشی بۆ هەیە. (١٧٨) و ئەی خاوەن هۆشەکان، ژیانتان بە تۆڵەوە بەندە، بەڵکوو خۆتان بپارێزن (١٧٩)

سورة المائدة ٥: ٤٥

وَكَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ وَٱلۡأَنفَ بِٱلۡأَنفِ وَٱلۡأُذُنَ بِٱلۡأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلۡجُرُوحَ قِصَاصٞۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٞ لَّهُۥۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ (٤٥)

تیایدا لەسەرمان نووسیون، گیانێک بە گیانێک، چاوێک بەرامبەر چاوێک، و لووتێک بەرامبەر لووتێک، گوێچکەیەک بەرامبەر گوێچکەیەک. و ددانێک بەرامبەر ددانێک. و بۆ زامەکانیش دەبێ تۆڵەبکرێتەوە. جا هەر

کەس کردی، بە چاکە بۆی دەبێتە کەفارەت. هەرکەسێک بەوەی خودا دایبەزاندووە، کارنەکا، ئەوە لە ستەمکارانە (٤٥)

الدية (پارەی خوێن)

ئەو سزایەیە، کە هۆز یا بنەماڵەی بکوژ لە ڕوودانی کوشتنی بەهەڵە یان بێ مەبەست. وەک قەرەبوو دەخاتە ئەستۆ.

ئەو نەرێتە لەناو هۆزە عەرەبەکان، دوای هاتنی ئیسلامیش هەر بەردەوام بوو. لە خۆشی و ناخۆشی هاوبەش و بەرپرسیارن لە دەرئەنجامی کردەوەی یەکتر. [556]
لە سەردەمی ئیسلام و محمد دية هەر مابوو، هاوپەیمانی هۆز هەروەک هاوپەیمانی کۆنی سەردەمی عبدالمطلب بوون.[557]

ئەو نەرێتەی سزادانەش هەروەک خۆی هاتە ناو ئیسلام. و بە هەمان شێوەی کۆن هەر بەردەوام بوو. بەڵام دوای داگیرکاری و تێکەڵاوی هۆزە عەرەبەکان لەگەڵ خەڵکی ووڵاتانی تر. و لەلایەکیتر لەیەک دابڕان، نەمانی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی هۆزە عەرەکان. ئەوە نەرێتەش گۆڕانی بەسەرداهات.[558]

---

[556] بهنسي، أحمد فتحي (١٩٧٢) مدخل الفقه الجنائي الإسلامي. نشر دار الشرق بمصر ص ١٦٦ و الجذور ص ٨٦

[557] السرخسي، الإمام شمس الدين (١٩٨٦) المبسوط. الجزء السابع و العشرون. دار المعرفة – بيروت – لبنان. ص ١٢٥

[558] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. سينا للنشر. ص ٨٨

سوێندخواردن (القسامة)

هۆزەکانی عەرەب، لە کۆندا نەرێتێکیان هەبوو. پێیان دەگوت القسامة. ئەو نەرێتە لە کاتی کوژرانی کەسێک کە بکوژ دیار نەبێ، و نەزانرێ کێیە. دەبێ پەنجا کەس لە خەڵکی ئەو شوێنە لەبەدەم خزمی کوژراو یەک دوای یەک سوێند بخۆن کە ئەو نەیکوشتووە، و ناشزانێ کێ کوشتوویەتی. لەو کاتەدا بڕیاری تۆڵەی خوێن (الدية) لەسەر خەڵکی ئەو شوێنە بەسگشتی دادەنرێ.[559]

کاتی ئیسلام هات سزای قسامة وەک خۆی، هەر بەردەوام بوو. جارێکیان کەسێک هاتە لای نەبی محمد، و گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، بۆم دەرکەوتووە براکەم لەلایەن بەنی فلان کوژراوە.

پەیامبەر گوتی: پەنجا کەسیان لێ کۆبکەرەوە، و بە خودا سوێندیان بدە، کە نەیانکوشتووە و ناشزانن کێ کوشتوویەتی.

کابرا گوتی: لەو برایە زیاتر کەسێکی ترم نەبوو!

پەیامبەر گوتی: بەلام ئێستا سەد ووشترت هەیە.

مەبەستی ئەوەبوو، پێویستی بە قەسامە و تۆڵەی خوێنە. کە دەکاتە سەد ووشتر، کە دەبێ بیدەنە برای کوژراو.[560]

---

[559] المدخل إلى الفقه الإسلامى.(١٩٨٧) الطبعة الأولى مكتبة هبة بمصر ص ٤٢

[560] بهنسي، أحمد فتحي (١٩٧٢) مدخل الفقه الجنائي الإسلامي. نشر دار الشرق بمصر ص ١٧٥

لە ڕووداوێکیتر بڕیاری قەسامەی، هەروەک سەردەمی پێش ئیسلام دا. ڕووداوەکە لە مەدینە دەربارەی کوژرانی ئەنسارێک بوو. کە داوایان لە یەهودیەکانی خەیبەر کرد بە پێی قەسامە دەبێ سوێند بخۆن.

ئەوەش بەڵگەیە کە نەرێتی قەسامە دوای هاتنی ئیسلام، هەروەک خۆی بەردەوام پەیڕەو دەکرا.[561]

نەرێتەکانی شەڕ

الخمس

پێنج یەک، یا پێنج یەکی دەستکەوتی تاڵان

لە کۆندا پێش هاتنی ئیسلام لە هەر هێرشێک کە هۆزێک بۆ سەر هۆزێکی تری دەکرد. سەرۆک هۆز چواریەکی دەستکەوتی تاڵانی بەردەکەوت. کەچی کە ئیسلام هات ئەو چواریەکە بووە پێنج یەک.

لە عدی بن حاتم دەگێڕنەوە گوتوویەتی: چواریەکم لە جاهیلی دەبرد و پێنج یەک لە ئیسلام.

---

561 أحمد، أمين، فجر الإسلام. المطبعة ١٣٠، مكتبة النهضة المصرية. ص ٢٢٧

بەو مانایەی لە سەردەمی جاهیلی سەرکردەی هۆز بووە و لە هەر هێرشێک بۆ سەر هۆزێکیتر چواریەکی دەستەکەوتی تاڵانی بەرکەوتووە. دواتر لە ئیسلامێش بۆتە سەرکردەی شەڕ بۆ داگیرکاری و پێنج یەکی دەستکەوتی تاڵانی بەر کەوتووە.[562]

القرآن الكريم – سورة الأنفال ٨: ٤١

بزانن گەر تاڵانتان وەدەستهێنا. لەوە پێنج یەکی بۆ خودا و پەیامبەر و خزمانی نزیک و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواران دەبێ. (٤١)

ئەو بەشەی خزمانی نزیک، محمد خۆی لەسەر بنەماڵەی بەنی هاشم و بەنی عبدالمطلب دابەشیدەکرد.[563]

السلب (زەوتکردن، تاڵان)

هۆزەکانی عەرەب، هەر لە کۆنەوە بۆ هاندان لەشەڕ و دەست نەپاراستن لە کوشتن، نەرێتێکیان هەبوو، بە ناوی سلب. بکوژ، کاتی یەکێکی لە هۆزی دوژمن لە شەڕدا دەکوشت. مافی هەبوو، بەبێ ئیرەیی شەڕکەرانیتر. هەموو کەلوپەلی شەڕ، تا دەگاتە جلوبەرگیش بە تاڵان بۆخۆی ببا. واتە سەر بۆ ئێمە و ماڵ بۆتۆ. ئەوەش جلوبەرگ، ئەسپ، شمشێر و کەرەستەی تر.[564]

ئەو نەرێتە کۆنەی عەرەب، وەک خۆی هاتە ناو شەریعەتی ئیسلام. پەیامبەر دەیگوت لە تاڵانی بکوژ دا، پێنج یەکی لێ ناڕوا. ئەبو داوود، لە عەوفی کوڕی مالک ئەشجەعی و خالد

---

562 الشرياصي، دكتور أحمد (١٩٨١) المعجم الإقتصاد الإسلامي. دار الجيل. ص ١٤٠

563 القاضي، أبو يوسف صاحب الإمام الأعظم، الخراج ١١٧، ص ٢١

564 الشرياصي، د. محمد أحمد (١٩٨١) المعجم الإقتصاد الإسلامي. الطبعة الأولى. دار الجيل. ص ٢٢٤

کوڕی وەلید دەگێڕێتەوە. نەبی هات و گوتی کامە، ئەو سیخوڕەیە، بیهێنن و بیکوژن. گوتی کوشتم و تاڵانیشم کرد (سلب)[565]

الصفی (بژاردە)

ئەو شتە نایابانەن کە سەرکردەی لەشکر، پێش دابەشکردن بۆخۆی هەلی دەبژارد. ئەو نەرێتە وەک دیاریەک سەیردەکار کە سەرکردەی سەرکەوتوو. لەناو دەستکەوتەکانی شەڕ بۆخی هەڵیدەبژاردن. ئەو نەرێتە وەک خۆی هاتە ناو ئیسلام. لە سەردەمی شەڕەکانی سەرەتای ئیسلام، کە محمد خۆی سەرپەرشتی دەکردن، ئەوشتانەی دەگمەن بوون هەڵیدەبژاردن وەک شمشێر، ئەسپ و کچی جوان (سەبایا). [566]

لە سەردەمی کۆنی بەر لە ئیسلام بژاردە و پێنجیەک مافی سەرۆک هۆزەکان بوو. کاتی ئیسلام هات محمد دەیەویست لەو ڕێگایەوە نیشانی بدا. کە ئەو خۆی تاکە سەرکردەی مەزنە، تاکە بڕیاردەرە.[567]

ئەو دوو سەرچاوەیە پێنج یەک و بژاردە، بە تایبەتی پێنج یەک لە گرنگترین داهاتی دەوڵەت بوون. دوای مردنی محمد بەتایبەتی دوای داگیرکاری وولاتانیتر.[568]

---

[565] الشيخ، السيد سابق (بدون تاريخ) فقهة السنة. الجزء الثالث. دار التراث بمصر. ص ٨١

[566] الشرياصي، د. محمد أحمد (١٩٨١) المعجم الإقتصاد الإسلامي. الطبعة الأولى. دار الجيل. ص ٢٥٥

[567] العلي، د. صالح أحمد، الدولة في عهد الرسول صلى الله عليه و سلم. ص ٣٦٦

[568] الريس، د. محمد ضياءالدين. الخراج و النظم المالية للدولة الإسلامية. ص ٣٨

شیعری جاهیلی و قورئان[569]

شیعری جاهیلی بەو شیعرانە دەڵێن، کە لە کۆتایی، سەردەمی پێش ئیسلام لە ناوچەکانی شام، و میسۆپۆتامیا و دوورگەی عەرەبی بەدەرکەوتن. ئەو ماوەیەش بە دووسەد تا سەدوپەنجا ساڵ مەزەندە دەکرێ.

کۆچی نەسارییەکان بۆ مەککە و حیجاز پەرەسەندنی بیری یەکتاپەرستی و هوشیاری ئەدەبی بوو، بەتایبەتی شیعری جاهلی. ئەوەش بە ڕوونی کاردانەوەی، لە سەرتاسەری دوورگەی عەرەبی هەبوو. کۆچی نەسارییەکان بۆ دوورگەی عەرەبی، هۆکاری بڕەوی بازاڕی ئەدەبی بوو، سەرتا سەری حیجاز. لە شارەدێی مەککە، هەم بوونی نەسارییەکان و هەمیش بەرەسەندنی وەک وێستگەیەکی کاروانی بازرگانی لە نێوان یەمەن و شام ببووە، چەقی ئەدەبی لە پێش ئیسلام (جاهیلی). لەستێرە لە ئاسمانی شیعری عەرەبی دەدرەوشێنەوە.

نووسەری قورئان لە شاری مەککە و تائیف، لە سێبەری، ئەو کەڵە شاعیرانە هەوڵیدەدا، شیعرەکانی ئەو شاعیرانە، بە شێوەی پەخشان بە ناوی وەحی دووبارە بکاتەوەو.

لە زۆربەی شاعیرانی سەردەمی جاهیلی چمکی جۆراوجۆری وەرگرتوون. و بەپێی گونجان خستوونیەتیە ناو ئایەتەکانی قورئان. دوو لەو کەڵە شاعیرانە امرئ القیس و أمیة بن أبی

[569] لەو بەشەدا دەقی شیعرەکانی شاعیرانی جاهیلی وەک خۆی بە زمانی عەرەبی دادەنێم، ئەوەش بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ خۆی بەراورد، لە نێوان ئەو بەیتە شیعرانە و ئایەتەکانی قورئان بکا.

صلت بوون. دواتر چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی ئەو دوو شاعیرە دێنینەوە. بەرامبەر وەرگرتن و گونجاندنیان لە ناو ئایەتەکانی قورئان. هەردوو شیعرەکان و ئایەتەکانی قورئان بەبێ وەرگێڕان دادەنرێ. بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بەراوردێکیان بکا.

ئەو دوو شاعیرە و چەندیتریش، لەهەمان سەردەم و ژینگەی نووسەری قورئان ژیاون. و کاریگەری هەمان کولتوور و باوەڕ و هوشیاری کۆمەڵایەتی نووسەری قورئانیان لەسەر بووە. بۆیە زۆر گرنگە کە باسی ژینگەی کۆمەڵایەتی نووسینی قورئان دەکرێ، پێویستە ئاورێکیش لەو شیعرانە بدرێتەوە. تا بزانرێ تا چ ئاستێک کاریگەریان لەسەر دەقەکانی قورئان هەبووە. سەرەڕای ئەوەی ئەدەبی عەرەبی لە سەردەمێکی زێڕین دابوو، کەچی لە دقی قورئان بە سەردەمی تاریکی ناو دەبرێ.

سورة البقرة ٢: ٢٥٧

ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوۡلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخۡرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِۗ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ (٢٥٧)

خودا پشتیوانی باوەڕدارانە. لە تاریکی دیانگەیێنێتە ڕووناکی. خودا نەناسیش، پشتیوانیان تاغوتە. لە ڕووناکی بەرەو تاریکیان دەبا. ئەوانە یاوەرانی دۆزخن بۆ تاهەتایە تیایدا دەمێننەوە (٢٥٧)

نووسەری قورئان سەبارەت بەو خەڵکەی کە گوێیان لە شاعیران دەگرت، بە گومرای دادەنان. بەتایبەتی ڕووی دەمی لە شاعیران دەکا، و بە سەرلێشێواویان دادەنێ:

سورة الشعراء ٢٦: ٢٢٤ – ٢٢٧

وَٱلشُّعَرَآءُ يَتَّبِعُهُمُ ٱلۡغَاوُۥنَ (٢٢٤) أَلَمۡ تَرَ أَنَّهُمۡ فِي كُلِّ وَادٖ يَهِيمُونَ (٢٢٥) وَأَنَّهُمۡ يَقُولُونَ مَا لَا يَفۡعَلُونَ (٢٢٦) إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ

ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَذَكَرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱنتَصَرُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا ظُلِمُواْۗ وَسَيَعۡلَمُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَيَّ مُنقَلَبٖ يَنقَلِبُونَ (٢٢٧)

گومڕاکان بەدوای شاعیرەکان کەوتوون (٢٢٤) ئەی نەتبینیوە لە هەموو دۆڵێکدا سەرلێ شێواون (٢٢٥) و قسانێک دەکەن خۆیان کاری پێناکەن (٢٢٦) مەگەر ئەوانەی باوەڕیان بە خودا هەیە، و ئاکار چاکن. و زۆر یادی خودایانکردەوە. دوای ئەوەی ستەمیان لێکراوە. ستەمکارانیش، زۆری پێناچی تێدەگەن، هەر سەرەو ژێردەبێ (٢٧)

هەرچەندە نووسەری قورئان ئەو شاعیرانە، بە گومڕا و سەرلێشێواو ناو دەبا، کەچی بە ووردبوونەوەیەک، بۆمان دەردەکەوێ ئەو سەردەمە (سەردەمی جاهیلی) ئەدەبی عەرەبێ لە ئاستێکی هەرە بەرزدابووە. زۆر لە شاعیرانی ئەو دەمە تا ئێستاش وەک ئەستێرەی درەوشاوە، لە ئاسمانی ئەدەبی نەک تەنیا عەرەبی، بەڵکوو تەواوی گەلانی ناوچەکە دەدرەوشێتەوە. زۆر جار لەناو کۆمەڵی لێتۆژنەوەی هاوچەرخ، ئاماژە بەوە دەکەن کە، ئەدەبی جاهیلی نەک تەنیا کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی قورئان هەبووە، بەڵکوو نووسەری قورئان بەوە تاوانباردەکەن، کە زۆر لە شیعری شاعیرانی کۆپیکردوون و وەک ووشەی خودا خستوونیەتە ناو دەقەکانی قورئان. لەوانە شیعری امرئ القیس (دەوروبەری ٥٤٠ س.ب مردووە) أمیة بن أبی سلط (٦٢٦ س.ب مردووە) کە دوو شاعیری هەرە گەورەی سەردەمی جاهیلی بووین. چمکی شیعرەکانیان بە ڕاشکاوی لە ناو ئایەتەکانی قورئان دەدۆزرێنەوە.

بێجگە لەو دوو شاعیرە مەزنە، نووسەری قورئان لە زۆر شاعیرانیتری، سەردەمی جاهیلی چمکی جۆراوجۆری وەرگرتووە. و بەپێی گونجان خستوونیتیە ناو ئایەتەکانی قورئان. وا لە خوارەوە چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی ئەو چەند شاعیرێک دێنینەوە. بەرامبەر وەرگرتن و گونجاندنیان لە ناو ئایەتەکانی قورئان. شیعرەکان و ئایەتەکانی قورئان بەبێ وەرگێڕان دادەنرێن. بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بەراوردێکیان بکا.

سەبارەت بەو شاعیرانەی سەردەمی خۆشی، محمد تەنیا ئەو شاعیرانەی لا پەسند بووین، کە ڕاستەوخۆ باسی ئەویان بەباشی و پیرۆزی کردبێ. بۆ نموونە محمد سەبارەت بە عمرو بن الأهتم دەڵێ: إن من البيان السحرا. دەگێڕنەوە دەربارەی شیعرێکی عمرو محمد گوتوویەتی: لە شیعریدا حیکمەت هەیە.[570]

سەرەڕای ئەوە نووسەری قورئان، کۆپیکردنی شیعرەکانی ئەو شاعیرانە. و بەناوی خودا وەک ئایەت هێنانەوەی، لە ئاستی ئەدەبی ئەو کەڵە شاعیرانە و سەرجەم مرۆڤایەتی دادەبەزێنێ. و بە شێوەیەکی بێڕێزانە ئەلەنگاری دەکا.

سورة الإسراء ١٧: ٨٨ - ٨٩

قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا (٨٨) وَلَقَدۡ صَرَّفۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖ فَأَبَىٰٓ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ إِلَّا كُفُورٗا (٨٩)

بڵێ، گەر مرۆڤ و جنۆکە گشت کۆببنەوە، لە شێوەی ئەو قورئانە بێنن، پێیان ناکرێ لە شیوی بێنن. با هەمووشیان پشتیوانی یەکترین (٨٨) ئێمە لە قورئاندا نموونەی هەموو شتێکمان بۆ خەڵکی هێناوە، و ڕوونمانکردۆتەوە. بەڵام زۆربەی خەڵک بە کوفر ڕەتی دەکەنەوە (٨٩)

باوای دابنێین نووسەری قورئان، لەو دیمەنەی ئەو ئایەتە ، ئەلەنگاری مرۆڤ و جنۆکە دەکا، کە ناتوانن، نموونەی قورئان بێنن. بەڵام بە چاوگێڕانێک بە دیوانی شیعرانی پێش ئیسلام بۆمان دەردەکەوێ، کە زمانی شیعر و ئەدەبی پەخشان زۆر لە ئاستی قورئان بەرزتر

[570] ابن عبد ربه. شهاب الدين احمد بن عبد ربه الأندلسي. العقد. منشورات دار المكتبة الهلال، ٥: ١٦٦

بووە. نووسەری قورئان لە زۆر ئایەتی قورئان پەنای بردۆتە بەر شیعری ئەو شاعیرانە. و شیعری لێ دزیون و بەناوی خودا، وەک ئایەت تۆماری کردوون. لە ناو ئەو شاعیرانەی، کە بەشێوەیەکی بەرچاو شیعرەکانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە ناو ئایەتەکانی قورئان دەدۆزینەوە، امرؤ القیس (٥٤٠ س.ب مردووە)، و أمیة بن أبي الصلت (ساڵی ٦٢٦ س.ب مردووە).

بە بەدواداچوونێکی وورد دەردەکەوێ، کە تەواوی دەق بەیتە شیعریەکان کۆپیکراون. یان لێکچوونێکی نزیک لە نێوان شیعرەکان و ئایەتی قورئاندا هەیە. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی شەڕەڕای ئەلەنگاری نووسەری قورئان، ئەدەبی ئەدەبی عەرەبی پێش ئیسلام یەک لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی نووسەری قورئانن. جا کۆپیکردن یان دارشتنی ئایەتەکان بەکاری هێناون.

أمية بن ابي الصلت

بەر لەوەی بچینە ناو خەرمانی شیعرەکانی أمیة، کە لە قورئان دووبارە بوونەتەوە، با هەوڵدەین لە یەک لە گرنگترین ئایەتی قورئان دەست پێ بکەین. زۆر جار موسوڵمانان شانازی بەوە دەکەن، کە ئایەتێکی قورئان ئیسلام بە شێوەی فەرمی بە تاکە دینی خودا دادەنێ. بەردەوام مەلا و ڕێبەرانی دین وەک شانازی بە بەڵگە دەیهێننەوە. کەچی تا ئێستاش بیریان لەوە نەکردۆتەوە بنەڕەتی ئەو ئایەتە لە کوێ هاتووە. با پێکەوە سەیری کێشەی ئەو ئایەتە بکەین:

سورة آل عمران ٣: ١٩

إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ (١٩)

ئەو ئایەتە وەک خۆی دیارە لە سوورەتی آل عمران دا هاتووە. و یەک لە ئایەتەکانی قورئانی مەدینەیە. کە دوای کۆچی محمد بۆ مەدینە هاتووە. بەڵام بەپێی لێتۆژینەوە، دەقی ئایەتەکە لەوە کۆنترە. و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای قۆناغی مەککە.

خلیل عبدالکریم لە پەرتووکی الجذور التاریخیة للشریعة الإسلامیة، دەڵێ حەنەفیەکان باوەڕیان وابوو، کە (الدین عند الله الحنیفیة). هەر ئەو چمکە، لەگەڵ دەرکەوتنی قۆناخی سەرەتایی مەککە، خزاوەتە ناو ئیسلام.[571]

برهان الدین دلو ئاماژە بە مصحفی عبدالله بن مسعود دەکا، و دەنووسێ یەکەم جار محمد، خۆی ئەو ئایەتەی ڕاگەیاندووە، گوتوویەتی (ان الدین عند الله الحنیفیة) لە جیاتی (إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ) [572]کەوەش بەو مانایە دێ، کە ئەو دینەی محمد و نەسڕیەکان خەریکی دروستکردنی بوون. بەردەوامییەکی ڕێبازی نەسڕی بووە. کە بەناوی حەنەفی ئیبراهیم، لە حیجاز موژدەی دەدا.

کێشەی ئەو ئایەتە هەر ئەوەندە نییە، بەڵکوو بنەڕەتی بیرۆکەی، زووتر لەلایەن حەنەفیەکان دووبارەکراوەتەوە. و لە شعرێکی أمیة بن أبي الصلت وەرگیراوە.

کە دەڵێ:

کل دین یوم القیامة عند الله إلا دین الحنیفة زور

هەر دینێک، ڕۆژی پەسلان لەلای خودا، بێجگە لە دینی حەنیفی ساختەیە. [573]

---

[571] عبدالکریم، خلیل (١٩٩٠) الجذور التاریخیة للشریعة الإسلامیة. ص ٢٣

[572] برهان الدین دلو (٢٠٠٤) جزیرة العرب قبل الإسلام، التاریخ الأقتصادي، الإجتماعي، الثقافي و السیاسي. الطبعة الثانیة. دار الفارابي. ص ٢٢٤

[573] هەمان سەرچاوە، ص ٣٨

مسعودي دەڵێ: أمية بازرگانی بۆ شام دەکرد، و شاعیرێکی ژیر بوو. لەوێ خەڵکی پەرستگاکانی جولەکە و نەسارِی دەبینین. پەرتووکی بەزمانی جیاواز دەخوێندنەوە. هەندێ خەڵک وەک نەبی سەیریان دەکرد، کە بۆ عەرەب هاتبێ. شیعرەکانی بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە دەستپێکی ئەفراندن، نەبیەکان، باسی ئاسمانەکان و زەوی و ڕۆژ و مانگ و فریشتانی دەکرد. باسی زیندووبوونەوە و بەهەشت و ئاگر بوون. ئەوەش نیشانەکانی ڕەسەنی دینی حەنیفی ئیبراهیمی بووین. لەوەش زیاتر، بەردەوام هاودەمی کەسانیتری حەنیفی وەک وەرقە کوڕی نۆفل و عبدالمطلب، و صيفي ابي الأسلت کوڕی قیس الأنصاری بوو. کە گشتیان پەیڕەوکاری ڕێبازی حەنیفی ئیبراهیمی بوون.[574]

بەپێی گێڕانەوەی بیۆگرافینووسان، ئەو کاتەی محمد منداڵ بووە. گرووپێکی یەهودی نەسارِی (حەنیفی) کاتی ڕەمەزان دادەهات، دەچوونە ئەشکەوتی حەرا ، لەوێ خوداپەرستیان دەکرد. لەوانە قەشە وەرەقە کوڕی نوفل، و أمية بنی أبي الصلت و هەروەها زید کوڕ ی عمر و کوڕ ی نفیل، کە دەکەتە مامی مامی عومەر کوڕی خەتاب، لەگەڵ ئەوانەش عبدالمطلبی باپیرەی محمد و آبی طالبی مامی. محمدیش لەگەڵیان دەچوو. و دەبووە هاودەمیان. لەو ڕێگایەوە ئاشنایەتی نزیکی لەگەڵ ئەو گرووپە دروستدەکا، بەتایبەتی قەشە وەرەقە و أمية. [575]

توێژەران دەڵێن، أمية یەکەم کەس بووە، لە ناو قورەیش، کە پەرتووکی بۆ خوێندنەوە دەکردەوە، دەیگوت (بسمک اللهم). کە دواتر لە ئیسلام کرایە (بسم الله الرحمن الرحيم) [576]

---

[574] ديوان أمية بن أبي الصلت، جمعه و قف على طبعه بشير بهموت، الطبعة الأولى ١٩٣٤، المطبعة الوطنية – بيروت، ص ٣ - ٦

[575] عبدالكريم، خليل (١٩٩٠) الجذور التاريخية للشريعة الإسلامية. ص ١٨

[576] ديوان أمية بن أبي الصلت، جمعه و قف على طبعه بشير بهموت، الطبعة الأولى ١٩٣٤، المطبعة الوطنية – بيروت، ص ٥ - ٦

هەندێ لە مێژوونووسانی ئەدەبی عەرەبی، خۆیان لەو باسە دەبوێرن. و بیانووی نەگونجاو دێننەوە. کە جێگای باوەڕکردن نییە. بەڵکوو مەبەستی سەرەکیان ئەوەیە، لە ئاستی بەرزی أمیة دابەزێنن. ئەوانە چەند وەڵامێکی ئامادەکراویان پێیە، کە بە دەیان و سەداجار دووبارە بوونەتەوە، بۆ نموونە:

کە ئیسلام پاشخانێکی دوور و درێژی، لە ووڵات هەبووە.

یان ڕەسەنایەتی ئەو شیعرانەی کە دەگەڕێندرێنەوە بۆ ئەم شاعیرە جێگەی پرسیارە، هەروەک شیعری هەندێک کەسی دیکەی پێش ئیسلام بە گشتی

لێرەدا دوو نموونە لەو بەرگریکەرانە، دێنینەوە:

یەک لەو مێژوونووسانە د. عمر فروخ، کە دەڵێ بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی أمیة لەناوچووین. تەنیا چەند شعرێکی لاواز نەبێ کە هیچ پێزیان تێدانییە.[577] دکتۆر عومەر دەبوایە وەک ئەکادیمیەک، بیری لەوە بکردبایەوە. ئەگەر نووسەری قورئان، ئەو شیعرە لاوازانەی دزیین، ئەی دەبێ شیعرە بە هێزەکانی چۆن بووبن. لێرە ئەوەندە بەسە کە شیعرەکانی لەناو دەقی ئایەتەکانی قورئان دەبینینەوە. و ڕاستەوخۆ دەشیانناسینەوە.

لەوەش سەیرتە دکتۆر شوقي ضیف، کە هاوکارێکی دکتۆر عومەرە. زۆر بە سادەیی دەڵێ ناوەڕۆکی شعرەکانی أمیة لە قورئان وەرگیراون. ئەو لێکدانەوەیەش بەو مانایەوەدێ، کە قورئان پێش أمیة هاتبێ. زۆر تەمەنی کۆنتربێ لە بانگهێژی محمد.[578] ئەوەی دکتۆر شەوقی لەبیری چووە یان خۆی لێدەبوێرێ، ئەوەیە کە أمیة هاوڕێ و هاودەمی عبدالمطلب و قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل بوو. واتە ئەو شیعرانەی، بە ماوەیەکی زۆر بەر لە بانگهێژی قورئان

---

[577] فروخ، د.عمر (١٩٤٨) تاریخ الأدب العربی. الطبعة الخامسة، دار العلم للملایین ص٢١٧ – ٢١٨

[578] ضیف، د. شوقی (بدون تاریخ)، العصر الجاهلی، الطبعة العاشرة - دار المعارف قاهرة ص ٣٩٥ – ٣٩٦

گوتوون. سەرەڕای ئەوە دیارە ئاگای لە ڕاڤەکردنی ئەو ئایەتەی خوارەوە نەبووە. کە نووسەری قورئان لەبەر گەورەیی أمیة دان بەوە دادەنێ کە خودا خۆی باسیکردووە. و نیشانەکانی خۆی پێداون. بەڵام شەیتان بەلارێیدا بردووە. ئەوەش زۆر لە ڕاڤەکارانی موسوڵمان، پشتڕاستی دەکەنەوە..

سورة الأعراف ٧: ١٧٥ – ١٧٦

وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ (١٧٥) وَلَوۡ شِئۡنَا لَرَفَعۡنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخۡلَدَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ إِن تَحۡمِلۡ عَلَيۡهِ يَلۡهَثۡ أَوۡ تَتۡرُكۡهُ يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۚ فَٱقۡصُصِ ٱلۡقَصَصَ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ (١٧٦)

هەواڵی ئەو کەسەیان پێ بدە، کە نیشانەکانی خومان پێدا. ئەو لە خۆی لێبواردن. ئەوسا شەیتان وەدووخۆیدا. و یەکێک بوو لە چەنەباز و سەرلێشێواوان (١٧٥) ئەگەر بمانویستایە، لەمانەڕا پایەبەرزیمان دەدایە. بەڵام ئەو هەر خۆی بە زەویەوە چەسپاند. نموونەی ئەوانە وەک ئەو سەگەیە بۆی بچی زمانی دەردێنێ، لێشی گەڕێی هەر زمانی دەردێنێ. ئەو چیرۆکە بەسەرهاتی ئەوانەیە کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانان. تۆ لەو شێوە باسانەیان بۆ بگێڕەوە. بەڵکوو بیرکەنەوە (١٧٦)

هەرچەندە هەندێک ناکۆکی لەسەر ئاڕاستەی ئەو ئایەتە لە ناو ڕاڤەکارانی موسوڵماندا هەیە. هەندێکیان دەڵێن مەبەستی بلعم بن أبر یان بلعم بن باعور بووە. هەندێکیتر دەڵێن مەبەستی أمیة بن ابي الصلت بووە.

الطبري دەڵێ ئەو ئایەتە، مەبەستی أمیة بووە. هەروەها عبدالله بن عمرو بن العاص و زید بن أسلم گوتوویانە، ئەو ئایەتە لەسەر أمیة بن أبي الصلت هاتووە. ئەوەش ابن کثیر و

قرطبي پشتڕاستی دەکەنەوە.[579]

ئەگەر نووسەری قورئان ئایەتێک لەسەر أمیة بێنێتەوە، دەبێ کەسایەتی أمیة کاریگەری لەسەری هەبووبێ. و زۆر کۆنتریش بووبێ. ئەگەر تەمەنی عبدالمطلب و وەرەقە کوڕی نۆفل ڕەچاو بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە أمیة زۆر پێش محمد و بانگهێژەکەی شیعری گوتووە. بۆیە ئەو نموونەی دکتور ضیف، ناتوانێ لۆژیکی بێ و ئاوەژۆکردنەوەی مێژووە.

دەرەئەنجامی لێکدانەوەی ئایەتەکە

یەکەم: ئەوەی لێرەدا گرنگە، کاتی ڕاڤەکارانی وەک طبري، ابن کثیر و قرطبي باسی ئایەتێکی مەککە دەکەن، کە دەبێ مەبەسەتی أمیة بێ، کەواتە شیعرەکانی زۆر لەپێش قورئان نووسیون. ناکرێ ئەو لە قورئانی وەرگرتبن، یانیش دەبێ أمیة خۆی پەیامبەر بووبێ، و ڕاستەوخۆ لە لەوحی محفوض وەریگرتبن.

دووەم: کە زۆر گرنگە ئایەتی قورئان دەقی جێگیر نەبووین، بێجگە لە ناسخ و مەنسوخ، ئەوە دەیسەلمێنێ محمد خۆی بەپێی کات و بەرژەوەندی ئایەتەکانی گۆڕیون یان دوای ئەو گۆڕدراون. ئەگینا چۆن الحنیفیة کرایە الإسلام!!

---

[579] الطبري. جامع البیان لتأویل القرآن. الجزء العاشر ص ٥٦٨ - ٥٦٩
ابن کثیر، تفسیر القرآن العضیم المجلد السادس ص ٤٤٩ - ٤٥٠
القرطبي الجامع لأحکام القرآن جزء السابع، ص ٢٨٠ - ٢٨١

سێیەم: کە لە دوو خاڵەکەیتر کەمتر نییە، ئەویش دزین، دزینی بیرۆکەی ئەو ئایەتە لە شعری أمیة، بەڵگەیە بۆ ئەوەی نووسەری قورئان باکی بەهیچ نەبووە. هەر شتێک، تەنیا لە بەرژەوەندی دابووبێ، هی خۆی بووین.

چوارەم: لەسەرەتادا دینەکەی محمد ناوی ئیسلام نەبووە، بەڵکوو زۆر دواتر ئەو ناوەی بۆ دۆزراوەتەوە.

چەند شیعری دیکەی أمیة،لە قورئاندا

هەندێ بەیتی شیعری أمیة کە بوونەتە سەرچاوە بۆ ئایەتی ١٠ سورەتی لوقمان لە قورئان.

إلهُ العالمينَ وكلَّ أرض	وربُّ الرّاسيات من الجبالِ
بناها وابتنى سبعاً شداداً	بلا عمدٍ يرين ولا رجالِ
و سوّاها وزيّنها بنور	من الشمسِ المضيئةِ والهلالِ
ومن شهب تلألأ في دُجاها	مراميها أشدّ من النصال
وشق الأرض فانبجست عُيوناً	وأنهاراً من العذب الزلالِ

سورة لقمان ٣١: ١٠

خَلَقَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا وَأَلْقَى فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دَابَّةٍ وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا فِيهَا مِنْ كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ (١٠)

ئاسمانەکانی بەبێ ئەستوونده‌گ، لەو بەرزییەوە وەدیهێنان. و شاخی بەرزی خستنە سەر زەوی، کە لەرزە بە ئێوە نەکا. و هەموو جۆرە زیندەوەرێکی تێدا بڵاوکردنەوە. و لە ئاسمانەوە ئاومان بۆ ڕژاندن، ک لەوێدا ، لە هەموو ڕووەکێک جووتێکی نایابمان ڕواندووە (١٠)

بە بەراوردێکی ناوەرۆکی ئەو شعرەی أمية بن ابي الصلت، لەگەڵ ئایەتی ژمارە ١٠ سورەتی لقمان، بۆمان دەردەکەوێ وەک ناوەرۆک دوو ڕووی هەمان پەیامن.

خلق الليل والنهار فكل مستبين حسابه مقدور

ثم يجلو النهار رب رحيم بمهاة شعاعها منشور

سورة الأنبياء ٢١: ٣٣

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ (٣٣)

و ئەوە کە شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگی دروستکردووە، هەر یەکێکیان لە خولگەیەکدا مەلە دەکەن (٣٣)

هەروەها ئەو بەیتە شیعرانەی لە سورەتی مریم ڕەنگدانەوەیەکی توندیان هەیە:

وَفي دينِكُم مِن رَبٍ مَريمَ آيةٌ مُنَبِّئَةٌ بِالعَبدِ عِيسى اِبنِ مَريمِ

اَنابَت لِوَجهِ اللهِ ثُمَّ تَبتَّلَت فَسَّبَحَ عَنها لَومةَ المُتَلَوِّمِ

فَلا هِيَ هَّمَت بالنِكاحِ وَلا دَنَت إِلى بَشرٍ مِنها بِفَرجٍ وَلا فَمِ

ولَطَّت حِجابَ البَيتِ مِن دُونِ أَهلِها تغَيَّبُ عَنهُم في صَحاريٍّ رِمرِمِ

يَحارُ بِها السارِي إِذا جَنَّ لَيلُهُ ولَيسَ وإِن كانَ النَهارُ بِمُعلَمِ [580]

سورة مريم ١٩: ١٦

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انْتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا (١٦) فَاتَّخَذَتْ مِنْ دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا (١٧) قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ

[580] ديوان أمية بن أبي الصلت، جمعه و قف على طبعه بشير بهموت الطبعة الأولى ١٩٣٤، المطبعة الوطنية – بيروت، ص ٥٨

بِالرَّحْمَنِ مِنْكَ إِنْ كُنْتَ تَقِيًّا (١٨) قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَامًا زَكِيًّا (١٩) قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا (٢٠)

وه له پەرتووکەکە ئاماژە بە مریەم بکە، کە لە کەسوکاری جیابۆوە لە شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی (١٦) بە دوور لەوان پەردەیەکی کرد، جا گیانی خۆمان کە لە مرۆڤێکی سەروسیما پێدراو بەرجەست ە کرد، بۆی نارد. (١٧) گوتی پەنا دەبەمە بەر ڕەحمان لە تۆ، ئەگەر تۆ کەسێکی خواترس بی (١٨) گوتی من نێردراوی خوداتم، هاتووم منداڵێکی پاک و بێگردت پێ ببەخشم (١٩) گوتی چۆن دەکرێ منداڵم هەبێ، وە هیچ مرۆڤێك دەستی لێم نەداوە، و من لەشفرۆش نەبووم. (٢٠)

الخيط الأبْيضُ ضوءُ الصبحِ مُنْفَلِقٌ
والخيطُ الأسْودُ لونُ الليلِ مكموم [581]

سورة البقرة ٢: ١٨٧

وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ (١٨٧)

بخۆن و بخۆنەوە تاکوکوو لە بەرەبەیان، هێڵی سپیتان بۆ هێڵی ڕەش دەناسنەوە، ئینجا بەڕۆژووبوون تەواوکەن تاوەکوو شەو (١٨٧)

ئەگەر بە ووردی بەناو شیعرەکانی أمية بن أبي الصلت دا بگەڕێین، بۆمان دەردەکەوێ کە شیعرەکانی سەرچاوەی زۆر گرنگ بووین بۆ نووسەری قورئان. ئەگەریش وەک دکتۆر عمر فروخ دەڵێ زۆر شیعرەکانی لە ناوچووین، ئەوەش بەو مانایەدێ، قورئان ماڵێ وێرانە و هیچی

[581] هەمان سەرچاوە ص ٥٩

تێدا نامێنێ.[582]

بەراوردێکی نێوان شعرەکانی أمية بن أبي الصلت و ئایەتەکانی قورئان

أمية بن أبي الصلت	القرآن
خلق الليل والنهار فكل * مستبين حسابه مقدور ثم يجلو النهار رب رحيم * بمهاة شعاعها منشور	وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ (الأنبياء ٣٣)
لم تغن عن هرمز يوماً خزائنه *والخلد قد حاولت عاد فما خلدوا ولا سليمان إذ تجري الرياح به * والجن والإنس فيما بينها مرد أين الملوك التي كانت لعزتها * من كل أوب إليها وافد يفد حوض هنالك مورود بلا كذب * لا بد من ورده يوماً كما وردوا	وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ عَاصِفَةً تَجْرِي بِأَمْرِهِ إِلَى الأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَكُنَّا بِكُلِّ شَيْءٍ عَالِمِينَ (الأنبياء ٨١)
مليك على عرش السماء مهيمن * لعزته تعنوا الوجوه وتسجد	وَعَنَتِ الْوُجُوهُ لِلْحَيِّ الْقَيُّومِ ۖ وَقَدْ خَابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْمًا (طه ١١١)
أم من تلظى عليه واقدة النار * محيط بهم سرادقها إنا اعتدنا للظالمين ناراً * أحاط بهم سرادقها أم اسكن الجنة التي وعد * الأبرار مصفوفة نمارقها	وَأَكْوَابٌ مَّوْضُوعَةٌ (14) وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ (15) (الغاشية).

[582] فروخ، د.عمر (١٩٤٨) تاريخ الأدب العربى. الطبعة الخامسة، دار العلم للملايين ص217-218

إمرؤ القيس

امرؤ القيس یەک لە شاعیرە مەزنەکانی سەردەمی جاهیلی بووە. ساڵی ٥٤٠ س.ب مردووە. واتە ٣٠ ساڵ بەر لەدایکبوونی محمد. امرؤ القيس کوڕی حجر الكندي و ناوی خۆی (حُندج) بووە. و یەک لەو شاعیرانەیە کە خاوەنی حەوت معلقاتی بەناوبانگە. نووسەری قورئان هەر لەتەمەنی گەنجی بۆ بازرگانی هاتوچۆی شامی دەکرد. و لەوێ بە هاودەمی لەگەڵ قەشەکانی یەهودی نەساڕی وەک بحیرا، ئاشنایی لەگەڵ ئەدەبی ئەو دەمە پەیداکرد. بەتایبەتی شیعرەکانی امرؤ القيس. کاریگەری شیعرەکانی امرؤ لەسەر محمد ئەوەندە بەهێزبوو، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەناو ئایەتەکانی قورئان ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەش چەند نموونەیەک و بەراوردکردنیان:

شیعری امرؤ القيس

دنت الساعةُ وانشقَّ القمر — عن غزالٍ صاد قلبي ونفر

أحور قد حرتُ في أوصافه — ناعس الطرف بعينيه حَوَر

مرَّ يوم العيد في زينته — فرماني فتعاطى فعقر

بسهامٍ من لِحاظٍ فاتكِ — فتَرَكْني كهشيمِ المُحتظِر

وإذا ما غاب عني ساعةً — كانت الساعةُ أدهى وأمرّ

كُتب الحسنُ على وجنته — بسَحيق المِسْك سطراً مُختصَر

عادةُ الأقمارِ تسري في الدجى — فرأيتُ الليلَ يسري بالقمر

بالضحى والليلِ من طُرَّته — فَرْقه ذا النور كم شيء زَهَر

قلتُ إذ شقَّ العِذارُ خدَّه دنت الساعةُ وانشقَّ القمر[583]

سورة القمر ٥٤: ١ – ٨

اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ (١) وَإِن يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ (٢) وَكَذَّبُوا وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءهُمْ وَكُلُّ أَمْرٍ مُّسْتَقِرٌّ (٣) وَلَقَدْ جَاءهُم مِّنَ الْأَنبَاء مَا فِيهِ مُزْدَجَرٌ (٤) حِكْمَةٌ بَالِغَةٌ فَمَا تُغْنِ النُّذُرُ (٥) فَتَوَلَّ عَنْهُمْ يَوْمَ يَدْعُ الدَّاعِ إِلَى شَيْءٍ نُّكُرٍ (٦) خُشَّعًا أَبْصَارُهُمْ يَخْرُجُونَ مِنَ الْأَجْدَاثِ كَأَنَّهُمْ جَرَادٌ مُّنتَشِرٌ (٧) مُّهْطِعِينَ إِلَى الدَّاعِ يَقُولُ الْكَافِرُونَ هَذَا يَوْمٌ عَسِرٌ (٨)

کاتەکەی نزیکبۆتەوە، و مانگ دوولەت دەبێ (١) و هەرکە نیسانەیەک ببینن بڕوا نەکەن، و دەڵێن جادووە، و بەردەوام هەبووە (٢) و نکۆڵیان کردووە، و بەدوای هەوەسەکانیان کوتوون، و هەموو شتێک سنووری خۆی هەیە (٣) و لەو هەوالانەی بۆیان هاتووە، ئەوەندەی تێدایە، کە ڕایانچڵەکێنێ (٤) ئەو پەڕی ژێرمەندیان تێدایە، کەچی ئاگاداری سوودێ بۆیان نییە (٥) دە تۆ وازیان لێبێنە، بۆ ڕۆژێک، کە بانگدەر بانگیان دەکا، بۆ شتێکی ناخۆش (٦) چاوشۆڕ لە گۆڕەکانیان دەردەکەون، وەک ئەوەی کوڵڵە بن بڵاوبینەوە (٧) بە شلەژان و خێرایی دەڕۆن، بۆ لای بانگدەرەکە، کافرەکان دەڵێن ئەوڕۆ ڕۆژێکی سەختە (٨)

هەروەها ووشە یان ڕستەش لەناو ئاتەکانی قورئان دووبارە بوونەتەوە:

فتعاطى فعقر...

سورة القمر ٥٤: ٢٩

فَنَادَوْا صَاحِبَهُمْ فَتَعَاطَى فَعَقَرَ (٢٩)

[583] ديوان امرئ القيس، تحقيق محمد أبو الفضل إبراهيم. الطبعة الرابعة ١٩٥٨

بانگی هاوڕێیەکیان کرد، ئەوەبوو وەڵامی دانەوە، و ووشترەکەی هەڵزڕاند (٢٩)

(كشهيم المحتضر) ...

سورة القمر ٥٤: ٣١

إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَكَانُوا كَهَشِيمِ الْمُحْتَظِرِ (٣١)

ئێمە تەنیا یەک گرمەمان نارده سەریان، بوونە پووشوو پەڵاش (٣١)

هەروەها

بالضحى والليل

سورة الضحى ٩٣: ١ - ٢

وَالضُّحَى (١) وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى (٢)

سوێند بە چێشتەنگاو (١) و سوێند بە شەو، کاتێک باڵدەکێشێت (٢)

امروالقيس:

يتمنى المرء فى الصيف الشتاء حتى إذا جاء الشتاء أنكره

فهو لا يرضى بحال واحد قتل الإنسان ما أكفره

سورة العبس ٨٠: ١٧

قتل الانسان ما اكفره (١٧)

مرۆڤ بە کوشتن چی، چی وایلێکرد کافر بی (١٧)

امرؤ القيس:

إذا زلزلت الأرض زلزالها وأخرجت الأرض أثقالها
تقوم الأنام على رسلها ليوم الحساب ترى حالها
يحاسبها ملک عادل فإما عليها وإما لها

سورة الزلزلة ٩٩: ١ - ٢

إذا زلزلت الأرض زلزالها (١) وأخرجت الأرض أثقالها (٢)

كه زەوی لەرزی، لەرزینەرەكەی (١) و زەوی قورسایيەكانی كردە دەرەوە (٢)

إمرؤ القيس:

اقبل العشاق من خلفه كأنهم من كل حدب ينسلون , وجاء يوم العيد في زينة لمثل ذا فليعمل العاملون

سورة الصافات ٣٧ : ٦١

لمثل هذا فليعمل العاملون (٦١)

بۆ شتێكی وەک ئەوە، با كرێكاران كار بكەن (٦١)

بەراوردێكی برگە شيعريەكانی إمرئ القيس لەگەڵ ئايەتی قورئان

امرئ القيس	القرآن
دنت الساعة و انشقت القمر	٥٤: ١ اقتربت الساعة و إنشق القمر
فرمانی فتعاطی فعقر	٥٤: ٢٩ فنادوا صاحبهم فتعاطی فعقر
فر عنی كهشيم المحتظر	٥٤: ٣١ فكانوا كهشم المحتضر
بالضحی و الليل من طرته	٩٣: ١- ٢ و الضحی و الليل إذا سجی

كأنهم من كل حدب ينسلون	٢١: ٩٦ حتى إذا فتحت يأجوج و مأجوج وهم من كل حدب ينسلون
لمثل ذا فليعمل العاملون	٣٧: ٦١ لمثل هذا فليفعل العاملون

له كۆتاييدا

بۆ گاڵته دەگێڕنەوە، جارێكيان فاتيمەی كچی محمد ئايەتێكی قورئانی دەخوێندەوە (اقتربت الساعة و إنشق القمر) لەو كاتە يەك لە كچە نەوەكانی شاعير لەوێ دەبێ. و دەڵێ: ئەوە دێرێكی شيعری باپيەرەمە. باوكت دزيويەتی. و وای بڵاوكردۆتەوە، كە لای خودا بۆی هاتووە.

زيد بن نفيل

زيد بن نفيل بە چەند بەيتێك باسی لەدايكبوونی كريستی كوڕی مريەم دەكا.

فقالت مريم : أنى يكون ولم أكن بغياً ولا حبلى ولا ذات قيم، فقال لها: إني من الله آية وعلمني والله خير معـلم، وأرسلت ولم أرسل غويا ولم أكن شقيا ولم أبعث بفحش ومأثم..

سورة مريم: ١٩: ٢٠ - ٢١

قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا (٢٠) قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَقْضِيًّا (٢١)

گوتی چۆن دەکرێ منداڵم هەبێ، وە هیچ مرۆڤێك دەستی لێم نەداوە، و من لەشفر ۆش نەبووم. (٢٠) گوتی ئەوهایە خوداکەت گوتی ئەوە ئاسانە بۆ من، و بۆ ئەوەی بیکەینە نیانەیەک، بۆ خەک و ڕەحمەتێك لە ئێمەوە، و ئەوە شتێکی بڕیار لەسەر دراوە. (٢١)

شاعیر رؤبة بن العجاج:

رؤبة بن العجاج شیعرێکی بە خەیاڵی خۆی لەسەر ئەفسانەی چیرۆکی فیل نووسی، کەچی دواتر بووە سوورەتێکی قورئان.

ومسهم ما مس أصحاب الفيل ترميهم بحجارة من سجيل،
ولعبت بهم طير أبابـيل فصيروا مثل عصف مأكول !!

القرآن في سورة الفيل ١٠٥: ١ - ٥

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ (١) أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ (٢) وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ (٣) تَرْمِيهِمْ بِحِجَارَةٍ مِنْ سِجِّيلٍ (٤) فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَأْكُولٍ (٥)

ئەی نابینی، خوداکەت چی بە خاوەن فیلەکان کرد (١) پیلانەکەیانی لەبار نەبرد (٢) و باڵندەی ئەبابیلی نارده سەریان (٣) بەردی سوورەوەکراوی، تێگرتن (٤) کردنیە پووش و پەڵاسی خوراو (٥)

ئەوەش گشت ڕێگای نکۆڵیکردن لەسەر کاریگەری شیعر و ئەدەبی جاهیلی لەسەر دەقەکانی قورئان دەبڕێتەوە. و بەڵگەیەکی بنبڕە بۆ کاریگەری ئەدەبی عەرەبی پێش ئیسلام لەسەر

نووسەری قورئان، هەروەک کاریگەری دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و دین و دەروونیەکانیتر ژینگەی پەروەردەبوونی.

لەیەکچوونەکانی ناوەورۆکی شیعرەکانی شاعیرانی عەرەبی پێش ئیسلام، و کاریگەری کەسایەتیان و باوەڕیشیان شتێکی بەڵگەنەویستە. لەلایەکیتریش شیعر و شاعیرانی عەرەب، نزیکەی دووسەد ساڵ، پێش نووسەری قورئان، و دەرکەوتنی ئیسلام هەبووین. بۆ نموونە إمرؤ القیش سی ساڵ بەر لە لەدیکبوونی محمد مردووە. ناکرێ ئەو یان أمیة، دەق قورئانیان بۆ شیعرەکانیان وەرگرتبێ.[584]

پوختەی باس

ئەدەب و هوشیاری کۆمەڵایەتی کە لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی س.ب لە دوورگەی عەرەبی دەستی پێکرد. هەرچەندە ئەو ماوەیە لە ناو مێژوو و کەلەپووری ئیسلام، بە سەردەمی جاهلی ناسراوە. کەچی بە پێچەوانەوە، دەبێ بە سەردەمی زێڕینی هوشیاری لە دوورگەی عەرەبی دابنرێ. بە دەستپێکردنی ئەو قۆناغە، تەکانێکی مەزن بە ئەدەب و هوشیاری و بیرکردنەوەی هەڵبژاردەی کۆمەڵگە درا. ئەو تەکانەش لە بوارەکانی بازرگانی، کولتووری، ئەدەبی و دین لە دوورگەی عەرەبی بەگشتی و حیجاز بە تایبەتی بوو.

ئەو سەردەمە، لەبواری ئەدەبی، بە چەرخی زێڕینی ئەدەبی عەرەبی دەژمێردرێ. کە تەمەنی نزیکە سەد و پەنجا تا دوو سەد ساڵ دەبوو. و تا سەرهەڵدانی ئیسلام هەر بەردەوام بوو.

---

[584]ضیف، د. شوقی (بدون تاریخ)، العصر الجاهلی، دار المعارف قاهرة ص ٣٩٥ – ٣٩٦

بێگومان ئەو پێشکەوتنە وا لە خۆیەوە نە هاتووە. بەڵکوو هۆکاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی هەبووە.

بەر لە سەردەمی جاهیلی، ناوچەکانی حیجاز وەک بیابانێکی دابڕاو. لەلای باشووری یەمەن. و لەلای باکووری شام و میسۆپۆتامیا بوون. هەر دوولایان ئەوەندە دوورەدەست بووین، کە بە هەزاران ساڵ بێجگە لە ڕەوەند (بدوي) زیاتری تێدا نەژیاوە. باشە ئەو هوشیارییە نەتەوەیی و بازرگانی و ئەدەبی و دینییە، لە ناکاو لە کوێوە هات؟

وەڵامەکەی دەتوانرێ بەم شێوەیە بێ: بە درێژایی تیپەڕبوونی کات، دوو گرووپی سەرەکی کۆچبەر لە مەدینە نیشتەجێ بووین.

گرووپی یەکەم: دوای تێکشکانی ڕاپەڕینی جولەکە و کەوتنی ئۆرشەلیم، لە ساڵی ٧٠ س.ب. زۆر خەڵکی جولە، لە ترسی ڕۆمانەکان، دەستیان بە کۆچ بۆ شوێنی دوورەدەست کرد. دوو لەو شوێنانەش دوورگەی عەرەبی و یەمەن بوون. هەندێک لەو کۆچبەرانە لە یەتروب گیرسانەوە. وەک مەزەندە دەکرێ ژمارەی ئەو جولەکانە زیاتر لە ٢٠ بنەماڵە دەبوون.

گرووپی دووەم: هۆزەکانی عەرەبی یەمەن بوون. کە لە سەدەی دووەمی س.ب، دوای تێکشکانی بەنداوی مأرب بەرەو باکوور کۆچ و ڕەویان کرد. لەو کۆچبەرانە هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج لە یەتروب گیرسانەوە. هەورەها ئوزد و خەزاعە هەنگاو بە هەنگاو مەککەیان بۆ یەکەمین جار ئاوەدانکردەوە. [585]

بەڵام ناوچەی ئێستای مەککە، کە بە تێکڕای ساڵانە ٤،٣ ئینج بارانی لێ دەبارێت (١١ سم) .بەهۆی بەرزی پلەی گەرمی بیابان و بارودۆخی بێ بەرهەمەوە. ئەستەم بوو، بۆ ئەوەی

[585] Gibson، Dan (2011) Qur'ānic Geography. Pp. 216

هیچ ڕووەکێک لێ گەشە بکا، چ جای گەشەپێدانی خۆراکی پێویست بۆ پشتگیریکردنی دانیشتووانێکی زۆر. بۆیە هەرچەندە هۆزەکانی ئوزد و خەزاعة لەو ناوچەیە گیرسابوونەوە، کەچی تا ماوەیەکی زۆر دوور ئاوەدانی نەبوو. و هەروەک شوانکارە و ڕەوەند (بدوي) دەژیان[586]

بە کۆچی نەسارییەکان بۆ ناوچەی مەککە و حیجاز، هوشیاری تەکانێکی پێدرا، بووە بنەڕەتێک بۆ پەرەدان بە ئەدەب و شیعر لەلایەک، و لەلایەکیتر بازراگانی و هامووشۆ لە نێوان شام و دوورگەی عەرەب تا دەگاتە یەمەن. نەسارییەکان لەو کاتەدا، لەسەردەمی زێڕینی شارستانی، لە ناوچەکانی شام وەک پێترا و بوسری و لازقیە و بیابانی سینا دەژیان. و خاوەنێ کولتوور و کەلەپوورێکی مەزنی مێژووبی بوون. بەڵام دوای تێکشکانی دەوڵەتی تەدمور. و بەدیلگیرانی زەنوبیەی شاژنی تەدمور (٢٤٠ – ٢٧٤ س.ب)، نەسارییەکان شوێنیان پێ لەق بوو. زۆر لەوانە بەدوای شوێنێکی دوور لە دەستەڵاتی بێزەنتی دا دەگەڕان. باشترین شوێن کە بتوانن کۆچی بۆ بکەن، بیابانی حیجاز بوو. هەر بە کۆچی نەسارییەکان لە شامەوە، سەردەمی جاهیلی دەستی پێکرد، بەتایبەتیش لە بواری ئەدەبی و بازرگانی.[587]

شتێکی تری سەرنج ڕاکێش سەبارەت بە پەرستگای مەکە هەیە. پەرستگای مەککە یان کەعبة، کە بۆ یەکەم جار لەلایەن قصی بن کلاب نزیکەی ٢٠٠ ساڵ بەر لە دیارکەوتنی ئیسلام دروستکرا، ناوی (رب البیت)ی لێنرا. واتە خاوەن ماڵ. ئەو ووشەیە (خاوەن ماڵ) لە ناو عەرەبانی پێش ئیسلام یان جاهیلی، تەنیا هەڵگری ناوی (خودا بوو). ئەوەش نەک ئێل، ئیلاه، یەهوا، بەڵکوو تەنیا خاوەن ماڵ. ئەوەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە کەعبە ئەو تەمەنە درێژەی نییە. و ناوەکەشی دوای پێناسەی عەرەبی عەدنانی هاتووە. و کەعبەش. [588]

---

[586] Ibid. Pp 234

[587] حسين العودات (١٩٩٢) العرب النصارى، عرض تاريخي. دمشق، الأهالي للطباعة ق النشر و التوزيع. ص ١١٣

[588] فريحة، د. أنيس، ملامح واساطير ص ١٥٩ - ١٦٠

ئەو دیاردەیەش، هەر لە دەستپێکردنی کۆچی نەسارِیەکان. لە شامەوە بۆ حیجاز، بە هۆی ئاستی شارستانیەتی و هوشیاری و جیهانبینیان. سەرەتای سەردەمێکی نوێ لە حیجاز و ناوچەکانی تری دوورگەی عەرەبی دەستی پێکرد. ئەو چالاکیانەی نەسارِیەکانیش لە بواری بازرگانی و ئەدەبی و پەیوەندی لەگەڵ شام و میسۆپۆتامیا، لەلای باشووریش، پەل هاویشتن بۆ یەمەن تا دەگاتە هیند.[589]

بازرگانەکانی مەککە، بە گشتی لە هۆزی قورەیش بوون، کە باوەڕی نەسارِی تێدا چەکەرەی کردبوو. و چەندین بنەماڵە دەستیان بە بازرگانی کردبوو. بەڵام هاشم بن عبد مناف، باوکی عبدالمطلب یەک لە گەورەترین و دەوڵەمەنترین بازرگانی مەککە بوو. و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ دەستەڵاتداری بێزەنتی لە شام هەبوو. و پەیمانێکی لەگەڵ ئیمپراتۆری بێزەنتی بەست، کە بریتی بوو لە نامەیەک کە هەر یەک لە بازرگانانی مەککە بێنە شام پارێزراون. ئەوەش وایکرد.[590]

بازرگانی قورەیش، لە سەرەتادا سنووردار بوو، لە سنووری ناوچەی مەککە و تائف و یەترب و هتد، تێ نەدەپەڕاند. بەڵکوو بازرگانی بیانی (عجم) کاڵای بیانیان دێنان. و دەیانفرۆشتنە عەرەبەکانی ناوچە. عەرەبەکانی ناوچەش وەک بازرگانی خۆجێی مامڵەتیان، بەو کاڵایانەوە دەکردن.[591]

لە دوای ئەویش عبدالمطلبی کوڕی و لە هەر هەمووشیان گرنگتر نەجیبزادەی بازرگانی

---

[589] حسين العودات (١٩٩٢) العرب النصارى، عرض تاريخي. دمشق، الأهالي للطباعة ق النشر و التوزيع. ص ١١٤

[590] الأمام محمد بن يوسف الصالح الشامى. سبيل الهدى و الرشاد في سيرة خير العباد. الجزء الأول ص ٣١٦ - ٣١٧ ، عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة المركزية. الطبعة الثانية، سيناء للنشر. قاهرة. مض. ص ٥٢

[591] الصفراني، رياض رحيم حسين (٢٠١٧) هاشم بن عبد مناف. دراسة في سيرته الشخصية. الطبعة الأولى. العراق كربلاء المقدسة العتبة الحسينية المقدسة. قسم شؤن الفكرية و الثقافية.ص ١٩٦

قوڕەیش خەدیجە کچی خوەیلد بوو. کە بازرگانییەکەی بە تەنیا بەقەد نیوەی بازرگانی قوڕەیش بوو.[592]

لە بواری شیعریشەوە، أمية بن أبي الصلت، کە خۆی خەڵکی مەککە بوو، بەرزترین پایەی شیعری هەبوو، و زۆر لە نووسەری قورئان نزیکبوو. و زۆرترین لە شیعرەکانی، لە ناو ئایەتەکانی قورئان دووبارە بوونەتەوە. تا ئەو ئاستەی هەندێ توێژەر، پێیان وایە قورئان لەسەر زمانی محمد دووبارەکردنەوەی شیعرەکانی (أمية بن أبي الصلت)ە.

گرنگی بابەتی شیعرەکانی أمية لەوەدایە، کە بە هۆی پەیوەندی نزیکی ڕاستەوخۆی، لەگەڵ ئیسلام و محمد هەبووە. بە پێی سەرچاوەکانی ئیسلام، یەک لەو حەنەفیانە بووە لەگەڵ عبدالمطلب، دواتریش أبي طالب چۆتە خەڵوەت. لە ئەشکەوتی حەرا و محمدیش وەک هەرزەکارێک، بەشێوەیەکی بەردەوام هاوەدەمیان بووە.

شیعرەکانی أمية بە شێوەیەکی فراوان لەناو خەڵکی بڵاو بووبوونەوە. محمدیش زۆر ئارەزووی بیستنی دەکردن. و هەمیشە داوای دەکرد زیاتری گوێ لێبن. [593]

ئەوەش وەڵامی دوو پرسیاری گرنگ دەدەنەوە:
یەکەمیان: نەسارِیەکان بزوێنەری هوشیاری شارستانی و ئەدەبی بووین، لە دوورگەی عەرەبی. توانیان لە ڕێگای دین و ئاستی بەرزی شیعری جاهیلی، دوورگەی عەرەبی لە کۆمەڵگەیەکی ڕەوەند (بدوي) دوور لە شارستانی، بگەیێننە ئاستی کۆمەڵگەکانی شام میسۆپۆتامیا. خۆ ئەگەر دین و ئاستی زیرەکی ئەو قەشە و ڕەبەنانە نەبوایە، ڕەنگە کارێکی

---

[592] حسين العودات (١٩٩٢) العرب النصارى، عرض تاريخي. دمشق، الأهالي للطباعة ق النشر و التوزيع. ص ١١٤

[593] الذيب، دكتور سامى. شعر الجاهلي فى القرآن. حوار المتمدن عدد ٤٦٤٥ بتاريخ ٢٧ – ١١ - ٢٠١٤

ئەستەم بوایە.

دووەم: لە مەککە بوتپەرست نەبووین. و لە ناوچەی مەککە، مەدینە و تائف دینی یەکتاپەرستی هەبووە. بەڵگەی ئەوەش لە مەککە و مەدینە و تائف دێر و پەرستگای دینەکانیتر هەبووین. لەوانە جولەکە، نەسارِی و سابئي، هەروەها لە یەتروب کریستیانی رِێبازی یاقوبی هەبووین. بە تایبەتی لە مەککە کەسانی وەک قەشە وەرەقة بن نوفل و أمیة بن أبي الصلت و عبدالمطلب کە هەم یەکتاپەرست، و هەم گەورە و دەستەڵاتدار بووین لە مەککە. ئەوەش دەیسەلمێنێ کە نە مەککە بوتی لێبووین و نە محمد بوتی شکاندوون.

سێیەم: شیعری جاهیلی، بە شێوەیەکی گشتی شیعری خوداپەرستییە. و بەتاڵە لە کفر. رِەنگدانەوەی هزری ئایدیۆلۆژی، وگوزارە دینییەکانی نەسارِی، کریستیانی و جولەکە لە ناو دقەکانی شیعری جاهیلی دەدۆزرێنەوە. تا دەگاتە ئەوەی نووسەری قورِئان، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا. هەندێک لەو شیعرانە، لە ناو ئایەتەکانی قورِئان دووبارە بوونەتەوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین: خودا پەرستی مەککەی بەر لە ئیسلام، هەمان خودا پەرستی محمد بوو. هەر ئەوانیش (نەسارِیەکان) بەتایبەتی قەشە وەرەقە بن نوفل رِاستەو خۆ. و حەنەفیەکانی تر نارِاستەوخۆ بەشداری، یان کاریگەریان لە سەر دروستبوونی ئیسلام هەبووە. هەر ئەوانیش، کاریگەریان لەسەر یەکگرتنی گشت رِێبازەکانی نەسارِی هەبوو. کە لە ئەنجامدا ببێتە ئەو دینەی محمد دروستیکرد و بە ئیسلام ناوی دەرکرد. [594]

ئەو دەربڕینە مانای ئەوە نادا کە کاریگەری دینەکانی تری لەسەر نەبووبێ. رِەنگە کەم یا زۆر کاریگەری جولەکەشی لە یەترب هەبووبێ. هەروەها کاریگەری کریستیانی لە یەمەن. یان لە باکوور لە حیرە و بوسری. لە ناوچەکانی نەجد، ئال کندة هۆکار و پالنەربوون.

---

[594] علی، دکتور جواد، مفصل فی تاریخ العرب قبل الإسلام جلد ٥، ص ٤٢٨

بە شێوەیەکی گشتی، هەر لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام، دوورگەی عەرەبی پڕبوو لە هزری یەکتاپەرستی، بیروڕای جیاواز لەسەر خودا و ئاکارەکانی. زۆر ووشە و چمک لەسەر خودا و یەکتاپەرستی سەردەمی جاهیلی، لە قورئان و مێژووی ئیسلام، وەک دووبارەبوونەوەیەک بەکارهاتوون. و تا ئێستا لە ناو باوەڕدارانی موسوڵمان بەردەوام بەکاردین. وەک: أسلمت، سنة، شريعة، وحي، جهنم، حلال، حرام، شفاعة، مصحف، الله اكبر و زۆریتر. [595]

بە گشتی کۆچی نەسارییەکان، تەنیا کاروانێکی دەربەدەری نەبوو، بۆ دوورگەی عەرەبی. بەڵکوو گواستنەوەی شارستانی شام و ئیسرائیل بوو. و لە دوورگە بووە سەرچاوەی هوشیاری دینی، کۆمەڵایەتی بەگشتی لە سەرتاسەری حیجاز و دوورگەی عەرەبی.[596]

نەسارییەکان دوای شکەستیان لە شام. و جێگیربوونیان لە حیجاز، بۆ گەیشتن بە دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی. گشت هەوڵێکیان لە ڕێگای هوشیاری دینییەوە دەدا. ئەوەش تەنیا بۆ گەیشتنە ئاستی دەستەڵاتێکی دینی و کۆمەڵایەتی، تا بتوانن حیجاز بکەنە پێگایەک بۆ بەردەوامی لە خەونی ڕزگارکردنی ئۆرشەلیم و چاوەڕوانی گەڕانەوەی کریست. بۆ ئەوەش ناوی حەنەفیان وەک ئامرازێکی کاریگەر، لە ناو خەڵک بەکار دێنا.

---

[595] الذيب، دكتور سامي. شعر الجاهلي فى القرآن. حوار المتمدن عدد ٤٦٤٥ بتاريخ ٢٧- ١١- ٢٠١٤

[596] حسين العودات (١٩٩٢) العرب النصارى، عرض تاريخي. دمشق، الأهالي للطباعة ق النشر و التوزيع. ص١١٤

شاری مەککە پیرۆز نیە!

هەرچەندە لە سەرجەمی کەلەپووری ئیسلام مەککە بە شاری پیرۆز ناودەبرێ. کەچی هیچ بەڵگەیەکی جێ متمانە نییە، ئەو دەربڕینە پشتڕاست کاتەوە. لە جیاتی ئەوە شاری پیرۆز، گشت نیشانەکانی لەگەڵ پێترا دەگونجێ.

بەپێی بەڵگەی شوێنەوارناسی، دەبێ پێترا بووبێ، نەک مەککە. دوای سەد ساڵ لە تێپەڕبوونی پەیامبەری ئیسلام. واتە لەسەردەمی عەباسیەکان، گوندی مەککە، لە سعودیە کرایە شاری پیرۆزی ئیسلام. لە یەکەم هەنگاو ڕەنگە مرۆڤ باوەڕ نەکا. بەڵام دان گیبسن بە بەڵگەی شوێنەوارناسی و مێژووپی، بە شێوەیەکی دۆکومێنت و ڕوونکرنەوەی لۆژیک، گومان بۆ ئەو بۆچوونەی ناهێڵێتەوە.

سورەتی آل عمران ٣: ٩٦

إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَـٰلَمِينَ (٩٦)

یەکەم ماڵ کە بۆ خەڵك دانرا، ئەوەیە لە بەککە، پیرۆز و هیدایەتە بۆ خەڵك. (٩٦)

ئەو ئایەتە باسی کەعبە (بیت) ماڵ دەکا. بەڵام باسی ئەوە ناکا ئەو کەعبە و بەیتە لە کوێیە.

پارتیشیا کرۆن لە پەرتووکی بازرگانی مەککە و سەرهەڵدانی ئیسلام ڕای وایە:

له سەرجەمی ئەدەبیاتی ئیسلام سەبارەت بە مەککە. و شێوەی باسکردنیان، لەگەڵ جوگرافیای هەڵکەوتنی شاری مەککە یەک ناگرێتەوە. بۆ نموونە ئەدەبیاتی ئیسلامی سەرەتا بە (شاری پیرۆز) یان (دایکی گوندان) ناوی دەبا. بە پێی ئەو دوو ناوە، دەبێ ئەو شارە زۆر گەورەبێ. بە دەیان جێگای خۆش و ئاپوورەی خەڵکی تێدابێ، کە جێگای سەرسوورمان بن. تەنانەت لە زۆربەی سەرچاوەکان شاری پیرۆز، بە رێگای ناوەندی بازرگانی دادەنرێ. خەڵکی مەککەش بە بازرگانی گەورە و خاوەن کاروانی هەزاران ووشتر مەزەندە دەکرا. یەک لەو بازرگانە گەورانە مامی نەبی محمد، أبی طالب بووە. کە بە شێوەی بەردەوام کاروانی گەورەی ناردوونەتە شام. جاروباریش خۆی لەگەلیان چووە.

سەرەڕای ئەو هەموو نەگونجانەی مەککە. چ لە رێی ئاوەدانی، یان ژینگەی جوگرافی لەگەڵ دەقەکانی قورئان، و سەرچاوە مێژوویەکان. هێشتا موسوڵمانان لەسەر ئەوە سوورن، کە ئەو شارە دەبێ مەککە بووبێ. و ئەو ناوەندی بازرگانیەش بووە کە باسدەکرێ. پاتریشیا کرۆن دەڵێ:

مەککە شوێنێکی ووشکانی قاڕ بووە. شوێنی وا ووشکانیش بە سروشتی خۆی نابێتە وێستگەی وا مەزنی کاروانی بازرگانی.

لەلایەکیتر، ئەگە مەککە ئەو شارە مەزن و دێرینە بوایە، دەبوایە ناوی لە نەخشەو تۆمارە کۆنەکان هەبووایە. رەنگە گوندێک یان هەوارێکی رەوەندە بەدەویەکانی عەرەب بووبێ. لەبەر ئەوەی لە نەخشەکانی کۆنی وەک پتۆلیمۆس، کە شارە گرنگ و بەناوبانگەکان تۆمارکراون. کەچی مەککە نادۆزینەوە.

مەککە وەک شوێنی ئاوەدانی، لەدوای ساڵی ٩٠٠ س.ب ناوی بەدەرکەوت. کە دەکاتە ٢٦٨ ساڵ دوای مردنی محمد.

گیبسن لە سەردانێکی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وا ڕێک دەکەوێ، کاتی حەج دەبێ. لەگەڵ چەند حاجیەک، کەلە حەج گەڕابوونەوە. سەبارەت بە سروشتی مەککە و دەرورو بەری، گفتوگۆیان لەگەڵ دەکا. و بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

> من بۆ یەکەمجار لەوە ئاگادار بوومەوە، کە ئەمە پرسێکە کاتێک قسەم لەگەڵ موسڵمانە باوەڕدارەکان دەکرد. ئەوان لە یەکەم گەشتی حەجیان گەڕابوونەوە. هەندێکیان سەرسوڕمانی خۆیان لە بچووکی شاخەکانی مەککە و دوورییان لە شارەکە پیشاندەدا. و گومانی خویان سەبارەت بە مەککە دەردەبڕی. بە جۆرێک، لەوە بێهیوا بوون، کە مەککە دیمەنی ئەو شارە نییە ئەوان، کاتی خوێندنەوەی قورئان و حەدیسەکان، لە خەیاڵیان وێناکردبوو. ئەو دەربڕین و کاردانەوەی ئەوان، وای لێکردم بپرسم ئایا چاوەڕوانی هەڵەیان هەبووە. ڕەنگە بە هەڵە لێکدانەوەیان بۆ بڕگەکانی ئایەت و حەدیس کردبێ. یان خودی بڕگەکان شتێکیان وتووە کە لەگەڵ شوێنەکەدا نەگونجێت.
>
> بەپێی دەقە نووسراوەکانی ئیسلامی بەرایی. چیای حەڕا، کە ئەشکەوتی حەڕا دەکەوێتە لای سەرەوەی. دەبێ بەرامبەر شاربێ. و دەکەوێتە لای بەرزایی مەککە. لە ڕاستیدا چیای حەڕا، مەودایەک لە کەعبە دوورە. و بەسەر شاریش دانانۆڕێ.[597]

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دروست دەبێ. کاتێ حاجیەکی موسوڵمان، دوای خوێندنەوەی دەقەکانی قورئان و شێوەی وێناکردنی مەککە، ئاوا بە گومان دەکەوێ. دیارە ناکۆکی لە نێوان

[597] Gibson ،Dan (2011) Qur'ānic Geography. A survey and evaluation of the geographical references in the Qur'ān with suggested solutions for various problems and issues. Independant Scholar’s Press. Canada. Pp. 222

دەقەکانی قورئان و جوگرافای ناوچەی مەککە بە ئاشکرا هەست پێدەکرێ.

ئەشکەوتی حەرا لە دەرەوەی شاری مەککە. لەو سەردەمەدا، زۆر لە شار دوور بووە.

سەرەڕای ئەوە دەقەکانی ئەدەبی ئیسلامی بەرایی. باسی مەکە، وەک شوێنێکی بەرزایی دەکەن. کە شوێنێکی لێژاییشی لەبەردەم دا هەیە. ئەو لێژاییە ڕێگایەکیشی بە تەنیشت دا دەڕوا. کەچی مەککەی ئێستا لە دەشتاییەکی کراوەیە. چیاکانی لە شاخەبەردی بچووک پێکهاتوون. کە لە ناو لم ڕاست دەرچووین و بەرزدەبنەوە. و هیچ چیای وا بەرزی تێدانییە. کە بەسەر نزمایی دۆڵایی دا بڕوانێ. بۆیە گومانێکی زۆر لەوەیە، پەرتووکەکانی ئیسلامی بەرایی، باسی شوێنێکیتر بکەن. کە زیاتر لەگەڵ دیمەنی ئەو ئایەتانە بێنەوە، کە لە قورئان تایبەتن بە شوێنی سەرهەڵدانی دین و ژیانی خەڵکی. کەچی لە سەرتاسەری ناوچەی مەککە و دەوروبەی شوێنی وا نادۆزرێتەوە.

بەشێک لە نەخشەی دوورگەی عەرەبی، کە پتۆلێموس لە ساڵی ١٥٠ س.ب کێشاویەتی، تێیدا ناوی مەککە نادۆزرێتەوە.

لەلایەکیتر باسی دوو بوت، یان دوو شوێنی بوتپەرستی دەکرێ، کە هەر یەکەیان لەسەر ترۆپکی چیایەکن. بەڵام ئێستا بەڵگەیەکی شوێنەوارناسی، لەسەر ئەو شوێنانە، یان ئەو بوتانە نییە. بە شێوەیەکی گشتی شوێنەوارێک یا وێرانەیەکی ئەو پەرستگایانە، لە دەوروبەری مەککە نادۆزرێتەوە. تەنانەت بۆ بە سەر چیا کەوتن، رێچکەیەکیش نییە. [598]

[598] Ibid. Pp. 5

داگیرکردنی مەککە

ساڵی ٦٢٩ س.ب هێرشی لەشکری ئیسلام بۆ سەر مۆتە کرا. کەچی تا ئێستاش، بیر لە داگرکردنی مەککە نەکرابووەوە. بەڵکوو ساڵێک دواتر، لە ساڵی ٦٣٠ س.ب هێرشی دەوڵەتی ئیسلام بۆ سەر مەککە کرا، و بەبێ شەڕ و خوێنڕێژی داگرکرا. تەنانەت لە قورئانیش بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێدەکا.

سورة الفتح ٤٨ : ٢٤

وَهُوَ ٱلَّذِي كَفَّ أَيۡدِيَهُمۡ عَنكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ عَنۡهُم بِبَطۡنِ مَكَّةَ مِنۢ بَعۡدِ أَنۡ أَظۡفَرَكُمۡ عَلَيۡهِمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرًا (٢٤)

هەر ئەوە بوو، ئێوەی لە دەستی ئەوان پاراست و ئەوانیشی لە ئێوە پاراست. کاتی لە ناو مەککە ئێوەی بەسەریاندا سەرخست. ئێوە هەر کارێکتان دەکرد، خودا دەیدی (٢٤)

ئەوەش وامان لێدەکا جارێکیتر، خوێندنەوە بۆ ئەو دوو ڕووداوە بکەین. و نیشانەی پرسیار بخەینە سەر دەربڕینەکانی مێژوونووسانی موسوڵمان. لەبەر ئەوەی گشت نیشانەکان، بۆ ئەوە دەچن کە ئیسلام لە مەککە سەری هەڵنەدابێ. ئەوە باوەڕەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بەڵگەی بەهێز لە ناو قورئان و مێژووی نووسراو و شووێنەوار ناسی، گشتیان ئاماژە بە ئاراستەی شارێکیتر دەکەن.

کەعبەی مەککە

خانووی کەعبە لە مەککە، وەک هەر خانوێکیتری ئەو سەردەمە بووە. بریتی بووە لە خانووێکی بچووک. وەک بیۆگرافی نووسانی موسوڵمان باسدەکەن. (لە کەڵەکە بەردی، بەقەد باڵای مرۆڤێکی ئاسایی) بووە. هۆزەکانی عەرەبی خۆیان، چەندین جار، بە پاچ کەعبەیان هەڵوەشاندووە. و دواتر بە ئاسانی دروستیانکردۆتەوە. ئایا لۆژیک ڕێگای ئەوە دەدا، کەعبە لە کەڵەکە بەردی بەقەد باڵای مرۆڤ بووبێ. لەگەڵ ئەوەشدا بە دەیان بوتی زۆر گەورەی تێدا بووبن. [599] ئەو خانووە کەڵەکە بەردەش تا سەردەمی خەلافەتی عمر کوڕی خەتاب، هەر وەک خۆی مابوو. ئەوسا خانوێکی باشتری لەسەر دروستکراوە.

لات و عوز و منات

سەبارەت بە ناوی سێ بوتەکانی لات و عوز و مەنات، کە لە ئایەتێکی قورئاندا هاتووە. ڕاڤەکار و بیۆگرافی نووسانی موسوڵمان باسی ئەوە دەکەن، کە لە پێش هاتنی ئیسلام لە شاری مەککە. ئەو سێ بوتە لەگەڵ دەیان بوتی دیکە لەناو کەعبە دابووین، و دەپەرستران. بە بەراوردکردنێک لەگەڵ خانووی کەعبە لە مەککە، ناتوانێ جێگای باوەڕبێ کە مەبەستی

[599] إبن إسحق. محمد بن إسحق. السيرة النبوية. المحقق: أحمد فريد المزيدي. دار الكتب العلمية. (٢٠٠٤) ص ١٩٣

شاری مەککەی حیجاز بێ. لەبەر ئەوەی، سەرەڕای نەبوونی جێگا لە ناو کەعبە. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، کە هەر بەقەد بەرزی باڵای مرۆڤێکی ئاسایی بووە. تا بگرە لە قورئانیش ئاماژە بەوە ناکا، کە ئەو بوتانە لە کوێ بووین. بۆیە دەکرێ لە هەر شوێنێکی تری ئەو جیهانە بووبن. ئەوەش ناکۆکە لەگەڵ لێتۆژینەوەی شوێنەوارناسی. کە ئاماژە بە شوێنێکیتر دەکا.

سورة النجم ٥٣: ١٩ – ٢١

أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ (١٩) وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ (٢٠) أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلْأُنثَىٰ (٢١)

ئاخۆ ئێوە تەنیا لات وعوزەتان بینیوە (١٩) سێیەمیشیان کە مەناتە.

یەکێکی ترە لە بوتەکان (٢٠) ئاخۆ منداڵی ئێوە نێرە و خوداش کچی هەیە (٢١)

هەرچەند ئەو دیمەنە و گشت دیمەنەکانی تری قورئان باسیان دەکا. دەدرێنە پاڵ مەککە. بەڵام بە بەدواداچوونێکی وورد. کێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە. و ئاماژەکان بۆ ناوچەکانی باکوور دەڕۆن. ئەو شێوە دەربڕینە وێنای دینەکانی باکووری دوورگەی عەرەبی دەکا. بە تایبەتی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی نەبەتیەکان.

ئەوەش هەر لە بوونی پەیکەری بەردی و پارچەی شەشپاڵوی پیرۆز، تا دەگاتە چەق دینی کە پەرستن و سرووتەکانی، وەک نەرێتی حەجکردن، کە ئێستا لە مەککە بەردەوامە. یان بەڵاگێڕکردن و هتد. کە تێیدا بەردی ڕەشی نەیزەک پیرۆز دەکرا.

نەبەتیەکان خودایەکیان هەبووە بەناوی (دوشارا) وەک بەردە ڕەشەکە دەپەرسترا. تا دەگاتە هەمان ناوی خوداکانی لە قورئان داهاتوون، هەریەک لەوانە پەرستگای تایبەتی خۆی هەبووە:

اللات: خودای برِشت و کشتوکاڵی جیهانی خواروو.

العوزي: خودای هێز، که گریمانه دەکرێ ئەو خودایه له بنەڕەتدا میسری بێ و بەرامبەر ئێیزس.

مەنات: خودای ڕێکەوت و چارەنووس.

ئەو سێ بوتانە یان خودایانە، هەرسێکیان ناوەکانیان لەگەڵ خوداکانی تر، لە دەوری خودای نەبەتی (دوشارا) هەڵکۆڵراون، که پێدەچێ ئەوانه خودای بچووکترین. و ئەرکی خودایەتی بەشێک له بەڕێوەبردنی جیهانیان لەسەر شانێ.[600]

The Allāt Temple at Ramm

[600] Petra: lost city of stone. Civilization ca 2013. 02. 03
- Hearly, John F. (2001) 4. The Religion of the nabataeans: A conspectus Religions in the Greco – Roman World 136. Boston Brill pp. 107 – 119
- Jane, Tylor. Petra and the Lost kingdom of Nabataeans 1:B Tauris Publishers 2001, pp 130
- Hommel, First, Encyclopedia of Islam. Vol. 1, pp. 380.

پەرستگای اللات لە ڕام، کە دەکەوێتە ٥٠ کم باکووری ڕۆژهەڵاتی عەقەبە.
هەرچەندە کەلەپووری عەرەبی ئیسلامی، نکۆڵی لەوانە دەکا. و بیانۆشیان ئەوەیە، گوایە کاتی خۆی کەسێک بە ناوی (عمرو إبن لحي) ئەو بوتانەی لە باکووری دوورگە، بەر لە هاتنی ئیسلام هێناونەتە مەککە. بەڵام یەکەم هیچ سەرچاوەیەکی بێلایەن ئەوە پشتڕاست ناکاتەوە. دووەم ئەگەر ئەو بوتانە هاتبن، کوا شوێنەواری ئەو بوتانە و دەیان بوتیتر، کە مێژوونووسانی موسوڵمان، بەردەوام ئاماژەیان پێدەکەن. و دەڵێن هەبووین.[601]

سەرەڕای ئەوە ناوی (الله)، وەک خودای دینە ئیبراهیمیەکان لە زۆر نەخش و شوێنەواری نەبەتی لە سەرجەمی ناوچەکانی باکوور دەبینرێ.[602] ئەوەش دەیسەلمێنێ کە خەڵکی ئەو ناوچەیە باوەڕیان بە الله هەبووە. و ناوی الله لە بنەڕەتدا لە ئێل هاتووە کە ئیبڕاهیم لەگەڵی دواوە.

سەرەڕای ئەوە، لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی نەبەتیەکان، بە تایبەتی لە پێترا، و ناوچەکانی دەوروبەری، هەر لە بوونی بە دەیان پەیکەری بەردی، لە پارچەی شەشپاڵوی پیرۆز، تا دەگاتە چەقی دینی کە پەرستن و سرووتە دینیەکانیتر. یەک لەوانە حەجکردنە، کە کاتی خۆی سەردانی پێتراو خوداکانی کراوە. و بەڵاگێڕکردن نەرێتێکی ئاسایی و هەرە پیرۆز بووە.

بەپێی لێکدانەوەی دان گیبسن، پرۆسەی حەج و عومرەی موسوڵمانان، کە ئێستا لە مەککە دەیکەن. دەبێ گشتی لە پێترا بووبێ. کەواتە دەبێ دوای کۆچی نەسارپەکان بۆ حیجاز، وەک کۆپی دروستکرابێ. ناوچەکانی دەوروبەری پێترا، بە تێکڕایی، زۆر باشتر، هەم لەگەڵ دیمەنەکانی جوگرافیای ناو قورئان، و هەم لەگەڵ شوێنە هەڵکەنراوەکانی شوێنەوارناسی لە ووڵاتی نەبەتییە دەگونجێن. کە پێترا ناوەندی دینی و بەڕێوەبردنی بووە.

---

[601] علي، دكتور جواد. المفصل فى تاريخ العرب قبل الإسلام ج ١١، ص ٢٥٣
[602] Alfred, Guillaume (1990) Islam Penguin. Pp. 7

پێترا پایتەختی نەبەتیەکان

پێترا شارێکی شوێنەوار ناسییە، دەکەوێتە پارێزگای مەعان بە دووری ٣٦کم. لە شانیشینی ئوردونی هاشمی. ناوچەی پێترا دەکەوێتە نێوان عەمان و عەقەبە. و نزیکەی ١٠٠ کم لە باکووری عەقەبە دوورە. کە دەکەوێتە بیابانی عەقەبە. هەروەها ٢٢٥کم لە باشووری عەمانی پایتەخت.

پێترا بە باڵاخانەی لە شاخ داتاشراو، و ئاوەڕۆی ئاو و پردی بەناوبانگی هونەری کۆنی لێن. لەبەر ڕەنگی سووریاوی شاخ و بەردەکانی، ناوی بە (شاری گوڵ) دەرکردووە. شوێنێکی ستراتیژی گرنگی، لە سەر ڕێگای ئاوریشم، لە نێوان میسۆپۆتامیا و ئیسرائیل و میسر هەبووە.

بە پێی سەرچاوەکانی مێژوو، پێترا پایتەختی ئەدۆم (عاد) لە باکووری عەرەبستان بوو کە لە ئایەتی قورئانان ناوی هاتووە. بەوەی نەبی هودیان بە درۆخستۆتەوە.

سورة الشعراء ٢٦: ١٢٣

كَذَّبَتۡ عَادٌ ٱلۡمُرۡسَلِينَ (١٢٣)

هۆزی عاد نکۆڵیان لە نێردەکان کرد (٤١)

سورة الذاريات ٥١: ٤١

وَفِي عَادٍ إِذۡ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلرِّيحَ ٱلۡعَقِيمَ (٤١)

سەبارەت بە عادیش، گڕەبامان ناردەسەریان (٤١)

لێرەدا دەردەکەوێ عاد هەم ناوی هۆزێکە و هەمیش ناوی ناوچەیەکە، ئێستا ناوی (ئەدۆم)ە، و کەوتۆتە ناو دۆڵێکی بەردین. ئەو دۆڵە لە گشت لایەکەوە، بە چیا دەورە دراوە. بەرزترینیان چیای (هۆرە) یە. وادیارە ناوەکە وەرگێڕانێکی یۆنانیە لە ناوی عیبری ڕەسەنی شوێنەکە (سێڵا) بەرد هاتووە. لە دەوروبەری ساڵی ٣١٢ پ.س.ب، نەبەتیەکان پێترایان داگیرکرد. هەر لەو کاتەوە کردیانە پایتەخی وولاتی نەبەتی. تا ساڵی ١٠٦ س.ب پایتەختی دەوڵەتی نەبەتی بوو. دەوڵەتی نەبەتیش لەبەر شوێنی ستراتیژی، گرنگیەکی زۆری بۆ بازرگانی نێوان شارستانیەکانی هەبوو. پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆم و میسر هەبووە. دواتر لەبەر گرنگی شوێنی، لە سەردەمی تراژان (٥٣ – ١١٧ س.ب) [603] ئمپراتۆری ڕۆم، پێترا داگیرکرا. و بووە بەشێک لە ئیمپراتۆری ڕۆما. هەر لەو دەمەوە کرایە، پایتەختی پارێزگای عەرەبی پێتریا.

دواتر لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەم، بە هۆی کۆچی نەسارِیەکان بەرەو باشوور، بە تایبەتی حیجاز. پێترا ئەو گرنگییەی نامێنێ، چۆل دەبێ. و بە تەنیا دەبێتە شوێنی کۆچەری بەدەویەکانی ئەو دەڤەرە. دواجار لە کاتی داگیرکاری ئیسلام بە تەواوی لەناوچوو.[604]

بەپێی سەرچاوەکانی مێژووِیی، دەبێ لە بنەڕەتدا، یەهودیە نەسارِیەکان دوای بڵاوبوونەوەیان بە خاکی شامدا، ڕێبەر و پێشڕەوەکانیان هەم لە پێترا و هەم لە شاری بوسری ژیابن. و لە پەرەدان بە دین بەردەوام بووبن. بەڵام دوای کۆچیان بۆ مەدینە لە حیجاز، و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلام، ئێرەش وەک ناوەندییەکی سیاسی دینی لە گرنگی کەم بووبێتەوە. هەر ئەو شوێنەش قیبلەی باوەڕدارانی ئیسلام بووە، تا ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی.

---

[603] Trajanus

[604] Jewish Encyclopedia, Petra

-*Seeger, Josh (1996) ،Retrieving the Past: Essays on Archaeological Research pp 52*

Ad-Deir Monastery in Petra, Jordan

شوێنەواری خانەقای ئەد دێر لە پێترا، ئوردن

گیبسن بە پشتیوانی مێژوونووسانی، وەک تەبەری لەلایەک، و لەلایەکیتر لێتۆژینەوەیەکی شوێنەوارناسی مەیدانی نەخشەی ئەو شوێنە پیرۆزانەی لە پێترا دیاریکردوون. کە ئێستا موسوڵمانان لە مەککە و دەوروبەری خەریکی پیرۆزکردنیانن.

نەخشەی حەج و عەمرەی موسوڵمانان، لە پێترا. کە جیبسن لە پەرتووکی خۆی، بە ناوی (قیبلەی سارەتایی ئیسلام) تۆماری کردووە. لەلای ڕاستەوە مەروة، کەعبة، سەفا، مینا (شوێنی ڕەجمی شەیتان)، بازاڕی عەکاز، ذو الحولەیفە، موزدەلیفە، عەرەفە و مەیدانی عەرەفە.[605]

[605] Gibson, Dan (2017) Early Islamic Qiblas. Pp 269

ڕووگەی ئیسلام و کێشەی ئاڕاستەی

کێشەیەکیتری بنەڕەتی لێکدانەوەی موسوڵمانان، سەبارەت بە (شاری پیرۆز)، کە دەبێ مەککە بێ. هەروەها هەر لە سەرەتاوە، قیبلەی موسوڵمانان بووبێ. سەرچاوەکانی ئیسلام و قورئان، دەڵێن محمد لەناکاو ڕووی خۆی لە ئۆرشەلیم بەرەو بیت الحرام بوەرگێراوە. هەرچەندە لە قورئان نەهاتووە. کە پێشتر ڕووی لە کوێ بووە.

سورة البقرة ٢: ١٤٤

قَدۡ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجۡهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبۡلَةٗ تَرۡضَىٰهَاۚ فَوَلِّ وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ وَحَيۡثُ مَا كُنتُمۡ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ شَطۡرَهُۥۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ لَيَعۡلَمُونَ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّهِمۡۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعۡمَلُونَ (١٤٤)

دەبینین چاو لە ئاسمان دەگێڕی، ئێمە ڕووت بە ئاڕاستەی قیبلەیەک وەردەگێڕین. کەلات پەسندبێ. سا ڕوو بە ئاڕاستەی مسجد الحرام وەرگێڕە. لە هەرکوێش بن، هەر ڕووبکەنە ئەوێ. ئەوانەی خاوەن پەرتووکن دەزانن، ئەوە ڕاستە. و لە پەروەردگاریانەوە هاتووە. خوداش لە هەر کارێك دەیکەن ئاگاداره (١٤٤)

ئەگەر بە لۆژیک بیر لە ئایەتی ١٤٤ ی سورەتی البقرة بکەینەوە. ئەو ئایەتە باسی ئەوە ناکا، لە کوێوە نەبی ئیسلام ڕووی خۆی بەرەو کەعبە گۆڕیووە. لە هەمان کاتدا باسی ئەوەش ناکا، بیت الحرام لە کوێیە. ئەو شێوە دەربڕینە دەرگا بۆ لێکدانەوەی بە ئارەزوو، والا دەکا. هەر

ڕاڤەکارێک یا مێژوونووسێکی موسوڵمان بە ئارەزووی خۆی لێکدانەوەی بۆ بکا. بۆیە دەبینین ناکۆکی لەسەر شوێن و مێژووی گۆڕینی پەیدابووە.

مێژوونووسانی موسوڵمان، لە بنەڕەتدا هەریەک بە ئارەزووی خۆی، شوێن و مێژووی گۆڕاینی قیبلەیان دیارکردووە. و تا ئێستاش بۆیان ساخ نەبۆتەوە. ئەوەش بۆتە هۆی ناکۆکی بۆ نیشانەیەک کە وەک چەقی پیرۆزی دین دێ.

هەریەکیان بەبێ گوێدانە سەرچاوەی پێشتر یان مێژوونووسانی هاوچەرخی خۆیان. لە خۆیانەوە ناوی شوێنێک دەبەن. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی مێژوونووسان و دەنگۆی بەربڵاوی جیهانی ئیسلام لەو باوەڕەدان، کە ڕووی قیبلە پێشتر لە ئۆرشەلیم بووە.

بۆ نموونە لە سایتی مرکز الإشعاع الإسلامي دا هاتووە:

> قیبلەی موسوڵمانان لە سەرەتای بانگهێژەوە پەیامی پیرۆز (بیت المقدس) بووە. کە یەهودی ڕوویان تێدەکرد. ئەو قیبلەیەش بۆ ماوەی سیانزە ساڵ موسوڵمانان بۆ پەرستن و نوێژکردن و کاروبارەکانی پێویستی بە قیبلەی کردبایە ڕوویان تێدەکرد.
>
> لە نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەمەی مانگی شەعبان لە ساڵی یەکەمی کۆچی پیرۆز. یا دوای سیانزە ساڵ دوای بانگهێژ، قیبلەی موسوڵمانان لە بیت المقدس بەرەوە کەعبەی شەریف گۆڕا.[606]

کەچی بوخاری، لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێ ڕووی لە شام بووە.

---

[606] مركز الإشعاع الإسلامي . للدراسات و البحوث الإسلامية

نێردەی خودا (صعلم) لە شەو ئایەتێکی بۆ دابەزی. فەرمانی پێکرا کە بۆ نوێژکردن ڕوو لە کەعبە بکا. کە لەمەوبەر ڕووی لە شام بوو، بەرەو کەعبە وەرگەڕان.[607]

ئەو ناکۆکییەش، بە گشتی گومان دەخاتە سەر دروستی ڕووداوی قیبلە گۆڕێن. سەرەڕای ئەوە، ناکۆکی لەسەر مێژووی گۆڕینی قیبلەش هەیە. نازانین، ساڵی یەکەمی کۆچیە یان دووەم. کە نەبی ڕووی خۆی بەرەو بیت الحرام وەرگێڕاوە.

هەروەها لە سایتی مقالاتی دەڵێ:

لە صحیح بوخاری و صحیح موسلم ئەوە سەلمێندراوە. کە موسوڵمانان و نەبی نوێژیان بەڕووی مسجد الأقصی وەک قیبلە بۆ ماوەی شانزە مانگ[608] دەکرد. دوای ئەوە خودای گەورە، مۆڵەتی دایە نەبی و موسوڵمانان، ڕوویان لە بەیت الموقەدەسەوە بۆ کەعبە پیرۆز وەرەگێڕن.

واهاتووە کە پەیامبەری خودا، لە نوێژی نیوەڕۆ، نوێژی بە ئاڕاستەی شام دەکرد. لە رکاعەتی دووەم، فەرمانی لەلای خوداوە بۆ هات، کە ڕووی خۆی بەرەوە کەعبەی وەرگێڕێ. و موسوڵمانانیش لەگەڵ ئەو ڕووی خۆیان وەرگێڕا. [609]

لەو دەربڕینانەدا ناکۆکی هەم لەسەر شوێنی قیبلەی پێشتر، و هەم لەسەر مێژووی گۆڕینی بۆ بیت الحرام هەیە.

---

[607] صحيح البخاري، عن عبد الله بن عمر، الصفحة أو الرقم: 403.

[608] مەبەست شانزە مانگ دوای کۆچکردنە.

[609] makkah.org.sa مقالاتی ٦- ٤ - ٢٠٢٢

یەکەم سەبارەت بە شوێنی قیبلەی پێشتر جیاوازی لە نێوان دەربڕینەکان دا. سەبارەت بە شام (پێترا) یان ئیسرائیل (ئۆرشەلیم) (بیت المقدس) کامیانە؟

دووەم سەبارەت بە مێژووی قیبلە گۆڕین ناتەبایی هەیە. کە نەدەبوایە بێ. یەکیان دەڵێ: لە سێ شەممەی مانگی شەعبانی ساڵی یەکەمی کۆچی. کەچی لە دووەم دەڵێ شانزە مانگ دوای کۆچ. کەواتە دەکەوێتە ناوەڕاستی ساڵی دووەمی کۆچی.

ئەگەرچی مێژوو و شوێنی پێشتری قیبلە، لەناو ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمان، بە درێژایی ١٤٠٠ ساڵە، تا ئێستاش ساخ نەبۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، گشت ئەو دەربڕینە ناکۆکانەی مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان، بە تێکڕایی لە ڕوانگەی زانستی ڕەت دەکرێنەوە. و ناتوانن بۆ لێتۆژینەوە جێگای متمانە بن. و ئەوە پشتڕاست بکەنەوە، کە موسوڵمانانی بەرایی، تا ئەو دەمە ڕوویان لە ئۆرشەلیم یان شام کردبێ. یان ساڵی یەکەمی کۆچی یان دووەمی کۆچی محمد ڕووی خۆی وەرگێڕاوە.

لێتۆژینەوەی هاوچەرخ سەبارەت بە مێژووی مزگەوتەکانی ئیسلامی بەرایی، تەواو ناکۆکن. ناکۆکیەکەش بە پلەی یەکەم، لەسەر هەڵکەوتەو ئاڕاستەی مزگەوتە کۆنەکانی ئیسلامی بەراییە.،کە لە سەدەی یەکەم و دووەمی کۆچی ئاڕاستەیەکیتر وەردەگرێ. ئیمڕۆ بە هۆی ئامرازەکانی تەکنیکی نوێ و مەیدانی لێتۆژینەوەکان، ساخکردنەوەی ئەو گرفتە زۆر ئاسان بووە. و دەرئەنجامی دروست وەدەست دێنێ.

با ئەوەشمان بۆ ڕوون بێتەوە. هەر لە سەرەتادا کێشەیەکی تر هەبووە.
١ ئەگەر نەبی لە ساڵی یەکەم یان دووەم ڕووی وەرگێڕاوە. بۆ موسوڵمانان، بە درێژایی دوو سەدە دوای ئەوە، هەر لەسەر ئەو نەرێتە بەردەوام بووین؟
٢ لە ساڵی ٥ ک (مسجد القبلتین) دروستکرا، کە دەکاتە ٤ تا ٥ ساڵ دوای وەرگەڕانی قیبلە، کەچی هەر بەرەو شام دروستکراوە.

٣ ئەگەر تا ئێستا وەک موسوڵمانان دەڵێن بۆ نوێژکردن، ڕوویان لە ئۆرشەلیم کردووە. بۆ مزگەوتەکانی بەرایی بە پێ تەکنیکی مۆدێرن، ڕوویان لە پێترایە؟

با لە سەرتا بە دوو خاڵ شتەکان لەیەک جیاکەینەوە:
١ لەسەدەی یەکەمی کۆچی مزگەوتێک نەبووە، ڕووی لە مەککەی عەرەبی سعودی بووبێ. ئەو مزگەوتانەی کە ماون قیبلەیان ڕووی لە پێترا/ شام بووە. یەکەمین مزگەوت لە ساڵی ١٠٩ ک/ ٧٢٧ س.ب دروستکراوە. کە ڕووی لە مەککە بووبێ.

٢ لەماوەی سەدەی دووەمی کۆچی، لە ناو موسوڵمانان، وەک سەرلێشێواوی وابوو. تا دەگاتە سەردەمی عبدالملک کوڕی مرِوان، کە حەجاج کوڕی یوسف الثقفی یەکەمین هەنگاوی ئەوە بوو، ٨ مزگەوتی دروستکردن. کە ڕوویان لە نێوان پێترا و مەککە بوون.

بە شێوەیەکی گشتی لە سەدەی یەکەمی کۆچی هیچ مزگەوتێک نەبووە، ڕووی لە مەککە بووبێ. لە سەدەی دووەمێش تەنیا چوار مزگەوت ڕوویان لە مەککە بووە.[610]

بەو پێیەش، پرۆسەی گوڕانی قیبلە بەرەو مەککە، تەواو پێچەوانەی ئەو لێکدانەوەی مێژوونووسانی موسوڵمانە. کە هەر لە دوای کۆچی محمد بۆ یەتروب دەبێ موسوڵمانان بۆ نوێژکردن ڕوویان لە مەککە کردبێ. تەکنیکی هاوچەرخ و شوێنەوارناسی، گشت ئەو لێکدانەوانە ڕەتدەکاتەوە. و دیمەنێکی مێژووییتر دەخاتە ڕوو.

[610] Gibson ،Dan (2011) Qur'ānic Geography. Pp. 213

ڕووگەی مزگەوتەکانی بەرایی

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە. سەبارەت گۆڕانی ڕووگەی موسوڵمانان بەرەو مەککە. وا لە خوارەوە، بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژی، لە چوار خشتە دا، مێژووی دروستبوونی مزگەوتەکانی بەرایی. لە جیهانی ئیسلامی، هەر لە ساڵی ٥ ک/ ٦٢٦ س.ب تا ساڵی ٢٥٢ ک/ ٨٦٦ س.ب. لەگەڵ ئاڕاستەی قیبلەیان دەخەینەڕوو.

دوای ئەوە بۆمان دەردەکەوێ، ناوەرۆکی ئایەتی ١٤٤ ی سورەتی البقرة ناکۆکە لەگەڵ دۆزینەوەکانی شوێنەوارناسی. و ناتوانێ ڕەنگدانەوەی، لە پرۆسەی گۆڕینی قیبلە هەبێ. بەڵکوو پرۆسەی قیبلە گۆڕین بە پێچەوانەی ئەو ئایەتەیە.

دۆزینەوە شوێنەوارناسیەکان دەیسەلمێنن، کە ماوەی پرۆسەی گۆڕینی قیبلەی مزگەوتە کۆنەکانی جیهانی ئیسلام، زۆر درێژتری خایاندووە. تەنانەت نزیکەی ماوەی زیاتر دوو سەدەی کێشاوە. تا مەککە بووەتە قیبلەی گشت موسوڵمانان.

ئەو دۆزینەوە شوێنەوارناسیانە، لەگەڵ لێکدانەوەی مێژوونووسانی موسوڵمان و دەربڕینی قورئان یەکناگرنەوە. لەبەر ئەوەی پرۆسەی گۆڕینی قیبلە، تا ساڵی ٢٥٢ ک خایاندووە. نەک لە یەک نوێژدا ڕوو قیبلە وەرگەڕاوێ. سەرەڕای ئەوە قیبلەی پێشتر ئۆڕشەلیم نەبووە. وەک مێژوونووسانی موسوڵمان بەردەوام دووپاتەی دەکەنەوە. بەڵکوو پێترا بووە لە شام. ئەوەش بە ڕوونی لەو خشتانەی خوارەوە نیشانی دەدا.

خشتەی ڕووگە، لە مزگەوتەکانی بەرایی

خشتەی ژمارە ١: ئەو مزگەوتانەی لە دروستبوونیان، ڕوویان تەنیا لە پێترا بوو [611]

کۆچی	سالی س.ب	شار	وڵات	ناوی مزگەوت	ئاڕاستە
٥	٦٢٦	مەدینە	عەرەبی سعودی	مزگەوتی دوو قیبلە [612]	پێترا
٦	٦٢٧	گوانگژو	چین	مزگەوتی گەورەی گوانگژو	پێترا
١٥	٦٣٧	حەماة	سوریا	مزگەوتی حەماة گەورە	پێترا
٨٠	٦٩٩	حومیمة	ئوردن	کۆشکی حومیمة	پێترا
٨٦	٧٠٥	سەنعا	یەمەن	مزگەوتی گەورەی سەنعا	پێترا
٨٧	٧٠٦	خربة المنیة	ئیسرائیل	خربة المنیة	پێترا
٨٩	٧٠٨	دەمغان	ئێران	مزگەوتی تاریخانیە	پێترا
٩٠	٧٠٩	ئۆرشەلیم	ئیسرائیل	مسجد الأقصی	پێترا
٩٥	٧١٤	ئەریحە	ئیسرائیل	خیربة المنجار	پێترا
٩٥	٧١٤	عەنجەر	لوبنان	مزگەوتی کۆشکی عەنجەر	پێترا
١٢٥	٧٤٣	فرۆکەخانەی عەمان	ئوردن	کۆشکی موشەتتا	پێترا
نادیار	نادیار	بۆهار	عەمان	مزگەوتی سانی رداح	پێترا
نادیار	نادیار	سەمەرقەند	ئۆزبەگستان	بیبی سەمەرقەند	پێترا و ئۆرشەلیم

[611] Gibson, Dan (2017) Early Islamic Qiblas, pp. 128 - 129

[612] مزگەوتی دوو قیبلە، لە عەرەبی سعودی ساڵی ١٩٧٨ س.ب لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی، ڕووی لە مەککە کرا.



مزگەوتی گەورەی سەنعا، بە ووردبوونەوەیەک لە ئاڕاستەی مزگەوت دەردەکەوێ.
کە ڕووی لە پێترایە[613]

لێرەدا دەبینین موسوڵمانان، زۆر دواتر لە سەردەمی ئەمەویەکان هێشتا هەر نەیانتوانیوە خۆیان لەسەر ئەوە ساخکەنەوە، بۆ نوێژکردن ڕوو لە کوێکەن. بۆیە بە باشتریان زانیووە، هەر لەسەر پێترا بەردەوام بن.

خشتەی ژمارە دوو: ئەو مزگەوتانەی، کە لە کاتی دروستبوونیان ڕوویان لە نێوان پێترا و مەککە بووە (واتە ڕوویان نە لە مەککە و نە لە پێترایە، بەڵکوو لە ناوەڕاستیان) لەو خشتەیەی خوارەوە دەردەکەوێ تا ساڵی ١٢٧ کۆچی، موسوڵمان یەکلانەبوونەتەوە بۆ

[613] Gibson, Dan (2017) Early Islamic Qiblas,. pp. 36

نوێژکردن، ڕوو لەکام قیبلە بکەن. پێترا یان مەککە. [614]

کۆچی	ساڵی س.ب	شار	وولات	ناوی مزگەوت	ئاراستە
٨٧	٧٠٦	واسط	ئێراق	مزگەوتی حەجاج	نێوان مەککە و پێترا
٩١	٧٠٩	دیمەشق	سوریا	الأموی الکبیر	نێوان مەککە و پێترا
١٠٢	٧٢١	بوسری	سوریا	مزگەوتی بوسری	نێوان مەککە و پێترا
١٠٧	٧٢٦	حیر الغربی	سوریا	مزگەوتی حیر الغربی	نێوان مەککە و پێترا
١١٠	٧٢٨	حیر الشرقی	سوریا	قصر حیر الشرقی	نێوان مەککە و پێترا
١٢٢	٧٤٠	بەعلەبەگ	لوبنان	مزگەوتی بەعلەبەگ	نێوان مەککە و پێترا
١٢٧	٧٤٤	حەڕان	ئێراق	مزگەوت و زانکۆ	نێوان مەککە و پێترا
١٥٥	٧٧٢	ڕەققە	سوریا	مزگەوتی ڕەققە	نێوان مەککە و پێترا

یەک لە نموونەی ئەو جۆرە مزگەوتانە. مزگەوتی ڕەققەیە لە شاری ڕەققە لە سووریا ڕووی لە ناوەڕاستی پێترا و مەککەیە

مزگەوتی ڕەققە، ئاراستەی بەرەو نێوان مەککە و پێترایە

[614] Gibson, Dan (2017) Early Islamic Qiblas. Pp. 129

خشتەی ژمارە سێ: ئەو مزگەوتانەی لە دروستبوونیەوە، بە شێوەی هاوتەریب، ڕوویان لە پێترا و مەککە بووە[615]

کۆچی	ساڵی س.ب	شار	وڵات	ناوی مزگەوت	ئاڕاستەی هاوتەریب
١١٥	٧٣٢	تونس	تونس	مزگەوتی زەیتونە	پێترا و مەککە
١٦٨	٧٨٤	قورتوبە	ئیسپانیا	مزگەوتی قورتوبە	پێترا و مەککە
٢٢١	٨٣٦	قەیرەوان	تونس	مزگەوتی عەقەبە بن نافع	پێترا و مەککە
٢٣٦	٨٥٠	سوسە	تونس	مزگەوتی گەورەی سوسە	پێترا و مەککە
٢٥٢	٨٦٦	قەیرەوان	تونس	الأبوان الثلاثة	پێترا و مەککە

خشتەی ژمارە ٤: ئەو مزگەوتانەی هەر لە سەرەتاوە ڕوویان لە مەککە بوو [616]

کۆچی	ساڵی س.ب	شار	وڵات	ناوی مزگەوت	ئاڕاستە
١٠٩	٧٢٧	بەنبهوڕ	پاکستان	مزگەوتی بەنبهوڕ	مەککە
١١٢	٧٣٠	قەڵای عەمان	ئوردون	کۆشکی ئەمەوی	مەککە
١٤٦	٧٦٤	کوفە	ئێراق	کۆشکی ئوخەیزەر	مەککە
٢٣٢	٨٤٧	سامەڕا	ئێراق	مزگەوتی سامەڕا	مەککە
٢٤٥	٨٥٩	سامەڕا	ئێراق	مزگەوتی ئەبو دەلەف	مەککە
٢٦٣	٨٧٦	قاهیرە	میسر	مزگەوتی ئیبن طولون	مەککە

[615] Gibson, Dan (2017) Early Islamic Qiblas,. Pp. 130
[616] Ibid. Pp 130



مزگەوتی بەنبهوڕ لە پاکستان. یەکەم مزگەوتە، هەر لە دروستبوونیەوە
لە ساڵی ١٠٩ کۆچی ڕووی لەمەککە بووبێ.

لەو چوار خشتانەی سەرەوەدا، بۆمان دەردەکەوێ پڕۆسەی گۆڕینی قیبلەی ئیسلام ماوەیەکی دوور و درێژی پێچووە. تا لە پێترا گۆڕا بۆ مەککە. ئەوەی جێگای سەرنجە مزگەوتەکانی سەرەتای ئیسلام بەرەو پێترا بوون، نەک مەککە. یەکەمین مزگەوت رووی بۆ مەککە لە ساڵی ١٠٩ کۆچی/ ٧٢٧ س.ب، ماوەیەک لە قۆناخی خەلافەتی ئەمەوی تێپەڕیبوو. ئەوسا مزگەوتی بەنبهور لە پاکستان دروستکرا، ڕووی لە مەککە بوو. ئەوەش ماوەیەکی دوورە، لەگەڵ ساڵی یەکەم یان دووەمی کۆچی، کە محمد لە ناوەڕاستی نوێژ ڕووی خۆی بەرەو مەککە وەرگێڕاوە.

ناکۆکی لە مێژووی ئاڕاستەی قیبلە. بە شێوەیەکی گشتی، مرۆڤ دەبێ زۆر بە گومانەوە، لە ڕاستی ڕوودانی ئەو پڕۆسەیە بڕوانێ، یان دەبێ موسوڵمانانی بەرایی ئەو گرنگیەیان بە قسەکانی محمد نەدابێ، و لێی بە گومان بووبن. و لەسەر ڕووکردنە پێترا بەردەوام بووبن.
ڕوو لە پێترا: ٦ – ١٢٥ کۆچی

ڕوو لە نێوانی پێترا و مەککە: ٨٧ – ١٥٥ کۆچی

هاوتەریب بۆ پێترا و مەککە: ١١٥ – ٢٥٢ کۆچی

ڕوو لە مەککە: ١٠٩ – ٢٦٢ کۆچی

ئەوەش بۆمان دەر دەخا تا ساڵی ٢٥٢ کۆچیٚ/ ٨٦٦ س.ب بەیەکجاری ڕوو لە مەککە کراوە.[617]



هێڵی مێژووپی تێپەڕبوونی قۆناخەکانی گۆڕانی قیبلەیە لە پێتراوە بۆ مەککە. [618]

[617] Gibson, Dan (2017) Early Islamic Qiblas. Pp 130
[618] Ibid. Pp. 172

میحراب و مناره له سەرەتای ئیسلام نەبووین

١ میحرابی مزگەوت

میحراب له مزگەوت، نه لەسەردەمی نەبی محمد و نه له سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدی، نەبووە.

دوای ڕاپەڕینی ئیبن الزوبێر له ساڵی ٧٢ک. دژی دەوڵەتی ئەمەوی. و ڕوخانی مەککە، کە بە کوژرانی عبدالله بن زبیر له ساڵی ٧٣ک/ ٦٩٢ س.ب. له سەردەمی حەجاج کوڕی یوسف الثقفی کۆتایی هات،[619] و دواتر له ساڵی ٨٩ ک/ ٧٠٨ س.ب، کاتی کەعبە دووبارە بنیاتنرایەوە، ڕاستەوخۆ نیشانە یان شوێنی میحراب له دروستکردنی مزگەوتە نوێکان دەستپێکرد. ئەوەی جێگای سەسوڕمانە، تا ئەوکاتە هیچ باس و خواسێک سەبارەت بە میحراب له ئارادا نەبووە. بۆ ئەوەی باوەڕداران بە کام ئاڕاستە نوێژ بکەن. لەبەر ئەوەی خانووی مزگەوت بە ئاڕاستەی ڕووی له قیبله دروست



[619] Wikipedia

دەکران. و ئەو دیوارەی لای ڕووگە دیاردەکرا و بەس. لەوکاتە بە دواوە، میحراب نەک بۆ ئەو مزگەوتانەی تازە دروست دەکران، بەڵکوو بۆ مزگەوتە کۆنەکانیش زیادکران.

ئەوەش ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ، کە تا ئەو دە مە لەسەر ئەوە ساخ نەبووبنەوە، ڕوو لەکوێ بکەن. بۆیە بەو شێوەیە ئاڕاستەی نوێی ڕووگە بۆ هەر مزگەوتێک دیارکەن. کە بەهۆی میحراب جێگیربکرێ. [620]

مناره

سەبارەت بە مناره لە سەر مزگەوت، کە موسوڵمانان بانگی تێدا دەدەن، ئەوەش لە زانایانی نەساڕی هاتووە. پێش ئیسلام هەروەک إمرؤ القیس لە شیعرەکانی دا ناوی هێناوە. بە مانای (چرا) دێ. ڕەبەن لە دێرەکانی نەساڕی، بۆکاتەکانی نوێژ و ڕۆژوو، لەسەر چیا یان تەپۆلکەی بڵند دایان ناون. هەروەک امرؤ القیس دەڵێ:

تُضيء الظلامَ بالعشاء كأنها

منارة ممسى راهب متبتل

تاریکی ئێوارەی درەنگ ڕووناک دەکاتەوە

وەک منارەی، ئێوارەی ڕەبەنێکی پاکیزە

شوێنەوارناسان لە دێر و کەنیسەکانی میسۆپۆتامیا و باکووری سوریا، لە چەند شوێنێک بورجی بازنەیی یان چوارگۆشەییان دۆزیوەتەوە، کە بۆ پەرستن و هەڵسان بە سرووتەکانی

[620] Gibson, Dan (2017) Early Islamic Qiblas, A survey of mosques built between 1AH/622 C.E. and 263 AH/876 C.E. pp. 46

دینی بەکاریان هێناون. کاتی ئیسلام هات بۆ بانگدان لەسەر دروستکردنی ئەو بورجانە بەردەوام بوو. [621]

ئەوەی ڕاستییێ موسوڵمانان لە سەرەتای بانگهێژی دین، بەبێ بانگدان نوێژیان دەکرد. إبن هشام لە سیرەکەی خویدا دەڵێ:

لەسەردەمی پەیامبەری خودا، کاتی بۆ نوێژکردن کۆدەبوونەوە. بەبێ بانگدان بوو.

هەروەها القسطلانی دەڵێ:

کاتی موسوڵمانان هاتنە مەدینە. بەبێ بانگدان کۆدەبوونەوە. و نوێژیان دەکرد. [622]

ئەو دەربڕینانە، لەگەڵ ئەوەی کە بیلالی حەبەشی یەکەمین بانگدەری پەیامبەر بووبێ. ناکۆکن. ئەگەر بیلال بانگی دابێ، إبن هشام و القسطلانی کە دوو کەسایەتی بەناوبانگن لەناو بیۆگرافی نووسانی موسوڵمان. ئەوەش جێگای متمانە نییە. لەبەر ئەوەی لە قۆناغی مەککە، نەرێت و یاساکانی نەسارِی بوون، بۆیە بانگدان نەبووە، بەڵکوو لە مەدینە دەستی پێکرد. لە عبدالله کوڕی عومەر دەگێڕنەوە، گوتوویەتی:

کاتی موسوڵمانان هاتنە مەدینە کۆ دەبوونەوە، نوێژیان دەکرد، کەس بانگی بۆ نەدەدان. ڕۆژێک لەسەر ئەوە گفتوگۆکرا. هەندێک گوتیان، ناقوسێک وەک هی نەسارِیەکان دانێن. هەندێکی تر گوتیان کەڕەنایەک وەک هی جولەکان لێدەن.[623] ئەوەش نیشانەیەک بوو کە

---

[621] یوم قبل وفاة محمد ص ١١١

622القسطلانی (١٩٩٦) إرشاد الساري لشرح صحيح البخاري، المحقق: محمد عبد العزيز الخالدي. ج٢ ص ٣

[623] رواه الألباني، في صحيح الترمذي، عن عبدالله بن عمر، الصفحة أو الرقم:190، حديث صحيح.

تا ئەو کاتە کەس بیری لێندەکردەوە. دوای بانگدان دەستی پێکرد. هەندێک دەڵێن هەر لە یەکەم ساڵ دوای کۆچ دەستی پێکردووە. هەندێکیتر دەڵێن لە سەردەمی نەبی محمد نەبووە. و دواتر دەستی پێکردووە.[624]

[624] رواه الوادعي، في صحيح دلائل النبوة، عن أبي عبدالله بن زيد ، الصفحة أو الرقم:353، حديث حسن.

داگیرکردنی ئۆرشەلیم و کۆتایی نەسارِیەکان

دوای مردنی ئەبو بەکری سدیق ساڵی ٦٣٤س.ب، عومەر بووە خەلیفە [625] ئەو کاتەدا خەلیفە بەڕاوێژکاری عەرەبی نەسارِی دەوری تەنرابوو. لەڕێگای ئەوانەوە لەشکری ئیسلام توانی بچێتە ناو شام. ئەو خاکەی باش لێی شارەزابوون. و هاوپەیمانی پێشتریان لێ هەبوون. لە زۆر ئەو ناوچانە تا ئەو کاتەش یەهودی نەسارِی لێ دژیان. لەگەڵ هەندێک لە هۆزی قورەیش، کە کۆچیان بۆ بیابانی حیجاز نەکردبوو. بە هۆی شارەزایی کۆچکردووەکان و بوونی یەهودی نەسارِی و عەرەبی قورەیش لەو ناوچانە گەڕانەوەی کۆچکردووەکان لەگەڵ لەشکری ئیسلام بۆ سوریا، هیچ سەختیەکیان نەهاتەڕێگا.

لە ساڵی ٦٣٦س.ب بەبێ هیچ بەرگریەکی (هەرقەل) ئیمپراتۆری بیزەنتی، لەشکری ئیسلام سەرتاسەری خاکی سوریایان داگرکرد. هاوسەنگیەکان گۆڕان. و هێزەکانی عەرەب و یەهودی نەسارِی لە سوریا بە هێزتربوون. و ڕوویان لە ئیسرائیل کرد. لە شاری ئۆرشەلیم نزیکبوونەوە. و گەمارۆیان دا. هەرقەل ئۆرشەلیمی دایەدەست کریستیانەکان.

دوای چەند شەڕی ماڵوێرانکەر، و کوژرانی خەڵکی زۆر شار زیاتر توانای بەرگری نەما. لەلایەکیتر لەشکری عەرەبی و یەهودیە نەسارِیەکان، هەر لە ساڵی ٦٣٤س.ب یەوە

---

[625] بەپێی لێکدانەوەی تیوفیل الرهاوی و پەرتووکی The Teaching of Jacob, Doktorina Jacobi ، دەبێ محمد سالی ٦٣٤ س.ب لە ژیاندا بووبێ. ئەو بەڵگەیەش بێجگە لەوانە لە دۆکومێنی ڕۆمانیش تۆمارکراوە. کەواتە ئەو هێرشە دەبێ لەژێر چاوەدێری محمد خۆی بووبێ. نەک عومەر.

کریستیانەکانی نێوان بێت لەحم و ئۆرشەلیمیان لە سرووت و ڕیتواله دینییەکانی خۆیان قەدەغەکردبوون. لەو کاتەدا لە ئۆرشەلیم پەتریارک سوفرون لە ووتاری ئاهەنگی لەدایکبوونی کریست. ئاگاداری خەلکی کردەوە. کە ئیتر بۆگەی زیاتر ناگرن. و با کوشتاری ساڵی ٦١٤س.ب دووبارە نەبێتەوە. بۆیە باشترە دۆگای شار بکەنەوە. دۆگای شاریان بۆ لەشکری داگیرکەر کردەوە.

مێژووی هاتنە ناوشاری ئۆرشەلیم لە نێوان سالانی ٦٣٥ تا ٦٣٨ س.ب ڕوون نییە. بەڵام بە باوەڕی توێژەران دەبێ، ساڵی ٦٣٧ س.ب بە کردنەوەی دەروازەی شار داگیرکەرەکانی نەسارِی و عەرەب چووبنە ناو شار [626]

بە کردنەوەی دەروازەی شار و گەیشتنی سوپای عەرەب و نەسارِی، خۆزگەی چەند ساد ساڵەی نەسارِیەکان هاتە دی. لەو کاتەوە لە ئۆرشەلیم، گەیشتنە دەستەڵاتی ڕەها. و نۆژەنکردنەوەی پەرستگا و چاوەڕوانی گەڕانەوەی کریست.[627]

دوای چوونە ناوشاری ئۆرشەلیم، ڕاستەوخۆ ڕوویان لە گۆڕەپانی پەرستگاکرد. کە لەدەست شەڕی ماڵوێرانکەری، یەک لە دوای یەک کاول بووبوو. ئەو شوێنەش، لای خەڵکی لەبیرچووبووەووە. بەڵام نەسارِیەکان و عەرەبە هاوپەیمانەکانیان، بە خرۆشەوە بوون، بۆ نۆژەنکردنەوەی پەرستگا.

لێرەدا دوو گەواهی هەن کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن:
یەک لەوانە دەڵێ:

[626] Ibid. Pp 55
[627] Ibid. Pp 56

کاتی عەرەبەکان هاتنە ناو شاری ئۆرشەلیم، لە ناویاندا کەسانی بەنی ئیسرائیل هەبوون. کەرێگا و شوێنی پەرستگایان پیشان دەدان.[628]

گەواهییەکیتر، بە ناوی تیودۆر باسی ئەو دیمەنە دەکا:

تەنیا بە گەیشتنیانە ئۆرشەلیم، خێرا بەڕاکردن بەرەو ئەو شوێنە چوون، کە پێی دەڵێن (کەپیتۆل) یان گۆڕەپانی پەرستگا. لەگەڵ خۆیان، چەند کەسیان هێنابوون. لەوانە هەندێک خۆبەخش و هەندێکیتریش بە زۆرەملی وەپێش خۆیان دابوون. و دەستیان بە پاککردنەوەی شوێنی ئەو نەگبەتییەی کە پێی دەڵێن (میتزویە) مزگەوت یان مسجد کرد.[629]

سەرۆکی کەنیسە سوفرون بەرامبەر ئەو دۆخە دۆشدامابوو. ئەو نەسڕیانە، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی عومەر بکەن بگاتە شار. کە تا ساڵی ٦٣٨س.ب نەهات.

لە نهێنییەکانی حاخام بن یەحیا ئاوا دەخوێنینەوە:

دووەم پاشای ڕەچەڵەکی ئیسماعیل (مەبەستی عومەر کوڕی خەتابە) بۆ چاککردنەوەی پەرستگای ڕوخاو. وەک نەخشی بنەڕەتی کۆن، لە بەرد، و مەرمەڕ و دار دروستکردەوە. ئەوانە پسپۆڕێکی مەرمەڕیان بەکرێگرت. کە دواتر، لەسەر بەشداریکردنی لەو کارە، لە کەنیسە وەدەرنرا. دواتر ئەو پەرستگایە ناوی لێنرا مزگەوتی عومەر. ئەو مزگەوتە جێگای پەرستگای کۆنی نەسڕیەکانی گرتەوە. (دەبێ مەبەستی کەنیسەی خەتەنە بووبێ، کە یاقوبی برای یەسو، یەکەم جار دایمەزراند). [630]

---

[628] ئەو باسە لە تێزێکی ئەکادیمی ئۆرشەلیم بۆ ڕەوەندی میسری یەوە. هاتووە. کە لە پەرتووکی بنەڕەتی ئیسلام (أسس الإسلام) بڵاوکراوەتە.

[629] هەمان سەرچاوە

[630] Odon Lafontaine (Olaf) The great secret of Islam. Pp 56-57

دوای نۆژەنکردنەوەی پەرستگا دەستیان بە پەرستن کرد. و لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی کریست دەپڕانەوە. بەڵام بە تێپەربوونی کات، هیچ ڕووی نەدا. و کریست نەگەڕایەوە.

سەرۆکی ڕەبەنەکانی نەسارِی دەیەویست دۆخەکە، لەگەڵ شاوکەرە عەرەبەکان هێمن کاتەوە. ئەو عەرەبانە، وەک هاوکاری نەسارِیەکان، چاوەڕوانی گەڕانەوەی کریست بوون. بۆ دروستکردنی وولاتی خودا لەسەر زەوی. بەڵام هیچ ڕووی نەدا.

عەرەبەکان ئەو دۆخەیان، بە تەڵەکە و ساختە لێکدەدایەوە. باوەڕیان وابوو، کە نەسارِیەکان لەخشتەیان بردوون. و هەستیان دەکرد کە چەند سەد ساڵە، نەسارِیەکان عەرەبیان وەک ئامرازێک بۆ خەونێکی لەبارچوو بەکار هێناون.

تا گەیشتە ساڵی ٦٤٠س.ب. ئیتر عەرەب بۆیان دەرکەوت. کە کریست ناگەڕێتەوە. و هیچ وولاتێکی خوداش بوونی نییە. ئەوە تەنیا خەیاڵی چەند سەد ساڵە بووە، بۆ لەخشتەبردنی ئەوان. بۆیان دەرکەوت کە سەرجەمی ئەو چیرۆکە تەلەیەک بوو، ئەوان (عەرەب) بوونەتە خۆراکی بە فیڕۆچووی خەیاڵی نەسارِی، بۆ گەڕانەوەی یەسوی کریست و گەیشتنە بەهەشتی خودا.

هاتنی عومەر و کۆتایی سەردەمی نەسارییەکان

هاتنی عومەر بۆ ئۆرشەلیم، و بۆ ماوەیەک مانەوەی بووە سەرەتای دەستپێکردنی مەرگی کۆتایی نەسارییەکان.

دوای داگیرکردنی ئۆرشەلیم، و چاوەڕوانی بێهودەی عەرەب و نەسارِی. بە نەهاتنی یەسوی کریست. و مەحاڵی گەڕانەوەی. قەیرانێکی سیاسی و کۆمەلایەتی لە جیهانی ئیسلامی دروستکرد. کە وای لە عومەر کرد هەوڵبدا، تا زووە لەدەستی هاوپەیمانیەتی نەسارِی، بە هەر شێوەیەک بێ رزگاری بێ. ئەوەش تەنیا لەرێگای پاکتاوکردنیان بوو.

یەکەم هەنگاو لەناوبردنی سەوکردەکانی نەسارِی، و دەربەدەوکردنی خێزانەکانیان بوو. ئەوانەی هێشتا هەر لە سوریاش مابوونەوە، پەراوێزخرابوون. و گرنگیان پێ نەدەدرا. ئیتر لەسەرخۆ، لە ناو ئیسلام دەتوانەوە. و کۆمەڵگەی تێکەڵاو و فرەڕەنگی عەرەبی - نەسارِی. هەنگاو بە هەنگاو دەبووە کۆمەڵگەی عەرەبی پاک [631]

مێژووی نەسارییەکانی چەکدار. دوای هەڵاتنیان لە دەستی بێزەنتی و گیرسانەوەیان لە حیجاز. لە سەرەتاوە وەک هێزێکی چەکدار، و خەونێکی مەزن دەستی پێکرد. ئەو خەونەش توانیبووی لەسەر جەمی جۆمگەکانی کۆمەڵگەی مەککە و یەتروب کاریگەری هەبێ. بەڵام پێش هاتنی ئەوان لە شامەوە، هەر دوای مردنی قەشە وەرەقەی بن نۆفل و دواتریش سەوکردەکانی تری نەسارِی لە مەککە. ئەو ڕۆڵە گرنگەیان تا دەهات لە کزی دەدا. بەڵام

[631] Odon Lafontaine (Olaf) The great secret of Islam. Pp 56-57

هێشتا هەر وەک هێزێکی ڕوحی و ڕێگای ڕاست دەبینران. دوای کۆچی نەسڕیەکان لە شامەوە بۆ یتروب، دواتر بە دامەزرانی دەوڵەی ئیسلام. و دەستپێکردنی دینە نوێکەی محمد، هەنگاو بە هەنگاو لە دەستەڵات و ئاستی ڕێژی کۆمەڵایەتی ئەوانەش لە کزی دەدا.

دوای کۆچی نەسڕیەکان، و قورەیشیەکان بەو هێزە زۆرەوە لە شامەوە بۆ یەتروب، دەرفەتێکی گەورەی بۆ محمد ڕەخساند، کە ئەو پەیامەی تا ئێستا لەسەر بنەمای ئینجیلی عیبرانی و بانگهێژی نەسڕی بوو، ئێستا پێویستی بە پەیامی هێز و توندوتیژی هەیە. لە هەمان کاتدا، لە مەدینە محمد خۆی دەستەڵاتی ڕەها بوو. و هەنگاو بە هەنگاو گۆڕان بەسەر پەیامی دینی دادەهات. تا لە سەردەمی مەدینە بە دامەزرانی دەوڵەتی ئیسلام. پەیامی نەسڕی، زۆر لە کزی دابوو.

لەسەردەمی عومەر کوڕی خەتاب و داگرکردنی ئۆرشەلیم. سەرەتای کۆتایی هاتنی دەستی پێکرد. و دینی ئیسلام لەژێر تارمایی نەسڕی دەرچوو.

لەمەودوا، هەنگاو بە هەنگاو دینێکی نوێ فۆرمی وەردەگرت. ئەو دینە چیتر دینی نەسڕی نەبوو، بەڵکوو دینێکی عەرەبی پوخت، کە ڕەنگدانەوەی کولتووری بیابانی پێوە دیاربوو. لەلایەکیتر نەسرایەکانی حیجاز، جیاوازییان لە نێوان قورئان و ئینجیلی عیبرانی قەشە وەرەقە نەدەکرد. ئیتر بۆیان گرنگ نەبوو هەر بە نەسری بمێننەوە، یان بێنە ناو ئەو دینە نوێیە (ئیسلام). لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک هۆزیان هەر مابوونەوە. و بەردەوام بوون لەسەر پێڕەوی سرووتە دینییەکانی نەسڕی.

بە شێوەیەکی گشتی لە سەردەمی محمد و ئەبو بەکر، نەسڕیەکان دەستەڵاتێکی باڵایان لە بنیاتنانی فۆرمی دەوڵەت و دینە نوێکەدا هەبوو. وڕێنمایی و ئامۆژگاری دیندارانی موسوڵمان، و خەڵکی تریان بۆ دینە نوێکە لەسەرشان بوو. ئەوەش یارمەتییەکی گەورەبوو، لە دروستکردنی دینە نوێکەی محمد، چ لە ڕێگای دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی کە نەسڕیەکان

هەیان بوو. و چ لەڕێگای دارشتنی (وەحی) ئایەت و سورەتەکانی مەککە، لەسەر بنەڕەتی ئینجیلی عیبرانی.

بەڵام هەر لە سەرەتای دەست بەکار بوونی عومەری کوڕی خەتاب، وەک خەلیفەی دووەمی ئیسلام هاوسەنگییەکان گۆڕان. و گڵۆڵەی نەسارییەکان کەوتە لێژی. بەتایبەتی دوای گرتنی ئۆرشەلیم و ئاشکرابوونی خەونە زراوەکەیان، عومەر گشت تەقەڵایەکی خۆی بەکارهێنا. بۆ ئەوەی نەساریەکان دینی خۆیان بگۆڕن. و بێنە سەر دینی ئیسلام. هیچ دەرفەتێکی، بۆ ڕاییکردنیان لە دەست نەدەدا. تا دینی نەساری بەجێ بێڵن. و دەوڵەت و دینی ئیسلام ببێتە دامەزراوێکی عەرەبی پوخت. بۆ ئەو ئامانجەش عومەر هەنگاو بە هەنگاو، وەک بەرنامەیەکی ڕێکخراو جێ بەجێی دەکرد[632].

أبو یوسف لە پەرتووکی موسوعة الخراج دەنووسێ:

> زیاد کوڕی حوەیرە گوتی: من یەکەم کەس بووم عومەر ناردمی. دەڵێ فەرمانی پێدام، توندی لەسەر نەساریەکانی بەنی تەغەلوب بکەم، بۆ وەرگرتنی دینی ئیسلام. عومەر گوتی پێیان بڵێ: ئەوان لە نەتەوەی عەرەبن و ئەهلی کتاب نین. بۆیە لەسەریانە، چیتر درەنگ نەکەون و ببنە موسڵمان.

خۆ عومەر ڕاستی دەکرد. لەبەر ئەوەی ئەو پەرتووکە پیرۆزەی ئەوان، کە تا ئێستا بە ئینجیلی عیبرانی داناسرا، دەمێکە ناویان ناوە قورئان (مەبەست قورئانی مەککەیە). پەرتووکی پیرۆزی ئیسلام، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئینجیلی عیبرانی دا نییە. کە نەساریەکان پەیرەویان دەکرد. بەڵکوو وەک دوو ڕووی هەمان دراون. بۆیە عومەر مەرجی بۆ نەساریەکانی بەنی تەغەلوب

[632] آبو یوسف، الخراج (١٩٧٩). موسوعة الخراج .دار المعرفة. بیروت

دانا. كه لەمەودوا نابێ منداڵەكانیان ببنە نەسارێ.[633]

ئەبو یوسف لە درێژەی باسەكەی دا، چیرۆكێكی تر سەبارەت بە ڕێكەوتنی عومەر لەگەڵ بەنی تەغەلوب دەگێڕێتەوە.

> عەبادە بن نەعمانی تەغەلوبی بە عومەری گوت: ئەی ئەمیری مؤمنین بەنی تەغەلوب خاوەنی سەروەری و ئازایین، چی دەفەرمووی تا بیكەین. عومەر لەگەڵی ڕێكەوت كە ئیتر منداڵەكانیان لە ئاو هەڵنەكێشن (تعمید). هەروەها دەبێ سەدەقە بدەن. ئەو ڕێكەوتنەی عومەر لادانە لەسەر ئەو ڕێكەوتنەی محمد پێشتر لەگەڵ نەسارییەكان كردبووی[634].

لێرەدا بە باشی دەردەكەوێ كە نەساریيەكان، جیاوازییەكیان لە نێوان قورئان و ئینجیلەكەی خۆیان نەدەدی. بۆیە بۆیان گرنگ نەبوو لەسەر كام دین بن. ئەوەی بۆ ئەوان گرنگ بوو، ناوەرۆكی پەرتووكەكە بوو. كە لە بنەڕەتدا ئەوان خاوەنی بوون و محمدیش بە یارمەتی قەشە وەرەقە كردیە قورئانی (عربی مبین).

---

[633] هەمان سەرچاوە

[634] حسین، العودات (١٩٩٢) العرب النصاری، عرض تاریخی . الأهالی للطباعة و النشر و التوزیع

سڕینەوەی شوێنەواری کۆنە هاوپەیمانەکان

وەک یاسایەک، ئەو کاتەی هاوسەنگی هێز گۆڕا. و ئیسلام بووە دینی هێز. وای پێویست دەکرد. بۆ ئایندەی دینە نوێکە، دەبێ هاوپەیمانە کۆنەکانیان تێک بشکێندرێن. و خۆشیان شوێنیان بگرنەوە. تا ببنە (گەلی هەلبژاردە). ئەوەش لە دوای ئەوەی، بە تەواوی بوونە گەورەپیاوانی نوێی ڕۆژهەڵات. لەو دەمەدا، خۆیان بڕیاریان لەسەر چارەنووسی نەتەوە و دینەکانیتر دەدا.

بەڵام هەڵومەرجی نوێ، کێشەی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێ. چۆن پاکانە بۆ ئەو هاوپەیمانییە، چەند سەد ساڵییە بکەن. و چۆن بتوانن بیانووی گونجاو بۆ شکاندنی پەیمانیان لەگەڵ نەساڕیەکان بدۆزنەوە. بۆیە باشترین ڕێگا ئەوە بوو، لەسەر شانۆی سیاسی کۆتاییان پێ بێنن. بەڵام چۆن شوێنەواریان نەهێڵن! بەتایبەتی زانیاری لەسەر پەیوەندیان لەگەڵ خەلیفەکانی سەرەتای ئیسلام؟ [635]

لەوە بەدوا پەیتا پەیتا دەستیانکرد، بە لەناوبردنی گشت ئەو بەڵگەنامە، و تۆمارانەی ئاماژە بە هاوپەیمانی یەکەمی عەرەبی و نەساڕی دەکەن. ئەو کارەشیان هەنگاو بە هەنگاو، گشت ئەو شوێنەواری بەڵگە و تۆماری کە بنەڕەت بوون بۆ قورئان، و ناکۆکی و ململانێی سیاسی لەسەر دەستەڵات. لەلایەن دەستەڵاتدارە نوێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. و پەیوەندیەکانی بە بنەڕەتەکانی دینی نوێ هەبوون فەوتێندران [636].

---

[635] Odon (Olaf) Lafontaine. The great secret of Islam Pp 58

[636] Ibid. Pp 61

دوای پاکتاوکردنی گشت شوێنەواری نەسارِییەکان. و لە شوێنی ئەوە، دینیکی نوێی بێهێز لە مەدینە لە دایک بوو.

بۆ ئەو دینە گشت ڕێگایەکی نارەوایان، بەکاردێنا بۆ بە هێزکردن و سەقامگیری خۆیان. هەر لە ڕێگای داگیرکاری و کوشتن و دزی و سەبایا لەلایەک. لەلایەکیتریش وەک دینێکی ئیبراهیمی لەسەر ئێسک و پروسکی نەسارِیەکان و کەلەپووری چەند سەد ساڵەیان، بوونە هێزێکی لەبن نەهاتووی داگیرکەر.

دەوڵەت و دینی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە و لەسە خوێنڕشتن و داگیرکاری دروستبوو. هەر ئەو شێوە دەستەڵاتداریەش، لەمەودوا بووە پیشەی سەرەکی داگیرکردنی ووڵاتان، و ئەنفال و بەدیلگرتن و بە سەبایا کردن بوو.

پوختەی پڕۆسەی دین

گێڕانەوەی مێژوو بریتییە لە ڕوومالکردن و شرۆڤەی، زانیاری متمانەپێکراو. کە بتوانرێ بە پێی لۆژیک، لێکدانەوەی لەسەر بکرێ. ئەوەش لەخۆیدا کارێکی سەختە، و پشوودرێژی دەوێ. لەبەرامبەر ئەوە، متمانەکردن بە گۆتەی باوی خەڵکی، سەبارەت بە ڕووداوەکانی کۆمەڵایەتی لە قۆناخێکی مێژووی دوور، ئەوسا ئەو ڕووداوە، ڕووداوێکی سەربازی و جەنگ بێ یان دین، لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوودا. بەتایبەتی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. ئەو گۆتە باوانە هەنگاو بە هەنگاو، بە زێدەڕۆیی و درۆ و بەلاڕێدابردن، ڕاستی ڕووداوەکان یان دیاردەکان دەکەونە پشت تارمایی ئەو زێدەڕۆییانە. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، ئەو ئەفسانە و چیرۆکی نالۆژیک جێی ڕووداوە ڕاستیەکان دەگرنەوە.

بەدرێژایی چەند هەزار ساڵەی ڕابردوو، گەنجینەی کەلەپووری گەلێری، بە سەدان چیرۆک و ڕووداوی بێ بنەمای تۆمارکردوون. و بوونەتە جێگای باوەڕی ملیۆنان کەس. و نەوە دوای نەوە باوەڕیان پێیان بووە.

ئەگەرچی ئەو چیرۆکانە تەنیا خەیاڵی کەسێک یا گرووپێک بووین. بە مەبەست، وەک شانۆیەکی دروستکراو، بە شێوەی ڕەوانبێژی بە خرۆش و کاریگەر، کۆنترۆڵی هزری خەڵکیان پێ کردووە. بەڵام بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کەلەپوورە هەڵبەستراوە. و ڕەواندنەوەی تەم لەسەر ڕاستیە حەشاردراوەکان، کارێکی وا ئاسان نییە. وەک ئەوە وایە تۆ بەدوای گرێکوێرەکانی حەشاردراو دابگەڕێی. و نازانی لە کوێوە دەست پێبکەی.

بۆ ئەوەش دەبێ بەردەوام بەدوای، کوێرە ڕێگاکاندا بگەڕێی و بە شێوەی وورد و مێتودی تایبەتی. ئەو سەرەداوانەی دەیاندۆزیتەوە. هەم ڕووماڵی بکەی و هەمیش بە بەراورد لەگەڵ سەرچاوەی جیاجیا، لە سەرەندی شرۆڤەیەکی ووردی بدەی.

هەرچەندە لەو چەند سەدەیەی کۆتایی، تۆژینەوەی هاوچەرخ توانیویەتی تا ئاستێکی باش هەنگاو بۆ ساخکردنەوەی ڕووداوە مێژوویەکان باوێ . و چیرۆکە پیرۆزەکان و ڕووداوەکانی پاوانکراو جارێکیتر بگێڕێتەوە. بەڵام ئەو قۆناغە، کاتێکی زۆری دەوێ تا کۆمەڵ بتوانێ هزری خۆی لەو چیرۆکە خورافیانەی بە گوتی و دەگێڕنەوە، ڕزگار بکا و بە ئازادی و لۆژیک بیر لە پیرۆزیەکان و داهێنانیان بکاتەوە.

١

بە شێوەیەکی گشتی، فەلسەفەی یۆنانی کاریگەرییەکی قووڵی لەسە مێژووی هزری مرۆڤایەتی هەیە. و هەرمیشە هەنگاوێک لەپێش سەرهەڵدانی هزری مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. لەگەڵ هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی ئەویش، خزاوەتە ناو کەلەپوور و هزری تاکەکانی نەتەوەکانی تر. لەوانەش ستۆیزم و سینیسیزم. دوو ڕێبازی فەلسەفین هەر زوو لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی جێگای خۆیان کردۆتەوە. و تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی تێکەڵی بیروباوەڕیشیان بووە. یەک لەو ڕێبازە فەلسەفیانەی تا ئێستاش لەناو هەناوی کۆمەڵگە دینیەکان وەک فاکتەرێکی کاریگەر ماوەتەوە، سینیسیزمە (الکلبیة، یان سەگ ئاسا).

سینیسیزم وەک فەلسەفە باوەڕی وایە، کە بەختەوەری مرۆڤ لە ژیانێکی سادە، و دوور لە سامان و ژیانێکی زێدەڕۆیی دایە. مرۆڤ پێویستە ئارەزووی ژیانێکی خۆش و ناوبانگ و دەستەڵات ڕەت کاتەوە. تەنانەت بە شێوەی ڕاستەوخۆ نەرێت و ژیانی کولتووری و

زێدەڕۆیی پێشێل دەکا. ئەوەش تا دەگاتە ئاستی بە ئاشکرا، و بێ شەرمانە. بە شێوەی گاڵتەجاڕی لەبەردەم خەڵکی، بە تانە و تەشەر سووکایەتی بە خەڵکی تر بکا. یا بە ڕووی خەڵکیتر کە وەک ئەوان نین هەڵشاخێ. و بە قسەی سووک بەرەو ڕووی خەڵکی شار دەبوونەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی جلوبەرگ یا لە خانووی بەرز دەژیان.

ئەو شێوە ژیانە ڕاستەوخۆی لە هەرسێ دینە ئیبراهیمیەکان ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام جیاوازیەکی بنەڕەتی لە نێوان سینیسیستەکان و دینداراەکان دا هەیە. سینیستەکان، بە کردەوە و ژیانیان لەگەڵ باوەڕی فەلسەفیان سەرڕاست و یەک ڕووبوون. هەمیشە باوەڕیان و کردەوەکانی ڕۆژانەیان ڕەنگدانەوەی یەکتر بوون. کەچی دینداراانی، دینە ئیبراهیمیەکان، تەواو پێچەوانەن. لەلایەک خۆ ڕەزیلکردن و کڕنۆش بردن، تا دەگاتە ئاستی ڕەشبینی لە ژیانی ئەو جیهانە. و بە هیوای ژیانێکی باشتر. لەلایەکیتر کردەوەی ڕۆژانەیان، لە دڵڕەقی و تێنووی کوشتن و تاڵان و قۆڵبڕی و بەدیلگرتن و سەبایا. بەگشتی دوو کەسایەتی لە کەسێکدا. جا ئەوە چ بە خەیاڵ بێ یان ڕاستی.

بە هاتنی یەسوی کریست و دەرچوونی باوەڕی دین لە چوارچێوەی سنووری نەتەوەیەک بۆ جیهانێکی فراوانتر. فەلسەفەی سینیسیزمیش ڕەوتێکی قووڵتری وەرگرت. بە پێی تۆژەرەوان یەسو خۆی بیرمەندێکی سینیسیست بوو. ئەو فەلسەفەیەش لە کردەوە و ووتارەکانی دەبینرێتەوە. بە تایبەتی لە ئینجیلی مەتیاس (مەتی) و لوکاس (لۆقا).

لە دینی ئیسلام، سینیسیزم هەر لە دەقەکانی قورئان تا دەگاتە، ووتاری ڕۆژانەی ڕابەرانی دین، هەر لە خۆ زەلیلکردن و پاڕانەوە. تا دەگاتە سووکایەتی بە دینەکانیتر. و شەڕ و کوشتن و تاڵان لە پێناوی خودا. وەک ئەوکێکی دینی و خودایی دەبینرێ.

٢

شەڕ و داگیرکاری نەتەوە سامیەکان شتێک نییە لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی دوایی، شاراوە بێ. ئەوەش هەر لە کۆچی جولەکان لە یەمەنەوە بەرەو باکوور. و شەڕو ململانێیان لەگەڵ کەنعانی و ئاشووری و کلدانیەکان. تا دەگاتە دامەزرانی یەکەم دەوڵەتی بەنی ئیسرائیل لە سەدەی دەیەمی پ.س.ب لەلایەن شاول. دوای ئەویش داود و سلێمانی کوڕی داود لە پاشایەتی بەردەوام بوون. ئەوەش لە ژێر ئاڵای پیرۆز و ئارەزووی خودایی، بەردەوام بە داگیرکاری و تاڵان و بڕۆ. بە ناوی بەرگری لە جیهانی خودا. بە درێژایی تەمەنی دینە ئیبراهیمیەکان هەر بەردەوام بووە. و ئیسلامیش نەک هەر کەمیکردۆتەوە، بەڵکوو ئاگری کوشتن و تاڵان و داگیرکاری خۆشترکردووە. کە تا ئەمڕۆش بەشێکی هەرە گرنگی ئەرکی خودایی ڕۆژانەی موسوڵمانانە، بۆ گەیشتنە بەهەشتی خودا.

٣

یەسوی ناسری، وەک کەراکتەرێکی مەزنی دین، گەورەترین کاریگەری و ڕۆڵی، لە ناو دەروونی کۆمەڵگەی جولەکە هەبوو. کە تا ئێستاش ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ئەو کاریگەرییەی لەسەر کۆمەڵگە و دینەکان بە چاك یان خراپ هەر بەردەوامە. ئەو کاریگەرییەشی لەسەر دینی ئیسلام و قورئان بە ئاشکرا دیارە.

بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کە یەسو بیرمەندێکی سینیسیزم بوو. و کارەکتێری سینیستی یەسو لە کارو پەیامی ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزیان هەبوو. ئەوەش لە هەردوو ئینجیلی مەتیاس و لوکاس دەردەکەوێ.

دوای بەدواداچوونێکی وورد بەناو سەرچاوە و تۆمارەکانی ڕۆمانی و یۆنانی دا. دەردەکەوێ، مێژوونووس و کاربەدەستانی ڕۆمانی و یۆنانی لەسەردەمی یەسو، دژایەتی کریستیانیان دەکرد. و تا دەگاتە بە خورافە و جادوگەریان دادەنان. کەچی نکۆڵیان لە بوونی یەسو (عیسا) نەدەکرد. ئەوەش بەڵگەیە بۆ سەلماندنی بوونی یەسو، وەک مرۆڤێکی مێژووپی و چاڵاک.

بەڵام کێشە لێرەوە دەست پێدەکا. ئایا یەسوی مێژووپی، هەمان ئەو یەسوە بووە، وەک کریستیانەکان، ئەفسانەی بۆ دەهۆننەوە؟ ئایا تا چەند باوەڕ بەوە بکەین. کە یەسو ئەو هەموو پەرچووەی کردووە. کە ئینجیلەکان باسی دەکەن. ئەوە بۆ مێژوو نووسێک گرنگ نییە، لەبەر ئەوەی ئینجیلەکان پەرتووکی باوەڕن، نەک مێژووپی. ئەوەی مێژوونووس پێویستیەتی، بوونی یەسو وەک کەسایەتی مێژوویە و هیچیتر.

ئەو دەربڕینە نووسەرانی جولەکە و حاخامەکانیش دەگرێتەوە. ئەگەرچی ئەوانە دژی یەسو و کریستیانین و بە خراپی لەسەریان نووسیون. کەچی بە هیچ شێوەیەک نکۆڵی لە بوونی یەسوی مێژووپی ناکەن. بەڵام ئەوەی لێرە بۆ ئەو نووسینە گرنگە دەبێ دەرئەنجامەکەی هەر گرووپێک بە تەنیا ڕوونبکرێتەوە.

نووسەرانی ئیمپراتۆری ڕۆمانی بریتین لە کەسانی پایەبەرز، لە بواری سیاسی و کارگێڕی لە ناو دەستەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆم وەک سوتۆنیوس، تاسیتوس، پلینی بچووک. هەروەها نووسەرانی نەناسراوی وەک تالۆس و مارا. و فەیلەسوفی وەک لوسیانی سامۆساتە و سیلسوس. ئەوانە بەگشتی دژی کریستیانی بووین. و بە خراپە تا دەگاتە سووکایەتی باسی کریستیانیان کردووە. کەچی بە ڕاشکاوی باسی یەسو دەکەن. ئەوەش وەک گەواهی گرنگن بۆ بوونی یەسوی کوڕی یوسفی دارتاش، وەک کەسایەتییەکی مێژووپی، کە لە دەرەوەی پەرتووکی باوەڕی دینی دانی پێدابنرێ.

بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە، بۆ لەو هەموو گەنجینە گەورەیەی یۆنانی ڕومانی، تەنیا چەند سەرچاوەیەک باسی یەسویان کردووە؟ ئەوانەش زۆر دواترن لە سەردەمی کریست. تەنانەت پەرتووکی تالۆس کە ساڵی ٥٥ س.ب نووسراوە. زۆر دواتر لە مێژووی یولیوس ئەفریکانوس دەبینینەوە. وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

١ زۆربەی هەرە زۆری دۆکومێنت و سەرچاوەی گرنگی مێژووپی ڕۆمانی لە سەردەمی یەسو تا ساڵی ٨٥ س.ب فەوتان. ئەوەش بەهۆی سووتان لەلایەک و لەلایەکیتر کودەتا و ڕەشکردنەوەی شوێنەواری یەکتری. بۆیە ئەو سەرچاوانەی، کە باسی یەسو دەکەن لەدوای ئەو سەردەمەن. بەتایبەتی سەدەی دووەم.

٢ ئەوەی بۆ ئیمپراتۆی ڕۆم گرنگ بوو، دینی کریستیانی بوو. نەک یەسو. بۆیە بەڵگەنامە و تۆمارەکانی سەبارەت بە دینی کریستیانی، ئەوەندە زۆرن، لە ژمارە نایەن. کەچی هەوڵ دەدرا دوای لە خاچدانی چیتر ناوی نەهێنن. لەجیاتی ئەوە زیاتر بەرەنگاری کریستیانەکان و چاڵاکیان ببنەوە. چونکە لە ئایندەی ئەو دینە نوێیە دەترسان.

سەرەڕای ئەوە، هیچ لە ئینجیلە نووسراوەکان هاوسەردەمی یەسو نەبووین. بەڵکوو لە ساڵانی نێوان ٦٨ تا ١٠٠س.ب نووسراون. واتە یەکەم ئینجیڵ ٣٨ ساڵ دوای لە خاچدانی یەسو، دەست بە نووسینی کراوە. سەرەڕای ئەوە ئینجیلەکان وەک سەرچاوەی باوەڕێکی خودایی، باسی یەسو دەکەن. بۆیە دەبێ جیاوازی لە نێوان یەسوی ئینجیلەکان و یەسوی مێژووی بکرێ. ئەوەی بەلای مێژوونووسانی ئەو سەردەم گرنگ بوو، شتێک دەربارەی یەسو بنووسن و بەس. بۆیە تا نزیکەی دوو سەد ساڵ لەمەوبەر، یەسوی مێژووی لە ڕوانگەی یەسوی باوەڕ دەبینرا. ئەوەش تێکەڵاویەکی ئاڵۆزی لە نێوان باوەڕ و مێژوو دروستکردبوو.

دەرئەنجام بەوە دەگەین کە گشت پەرتووکە کلاسیکیەکان، کریست لە ڕێگای کریستیانییەوە دەبینن. کریستیانیش بزووتنەوەیەک بوو. گرنگی سیاسی خۆی لە دیدی ئیمپراتۆری ڕۆم هەبوو. کە بەردەوام لە بەرزی و نزمی دابوو. لەگەڵ ئەوەشدا کریست وەک دامەزرێنەر و سەرکردە و مامۆستای گیانی (روح) ئەو بزووتنەوەیە بوو. کە هەمیشە لە پەراوێزی کێشەکانی سیاسی و دینی دەبینرا. بەو مانایەش، هەمیشە لە پشت پەردەی شانۆی ململانێی کریستیانی بەرامبەر ڕۆم ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو. کەچی نەک وەک لایەنێکی چاڵاک بۆ کێشەکان. بۆیە دوای لە خاچدان، و بەردەوامی بزووتنەوەکەی. هەڵسوکەوتی نووسەران و دەستەڵاتی ڕۆم لە شێوەی تاکەوە، گۆڕا بۆ ئەو کۆمەڵەی لەسەر هەمان ڕێگا بەردەوام بوون.

٤

دوای لە خاچدانی یەسوی نلسری، ناکۆکییەکی گەورە کەوتە نێوان بنەماڵەی یەسو لەلایەک و نێردە و قوتابیەکانی لەلایەکیتر. ئەوەش لە ئەنجامدا، دینی یسوی لە ناوەوە کردە دوورەوتی جیاواز. یەکەمیان بنەماڵەی یەسو و ئەو جولەکە فەریسیانەی باوەڕیان هێنابوو. کە دەیانەویست سەرجەمی دینی یەسو باوەڕی بە یاساکانی موسا و یەسو پێکەوە هەبێ. کەچی نێردەکان (قوتابیانی یەسو) هەوڵی ئەوەیان دەدا لە ژێر تارمایی دینی جولەکە و یاساکانی موسا دەربچن.

ئەو ناکۆکیە وایکرد، نێردە و قوتابیانی لە دوای ساڵی ٤٠ س.ب لە کۆنفرانسێکدا ناو لە خۆیان بنێن کریستیان. بەڵام نەسڕیەکان هەر بەردەوام بوون لەسەر پەیڕەوکردنی هەردوو یاساکانی موسا و یەسو. سەرەڕای ئەوەش هەوڵیان دەدا بە توندوتیژی ڕێبازە دینیەکەیان بچەسپێنن. بۆیە دەستەڵاتداری ڕۆم یەکەم بنەماڵەی داودی لەناو برد و نەسڕیەکانیشی

دەربەدەری شام و میسۆپۆتامیا کردن. سەرەڕای ئەو دەربەدەری و دوورەپەرێزیە، نەسڕیەکان، هێشتا باوەڕیان بە توند و تیژی هەر پتەوتر دەبوو. بە درێژایی چەند سەدە، بوونە هۆی شەڕی گەورە و ماڵوێرانی و کوشتنی دەیان هەزار بێتاوان. تا لە کۆتایی لە نەیانتوانی لە شام زیاتر بمێننەوە. و کۆچیان بۆ یەتروب کرد لە حیجاز.

٥

محمد وەک دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە، وەک کەسایەتییەکی مێژووپی چاڵاک هەبووە. بەڵام ئەو کەسایەتییە نەبووە، کە لە پەرتووکەکانی مێژوونووسانی موسوڵمان دیخوێنینەوە. بەپێی ڕاڤەکار موسوڵمانان باوەڕیان وایە دینی ئیسلام لە بۆشاییەکی گیانی خودایی دروستبووە. ئەوەش هەر لە یەکەم دەوکەوتنی جوبرائیل، و گەیاندنی یەکەمین پەیامی دین لەلای خوداوە.

بەڵام بە بەدواداچوونێکی وورد، دەردەکەوێ ئەو لێکدانەوەیە، لە بنەڕەتدا هەڵەیە. لەبەر ئەوەی یەکەم بەپێی یاسای سرووشت، ئەوە شتێکی ئەستەمە. لەبەر ئەوەی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لە مێژوودا پاشخانێکی خۆی هەیە. کە دەتوانێ بەپێی ژینگەی سەرهەڵدانی، سیمای دەروونی و کۆمەڵایەتی بداتێ.

١ پەیامبەری ئیسلام، هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتی هەمیش لە ڕووی بایۆلۆژی لە هەردوو لایەنەوە دایک و باوکی، نەسڕی بووین. هەروەها عبدالمطلب و أبی طالب مامی لەسەر هەمان ڕێباز بووین. هەرچەندە سەرچاوەکان باسی عەبدوڵای باوکی ناکەن. بەڵام بە ڕەچاوکردنی باپیرەی و مامی لەلایەک. و دایکی لە لایەکیتر کە گشتیان نەسڕی بووین. ناکرێ گومانی شتێکیتر لە باوەڕی عەبدوڵا بکرێ.

٢ سەرەڕای ئەوەش لەسەر ڕێبازی نەساڕی هاوسەرگیری کردووە، کە تا مردنی خەدیجە نە لێی جیابووەوە و نە توانی ژنێکیتر بێنێ. ئەوەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە، بۆ بنەچەکەی بایۆلۆژی محمد لەلایەک. لەلایەکیتر پەیوەندی نزیکی لەگەڵ قەشە وەرەقەی کوڕی نۆفل و ڕەبەنەکانی تری نەساڕی. ئەو پەیوەندییەش بێجگە لە پەیوەندییەکی دینداری بەولاوە، ناتوانێ هیچیتر بێ.

٣ هەر لە منداڵیەوە هاتوچۆی، ئەشکەوتی حەڕای دەکرد. و هاودەمی أبی طالبی مامی و قەشە وەرەقە بوو. ئەو ئامادە بوونەشی، ئامادەکارییەک بووە لەلایەن قەشە وەرەقە و أبی طالب بۆ ئەرکێکی مێژووویی. ئەوەش أبی طاڵب نایشارێتەوە. لە ئاهەنگی هاوسەگیری محمد و خدیجە بە بێ پەردە لە ووتارێک دا بە هەمان بۆنەوە دەیدرکێنێ.

٤ لەسەرەتادا قەشە وەرەقە محمدی بۆ جێنیشینی خۆی ئامادە دەکرد. و ئارەزووی ئەوەی هەبوو، کە دوای خۆی ببێتە سەرۆکی کەنیسەی یەهودی نەسلری ئەبیۆنی لە مەککە. بەڵام دوای مردنی قەشە وەرەقە چوار سال دوای بانگهێژی و دواتریش مردنی هەردووک خەدیجە و ابی طالب کۆچی دواییان کرد. محمد بێ دەرەتان و پارێزگاری مایەوە. ئیتر بانگهێژەکەی هەنگاو بە هەنگاو بۆ ووتاری توندتر و ئاڕاستەیەکی نوێ گۆڕی. بەتایبەتی دوای کۆچ بۆ مەدینە. پەیداکردنی هێزێکی گەورە لە قورەیشیەکانی شام و نەسڕیەکانی کۆچکردوو. کە شاوکەری کارامەبوون. گشت ئەوانە هێزێکی گەورەیان دایە محمد و هاوڕێکانی، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام.

سەبارەت بە ناکۆکی محمد لەگەڵ یەهودیەکانی مەدینە، ناکۆکییەکانی پێشینەیەکی کۆنیان هەبوو. کە بە میرات لە نەسڕیەکان بۆ محمد مابوونەوە. ناکۆکیەکان لەگەڵ هەردووک جولەکەکانی حاخامی و ڕێبازەکانی تری کریستیانی. دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلام، نەسڕیەکان ببوونە بڕبڕەی پشتی دەوڵەتی مەدینە و خزابوونە ناو دەمارەکانی. و بوونە

ڕینماکار و ئاڕاستەکەری، و گشت ئەو ڕق و خوێنڕژییەی بە سەدان ساڵ کردبوویان، توانیان لە مەدینە دژی هەر نەیارێکیان پەرەی پێ بدەن.

ئەوەش بە باشی لە ڕەفتاریان بەرامبەر جولەکانی مەدینە دەردەکەوێ. کە بۆ دوو هۆی تەواوکەری یەکتری دەگەڕایەوە.
یەکەم: هەوڵی چەند سەد ساڵەی نەسڕیەکان و بۆ ڕاییکردنی جولەکەی حاخامی بە وەگرتنی یەسو. بەو مانایەش دێنە سەر دینی نەسڕی. لەو هەوڵەیان سەرنەکەوتن.

دووەم: پێویستی دابینکردنی ئابووری بۆ لەشکری دەوڵەتی ئیسلامی ساوا. کە پێویستی بو گشت پێداویستیەکی بژێوی و شوێنی حەوانەوە هەبوو. ئەوەش دەتوانرێ لە ڕێگای داگرکاری و تاڵان و سەبایا بتوانێ هەم ئابووری لەشکرەکەی دابین بکا. و هەم زیاتر هۆزە عەرەبیەکانی بەدەوی بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. ئەوەش وایکرد لەبنەڕەتا زمانی قورئان و جوولانەوەی نەبی محمد، لە شێوەیەکی ئاڕام و ئاشتیانە، بگۆڕێن بۆ شەڕانگێزی و داگرکاری و کوشتن.

٦

سەبارەت بە نەسڕیەکان، کە تا ئەو دەمە ڕێبەر و ڕێنما و ئامۆژگاریکەربوون، هەنگاو بە هەناگاو گرنگیان لەدەست دەدا. و دەبوونە موسوڵمان. بەڵام لە لەسەردەمی محمد و ئەبو بەکر، هیچ زۆریان لێ نەدەکرا، بەڵکوو بۆ پەرەدان بە دینە نوێکە، یارمەتی ڕێنمایی و ئاراستەی دین و ئامۆژگارییەکانیان وەردەگیرا. و لەسەر ڕیبازی نەسڕی هەر بەردەوام بوون. بەڵام بە کۆتایی سەردەمی ئەبوبەکرو دوای ئەو . کاتی عومەر کوڕی خەتاب بووە خەلیفە، هەڵومەرجی بەردەوام بوونی نەسرییەکان لە بنەڕەتەوە گۆڕا.

هیلاری بیلوچ دەڵێ:

ئیسلام وەک لاڕێ (گومڕا)، دەستی پێکرد. پارێزگاری لە سیمای یەهودی بە باوەڕەکی نوێ و یەکتاپەرستی و ڕەها دەکرد. کە بەگشت شێوەیەک بەرجەستەکردنی کریستی (یەسو) لە خوداوەڕەتدەکردەوە، و بە تەنیا مرۆڤی دادەنا. [637]

ئەو تێکەڵاویەی دینە نوێکە لە نێوان بنەڕەتی یەهودی نەسارێ و کولتووری عەرەبی حیجاز، پێکەوە دینێکی نوێ، هەم لەگەڵ نەرێت کولتووری عەرەب لە حیجاز بگونجێ. و هەم بتوانێ پەیامی نەسارێ پێیێ. ئەوەش تا سەردەمی عومەر، درێژەی کێشا. کە تا ئەو دەمە نەسارییەکان لە ناو دینی ئیسلامی محمد باڵادەست بوون. هەر لە ڕێنمایی و ئامۆژگاری تا دەگاتە بەشداربوونیان لە شەڕ و داگیرکاری. یەک لەو شەڕانەی کە چاڵاکانە بەشداربوون، هێرش بۆ سەر ئۆرشەلیم بوو. لە ساڵی ٦٣٨س.ب. کە عومەر وەک یەکەم خەلیفەی موسوڵمانان چووە ناو شار. دوای گەڕانەوەی عومەر لە ئۆرشەلیم، و هەڵسەنگاندنی هەڵومەرجی نەساریەکان بڕیاری دا. دەبێ خۆیان یەکلا کەنەوە. و دینی نەسارێ بەجێبێڵن. لەبەر ئەوەی ئەوان عەرەبن و (أهل الكتاب) نین.

زۆربەی هەرە زۆری توژەران، پێیان وایە ئیسلام بێجگە لە دینی نەسارێ شتێکی تر نییە. دوای ئەوەی لە گەڵ دینی کریستیانی لەیەک ترازان. و بەرگی خوداییان لە کریست داماڵی. و تەنیا وەک دینێکی سادە لەسەر ڕێبازی جولەکە مایەوە. [638]

---

[637] Hilaire Belloc, What kind of Religion is Islam

[638] آل عيسى، د. محمد، تاريخ الإسلام المبكر، ص ١٦٩

لە کۆتاییدا بەگشت لێکدانەوەیەک، محمد هەر لە لەدایکبوون و پەروەردەکردنی، تا دەگاتە هاوسەرگیری، کەسێکی نەساری بووە. و ئەو دینە نوێیەی کە داشی هێناوە نەساری ئەبیۆنی بوو، کە قەشە وەرەقە ڕێبەرایەتی دەکرد. دواتر ئەو کاتەی دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە دامەزرا، ناوی ئیسلام هاتە ئارا. کە دوای داگیرکاری و فراوان بوونی سەرزەمینی دەوڵەتی ئیسلام، هەمان ناو بە بەر دینەکەش دابڕا. ئەگینا دینە نوێکە تەنیا درێژبوونەوەی دینی نەسارییە. بە تایبەتی قورئانی مەککە و هیچیتر.

نووسەری قورئان توخمە سەرەکیە گرنگەکانی ڕەوتە دینیەکانی دانەدەنا. کە خۆیان بڵاویان دەکردەوە و بەگرنگیان دادەنا. بە پێچەوانەوە بە مەبەستی نارەزایەتی و پەڵپ لێگرتنیان و کوودەتاکردن بەسەریاندا، ئەو شتانەیان وەردەگێڕا کە ئەو ڕەوتانە گرنگیان پێ نەدەدان و پشتگوێیان دەخستن. زیاتر شتە شاراوەکان (ئەڤۆکریفا) و لە پێشەوەی باوەڕی خۆیان دایان دەنان. [639]

بۆ نموونە پاتریشیا کرۆنە دەڵێ:

> ووشەی ئیسلام یان مسلم بە مانای مل کەچکردن و گوێڕایەڵی دێ. و لە زمانی سامەرییەوە هاتووە نەک عیبری یان ئارامی [640]

ووشەی ئیسلام و دەربڕینی هیچ پەیوەندی بە چۆنییەتی دینەوە نییە. دین شتێکە و ئیسلام شتێکی تر. دین واتە باوەڕ (ئیمان) و ئیسلام واتە خۆدانە دەست و ملکەچبوون. بەو پێیەش دەتوانین ووشەی ئیسلام بە گونجان، پەیڕەوکردن و ڕاستاندنی یاساکانی موسا بێ. بەو مانایەی گەڕانەوە بۆ ئیبراهیم و یاسای موسا و تەورات. جا بەو پێیە دین هەر دینێکی ئیبراهیمی ئیسلامە.

---

[639] هەمان سەرچاوە ل ١٧٤

[640] هەمان سەرچاوە ل ١٧٥

سورة آل عمران ٣: ٨٥

وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ (٨٥)

هەر کەسێ بێجگە لە ئیسلام، دوای هەر دینێکی تر بکەوێ، لێی وەرناگیرێ.

و ئەو کەسە لە ڕۆژی دوایی لەڕێزی زیانبارانە (٨٥)

بە گشتی ئەو شتەی ناویان لێناوە، شارستانی ئیسلام، بەرهەمی داگیرکاری بەربەریانە بوو، بۆ ئەو خاکانەی کە خاوەنی کولتووری زۆر کۆن و پەرەسەندوو بوون.

ئەزموونی داگیرکاری بەربەریانە، لە مێژووی میللەتاندا هەر هەبووە. بەڵام نەک بەو ئاستەی توندوتیژی، کە شارستانی ئەو وولاتانە وێران بکەن کە داگیریان کردوون. ئەو داگیرکەرانە پێویستیان بە ماوەی هەزاران ساڵ هەبوو تا شارستانیەکی وای تایبەت بە خۆیان هەبێ. بەڵام ئەوان لەجیاتی ئەو هەزاران ساڵە، بە ماوەیەکی زۆر کورتر، لە ڕێگای توند و تیژی زەوتی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی عەرەب بە چەرخە کۆنەکان ناگونجێ.

عەرەب کە وولاتانیان داگیر دەکرد هیچ زیانێکیان لێ نەدەکەوت. بۆ یە لەسەر کاولگەی ئەو شارستانیەتەی داگیریان کردبوو. گشت داهێنان و سامانی کولتووریان دەبردن . ئەوەش ئەنجامی لێککەوی هێزی داگیرکاری لەگەڵ سەردەمەکۆنەکان، شارستانیەتێکی زۆر نوێی دروست دەکرد. هەر بەو زووە تەم و مژی داگیرکاری لەسەر شارستانی دەنیشت. ئەوەش پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵتر هەیە. لەسەر ئەو کولتوورە دەگمەنەی کە داگیرکەرەکانی گۆڕی. و ئەو نەتەوە شکاوانەی بە مێژووی کۆنی خۆیان دەرفەتیان دا داگیرکەران، کە ئەو ئەنجامە بەدی بێنن.[641]

[641] Crone, Patricia, Cook Michael (1977) Hagarism the making of the Islamic world. Pp 73

٧

لە کۆتاییدا گەرە بمانەوێ ئیسلام وەک دین و دەستەڵاتی دەوڵەت بناسین، دەبێ ئەوە تێبگەین کە ئەو دینە کۆکراوەی پاشخانێکی تێکەڵاوە. هەر لە سینیسیزمەوە تا دەگاتە کولتوور و کەلەپووری دینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەهودی، کریستیانی سابئی و زەردەشتی. گشت کەلەپووری دینی و کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانە، وەک چێشتی مجێور بوونەتە ناوەرۆکی دینێک کە دواتر ناوی لێنرا ئیسلام.

مصحفی سەنعا و ڕۆشناییەکی نوێ

دۆزینەوەی مصحفی سەنعا، پەنجەرەیەکی نوێی بۆ تۆژینەوە کردەوە. کە بتوانێ لە ڕەهەندی تر، پرۆسەی پەرەسەندنی کۆکردنەوە، و دووبارە نووسینەوەی قورئان ببینێ. و بتوانێ ڕۆشنایی بخاتە سەر لایەنە شاراوەکانی ناکۆکی لەسەر قورئان لە ماوەی سەدەی یەکەمی بەدیارکەوتنی ئیسلام.

سەرەتای دۆزینەوە

لە ساڵی ١٩٧٢ س.ب لەکاتی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەی سەنعا، کرێکاران دوانزە هەزار پارچە دەستنووسی کۆنیان دۆزییەوە. لەو پارچانە ٩٢٦ دانەیان مصحف بوون (دەق قورئان بوون). هەندێک دەقیتری تاک و تەرای قورئانیش لێرە ولەوێ، لەناو دەستخەتەکان دۆزرانەوە. دەوڵەتی یەمەن بە یارمەتی ئەڵمانیا پرۆژەیەیەکی ساخکردنەوەی دەستپێکرد، کە ماوەی نێوان ١٩٨٠ – ١٩٨٩ س.ب خایاند. ئەو کارەش بریتی بوو لە ڕێکخستن و پێرستکردنی ئەو پارچانە. و بەوەش دیاریکرا کە کۆنترین مصحف لە ٨٠ پارچە تۆمارکرابوو. ئەو پارچانە بەگشتی ٣٦ دانەیان لە (دار المخطوطات اليمنية) پارێزران. و چوار پارچە لەلایەن کەسانی پسپۆر، لەگەڵ هەندێک هەوادارانی دەستنووسە کۆنەکان. و ٤٠ پارچەش لە پەرتووکخانەی مزگەوتی گەورە دانراون. کۆی ئەو دەستنووسانەش، نیوەی قورئان پێکدێنن. ئەو کۆمەڵە دەستنووسە، بە گرنگترین و کۆنترین دەستنووسی قورئان دادەنرێ.

تۆژینەوەی ئەو دەستنووسانە دەتوانێ ببێتە، خاڵی دەستپێکردنی هەنگاوێکیتر بێ بۆ دەرئەنجامی نوێ. لە ساخکردنەوەی دەقەکانی.



لاپەڕەیەک لە دەستنووسی قورئانی سەنعا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی کۆچی لە ڕاپۆرتی د. غسان حمدون وەرگیراوە.

بەڵام بەداخەوە گرووپی ئەڵمانی، تا ئێستاش هیچ ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەنجامی کارەکەی بڵاونەکردۆتەوە. تەنانەت هیچ مایکرۆفیلمێکیشان بۆ توێژەری تر نەخستۆتە بەر دەست. بەڵام توێژانی تر داوای کۆپیەک لە مایکرۆفیلمیان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە، لە دەوڵەتی یەمەن کرد. ئەو توێژەرانەش بەهنام سدیقی، و محسن گودەرزی لە زانکۆی هارڤارد[642]، ئەو دوانە لەسەر چل پارچە لەو دەستنووسانە لێکۆڵینەوەیانکرد.

دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی کاربۆنی، ئەو پێستەیە دەریخست کە یەکەم بەکارهێنانی پێش ٦٧١ س.ب/ ٤٩ کۆچی بووە. ئەگەر وای دابنێین محمد ساڵی ٦٣٢ س.ب/١١کۆچی کردبێ. کەواتە ئەو دەستنووسە دەبێ ٣٨ ساڵ دوای محمد نووسرابێتەوە. دەستنووسەکەش نموونەیەکی دەقی قورئانی عوسمانە، بە چەند هەڵەی ڕێنووسی سادە. بەڵام گرنگیە گەورەکەی لەو دەستنووسانەی ئەمڕۆ لەبەردەست دان، ئەوەیە، کە کۆنترین و نزیکترین دەستنووسە لە سەردەمی پەیامبەر.

توێژەران سەرەڕای تێکچوونی ناوەرۆکی هەندێ شوێنی دەستنووسەکان، توانیان بە هۆی ڕووناکی ژێروەنەوشە بیخوێننەوە. ئەوەش پیشانی دا، کە بێجگە لە دقە دیارەکە، لە ژێرەوەش دەقێکی جیاواز، لە دەقی عوسمانی هەیە. توێژەران گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو مصحەفە دەبێ یەک لەو مصحەفانە بووبێ، کە عوسمان فەرمانی دا بسووتێنرێ. بۆیە توێژەران، دەستیان کرد بە بەراوردی دەقی ژێرەوە، کە بە مصحفی إبن مسعود ناسراوە. لە ئەنجامی بەراوردکردن، شەست جیاوازیان لە نێوان دەقی ژێرەوە و دەقی سەرەوە (قورئانی عوسمان) دۆزیەوە. ئەوەش هەر ووشەی ڕەشکراوە، یان ئامرازی پەیوەندی جیاواز. یان ڕستەسازی جیاواز. یا بەشیوەی جیاواز نووسران . توێژەران پێیان وایە ئەو دەستنووسە

[642] Behnam Sadeghi and Mohsen Goudarzi (2012) Ṣan‘ā’ 1 and the Origins of the Qur’ān. Stanford University / Harvard University

چوار کەس نووسیویانەتەوە. دوان دەستنووسی ژێرەوە، و دوانیش دەستنووسە دیارەکە (سەرەوە). ئەوش سەلمێندرا کە دەستنووسی یاوەران جیاوازی لە رێکخستنی سورەتەکان هەبووە، کە عوسمان سووتاندنی.

هەرچەندە سورەتەکانی دەقی ژێرەوەی رێزبەندی یاسایەک پەیرەو ناکەن. و چەندین وشە و دەستەواژەی زیادەیان تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بێجگە لەدوو شوێن نەبێ، لەناو هەر سورەتێکدا، کە دەقی ژێرەوەی ماوەتەوە، بێجگە لە سورەتی ٢٠، ئەوانیتر هەمان ئایەتەکانی قورئانی عوسمانن.

بەهمەنی سدیقی و محسن گودەرزی بۆیان پێیان وایە، کە ئایەتەکانی ٣١ و ٣٢ لە سورەتی التوبة، هیچی کەم نییە (بەڵام هیچ کام لەو برگانە لە دەقی ژێرەوە دا نییە).

هەروەها توێژەری تری، وەک ئەسما هیلالی پسپۆر لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، خەریکی ساخکردنەوەی دەقەکانی قورئانی سەنعا و بەراوردکردنی لەگەڵ قورئانی عوسمان، کە لە ئەنجامدا وەک پەرتووک لە ساڵی ٢٠١٧ بڵاویکردەوە.[643] بێجگە لەویش لؤي العشری کە لێکۆڵەرەوەیەکی پسپۆری دینە ئیبراهیمیەکانە لە میسر ، کاری لەسەر ساخکردنەوەی مصحفی سەنعاکردووە.

وا لە خوارەوە، لیستی هەریەک لە توێژەرانی وەک لؤي العشري، ئەسما هلالي و هەندێکیتر، بە بەکارهێنانی پەرتووکی (معجم القرأة، کە لە ١١ بەرگ پێکدێ) دەخرێنە ڕوو. بەوەش خوێنەر دەتوانێ ناکۆکی و گۆڕانەکانی ناو ئایەتەکانی قورئان بە ڕوونی بەدیبکا.

[643] Asma Hilali (2017) The Sanaa Palimpsest, The transmission of the Quran in the first centuries AH. Quranic Studies Series. Oxford university.

وەک دەزانین لە ناو دەستنوسەکانی سەنعا، چەند بەشێکی ناسراون و لە بنەڕەتدا نووسراون. و بە دەستنووسی ژێرەوە ناسراو، کە کۆنترین دەستنوسی قورئانە، تا ئەمڕۆ دۆزرابێتەوە. دەستنوسەکە بەشێوەی دەقێک نوسراوە، دواتر سڕدراوەتەوە. و پاشان لەسەر هەمان پارچە پێست دەقی قورئانی عوسمان نوسراوەتەوە، کە دەقە سڕاوەکە جیاوازە لە دەستنووسی قورئانی عوسمان. و ئەو دەقە نوێیەی، کە دواتر لەسەر، دەقە سڕاوەکە نووسراوەتەوە. پێی دەڵێن دەقی سەرەوە، و سەر بە دەستنووسی عوسمانە.

دەقە سڕدراوەکان یان (دەقی ژێرەوە) بەهۆی تیشکی سەروەنەوشەیی دەتوانرێ شوێنەواری ببینرێ و بخوێنرێتەوە. سورەتی التوبە لە ئایەتی 121 دەست پێدەکا و تا کۆتایی دێ. و لەسەر هەمان پارچە سورەتی مریم دێ، تا ئایەتی 5.

ئەو چەند ئایەتەی سورەتی التوبة و سورەتی مریم، نموونەن بۆ جیاوازی نێوان هەردوو دەقە جیاوازەکان.

بە ووردبوونەوە، لە ئایەتەکانی هەردوو مصحەفەکانی عوسمان و سەنعا، دەردەکەوێ بەگشتی مصحفی سەنعا، مصحفێکی جیاوازە. و بەپێی معجم القرأت[644] و مێژووی قورئان لە سەرچاوە ئیسلامیەکان جیاوازی خوێندنەوە، لە نێوان هاوەڵان زۆر یا کەم، هەم لە خوێندنەوە، و هەم لە رێزبەندی کردنیان، بە ڕوونی هەبووە. ئەوەش دەستنووسی ژێرەوەی (مخطوطات صنعاء) دەرخەری ئەو ڕاستیانەیە.

ئەو جیاوازیانەی کە دیارن و دەتوانرێت بخوێنرێتەوە

[644] الخطیب، د. عبداللطیف (٢٠٠٠) معجم القرأت. دار سعدالدین، للطباعة و اللنشر و التوزیع. دمشق.

دەق عثمانی

وَمَا كَانَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةٗۚ فَلَوۡلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرۡقَةٖ مِّنۡهُمۡ طَآئِفَةٞ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَحۡذَرُونَ (١٢٢)

دەق صنعاء

مَا كَانَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةٗۚ فَلَوۡلَا نَفَرَ مِن كُلِّ أمة مِّنۡهُمۡ طَآئِفَةٞ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَحۡذَرُونَ (١٢٢)

دەق عثمانی

وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ فَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمۡ زَادَتۡهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنٗاۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَزَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَهُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ (١٢٤)

دەق صنعاء

وَإِذَا أُنزِلَتۡ سُورَةٞ فَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمۡ زَادَتۡهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنٗاۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَزَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَهُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ (١٢٤)

دەق عثمانی

وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡسًا إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كَٰفِرُونَ (١٢٥)

دەق صنعاء

وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم رجس فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡزا إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ وَمَاتُواْ وَهُمۡ فٰسقون (١٢٥)

دەق عثمانی

أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ (١٢٦)

دەق صنعاء

أَوَلَا يَرَو أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا يَتَذَّكَّرُونَ (١٢٦)

دەق عثمانی

وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ نَّظَرَ بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٍ هَلۡ يَرَىٰكُم مِّنۡ أَحَدٍ ثُمَّ ٱنصَرَفُواْۚ صَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ (١٢٧)

دەق صنعاء

وَإِذَا أُنزِلَتۡ سُورَةٞ نَّظَرَ بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٍ هَلۡ يَرَىٰنا مِّنۡ أَحَدٍ ثُمَّ فٱنصَرَفُواْۚ فصَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم ذلک بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَفۡقَهُونَ (١٢٧)

دەق عثمانی

لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ (١٢٨)

دەق صنعاء

ولَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنكم عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنتكم حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ (١٢٨)

دەق عثمانی

فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُۖ وَهُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ (١٢٩)

دەق صنعاء

فَإِن تَوَلَّوۡاْ عنک فَقُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُ الذی لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُۖ وَهُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ (١٢٩)

القرآن الكريم - سورة مريم

دەق عثمانی

كٓهيعٓصٓ (١) ذِكۡرُ رَحۡمَتِ رَبِّكَ عَبۡدَهُۥ زَكَرِيَّآ (٢)

دەق صنعاء

كٓهيعٓصٓ (١) ذِكۡرُ رَحۡمَة رَبِّكَ عَبۡدَهُۥ زَكَرِيَّآ (٢)

دەق عثمانی

إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيًّا (٣)

دەق صنعاء

إِذۡ نَادَىٰ ربک زكريا نِدَآءً خَفِيًّا (٣)

دەق عثمانی

قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ ٱلۡعَظۡمُ مِنِّي وَٱشۡتَعَلَ ٱلرَّأۡسُ شَيۡبٗا وَلَمۡ أَكُنۢ بِدُعَآئِكَ رَبِّ شَقِيّٗا (٤)

دەق صنعاء

وقل رَبِّ إِنِّي ٱشۡتَعَلَ ٱلرَّأۡسُ شَيۡبٗا وَلَمۡ أَكُنۢ رَبِّ بِدُعَآئِكَ ..... شَقِيّٗا (٤)

دەق عثمانی

وَإِنِّي خِفۡتُ ٱلۡمَوَٰلِيَ مِن وَرَآءِي وَكَانَتِ ٱمۡرَأَتِي عَاقِرٗا فَهَبۡ لِي مِن لَّدُنكَ وَلِيّٗا (٥)

دەق صنعاء

وَخِفۡتُ ٱلۡمَوَ ٰلِیَ مِن وَرَآءِی وَكَانَتِ ٱمۡرَأَتِی عَاقِرٗا فَهَبۡ لِی مِن لَّدُنكَ وَلِیّٗا (٥)

ئەوانە چەند نموونەیەکی جیاوازن لە نێوان قورئانی عوسمان و قورئانی یەمەن.کە بەڵگەن بۆ ئەوەی، قورئان پارێزراو نییە. بەڵکوو بەدرێژایی ئەو ١٤٠٠ ساڵەی ڕابردوو بە دەیان و سەدان گۆڕانی بچووک و گەورەی تێکەوتووە.



دەق باوی قورئان



دەق ژێرەوە (لەناوچوو)

١ ليستی لێتۆژینەوەی لؤي عشري

لؤي العشری متمانەی لەسەر تۆژینەوەی کەسانیتر کردووە، هەروەها ئەو ساخکردنەوانەی لەگەڵ خوێندنەوەی هەندێ لە یاوەرانی محمد وەک ابن مسعود و أبي بن کعب و هتد. بەراوردکردووە. کە کەم یا زۆر لەگەڵ قورئانی عوسمان جیاوازن.

قورئانی عوسمان/ ژمارە دەستنووسی سەنعاء	دەق ژێرەوەی سڕاوە	قورئانی عوسمان	خوێندنەوەی هاوشێوەی ژێرەوە
البقرة ٩٦ ٢أ: ٢٨	على هذه الحياة الدنيا	على حياة	أبي بن كعب به: على حياة دەیخوێندەوە
البقرة ٩٦ ٢ب: ١	بـ //ح (هـ)	بمزحه	إبن مسعود به : بمنزحه دەیخوێندەوە
البقرة ٩٨ ٢ب:٦	مكيل	ميكال	ابن محيصن، به ميكايل دەیخوێندەوە
البقرة ١٠٥ ٢ب: ٢٦	أو المشركون	ولا المشركون	الأعمش به شێوەی ئەهوازی دەیخوێندەوە: ولا المشركون
البقرة ٢١٧ David r: 25	عن الشهر الحرام و عن قتل فيه (أو عن قتال فيه)	عن الشهر الحرام قتال فيه	إبن مسعود و ابن عباس و عكرمة و الأعمش و الربيع به : عن قتال فيه دەیانخوێندەوە.

البقرة ٢٢٢ David v: 19	فلا تقربوا النساء في محيضهن حتى يتطهرن	فاعتزلوا النساء في المحيض ولا تقربوهن حتى يطهرن	ابن مسعود و أنس بن مالک به: ولا تقربوا النساء في محيضهن و أعتزلواهن حتى يتطهرن دەیانخوێندەوە.
البقرة ٢٢٢ David v: 20	يتطهرن	يطهرن	ابی بن کعب و عبدالله بن مسعود و أنس بن مالک به يتطهرن دەیانخوێندەوە.
المائدة ٤٥ Bonh. R: 13	وكتبنا على بني إسرائيل	وكتبنا عليهم	له مصحفی ابي بن كعب (وأنزل الله على بني إسرائيل فيها)
المائدة ٤٨ Bonh. V: 4	شريعة	شرعة	له مصاحفی سجستانی وا هاتبوو، بەڵام حجاج گۆڕی
المائدة ٥٤ Bonh. V: 26	غلظا	أعزة	عبدالله بن مسعود به غلظاء دەیخوێندەوە.
الأنفال ٢ ٤ب: ١٢	فرقت	وجلت	ابن مسعود به فرقت دەیخوێندەوە
التوبة ١٢٦ ٢٢أ: ١٣	أو (...) ترو (أو يرو)	أولا يرون	الأعمش به: أولم تروا، ابن مسعود به أو لم تر دیانخوێندەوە
مريم ١٩ ٢٢ب: ١٥	لنهب (أو ليهب)	لأهب	زبا عمرو كه يەک له دە خوێنەرانی جێ متمانه بوو

			به: لنهب لک دەیخوێندەوە.
مریم ٢١ ٢٢ب: ١٩	فلما أجاها	فأجاءها	ابي بن كعب به فلما أجاءها دەیخوێندەوە
مریم ٢٤ ٢٢ب: ٢٠	فناداها من تحته(...)	فناداها من تحتها	ابن عباس به: فناداها من تحتها ملک دەخوێندەوە
مریم ٢٦ ٢٢ب: ٢٤	صوما و صمتا	صوما	أنس بن مالک به صوما و صمتا دەیخوێندەوە
مریم ٣٤ ٢٣أ: ٦	ال(ذ)ي كان (....) يمترون	الذي فيه يمترون	ابي بن كعب به : الذي كان الناس فيه يمترون دەخوێندەوە
مریم ٥٩ ٢٣ب: ٩	ال(ص)لوت	الصلاة	ابن مسعود و الحسن البصري و ابو رزين به الصلوات دەیانخوێندەوە
مریم ٦٣ ٢٣ب: ١٥	(ت)لک نورثها	تلک الجنة التي نورث	الأعمش به : نورثها دەیخوێندەوە
مریم ٦٧ ٢٣ب: ٢١	يتذكر	يذكر	ابي بن كعب به يتذكر دەیخوێندەوە
الحج ٢٣ ٧أ: ١٩	ولو() و	ولؤلؤا	دە باوەڕپێکراوەکان بە: ولؤلؤ دەیانخوێندەوە
الحج ٣٥ ٧ب: ١٨	و المقيمين الصلاة	و المقيمين الصلاة	ابن مسعود و الأعمش به : و المقيمين الصلاة دەیانخوێندەوە.
الحج ٢٣	ص(ف)ن	صواف	عبدالله بن مسعود، عبدالله بن عمر بن

			الخطاب عبدالله بن عباس به صوافن دەیانخوێندەوە
الحج ٣٩ ٧ب: ٢٨	(...) (ن) في سبيل الله	يقاتلون في سبيل الله	به شێوەی جیاواز لەلایەن خەڵکی جیاواز دەخوێندرایەوە
الكهف ١٦ ٣٢ب: ٢	وإذ اعزلتموهم و ما يعبدون من دون الله	وإذ أعزلتموهم وما يعبدون إلا الله	إبن مسعود به من دون الله دەیخوێندەوە
النحل ٣٧ ١٣أ: ٢٤	(و) ا(ن تح)..ص	إن تحرص	إبراهيم النخمي به إن تحرص دەیخوێندەوە
النحل ٣٨ ١٣ب: ٢	وعد	وعدا	الصحاک به قوحد دەیخوێندەوە
النحل ٤٤ ١٣ب: ١٠	بالبيانات و بالزبر	بالبيانات و الزبر	دەڵێن کاتی خۆی زۆربە به :جاؤوا بالبيانات و بالزبر دەیانخوێندەوە
الأحزاب ٥١	و يرضين بما أوتين	ويرضين بما أتيهن	ابن مسعود به:بما أوتين دەیخوێندەوە.
الأحزاب ٥٣ ٩أ: ١٣	يستحيي	يستحي	زۆربە، به يستحيي دەیانخوێندەوە
الأحزاب ٦٧	السبيل	السبيلا	
طه ٣١ ١٥أ: ٤	(وأشر) (...) في أمري، وأش(...) به إزري	أشدد به أزري (٣١) و أشركه في أمري (٣٢)	أبي بن كعب به: وأشركه في أمري، و اشدد به إزري دەخوێندەوە.

طه ٤٠ ١٥أ: ١٠	فرد(...) نک (فرددناک)	فرجعناک	أبي بن كعب به فرددناک دەخوێندەوە
طه ٦٣ ١٥ب: ٣	ما ذان إلا ساحران	إن ذان لساحران	أبي بن كعب و عبدالله بن مسعود به : إن ذان إلا ساحران دەیانخوێندەوە
طه ٦٣ ١٥ب: ٣	و يذهبا منكم بالطريقة	و يذهبا بطريقتكم الملتلى	ابن مسعود و أبي بن كعب به و يذهبا بالطريقة دەیانخوێندەوە
النور ٢٧ ١١أ: ٨	حتى تستسلموا على أهلها و تستئذنوا	حتى تستأنسوا و تسلموا على أهلها	ابن عباس به: حتى تسلموا على أهلها و تستئذنوا دەیخوێندەوە
النور ٣١ ١١أ: ٢٥	ما خفي من زينتهن	ما يخفين من زينتهن	ابن مسعود به: ما سر من زينتهن دەیخوێندەوە.
االنور ٣١ ١١أ: ٢٦	أيها	أية	زۆربە بە أية دەیخوێندەوە، بەڵام هەندێکیش بە أيها دەیانخوێندەوە
سبأ ١٤ ٣٣أ:٥	(...)// (١) يعملون له حولا فلما تبينت الجن	فلما خر تبينت الجن	
سبأ ٢٤ ٣٣ب: ٣	إنا وإياكم لإما (...) (ى)	وإنا أو إياكم لعلى هدى	دەڵێن أبي بن كعب به وإنا و إياكم ما على هدى دەیخوێندەوە

الرعد ١١ ٣٥أ: ٨	(م)(ع)// (...) ى(دى)ه	له معقبات من بين يديه و من خلفه	أبو عبدالله به له معقبات من خلفه و رقيب من بين يديه دەخوێندەوە
الصافات ٢٥ ٢٨أ:٩	مالكم لا تنتصر(و) // مالكم لا تناصرو(ن)	مالكم لا نتاصرون	خالد و عبدالله بن مسعود به: لا تتناصرون دەیانخوێندەوە
الصافات ٥٦ ٢٨ب: ٨	لتغوين	لتردين	ابن مسعود به: لتغوين دەیخوێندەوە
الحجر ٥٤ ١٨ب: ١٥	بشرتموني	أبشتموني	الأعمش و الأعرج به: بشرتمونى دەیانخوێندەوە
الحجر ٦٦ ١٨ب: ٢٤	و قضينا إليه ذلک الأمر وإن دبر (دابر) هؤلا مقطوع	و قضينا إليه ذلک الأمر أن دابر هؤلاء مقطوع	ابن مسعود به: وقضينا إليه ذلک الأمر و قلنا له إن دابر هؤلاء مقطوح دەخوێندەوە
الحجر ٧٢ ١٨ب: ٢٨	(س)(كر) هـ(م)	سكرتهم	الأعمش به سكرهم دەیخوێندەوە
الفرقان ١٩ ١٩أ: ٨	(...) ن لک صرفا	فما تستطيعون صرفا	إبن مسعود به: فما يستطيعون لک، يان فما يستطيعون لكم دەیخوێندەوە
الفرقان ١٥ ١٩أ: ١٩	و نزلت الملئكة	ونزل الملائكة تنزيلا	ابي بن كعب و ابن مسعود به: نزلت الملائكة دەیانخوێندەوە
الروم ٤٣ ٢٤ب: ١٢	(...) أوجهكم	فأقم وجهک	أبي بن كعب له النساء ٤٣ به: فامسحوا بأوجهكم له

			جياتى فأمسحوا بوجوهكم دەخوێندەوە
الروم ٤٩ ٢٤ب: ٢٥	(...)م ل(م)//س//ن عليهم لمبلسين	عليهم من قبله لمبلسين	ابن مسعود به: عليهم لمبلسين دەيخوێندەوە
المنافقون ١٠ Chris.v: 11	حتا ينفضوا من حوله	حتى ينفضوا	ابن مسعود به: حتى ينفضوا من حوله
المنافقون ١٠ Chris.v: 17	فأتصدق	فأصدق	ابن مسعود و أبي بن كعب و سعيد بن جبير به: فأتصدق دەيانخوێندەوە
المنافقون ١٠ Chris.v: 17	و(اک)//ن (وأكون)	وأكن	زۆربەی بەناوبانگەکان بە: وأكون دەيانخوێندەوە
الفجر ٢٧ Chris.v: 20	يا أيها	يا أيتها	زيد بن على به: يا أيتها دەيخوێندەوە
الفجر ٢٧ Chris.v: 20	الن(فس)//م// المطمئنة (النفس الأمنة المطمئنة	النفس المطمئنة	أبي بن كعب به: يا أيتها النفس الأمنة المطمئة دەخوێندەوە

٢ ليستى لێتۆژينەوەى أسماء هلالي

سورەت و ئايەت	دەق لە قورئانى عوسمانى	ژمارەى لە دەستنووس	دەستنووسى سەنعاء
البقرة ٨٨	بكفرهم	٢أ: ٦	بظلمهم

البقرة ٩٠	بيسما	٢أ: ٩	فبيسما
البقرة ٩٠	بغيًا أنْ ينزِّل الله	٢أ: ١١	بغيًا وعدوانًا أنْ ينزِّل الله
البقرة ٩١	أَنْزِلَ علينا	٢أ: ١٥	أَنْزِلَ علينا من كُتُبٍ
الأنفال ٧٤	وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ	٥أ: ٢	وَجَاهَدُوا مَعَكَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بأموالِهم و أنفسِهم
التوبة ٢	واعلموا أنكم		واعلموا أنهم
التوبة ٢	غير مُعجِزِي اللهِ	٥أ: ١١ - ١٢	غير مُعجِزِي اللهِ ورسولِهِ
التوبة ٨	بأفواهِهِم	٥ب: ٤	بألسِنَتِهم
التوبة ٩	بآياتِ اللهِ ثمنًا قليلًا	٥ب: ٦	بآيات الله و أيمانهم ثمنا قليلا
التوبة ٩	سبيلِه	٥ب: ٧	سبيلِ الله
التوبة ١١	نفصل الآياتِ	٥ب: ١١	يفصل الله الآيات
التوبة ١٣	نَكَثُوا أَيمَانَهم وَ ـ همُّوا بِإِخْرَاجِ الرَّسُولِ وَهُمْ بَدَءُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ	٥ب: ١٥	نَكَثُوا أَيْمَانَهُمْ بَدَءُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهمُّوا بِإِخْرَاجِ الرَّسُولِ
التوبة ١٣	ألا تقاتلون قومًا	٥ب: ١٤	وما لكُم لا تقاتلون قومًا
التوبة ١٤	ويشفي صدورَ	٥ب: ١٩	ويذهب غيظَ صدورِ
التوبة ١٧	أولَئِكَ حَبِطَتْ أعمالهُم	٦أ: ٢ -٣	أولَئِكَ الذِينَ حَبِطَتْ أعمالهُم في الدنيا والآخرة
التوبة ١٨	المهتدين	٦أ: ٦	المفلِحين
التوبة ١٩	جاهَدَ	٦أ: ٨	جاهَدُوُا
التوبة ٢٣	واللهُ	٦أ: ١٥	إنَّ اللهَ
التوبة ٧٣	جَهَنَّم	٢١أ: ٩	النار
التوبة ٧٤	يَحْلِفُون	٢١أ: ١٠	يقُسِمون
التوبة ٧٦	آتاهم من فضلِهِ	٢١أ: ١٦	آتاهم الله من فضلِهِ

التوبة ٧٩	فَيسخرُون منهم سخرَ اللَّهُ مِنْهُمْ	٢١أ: ٢٢	فَيَسْخَرُوا مِنْهُمْ وسَخِرَ اللَّهُ مِنْهُمْ
التوبة ٨٠	فَلَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَهَمْ ذَلِكَ بِأَنهم كفروا باللَّه وَرَسوله وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ	٢١أ: ٢٤	لا يغفرُ اللهُ لهم إنَّ اللهَ لا يهدي القومَ الفاسقين
التوبة ٨٢	يَكْسِبونَ	٢١ب: ٦	يَعْمَلُونَ
التوبة ٨٣	فَاسْتَأْذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ	٢١ب: ٧	فَاسْتَأْذَنُوكَ فِي الخُرُوجِ
التوبة ١٢٥	وهم كافرون	٢٣أ: ١٣	وهم فاسقون
التوبة ١٢٧	صَرَفَ اللهُ	٢٣أ: ١٧	فَصَرَفَ اللهُ
التوبة ١٢٩	لا إلَهَ إلا هُوَ	٢٣أ: ٢١	اللهُ لا إلَهَ إلا هُوَ
الحجر ٢٥	إنه حكيمٌ	١٩أ: ٢٠	إِنَّهُ لحَكيمٌ
الحجر ٣٠	أجمعون	١٩أ: ٢٥	أجمعين
الحجر ٤٨	نصب	١٩ب: ١١	مِنْ نصبٍ
الحجر ٥٤	فَبِمَ	١٩ب: ١٦	فَبِمَا
مريم ١٥	وَسَلَامٌ عَلَيْهِ	٢٣ب: ١٠	وعليهِ السلامُ
مريم ٢٣	قبْلَ هذا	٢٣ب: ٢٠	قبْلَ هذا اليَوْم
مريم ٤٢	وَلَا يبُصرُ وَلَا يغْنِي	٢٤أ: ١٦	وَلا يبصر و مَا لَا يغْنِي
النور ١٨	وَيبُيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ	١٠ب: ٩	وَيبُيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ
النور ٢٣	إن الذينَ يِّرمون المحْصَنَاتِ		والذين يرمون المحصنات
النور ٢٤	ألسنتَهَم	١١أ: ٢	أفواهَهَم
النور ٢٤	يعملون	١١أ: ٣	يكْسِبون
النور ٢٦	وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ وَالطَّيِّبُونَ	١١أ: ٦	والطيبون للطيبات والطيبات للطيبين

النور ٢٧	حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا	١١أ: ٨	حتى تسلموا على أهلها وتستئذنوا
النور ٢٨	هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ	١١أ: ١١	هوَ خيرٌ لكم إنَّ اللهَ
النور ٢٩	واللهُ يعَلَمُ		إِنَّ اللهَ يعَلَمُ
النور ٣٠	إنَّ اللهَ خبيرٌ	١١أ: ١٥	إنَّ الله يعلَمُ
النور ٣٣	وَآتُوهُمْ مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ	١١ب: ٥ - ٦	وآتوهم مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ
النور ٣٥	المصباح	١١ب: ١٢	والمصباج
النور ٣٥	وَلَوْ لمْ	١١ب: ١٤	مِنْ قَبْلِ أَنْ
النور ٣٨	ويزيدَهم مِنْ فَضْلِه		أوْ يزيدَهم مِنْ فَضْلِهِ
الفرقان١٩	فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا	٢٠أ: ٩	فَمَا يَسْتَطِيعُونَ لَكَ صَرْفًا
الفرقان٢١	الذينَ لا يَرْجُونَ	٢٠أ: ١٣	الذين كَفَرُوا لا يَرْجُونَ
الفرقان٢٢	يقولونَ	٢٠أ: ١٦	قالوا
الأحزاب٥١	تَقَرَّ أَعْيُنُهُنَّ	٩أ: ٣	تَقَرَّنَّ أَعْيُنُهُنَّ

زانكۆی ستاندفۆرد

لیستی بەراوردكردنی نێوان قورئانی عوسمان و مصحفی سەنعاء، كە لە زانكۆی ستاندفۆرد كراوە. هەر بەناوی ستاندفۆرد ناسراون.

زانكۆی ستاندفۆرد لە كالیفۆرنیا – ئەمریكا

Stanford folio

زانکۆی ستاندفۆرد بە شێوەیەکی چاڵاکانە بەشداری ساخکردنەوەی دەقەکانی قورئانی سەنعای بەشێوەیەکی گشتی کردووە. و لەگەڵ قورئانی عوسمان بەراوردی کردوون. لە دەقی تۆژینەوەی ستانفۆرد، کە دێر بە دێری تێکستەکە و بەراوردکردنی لەگەڵ قورئانی عوسمان کراوە. لەبەر گرنگی، بەمەبەستی زانیاری قووڵتر هەروەک خۆی گواستراوەتەوە.

دەقێک لە لاپەڕەکانی ستانفۆرد، لە دەستنووسەکانی سەنعاء

Recto side of the Stanford '07 folio, of the Sana'a palimpsest.

سورەت	قورئانی عوسمان	تێکستی بنەڕەتی سەنعا	ژمارەی دێر	ساخکراوەی ستاندفۆرد
البقرة ١٩١	حَتَّىٰ يُقَـٰتِلُوكُمْ فِيهِ	ح/ / بص(لو) كم	دێر ٤	حَتّى يُقـٰتِلوكُم
البقرة ١٩١	كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْكَـٰفِرِينَ	د لک جز ا ا لکمر ں	دێر ٥	ذَٰلِکَ جَزاءُ الکـٰفِرينَ
البقرة ١٩٢	انتَهَوا	ا نت(ه)و	دێر ٥	إنتَهَو
البقرة ١٩٣	حَتَّى	حتا	دێر ٦	حَتّا
البقرة ١٩٣	وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ	و بکو ں ا لد ں کله ل[ا]ه	دێر ٧	و يَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ
البقرة ١٩٤	فَمَنِ ٱعْتَدَى	و من اعتدى	دێر ١٠	وَ مَنِ اعتَدَى
البقرة ١٩٤	فَٱعْتَدُوا	فا عد/ / و	دێر ١١	فاعتدو
البقرة ١٩٤	مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ	ما اعتد ى علىكم به	دێر ١١	مَا اعتَدَى عَلَيكُم بِه
البقرة ١٩٦	فما استَيسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِ	فم// تسر من ا لهد ى	دێر ١٧	فَما تَيَسَّر مِن الهَدى
البقرة ١٩٦	وَلَا تَحْلِقُوا رُءُوسَكُمْ	و لا تحلمو ا	دێر ١٧	وَلَا تَحلِقُوا
البقرة ١٩٦	فَمَن كَانَ مِنكُم	فا ں کا ں ا حد منكم	دێر ١٨	فَإن كان أَحَدٌ مِنكُم
البقرة ١٩٦	فَفِدَيَةٌ	فد ىه	دێر ١٩	فِديَةٌ
البقرة ١٩٦	مِن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ	من صم او نسک	دێر ٢٠	مِن صِيَمٍ أَو نُسُكٍ

David 86/2003 folio ،David

ئەو دەقی دەیڤید ساخیکردۆتەوە بەرامبەر قورئانی عوسمان.

ئەو دەقەش هەر سەربە زانکۆی ستاندفۆردە، و بەناوی توێژەرەکە تۆمارکراوە.

سورەت	قورئانی عوسمان	تێکستی بنەڕەتی سەنعا	ژمارەی دێر	ساخکراوەی دەیڤید
البقرة ٢٠٩	مِّن بَعْدِ مَا جَآءَتْكُمُ ٱلْبَيِّنَـٰتُ	مں [د]عد (ما ح)ا کم ا ل(هد) [ى]؛	دێر ٥، ل ٤٦	مِّن بَعْدِ مَا جَآءَكُمُ ٱلْهُدَىٰ
البقرة ٢١٠	هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَهُمُ ٱللَّهُ	هل د//طر (و ں) ا لا ا ں (د)ا د(ـر)کم ا لله	دێر ٦، ل ٤٦	هَلْ تَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱللَّهُ
البقرة ٢١١	ٱلْعِقَابِ	ا لعصب	دێر ٩، ل ٤٦	ٱلْعِقَٰبِ
البقرة ٢١٣	فَبَعَثَ ٱللَّهُ	فـا // (ـر)ل ا لله	دیر ١٢، ل ٤٦	فَأَرسَلَ اللهُ
البقرة ٢١٣	لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ	ل(ـحکمو ا د)ں ا لنا س	دێر ١٣،ل ٤٦	لِيَحْكُمُوا بَيْنَ ٱلنَّاسِ
البقرة ٢١٣	ٱلْبَيِّنَـٰتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ	ا لد(ـر)ـت	دێر١٥،ل ٤٦	ٱلْبَيِّنَـٰتُ
البقرة ٢١٤	أَمْ حَسِبْتُمْ	ا (حسـ)ـسم	دێر١٧،ل٤٦	أَ حَسِبْتُمْ
البقرة ٢١٤	ٱلَّذِينَ خَلَوْاْ مِن قَبْلِكُم	ا ل[د س] (م)ں [قد]لكم	دێر١٧،ل٤٦	ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُم
البقرة ٢١٤	ٱلْبَأْسَاءُ	ا لسا	دێر١٨،ل٤٧	ٱلْبَسَاءُ
البقرة ٢١٥	يَسْـَٔلُونَكَ	د(ـسا) لو ىک	دێر٢٠،ل ٤٧	يَسْأَلُونَكَ

البقرة ٢١٧	عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ	عن ا ل(س)هر ا لحر (م) [و] ع(ں) هل ه[ـد]ه	دێر ٢٥،ل٤٧	عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرِمِ وَعَنْ قِتْلٍ فِيهِ
البقرة ٢١٧	وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ	؛/--/ [و] (ص)[ـد] عن /------/؛	دێر ٢٦،ل،٤٧	وَصَدٌّ عَن سَبِيلِهِ

لاپەڕەی ٤

سورەت	قورئانی عوسمان	تێکستی بنەڕەتی سەنعا	ژمارەی دێر	ساخکراوە
هود ١٠٥	إِلَّا بِإِذْنِهِ	ا (لا) مں ا {------ }؛	دێر ١،ل٥١	إِلَّا مَن أَذِنَ لَه
هود ١٢٢	إِنَّا مُنتَظِرُونَ	ا / / (مع)[كا] / / {- -------}؛	دێر ٤، ل٥٢	إِنَّا مَعَكُم مُنتَظِرُونَ
الأنفال ٢	وَجِلَت	ه(ر) ف ب	دێر ١٢،ل ٥٢	فرِقَت
الأنفال ٢	ءَايَـٰتُهُۥ	ا ں(س)ا	دێر١٣،ل٥٢	ءَايَـٰتُنا

لاپەڕەی ٢٢

سورەت	قورئانی عوسمان	تێکستی بنەڕەتی سەنعا	ژمارەی دێر و لاپەڕە	ساخکراوەی ستاندفۆرد
التوبة ١٢٢	وَمَا كَانَ	ما [كا]ا ں	دێر٣	مَا كَانَ
التوبة ١٢٢	مِن كُلِّ فِرْقَةٍ	مں كل ا مه	دێر re	مِن كُلِّ أُمَّةٍ
التوبة ١٢٤	وَإِذَا مَا أُنزِلَتْ	و ا د ا ا ىر ل ب	دير٩	وَإِذَا أُنزِلَتْ
التوبة ١٢٥	فِي قُلُوبِهِم مَرَضٌ	ى فلو بهم ر حس	دێر ١٢،ل ٦٢	فِي قُلُوبِهِم رِجْسٌ
التوبة ١٢٥	رِجساً إِلَىٰ رِجْسِهِمْ	ر حر ا ا لى ر حس[ه]م	دێر ١٣، ل٦٢	رِجزاً إِلَىٰ رِجْسِهِمْ
التوبة ١٢٥	وَمَاتُواْ وَهُمْ كَـٰفِرُونَ	و ما ىو ا و هم ه(سه)[و] ں	دێر ١٣،ل٦٢	وَمَاتُواْ وَهُمْ فَـٰسِقُونَ

التوبة ١٢٦	أَوَلَا يَرَوْنَ	ا [و] / / ىر و	دير ١٣، ل٦٢	أَوَلَا يَرَوْ
التوبة ١٢٦	وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ	و لا ىر)د كر و ں	دير ١٥، ل٦٢	وَلَا يَتَذَكَّرُونَ
التوبة ١٢٧	وَإِذَا مَا أُنزِلَتْ	و ا د ا ا [د)ر (ل)ب	دير١٥، ل٦٢	وَإِذَا أُنزِلَتْ
التوبة ١٢٧	هَلْ يَرَىٰكُم	هل ىر سا	دير١٦، ل٦٢	هَلْ يَرَىٰنَا
التوبة ١٢٧	ثُمَّ انصَرَفُوا	فا ىر[ص](ر) ف(و) ا	دير١٧، ل٦٢	فَٱنصَرَفُوا
التوبة ١٢٧	صَرَفَ ٱللَّهُ	فصر ف ا لله	دير١٧، ل٦٢	فَصَرَفَ اللهُ
التوبة ١٢٧	بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ	د لک ىر(ا ىر)//[م] (ف)و م لا ىمفهو ں	دير١٧، ل٦٢	ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ
التوبة ١٢٨	لَقَدْ جَاءَكُمْ	و لعد حا كم	دير١٨، ل٦٢	وَلَقَدْ جَاءَكُمْ
التوبة ١٢٨	رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ	ر سو ل مىر(كم)م	دير١٨،ل٦٢	رَسولٌ مِنْكُمْ
التوبة ١٢٨	عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ	عر ىر (ع)ىل[ىر](ه) ما عسكم	دير١٩،ل٦٢	عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنَّتَكُمْ
التوبة ١٢٩	فَإِن تَوَلَّوْا	فا / / (ىر)و لو ا [ع](ىر)ک	دير٢٠، ل٦٣	فَإِن تَوَلَّوْا عَنْكَ
التوبة ١٢٩	لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ	ا لد ى لا ا ل[ه] ا لا هو	دير٢٠، ل٦٣	الَّذي لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ
مريم ٢	رَحْمَتِ	ر ح[م]ه	٢٤،ل ٦٣	رَحْمَةِ
مريم ٣	إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ	ا د ىا د ى ر ىک ر ک[ر] ىا	دير٢٥، ل٦٣	إِذْ نَادَىٰ رَبَّكَ زَكَرِيَّا
مريم ٤	قالَ رَبِّ	و فل ر ىى	دير٢٥، ل٦٣	وَقُلَ رَبِّي
مريم ٤	قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ ٱلْعَظْمُ مِنِّي وَٱشْتَعَلَ ٱلرَّأْسُ شَيْبًا	و فل ر ىى ا سعل ا لر ا س سسا	دير٢٦، ل٦٣	وَقُلَ رَبِّي ٱشْتَعَلَ ٱلرَّأْسُ شَيْباً
مريم ٤	وَلَمْ أَكُن بِدُعَائِكَ رَبِّ	و لم ا کں ر ب ىر(د) عا ک	دير٢٦، ل٦٣	وَلَمْ أَكُنْ رَبِّ بِدُعَاءِكَ
مريم ٥	وَإِنِّي خِفْتُ ٱلْمَوَٰلِيَ مِن وَرَاءِى	و ح(ف)ىب ا لمو ل مں و [ر] ا ى	دير٢٧، ل٦٣	وَ خِفْتُ ٱلْمَوَٰل مِن وَرَاءِى

مريم ٧	يَـٰزَكَرِيَّآ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَـٰمٍ ٱسْمُهُۥ يَحْيَىٰ لَمْ نَجْعَل لَّهُۥ مِن قَبْلُ سَمِيًّا	؛{----------} (فد) و هسا لک علما ر کنا و سر ه {---------- }(ه) مں فد(ل) س//منا	دیر٢-٣، ل٦٣	؛{يَـٰزَكَرِيَّآ إِنَّا} قَد وَهَبْنَا لَكَ غُلٰماً زَكِيَّاً وَبَشَّرْنٰهُ {بِيَحْيىٰ لَمْ نَجْعَل لَّهُۥ مِن قَبْلُ سَمِيًّا[22]
مريم ٨	أَنَّىٰ يَكُونُ لِى غُلَـٰمٌ وَكَانَتِ ٱمْرَأَتِى عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ ٱلْكِبَرِ عِتِيًّا	ا //ى د(ک)و ں لى (ع)لم {----------} ل[ک]ىر عسا	دیر ٣-٤، ل٦٣	أَنَّىٰ يَكُونُ لِى غُلَـٰمٌ {وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ آ} لْكِبَرِ عِتِيًّا
مريم ٩	وَلَمْ تَكُ شَيْـًٔا	و لم ىک سا ى	دیر٥، ل٦٣	وَلَمْ تَكُ شَاي
مريم ١١	فَخَرَجَ	؛{-}م حرح	دیر ٧، ل٦٤	؛{ثُ}مَّ خَرَجَ
مريم ١١	فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ	ا (و) ح(ى) ا ل(ىر)هم	دیر٧، ل٦	أَوْحَىٰ إِلَيْهِمْ
مريم ١٢	وَآتَيْنَاهُ ٱلْحُكْمَ صَبِيًّا	و علمه ا ل(ح)كم	دیر٨، ل٦٤	وَعَلَّمْنٰهُ ٱلْحُكْمَ
مريم ١٣	وَحَنَانًا	حننا	دیر٩، ل٦٤	حَنٰناً
مريم ١٤	وَلَمْ يَكُنْ	و لم ىک	دیر١٠، ل٦٤	وَلَمْ يَكُ
مريم ١٥	وَسَلَـٰمٌ عَلَيْهِ	و علىه ا لسلم	دیر١٠، ل٦٤	وَعَلَيْهِ ٱلسَّلٰمُ
مريم ١٩	لِأَهَبَ	لنهب	دیر١٥، ل٦٤	لِنَهَبَ
مريم ٢١	هُوَ عَلَىَّ هَيِّنٌ	و هو عل//(ه) ه(ىر)ں	دیر١٧،ل٦٤	وَهُوَ عَلَيْهِ هَيِّنٌ
مريم ٢١	وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا	و [ا] مر ا مقصا	دیر١٨، ل٦٤	وَأَمْرًا مَّقْضِيًّا
مريم ٢٢	فَحَمَلَتْهُ	فحملت	دیر١٨، ل٦٤	فَحَمَلَتْ
مريم ٢٣	فَأَجَاءَهَا ٱلْمَخَاضُ	فلم// ا حا ها ا لمحص	دیر١٩، ل٦٤	فَلَمَّا أَجَاءَهَا ٱلْمَخٰضُ
مريم ٢٣	قَبْلَ هَـٰذَا	فىل هد ا ا ل(ىر)[و] م	دیر٢٠، ل٦٥	قَبْلَ هَـٰذَا ٱلْيَوْمِ
مريم ٢٤	فَنَادَىٰهَا مِن تَحْتِهَآ أَلَّا تَحْزَنِى	فد[ىد] ىها مں ىحىه/----- -----/ ا لا ىحر ى	دیر٢١، ل٦٥	فَنٰدىٰهَا مِن تَحْتِهَا/ا مَلَكٌ/ أَلَّا تَحْزَنِى

مریم ٢٦	صَوْماً	صم[و] (ما) [و صم]ما	دێر٢٤، ل٦٥	صَوْماً وَصُمْتاً
مریم ٢٦	فَلَنْ أُكَلِّمَ	لں ا کلم	دێر٢٤، ل٦٥	لَنْ أُكَلِّمَ
مریم ٢٧	فَأَتَتْ بِهِ قَوْمَهَا	؛//ا [د](ت هو) ٦٥[مه] ا	دێر٢٥، ل	فَأَتَتْ قَوْمَهَا
مریم ٢٧	لَقَدْ جِئْتِ	لعد ا تت	دێر٢٥، ل٦٥	لَقَدْ أَتَيْتِ
مریم ٢٨	مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمْرَأَ سَوْءٍ	ما کا (ں) ا بو [ک] (ا ںا) //[و] ا	دێر٢٦، ل٦٥	مَا كَانَ أَبُوكِ أَباً سُوءاً

لاپەڕە ٣١

سورەت	قورئانی عوسمان	تێکستی بنەڕەتی سەنعا	ژمارەی دێر و لاپەڕە	ساخکراوەی ستاندفۆرد
یوسف ١٩	وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ	ٰو{------} (علد)// ىعد[ص] (ا) لا[س]/ /؛	دێر ٤-٥، ل٧١	و {جَاءَت} عَلَيْهِ بَعْضُ السَّيَّارَةِ
یوسف ١٩	قَالَ	و فل	دێر٦، ل ٧١	وَقٰلَ
یوسف ١٩	وَٱللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ	و (ا) لا[له] عل//م ىم(ا) ىمعلو{}ں	دێر٧، ل ٧١	وَٱللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ
یوسف ٢٨	قَالَ إِنَّهُ مِن كَيْدِكُنَّ	فل ا //[ه] (ک)[ىد] کں	دێر ٤، ل ٧٢	قٰلَ إِنَّهُ كَيْدَكُنَّ
یوسف ٣٠	نِسْوَةٌ فِي ٱلْمَدِينَةِ	ىسو (ه) مں ا (هل) ا لمد [د]ىه	دێر٥، ل ٧٢	نِسْوَةٌ مِن أَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ
یوسف ٣٠	ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا عَن نَّفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا	؛{---------- }/ / ه(د	دێر٥-٦، ل ٧٢	؛{ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ} قَدْ شَغَفَهَا حُبٌّ فَتَىٰهَا

		س)ع(ف)[ها] (ح)[ب] ف//(ه)ا		
يوسف ٣١	فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ	فلما سم[ع]/ / مكر[ه]ن	دێر٧، ل ٧٢	فَلَمَّا سَمِعَتْ مَكْرَهُنَّ
يوسف ٣١	وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَئًا	و{ } ح(ع)ا/ / ا(ه)/ / (مكـ)//؛	دێر٨، ل ٧٢	وَجَعَلَتْ لَهُنَّ مُتَّكَئًا
الصافات ١٥	وَقالوا إن هـٰذا إِلّا سِحرٌ مُبينٌ	و فلو ا هد ا {-- ----}//س	دێر١، ل ١٠٢	وَقٰلوا هذا سِحرٌ مُبينٌ

لاپەڕەی ٢٨

سورەت	قورئانی عوسمان	تێکستی بنەڕەتی سەنعا	ژمارەی دێر و لاپەڕە	ساخکراوەی ستانفۆرد
النمل ١٩	فَإِذا هُم يَنظُرونَ	/ /فا د ا ه[م] مح(ص)ر	د٤، ل ١٠٢	فَإذا هُم مُحضَرون
النمل ٢٢	احشُرُوا	ا ن(عد)و ا	د٦، ل ١٠٢	إبعَثوا
النمل ٢٢	الَّذينَ ظَلَموا وَأَزوٰجَهُم	ط//[م]و ا{ }	د٦، ل١٠٢	الَّذينَ ظَلَموا
النمل ٢٥	لا تَناصَرون	/ /لا سصرو	د٩، ل١٠٣	لا تَنٰصَرون or لا تَتَنٰصَرون
النمل ٢٧	وَأَقبَلَ	ف(ا ف)بل	د١٠، ل١٠٣	فَأَ قبَلَ
النمل ٤٨	وَعِندَهُم	ع(ن)[د] هم	د ٣، ل١٠٣	عِندَهُم
النمل ٥٠	عَلى	علا	د ٤، ل١٠٣	عَلا

النمل ٥٤	هَل	فهل	د٧، ل١٠٣	فَهَل
النمل ٥٦	لَتُرْدِين	ل(مع)و س	د٨، ل١٠٣	لَتُغوِينِ
النمل ٥٨	أَفَما نَحْنُ	و ما نحن	د٩، ل١٠٣	وَما نَحنُ

له كۆتايی دوو توێژەر بەناوی بەهمەنی سدیقی، محسن گودەرزی، كە لەگەڵ دوو توێژەری تری هەمان زانكۆ داڤید و كریس لێتۆژینەوە بەراوردكاریەكەیان ئەنجامداوە.

ژمارەی سەنعا	دەقی سەنعا	سورەت	قورئانی عوسمان
٢أ: ٢٨	على هذه الحياة الدنيا	البقرة ٩٦	على حياةٍ
٢ب: ١	ب //ح[ه]	البقرة ٩٦	بمزحزحه
٢ب: ٦	مكيل	البقرة ٩٨	مكيال
٢ب: ٢٦	أو المشركون	البقرة ١٠٥	ولا المشركون
David r: 25	عن الشهر الحرام و عن قتل فيه (أو عن قتل فيه)	البقرة ٢١٧	عن الشهر الحرام قتالٍ فيه
David v: 19	فلا تقربوا النساء في محيضهن حتى يتَطَهَّرْنَ	البقرة ٢٢٢	فاعتزلوا النساء في المحيض ولا تقربوهن حتى يَطْهُرْنَ
David v: 20	يتطهرن	البقرة ٢٢٢	يَطْهُرْنَ
Bonh. R: 13	وكتبنا على بني إسرائيل	المائدة ٤٥	وكتبنا عليهم
Bonh. v: 4	شريعة	المائدة ٤٨	شرْعَةً
Bonh. v: 26	غلظا	المائدة ٥٤	أعزَّة
٤ب: ١٢	فرقَتْ	الأنفال ٢	وجِلَتْ
٢٢أ: ١٣	أو (....) ترو (أو يرو)	التوبة ١٢٦	أَوَلَا يرَوْنَ
٢٢ب: ١٥	لنهب (أو ليهب)	مريم ١٩	لأهب
٢٢ب: ١٧	قال كذلك قال ربكِ وهو ع[..]ه هين	مريم ٢١	قال كذلك قال ربكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ

٢٢ب: ١٩	فلما أجاها	مريم ٢٣	فأجاءَها
٢٢ب: ٢٠	فناداها من تحته(....)	مريم ٢٤	فناداها من تحتها
٢٢ب: ٢٤	صوما و صمتا	مريم ٢٦	صومًا
٢٣أ: ٦	ال(ذ)ي كان (...)	مريم ٣٤	الذي فيه يمترون
٢٣ب: ٩	ال(ص) لوت	مريم ٥٩	الصلاة
٢٣ب: ١٥	(ت)لک نورثها	مريم ٦٣	تلك الجنة التي نورِثُ
٢٣ب: ٢١	يتذكر	مريم ٦٧	يَذْكُرُ
٧أ: ١٩	ولو( ) و	الحج ٢٣	وَلُؤْلُؤًا
٧ب: ١٨	والمقيمينَ الصلاةَ	الحج ٣٥	والمقيمي الصلاةِ
٧ب: ٢٠	صو(ف)ن	الحج٢٣	صوافَّ
٧ب: ٢٨	(....) (ن) في سبيل الله	الحج ٣٩	يقاتلون في سبيل الله
٢٣ب: ٢	وإذ اعتزلتموهم و ما يعبدون من دونِ الله	الكهف١٦	وَإِذِ اعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ
١٣أ: ٢٤	(و)ا(ن تح)..ص	النحل ٣٧	إن تحرص
١٣ب: ٢	وعدٌ	النحل ٣٨	وعدًا
١٣ب: ١٠	بالبيانات و بالزبر	النحل ٤٤	بالبينات وَالزُّبُرِ
	ويرضين بما أوتين	الأحزاب ٥١	وَيَرْضَيْنَ بِمَا آتَيْتَهُنَّ
٩أ: ١٣	يستحيي	الأحزاب ٥٣	يستحي
	السبيل	الأحزاب ٦٧	السبيلا
١٥أ: ٤	(وأشر) (....) في أمري وأش(...) به إزري	طه ٣١	اشْدُدْ بِهِ أَزْرِي (٣١) وَأَشْرِكْهُ فِي أَمْرِي (٣)
١٥أ: ١٠	فرد(....)نک (فرددناک)	طه ٤٠	فَرَجَعْنَاكَ
١٥أ: ٣	ما ذانِ إلا ساحرانِ	طه ٦٣	إنْ ذانِ لساحرانِ
١٥أ: ٣	ويذهبا منكم بالطريقةِ	طه ٦٣	وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَى

١١أ: ٨	حتى تسلموا على أهلها و تستئذنوا	النور ٢٧	حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا
١١أ: ٢٥	ما خفيَ من زينتهنَّ	النور ٣١	مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ
١١أ: ٢٦	أيها	النور ٣١	أَيُّهَ
٣٣أ: ٥	//(.....)[ا] يعملون له حولًا فلما خر تبيَّنَتْ الجنُّ	سبأ ١٤	فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ الجِنُّ
٣٣ب: ٣	إنا وإياكم لإما[...] (ى)	سبأ ٢٤	وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى
٣٥أ: ٨	(م)[ع]//[ت][....] // ي(دي)ه	الرعد ١١	لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ
٢٨أ: ٩	ما لكم لا تنتصر(و)//)=مالكم لا تتناصرو[ن](	الصافات ٢٥	مَا لَكُمْ لَا تَنَاصَرُونَ
٢٨ى: ٨	لتغوينِ	الصافات ٥٦	لَتُرْدِينِ
١٨ب: ١٥	بشرتموني	الحجر ٥٤	أَبَشَّرْتُمُونِي
١٨ب:٢٤	وقضينا إليه ذلك الأمر و أن دبر (دابر) هؤلا مقطوع	الحجر ٦٦	وَقَ ِضيْنَا إِلَيْهِ ذَ لِكَ الْأَمْرَ أن دابر هؤلَاء مَقْطُوعٌ
١٨ب: ٢٨	(س)[كر]ه(م)	الحجر ٧٢	سكرِتهم
١٩أ: ٨	[....]نَ لكَ صرفًا	الفرقان ١٩	فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا
١٩أ: ١٩	ونزلت الملئكة	الفرقان ١٥	ونزُل الملَائِكَةُ تَنْزِيلًا
٢٤ب: ١٢	[.....]أوجهكم	الروم ٤٣	فأقمْ وَجْهَكَ
٢٤ب: ٢٥	[...]م ل[م]//(ل)س//ن (عليهم لمبلسين)	الروم ٤٩	عَلَيْهِمْ مِنْ قَبْلِهِ لَمُبْلِسِينَ
Chris. V: 11	حتا ينفضلوا من حوله	المنافقون ٧	حتى يَنْفَضُّوا
Chris. V: 17	فأتصدق	المافقون١٠	فأصَّدَق
Chris. V: 17	و[اك]//ن (وأكون)	المنافقون٦٣	وأَكُنْ

Chris. V: 20	يا أيها	الفجر ٢٧	يا أيتُّها
Chris. V: 20	الن[فس] //م// المطمئنة (=النفس الآمنة المطمئنة)	الفجر ٢٧	النَّفس المطمئِنَّةُ
Chris. V: 21	ايتي ربَّكِ	الفجر ٢٨	ارجعي إلى رَبِّكِ
	لا//م	البلد ١	لا أقسمً

سەرچاوەکان

پەیمانی کۆن

پەیمانی نوێ

القرآن

تالمود

الأحكام الزرادشتية في الإسلام جزء الأول و الجزء الثاني ١١-٨- ٢٠٢٥ من قناة الشمس المحسن

الألوسي، محمود شكري: بلوغ الأرب في معرفة أحوال العرب، ج٣. الإملاق: الافتقار. المضهّب: المشويّ.

الأناجيل المنحولة، إنجيل يعقوب التمهيدي، ترجمة أسكندر شديد (٢٠٠٤) الكنيسة في الشرق (٨) دير السيدة النصر – نسبية غوسطا.

إبراهيم، نجيب ميخائيل (١٩٦٦) مصر و الشرق القديم. القاهرة

أبن الأثير، أسد الغابة في معرفة الصحابة. الطبعة الأولى ٢٠١٣. دار إبن حزم

إبن إسحق. محمد بن إسحق. السيرة النبوية. المحقق: أحمد فريد المزيدي. دار الكتب العلمية. (٢٠٠٤)

ابن أنس، الإمام مالك، المدونة الكبرى، ملتقى أهل الحديث ج٣:

http://www.ahlalhadeeth.com

ابن تنباک، دکتور مرزوق (٢٠٠٤)، الوأد عند العرب بين الوهم و الحقيقة. دار البشائر.

بن الجوزي، عبد الرحمن علي (٢٠٠٣)، أحكام النساء، المكتبة العصرية، صيدا، بيروت،

ابن حزم، الملل والنحل. الجزء الأول، صفحة ٣٤، لەژێر ناوی(والصابئة يصومون شهر رمضان)

ابن رشد القرطبي، بداية المجتهد ونهاية المقتصد، ج1

ابن كثير البداية و النهاية ، جزء الثالث، ص ٣٥، السيوطي، الدر المنثور في التفسير المأثور، ج الاول

إبن كثير (٢٠٠٠) تفسير القرآن العظيم، المجلد السابع،

إبن ماجة، السنن، ابن ماجه (٢٠١٠) حققه و علق عله عصام موسى هادي، الطبعة الأولى، دار الصديق ، بيروت لبنان،

ابن تيمية، السياسة الشرعية في الراعي والرعية، باب الإبضاع

ابن تيمة، أحمد، الفتاوى، مجمع الملك فهد لطباعة القرآن الكريم، المدينة المنورة، ٢٠٠٤، ج ٢٨

ابن النديم، الفهرست

إبن هشام، السيرة النبوية لإبن هشام، تحقيق الدكتور عمر عبدالسلام تدمري. الجزء الأول، الطبعة الثالثة. دار الكتاب العربي – بيروت،

أبوبكر، عبدالمنعم (١٩٦١) أخناتون

أبو فرج الأصفهاني. الأغاني. دار الفكر. بيروت. الطبعة الثانية. تحقيق سمير جابر

أبي حيّان التوحيديّ (١٩٩٩) البحر المحيط، تحقيق: صدقي محمّد جميل، دار الفكر، بيروت،

أبيش، احمد (٢٠٠٥) التالمود، كتاب اليهود المقدس

ابي الفداء ، المختصر في تاريخ البشر ، الجزء الاول.
أبيش، احمد (٢٠٠٥) التالمود، كتاب اليهود المقدس
الأحمد، د. سامي سعيد (٢٠١٣) المعتقدات الدينية في العراق القديم،
أرمان، أدولف. و هرمان رانكة، مصر و الحياة المصرية في عصور القديمة. القاهرة.
أسامة سليمان، دروس الشيخ أسامة سليمان، جزء ٢٤،
أسعد حومد، أيسر التفاسير لأسعد حومد
إسماعيل مظهر (٢٠١٨) تأثر الثقافة العربية بالثقافة اليونانية. المؤسسة الهنداوى
الأشقر، د. عزيز، ظاهرة وأد البنات قبل الإسلام بين الحقيقة و الخيال الشعبي، مجلة الأوراق الثقافية . بيروت، لبنان يوليو ١٦- ٢٠١٩
اصلان صباح، الحوار المتمدن، العدد: ٦٢٧١ يوم ٢٥-٠٦- ٢٠١٩
إغناطيوس الثالث. الشهداء الحميرين العرب فى الوثائق الكنيسة. مجلة البطريركية دمشق ١٩٦٦
الألباني، محمد ناصرالدين (١٩٨٨) السلسلة الضعيفة حديث و الموضوعة، و أثرها السىء في الأمة،
آل عيسى، د. محمد. تاريخ الإسلام المبكر
آندرى دوپونت سومەر و مارک فيلولينكو (١٩٩٩) التوراة كتابات مابين العهدين ج٣،
أنطون ذكري (بلا تاريخ) الأدب و الدين

الباحثون السوريون. الفلسفة الميثولوجيا السورية. تحليل أسطورة التكوين البابلية. مبادرة الباحثون السوريون. تحقيق و تعديل عامر صالح
باقر، طه (١٩٧٦) مقدمة في أدب العراق القديم. دار الحرية للطباعة.
البخاري، محمد بن إسماعيل، صحيح البخاري، دار ابن كثير، ١٩٩٣، كتاب الطب، باب الكهانة،

بدران، أ. غسان عاطف (٢٠١١) قصة آدم بين القرآن الكريم والتوراة، دراسة مقارنة،
البدوي، د. عبدالرحمن (١٩٤٠) التراث اليوناني في الحضارة الإسلامية. مكتبة النهضة المصرية.
البرموسي، الراهب أولوجيوس (٢٠١٨) تاريخ بنى إسرائيل، الجزء الأول. دير سيدةالبرموس
البغوي، تفسير البغوي المجلد الرابع
برت إم هرو، كتاب الموتى الفرعوني، عن البردية أني بالمتحف البريطاني. ترجمة من الهيروغليفية السير: والس بدج، ترجمة و التعليق د. فيليب عطية. مكتبة المدبولى.
البياتي، ثائر قصة العدد سبعة في الحضارات والأديان، الحوار المتمدن-العدد: 7161 - 13 / 2 / 2022

التعددية، سايت ألكتروني، نقارب التنوع بإيجابية بتاريخ ٢٠١٧/٠٧/١٧، عامر الحافي، القرآن والوجه الآخر للديانة المصرية القديمة.
التفسير الحديث لإنجيل لوقا: ليون موريس
تفسير الرهبان اليسوعيون: الجدول التاريخي
تفسير العهد الجديد: إصدار دار الثقافة المسيحية
تفسير مجمع البحرين المجلد الحادي عشر، مادة (الجود).

التوحيدي، أبي حيّان (١٩٩٩) البحر المحيط، تحقيق: صدقي محمّد جميل، دار الفكر، بيروت،
التوراة المنحول. ترجمة موسى ديب الخورى. دار الطليعة الجديدة. دمشق.
الثعالبي، عبد الرحمن بن محمد، الجواهر الحسان في تفسير القرآن، دار إحياء التراث العربي، لبنان، الطبعة الأولى ١٩٩٧، سورة النساء الآية ٣٦

الجامع الصحيح، الطبعة الأولى (٢٠١١) دار الرسالة العالمية.
جداريات، عدد:١٢٥٦، الإثنين ١١ يناير ٢٠٢١ شعبان، د.شريف، الفراعنة والقرآن الكريم.
جريدة الحياة له ژماره ١٢٤٨١ له ٢٥/ ١٢/ ١٩٩٧

جلال الدين المحلي، تفسير الجلالين،مؤسسة الرسالة، بيروت، لبنان، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٠
جليليان، شهرام. تاريخ تحولات سياسى ساسانيان، سالّ چاپ ١٣٩٧ تهران
جورج، سارتون(٢٠١٠) تاريخ العلم، الجزء السادس، ص 56، تفسير إنجيل متى: لجنة برياسة الانباغريغوريوس

حداد، يوسف الدرة. قرآن دعوة نصرانية.

حسن، سليم، مصر القديمة ج٥
الحريري، أبو موسى، قس و نبي.
الحسيني. د. عباس علي عباس (٢٠١٢) مجمع الإله في ديانة المصر القديمة
حقبة الإسلامية .قصة أصحاب الفيل – التزوير المقدس
الحوفي، الدكتور أحمد محمد (١٩٨٠) المرأة في الشعر الجاهلي. دار النهضة مصر. الطبعة الثالثة.
الحوفي، أحمد محمود (١٩٥٢) الحياة من الشعر الجاهليّ، مكتبة نهضة مصر، ط٢.

الخازن، علاءالدين على بن محمد (المتوفى ٧٤١ هـ) لباب التأويل فى المعاني التنزيل. تصحيح: محمد علي شاهين. دار الكتب العلمية. بيروت. الطبعة الأولى
الخطيب، د. عبداللطيف (٢٠٠٠) معجم القرأت. دار سعدالدين، للطباعة و اللنشر و التوزيع. دمشق.

الخيون، رشيد (٢٠١٦) الأديان و المذاهب بالعراق، ماضيها و حاظرها، الجزء الأول

دائرة المعارف الإسلامية في مادة جنديسابور
دراسات التاريخية. مجلد ٢٢، العدد ١، ٢٠٢١، أوكيل، د. صبيحة. الديانة المصرية بين التعدد و التجسيد.
دستور عقائد فى الوح الالاهى عدد ٢
الدمشقي، عبد الحي بن أحمد، شذرات الذهب في أخبار من ذهب، دار الكتب العلمية، ج1
دوماس، فرانسوا (١٩٨٦) آلهة مصر، ترجمة زكي سوس، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة. ص ١٢٣

الربيعي، دكتور فاضل (٢٠١٩) النص المبتورة. تفسير القرآن و تلفيق التاريخ الرسمي للإسلام. نظرية فى إعادة ترتيب الأديان و العصور. الطبعة الأولى. دار الفرقد. دمشق - سوريا
رشيد، د. جمال و رشيد .د. فوزى (١٩٩٠) تاريخ الكرد القديم. وزارة التعليم العالي و البحث العلمي ، جامعة صلاح الدين- كلية الأداب
رمضان السيد (١٩٩٣)، تاريخ مصر القديمة، هيئة الأثار المصرية. القاهرة
الريس، د. محمد ضياءالدين، الخراج و النظم المالية للدولة الإسلامية
ڕێبوار، سەلاح (٢٠١٧) لە سۆراخی لافاوی نووحدا، هەر لە دۆندی ئاراراتەوە تا قووڵاییەکانیی دەریای ڕەش
ڕێبوار سەلاح (٢٠٢٢) ئیسلام و پاشخانی مێژووبی

الزبيدي، محمّد المرتضى: تاج العروس، طبعة الكويت، ط2، ج2،
زرقاء اليمامة- جيديميديس (سايت ألكتوني)
الزعبي، أمنة صالح (٢٠٠٨) في علم الأصواط المقارن، التغير التاريخي للأصوات في اللغة العربية واللغات السامية. الجامعة الهاشمية. الأردن. دار الكتب الثقافي
الزعفراني، حاييم (٢٠٠٠)، يهود الأندلس والمغرب، الجزء الثاني، ترجمة أحمد شحلان، مطبعة النجاح الجديدة

السرخسي، محمد بن أبي سهل، المبسوط، دار المعرفة، بيروت، ١٩٩٣، كتاب الديات، باب النهر
سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية
السواح، فراس (٢٠٠٢) دين الآنسان، منشورات دار علاءالدين.
السواح، فراس () مغامرة الحقل الأولى
دكتۆر سوها (٢٠١٥) ڕەخنەگرتن لە قورئان، وەرگێڕانی سوراه محمد
السيار، نديم - المصريون القدماء.. أول الحنفاء
السيسي، د. وسيم (٢٠١٥) هذه هي مصر، دار المصرية اللبنانية .
السيوطي، جلال الدين ، الجامع الصغير من حديث البشير النذير، الطبعة الأولى ١٩٨١، ج٣،
سيوطي (٢٠١١) الدر المنثور في التفسير المأثور.جزء الرابع،
السيوطى، جلال الدين. الإتقان فى علوم القرأن ج ١،

شاهين، دكتور عبدالصبور (٢٠٠٥) تاريخ القرآن
شحاتة، سمير سامي (٢٠٠٤) إختلافات في الكتاب المقدس
شريعة حمورابي ترجمة: محمود الأمين (٢٠٠٧) الوراق للنشر المحدودة، لندن.

الشربينى، محمد ابن الخطيب، مغني المحتاج ‘إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج، دار المعرفة، بيروت، ١٩٩٧، كتاب الزنا،
شعبان، د.شريف، الفراعنة والقرآن الكريم. جداريات عدد: ١٢٥٦، الإثنين 11 يناير ٢٠٢١
الشعراوي، محمد متولي، فتاوى النساء، مكتبة التراُ الإسلامي، القاهرة، الطبعة الرابعة، ٢٠٠١
شلبي، د. أحمد (١٩٨٨) مقارنة الأديان.
الشيخ صبحى الصالح. مباحث فى علوم القرأن.
الشنقيطي،محمدالأمين بن مختار (بلا تاريخ) أضواء البيان في إضاح القرآن بالقرآن، دار الكتب – بيروت. تفسير سورة التكوير.

الشويلي، داود سلمان. مجلة الثقافة الجزائرية ٠٩- ٠٧ – ٢٠٢١

الصابوني، محمد علي، مختصر تفسير ابن كثير، ج١
صحيح البخاري، الطبعة الأولى (٢٠٠٢) دار ابن كثير. دمشق
صحيح مسلم، كتاب الصيد والذبائح وما يؤكل من الحيوان، باب تحريم أكل كل ذي ناب من السباع، وكل ذي مخلب من الطير، برقم (١٩٣٤)
صحيح مسلم الطبعة الأولى، ٢٠١٤
صديق، يوسف (٢٠٠٦) هل قرأنا القرآن، أم على قلوب أقفالها.
الصليبي، د. كمال (١٩٩٧) التوراة جاءت من جزيرة العربية. مؤسسة الأبحاث العربية. لبنان. الطبعة السادسة.
الصليبى، كمال (٢٠٠٦) خفايا التوراة و أسرار شعب إسرائيل. الطبعة السادسة
الصليبى، كمال (بدون تاريخ) البحث عن يسوع، قراءة جديدة فى الآناجيل
الصنعاني، عبد الرزاق، المصنف (١٩٧٠)، ج ٨، كتاب الأيمان والنذور، حديث ١٦٩١٨

الطبرسي، أمين الدين، تفسير جوامع الجامع ١: ٣٣ تصحيح أبو قاسم گرجى ، الطبعة الثانية . جامعة طهران ١٣٦٧/
الطبري، محمد بن جرير، تاريخ الطبري، دار الكتب العلمية، بيروت
الطبري، تفسير طبري (٢٠٠١) جامع البيان عن تأويل القرآن. جزء الثاني عشر، ص ٤١٩، الطبعة الثانية. مكتبة إبن تيمية

عبد الرحمن بن محمد الثعالبي، الجواهر الحسان في تفسير القرآن، دار إحياء التراث العربي، لبنان، الطبعة الأولى
عبدالكريم، خليل () قريش من قبيله الى الدولة المركزية.

عبد الرزاق الصنعاني، المصنف (١٩٧٠)، ج ٨، كتاب الأيمان والنذور،
العثيمين، الشيخ محمد صالح ، مجموع الفتاوي. المجلد الرابع
العجمي، د. فالح شبيب (٢٠٠٦) صحف إبراهيم. جذور البراهمية من خلال نصوص الفيدا و مقارنتها بالتطبيقات و الرويات التاريخية. الدار العربية للموسوعات
العربية، هذه هي قصة القرابين البشرية عبر التاريخ. السبت 11 شعبان 1446 هـ - 08 فبراير 2025
عصام الدين حفني ناسيف (١٩٧٥) موسى و فيرعون، بين الإسطورية و التاريخية
علي، دكتور جواد (١٩٩٣) مفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام، ج٣
علي، د. فاضل عبدالواحد (١٩٩٦) من سومر إلى التوراة. الطبعة الثانية سيناء للنشر
علي، د. فاضل، عبدالواحد (٢٠٢٢). الطوفان، في المراجع السمارية. طبع على نفقة رئاسة جامعة بغداد.
علي، د. فاضل عبدالواحد (١٩٩٩) عشتار و مأساة تموز. الأهالي للتوزيع. ديمشق

العودات، حسين (١٩٩٢) العرب النصارى، عرض تاريخي . الأهالى للطباعة و النشر و التوزيـع،
القمص ميخايل مينا () علم اللاهوت.

العقاد، عباس (١٩٥٤) الله، كتاب الهلال، عدد ٤٢، القاهرة سپتيمبر ١٩٥٤م
العقاد، عباس () عبقرية المسيح

فريق الصحراء، جزيرة العرب....أرضها وتراثها...أبحاث و رحلات وصور *Posted on July 11, 2016 by the desert team*

الفلسفة و علم الإجتماع، المثيولوجيا السورية. أساطير الخلق و التكوين، أسطورة التكوين السومرية
فهمي، د. منصور (١٩٩٧) أحوال المرأة في الإسلام. ترجمة: رافيدة مقدادي
فياض، نبيل (٢٠١٨) مقدمة كتاب مصحف علي
ڤيدا، پەرتووكی پیرۆزی دینی هیندۆس

قاشا، سهيل (٢٠٠٣) أثر الكتابات البابلية في مدونات التوراتية. الطبعة الأولى. بيسان للنشر و التوزيـع. بيروت. ص ١٥٧، علي، د. فاضل عبدالواحد (١٩٩٦) من سومر إلى التوراة. الطبعة الثانية
قاموس الكتاب المقدس
القرشي، زبير بن بكار (١٠١٠)، جمهرة نسب قريش و أخبارها. تحقيق و قدم له الدكتور عباس هانى الچراخ. الجزء الأول. الطبعة الأولى. دار الكتب العلمية. لبنان
القرطبي، محمد بن أحمد الأنصاري (بدون تاريخ)، الجامع لأحكام القرآن، ج ٥،

القرطبي، محمد بن أحمد الأنصاري (بدون تاريخ)، جامع لأحكام القرآن، الجزء ٧
قزى، جوزف (٢٠٠٦) بين المسيحيه و الاسلام. دار من اجل المعرفه. دار عقل. لبنان

القلقشندي، نهاية الأرب في معرفة أنساب العرب، تحقيق ابراهيم الأبياري(١٩٨٠). دار الكتاب اللبناني، بيروت
القمص ميخايل مينا () علم اللاهوت.
قوم ثمود.. هويتهم - نشأتهم – انقراضهم .*2021-05-16* *www.albayan.co.uk*
القمني، د. سيد (بلا). قصة الخلق آآو سفر التكوين.

الكافي الرازي، الفروع من الكافي الكليني، ج ٦، دارالكتب الاسلاميه - بازار سلطانى تهران
كتاب الموتى الفرعوني: برت إم هرو، ، كتاب الموتى الفرعوني عن البردية أني بالمتحف البريطاني. ترجمة من الهيروغليفية السير: والس بدج، ترجمة و التعليق د. فيليب عطية. مكتبة المدبولى
كنزا ربا اليمين، الكنز العظيم، الكتاب المقدس للصابئة المندائيين. سنة ٢٠٠٠
كيف زار دنانوخت السماء السابعة، ترجمة نعيمة بدي و غضبان روحي، من كنزا ربا، مجلة التراث الشعبي ٩ سنة ١٩٧٣

گوڵاله كەمانگەر (٢٧١) قورئان له نێوان ئوستووره و جادوو دا.

الماجدي، د. خزعل(٢٠١٨) أنبياء السومريون، كيف تحول عشرة ملوك سومريين إلى عشرة أنبياء توراتيين؟
ماجدي، د. خزعل (بلا تاريخ) متون سومر

المباكفوري، محمد بن عبد الرحمن، تحفة الأحوذي، كتاب الأحكام، باب ما جاء في العجماء جرحها جُبار،
مجلة جامعة القدس المفتوحة
مجلة كلية الأداب مايو ١٩٣٤
مجلة جامعة ملک عبدالعزيز- الأداب الإنسانية. المجلد ٣، العدد ١ (ديسيمبر/ كانون الأول ١٩٩٠) ص ٧١ – ٩٧

مجلة دراسات التاريخية. مجلد ٢٢، العدد ١، ٢٠٢١، أوكيل، د. صبيحة. الديانة المصرية بين التعدد و التجسيد. ص ٥٥ - ٧٤
مجمع البحرين، تفسير مجمع البحرين المجلد الحادي عشر، ص ٤٢٤، مادة (الجود).
محجوب خالق، سومر – رحم الاديان السماوية.
المحلي، جلال الدين، تفسير الجلالين،مؤسسة الرسالة، بيروت، لبنان، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٠
محمد أبو الفضل إبراهيم و اخر (١٩٨٨) أيام العرب في الجاهلية . دار الجيل – بيروت،
محمد باقر المجلسي (٢٠١٧) بحر الأنوار تفسير مجمع البيان. المجلد ١١
محمد شيت خطاب. الرسول القائد. الطبعة السادسة. بيروت/ دار الفكر
محمد فؤاد عبدالباقي (١٩٢٨) المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم، الطبعة السابعة، القاهرة، مطبعة دار الكتب المصرية.
مرداد، محمد عبدالحميد (١٩٧٩) مدائن صالح تلک الأعجوبة
المسيح، محمد (٢٠١٧) مخطوطات القرآن. مدخل لدراسة المخطوطات القديمة. كندا
مصطفى عبد المعبود منصور، التلمود (المشنا)، مكتبة النافذة، ٢٠٠٨،
مصطفى جواد و د. أحمد سوسة. (بلا) دليل خارطة بغداد المفصل
معوشي، الأستاذة سامية، دراسة مقارنة لأساطير خلق الكون والإنسان بين السومريين والبابليين. مجلة الحكمة للدراسات التاريخية، المجلد ١ ، العدد ١، جانفي ٢٠١٣

مظهر سليمان، قصة الديانات، ط 2 ، مكتبة مدبولي للطباعة والنشر، القاهرة، 2002.
المقدسي، موفق الدين، مغني المحتاج، مكتبة القاهرة بدون نسخة، 1968، الجزء ٤٥، كتاب الجراح
المقدسي، موفق الدين المقدسي بن قدامة، مغني المحتاج، الجزء ٤٤، كتاب النفقات
موسوعة الأديان، الجزء السابع
الموسوعة الفقهية الكويتية، وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية، الكويت، ١٩٦٧، الجزء ٣٢، فخذ، الفقرة ج (في القصاص)
معجم اللاهوت الكتابي – مادة باراقليت
مكاوي فوزي، الناس في مصر القديمة، المجلس الأعلى للآثار، مصر، 1995
منوچهرپور، منوچهر (١٣٨٧) بدانيم و سربلند باشيم؛ فشرده‌ای از آموزش‌های دين زرتشت، تهران: فروهر.
الميدانيّ النيسبوريّ: مجمع الأمثال، تحقيق محيي الدين عبد الحميد، دار المعرفة، بيروت، ج١،

نامي، الدكتور خليل يحيى (بدون تاريخ)، العرب قبل الإسلام، دار المعارف، القاهرة
النشار مصطفى، الخطاب السياس ي في مصر القديمة، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، 1998
النعماني، شاكر فضل الله. نقد الكتابي للقرآن.
النووي، يحيى بن شرف أبو زكريا، صحيح مسلم بشرح النووي، دار الخير، 1996، الباب الثاني، باب تسمية العبد الآبق
نفيسة، د. محمود، أثر الفلسفة اليوّنانية في علم الكلام الإسلامي
النحال، د. بهاء (١٩٩٤) تأملات في الأناجيل و العقيدة. الطبعة الثانية.
النيسابوري، أحمد أبو الحسن بن علي، أسباب النزول، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩١،

وافي، الدكتور علي عبد الواحد، وأد البنات عند العرب في الجاهلية، عوامله الصحيحة وموقف الإسلام منه. مجلة الرسالة/ العدد 400/ بتاريخ ٣ مارس ١٩٤١
الوردي، علي (١٩٩٥) وعاظ السلاطين، دار كوفان، لندن، الطبعة الثانية، ١٩٩٥
وليم، باركلي (بلا) تفسير انجيل مرقص،.
وليم، باركلى (١٩٨٤) تفسير العهد الجديد - إنجيل لوقا.
وليد، بدران، بي بي سي نيوز عربي ١٤ يونيو/ حزيران

الهراوى د. ندراوى، هل اختار الله من الفراعنة أنبياء.. وهل تنطبق على «إخناتون» شروط النبوة؟ قسم الرابع، صحيفة اليوم السابع، السبت، 18 مايو 2019
هيگل، جورج فيلهلم فريدريک (١٧٧٠ – ١٨٣١) أصول فلسفة الحق.
اليسوعي، الأب لويس شيخو (١٩٨٩) النصرانية و أدابها بين عرب الجاهلية الطبعة الثانية. دار المشرق ش م م.
يوسف رياض (٢٠١٢) من تكوين الى الرؤيا الاناجيل الاربع.

سەرچاوەی زمانەکانی تر

A.A. Khairallah (1946) Outline of Arabic Contrbutions to Medicine. American Press Beirut.

Aboda Zara Gamara B.B

A.C. Bose. The call of the Vedas. Bhevan´s Book. University. Vol. 25, Ed.s Ramakrishnan 4” Edition, Bumbai, (India) Bharatia. Vidya Bhavan. 1999.

Alphabet of R.Akiba and Zohar Hadash om Genesis 2:4, 22a.

Albrecht, Goetce (1948) The law of Eshnunna, Sumer.Vol.4, no.2

Alfred, C (1966) The Egyptians. London.

American Journal of semetic Language and Literature. Vol. 39.

Ancient Egypt, Experience The History And Magic, The Wonders of Ancient Egypt. Egyptian Afterlife in the field of Reeds.

Arthur Weigall, (2022) Treasury of Ancient Egypt. Miscellaneous Chapters on Ancient Egyptian History and Archaeology

The Assyrian Dictionary. Vol. 4. Pp. 397 - 401

The Babylonian Talmud, Translated by Mickael L. Rodkinson. Vol. VIII. Tractata Sanhedrine,

Baka Kamma 92a: 17 - 19

Berakot60b, Shabbat119b,

Barkay, Gabriel. The Riches of Ketef Hinnom." *Biblical Archaeological Review* 35:4–5 (2005): 22–35, 122–26.

Behnam Sadeghi and Mohsen Goudarzi,(2012) Ṣanʻā' 1 and the Origins of the Qur'ān. Stanford University/ Harvard University

Black Jeremy and Green Anthony (2004) En Illustrated Dictionary. Gods, Demons and symbols of Ancient Mesopotamia. The Brittish Museum Press.

Black J.A.Eme-Sal cult and Prayer (Ao) vol. IX. 1991

B. Musallam (1983) Sex and Society in Islam. Cambridge

Belloc, Hilaire, What kind of Religion is Islam.

Boyce, Mary (2001). Zoroastrians:Their Religious Beliefs and Practices. The Library of Religious Beliefs and Practices..

Boyce 1996, pp. 262-263. Boyce, Mary (1996). A History Of Zoroastrianism: The Early Period.

Breasted, James Henri (1933)The Dawn of conscience. Charles Scribner´s New York – London.

Breast, Ernst, History of Egypt.

Burrows, Eric (1932) Problmems of the ABZU.

Cavendish, Richard, Mythology, An Illustrated Encyclopedia of the Principal Myths and Religions of the World,

C. Elgood (1951) A medical History of Persia. Cambridge University press.

Cérny, Jaroslav (1951) Ancient Egyptian Religion. Hustchingons Univercity Library. London.W.I

Commentary of al- Baydhawi (Lights of Revelation (Dar al Geer) A detailed discussion can be found on the pages regarding Ibn Abi Sarh.
Cook, Jno (2016) Recovering the lost world. Vol. 1, Sumerian press
Cook, Michael (1940) Mohammed the prophet of Islam
Cook, Stanley (1956) An Intoduction to the Bible (A Pelican Book).
Commentary of al- Baydhawi (Lights of Revelation (Dar al Geer) A detailed discussion can be found on the pages regarding Ibn Abi Sarh.
Corpus Graecom: Galeni de Semine (Galen: On Semen) Greek text with English trans. Philip de Lacy Verlag 1992, section I:9:1-10,
Christian, Jacq (1998) Magic and Mystery in Ancient Egypt
Crassus, 3. Marcus Licinius (1906) C i Nordisk familjebok, andra upplagan.
Crone Patricia, Cook Michael (1977) Hagarism .The making of the Islamic world. Cambridge University Press.

Dalman, G. (1930) Jerusalem und sein Gelande. Schriften des Deutschen Palastina-Instituts 4

De stora grekiska myterna, Zeus och kärlekens makt. 2015, Frankrike.
Dhorme, Edouard (1949) The Religions of Babylonia and Assyria، ed ، PUF ،paris,
Digital Egypt for Universities. University College London. 2000
D Lacy O´Leary (1922) Arabic thought and its place in history.

De Lacy O´Leary, How Greek science passed to the Arabs.

Dodge, B., The Sabians of Harran

Driver and Miles(1935) The Assyrian Laws.

Duncan B. Forrester, Doug Gay (2008) Worship and Liturgy in Context: Studies and Case Studies in Theology and Practice

Durkheim, Emile (1912)The Elementary forms of the Religous life

E,A, Willis Budge (1904) The Gods of Egyptians or Studies in Egyptian Mythology. Chicago, The open Court Publishing Company & CO.

Eisenstein, Judah David (1915) Otzar Midrashim

The Electronic Text Corpus of Sumerian Literatur, NINURTA AND THE TURTLE OR: NINURTA AND ENKI

Encarta encyclopedia ‹Sargon

Encyclopaedia Britannica

Encyclopedia Britannica - John the Baptist

Encyclopedia of Judaism (2006)

Enoks Bok. Tolkning av Gordon Sandgren

Enoch, THE COMPLETE BOOK OF ENOCH, Dr. Jay Winter, Library of Congress Cataloging-in-Publication Data

Epiphanius of Salamis(315 -403) The panarion of Epiphanius of Salamis (2009) Book I, 2:18. Nag Hammadi & Manichaean Studies. Brill. Leiden ،Boston

Ether, Stefane Drower (1937) Mandaean of Iraq and Iran.

The Eyes Encyclopedia Of The knowledge

Finegan. J (1959) Light from the Ancient past.

F. Max Müller (1880) The Zend – Avesta, The Sacred Books of the East, Editded by, Vol. IV, Oxford University press Warehouse., Fargard XIX, 27, 28, 29, 30.

Freud, Sigmund (1919). Totem and Taboo. Sydney: Amazon.

Freud, Sigmund, An Autobiographical Study (New York:W.W. Norton & Co., 1989 [1952])

Freud, S., & Strachey, J. (2010). Civilization and Its Discontents. W.W. Norton & Company.

Freud, Sigmund (1927) The future of an illusion.

Freud, Sigmund (1939) Moses and Monotheism. Published by The Hogarth Press and The institute of Psycho - Analysis

G1067 – geenna – Strong's Greek Lexicon (KJV)". Retrieved 10 November 2017.

Gay, Peter (1998) Freud: A life for our time. New York: Norton

G. D. Newby, (1988) A History Of The Jews Of Arabia, University Of South Carolina Press

Gehinnom". Judaism 101. Gehinnom is the Hebrew name; Gehenna is Yiddish.

Geiger, Abraham (1898) Judaism and Islam.

Genenesis Rabbah 22:2

Genesis. Rabbah. xxii. 7.

Genesis Rabbah (Bershit Rabbah)

Geoffrey, Parrinder (1971) World Telegions from Ancient History to the present.

Geoffrey, The Oral and the Written in Early Islam (Routledge Studies in Middle Eastern Literatures) G. Schoeler, 1st Edition

Geoffrey W(1982) Bromiley, *International Standard Bible Encyclopedia*: "E–J.

Gershevitch, Ilya (1967). The Avestan Hymn to Mithra. Cambridge University Press

Ginzberg, Louis (2003) Legends of Jewish. Vol. 1

G. Sarton (1927) Introduction to the History of Science. Vol I,

Gumey (1962) Tammuz Reconsidered. Journal of semetic studies. Vol. 7.

Geza, Komorczy (1973) The the separation of sky and Earth. Acta Antiqua XXXI

Goldziher, Ignaz. Muslim Studies. vol II. Translated by C. R. Barber and S. M. Stern. London, 1967-71.

Gonda, Jan (1963). "The Indian Mantra". Oriens. 16: 244–297.

Gray John, The Canaanites; Fredrick A. Praeger, New York 1964

Gunn, BC (1923) Notes on the aten and his namein JEA, VOL. 9

Haggadah Shel Pesach

Hagigah15a,

Hall, John (2011). *Guyton and Hall textbook of medical physiology* (12th ed.). Philadelphia, Pa.: Saunders/Elsevier.

Hallow, w.w Lamentations and Prayers in Sumer and Akkad, in Civilization of the Ancient Near East, by Jaek, Mason, vol III, New York. 1995,

Hamilton, Edit, Mythology (Amentor Book)

Hart, George (2005). The Routledge Dictionary of Egyptian Gods and Goddesses, Second Edition. Routledge.

H. Bailey (ed) (1975) Cambridge History of Iran. Vol 4,

Harper, Douglas. Online Etymologi Dictionary

Harrison Dick. Hur blev Maria Magdalena prostituerad? Svenska dagbladet 8 april 2012

Heidel Alexander, The Gilgamesh Epic and old Testement parallels.

Heidel, Alexander (1963), The Babylonian Genesis..

Herodotus, The Histories, Roman Roads Media, 739 S Hayes St, Moscow.

Hersel, Shanks edt (1988) Ancient Israel, Prentice Hall. New Jersy

Hilali, Asma (2017) The Sanaa Palimpsest. The transmission of Quran in the first centuries AH. Quranic studies series. Oxford University.

Hinckley, Mitchell, G. (1903). "The Wall of Jerusalem According to the Book of Nehemiah". *Journal of Bible Literature*. 22 (2): 108.

Ibn Warraq (1995) Why I am not a Muslim. Published 1995 by Prometheus Books, Amherst, NewYork.

Independent٢٥ - مارس -٢٠٢٥ العربية، سوسن مهنا

I, Saggil-Kinam. Ubbib. The incantation Priest an adorant of the God and the King.

Ivar Lissner, J Maxwell Brownjohn (2013) The Living Past

Jacobsen, Thorkild (1939) The sumerian king list

Jacobson (1969) A survey of the Girsu Telloh Region, Sumer. XXV.

Jewish Encyclopedia

Jewish practice, Rabbi Joshua ben Levi, In The Company of The Prophet Elijah

Jordan, Michael (2002) Encyclopedia of Gods. Kyle Cathie Limited.

Josefus, Antiquitates XVIII 5.2

Joshua J. Mark (2018) Enuma Elish - The Babylonian Epic of Creation

Keith L. Moore; Arthur F. Dalley; Anne M. R. Agur. ”1”. *Clinically Oriented Anatomy*. Wolters Kluwer Health/Lippincott Williams & Wilkins.

Korpel, Mario C.A and Tohmas de Moor (2014) Adam, Eve and the Devil. A new Geginning. Shettield Phenix Press.

Kovacs, Maureen Gallery (1989) *The Epic of Gilgamesh* (Stanford University Press; 1 edition

Kramer, The Biblical song of songs and Sumerian love songs. Bulletin of the University of Pennsylvania. Vol. 5. No.1. 1962.

Kramer, (1960) Death and Nether World. Acording to the Sumerian Liberary texts. Iraq. XXII

Kramer, Samuel Noah (1959) History begins at Sumer. Inc Garden city. New York.

Kramer, The sacred Marriage Rite.

Kramer (1961), Sumerian Mythology.

Kramer, Samuel Noah (1963) The Sumerian,Their history, Culture and Character, The university of Chicago press. Chicago & London.

Laessoe, J (1963) People of Ancient Assyria. London

Lafontaine, Odon (Olaf) The great secret of Islam.

Lambert, babylonian wisdom Literature.

Lambert, Wilfred G, Babylonian oracle questions

Langdon, S (1923) The Weld-Blundellcollection. Vol. II .

Lübcke Poul (1995) Filosofileksikon

Maccabees 1:

Marx, Karl. Kritik av Hegels rättens filosofi. Inledning" i Tidiga skrifter. Penguin Books. 1975

Mary K. O'Neill and Salman Aktar, eds, On Freud's 'The Future of an Illusion' (London: Karnac Books, 2009)

Max S. Shapiro and Rhoda A. Hendricks (1981), Dictionary of

Meslin, Michel (1973) Pour une Science de Religion.

Midrash halakha, Chapter 44

The Midrash, Pirḳe R. Eliezer, xxi.

M.J.L.Young et al (1990) Cambridge university History of Arabic Literature. Religion, Learning and Science in the Abbasid Period. Cambridge university Press.

Moscati, Sabatino(1959) The Semites in Ancient History.

M. Th. Houtsma et al., eds., E.J. Brill's first encyclopaedia of Islam, 1913-1936

Müller, Max (1875) Lectures on the science of Language.

Mythologies, HarperCollins Distribution Services

MYTOLOGI.NU

Nationalencyklopedin

Neuwirth, Angelika (2016) Quranic studies and Historical – Critical Philologi.

Niditch,Susan *War in the Hebrew Bible: A Study in the Ethics of Violence* 1995 p. 48 "An ancient Near Eastern parallel for the cult of Molech is provided by Punic epigraphic and archaeological evidence (Heider:203)

Nordisk familjebok, Crassus, 3. Marcus Licinius (1906) C, andra upplagan.

Oppenheim. The texts from the Beginnings to the first Dynasty of Babylon. In ANET. Third edition. Speiser. The Legend of Sargon. In ANET.

The Oxford Encyclopedia of Ancient Egypt. Vol. 2. Oxford University Press.

Panthaki, Helmut (1999). My English Pocket Book of Nirangs - Short Zoroastrian Prayers. Union Press, Mumbai.

Parrot, (1970) Sumerian Art. A Mentor – Unesco Art Book.

Philip S. Alexander, (1992) “Targum, Targumim,” in The Anchor Bible Dictionary, ed. David Noel Freedman (New York: Doubleday), 6:320–31

Pirke de Rabbi Eliezer, London 1916. chapter 21

Plutarch (1914) The life of Romulus. Vol.1.

Plutarch (1916). Parallel Lives, "Life of Crassus", 2.3. Loeb Classical Library. Vol. III.

P. Mosca, 'Child Sacrifice in Canaanite and Israelite Religion: A Study on Mulk and "pa' (PhD dissertation. Harvard University, Cambridge, MA, 1975)

Populär historia 25 Februari 2004

Populär historia nr. 11 2017

Primmer ،Justin (2018) ،"Belief" Primmer ،Justin The Stanford Encyclopedia of Philosophy ،Stanford, CA: The Metaphysics Research Lab

Rawllnson, Cunal Form Inscriptions, Vol., I, PI., 36, Lyon, Sargon, P., 4, Musil, Deserta,

Redford, D (1980) The Sun-disc in Akhnatens program, Its worship and Antecendents in JARC. VOL. 17.

Rivlin, Lilly (Red) (1998) Wich Lilith? Feminist whriters re-create the world´s first woman. NJ, Janson Aranson.

Rosenthal, Erwin I.J (1961) Judaism and Islam

Roux, G (1964) Ancient Iraq

Schühlein, Franz (1912). Targum. New York: Robert Appleton Company

Second targum of Ester (1888) Edinburgh

Sellin, Ernst () History of the Israelite-Jewish

Seppo, Nurmi (2007-2010) Mytt möter fakta. Kosmiska

Sharon La (1994) International Dictionary Of historical Places

Sinclair B. Ferguson, *The Holy Spirit* (Downers Grove, IL: InterVarsity, 1996).

Smith, G. A. (1907). *Jerusalem: The Topography, Economics and History from the Earliest Times to A.D. 70*, pages 170-180. London.

Solberger, Edmond (1956) Corpus des Inscriptions Royales presargonique. University of Michigan.

Souli, Sofia (1995) Grekisk Mytologi.

Speiser, The legend of sargon.

Speiser (1962) Mesopotamian Motives in early chapters of Genesis. Expedition. VOL. 51/1

Speiser, Ephraim. Enuma Elish, The Creation Epik. Third edition.

Spencer, Herbert (1898) Principles of Sociologi.

Strommenger, Eva (1964) The Art of Mesopotamia. Pl. XXIX. London

SUMERIAN KING LIST | Ashmolean Museum

Ta'anit11a, Hermas Pastor in vision5/6:2, ER18:100,

Taber, Clarence Wilbur; Venes, Donald (2009). *Taber's cyclopedic medical dictionary*. F a Davis Co.

Tehillim21:239, Sifre D307, Tannaim187, Abot4

Tisdall, W.St, Clair (1905) The Original Sources Of The Qur'an . Its Origin In Pagan Legends and Mythology

Världshistoria del 1 av 16

Walter, B, Emeri (2000) Archaic Egypt.

Watson, Duane F. Hinnom. In Freedman, David Noel, ed., *The Anchor Bible Dictionary*, New York Doubleday 1997, 1992.

Watson E. Mills; Roger Aubrey Bullard (1990). Mercer Dictionary of the Bible. Mercer University Press

Watterson, Barbara (1984) The Gods of Ancient Egypt.

Wikipedia. Gregorian Calendar.

Wikipedia

Will Durant. The Story of Civilations. I,

Willhausen (2003) Prolegomena to the History of Israel.

Winter, Dr. Jay,THE COMPLETE BOOK OF ENOCH, Library of Congress Cataloging-in-Publication Data.

World History Encyclopedia.

Wyer, R. S. (1970) Quantitative prediction of belief and opinion change: A further test of a subjective probability model. Journal of Personality and Social Psychology.

Yerushalmi Targumim on Genesis. 4:8

Yavamoth 4: 10

Zohar Hadash on Genesis 2:4, 22a. Legend of jewish